حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

بەشی زمانی کوردی

# کلتوور لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیار علی- دا

تێزێکە

**دیلان سلام حمەفرج**

پێشکەشی کولێجی زمان، بەشی زمانی کوردیی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە
لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

پ. ی .د. عوسمان عبدول معروف

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زاینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی( کلتوور لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیارعلی- دا) لە لایەن خوێندکار (دیلان سلام حمەفرج) ەوە، بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زمان ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

ناو: پ.ی .د. عوسمان عبدول معروف

بەروار: / / ٢٠٢٣

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی. د. محمد عمر عەول

سەرۆکی بەشی کوردی

/ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، تێزی (کلتوور لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیارعلی- دا) مان خوێندەوە و پاش گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی تێزەکە لەگەڵ خوێندکار (دیلان سلام حمەفرج) لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەوە، بڕیارماندا شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.                                                              .

ناو:پ. د. ادریس عبدالله مصطفی
ئەندام
بەروار:   /   / ٢٠٢٣

ناو: پ. د. ئازاد عبدلواحید کریم
سەرۆکی لیژنە
بەروار:   /   /٢٠٢٣

ناو:پ. د. مەریوان عمر حسن
ئەندام
بەروار:   /   /٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. عدنان عبدالرحمن طه
ئەندام
بەروار :   /   / ٢٠٢٣

ناو:پ. ی. د. جبار احمد حسین
ئەندام
بەروار:   /   /٢٠٢٣

ناو : پ. ی .د. عوسمان عبدول معروف
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار:   /   / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا .

پ. د. شاخەوان جەلال حاجی فرج
ڕاگری کولێجی زمان
/   /٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

*دایک و باوکی ئازیزم، کە لە سەرەتای خوێندنمەوە، تا ئێستا هاوکار و پاڵپشتێکی گەورەم بوون.

* (ئاسۆ) هاورێ و هاوسەری ئازیزم، هاندەر و پشتیوانە سەرەکییەکەی کارەکانم.

* جگەرگۆشە نازدارەکانم (هانە) و (هانۆ)، کە لە کاتی ئەوانم بەخشیوە بەم تێزە.

* سەرجەم خەمخۆرانی زمان و ئەدەبییات و کلتووری کوردی.

*کتێبخانەی کوردی.

## سوپاس و پێزانین:

* سوپاس بۆ خوای گەورە، کە تەمەنی پێدام ئەم ئاستەی خوێندنیش سەرکەوتوانە تێپەڕێنم.

*بەڕێز (پ. ی. د.عوسمان عبدول معروف)، کە لێبڕاوانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتەئەستۆ و بەردەوام بە بەخشینی تێبینییە وردەکانی هاوکاریکردووم.

*بەڕێزان ڕاگرایەتی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی و سەرۆکایەتی بەشی کوردیی، کە زۆر هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون تا تەواوکردنی ماوەی خوێندنەکەمان.

*بەڕێزان (پ.ی. د. ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە) ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور و (د. ئاریان سدیق عەزیز) سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی، کە هاوکارێکی باش بوون لە ڕەخساندنی فرسەتی خوێندن و بەخشینی تێبینی و زانیاریی بەسوود سەبارەت بە تێزەکەمان.

*هاوڕێیانی ئەزیزم (د. نالی ئەدهەم غەریب) و (د. هەژار فەقێ سلێمان)، کە هەر لە سەرەتای ئەم کارەوە هاوکارێکی باشم بوون، لە بەخشینی کات و زانیارییەکانیان.

*بەڕێز (م. شۆخان ڕەمەزان )، هاوکارێکی باشم بوو لە پێداچوونەوە و هەڵەچنی تێزەکەدا.

*هاوسەری ئازیز و جگەرگۆشە نازدارەکانم، بە درێژایی ئەم ساڵانە هاوکار و ورەبەخشم بوون و لە کاتی خۆیانیان پێبەخشیم.

*بەڕێزان (د. لهۆن قادر) مامۆستای ئەزیزم بە بەخشینی زانیاریی هاوکارم بوو، ئەندازیار (ئامانج کمال) هاوکاریکردم لە وەرگێڕانی پوختەی تێزەکە بۆ سەر زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی).

*سوپاسی زۆرم بۆ هەموو مامۆستا ئازیزەکانم لە بەشی کوردیی زانکۆی سلێمانی، لە بەکالۆریۆسەوە تا کۆتایی نووسینی تێزی دکتۆراکەم ئەرکیان کێشاوە لە گەڵما ....

## پێڕست:


| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢-٥ |
| بەشی یەکەم: کلتوور و پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە | ٧-٨٤ |
| ١-١: کلتوور و تایبەتمەندییەکانی:<br>١-١-١: چەمک و زاراوەی کلتوور | ٧-٤١<br>٧-١١ |
| ١-١-٢: جۆرەکانی کلتوور | ١٢-٢٣ |
| ١-١-٣: کلتوور و ژیار-شارستانێتی | ٢٣-٢٦ |
| ١-١-٤: تایبەتمەندییەکانی کلتوور | ٢٦-٣٠ |
| ١-١-٥: پێکهێنەرەکانی کلتوور | ٣٠-٤١ |
| ١-٢: کاریگەریی کلتووری جیهانی لەسەر کلتووری کوردی<br>١-٢-١: کاریگەریی کلتووری ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی کلتووری عەرەبی لەسەر کلتووری کوردی | ٤١-٦٢<br>٤١-٤٨ |
| ١-٢-٢: کاریگەریی کلتووری ڕۆژئاوا لەسەر کلتووری کوردی | ٤٨-٥٢ |
| ١-٢-٣: ڕۆڵ و کاریگەریی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لەسەر کلتوور | ٥٢-٥٧ |
| ١-٢-٤: کلتوورو ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان | ٥٧-٦٢ |
| ١-٣: کلتوور لە هەندێک ژانری ئەدەبی کوردیدا:<br>١-٣-١: کلتوور لە شیعری کوردیدا | ٦٢-٨٤<br>٦٢-٧٠ |
| ١-٣-٢: کلتوور لە چەند نموونەیەکی چیرۆکی کوردیدا | ٧٠-٨٠ |
| ١-٣-٣: کلتوورلە چەند نموونەیەکی دەقی شانۆی کوردیدا | ٨٠-٨٤ |
| بەشی دووەم: کلتوور لە هەندێک لە ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی -بەختیارعلی- دا. | ٨٦ -١٦٧ |
| ٢-١: ئەزموون و دونیابینی "بەختیار علی " بۆ کلتوور لە هەندێک | ٨٦-١٢٥ |

| | |
|---|---|
| لەبەرهەمەکانیدا:<br>٢-١-١: تێڕوانینی –بەختیارعلی- بۆ کلتوور | ٨٦-٩٥ |
| ٢-١-٢: ئامادەیی کلتوور لە دونیابینی و شیعرەکانی<br>– بەختیارعەلی- دا. | ٩٥-١٠٥ |
| ٢-١-٣: ڕۆمان و توخمەکانی | ١٠٥-١١٤ |
| ٢-١-٤: کلتووری خورافە لە هەندێک لە ڕۆمانەکانی<br>– بەختیار علی- دا. | ١١٤-١٢٥ |
| ٢-٢: زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی<br>(ئێوارەی پەروانە)دا.<br>٢-٢-١: زمانی نووسینی (بەختیارعلی) لە ڕۆمانەکەدا. | ١٢٦-١٦٧<br>١٢٦-١٣١ |
| ٢-٢-٢: دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ١٣١-١٤٦ |
| ٢-٢-٣: هونەر لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ١٤٦-١٥٧ |
| ٢-٢-٤: کلتووری ڕۆشنبیری و ڕامیاری لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ١٥٧-١٦٧ |
| بەشی سێیەم: کاریگەرییەکانی کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی و خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ١٦٩-٢٣٣ |
| ٣-١: کلتووری ئایینی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:<br>٣-١-١: ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی لە بوارەکانی:<br>١-ئایین و خۆشەویستی لە (ئێوارەی پەروانە)دا:<br>٢-کلتوور و خۆشەویستی لە (ئێوارەی پەروانە) دا: | ١٦٩-٢١١<br>١٦٩-١٧٧ |
| ٣-١-٢: نەریت و کلتووری ئیسلامی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا -: | ١٧٧-١٩٥ |
| ٣-١-٣: ڕەنگدانەوەی (ژن و پیاو و خێزان) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا: | ١٩٥-٢١١ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢: خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:<br>٣-٢-١: پەیوەندیی نێوان خورافە و ئەفسانە:<br>چیرۆک و حیکایەت: جنۆکە و شەولەبان و...هتد، لە | ٢١١-٢٣٣<br>٢١١-٢١٩ |

| | |
|---|---|
| ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە) دا. | |
| ٣-٢-٢: بەکارهێنـــانی کـــات و شـــوێنی ئەفســـانەیی و خـــورافی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ٢١٩-٢٢٣ |
| ٣-٢-٣: بەکارهێنـــانی (کەســـێتی، ژمـــارە، گـــۆڕ و کفـــن) وەک خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا. | ٢٢٣-٢٢٨ |
| ٣-٢-٤: بەکارهێنانی (باڵندە و گیانداران) وەک خورافە. | ٢٢٨-٢٣٣ |
| ئەنجام | ٢٣٥-٢٣٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٣٩-٢٥٣ |
| ملخص<br>Abstract | ٢٥٥<br>٢٥٦ |

# پێشەکی

## پێشەکی:

## ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە بە ناونیشانی (کلتوور لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیار علی – دا)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ( کلتوور و ئەدەب) و وێستگەی بە یەکگەیشتنیان، لە ڕوانگەی ئەم ڕۆمانەوە، ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە، کە کلتوور ئاوێنەیەکە تەواوی بیرکردنەوە و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەشێکی دیار و گرنگی پێکهاتەی هەر نەتەوەیەکە و هۆکاری مانەوە و بە زیندوو هێشتنەوەیەتی، (ئێوارەی پەروانە) ش زەمینەی کارە و کلتوور تیایدا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کلتووری مەعنەوی، کە ئێمە لەم تێزەدا زیاتر مەبەستمان بوو قسە لەسەر کلتووری(کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیریی و سیاسی و فۆلکلۆری ) کوردیی بکەین، تاڕادەیەکی باشیش ئەم جۆرانەی کلتوور لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیانداوەتەوە، واتە کەمتر لەسەر کلتووری ماددی و کەلەپوری کوردیی وەستاوین، لەبەر ئەوەی پێشتر توێژینەوەی زانستیی زۆر لەم بوارانەدا ئەنجامدراون. (بەختیار علی)یش، یەکێکە لە ڕۆماننووسە دیارەکانی کورد، تا ڕادەیەکی زۆر ئاشنای کلتووری نەتەوەکەی خۆیەتی بە هەموو جۆرەکانییەوە، بۆیە زۆر بە جوانی ڕۆمانی کردووەتە مەیدانێکی گرنگ بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆی سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤی کورد لە کۆمەڵی کوردیدا، نوسەر ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی(١٩٩٨) دا بڵاوکردۆتەوە و دووەمین ئەزموونیەتی لەم بوارەدا، بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە خۆشەویستی لە کلتووری کوردیدا و کاردانەوەی کۆمەڵی کوردیی بەرامبەر ئەو ژنانەی عاشق دەبن و خۆشەویستی دەکەن، ئەم ڕۆمانە پڕە لە ململانێی نێوان بەرەیەک کە عەشق بە پێویستیی ژیان دەزانن، لەگەڵ بەرەیەک کە پەیڕەوکەرانی ئایینن و دڵداریی بە حەرام دەزانن، ململانێی نێوان کوفرو ئیمان، ڕق و خۆشەویستی، ڕەشبینی و گەشبینی، ترس و نائومێدیی..هەموو ئەمانەش بەشێکی گرنگی کلتوور پێکدەهێنن و ئێمە قسەمان لەسەر کردون.

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان بە دیاریکراوی کارکردنە لەسەر چەمکی کلتوور و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیارعلی- دا. هاوکات بۆ تێگەشتن لە دونیابینی نوسەر بۆ کلتوور پێویستیدەکرد ئاوڕ لە هەندێک لە بەرهەمە فیکریی و شیعریی و ڕۆمانەکانی نووسەر بدەینەوە، تاکو بە تەواوی تێڕوانینی نوسەر بۆ جۆرە جیاوازەکانی کلتوور بزانین.

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە:

بێگومان بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێک چەندین هۆكار هەیە، كە دەبێتە پاڵنەری توێژەر، یەكێک لەو هۆكارانە گرنگی كلتوورە؛ بۆیە بە پێویستییەكی زانستیمان زانیوە قسە لەسەر كلتووری كوردیی و ڕەنگدانەوەی لە ژانری ڕۆماندا بكەین، وەكو یەكێک لەو ژانرە ئەدەبییانەی، كە گرنگیی و بایەخێكی زۆری لە ئەدەبییاتی ئەمڕۆی نەتەوەكانی جیهاندا هەیە، تا ئێستا زیاتر كار لەسەر تەكنیكەكانی ڕۆمان كراوە، كەمتر هەوڵدراوە قسە لەسەر تێڕوانینی ڕۆماننووسان بۆ چەمكە جیاوازەكان بكرێت؛ بۆیە بە پێویستمان زانی كار لەسەر تێڕوانینی "بەختیارعلی" بۆ چەمكی كلتوور بكەین و تائێستاش بەمشێوەیە كار لەسەر چەمكی كلتوور لە ڕۆماندا نەكراوە، ئەگەرچی كۆمەڵێک نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا هەن لەسەر كلتوور لەوانە(دیاردە كلتوورییەكان لە (مەم و زین) ی (ئەحمەدی خانی)دا)، كە تێزی دكتۆرایە و لە لایەن(ئەرخەوان محمد عبید)ەوە نووسراوە، بەڵام زیاتر كار لەسەر شیعر و داستان دەكات، هەروەها نامەی ماستەری(كاروان سەلیم قەیتەران) بە ناونیشانی(سەرچاوەی كلتووریی لە شیعری كوردی كرمانجی ناوەڕاستدا (١٩٢٠-١٩٧٠)، ئەمیش كار لەسەر شیعر دەكات، بۆیە كاركردن لەسەر كلتوور لە ڕۆماندا نوێیە، ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ش، چەند نامەیەكی ئەكادیمی لەسەر نووسراوە، بەڵام زیاتر قسەیان لەسەر تەكنیكی ڕۆمانەكە كردووە، وەك(تەكنیكی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار علی دا، لەلایەن جەلال ئەنوەر سەعیدەوە نووسراوە، دكتۆر نجم ئەڵوەنیش لەسەر كارەكتەرسازیی لەم ڕۆمانەدا نووسیویەتی.

## گیروگرفتی توێژینەوەكە:

هەر توێژەرێک لە كاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیدا ڕووبەڕووی كۆمەڵێک ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە، یەكێک لە گرفتەكانی ئێمە كەمی سەرچاوەی پێویست بوو لەسەر كلتوور و پێكهێنەرەكانی و كاریگەرییە جیاوازەكان لەسەر كلتووربە زمانی كوردی، بێگومان كاری زانستی زۆرباش ئەنجامدراون لە لایەن توێژەرانەوە، بەڵام ئەوەی هەیە زۆر كەمە بۆ چەمكێكی فراوانی وەكو كلتوور، یەكێكی دیكە لە گرفتەكانمان نەبوونی زاراوەیەكی تایبەتە بە كلتوور لە ڕووی ڕێنووسەوە، كە ببێت بە ناسنامەی و هەمیشە بەوجۆرە بنووسرێت، لە هەر سەرچاوەیەكدا بەجۆرێک ئەم زاراوەیە نووسراوە زاراوەكانی(كلتور، كلتوور، كولتوور، كەلتوور...) لە زمانی كوردیدا بەكارهاتوون، هەمووشیان بۆ هەمان واتا بەكاردێن و لە زراوەی(culture) ی ئینگلیزییەوە وەرگیراون، بۆیە ئێمەش زاراوەی( كلتوور)مان، بەكارهێنا بۆ ناونیشانی تێزەكەمان.

## گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا بە پێی ئەو گریمانەیە کارمانکردووە، کە ئایا مەبەست لە کلتوور چییە؟ چۆن لەناو دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدەداتەوە؟ ئایا ڕۆڵی نوسەر لە قسەکردن لەسەر کلتوور و نەریتە جیاوازەکانی نەتەوەکەیدا چۆنە؟ دواتریش هەوڵمانداوە وەڵامی ئەو پرسیارو گریمانەیە بدەینەوە، کە ئایا بەختیار علی توانیویەتی بە شێوەیەکی باش کلتووری نەتەوەکەی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا بەرجەستە بکات؟ ئایا نوسەر لە کاتی نووسینی ئەم ڕۆمانەدا کاریگەریی چ ژینگەیەکی لەسەر بووە ؟ ئایا ئەو کلتووره ئایینییەی قسەی لەسەردەکات ڕاستییە و بەوجۆرەیە لە کۆمەڵی کوردیدا یان زیادەڕەویی تیاکراوە؟ ژنسالاری و پیاوسالاری لەم ڕۆمانە چۆن قسەیان لەسەر کراوە؟ بەدرێژایی بوارە پراکتیکییەکەی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵمانداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بە نموونەی ڕۆمانەکە بدەینەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەریەک لە ڕێبازەکانی (وەسفی- شیکاری- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)مان بەکارهێناوە، وەک پێویستییەکی بابەتی و بەتایبەت لە بوارە تیۆرییەکەدا بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی کلتوور و جۆرەکانی ڕێبازی وەسفیمان بەکارهێناوە، لەبوارە پراکتیکییەکەشدا بە ڕێبازی (شیکاری و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) مامەڵەمان لەگەڵ دەقەکانی ڕۆمانەکەدا کردووە.

## پلانی توێژینەوەکە:

بەپێی پلانێکی زانستی کارمان لەسەر ئەم ناونیشانە کردووە، کارەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی و ئەنجام و سێ بەشی سەرەکی و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی، ئینگلیزی ، هەر بەشێکیش لە چەند پارو وەچەپارێک پێکهاتووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی (کلتوور و پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە) ئەمیش دابەشبووە بۆ سێ پاری سەرەکی، کە تێیدا قسە لەسەر چەمکی کلتوور و جۆرەکانی کلتوورو پێکهێنەرەکانی کلتوورو کاریگەریی کلتووره جیهانییەکان لەسەر کلتووری کوردیی و ڕەنگدانەوەی کلتوور لە چەند ژانرێکی ئەدەبی کوردیدا کراوە.

بەشی دووەم: بەناونیشانی: (کلتوور لە هەندێک لە ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی (بەختیار علی) دا)، کە تیایدا قسەلەسەر ئەزموونی نووسینی "بەختیار علی " و زمانە ئەدەبییەکەی و هەندێک

بەرهەمی ئەدەبی کراوە لە چوارچێوەی دووپاردا ، لە پاری یەکەمدا قسەمان لەسەر ئەزموون ودونیابینی بەختیار علی کردووە بۆ کلتوور لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا، پاشان قسەمان لەسەر خورافە کردووە لە چەند ڕۆمانێکیدا، پاری دووەمیش قسەمان لەسەر کلتوور کردووە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا.

بەشی سێیەم: بە ناونیشانی(کاریگەرییەکانی کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی و خورافە ) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی – بەختیار علی- دا، ئەمیش دابەشکراوە بۆ دوو پاری سەرەکی ، پاری یەکەم تایبەتە بە قسەکردن لەسەر کلتوورو ئایین و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکەدا، پاری دووەم ، تایبەتە بە قسەکردن لەسەر خورافە و ئەفسانە وەک پێکهێنەرێکی کلتوور و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانەکەدا. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستمان هێناوە لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا خستومانەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

**بەشی یەکەم: کلتوور و پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە:-**

**١-١: کلتوور و تایبەتمەندییەکانی:**

**١-١-١: چەمک و زاراوەی کلتوور.**

**١-١-٢: جۆرەکانی کلتوور.**

**١-١-٣: کلتوور و ژیار (شارستانێتی).**

**١-١-٤: تایبەتمەندییەکانی کلتوور.**

**١-١-٥:پێکهێنەرەکانی کلتوور**

**١-٢: کاریگەریی کلتووری جیهانی لەسەر کلتووری کوردی.**

**١-٢-١: کاریگەریی کلتووری ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی کلتووری عەرەبی یان ئیسلامی لەسەر کورد.**

**١-٢-٢: کاریگەریی کلتووری ڕۆژئاوایی لەسەر کورد.**

**١-٢-٣: ڕۆڵ و کاریگەریی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیا لەسەر کلتووری کوردی.**

**١-٢-٤: کلتوور و ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان.**

**١-٣: کلتوور لە هەندێک ژانری ئەدەبی کوردیدا:-**

**١-٣-١: کلتوور لە شیعری کوردیدا.**

**١-٣-٢: کلتوور لەچەند نموونەیەکی چیرۆکی کوردیدا.**

**١-٣-٣: کلتوور لە چەند نموونەیەکی دەقی شانۆی کوردیدا:**

# بەشی یەکەم:-کلتوور و پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە:

## ١-١:کلتوور و تایبەتمەندییەکانی:

### ١-١-١:چەمک و زاراوەی کلتوور:-

#### ١)-چەمکی کلتوور:

(کلتوور) یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی، کە بووەتە جێگەی سەرنج و بایەخپێدانی زانستی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی گشتی و (مرۆڤناسی) بە تایبەتی، هەریەک لەم دوو زانستە بایەخ و گرنگی زۆریان بە لێکۆڵینەوە لە کلتوور و پێکهاتە و کاریگەرییەکانی داوە، کلتوور لە کۆمەڵدا یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ داهێنان لە بواری پێشکەوتنی زانستی و گەشەی هزریدا.

چەمکی کلتوور لە چەمکەکانی دیکە جیاوازە،چونکە سروشتێکی کەڵەکەبوو و بەردەوامی هەیە و لە ئەنجامی پەیمان و ڕێکەوتنەوە دروستئەبێت، بەڵکو کەلەپووری کۆمەڵایەتیی گشت نەوەکانە و لە هەموو گەل و نەتەوە و کۆمەڵێکدا هەیە و بەردەوام دەبێت؛ لەبەرئەوەشە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە؛ بۆیە ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندن لە بواری لێکۆڵینەوە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، کاتێک دەیانەوێت پێناسەی بکەن، کۆمەڵێک پێناسەی زۆر لە بواری زانستەکەی خۆیاندا، یاخود زانستەکانی دیکەدا دێتە ڕێگایان و هەموو پێناسەیەکیش ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خاوەنەکەی پێوە دیارە.

ئاشکرایە کلتوور هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە(ماددی، مەعنەوی) لە هەموو کۆمەڵەکانیشدا هەیە، ئیدی ئەو کۆمەڵە سادەبێت، یاخود ئاڵۆز و پێشکەوتووبێت، یاخود دواکەوتوو، خاوەن کلتووری تایبەت بە خۆیەتی؛ بۆیە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵ بگەین، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک زاراوەی وەک:-(کلتوور، کەلەپور، فۆلکلۆر، شارستانییەت، ڕۆشنبیریی، مێژوو،....) دەبینەوە؛ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک لەم چەمکانە تاڕادەیەک ئاڵۆزە، تێکەڵاوی و تێکئالانێک لە نێوان پێناسەکاندا دەبینرێت، زۆرجار بە یەکدەچن یان کەرەستەکانیان هەمان کەرەستەیە و سنووری کارکردنیان بە تەواوەتی دیاری نەکراوە، لێرەدا ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە چەمکی (کلتوور)ە،

چونکە ((کلتوور) گەنجینەی مێژووی میللەتە، کە (دابونەریت و ئایدۆلۆژیا و زمان و ئەدەب و هونەر و جلوبەرگ و کەرەستەی ناوماڵ و کەرەستە و بابەتەکانی بواری بیناسازی ..... هتد)دەگرێتەوە، لە زۆرێک لە نووسراوە کوردییەکاندا زاراوەی – کلتوور و کەلەپوور- هەمان مانا

و پێناسەیان هەیە، بەڵام بە  پێی جیاوازی ڕۆشنبیری نوسەرەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.)) (ئاکرەیی، ١٩٨٥: ٥).

ئەگەر کلتوور پاشماوەی ماددی و مەعنەوی بابوباپیرانمان بێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازرابێتەوە، ئەوا کەلەپوور  پاشماوە و میرات و شارەزایی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤی ڕابردوون، کە لە دەستکەوتە زانستی و هونەری و ڕامیارییەکاندا بۆمان ماونەتەوە، واتە هەردوو زاراوەکە لە یەک بواردا کاردەکەن، ئەگەرچی هەندێکجار(کەلەپور) تەنها بۆ شتومەکی ماددی، یان کەرەستە میللییەکان بەکار هاتووە، بەڵام ئەگەر واش بێت ئەوا کەلەپوور بریتی دەبێت لە بەشە ماددییەکەی کلتوور وەک فۆلکلۆر کە  ئەویش بەبەشێک، یان جۆرێک لە  جۆرەکانی کلتوور دادەنرێت .

## ٢)-زاراوەی کلتوور:-

ئاشنابوونی نوسەرانی کورد بە زمانە ئەوروپییەکان هانیداون، کە بە دوای ڕەگ و ڕیشەی وشە و چەمکەکاندا بگەڕێن. لە بارەی چەمکی –کلتوور-یشەوە ((وشەی (کلتوور) لە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و (کەڵچەر) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی (Cultura) ەوە، وەرگیراون))(ئاشوری،٢٠١٠: ٩٨) ، نوسەرانی کورد هەوڵیانداوە وشەی (cultura) لە ڕووی دەنگەوە تا ڕادەیەک وەک خۆی یان کەمێک گۆڕانکاری تێدا بکەن و بەکاریبهێنن؛ بۆیە وشەکانی وەک: (کولتوور، کلتوور، کەلتوور) بەکاردێنن. سەبارەت بە کۆڕی زانیاریی کوردیش چەمکی (کولتوور، ڕۆشنبیری-چاندی) بەرامبەر بە (culture) ی ئینگلیزی بەکارهاتووە))، (کوردستان، ٢٠٠٦ : ٧٧).

ئەگەر چی لە هەندێک سەرچاوەی ئینگلیزی و عەرەبیدا ((لە نێوان وشەی (culture) (heritage) تێکەڵاوی هەیە و زۆرجار لە بری(Heritage) (تراث) زاراوەی (Culture) بەکارهاتووە، بەڵام لە فەرهەنگدا بەرامبەر وشەی (تراث-کلتوور) لە ئینگلیزی(heritage) و لە فەرەنسی (heritage) یان (Tradition) و (Lagasy)ی بۆ بەکارهاتووە، لە بەرامبەر وشەی (ثقافە) ش، لە ئینگلیزی و فەرەنسیدا (culture) یان-(Education) بەکارهاتووە و لە بری(حضارە) ش، بە هەمان شێوە(Culture) یان (Civilisation) بەکارهاتووە)) (عبید، ٢٠١٤: ٥).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتی وشەی(culture)یش، ئەوا دەبێت سەرنجی زمانی لاتینی بدەین چونکە (culture) لە ((وشەی(colere) ی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە واتادا پانتاییەکی

بەرفراوانــی هەیە: (نیشــتەجێبوون، کشــتوکاڵکردن، پاســەوانیکردن، پەرســتن)، بــۆ وێــنە واتــای نیشتەجێبوون لە (colonus) وەرگیراوە، کە لەگەڵ هەمان وشەی (colony) پەیوەندیی هەیە، یان واتای پەرستن لە (cultus) وەرگیراوە، کە لەگەڵ زاراوەی (culyt) هاوتایی هەیە، ئەوەی دواتر لە زمانە ئەوروپییەکاندا پەرەیسەند، واتایەک بوو، کە لە زاراوەی کشتوکاڵدا بوو، واتە(culture) )) (ئامیدیان، ٢٠١٢: ٤٣٠) .

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (تراث) بۆ گوزارشتکردن لە گەنجینەی مێژوویی میللەتێک بەکاردێت، ئەم وشــەیە بە واتــای ئەو شــتانە دێــت، کە مــرۆڤ وەک میــرات بــۆ نەوەکــانی دوای خــۆی بەجێیـدەهێڵێت، وشـەکە (تـراث) ((لە چـاوگی کـاری (ورث)ەوە وەرگیـراوە، واتە: ئەو شـتانەی کە مـردوو بۆ کەس و کـارەکەی بەجێدیڵێت و دواتر لە (ورث، وارث، میراث)ەوە، وشـەی (تـراث)یش هاتووەتە کایەوە))، (ابن منظور،بدون سنه: ١٨٩).

لە قورئـانی پیرۆزیشـدا لە ئایەتێکدا بەم جـۆرە هـاتووە: (وتـأکلون التـراث اکلالمـا)(الفجر-١٩) واتە: ((میراتـی دەخـۆن و هەمـووی دەماشـنەوە(حەقی خزمـان و نەدارانـی لـێ نـادەن))، (ئەمین،٢٠٠٤: ٥٩٣) ،بەڵام لە فەرهەنگە نوێیەکانی عەرەبیدا وشـەی (تراث) بە دابونەریت و دەسـتکەوتی نەتەوایەتـی و شارسـتانی و ڕۆشـنبیرییەکان، کە لە بابوبـاپیرانەوە بەجێمـاون پێناسـەکراوە. لە زمـانی فارسیشـدا وشـەی (فەرهەنگ) لە بری (کلتوور) بەکاردەهێنرێت، ئەم وشـەیە لای فارسـەکان مێژوویەکـی کـۆنی هەیە و لە زۆرێـک لە دەقە شـیعری و نووسـراوە کۆنەکانیانـدا، بە تـایبەتی تـا سـەدەی حەوتەمـی کـۆچی دەبینرێـت، دوای ئەو سـەدەیە وشـەی فەرهەنـگ لە نووسـراوە ئەدەبییەکانـدا بەکارنـایەت، چونکە چەندین وشە و دەربڕاوی دیکەی هاوواتـای عەرەبیەکە جێگایـان دەگرنەوە،((لە فەرهەنگـی کوردیدا کلتوور بە مانای تورەکەیەکی بچکۆلانەیە، کە کلی هـاڕاوەی تێدەکرێت و کەلەپووریش ئەو شتانەیە، کە لە مردوو بەجێدەمێنێت بۆ کەسوکاری مردوو))(موکریانی ،١٣٨٦ : ٦١٩-٦٦٥).

دەتـوانین بڵێـین بە گشـتی لە زمـانی کوردیـدا وشـەکانی: (کولتـوور، کەلەپـوور، کەلتـوور، کلتـوور، کلتور) هەیە، لە زۆربەی فەرهەنگەکانیشـدا بەرامـبەر وشـەی(تراث)ی عەرەبـی، وشـەی(کەلەپور) ی کوردی بەکارهاتووە، لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا وشەکانی کلتوور و کەلەپوور، بەو واتایانە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بەکارهاتوون.

کلتوور بە مانـا گشـتییەکەی ئەوەیە، کە لە پێناسـە زمانەوانییەکانـدا دەیبینینەوە، بە گشـتی چەمکـی کلتوور((تەنیــاکۆمەڵێکی کەڵەکەبــوو لەدابونەریــت و شــێوازە جیاوازەکــانی ژیــان نیــیە، بەڵکــو سیستەمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێک، یان چەند گروپێکە لە

خەڵک، ڕەگەزەکانی کلتوور وەکو دابونەریت و بیروباوەڕەکان، هەروەها بەها و بیروباوەڕە هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشێت))،(موحسنی ،٢٠٠٢: ١٠٣).

لە بارەی کلتوورەوە ڕەفیق سابیر دەڵێت : ((کلتووربەشێکە لە کەسایەتی و پێناسەیەک، کە کۆمەڵ بە گشتی و مرۆڤەکان بەتایبەتی خۆیان لە ئەوی دی پێ جیادەکەنەوە، کەواتە کلتوور چەند هۆکاری خۆناسینە، دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوەبێت)) (سابیر،٢٠٠٨: ٣٧).

بەمجۆرە کلتوور دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ناسینی مرۆڤ و دیاریکردنی کۆمەڵەکەی، هەروەها لە بواری کۆمەڵناسیشدا پسپۆڕانی بوارەکە پێیانوایە، کە کلتوور سیستمی ڕۆشنبیری و دابونەریتەکان دەگرێتەوە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا نایەت و خۆڕاگرە لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی زەمەن و کاتدا.

تایلەر یەکەم کەس بووە، کە چەمکی کلتوور و پێناسەکەی بە وردبینییەوە بەکارهێناوە و لە کتێبی((چەند توێژینەوەیەک دەربارەی سەرەتای مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی شارستانییەت)، کە لە ساڵی (١٨٦٥) دا بڵاوی کردووەتەوە، هەندێکجار واژەی کلتوور بەکاردەهێنێت، بەڵام بە گشتی واژەی ژیار بەکاردەهێنێت، بەڵام لە ساڵی(١٨٧١) دا ناوی کلتووری سەرەتایی (primitive culture) ی لە سەر کتێبەکەی خۆی دانا و لە ڕستەی دەستپێکدا بە شێوەی فەرمی و ڕاشکاوانە کولتوری پێناسەکرد))، (ئاشوری، ٢٠١٠: ١٩)، دەکرێت، ئەم مێژووە بە سەرەتای لەدایکبوونی ئەم چەمکە زانستییە دابنێین، هەرچەندە زەمینەکەی لە زمانی ئەڵمانیدا بەرجەستەبووبوو، بەڵام ئەم واتایەی تایلەر بۆ کلتوور زۆر بە لەسەرخۆیی پەرەیسەند و ئەمریکییەکان زووتر لە بەریتانییەکان قبووڵیانکرد، تایلەر پێیوایە: ((کلتوور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر، هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادیسیۆنەکان، بە کورتی گشت ئەوفێربوون و عادەتانەن، کە مرۆڤێک وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ وەریدەگرێت))، (موحسنی، ٢٠٠٢: ١٠٣)، کەواتە کلتوور هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەک مەعریفەیەک، تاک لە کۆمەڵەوە کلتوور وەردەگرێت و فێری دەبێت.

لۆڤی (١٩٣٧) دەربارەی کلتوور دەڵێت: ((کلتوور: بریتییە لە کۆمەڵێک لەو شتانەی، کە تاک لە کۆمەڵی خۆیدا فێریدەبێت، ئەمانەش بریتیین لە بیروباوەڕەکان، بۆنەکان، پێوەرە هونەرییەکان، نەریتەکانی خواردن و ئەو پیشانەی، کە نەک لە ڕێگەی چالاکی فەردییەوە، بەڵکو وەک میراتێکی پێشینان لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنی فەرمی و نافەرمییەوە پێیدەگات.))، (ئاشوری، ٢٠١٠: ٢٨)،

کەواتە هەمــوو ئەو شــتانەی، کە تــایبەتن بە میللەتێــک، لە بیروبــاوەڕ و بــۆنە کــۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، مرۆڤ یان تاک دەتوانێت لە ڕێگای فێربوونەوە پێیان بگات، لە لای کۆمەڵناسەکان کلتوور پەیوەستە بە چەمکی ڕۆشنبیرییەوە و کۆمەڵ دەبێتە ناوەندی کار، یان زەمینەی جوڵاو، کە تێیدا بەها کلتوورییەکان جموجوڵی خۆیان ئەنجامدەدەن، واتە کلتوور: ((کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە، ئامانجی پاراستنی هەندێک پێوەر و ڕەهەندی ڕەفتارە لە هزری تاکەکاندا، ئەم پێوەر و بەهایانەش، واتای بەردەوامی ڕابردوویەکی ڕاستەقینە، یان وێناکراو دەگەیەنێت.))، (مارشال، ٢٠٠٠: ٣٩٦)

واتە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەچنە چوارچێوەی کلتووری نەتەوەیی کۆمەڵەوە، لە لای (کارل یۆنگ)یش کلتوور بووە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی تیۆرییەکەی، چونکە یۆنگ بایەخی بە نائاگایی و کۆد و هەروەها گرنگیدان بە دیراسەکردنی (ئەفسانە و ئایین و دابونەریتەکان و فۆلکلۆری میللی میللەتە سەرەتاییەکان و لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی، کە کەسایەتی مرۆڤ دەفرێکە و مێژووی بابوباپیرانی تێدایە)، (سالح، ١٩٨١: ١٩) . لە لای یۆنگ کلتوور تێکەڵەیەکە لە زمانەکان و هەڵوێستەکان، ئەو بەشەی مێشک، کە یۆنگ پێیدەڵێت "نائاگایی کۆ"، لە شیکردنەوەی کەسایەتی مرۆڤەکاندا باشتروایە پێی بوترێت بەشی پارێزەر؛ لەبەرئەوەی ئەرکی پاراستن و گواستنەوەی هەندێک لە دیاردە کلتوورییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی، لە هاوکێشەی ئابووری و سیستمی ژیانی کۆمەڵدا کلتوور جێگا و ئەرک و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە لای مارکسییەکانیش چەمکی کلتوور قسە و گفتوگۆی زۆر لەسەر کراوە، بەستراوەتەوە بە هاوکێشەی سەرخان و ژێر خانی ئابوورییەوە، ئەوان پێیانوایە ((کلتوور بەری ئایدۆلۆژیایە و کلتوور بەرامبەر بە ژێرخانی ئابووری، بە سەرخان دادەنریت، کەوابوو تێگەیشتنی کلتوور پێویستیی بە تێگەیشتنی بەرژەوەندی چینی زاڵە و لە دواییدا تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ژێرخانی ئابوورییە)) (بشیری، ٢٠٠٦ : ١٥)، کەواتە کلتوور پەیوەندیی هەیە بە سەرخان و ژێرخانی ژیانی کۆمەڵەوە و هەر لەوێشەوە سەرچاوە دەگرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین-: کلتوور بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو، کە پێکهاتووە لە جۆرەکانی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک و شێوازی ژیانی کۆمەڵ و زمان و بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و ڕەوشت و دابونەریت و سرووتەکان و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەرهەمە ماددییەکانی مرۆڤیش لە بەرهەمهێنان، پیشە و چالاکییە ئابوورییەکان، بیناسازی، جلوبەرگ ،خۆراک، خشڵ، شوێنەوار، تەکنەلۆجیا، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکان و هەموو بەرهەمە دەستییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە.

### ١-١-٢: جۆرەکانی کلتوور:

### ١/ کلتووری میللی- فۆلکلۆر

هەموو میللەت و نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی، خاوەنی نەریت و کلتووری خۆیەتی، میللەتی کوردیش وەکو هەر میللەتێک بیروباوەڕ و کلتووری میلیی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێک لەم بیروباوەڕانەش میللەت بەرەو ژیانێکی پڕ سەروەری و سەربەستی دەبات، ئەگەر ئێمە بیروباوەڕێکی میللی، کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کورددا هەبێت وەربگرین؛ دەتوانین بڵێین: ((بیروباوەڕی میللی بەشێکە لە فەلسەفەی شارستانییەتی هەر گەلێک، چ ئەو گەلە پێشکەوتووبێت، یاخود پاشکەوتوو بێت))، (شاهین، ١٩٩١: ٣١).

کەواتە کلتووری میللی لە بیروباوەڕ و شارستانییەتی هەر گەلێکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم بەشەی کلتوور زۆر فراوانە و زانایان کاری زۆریان بۆ کردووە، فۆلکلۆرناسی وەکو بوارێکی سەربەخۆ بوونی خۆی سەلماندووە، (فۆلکلۆر )وەکو زاراوە بەرامبەر بە کلتووری میللی بەکارهاتووە، (د.احمدمرسی) یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەکادیمییە عەرەبییانەی، کە گرنگییەکی تایبەتی بە فۆلکلۆر داوە و ئەو پێیوایە باشترین پێناسە بۆ فۆلکلۆر ئەمەیە، هەرچەندە پێشی وایە، کە پێناسەکەی بێ کەموکورتی نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێت شایەنی قبوڵکردن و گفتوگۆلەسەرکردنە، هەروەک دەڵێت: ((فۆلکلۆر بریتییە لەو هونەر و بیروباوەڕ و جۆری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی، کە میللەت گوزارشتی لە ناخی خۆی پێدەکات، جا چ بەکارهێنانی وشە، جوڵە ئیشارەت، یاخود دیکەپە (ئیقاع )، یان هێڵ و ڕەنگ، یاخود شێوەکاری ماددە، یان دروستکردنی ئامێری سادە و ساکاربێت .))،(مرسی، ١٩٨١: ١٠٧).

بە سەرنجدان لەو پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە فۆلکلۆر هەردوو لایەنی ماددی و ڕۆحی لە خۆدەگرێت، بەڵام نوسەر لەم پێناسەیەدا زیاتر جەخت لەسەر لایەنە ڕۆحییەکان دەکاتەوە، ئەم زاراوەیە واتە فۆلکلۆر ((لە دوو بەش پێکدێت، کە لە بنەڕەتدا ڕەچەڵەکێکی سەکسۆنییان هەیە، ئەویش (فۆلک) ە،کە بە مانای میللەت و (لۆر)،کە بە مانای لێکۆڵینەوە یان زانست هاتووە، بۆ یەکەمجاریش ئەم زاراوەیە لە لایەن (وەلیم جۆن تۆماس) ەوە، لە ساڵی(١٨٤٦)ز.دا بەکارهاتووە، مەبەستیش لێی ئەدەبی نەنووسراو یان ئەدەبی سەرزاری بووە))، (مدكور، `بدون سنە: ٢٤)، بابەتەکانی فۆلکلۆر فراوانە، سنورەکەی بە تەواوەتی دیار نییە، بەڵام ئەوەی لە بەشەکانی دیکەی کلتوور جیای دەکاتەوە، ئەوەیە فۆلکلۆر زیاتر پەیوەستە بە لایەنەکانی ژیانی میللەتەوە لە هەموو کەرەستە و بابەتێکدا، بە گشتی کلتووری میللی هەموو جۆرەکانی (دەربڕینە سەرزارەکی و

جەستەییەکان و هەموو چیرۆک و گۆرانی و سەمای میللی و پەندی پێشینان و مەتەڵ و چالاکییە جۆرا و جۆرەکانی ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە، کە میللەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە ڕێگای لەبەرکردن نەک تۆمارکردن دەیگوازێتەوە، هەندێک پێیانوایە، کە کەلوپەلی هونەری و پیشەسازی و جوانکاری و پەیکەر و هەڵکۆڵینەکانی سەربەرد و دار و وێنەکان...هتد. بەشێکن لە کلتووری میللی)، (سلیم، ١٩٨١: ٣٦).

کەواتە فۆلکلۆر زۆربەی بوارەکانی میراتی نەتەوایەتی دەگرێتەوە، لە ڕووی فراوانی سنورەکانییەوە دەگاتە ئاستی چەمکی کلتوور، بەڵام مەیدانی کارکردنی فۆلکلۆر گشتی نییە و پێویستە تەنها لە بوارە میللیەکاندا کاربکات، چونکە ((فۆلکلۆر زۆر مەیدانی کەلەپووری نەتەوایەتی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جلوبەرگی میللی کۆن و ئێستا وە تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی و تیاخواردن و قاپ و قاچاغ و کاسە و کەوچک تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی دیکە کە شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمێکی دەستکرد یان بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە، بەڵام لە کۆڕی ئەدەبدا فۆلکلۆر پڕ بە پڕ بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت، کە ئەدەبییاتناسانی هەندێک وڵات بە بەرهەمی سەرزاری خوڵقێنەرانی گەلی ناو دەبەن))،( (ڕەسوڵ، ١٩٧٩: ٨)، کەواتە کلتووری میللی هەموو ئەو کەرەستە و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییانەی میللەتێکە ،کە لە کۆنەوە ماوەتەوە و دەماودەم و پشتاوپشت گێڕدراوەتەوە و بڵاوبووەتەوە و نەوە لە دوای نەوە پارێزگاری لێدەکرێت و هەوڵدەدرێت بمێنێتەوە بۆ پاراستنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی میللی میللەتەکان و مانەوەیان لە سەر خاکی بابوباپیرانییان. ((کلتوور یان کەلەپوور مەرجێکی سەرەکییە بۆ بوونی کۆمەڵە کەسانێک بە نەتەوە، کەواتە کەلەپوور دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیەک و لە ژیانی ڕۆژانەی هەر میللەتێک گرنگییەکی تایبەتی هەیە و شێوازی ژیانی ئەندامەکانییەتی، کەواتە کەلەپووری میللی ئەو کەلەپورەیە، کە بە درێژایی مێژوو بۆمان ماوەتەوە و سیفەتی مانەوە و بەردەوامی بە خۆیەوە هەڵگرتوە و لە لای میللەت پارێزراوە و چاودێریکراوە و سیفەتی میللی پێبەخشراوە))، (حەسەن، ٢٠١٢: ٢٣).

دەتوانین بڵێین وشەی میللی لەم هۆکارە گرنگانەوە سەرچاوەی گرتووە:

١- فراوانیی بەکارهێنانی لای هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، واتە وەکو ئەدەبی نووسراو نییە، تەنها تایبەت بێت بە چینی ڕۆشنبیر؛ ئەدەبی خەڵکە سادەکەی کۆمەڵیش نییە، کە تایبەت بێت بەیەک شێواز.

٢- کەلەپـوور سـیفەتی نەمـری هەیە، هەرچەنـدە ڕۆژگـار بەرەوپێشـیش بـڕوات بـابەتە میللـی و کەلەپوورییەکان هەمیشە خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە و دەمێنێتەوە.

کەواتە کلتـووری میللـی (بیروبـاوەڕ و دابـونەریتی کـۆمەڵایەتی، میللـی، کە سـیحر و فـاڵگرتنەوە و خەون و جادو......هتـد ) دەگـرێتەوە، بابەتەکـانی ئەدەبـی سـەرزارەکی یـان ئەدەبـی میللـی، کە(حەکـایەت، مەتەڵ سـەربوردە، پەنـد ،قسـەی نەسـتەق، داسـتان، ئەفسـانە...هتد ) دەگـرێتەوە. هەروەها ژیانی میللی ماددی یان ڕۆشنبیری یان بـابەتە مادییەکانی وەک ( باڵەخـانە و کەلـوپەلی دەسـتکردی ناومـاڵ، هەروەهـا هـونەر و چـالاکییە میللییەکـان) دەگـرێتەوە، واتە کلتـووری میللـی بەشێکی زۆر فراوانی کلتوور و ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ پێکدەهێنێت.

## ٢-کلتووری کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵ کاریگەریی لە سـەر بەرهەمـی نوسـەران دروسـتدەکات، چـونکە نوسـەر خـۆی لە دایکبووی کۆمەڵەکەیەتی، کەواتە هەر لە منداڵییەوە کۆمەڵ کاریگەرییەکانی  خۆی بە سەریدا دەسەپێنێت، ئەم کاریگەرییەش بە شێوەی جیاجیا لە بەرهەمی نوسەراندا دەردەکەوێت، کە دواتر ئەمە بە کلتـووری کۆمەڵایەتی دەناسێنرێت.

مرۆڤ لە نـاو کۆمەڵدا دەژی و هەر کۆمەڵێکیش کلتـووری تـایبەت بە خـۆی هەیە، دەتـوانین بڵێین (کلتـووری کـۆمەڵایەتی ) بـریتییە لە کلتوورێـک، کە دەسـتەیەکی جیـاواز و سـەربەخۆی کـۆمەڵی مرۆڤایەتی، وەک گەل یان نەتەوەیەکی دیاریکراو هەیەتی؛ ڕەگەزەکانی کلتـوور لەوانەیە ئـازادانە لە سیسـتمێکەوە بـۆ سیسـتمێکی دیـکە بگـوازرێتەوە؛ بەمجـۆرە هەر کـۆمەڵێکی مرۆڤـایەتی سیسـتمی کۆمەڵایەتی و کلتووری تایبەت بە خـۆی هەیە، کە بەهـۆیەوە دەناسـرێتەوە و جیـادەکرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە، چونکە ((ئەم چەمکە دەلالەتە لە کۆی دابونەریت و شێوازەکانی ژیان، جگە لەوەش ئەو دامودەزگا و ڕێکخراوانە دەگرێتەوە، کە بنەمای دروسـتبوونی شارسـتانییەت و ڕۆشـنبیرین لە لای کۆمەڵێک لە کۆمەڵەکان))، (ابومصلح، ٢٠٠٦ : ١٢٩)

بەڕای ئێمە کلتووری کۆمەڵایەتی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشـدەبێت:- بەشـێکی (مەعنەوی یـان ڕۆحـی)، کە سیسـتمی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و پەیوەنـدیی خزمـایەتی و بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان و ئەزموونی ژیانی تاکەکان دەگرێتەوە، هەروەها دابونەریتەکانی نێو کـۆمەڵ، وەک دابـونەریتی ژن و ژنخـوازی و ئـاهەنگگێڕان و سـەمای نەتەوایەتـی و گـۆرانیگوتن و ڕێوڕەسـمی مـردن و منـداڵبوون، چۆنیەتی جادوکردن و فاڵگرتنەوە و ....هتد دەگرێتەوە.

بەشە ماددییەکەی کلتووریش، هەموو ئەو کەرەستانەیە، کە پەیوەستن بە سیستمی کۆمەڵایەتی و جۆری دابونەریتەکانی نێو کۆمەڵەوە وەک: جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەستەی چێشتلێنان و پێداویستییەکانی سیحر و جادووگەری، ئەم جۆرەی کلتوور زیاتر لە زانستی (ئەتنۆگرافیا) وە نزیک دەبێتەوە، کە ئەم زانستە زانستی وەسفی گەلانە.

زانایەکی وەک (دیاس) پێناسەی (ئەتنۆگرافیا) دەکات و پێیوایە: (( ئەتنۆگرافیا لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە، بۆ ڕۆشنبیریی گەلانی جیاواز، یاخود لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە بۆ هەندێک بەش لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو)) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٢١)

کەواتە (کلتووری کۆمەڵایەتی) ئەو چوارچێوە کلتوورییەیە، کە هەر کۆمەڵێک هەیەتی و تاکەکانی پێڕەوی دەکەن و پابەندن پێوەی و لێی لانادەن و بووە بە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵەکەیان و ئەو گەلانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتووی بەرزن یان جڵەوی پێشکەوتن و گەشەکردنیان بە دەستەوەیە ئەوانەن، کە توانای تێپەڕاندن و دەستهەڵگرتنیان هەیە لە میراتی کۆن و لە کارکەوتووی ڕۆشنبیریی خۆیان، کە بۆ مەبەستی بەرەو پێشبردن و زیادکردنیان ئەو کارەدەکەن و ئەم بەرەوپێشبردن و تێپەڕاندنە کەمتر لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا ڕوودەدات، چونکە پرۆسەی گەشەکردنی شارستانییەت تیایاندا لاواز و سست بەڕێوەدەچێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەم کۆمەڵانە کۆمەڵی داخراون بەسەر دنیای شارستانی و پێشکەوتنی وڵاتانی دەورووبەردا خۆشیان هیچ توانایەکی داهێنان و گەشەکردنیان نییە و زۆرجار بە ترس و سڵەمینەوە لە کرانەوە و پێشکەوتن دەڕوانن، دەکرێت ئەم ترسەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە لەسەر بنەمایەکی بەرژەوەندیخوازانەی بەرتەسکی سیاسی یان ئابووری دامەزرابێت و بووبێتە بەشێک لە سیاسەتی ئەم گەلە دواکەوتوانە.

هاوکات میللەتی زیندوو و کراوە بەسەرشارستانییەت و پێشکەوتندا بەشێوەیەکی ئاسۆیی و هاوشان لەگەڵ میللەتەکانی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو دەستکەوت و پێشکەوتنانە، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی وکلتووری ڕەسەنی خۆیان نابن و دەیپارێزن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی لێناگرن.

دابونەریت چەمکێکی گرنگی کۆمەڵناسی و کلتوورناسیە؛ ئەم چەمکە لە سەرەتای کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە هەیە و بە پێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و جێگۆڕکێ لە کلتوورەکاندا، ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت و لەوانەیە هەندێک دابونەریت سەردەمیان نەمێنێت و لەناو بچن. لە هەر قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵدا دابونەریتی گونجاو دێتەکایەوە؛ دابونەریتەکان بە ئاسانی دروستنابن و بە خێراییش

لە ناوناچن، چونکە ((داب (عورف) ئەو باوەڕە گشتییەی ناوچەیەک یان کۆمەڵێکە، ئەندامانی وا لێدەکات ڕەفتار و هەڵوێستی یەک چەشنییان لە ژمارەیەک ڕووداو و بۆنەدا هەبێت، وەک هاودەردی و تازینامە لە مردن و کارەساتدا، جەژنەکانی نەورۆز و ڕەمەزان و قوربان، مانای شەرەف و هەڵوێست لە ڕۆڵی ئافرەت، هەرەوەزی لە بەرهەمهێناندا، لێبوردەیی لە ڕووداوە ناکاوەکان، ئینتما بۆ عەشیرەت....))، (قادر، ٢٠٢١: ٨٦).

کەواتە دابونەریت زۆر گشتییە و دەبێتە کەرەستەیەکی پەروەردەیی بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ، هەمیشەش چاوەڕوانی ئەوە لە تاک دەکرێت پەیڕەوی دابونەریتەکانی کۆمەڵ بکەن و لێی لانەدەن، دیارە دابونەریت تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵێکە، بەڵام لە کۆمەڵە چاولێکەرییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە دابونەریتەکان لە ناو سیستمی دەوڵەتدا دەبنە یاسا.

بە تێڕوانینی (کلایدکلاکهون) ((هەرکلتوورێک شێوازێکی دیاریکراوی جلوبەرگ و خەسڵەتی جەستەیی دیاریکراو بە سەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێت، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لە ڕەفتارەکانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ شارەزاییەکانیان و لەبەرئەوەش، کە سەرچاوەی شارەزاییەکانییان بریتییە لە کلتوورێکی هاوبەش، کەواتە ئاساییە ڕەفتار و خەسڵەتی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بێتە ئاراوە))، (عەبدول، ٢٠٢٠: ٥٦).

کەواتە بەوپێیەبێت  لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەوە، کلتوور نەخشی خۆی لەسەر کەسایەتی مرۆڤ هەڵدەکۆڵێت، کەسایەتی منداڵ لەبارترین کەرەستەیە بۆ دەستکاریکردنی لە لایەن کۆمەڵەوە، چونکە دەروونی منداڵ گونجاوە بۆ هەمووی کارتێکەرە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان، وەک خێزان ، پەروەردە، کۆمەڵ، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بە سەریدا، دەوترێت هەر کەسێک لە  کۆمەڵدا هەڵگری سەدان و بگرە هەزاران کۆد و نیشانەی کلتووری جۆراوجۆرە، کە تەنها لە ڕێگەی کلتوورەوە دەتوانین ئەو کۆدانە بکەینەوە و لە نیشانەکان تێبگەین.

## ٣- کلتووری ئایینی:

ئایین یەکێکە لە کۆنترین شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتووە، چونکە لە گەوهەریدا ئاماژەیە بە گرێدانی نێوان مرۆڤ و خودا، واتە گرێدانی نێوان مرۆڤ و جیهانی نەبینراو بە شێوەیەکی گشتی، ((زۆرینەی هێزە سیاسییەکان تێبینییان کرد، کەلەپوور بە ناوەڕۆکە ئایینییە ئیسلامییەکەیەوە کاراترین ئامرازە بۆ ئاڕاستەکردنی

وتـار بـۆ جەمـاوەر، چـونکە خەڵکـی لە ئاسـتی وتـارە ئایینییەکانـدا هاوسـۆزی و هەسـتیياری و هەڵچوونییان هەیە))،(حەسەن،٢٠١١:٣٤١).

بەم پێیەبێت، کلتووری ئایینی زۆرترین کاریگەریی لەسەر دەروونی تاکی مسوڵمان یان پێڕەوانی هەر ئـایینێکی دیکە دروسـتدەکات، چـونکە ئـایین کـاریگەریی ڕۆحـی زۆر گەورە لەسـەر تاکەکـانی کۆمەڵ دادەنێت، کە مەبەست لە کلتووری ئـایینیش، هەمـوو ئەو لایەن و ڕەهەنـدانە دەگرێتەوە، کە دەیخـــاتە ســـنوری خـــۆی و لە چوارچێـــوەی خۆیـــدا پۆلێنیـــان دەکـــات؛ هەر لە دەقـــی کتێـــبە ئاسـمانییەکانەوە، هەتـا دەقـی فەرمـوودە و کەسـایەتی پێغەمـبەران و خەلیفەکـان و پیاوچاکـان و جەژن و بۆنە ئایینییەکان دەکرێت لە چوارچێوەی کلتووری ئایینیدا پۆلێن بکرێن؛ لەبەرئەوەی هەم ئـایین  و هەم ئەدەب کـاریگەریی گەورە لەسـەر هەسـت و سـۆزی مـرۆڤ دادەنـێن؛ بـۆیە ئاسـاییە کلتووری ئایینی کۆمەڵێک لە ناو ئەدەبەکەشیدا ڕەنگبداتەوە.

لە ئەدەبـی کوردیـدا کلتـووری ئـایینی  و ڕەنگـدانەوەی لە نـاو ئەدەبەکەدا شـتێکی تـازە نیـیە و دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەرەتاکانی دەرکەوتنـی ئەدەبییـاتی نووسـراوی کـوردی و لە ڕوانـگەی ئەوەی زۆربەی شـاعیران و نوسـەران مەلابوون و لە حوجرەکاندا پێگەشـتوون؛ بۆیە لە بەرهەمەکانیاندا کاریگەریی بیروباوەڕە ئایینییەکەیان ڕەنگیداوەتەوە.

((ئایینەکان لە سەرەتای دەرکەوتنییاندا ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەیان بینی، لە کارکردنە سـەر مـرۆڤ و کـۆمەڵ، بەڵام لەگەڵ گـۆڕانی ڕەوشـی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و لەگەڵ دەرکەوتنـی نـاکۆکییە ئایینزاییەکـان، کە ئایینییـان لە گەوهەرە سـەرەکییەکەی دوورخسـتەوە، بـووە مـایەی ئەوەی ئـایین ئەرکێکـی پـێچەوانە وەربگرێت، چـونکە بە حـوکمی بەڕێوەچـونی و بەکارهێنـانی لە لایەن هەنـدێک ڕژێـم و دەسـتە و تـایەفەوە، بـووە کۆسـپ لە بەردەم پەرەسـەندنی کۆمەڵەکـان و ئەم پرنسـیپانە دەبێتە بناغەیەک بۆ ڕواندنی تۆوی دووبەرەکی و لەیەکدان لە نێوان ئەندامانی تاکە ئایینێکدا و لە نێوان ئایینەکانی دیکەیشدا))،(دەستەیەک لەخوێندکارانی پەیمانگای ناوەندی ڕۆژهەلاتی ناوین، ٢٠٠٣: ٣٦).

واتە کلتووری ئایینی لە ئایینە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، جـا چ ئـایینی ئاسمانی بێت، یـان ئایینی زەمینی و دروستکراوی مرۆڤ خۆی بێت.

((لە چوارچێـوەی تێڕوانینـی تـایلەر، ئـایین بە زانسـتی نهێنییەکـان ئامـاژەی پێکـراوە، بە فـاکتەری هۆشیاریی قۆناغی شارستانی دانراوە. شوێنگرتنی ئایین لە مێژووی هەر نەتەوەیەک، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کەلتووری ئەو نەتەوەیەی زانیوە، تـایلەر لە کۆمەڵدا ئـایینی بە سـەرچاوەی

بەخشەری ئاکاری چاکە داناوە، پێیوایە ئایین و هەستی ئایینی کاریگەریی قووڵی ویژدانی و ئەخلاقی لەسەر ژیان و ناخی تاکەکاندا دروستدەکات، کاتێک فۆڕمی ئایینی و بەهاکانی لە دڵ و دەروونی تاکدا جێگیردەبێت، کۆنترۆڵی ڕەفتاریان دەکات، لەناخیشیاندا بەربەستی هەر جۆرە لادانێکی ئاکاری و کۆمەڵایەتی ناشایستە دروستدەکات)) (عزیز، ٢٠١٩: ٩٨) .

کەواتە  هەر ئایینێک بۆ خۆی کلتووری تایبەت بە خۆی هەیە و هەر بەهۆی ئەو کلتوورەشەوە دەناسرێتەوە، تایلەر ئایین بە سەرچاوەی کلتوور و ڕەفتاری پەیوەست بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە هێزە نادیارەکان و سیستەمی بیروباوەڕەکان و پێڕەوە ئایینییەکان دەزانێت، ((بیرمەندانی سەدەی نۆزدە(ئۆگست کۆنت و لودفیگ فویرباخ ) ئایینییان لە بیرۆکەی خودا بەتاڵکردووەتەوە، ئەم بیرمەندانە باوەڕیان وابووە، کە ئایین بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی، فویرباخ جەختی لەوە کردووەتەوە، کە(بونەوەر یان خوای پیرۆز تەنها خودی مرۆڤ خۆیەتی)، (کارل مارکس)جەخت دەکاتەوە لە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ئایین، ئەمەش لە پێناوی بەرجەستەکردنی سیاسەتێکی کارا، کە ببێتە هۆی ڕامالینی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە ئایین بەرهەمی هێناوە)) (والی ،٢٠١٧: ٤٩).

ئایین سیستمێکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی پەیوەندیی مرۆڤ بە بونەوەرێک یان بونەوەرەکانەوە دادەمەزرێت، ئایین کۆمەڵێک بیرو باوەڕە، کە کۆمەڵێک مرۆڤ باوەڕی پێدەهێنن و دەبێتە سیستەمێک  و پێوەی پابەند دەبن، زۆربەی کات پەیوەستە بە جیهانی سەرو سروشتەوە، هەروەها ئایین جێبەجێکردنی مەراسیم  و سروتە پیرۆزەکانە، کە هەر ئایینێک کۆمەڵێک مەراسیم و سروتی ئایینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە لایەن پێڕەوکارانی ئەو ئایینەوە جێبەجێدەکرێن، ئەمانە دەبن بە بەشێک لە کلتووری هەر نەتەوەیەک و پێڕەو دەکرێن لە لایەن کۆمەڵەوە.

کەواتە کلتووری ئایینی هەموو ئەو لایەن و ڕەهەندانە دەگرێتەوە، کە ئایین دەیانخاتە سنووری خۆی و لە چوارچێوەی خۆیدا پۆلێنیان دەکات، هەر لە (دەقی کتێبە ئاسمانییەکانەوە هەتا فەرمووده و کەسایەتی پێغەمبەران و خەلیفەکان و پیاوچاکان و جەژن و بۆنە ئایینییەکان)؛ دەکرێت لە چوارچێوەی کلتووری ئایینیدا پۆلێنبکرێن، جا بەهۆی ئەوەی، کە هەم ئایین و هەم ئەدەبیش پەیوەندییەکی بەهێز و پتەویان بە هەست و سۆز و ویژدان و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە و پانتاییەکی فراوانی لێداگیردەکەن؛ بۆیە ڕەنگدانەوەی ئایین لە ئەدەبدا شتێکی زۆر ئاسایی و چاوەڕوانکراوە بە تایبەت لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زۆر لە بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکان ڕەهەندی ئایینییان تێدا بەدیدەکرێت بۆ نموونە: (کۆمیدیای یەزدانی)یەکەی

(دانتی) یان شیعری زۆرێک لە شاعیرەکانی وەک: (تی . ئێس.ئیلیۆت و جۆن کیتس و ئارنۆڵد)، هەروەک لە ئەدەبییاتی میللەتانی مسوڵمانی وەک (فارس و تورک و عەرەب)یش، ڕەنگدانەوەی کلتووری ئایینی لە ئەدەب و شیعری شاعیرەکانییان جێگای گومان و مشتومڕ نییە، لە ئەدەبی کوردیشدا کلتووری ئایینی و ڕەنگدانەوەی لە شیعردا شتێکی تازە نییە و بۆ سەرەتاکانی ئەدەبی نووسراوی کوردی دەگەڕێتەوە، کە شاعیران سودیان لە دەقە ئایینییەکان وەرگرتووە.

## ٤-کلتووری ڕۆشنبیری:

دەستپێک بە کۆمەڵێک پرسیار دەست پێدەکەین: ئایا ڕۆشنبیران دەستەیەکی دیاری کۆمەڵن، یاخود توێژێکی گەورەی خەڵک پێکدەهێنن؟ ئایا ڕۆشنبیران مەبەست لە خوێنەرانن، کە لە ناو دەزگا کۆمەڵایەتی و حوکمی و سیاسییەکاندا کاردەکەن؟ ئایا ڕۆشنبیران گرووپێکن و ئەرک و پەیامی دیاریکراویان هەیە، جیا لە ئەرک و پەیامی ئەوانەی لە دەزگا حوکمی و کۆمەڵایەتییە فەرمی و نافەرمییەکان کاردەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەگەڕێینەوە بۆ بۆچونەکانی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و تیۆرستی سیاسی بەناوبانگی ئیتالی (ئەنتۆنیۆ گرامشی)، کە بۆچونەکانی سەبارەت بە ڕۆشنبیر، تاکو ئێستاش لە نێو کایەی ڕۆشنبیری جیهانیدا سەنگی تایبەتی خۆی هەیە و شایانی گفتوگۆلەسەرکردنە. (گرامشی) لە (پەڕاوەکانی زیندان) دا دەنووسێت: ((مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هەموو خەڵکی ڕۆشنبیرن، بەڵام هەمووکەس ئەرکی ڕۆشنبیریان لە کۆمەڵدا نییە.))، (سەعید، ٢٠٠١: ٩٣).

بەم پێیەبێت هەموو مرۆڤێک چالاکی فیکری تایبەت بە خۆی هەیە، بیردەکاتەوە و خاوەنی جیهانبینی تایبەت بە خۆیەتی سەبارەت بە شتەکانی دەورووبەری، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ڕۆشنبیر، هاتنەناوەوەیەتی بۆ ناو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەکان، بەو واتایەی"سارتەر" بانگەشەی بۆدەکات و دەڵێت: ((ڕۆشنبیر، مرۆڤێکە خۆی دەخاتە نێو هەموو ئەو شتانەی هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە و لووتی لە هەمووشتێک دەژەنێت))، (سارتر، ١٩٧٣: ١٢).

لێرەدا ئەوەی جەختی لەسەر دەکرێت، گرنگیی هاتنەناوەوەی ڕۆشنبیرانە بۆ نێو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵ، واتە ڕۆشنبیربوون و شارەزابوون و پسپۆڕبوونی کەسێک لە بوارێک لە بوارەکاندا تەنها بە بەدەستهێنانی بڕوانامە نابێت، بەڵکو دەبێت ئەو کەسە لە سنووری پسپۆڕییەکەی خۆی دەربچێت، تا بتوانێت ئەو ناوبانگەی بەهۆی پسپۆڕییەکەی خۆیەوە دەستی کەوتووە بیکاتە ئامرازێک بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کۆمەڵ و دەسەڵاتداران، کەواتە دەتوانین (کلتووری ڕۆشنبیری)بەمشێوەیەی لای خوارەوە پێناسە بکەین:

((بریتییە لە کۆی نموونە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵ، کە نەوەکان لە نەوەی پێش خۆیان وەریدەگرن، ئەم جۆرە کلتوورە لە گرنگترین جۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتییە، چونکە ئەم کلتوورە یان پاڵنەری کۆمەڵە بۆ هەنگاونان بەرەوپێشکەوتن، لەبەرئەوەی لە ئەنجامی پاراستنی ئەم کلتوورە، زاناکان دەگەنە شتی نوێ وداهێنانی نوێ))، (مدکور، `بدون سنە: ١٣٩).

دەتوانین کلتووری ڕۆشنبیریش بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین: بەشی (مەعنەوی) ئەو زانیاری و زانستە(ئایینی و زمانی و کۆمەڵایەتی و زانستە سروشتییە جۆراوجۆرەکان و....هتد)دەگرێتەوە، کە لە باوباپیرانەوە فێری دەبین و وەریدەگرین، هەروەها هونەرە ئەدەبییەکان و هونەرەکانی وێنەکێشان و نەخشە دروستکردن و هونەری مۆزیک....هتد دەگرێتەوە. بەشە ماددییەکەشی هەموو ئەو کتێب و نووسراوە بڵاوکراوە و نەخشە و دەستنووسانە دەگرێتەوە، کە لە نەوەکانی دیکەوە بەجێماون و ماونەتەوە.

لە سەردەمانی پێش ڕاپەڕیندا دوژمنانی میللەتەکەمان بە بەرنامە کاریان بۆ کەرت کەرتکردنی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان دەکرد و هەوڵی لەبەریەک هەڵوەشانەوە و ترازان و لە یەکتر دابڕانیان بۆ دەدا، ئەم کەرتبوون و لێکترازانەیان لە بەرژەوەندی مەرامەکانیان دەزانی؛ بۆیە لە هیچ بوارێکدا چاویان بە یەکبوونی کورد هەڵنەدەهات، بە تایبەتیش لە بواری ڕۆشنبیریدا، ئەم کارە لەسەرئاستی شار و لەسەر ئاستی تاکە کەسەکانیش کاری بۆ دەکرا، تا پرۆژەی ڕۆشنبیری گەورە و گرنگ بەدی نەیەت، ڕووناکبیرانی کورد لە دەوری یەک کۆنەبنەوە و قسە و بیروڕایان گوێی لێنەگیرێت، کەواتە میللەتی کوردیش وەک تەواوی میللەتانی دونیا کلتووری ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی هەیە و شانازی پێوەدەکات و پێوەی دەناسرێتەوە.

((ئەو گوهۆڕینێن د ژیانێ و سەردەمیدا پەیدا دبن ژ ئەنجامی کونتاککرنا کەلتوور و ڕەوشەنبیرییا میللەتانە، چ ب ڕێکا داگیرکرنێ ، گەشت وگوزار یان ب پێکگوهۆڕینێن بازرگانی، هەڤسنوری، ڕێکێن وەرگێڕانێ....ئەڤ ڕیکەگوهۆڕینا د ئێخیتە د ناڤ تیتال و نەریتێن هەر نەتەوەکی ودبێتە پالپشتەک بۆ ڕۆمانئڤێس))، (ابوزێد،٢٠٢١: ٥١).

کەواتە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵدا دێت، لە ئەنجامی پەیوەندییە کلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی میللەتانەوە دروستدەبێت، ئەم پەیوەندییانەش لە ئەنجامی داگیرکاری و گەشتوگوزار و گۆڕینەوە بازرگانییەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و هاوسنووری لەگەڵ نەتەوە دراوسێکان، هەروەها لە ڕێگای وەرگێڕانی بەرهەم و نووسینی نوسەرە بەناوبانگەکانی میللەتان بۆ سەر زمانی کوردی، ئەم ئاڵوگۆڕی کلتوورییە دەبێتە پاڵپشت و

هاندەرێک بۆ ڕۆماننووس ونوسەرەکان تا سوود لەپێشکەوتن و ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە وەربگرن بۆ بەرەوپێشبردنی کلتووری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیان، ((مێژووی دروستبوونی ڕۆشنبیر بەچەمکە دریفۆسییەکەی مێژوویەکی نوێیە، بۆیە ئەوە گومانی تێدا نییە، ئەم چەمکە لەڕۆشنبیری کوردیشدا، مێژوویەکی دێرینی نییە و یەکێکەلەچەمکە نوێیەکانی سەردەم، بەشێوەیەکی گشتیش بەپێی تازەیی چەمکی ڕۆشنبیر و نزیکی مێژووی دروستبوونی ئەم بوونەوەرە، ئەگەر لە کار و ماندووبوون و چالاکییەکانیان و بەرهەمەکانیان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵدا بڕوانین، دەبینین لە چاو ئەو مێژووە کورتەدا بە شێوەیەکی کتوپڕ و خێرا چالاکییەکانیان زۆربەی زۆری مەیدان و بوارەکانی کۆمەڵی گرتووەتەوە، تا وای لێهات لای زۆربەی کەس ڕۆشنبیربوون بە شێوە دەرەکییەکەی وەکو مۆدێل یان وەکو پێویستییەک لە پێویستییە دەرەکییەکان یان وەکو هۆکار و پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکانی ژیان و بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکان بەکاربێت.)) (محەممەد، ٢٠١٠: ١٤٥)

ئاشکرایە لە ڕۆشنبیری کوردیدا قسەکردن لە سەر چەمکی ڕۆشنبیر بە مانا تازەکەی، هەروەها پێناسە و ڕۆڵ و ئەرکە جیاوازەکانی لە کۆمەڵدا بە شێوەیەکی فراوان لە دوای ڕاپەڕینەوە پەرەی سەندووە، بەڵام توانیویانە ڕۆڵێکی زۆرباش لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵدا ببینن. کەسێک بۆ ئەوەی بوونێکی ڕۆشنبیرانەی هەبێت دەبێت سنووری پسپۆڕییەکەی ببەزێنێت و لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بێتەناو کایە و مەیدانە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە؛ بە کورتی ڕۆشنبیران دەربڕی ناخ و ویژدانی کۆمەڵن، کاتێک ڕۆشنبیر بەهۆی گومانکردنەوە توانا ڕەخنەییەکانی خۆی چالاکدەکات و بەهۆی شکاندنی سنووری پسپۆڕییەکانەوە بواری کارکردنەکەی فراواندەکات ،ئەو کاتە دەبێتە ئەو کەسەی کە خۆی بە شیاو بزانێت، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی کۆمەڵ بکات و بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵ بوەستێت؛ بۆیە دەوترێت ڕۆشنبیر دەبێت ویژدانی کۆمەڵ بێت، کەواتە هەموو کۆمەڵێک خاوەنی کلتووری ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیەتی و سوودی لێوەردەگرێت بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی داهاتوو و ئێستای کۆمەڵەکەی و هەندێکجار ڕۆشنبیرەکان ڕۆڵی نوێنەری جەماوەر و خەڵکی کۆمەڵ دەبینن و وێنەی کلتووری ڕۆشنبیریی کۆمەڵەکانی خۆیان نیشاندەدەن .

## ٥-کلتووری سیاسی:

یەکێک لە سیما دیارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ لە ئێستادا، بریتییە لە پێکەوەگرێدانی توندی کلتوور و سیاسەت، سیاسەت لە بواری کلتووردا، وەک چۆن لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا لە

ئاڕاستەکردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی خۆی دەگێڕێت، بە هەمان شێوە لە بواری کلتووریشدا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی هەیە، ((کلتوور بریتییە لە دەرەنجامی کارکردنی تەواوی فاکتەرەکانی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئیدیۆلۆگی. لە سیاسەتدا تەنیا هاوسەنگی هێزەکان و پرۆسە سیاسییەکان دەرناکەون، بەڵکو جیهانبینیش کە لە ماوەی پرۆسەی مێژوویی لە چوارچێوەی کلتووردا دروستبووە-ئەویش ڕەنگدانەوەی دەبێت.))، (ڤ،ئی،ئۆڤچاننیکۆڤ، ٢٠٠٩: ١١٦)

لە بواری سیاسەتدا جیهانبینیش ڕۆڵی دیار و کاریگەریی هەیە و لە پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان سیاسەت و کلتووردا دەردەکەوێت. کە کارلێککردنی پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری، بە گوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی هەر وڵاتێک شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێت.

دەسەڵات دیاردەی سەرەکی جیهانی سیاسەتە، لە هەمانکاتدا دەشێت وەک بەشێکیش لە کلتوور تەماشابکرێت، بە سەیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوانگەی کلتوورەوە، باشتر لەوە تێدەگەین، کە کام دەسەڵات و بە چ ڕادەیەک، کەی و بۆکێ نرخ وبایەخی هەیە؟

((هاوپێوەندارێتی کلتوور و سیاسەت بە جیاوازی کلتووری مەحکومە، جیاوازی کلتووری-ئەمە جیاوازییە لە وێناکردنی واقیعدا، جیاوازییە لە هەڵسەنگاندن، کەواتە-جیاوازییە لە شێوازی کارکردندا.جیاوازی کلتووری لە کات و لە شوێندا ڕێگەماندەدات لەوە بگەین، کە بۆچی هەندێک سیستمی سیاسی لەگەڵ بارودۆخێکدا گونجاو بوون، لە بارودۆخێکی دیکەدا هەرەسیان هێناوە)) (ڤ،ئی،ئۆڤچاننیکۆڤ، ٢٠٠٩: ١٦٦).

کەواتە هەر بەهۆی کلتوورەوەیە، هەندێک سیستمی سیاسی گەشەدەکات و دەمێنێتەوە و هەندێکی دیکەشی دوای ماوەیەک هەرەسدەهێنێت. بەم پێیەبێت پەیوەندییەکی زۆر بەتین لە نێوان کلتوور و سیاسەتدا هەیە و سیاسەت بەشێکی سەرەکییە لە کلتووری هەر وڵات و نەتەوەیەکدا، ڕۆڵی گرنگ لە بواری بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەگێڕێت. ((لەبیروبۆچونی ئەنترۆپۆلۆجییەکاندا ڕەفتاری سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتار یان چالاکی ڕێکخراو، کە هەندێک گرووپ یان تاک ئەنجامیدەدەن، بە ئامانجی کاریگەریی لەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتییەوە، بۆ گەیشتن بە هێز و دەسەڵاتی یاسایی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی ناوخۆی کۆمەڵکە))، (محجوب، ٢٠٠٩: ٥٧).

کەواتە، ڕەفتــاری سیاســی ئەو پەیوەنــدییانەیە، کە مــرۆڤ لەگەڵ تــاک، یــان لەگەڵ گــرووپ ئەنجامیدەدات، ئەو پەیوەنـدییانەش هاوکـاری بـن، یـان پەیوەنـدیی ململانـێ، تـاک هانـدەدات بـۆ بیرکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکیی سیاسی، کە ئەمەش لە هەڵوێست و ئارەزووە سیاسییەکانی تاکەکانی کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، ڕەفتاری سیاسی دەکرێت، کارێکی پلانبۆدارێژراوبێت، یان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بێپلانبێت، یان بەشێک بێت لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان لە ناو کۆمەڵدا، بە مەبەستی کاریگەریی دروستکردن لە سەر حکومەت و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن.

ڕەفتـاری سیاسـیی کۆمەڵێـک چـالاکی و کـردەی کـۆمەڵایەتییە، کە وابەسـتەن بەو بەشـدارییە سیاسییەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵ و سیاسەتی بەڕێوەبردنی ولاتەکەی خۆیدا دەیکات، ((جیهانگیریی سیاسی، تەنها کار لەسەر دەوڵەت ناکات، کار لەسەر بە سەنتەربوونی مرۆڤ و مافەکانی دەکات، پەرچەکرداری دونیابینی و تێڕوانینە مۆدێرنەکانی پاش جەنگی ساردە، کە ئامانجی خوڵقاندنی نموونەیەکی باشی حوکمدارییە بۆ هاونیشتیمانی و میللەتان، دەستکەوتە فیکری و لۆژیکییەکان هاوتەریب بێت لەگەڵ ڕۆشنبیری گەلان دا.))، (محمد، ٢٠١٧: ٤٨-٤٩)

واتە لە سیاسـەتی گشـتی و جیهانیدا کـار لەسـەر ئەوە دەکرێت، کە مـرۆڤ بکرێت بە سـەنتەری تەواوی کاروچـالاکی و خزمەتەکـان و بە ئامـانجی دابینکردنـی ژیـانێکی شـیاو و شایسـتەتر بـۆ کـۆمەڵی مرۆڤـایەتی، ئەمەش بە هـاودەنگی لەسـەر مافەکـانی مـرۆڤ و جیـاوازییە ئـایینی و مەزهەبییەکـان دەکرێـت، کەواتە کلتـووری سیاسـی ڕۆڵێکـی گرنـگ لە ژیـانی هەر کـۆمەڵ و نەتەوەیەکدا دەگێڕێت و ڕۆڵی هەیە، لە دروستکردنی سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانی بەهێز و تۆکمە، کە هەموو کارێک دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ و دابینکردنی مافە سـەرەتایی و پێداویستییە گرنگەکانی ژیانیان لە چوارچێوەی سنوری سیاسی ولاتەکەی خۆیدا. کەواتە کلتووری سیاسیش، بە جۆرێکی سەرەکی کلتوور دادەنرێت، کە لە بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵێکدا ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

## ١-١-٣: کلتوور و ژیار:

کلتوور و ژیار دوو چەمکی گرنگ و پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤەکـان، کە لە کـات و شـوێنێکی دیـاریکراودا کـۆدەبنەوە و پـێکەوە دەژیـن، کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێسـای کـۆمەڵایەتی دادەنـێن، بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ئـارام و ئاشـتییانە پـێکەوە بـژین لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵەکەیاندا. لە ئاکامی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ و بیرکردنەوە و داهێنانی نوێ و دووبارەکردنەوەی هەندێک خـو و ڕەفتـار لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە، کلتـوور دادەهێنن و

دەیچەسپێنن لە کۆمەڵەکەیاندا و دەیکەن بە ڕێگایەکی سەرەکی بۆ شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەکەیان. لە ئەدەبییاتی نەتەوە جیاوازەکاندا، هەروەها لە زانستەکانی (کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی)دا جیاوازییەک لە نێوان کلتوور و ژیاردا دەبینین؛ کلتوور بابەتە(مەعنەوی) و ڕۆحییەکان دەگەیەنێت، واتە شێوازە جۆراوجۆرەکانی داهێنان و بیری سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و بەها و ڕەفتار و تەواوی داهێنانە ڕۆحییەکان لە بوارەکانی (ئەدەب و هونەر و فیکر و کەلەپوور و موزیک و هەموو جۆرەکانی دیکەی داهێنانە کلتوورییە ڕۆحییەکان، کە کەسێتی گەلێک لە گەلەکانی دونیا پێکدەهێنن؛ لە کاتێکدا ژیار کۆی ئاسەوار و بەرهەمی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان دەگەیەنێت، وەک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیا و بیناسازی و جلوبەرگ و جوانکاری و ...هتد. ئەمە لە کاتێکدایە هەندێک کەس پێیانوایە، کە چەمکی ژیار لە چەمکی کلتوور گشتگیرتر و فراوانترە، ((ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە هەموو ژیارێک دوو لایەنی (ماددی ورۆحی) هەیە؛ بۆیە دەبینین زۆربەی زۆری پێشەنگانی ڕێنیسانس لە وڵاتانی عەرەبیدا، بانگەشەیان بۆ وەرگرتنی لایەنی ماددیی ژیاری خۆرئاوایی و ڕەتکردنەوەی لایەنە ڕۆحییەکەی کردووە.))، (حەسەن، ٢٠١١: ٢٠).

دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوروپا زیاتر بایەخ بە خۆشگوزەرانی ژیانی ماددی دەدەن و کەمتر بایەخ بە لایەنە ڕۆحییەکان دەدەن. لە نێوان ئەو بیرمەند و زانایانەی، کە بایەخ بە لایەنی کلتوور دەدەن، ئەو ئاڕاستەیە بڵاوە کە جیاوازی لە نێوان کلتوور و ژیاردا دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی لەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی مرۆڤدا هەمیشە دوو لایەن هەن:

١- لایەنێکی بیری و مۆراڵی: کە تەواوی بەرهەمە ئەدەبی، فیکری، هونەری فۆلکلۆری، کەلەپووری زارەکی و نووسراو و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەکان دەگرێتەوە.

٢- لایەنێکی ماددی: ئاسەوارە ماددییەکان دەگرێتەوە، وەک کۆشک و تەلار و شوێنەوارە مێژووییەکان و شارە کۆنەکان و تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان .....هتد، ڕەنگە ئەم جیاوازیکردنە سەبارەت بە وشەی کلتوور لە زمانی عەرەبیدا ئاسان بێت و ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت، چونکە کلتوور لە زمانی عەرەبیدا ژیری و وریایی و زوو تێگەیشتن دەگەیەنێت. ((ژیار وەکو چەمکێکی گشتی بەرهەمی هەموو تواناکانی مرۆڤە، کە لە پێناوی باشکردنی بارودۆخی ژیانیدا بەکاری دێنێت...، ئەو توخمانەش، کە ژیار پێکدێنن دوو بەشن: بەشێکیان، کلتوور وەک چەمکێکی ژیاری ماددییە، وەکو بەرهەمەکانی پێشکەوتنی زانستی و بەشێکییان، مەعنەوییە وەکو لایەنی مێژوویی و ئایینی،..هتد، ناکرێت ئەم دوو بەشە لە کاتی دەستنیشانکردنی کەسایەتی

ڕۆشنبیری و ژیاری کۆمەڵێکدا لێک جیابکرێنەوە، چونکە ژیانی ئەو کۆمەڵە بە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەکەی، ژیارەکەیان پێکدێنێت.)) (علیان، ٢٠٠٥: ٧٥).

بەم واتایە بێت، ژیار پەیوەستە بەژینی مرۆڤەکانەوە و کلتوور و ڕۆشنبیریش بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، کەواتە ژیار پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی بە کۆمەڵ و ڕۆشنبیری مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵەوە هەیە، ژیار یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە جیادەکاتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات، کە تاکە بونەوەربێت بتوانێت کۆنترۆڵی داهاتەکانی سەر زەوی بکات، دیارە پێکەوە بەستنی کلتوور و شارستانییەت لە ئەنجامی گواستنەوەی ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییانەوە دەبێت، کە هەر کۆمەڵێک هەیەتی و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەجێدەمێنێت، لەبەر ئەمەیە تێکەڵکردنێک لە نێوان کلتوور و شارستانییەت دا هەیە، بەڵام شارستانییەت فراوانتر لە کلتوور ((شارستانییەت یا ژ پێکهاتەیا شار و نوێبوون هاتی، کۆمەکا بنەماییێن هزری و ئاکاری و پیشەسازی ب خۆڤەدگریێت ئەوا جڤاک درێکا ئەویێ ڕێڕەوا مێژوویی ئەواتێدا دبورێت ب دەست خۆڤەدهینیت، هەرچەندە هندەک داکۆکێی ل سەرلایەنێ ئەوێ یێ ڕەوشنبیری دکەن، بەلێ هندەکێن دیدیکەشارستانییەتێ بسەروەرییا مێشکی دناڤ جڤاکیدا دهژمێرن))(ابوزێد، ٢٠٢١: ٢٣-٢٤)، شارستانییەت لە ئەنجامی دروستبوونی شار و گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی ژیانی مرۆڤەکانەوە دروستدەبێت، بە هاوکاری کۆمەڵێک بنەمای ژیری و ڕەوشتی و پیشەسازی، کە کۆمەڵ لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا پێیدا تێپەڕیوە، (ویسلەر) لە ساڵی (١٩٢٣) دا، ئەم چەمکە پێناسە دەکات و هەوڵدەدات، فۆرمێکی گشتی بۆ (ژیار) دەستنیشانبکات و ئەو کەرەستانە پۆلێندەکات، کە لە هەموو شارستانییەتێکدا بونیان هەیە، کەرەستەکانیش بریتیین لە:

((١-ئاخاوتن: زمان و نووسین.

٢-توخمە ماددییەکان وەکو خانوو و جلوبەرگ و ئامێرەکانی(جەنگ و پیشەسازی و گواستنەوە).

٣-هونەر وەکو وێنەکێشان، پەیکەرتاشین، نەخش و نیگار و هەڵکۆڵین لەسەر بەرد و دار و عاج (کەڵپەی فیل) واتە شفرەی فیل

٤-ئەفسانە کۆنەکان و زانیارییە زانستییەکان.

٥-بابەتە ئایینی و جادووییەکان، وەکو (ڕێوڕەسمی مردن و مردووناشتن و چارەسەری نەخۆشییەکان.)

٦-خێـزان و یاسـا کۆمەڵایەتییەکـان وەکـو: (هاوسـەرگیریی و خێـزان و میـرات و دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی)

٧-سامانی گشتی و تاکەکەسی و بازرگانی

٨-حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و قەزائی

٩-جەنگ))، (عبید، ٢٠١٤: ٢١)

کەواتە ویسلەر پێیوایە، ئەم خاڵانەی سەرەوە پێکهێنەری هەموو ژیار و شارستانییەتەکانی دونیان، یاخود پێویستە لە هەموو ژیارەکاندا هەبن، بەم پێیە بێت ژیار لە ناوەڕۆکدا هەڵگری (مێژوو و کلتوور و ڕۆشنبیریی) میللەتە، هەرئەمەشە وادەکات، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان کلتوور و ژیاردا دروستبکات.

## ١-١-٤: تایبەتمەندییەکانی کلتوور:

هەموو بابەت و بوونێک لە ژیانی مرۆڤدا ئەرک و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کلتووریش وەک هەر دیاردەیەکی دیکە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، چونکە ((کلتوور بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیریی گەلە و یەکێکە لەو پایە و کۆڵەکانەی، کە ڕۆشنبیریی نەتەوایەتییان لەسەر بنیاد دەنرێت))، (یوسف ،١٩٩٢ :٣). بۆیە پاراستنی کلتوور و تایبەتمەندییەکانی لە ڕێگەی دیاریکردنی سنوور و مافەکانییەوە ئەرکی تەواوی کۆمەڵ و مرۆڤایەتییە، بایەخدان بە کلتوور واتە بایەخدان بەنەتەوە و شارستانییەت و پێشـکەوتن لەبەر ئەوە ((بایەخـدان بە کـۆکردنەوەی و پاراسـتنی و زینـدووکردنەوەی کلتـوور نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی میللەتە.)) (یوسف، ١٩٩٢ :٣).

بێگومـان هەر پرۆسـەیەک، کە ئەنجامـدەدرێت پێویسـتی بە یاسـایە بـۆ ڕێکخسـتنی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و بایەخدان بە کلتوور و چۆنیەتی پاراستنی کلتووری نەتەوەیی، ئەم چـۆنیەتی پاراسـتن و بایەخـدانەش بە کلتـووری نەتەوەیـی لە وڵات و نەتەوەیەکەوە بـۆ وڵات و نەتەوەیەکی دیکە گۆڕانی بە سەردا دێت، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان و بڵاوبـوونەوەی بیریـی جیهـانگیریی، وردە وردە سـنوورەکانی نێـوان کلتوورەکـان کاڵـدەبنەوە و پەیوەنـدییەکان زیـاتر دەبـن و دیاردەکـانیش بەرەو بە جیهـانیبوون دەچـن، ئەمەش وادەکـات کە ((بوونی کلتووری پاک و ڕەسەن ئیتر نەلواوە، چونکە فەزا داخراوە کلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان تێک ڕووخاوە))، (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧ :٢٦١).

بەهۆی هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و جیهانگیرییەوە کلتوورە جیاوازەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ یەکتریدا پەیدا کردووە و ئاڵووگۆڕیان بە هەندێک لە توخمەکانییان کردووە، بەڵام هێشتا کلتوورەکان شوناس و تایبەتمەندیی خۆیانییان بە تەواوەتی لەدەستنەداوە، پارێزگارییان لە بوونی خۆیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کلتوور بە ((تێڕوانینێکی ڕەخنەیی زانستی تەماشا بکرێت، بە وێنەیەکی فراوانەوە چونکە کەلەپوور(کلتوور) شتێک نییە بیخوێنینەوە و لەبەریبکەین و هەڵیبگرین، بەڵکو دەبێت تێیدا بژین و مومارەسەی بکەین، هەر لەبەر ئەوە دەبێت، کەلەپوور بێژینگبکرێت و هەزمبکرێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کەلەپوورەکە بڵندبکرێت تا بگاتە ئاستی مەسەلەکانی مرۆڤایەتی هاوچەرخمان.)) (ئاکرەیی، ئابی١٩٨٥ :٥١).

واتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کلتوور ئەوەیە، کە دیاردەیەکە توانای ئەزموونکردن و وەرگرتن و پێشخستنی هەیە، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی کلتوور ئەوەیە، توانای دەستنیشانکردنی قەوارە و شوناس و بوونی نەتەوەی هەیە لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە ((نەتەوە وەک بوونێکی سیاسی دەشێت سنوورەکەی تا ئەو جێگایە بڕوات، کە سنووری کلتوورەکەیەتی)) (سابیر، ٢٠٠٣ :١٧).

دەتوانین تایبەتمەندییە کلتوورییەکان لە چەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە:

((١-کلتوور ئەو وێناکردن و بیرکردنەوە و هەستکردنانە بۆ تاک دەستەبەردەکات، کە دەبێت پەیڕەویان بکات...واتە (کلتوور وانەیە مرۆڤ فێری دەبێت و کاری تێدەکات).

٢-کلتوور ڕاڤە گەلێکی ئامادە بۆ تاکەکان لەبارەی سروشت و گەردوون و بنەچەی مرۆڤ و خولی ژیانەوە دەستەبەردەکات.

٣-کلتوور ئەو مانا و پێوەرانە بۆ تاکەکان دەستەبەردەکات، کە دەتوانن لە کلاوڕۆژنەیانەوە ڕاست و هەڵەی شتەکان لەیەک جیابکەینەوە، واتە هەندێکجار (کلتوور یاسایە)

٤-کلتووری هاوبەش هەستی ئینتیما ولایەنگیریی لای تاکەکان گەشە پێدەدات و لە کۆمەڵی دیکەیان جیادەکاتەوە.

٥-کلتوور ویژدانی زیندوو لای تاکەکان گەشە پێدەدات. واتە (ئاکار پەروەردەی کلتوورە).

٦-لە چوارچێوەی ئەو هەڵسوکەوتانەی ،کە کۆمەڵ قبووڵیکردوون، کلتوور ئاڕاستە و ڕەفتارە ڕاست و دروستە گشتییەکانی تاک دەستەبەر دەکات.)) (حەسەن، ٢٠١١ :٨).

دەتوانین چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە زیاد بکەین، کە پەیوەندییدارن بە خودی کلتوورەوە بۆ نموونە: کلتوور سروشتێکی داخراوی نییە، واتە کراوەیە بە ڕووی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکدا، کلتوور فرە هاوڕێیە و هاوڕێیەتی لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەک: (مێژوو، کۆمەڵناسی، ئەدەب و ئەنثرۆپۆلۆجیا) دا هەیە، چونکە کلتوور مێژوو تۆماریدەکات و کۆمەڵ بەرهەمیدەهێنێت، دەشێت ببێتە هەوێنی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی، بەشێکی گرنگیشە لە زانستی ئەنثرۆپۆلۆجیا، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە، کە کلتوور ((هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندایە، تەنانەت لە ناو ئەو کۆمەڵیانەش، کە وەستاون و بە کەم جووڵە دێنە بەرچاو))، (موحسنی، ٢٠٠٢ :١٢٢). بەو مانایەی کلتوور سروشتێکی گۆڕاوی هەیە و بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت و ڕووخسار و شێوەی جیاواز وەردەگرێت.

## کلتوور لای نەتەوەی کورد:

کلتووری کوردی یەکێکە لەو هێڵانەی، کە نەخشەی ژیانی کوردەواری پێکێشراوە، بەڵام بە هۆی هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی میللەتەکە، بابەتە کلتوورییەکان لە دۆخێکی ناسەقامگیردا بوون و ڕووبەڕووی لێکدابڕان و لەناوچوون و گۆڕان بوونەتەوە، چونکە ((گەلی کورد لە مەیدانی خەبات و تێپەڕکردنی ژیانیدا، تووشی ڕۆژی ڕەش و ماڵوێرانی و کوشتوبڕ، سوتان، دوورخستنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵ بووە و فەرهەنگ(کلتوور) و شوێنەوارەکانی فەرهەنگی ماددیی بە تاڵان چووە و کاول کراوە، شوێنەوارەکانی فەرهەنگی مەعنەویش کەوتووەتە بەر هێرش و پێشێل کردن. زۆرجار و لە زۆر باردا، بۆ ماوەی دەیان ساڵە لە ئاخاوتن بە زمانی خۆیان و نووسینی ئەو زمانە پێشیان پێگرتوون...)) (خەلیقی، ١٩٩٢ :٢٥٦).

دەتوانین بڵێین، پارچە پارچەکردنی خاکی کوردستان، لە نێوان چوار وڵاتی جیاوازدا گەورەترین پێشێلکردن بوو بۆ مافە کلتوورییەکانی میللەتی کورد و زەوتکردنی زۆرێک لە ئازادییەکانی کورد لە هەریەک لەم وڵاتانەدا زیانێکی زۆری بە کلتووری میللی کورد گەیاندووە، ((کورد بەهۆی کلتوورەکەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی وەک گروپێکی ئیتنیکی جیاواز لە تورک و عەرەب و فارس بپارێزێت، بەم مانایە بوونی کورد پێش هەر شتێک بوونێکی کلتوورییە، بۆیە دابەشبوونی کوردستان و لێکدابڕانی کورد تەنیا دابەشبوون و لێکدابڕانی سیاسی و جوگرافیایی نییە، بەڵکو کلتووریشە.)) (سابیر،٢٠٠٣ :٣٨). ئەم هۆکاری داگیرکارییی و دابەشبوونەی خاکی کوردستان، نەتەوەی کوردی لە مافە کلتوورییەکانی خۆی، کە لە جارنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە بێبەشکردووە و ڕێگربووە لە مومارەسەکردنی تایبەتمەندییە کلتوورییەکان بە شێوەیەکی ئازادانە،

جگە لەو هەموو هەوراز و نشێوەی، کە لە مێژووی کلتووری کوردیدا هەیە، هەندێکجار نوسەران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەی کورد بڕیاریانداوە لە دژی کلتوور و دابونەریتی میللەتەکە بجەنگن و ڕەتیبکەنەوە لە ژێر ناوی یاخیبوون یان هەر ناوێکی دیکەدا، واتە جیاوازی ئایدۆلۆژیا و ڕوانین بۆ ژیان و کۆمەڵ و چەمکەکان بووەتە هۆی مامەڵەکردنی جیاواز لەگەڵ کلتووری نەتەوەیی و هاتنەئارای چەندین گۆڕانکاریی گەورە لە مێژووی نەتەوەکەدا، بۆ نموونە ئەوەی کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویدا، ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە هەڵوێستی شاعیران و نوسەرانە بەرامبەر بە کلتوور و بە گشتی هەڵوێستی نوسەران بە سەر سێ شێوازدا دابەشدەبێت:

((١-پاراستنی کەلەپوور و ناسینی کەلەپوور بە شتێکی پیرۆز، کە نابێت هیچ کەس دەستی بۆ درێژ بکات بە وێنەیەکی گەلێک کۆنەپەرستانە.

٢-ڕەفزی هەموو لایەکی کەلەپوور و یاخیبوون لێی .بە چاوێکی کەم و بێبەها تەماشای دەکەن.

٣- هەڵوێستی بژارتن و لێکۆڵینەوە و ناسین و پشکنین و هەڵگرتنی جۆری چاک و پڕسود و پاشان سودلێوەرگرتنی و لادانی بەشەکەی دیکە.)) (ئاکرەیی ،ئابی١٩٨٥ :٥١) .

دیارە ڕەتکردنەوەی کلتووری نەتەوەیی بە تەواوەتی کارێکی دروست نییە، ناکرێت مرۆڤ تەواوی مێژوو و کلتووری خۆی بسڕێتەوە و ڕەتیبکاتەوە، چونکە هەرکەس مێژوو و کلتووری نەبێت بوونی پارێزراو نابێت، کلتور و زمان ناسنامەی بوونی هەر نەتەوەیەکە، هەروەها هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە لە پشت داهێنانەکانی هەرنەتەوەیەکەوە، لە هەمانکاتدا سنورداركردنی کلتووریش کارێکی دروست نییە و کلتوور پێویستە کراوەبێت لە بەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا، کە بەسەریدا دێت، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان قۆناغ بە قۆناغ دەگۆڕێت و شتی نوێ و سەردەمیی دێتە ئاراوە، کە پێویستە لەگەڵ کلتوورەکەدا بگونجێنرێت و قبووڵبکرێت لە لایەن کۆمەڵەوە؛ بۆیە وەک توێژەرێک دەتوانین بڵێین هەڵوێستی سێیەم دروستترین هەڵوێستە، چونکە لە هەموو کات و سەردەمێکدا دەبێت سوود لە کلتووری نەتەوەیی وەربگیرێت و لایەنە باش و کاریگەرەکانی بەکاربێت و لایەنە لاوازەکانیشی بخرێتەلاوە، واتە دەبێت کلتوور لە سەرچاوەی ژیانەوە بێت، سەرچاوەی پارێزگاری لە بوونی تاک و نەتەوەبێت، یەکێک لە هەرە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی کلتوور پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییە، کە لە هەموو ئەرکەکانی دیکەی کلتوور گرنگترە بۆ کورد، لەبەرئەوە دەبینین لە(١٩٩١/١١/١٠)کۆمەڵەی کەلەپور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دامەزراوە و((ئامانجی کۆکردنەوەی ئەو بەشەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردییە، کە ماوەتەوە و قوتارکردنی لەفەوتان.)) (یوسف، ١٩٩٢ :٦).

هەندێک لەو خاڵە گرنگانەی، کە بوونەتە پاڵنەر بۆ دروستبوونی کۆمەڵەکە بریتیین لە:

((١-دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕێیان نەداوە کەلەپووری کورد بپارێزرێت و کۆبکرێتەوە و زیندوو بکریتەوە.

٢-ڕۆشنبیرانی کورد بە گشتی هۆشیاری بایەخدان بە کەلەپووری پەرش و بڵاوی کوردییان تێدا لاوازە.

٣-سەرهەڵدانی تاقمێک ڕۆشنبیری کورد، کە دژایەتی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی دەکەن.)) (یوسف، ١٩٩٢: ٣-٤).

ئاشکرایە دروستبوونی ئەم تاقم و گرووپانە بۆ پاراستنی کلتووری کوردی کارێکی گرنگ و پێویستە و بەندە بە پاراستنی شوناسی نەتەوەییەوە، دیارە کلتووری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، بەهۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نزیکییەکی زۆریان هەیە، بەڵام هەر نەتەوەیەکیش تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆی هەیە و کلتووری کوردیش بەهۆی زمانی کوردی و کەلەپووری کۆن و بەجێماوی پێشینە و جلوبەرگ و ڕایەخ و قاپ و پاچاغ و بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و هەروەها هەندێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی تایبەتی کۆمەڵی کوردییەوە لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە و تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت؛ بۆیە پێویستە تاکی کورد زۆر بە جدی کار بکات بۆ پاراستنی ئەم تایبەتمەندییە کلتوورییانە.

## ١-١-٥: پێکهێنەرەکانی کلتوور:

کلتوور پێکهاتەیەکە لە چەندین توخمی جیاواز و جۆراوجۆر، هەر توخمێکیش لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا بە شێوەیەکی توند بە یەکەوە گرێدراون و پێکەوە کلتوور پێکدەهێنن، کە سیمایەکی تایبەتی نەتەوەیەک وەردەگرێت و ناوێکی هەمیشەیی پێدەبەخشرێت و لە لایەن کۆمەڵەوە دانی پێدا دەنرێت، پێکهاتەکانی ناو کلتوور بریتیین لە توخمە ماددی و مەعنەوییەکان، لەوانە: (میتۆلۆژیا ، سیستمی زمان ، هونەر، ئایین ، سیحر و بیروباوەڕ، دابونەریت و پەیوەندییەکان) لە گرنگترین توخم و پێکهێنەرە کلتوورییەکانن.

**میتۆلۆژیا:** دەتوانین بڵێین بەهێزترین پێکهێنەری کلتوور میتۆلۆژیایە، کە هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا هەیە و نا ڕاستەوخۆ ڕەنگدەداتەوە، بەڵام هێزێکی سەرەکییە لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا کەوا سیستم و دابونەریتەکان کارادەکات ((ئەوەتا باڵاکردنی بەها و بیروباوەڕ لە

خورافات و ئەفسانەکانی بەرایی بێجگە لەوەی فاکتەرێکە بۆ گواستنەوەی ئەو بەها و بیروباوەڕانە بۆ تازە پێگەیشتوانی کۆمەڵ، ئەوا لە هەمانکاتدا مەبەستێکی نادیار لە ناوەڕۆکیدا بەدیدەکرێت، کە ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەقڵی مرۆڤەکان دەکرێت، بەمەش لەنەخشەی زەینیاندا تۆمار دەکرێت.)) (دزەیی ،٢٠٢٢ :٦٩٨). دیارترین مانا نادیارەکانیش لە ناو ئەو ئەفسانە و خورافانەدا کارکردنە لەسەر چەمکەکانی خێر و شەڕ، هەروەها ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانەش، کە بۆ منداڵان دەگێڕدرانەوە باسی شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤی سەرەتایی دەکەن لەگەڵ سروشت و دەورووبەردا، لێرەدا بە کورتی لەسەر چەمکی ئەفسانە دەوەستین و جیاوازی لەگەڵ خورافە دەخەینەڕوو.

ئەفسانە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە واتای (چیرۆک، ڕاز، سەرگوزەشتە، دیرۆک و باوەڕ و قسەی پووچ ) هاتووە، لە زمانی کوردییدا وشەی ئەفسانە لە بەرامبەر(الاسطورە)ی عەرەبی و (اسطورە)ی فارسی و هەروەها(Myth) ی ئینگلیزی بەکاردێت، وشەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا لە یەکێک لە ماناکانیدا بە واتای ((مێژوویەکی دوور و خەیاڵی و چیرۆک و سەربووردەیەکی ناڕاست دانراوە، ڕاستە ئەفسانە واتای خەیاڵی و تاڕادەیەکیش دوور لە ئەقڵ ڕادەستدەکات، بەڵام ئەمرۆ لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی بۆیان دەرکەوتووە ئەو بابەتانەی لە ئەفسانەدا دەخرێنە ڕوو ڕەگێکی واقیعیشیان هەیە. بۆ نموونە ئەفراندنی زەوی و ئاسمان واقیعێکە، بەڵام گێڕانەوەی چۆنییەتی پرۆسەی ڕووداوی ئەفراندن لای مرۆڤ، دیاردەیەکە دەکەوێتە خانەی خەیاڵی ئەو مرۆڤە داهێنەرانەی ئەفسانەی ئەفراندنیان داهێناوە.)) (خۆشناو، ٢٠١٣ :١٦). کەواتە دەتوانین بڵێین جیاوازی ئەفسانە لەگەڵ خورافەدا لەوەدایە کە ئەفسانە ڕەگێکی ڕاستی تێدایە و دەکرێت ئەو ڕووداوانەی دەگێڕدرێنەوە ڕوویاندابێت یان ڕووبدەن.

**ئایین و سیحر و بیروباوەڕ:** ئایین، ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی لە داڕشتنی بنەما کلتوورییەکانی هەر گەل و کۆمەڵێکدا هەیە، بە درێژایی مێژوو ئایین پێکهێنەری سەرەکی بووە لە دەستنیشانکردنی بەها کلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە پەیوەندییەکی ڕۆحی و سۆزدارییە لە نێوان مرۆڤ و هێزی سەرەوەی سروشت ((هەر زانایەک لە هەر ڕۆژگارێکدا بیەوێت لە ئایینی کۆنی مرۆڤ بگات، دەبیت بەر لە هەرشتێک لە ئەفسانەوە دەستپێبکات، چونکە دەبێت هەر زوو دان بەوەدا بنێین، کە زەحمەتە بتوانین ئەفسانە و ئایین لێکجیابکەینەوە، چونکە ناتوانین یەکێکیان لەویدیکە بە کۆنتر بزانین، چونکە سەلمێنراوە ئایین خۆی لە ئەفسانە پێچاوە و ئەفسانەیش خۆی لە ئایین لوول داوە.)) (حەسەن ، ٢٠٢٠ :١٥) .

کەواتە ئـایین و ئەفسـانە و بیروباوەڕەکـان کۆمەڵێـک بـابەتی تونـد پـێکەوە گرێـدراون و ناکرێـت لێکجیـابکرینەوە و بە هەمووشـیان کلتـووری نەتەوەییـان دروسـتکردووە، ئـایین هێـزی بەردەوامـی تێدایە و هیچ ئایینێک نییە کاتی بێت، چونکە ئەگەر چی هەندێک لە ئایینەکان نەماون و لەناوچوون، بەڵام لە کـاتی سـەرهەڵدانییاندا ڕۆڵـی گەورەیـان لە بڵاوکـردنەوەی ڕۆشـنبیریی کـۆمەڵایەتی هەر گەلێـک هەبـووە؛ بـۆیە ئـایین وەک پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی گرنـگ خـراوەتە نـاو سیسـتمی کۆمەڵایەتییەوە و پێکهاتەیەکی سەرەکی کلتوورە. ناوەڕۆکی ئایین پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بڕوا و ڕێسا، کە ڕێنموونی مرۆڤ دەکەن لە ژیانییاندا و ئەرکی سەرشانی مرۆڤ بەرامبەر خوای خۆی و خودی خۆی و خەڵکی لە کۆمەڵدا دیاریدەکەن، کلتووری کورد و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کـاریگەرن بە ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامەوە، لەم ڕوانگەیەشـەوە دەقە پیرۆزەکـانی قورئـان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) ڕەنگدانەوەی لە بیر و ئاوەزی مرۆڤی کورد و ئەو نەتەوانەدا هەیە و دواجار بە چەندین شێوە لە کلتووردا دەبینرێنەوە، ئایین لە ناو زۆربەی میللەتاندا گرنگییەکی هێندە زۆری هەیە، وادەکات، پێکهاتەکانی دیکەی کلتووریش وابەستەی بن، بۆ نموونە بابەتەکانی ئاکار یاسا و خوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی تاک لەژێر کاریگەریی ئاییندا دادەڕێژرێن.

**سـیحر:** ڕێـگەیەکە، کە مـرۆڤ دەیگـرێتەبەر بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ئەو ژیـنگە و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییانەی، کە تێیدا دەژی و دەیەوێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت. سیحر بابەتێکە بەردەوام کۆمەڵ بەرایی و تەقلیدییەکان پێیەوە خەریکن، بە تایبەتی لەو کاتانەی دووچاری کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بۆ دەربازبوون لەو گیروگرفتانەی، کە ناتوانن بە سەریدا زاڵبن، ئەوا هانا بۆ سیحر و هاوشێوەکانی دەبەن ((لە ڕاستیدا سیحر تەنها وەهمێکە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵ بـاوەڕی پێی هەیە، ئەوا کـاری خـۆی دەکـات، جگە لەوەش سـەرەتای سـەرهەڵدانی سـیحر وەکـو کـاردانەوەیەک بـۆ ڕووداوە سروشـتییەکان دەگەڕێـتەوە، کە مـرۆڤ دووچاریـان بـووەتەوە، لەبەرئەوەی لە کۆندا بیرۆکەیەکی مرۆڤی سەرەتایی بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان، سیحر لە کـۆمەڵ سـەرەتاییەکاندا جـێگەی زۆر لایەنـی یاسـایی و پزیشـکی دەگـرێتەوە و لەبـری ئەوان کاردەکات.)) (دزەیی، ٢٠٢١ :٦٩٩) .

لەگەڵ ئەوەی خەیـاڵاتی مـرۆڤ سـیحر دروسـتدەکات، بەڵام زۆرێـک لە تاکەکـانی کـۆمەڵ بڕوایـان پێیەتـی و کارپێیدەکەن لە ژیـانی ڕۆژانەیانـدا و بـۆ هەر شـتێک، کە حەزیـان لێیبێـت و نەتـوانن بە دەسـتی بهێـنن پەنـا بـۆ سـیحر دەبەن؛ بـۆیە سـیحر بـووە بە یەکێـک لە پێکهێنەرەکـانی کلتـووری کۆمەڵی کوردی، دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵ ئیسلامییەکانیشدا بە تەواوی جێگەی خۆی گرتووە.

**زمان:** زمان گرنگترین کەرەستە و پردی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە و بەهۆیەوە کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، هەروەها زمان یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی کلتوور و بـۆ فێربـوونی کلتـووریش بەکاردێـت، بە ئـامرازێکی گرنگـی گـۆڕینی ڕەفتارەکـانی مـرۆڤیش دادەنرێـت، چـونکە هاوکـاری و هەمـاهەنگی و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان بە بـێ بـوونی زمـان دروست نابێت((زمان ئەو توانایە دەدات بە کەسێک بیریی کەسێکی دیکە ئاڕاستە بکات، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی بیریی خۆی بێت، بەم شێوەیەش دووبارە بەشێک لە کۆ زانینی خۆی لە مێشکی ئەو کەسەی بەرامبەریدا بەرهەمدەهێنێت و ئەم ڕەنگدانەوە ئاڕاستەکراوەش، کە بەم شێوەیە بەکاردێت بەکارهێنانی زمانە وەک ئامرازێک بۆ کاراکردنی کلتوورو ئەو هۆکارەشە بۆ پەیکاڵبوونی کلتووری کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دوای خۆی .)) (فەرەج، ٢٠١١ :٣٢). کەواتە بە گشتی زمان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆمەڵێکدا، زمان خاوەنی کلتوورە و هەموو کلتوورێکیش دەبێت بە زمانێک دەرببڕێت، زمانیش بریتییە لە کۆمەڵێک ئامـاژە و هێمـای ڕێکخـراو، کە هەر ئامـاژە و هێمـایەک خـاوەنی واتـای دیـاریکراوی خـۆیەتی، کە کۆمەڵ لەسـەری ڕێکەوتـووە، لەبەرئەوەیە دەوترێت زمـان مۆرک و سیمای مـرۆڤ دیاریـدەکات؛ بۆیە مۆرکێکی زینـدووی هەیە، زمـان پێکهێنەرێکـی بنەڕەتـی کلتـوورە و میکـانیزمی لێکتێگەیشـتنی نێـوان مرۆڤەکـانە، هۆکـارێکە بـۆ بە زیندووهێشـتنەوەی پێکهاتەکـانی دیـکەی کلتـوور، هەر لەگەڵ دروسـتبوونی مرۆڤایەتیدا زمـانیش وەک سیسـتمێکی پەیوەندییکردن دروسـتبووە، کە لە کۆمەڵێک ئامـــاژە و هێمـــای ســـادە پێکهـــاتووە، کە لەگەڵ گەشـــەکردن و بەرەوپێشـــچوونی مـــرۆڤ و شارستانییەتەکاندا ئەم ئاماژە و هێمایانەش گەشەیان کردووە و سیستمی زمانە جیاوازەکانیان لـێ دروستبووە و بوون بە بنەمایەکی گرنگی دروستبوونی کلتووری نەتەوە جیاوازەکانی جیهان.

**هـــونەر:** یەکـێکە لە پێکهـاتە گرنـگ و ســـەرەکییەکانی کلتـــووری هەر نەتەوەیەک، لە ئەنجـامی دەستڕەنگینی و خەیاڵ فراوانی تاکەکانی کۆمەڵەوە دروستدەبێت و پاشان ئەم خەیاڵە لە ناو کاری هـــونەری و لە شـــێوە جیاوازەکـــانی هـــونەردا وەکـــو هونەرەکانی(شـــێوەکاری و داتاشـــین و قوڕکاری(سیرامیک)، موزیک و شانۆ و سینەما و کارە دەستییەکان و بیناسازی و سەمای میللی) دا ڕەنگدەداتەوە ((بەردەوام هونەر ملکەچی دابونەریتی ناوخۆییە، بەوەش دەبێتە بەشێکی گرنگ لە بنەمـا کلتوورییەکـان و کـاریگەریی زۆری لەسـەر سیسـتمی گشـتی بەهـای کـۆمەڵایەتی دەبێت، بە گشـتی هـونەر بە شـێوەیەکی پـتەو بە ژیـانی کـۆمەڵایەتی گرێـدراوە و لە دێـر زەمـانەوە هـونەر ئامرازێک بووە، بەهۆیەوە مرۆڤ بەرگریی لە دژوارییەکان کردووە و تەعبیریی لە ژیانی ئەوسـای

خۆی کردووە، گرنگترین فرمانی هونەر بەشداریکردنە لە بواری دەزگا شارستانییەکانی دیکە، ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان.)) (دزەیی،٢٠٢١ :٦٩٩).

**باو و ڕۆشتوو، یان(عورف):** دیارە باو و ڕۆشتوو وەک تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی کلتوور لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بە واتای ئەوەی ((تایبەتمەندێتی هەڵقوڵاوی لە بارودۆخی کۆمەڵ لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بە شێوەیەک، کە ڕێساکانی بەجێهێنەری پێداویستییەکانی کۆمەڵن.)) (سلطان،١٩٨١ :١٢٣).

دەتوانین بڵێین باو و ڕۆشتوو بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ڕەفتارێک لە لایەن مرۆڤەوە، لە لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، کە ئەمەش لە ڕوانگەی پێداویستی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمانەش کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای لێدەکەوێتەوە کە کۆمەڵ لەسەری ڕێدەکەوێت، بە شێوەیەکی بۆ ماوەیی دەمێنێتەوە و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە، تاکەکانی کۆمەڵ پابەندییەکی زۆریان هەیە پێیەوە و لێی لانادەن، هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو، کە باو و ڕۆشتوو لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بونیاد دەنرێت ئەوانیش:

((١-دووبارەکردنەوەی ڕەفتار

٢-پابەندبوونی مرۆڤەکان پێوەی

کاتێک دەوترێت باو و ڕۆشتوو لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، مەبەست ئەوەیە، کرۆکەکەی لە ڕێکەوتنی مرۆڤەکانەوە و لە چوارچێوەی مامەڵەی ئابووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتییانەوە سەرهەڵدەدات.)) (فەرەج، ٢٠١١ :٢٨) .

یاسا و ڕێساکانی باو و ڕۆشتوو بەوە دەناسرێنەوە، کە تاکەکانی کۆمەڵ ڕەزامەندن بەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە پێیی ئەو یاسا و ڕۆشتوانە ڕێکبخەن؛ بۆیە دروستبوون و گەشەکردنی ئەم ڕێسایانە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەواتە عورف بریتییە لە کۆی کۆمەڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییانە لە نێو کۆمەڵدا و زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤیش دەگرێتەوە. فاکتەرێکی گرنگی دەستنیشانکردنی بەهای ڕاستی و هەڵەیە لە ناو کۆمەڵەکاندا، بە تایبەتیش کاتێک لە چوارچێوەی پەندی پێشینان و حیکمەتی کۆندا خۆی بەرجەستە دەکات، هەروەها بە گشتی لە ناو پەندی پێشینان و گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کۆن و چیرۆک و حیکایەتە میللییەکاندا خۆی وەکو ڕوخسارێکی کلتوورو ڕۆشنبیریی گەلان دەردەخات، عورف لەناو گەلە بەراییەکاندا سەرچاوەیەکی سەرەکی هەڵهێنجانی یاسا بووە و هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ

دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تا ئێستاش عورف لەناو بەشێکی زۆر لە گەلانی دونیادا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەو گەلانە پێشکەوتوون و سیستمی یاسا دانانیش گۆڕاوە، بەڵام بەشێکی گرنگی یاساکانی ئەو کۆمەڵە بە پێی عورف ڕێکدەخرێت، چونکە ئەو عورفانە ماوەیەکی زۆر پێڕەوکراون بۆیە جێگیربوون و چەسپاون وەک یاسا لە کۆمەڵدا پێڕەودەکرێن.

**ئاکار و دابونەریت:** ئاکار ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەیە، کە تاک لە کۆمەڵدا ئەنجامی دەدات ((پێڕەوی ئاکاری لە کۆمەڵدا پێڕەوێکی کۆمەڵایەتیی پێوەریی نەنووسراوە.)) (عبدالله، ١٩٩٧ :٣٥).

واتە ئاکار کۆمەڵێک پێڕەو و بیروباوەڕە، کە بە دوای ئەوەدا ناگەڕێت، کە هەیە، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت، کە دەبێت شتەکان چۆن بن، لەبەرئەوە ئاکار پێڕەوێکە ئەوە دیاریدەکات، کە پێویستە بەها مرۆییەکان چۆن بن، ئاوەهاش لەگەڵ واقیعە کۆمەڵایەتییەکان یەکبگرنەوە، بەها و ڕەفتارە نموونەییەکان، ناوەڕۆکی ئاکاری هەر کۆمەڵێک پێکدەهێنن، دەبنە بەشێکی پێکهاتە کلتوورییەکان، لەبەرئەوە ((فێربوونی کلتوور بەهۆی وەرگرتنەوە دەبێت و ئەو ڕەفتارە ڕەوتییە دەنوێنێت، کە کۆمەڵ دایدەنێت بە مەبەستی پێوانی پەیکاڵبوون و پەیکاڵنەبوونی ڕەفتاری تاک لەگەڵ تاکدا لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا.)) (عبدالله، ١٩٩٧ :٣٦).

دەتوانین بڵێین هەر کلتوورێک و هەر بابەتێکی ئاکاریی کەسایەتییەک دەکات بە نموونە، تاکو هەموو تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ چاوی لێبکەن، گرنگترین ڕێسا ئاکارییەکان، کە دەبێت لە کەسایەتی نموونەییدا هەبن بریتیین لە: ((حەرامکردنی دەستدرێژیکردنە سەر کەسان و پارە و عەرزی خەڵک (شەرەف و ناموس) یان ئەو ڕێسایانەی، کە بانگەشە بۆ پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە دەکات، یان حەرامکردنی دەوڵەمەندبوون بەبێ هۆکاری ڕێپێدراو،)) (کیرە، ١٩٨٨ :٣٦).

دەتوانین بڵێین دابونەریتیش پێکهێنەرێکی سەرەکی کلتوورە، کە لە ژیانی  کۆمەڵایەتیدا شێوەی نیمچە یاسایەکی وەرگرتووە، دابونەریت دیوی دووەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئایینی و سیحر و ئەدەبی میللی و ئەفسانە و خورافات و زانیاریی گشتییە، کە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکاندا دەردەکەوێت. ((خوونەریت بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای ڕەوشتی، کە مرۆڤ ڕادەهێنێت لەسەر پابەندبوونی لە ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا ،دیارە ئەم خوونەریتانەش لە بەهای کۆمەڵایەتیی بۆ ماوەییەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕێنوێنی ڕەفتاری مرۆیی دەکەن لەو شتانەدا ، کە فەرمانی پێدەکرێت و ئەوانەی نەهی لێدەکرێت، بەم شێوەیەش مرۆڤ پابەندییان دەبێت.)) (القیسی، ٢٠٠٢ :٤٥) .

لەکلتووری هەر کۆمەڵێکدا کۆمەڵێک یاساو دابونەریت هەن، کە پەیوەندییان هەیە بە پیرۆزباییکردن و بۆنە ئایینی و نەتەوەیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە یان پرسە و سەرەخۆشیکردن، زۆرێک لەم دابونەریتانە لە کۆمەڵدا دروستدەبن بێ ئەوەی پلان و بەرنامەیان بۆ دارێژرابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سروشتی خەڵکی لەسەری دەڕۆن و پەیڕەویدەکەن. بە دەماودەم و پشتاوپشتیش دەگوازرێتەوە. ((مەبەست لە دابونەریت ئەو خو و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جۆری مامەڵەکردن و پەیوەندیی و کەش و تەقسە کۆمەڵایەتییانەیە، کە کۆمەڵ لە درێژەی مێژووی خۆیدا بەرهەمیهێناون و وەکو خاسییەتی هەرە دیار و سەلمێنەری ئەسالەتی ئەو کۆمەڵە لێیان دەڕوانێت و بەشێوەیەکی گشتی جیاوازن لە دابونەریتی کۆمەڵەکانی دیکە.)) (قەرەداغی، ٢٠٠٧ :١١-١٢). دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو دابونەریتانەی کۆمەڵی کوردەواری پێدەناسرێتەوە، بریتیین لە ڕەفتاری بەرز و دەستپاکی خۆشەویستی ڕێزگرتن لە بەرامبەر، شەرەفمەندی و خۆنەویستی و گرنگیدان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە و لەگەڵ ئەمانەشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی دابونەریت و کلتوورییان لێهاتووە.

## خورافە لە کلتووری کوردیدا:

خورافە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کلتوور، ئێمە لەم تێزەدا زیاتر لەسەر ئەم پێکهێنەرە دەوەستین و قسەی لەسەر دەکەین، یەکێکە لە بەرهەمەکانی خەیاڵ و تێڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ دیاردە و ڕووداوەکان، هەندێکجار هێندە خەیاڵی مرۆڤ پڕدەکات، کە کاریگەریی تەواو لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی دادەنێت، پاشان تەشەنەدەکات و زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، دیارترین لێکدانەوەش بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خورافە ئەوەیە، مرۆڤ لە ترسی ڕووداوە سروشتی و گەردوونییەکان، کە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی لێکدانەوەیان بۆ بکات؛ بۆیە پەنای بردووەتە بەر خەیاڵ (superstition) و تێڕوانینی خۆی، کە تێڕوانینەکانیش تێڕوانینێکی سەرەتایی و سادە بوون، چونکە ((خورافە باوەڕێکە، کەڕووداو گەلێکی دیاریکراوی تایبەت ڕوودەدەن بەرێگە و شێوازێک، کە ناتوانرێت بە ئاوەز و زانست شەرح و باسبکرێت، بڕوایەکە، کە ڕووداو گەلێکی تایبەتی دیاریکراو بەختی باش یاخود خراپ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن)) (Hornby), 2005:1541) واتە خورافە دروستکراوی خەیاڵی مرۆڤە و هەرگیز شتی وا لە واقعدا نابینیتەوە، مالینۆفسکی دەڵێت : ((هزری خورافی ئەوەیە، کە هەوڵدەدات بگات بە ئامانجەکانی تاک، یان کۆمەڵ)) (عارف، ٢٠١٨ :١)

واتە خوارافە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بڕوایان پێدەهێنێت بەو هیوایەی، کە بتوانێت ئامانجەکانی بۆ بەدیبهێنێت، ئەم بیروباوەڕانە بنەمایەکی زانستی و تیۆرییان نییە، ناتوانین بیروباوەڕەکانییان بسەلمێنین، بەڵکو زیاتر پەیوەستن بە لایەنی دەروونی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، ئەمەش پەیوەستە بە جۆری پەروەردەی تاک لە کۆمەڵدا، خورافە زاراوەیەکی عەرەبییە و لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکمان نییە، کە مانایەکی تەواو لە بەرامبەر وشەی خورافەدا ببەخشێت؛ بۆیە ئێمەش هەر زاراوەی خورافەکە بەکاردەهێنین. ((لە زمانی عەرەبیدا لە ڕیشەی وشەی (خرف) ەوە هاتووە، واتە تێکچونی ئەقڵ، وەک سەرەتایەکی خورافیش دەوترێت، کەسێک لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بە ناوی خورافە هەبووە و جنۆکە ڕفاندوویەتی، پاش گەڕانەوەی بۆ ناو هۆزەکەی، هەندێک قسەی کردووە، کە بێسەروبەربوون لە بەرئەوە لە ناو عەرەبدا وابڵاوبووەتەوە هەرکەسێک قسەی نالۆجیکی و بێ بنەمای کردبێت لە قسەکانی (خورافە ) چووە))، (ابن منظور،بدون سنە: ٧٦)

دەتوانین بڵێین خورافە بریتییە لە هەر هەڵوێستێک یان ڕووداوێک یان قسەیەکی ئەقڵ ناڕەوا یان هەر بیرێک یان قسەیەک یان هەڵوێستێک، کە مرۆڤ نەتوانێت پێوانەیبکات، ((خورافە باوەڕێکی پتەوە بەهێزە یان سەروسروشتییەکان (فوق الطبیعە)(upernatural)،یان ئەو کردەوە نهێنی و سحرییانەی لە بیرکردنەوەی خەیاڵییەوە سەرچاوە دەگرن)) (العیسوی، ١٩٨٢ : ١٢).

دەتوانین بڵێین خورافە ئەو بیر و بۆچوون و کردارانەن، کە نادرێنە پاڵ هیچ ڕێپێدراوێکی ئەقڵی و ملکەچی هیچ تێگەیشتنێکی زانستی نابن، هەم لە ڕووی تیۆری و هەم لە ڕووی پراکتیکیشەوە.

کەواتە خورافە بیرکردنەوەیە لە بابەتێک کە لە ڕاستیدا بوونی نییە، بەڵکو تەنها لە ناو خەیاڵی تاک یان کەسەکاندا جێگای دەبێتەوە، کاتێک بیر لە شتەکانی دەورووبەریان دەکەنەوە، یاخود هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکە، کە لەگەڵ واقعدا یەکناگرێتەوە و هەموو پێوەر و میتۆدێکی زانستی ڕەتدەکاتەوە، دەتوانین بڵێین سیماکانی خورافە لە کوردستاندا بریتیین لە: (مەزارگەکانی شێخان وپیران) (نوشتەنووس و قاوەگرەوەکان)، چەندین دەستەواژەی خورافی دەبینینەوە، کە ئەمانە هەموویان لە نەستی گشتی کۆمەڵدا ماون و سەردان دەکرێن و خەڵکانێک باوەڕی تەواویان پێیانە و پشتیان پێدەبەستن، مەبەست لە مەزارگە گۆڕی دەستەیەکی تایبەتە لە پیاوانی ئایینی و پیاوچاکان، واتە ئەو کەسایەتییانە، کە پێگەیەکی ئایینی بەرزییان لە کۆمەڵدا هەبووە، وەک(شێخ، سەید، پیر)، ئەم مەزارگانە لە دروستکردنیاندا شێوازێکی تایبەتییان پێدەبەخشرێت و هونەری بیناسازییان تێدا بەکاردێت، بۆ جیاکردنەوەیان لە گۆڕی کەسێکی ئاسایی، ئەم کەسایەتییانە و

گۆڕەکانیـان ڕۆڵێکـی بەهێزیـان لە نـاو کۆمەڵـدا هەیە و هەمیشـە وەک زینـدوو بەرز و بەنـرخ لای تاکەکـانی کـۆمەڵ سـەیردەکرێن، یەکێکـی دیـکە لەو بابەتـانەی جـێگەی سـەرنجە لە نـاو ئەم مەزارگـانەدا، درەختـێکە، کە ئەوکەسـانەی سـەردانی دەکەن، پەڕۆ یـان پـارچە پەتێـک دەبەسـتن بەلقەکـانی دارەکەوە، بەومەبەسـتەی، کە ئەگەر جـاری داهـاتوو هـاتنەوە گرێـی پەتەکە کرابـووەوە نیشانەی ئەوەیە، کە نزاکانیان گیرابووە.

نوشـتە نووسـین یەکێکـی دیـکەیە لە دەرکەوتەکـان یـان سـیماکانی خـورافە لە کوردسـتاندا، کە خەڵکانێکی زۆر باوەڕییان پێیەتی، لە کاتی ڕوودانـی کێشـەیەک، کە دەسـەڵاتیان نەبێت بەسـەریدا، بۆڕزگاربوون وچارەسەرکردنی کێشەکانییان پەنا دەبەنە بەر نوشـتەکردن، نوشـتە لە کۆنـدا بریتـی بووە لە پـارچە ئێسـقانی پێشـینان، هەڵگرتنی بەشـێکبووە لە پەرسـتش لای پێشینان. کە دواتـر ئەم پارچە ئێسـقانانە بەکارهێنراون بۆ نوشـتەکردن. ((نوشـتە بەشـێوەی پیت و وشـە دەنووسـرێت، لە ناویدا ئایەتی قورئان، یان زۆرکات ناوەکانی خـودا بەدرێژیـی، یـان پـانی بەگوێرەی بـابەتەکە، یـان مەبەستەکە دەنووسرێت.)) (حمودی، ١٩٩٩: ٢٣١).

واتە هەنـدێک لە شـێخ و پیـاوانی ئـایینی، ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلام بەکـاردەهێنن، بـۆ مەبەسـتی هەڵخەڵەتانـدن و یـاریکردن بەهەسـت و سـۆزی بەرامبەرەکانیـان، نـاوی پیـرۆزی خـودا و قورئـانی پیـرۆز بەکـاردێن لە لایەن شـێخەکانەوە تـاکو کۆمەڵێـک بیروبۆچـوونی خـورافی لە نـاخی خەڵکـدا بچێـنن، یـان دەوترێـت: ((نوشـتە بـۆ ویسـت و داواکـارییە، بـۆ پاراسـتن لە نەزانینەکـان یـان نەزانراوەکان و نادیارەکان، ترس لە داهاتوو یان چارەسەرکردنی کێشەکان، کە ڕووبەڕووی تـاک دەبـنەوە، زۆربەی کاتەکـان جۆرەکـانی بەکارهێنـانی پێکهاتەکـانی نوشـتە پەیوەنـدیی بە نوشـتە نووسەکەوە هەیە.)) (والترجمە، ٢٠١٥: ١٤٩).

سـەرچاوەکان بـاس لە جـۆری نوشـتەکان و شـێوازی بەکارهێنانیـان و ئەو مـادانەی تێیـدا بەکارهێنراون دەکەن، زۆرجـار لە نوشـتەدا شـتێکی تـایبەت بە نوشـتە لێکراوەکە بەکاردێت، وەک جلوبەرگ یان قژ یان هەرشتێک، کە نوشتە لێکراوەکە بەکاریدەهێنێت.

نوشـتە لێکـردن بـۆ چەنـد مەبەسـتێک بەکاردێـت، وەک: (بەدەسـتهێنانی ئاواتێـک، داوایەک، نزایەکـی تایبەت، هەندێکجار بۆ بەرگری لە چاوی پیس). کە ئەمانە هەمووی بەشێکی سەرەکی لە کلتوور و شارسـتانییەتی کـورددا پێکـدێنن ((خـورافە بـریتییە لەو زانیـارییە تـایبەتییەی مـرۆڤ بەبـێ بنەمـا، بۆلێکدانەوە و چارەسەری دیاردەیەکی سروشـتی، کۆمەڵایەتی یـان ئینسانناسـی هەڵیدەچنێ، وەک دیارە هەموو زانیارییەک ڕاست و زانستی نییە.))، (قادر، ٢٠٢١: ١٣٦).

کەواتە خورافە جۆرە زانیاری و بیرکردنەوەیەکە، کە هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە دروستبووە و بووە بە هۆکارێک بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی دیکە، مرۆڤی سەرەتایی هەوڵیداوە بۆتێگەشتن لە دیاردەکانی دەورووبەری، پەنا بۆ دروستکردنی خورافە و ئەفسانەکان ببات، تاکو بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دەستبکەوێت، چونکە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانەوە دەبوو لە هیچەوە دەستپێبکات، بەمێشکی بەتاڵەوە هەندێک حوکم بدات، تا بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و ئەزموون کۆبکاتەوە و فێرببێت و ئینجا باوەڕە خورافییەکانی خۆی ڕاستبکاتەوە و ئەم هەوڵی ڕاستکردنەوەیە وایکرد، کاروانی زانست شوێن پێی خۆی بگرێت، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەفسانەکانی پێشینی دۆڵی ڕافیدەین، دەردەکەوێت مرۆڤ بەزمانێکی سادەی بێبنەمای زانستی، بەبێ بوونی کەمترین ئەزموون، بێهێز، ترسنۆک و لێوڕێژ لە دڵەڕاوکێ، دەستی بەژیان و جوڵان بەرەو پێشەوە کردووە، واتە دروستبوونی هەر خورافەیەک پاڵنەربووە بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری مرۆڤ لە بوارە جیاوازەکاندا، لە ڕاستیدا ڕەگی خورافە لە قوڵایی بیروباوەڕی کۆمەڵی ئێمەدا ڕەگی داکوتاوە و بەئاسانی دەرناکێشرێت، چونکە دروستبوونی هەر خورافەیەک لە کلتووری نەتەوەیەکدا وا دەکات، ئەرکی خۆی پێبدرێت لەو کلتوور و کۆمەڵەدا و بەئاسانی لێی جیا نەبێتەوە، کەواتە بەوپێیەبێت خورافە هێندەی کۆنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی کۆنە و بەشێکە لە شارستانیەتی نەتەوەیی و هەرگیز ناکرێت لێکجیابکرێنەوە، (دۆرکهایم) جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکاتەوە و دەڵێت: ((دین شیرازەی کۆمەڵ سەرەتاییەکان بووە. کەرەستەیەک بووە، کە خەڵک تاڕادەیەک وازیان لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانە دەهێنا و ڕوویان لە پەرستنی هاوبەشی شتەپیرۆزەکان دەکرد.))، (قادر، ٢٠٠٨: ٣٢).

هەندێک لەو شتە پیرۆزانەی بۆ پەرستن دیاریکران، ئاسمانی بوون و هەندێکیشیان زەمینی بوون، بەڵام بە دیاریکراوی نازانرێت، یەکەم پەرستراو لای مرۆڤ چی بووە؟ سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، یەکێک لە پەرستراوەکان لە کۆمەڵ سەرەتاییەکاندا مانگ بووە، چونکە ((کۆمەڵ کۆنەکان وا وێنایانکردووە، کە مانگ پیاوێکی ئازابووە و ژنانی خەڵەتاندووە. هەرجارێک، کە دەرکەوتووە ژنانی تووشی خوێنی مانگانە کردووە (سوڕی مانگانە). هەر لەبەر ئەوەشە مانگ لای ژنان خواوەندێکی خۆشەویست بووە. پێیانوابووە تەنیا خواوەندی مانگ لە خواوەندەکانی دیکە، دەیانپارێزێت)). (دیورانت، ٢٠٠١: ١٠٧).

مرۆڤی سەرەتایی، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکانی و دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکانی و خۆپاراستنی لە مەترسییەکانی دەورووبەری، پەنای بۆپەرستنی کەرەستە سروشتی و دروستکراوەکانی دەورووبەری خۆی بردووە، بۆ نموونە لای هندییەکان(مانگا، فیل) پەرستراون،

ئەمە جگە لە پەرستنی کەرەستە سروشتییەکانی دیکە، هەندێکجار کۆمەڵێک بیرکردنەوەی خورافیشیان داوەتە پاڵ پەرستراوەکانیان.

لە شارستانییەتی کۆنی عێراقیشدا، بە هەمانشێوە کۆمەڵێک بیروباوەڕی ئایینی و خورافی پێڕەو کراون، بۆ نموونە لە شارستانییەتی بابلدا ((کاهینەکان پۆلێنکرابوون، هەندێکیان بۆ کاروباری سیاسەت تەرخانکرابوون، هەندێکیشیان بۆ ئابووری، هەندێکی دیکەیان بۆ(جادووگەری و ئایینددەناسی و فاڵگرتنەوە و خەون لێکدانەوە و.....هتد)). (باقر، بدون سنه: ٦٥).

هەر لە ناو بابلییەکاندا، ئەستێرەناسی دیاردەیەکی باو بووە و کاهینی تایبەتی بۆ چاودێریکردنی دیاردە سروشتییەکانی وەک زەمینهەژێن و مانگگیران و خۆرگیران دانراوە، کە ئەمە بە زانستی ئەستێرەناسی ناسراوە.

هەموو ئەمانە ئەوە دەسەلمێنێت، کە خورافە ڕەگێکی قوڵی دەروونی هەیە و لە ئەنجامی ترسی زۆر و دڵەڕاوکێوە دروستدەبێت، واتە خورافە بەرهەمی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرە، لێرەدا نموونەی کۆمەڵێک بیروباوەڕی خورافی دێنینەوە لە کۆمەڵی کوردیدا، کە هەندێکیان بەستراون بەکۆمەڵێک گیاندارەوە و هەندێکیشیان بەپێی کات و ڕووداو بڕیاریان لەسەر دەدرێت بۆ نموونە:

١-خوێندنی کەڵەشێر لە شەودا خراپە. هەندێک لە خەڵکی پێیانوایە، کە ئەگەر کەڵەشێر لە شەودا بخوێنێت، ئەوا ڕووداوی ناخۆش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دەکرێت ئەم بیروباوەڕە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڕێکەوت لە کاتی خوێندنی کەڵەشێر لە شەودا چەند جارێک ڕووداوی ناخۆش لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕوویدابێت و ئەمە بووبێت بە باوەڕێکی چەسپاو لە کۆمەڵدا.

٢-پشیلەی ڕەش مانای هاتنی خراپە و شەڕە، هەندێک لە خەڵکی وابیردەکەنەوە لە هەرشوێنێکدا پشیلەی ڕەشیان بینی یان هاتە سەر ڕێگایان دەریبکەن یان لە ناویبەرن، چونکە خراپە لەگەڵ خۆی دێنێت.

٣-شکاندنی ئاوێنە بەدەستەوە، ئەمە بیروباوەڕێکی باوە و هەندێک لە کۆمەڵ پێیانوایە شکاندنی ئاوێنە بەدەست کەسێکەوە واتای هاتنی ڕووداوێکی ناخۆش و نەویستراوە لە ژیانی ئەو کەسەدا.

٤-کوندەپەپوو شومە، بەپێی بیرکردنەوەی هەندێک لە کۆمەڵ باڵندەی کوندەپەپوو ڕوویکردە هەر شوێنێک بەڵاو نەهامەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمە بۆ قەلەڕەشیش بەهەمان شێوە دەوترێت.

٥-سەرتاشین لە ڕۆژی سێشەممەدا، سەربڕین بەدوای خۆیدا دێنێت، دەوترێت ئەگەر کەسێک ڕۆژی سێشەممە سەر بتاشێت ئەوا بەسەربڕین دەمرێت.

٦-گسکنەدانی ناوماڵ و دەرەوەی ماڵ لە ئێواران و شەواندا، بەومانایەی، کە داهاتوویەکی خراپ لە باری ڕزقی ماڵدا لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، تەنانەت نابێت ئێواران دەرگای ماڵ بە کراوەیی جێبهێڵرێت.  ئەمانە کۆمەڵێک بیروباوەڕی خورافی باون لەناو کۆمەڵی کوردیدا و شایەنی قسە لەسەرکردنە، تاکو ئێستاش بەشێک لە خەڵکی باوەڕیان بەم شتانە هەیە و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەچاویاندەکەن و کاریانپێدەکەن. هەر یەکەیان بوون بەجێگەی ترس لە دەروونی تاکەکانی کۆمەڵدا.

## ١-٢: کاریگەریی کلتووری جیهانی لەسەر کلتووری کوردی:

## ١-٢-١: کاریگەریی کلتووری ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی کلتووری عەرەبی لەسەر کلتووری کوردی:

دیارە میللەتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و میللەتانی مسوڵمان بەتایبەتی کاریگەریی کلتوورییان لەسەر یەکتری هەیە، چونکە لێک نزیکییەکی زۆر لە نێوان کلتوور و نەریتەکانییاندا هەیە، هۆکاری ئەمەش بۆ لێکچونی ژینگەی ژیانی کۆمەڵگاکان و ئایین و ئاسانی هاتوچۆ و گواستنەوە لە نێوان ئەم کۆمەڵگایانەدا بووە بە هۆکاری گواستنەوەی نەریتەکانیش لە نێوانییاندا، ئەمەجگە لە زانینی زمانی نەتەوەکانی دراوسێ لەلایەن هەندێ لە نوسەران و ڕۆشنبیرانیانەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی دروستبوونی کاریگەریی بووە لە کلتووری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، ((سود وەرگرتن و گەڕانەوەی شاعیرانی کورد بۆ کلتووری شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لە سەردەمی شیعری کلاسیکی کوردییەوە درێژدەبێتەوە، بۆ قۆناغی شیعری نوێ، هۆکاری ئەو کاریگەرییەش وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لەڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە بووە، شاعیرانمان، کە سەرچاوەی ڕۆشنبیریی و دەرس خوێندنیان حوجرە و مزگەوتەکان بووە، سەرەتا هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبییان داوە بۆ تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و ئیسلام بەگشتی و دواتر ئەو ئارەزووە پەلی کێشاوە بۆ ئەدەبیش، کە ئەدەبی عەرەبییە و بەوردی خوێندویانەتەوە و لە ئەزموونی شیعری خۆیاندا سودیان لێوەرگرتووە.))، (قەیتەران، ٢٠١٦: ٥٠).

نوسەرانی کورد لە ڕێگەی ئایین وسودوەرگرتنیان لە زمانی عەرەبی توانیویانە زۆر کلتووری عەرەبی ئیسلامی بگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵی کوردی.

(ئەگەر سەرنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەوا بەشێک لە سیاسەتی هێزی باڵادەستی ئەو بەشەی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە، ڕێگا لە ڕەخساندنی زەمینەی زیندووبوونەوە و بەگەڕخستنی کلتووری کوردی بگرێت، دیارە کاتێک باسی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەم دەکەین، ڕاستەوخۆ ئەم مێژووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مێژووی سەرهەڵدانی کۆماری کوردستانە لە مهاباد، بێگومان سەرەڕای دواکەوتوویی باری ڕۆشنبیریی و کلتووری کوردی لەم قۆناغەدا، ناکرێت وای بۆ بچین، کە هیچ جوڵە و بەرەوپێش چونێک لە کلتووری کوردیدا ڕوویندداوە، چونکە دروستبوونی کۆمارێکی سەربەخۆ لەو ساتە مێژووییەدا بۆ کورد، ئەو پرسیارە لای تاکی کورد دروستدەکات، کە دەبێت چۆن بووبێتە هۆی زیندووکردنەوەی سەرجەم لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ لە کوردستان دا) (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ٢١٥) .

لە لایەکی دیکەیشەوە، لە کوردستان مەسەلەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی لای تاکی کورد لەم قۆناغە مێژووییەدا، ڕۆڵی هەبووە لە بەئاگاهێنانەوەی تاکی کورددا لە گەڕانەوە بۆ کلتوورە کۆن و ڕەسەنە نەتەوایەتییەکەی، هەرنەتەوەیەکیش هەستی بە گرنگی ڕابردووی خۆی کرد مانای وایە دەگات بە خاڵێک، کە تێیدا هەست بەوە دەکات، کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی خۆی و هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو ڕابردووە و کلتووری نەتەوەیی خۆی بدات، هەرئەمەش وایکردووە لەگەڵ دروستبوونی هەستی نەتەوایەتیی کوردیدا، هەستی زیندووکردنەوەی کلتووری کوردیش پەرە بسێنێت، هەر لەم قۆناغەدا کورد توانیویەتی هەناسەی ئازادی هەڵبمژێت و ڕۆژنامەگەری کوردیش بە زمانی کوردی سەرهەڵبدات، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بزاوتی کلتووریی لە ڕۆژهەڵاتدا و کلتووری کوردی زیاتر بەرەو گەشەکردن و زیندوبوونەوە هەنگاوی نا، بە سودوەرگرتن لە کلتووری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی وەکو فارس و عەرەب، کە هەردووکیان کاریگەرییەکی گەورەی کلتووری ئیسلامیان لەسەربووە، چونکە هەردوو نەتەوەکە مسوڵمان بوون، ئەو ڕووناکییەی کە لە بواری کلتووریدا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرکەوت وایکرد، کە کورد زیاتر ئاشنابێت بە کەسێتی و ماهییەتی خۆی و کلتوورەکەی، بەڵام لەدوای کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان، جارێکی دیکە سەرجەم ئەودەزگایانە داخرانەوە و نەک هەر خوێندن بە کوردی قەدەغەکرا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی، ئەو بەشەی کوردستان لە خوێندن بێبەریکرا، بەمشێوەیە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی نەتەوەکانی دراوسێ بە باش و بە خراپ کاریگەرییان لەسەر کورد و کلتوورەکەی هەبووە، کلتووری نەتەوەی فارسیش وەکو یەکێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، کاریگەریی گەورەی لەسەر

کلتووری کوردی هەبووە، بە تایبەتی کلتووری ئەدەبییەکەی، چونکە فارس خاوەنی کلتووریکی ئەدەبی زۆر دەوڵەمەندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و شاعیران و ئەدیبانی زۆرێک لە نەتەوەکانی دراوسێ زۆر پێی کاریگەربوون و لە بەرهەمەکانییاندا ڕەنگیداوەتەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە، کە شاعیران و نوسەرانمان لە حوجرەکاندا لە پاڵ زمان و ئایین و ئەدەبی عەرەبیدا زمان و ئەدەبیاتی فارسیشییان خوێندووە و بەمەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبەکەیانەوە.

هەروەک وتراوە ((کلتووری کۆمەڵی کوردی، کە تا ساتەوەختی ئێستاش کولتووریکی فرەتر عەشیرەتی و ئاینپەروەر و گوندنشینانە بووە لە بەرامبەر زمانێکی نۆژەن، کە وێڕای ئەوەی خۆماڵی و ڕەسەن بێت، دەشێ شارستانی و هاوسەردەمانە و مۆدێرنیش بێت، دۆش داماوە))، (یەعقوبی، ٢٠٠٨: ٣٧).

ئەم نوسەرە پێیوایە، کلتووری کۆمەڵی کوردی کلتووریکی چەقبەستوو و نەگۆڕە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانی نەتەوەییش دروستکردووە و وادەکات، کەزمانی مۆدێرنی نەتەوەیی دروستنەبێت، بەڕای توێژەر ئەم بۆچوونە ئەگەر بۆ قۆناغێکی کۆمەڵی کوردی دروست بووبێت بۆ ئێستا دروست نییە، چونکە کۆمەڵی کوردی بەردەوام لە ژێر کاریگەریی نەتەوەکانی دەوروپشتیدایە و بە چەندین هۆکاری جیاواز گۆڕانکاری زۆر لە کلتوور و زمانی نەتەوەییدا هاتووەتە ئاراوە، دەتوانرێت بوترێت کلتووری کوردی بەر لە هەموو شتێک زمانە، زمانی کوردی بە هەموو تایبەتمەندیی و خۆبەرجەستەکردنەکانییەوە لە بوارە جیاوازەکانی شیعر و ئەدەبیاتدا توانیویەتی نەخشەی گشتی کلتووری کوردی دابڕێژێت، ئەم کلتوورە بکاتە سیستمێکی تایبەتی، کەتێڕوانین و ئەندێشەی مرۆڤی کورد لەخۆبگرێت، ببێتە ناسنامەیەک بۆ تاکی کورد و بتوانێت خۆی پێ جیابکاتەوە لە تاکی نەتەوە و کۆمەڵێکی دیکە، کەواتە لەگەڵ ئەو جیاوازییە زۆر و لێکدابڕانەی کلتووری کوردی تووشی هاتووە، بەڵام ئەم کلتوورە کۆمەڵێک بنەمای هاوبەشی خۆی هەیە، کە زمانی کوردی و هەندێک تایبەتمەندی دیکەی کلتوورییە، کە ئینتیما و هەستی نەتەوایەتی لای تاکی کورد دروستکردووە.

مرۆڤی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت و بەهەر دیالێکتێک قسەبکات، خۆی بە کورد دەزانێت و نەتەوەکانی دیکەیش بەهۆی زمانی قسەکردنەکەیەوە هەر بە کوردی دەزانن. ((شیعر بە درێژایی چەند سەدەیەک تاکە چاوگەی سەرەکی کولتور و فیکری کوردی بووە، زمانی کوردی بەهۆی شیعرەوە لە زمانی پەیڤینەوە بووەتە زمانی نووسین و بیرکردنەوە و ڕامان و دەرخستنی هەستی مرۆڤ و سەلماندنی تایبەتمەندیی کولتووری و خۆجیاکردنەوە لەوی دیکە. مرۆڤی کورد

لە ڕێگەی شیعرەوە تەنیا جیهانی ناوەوەی خۆی، هەست و ترس و بیری خۆی بەرامبەر بە ژیان و بوون و خودا دەرنەبڕیوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا تایبەتمەندییەکانی خۆی، وەک بوونێکی کلتووری جیاواز لەوی دی دەرخستووە.)) (سابیر، ٢٠٠٣: ٤٧).

ئەدەبییات ڕێگایەکە بۆ گواستنەوەی کاریگەریی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا و سەرەتای نوێگەری و زۆرێک لە گۆڕانکارییەکانیش لە ئەدەبەوە دەستیپێکردووە و دواتر بۆ بوارەجیاوازەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ و کلتوور گواسراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە کلتووری کوردی زیاتر لە ژێر کاریگەریی کلتووری عەرەبی ئیسلامی و کلتووری فارس و تورکدا بووە. ((کاتێک باسی ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە عێراقدا دەکەین، لە کۆلۆنیالیکردنی کەلتووری کوردیدا، دەبێ سەرجەم ئەو بوارانەی کەلتوور بهێنینەوە بەرچاومان، کە ڕژێمی بەعسی ئالاهەڵگری ئەو ناسیۆنالیزمە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوە و تێکشکاندن و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی ئەو کەلتوورەی داوە، هەر لە بواری پەروەردە و فێرکردنەوە، هەتا دابونەریت وئەخلاق و ئەدەب و هونەر و وەرزش و هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان.)) (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ١٨٢).

دیارە کلتووری عەرەبی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر دروستکردنی هۆشیاری و هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد، ئەمەش بەهۆی ئەو داگیرکاری و هەوڵی سڕینەوەی کوردەوە دروستبووە، کە ڕەگەزپەرستانی عەرەب هەوڵیان بۆداوە و بەمەش ترسێکی زۆر لە دڵی عەرەبەکانی عێراقدا بەرامبەر بە کورد و هەستە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکەی دروستبووە، هەر لەم کاتەدا لە عێراقدا ڕێگا بە خوێندن نەدراوە بە زمانی کوردی و تاکی کورد نەیتوانیوە لە ڕێگەی زمانەکەی خۆیەوە فێری زانست و زانیاری ببێت، ئەمە جگە لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لەسەر بنەمای عەقڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دانرابوون، ئامانجیشیان ئەوەبووە کە منداڵی عێراق بە عەرەب و ناعەرەبەوە بە ڕۆحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی پەروەردەبکەن و ڕێگا نەدەن هەستی نەتەوایەتی لای کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە دروستببێت.

بە درێژایی مێژوو هەمیشە وڵات و نەتەوە زلهێزەکان، بە ناوی داگیرکارییەوە پەلاماری وڵات و نەتەوە بچوکەکانیان داوە و خێروبێر و سامانە سروشتی و ماددییەکەیان بۆ خۆیان بە تالانی بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیانداوە کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکانی خۆیان بۆ نەتەوە ژێردەستەکان بگوازنەوە و بیسەپێنن بە سەریاندا و هەمیشە هەوڵیانداوە هەستی خۆبەکەمزانین لای تاکی نەتەوە ژێردەستەکان دروستبکەن، بەتایبەتی لە ڕووی کلتووریی و ڕۆشنبیرییەوە،

هەمیشــەش کلتــووری نەتەوە سەردەســت  و  داگیرکــارەکە بە چــاوێکی بەرزتــر ســەیرکراوە، ((زۆرجار بە هەڕمێنکردنی کلتووری ئەوانی دیکە وادەکات هەموو پرەنسیپەکانی ناسیۆنالیستی پشتگوێبخەن و بەتەواوی بکەونە ژێر ڕکێفی ئەوانی باڵادەست، بە بیانووی پیرۆزی ئایینی، وەکو ئەوەی بەشێک لە نوسەرانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا بە کاریگەریی ئایینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی نووسیویانە، کاریگەریی مەزهەبی لە کاریگەریی نەتەوەیی بەهێزتر بووە، گوایە زمانی عەرەبی زمانی قورئانە و زمانی کوردی هەژارە و کورد خوێندەواری نەبووە.)) (حوسێن، نازم، ٢٠٢٠: ٣٣).

هەندێکی دیکە لە شاعیرانی کورد لە ڕۆژگارێکدا بەهۆی داگیرکارییەوە زمانی نەتەوەیی خۆیان لێ قەدەغەکراوە و ناچارکراون، کە بە زمانی نەتەوەکانی دیکە بنووسن، بەتایبەتی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، نموونەی ئەم نوسەرانەش وەک:  (یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات، عەلی ئەشرەف)و چەندین نوسەری دیکە، ئەم دیاردەیە تەنها لای نەتەوەی کورد نییە، بەڵکو زۆربەی نەتەوە ژێردەستە و داگیرکراوەکان ڕووبەڕووی ئەم دیاردانە بوونەتەوە، ئەوەی لێرەدا زەرەرمەند دەبێت تەنها نەتەوە بچوکەکانن و فەهەنگ و کلتووری ڕەسەنی خۆیان لەدەستدەدەن.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەم داگیرکاری کلتوورییە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە شکستی ئابووری و سیاسی بووبێتە هۆکاری لە ناوچونی کلتووری نەتەوەیی، نموونەی ئەمەش شکســتی یۆنانییەکــان بــوو لە ڕووی ســەربازییەوە، بەڵام فەرهەنــگە دەوڵەمەنــدەکەیان هەروەک خۆی مایەوە و لەناونەچوو، بەڵکو ڕۆمانییەکان کردیان بە بناغەیەک بۆ بونیادنانی کەسێتیی خۆیان و کلتووری نەتەوەیی و ئەدەبی خۆیان لەسەر کلتووری یۆنانییەکان بونیادنا، کەواتە کلتووری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و کلتووری عەرەبی بەتایبەتی کاریگەریی زۆری لەسەر کلتووری کوردی هەبووە.

**کلتووری فارسی:-** دەتوانین بڵێین یەکەم هەنگاوی داگیرکردنی کلتووری کوردی لە ڕووخانی دەوڵەتــی مــادەوە دەســتپێدەکات، کە فارســەکان لەگەڵ ڕووخانــدنی ئەو دەوڵەتەدا هەوڵیانــدا ئەو فەرمانڕەوایەتییە و تەواوی کلتوورەکەی بکەن بە موڵکی خۆیان و بە دەستکەوتی خۆیانی بزانن. لەم قۆنــاغەدا لە ئەنجــامی کێشــەی نێــوان " فــارس و ڕۆم" دا، شــەڕی گەورەی نێــوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشی و مەکەدۆنی لە ساڵی (٣٣١ پ.ز) لەناوچەی نێوان هەولێر و موسڵ بە ســەرکردایەتی (داریوشــی ســێیەم) و (ئەســکەندەری مەکەدۆنــی)، دوای شــکانی ســوپای هەخامەنشییەکان مەکدۆنییەکان زۆرێک لە پەرستگا و ئاتەشگاکانی زەردەشتییانیان ڕووخاند و

سووتاند، ((له ناوەڕاستی سەدەی چواری پێش زایندا " ئەسکەندەری مەکدۆنی" هێرشی کردە سەر وڵاتی فارس و لە ئەنجامدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و چی بنەمای شارستانییەتی وڵاتی فارس هەبوو وێرانیکرد، وەک دەگێڕنەوە لەو سەروەختەدا کتێبخانەی شاری ئامەد واتە (دیاربەکر) سوتێنرا، کە گوایە ژمارەیەکی زۆر دەستنووسی تێدا بووە، ئەسکەندەر چی لە وڵاتی فارس، کە کوردستانیش دەگرێتەوە، پێیڕا لەگەڵ خۆیدا بردی ،ئەوەشی پێینەبڕا سوتاندی .)) (قەرەداغی،٢٠٠٧ :٥٦).

ئەم هێرش و داگیرکارییانە بوونە هۆی لەناوچوونی کتێبی ئاڤێستای زەردەشتییەکان، کە بەپێی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان لەسەر پێستی دوانزە هەزار گا نووسراوە، کەچی لەم هێرش و داگیرکارییانەدا سوتاون، ئەم لەناوچوونە بوو بەهۆی ئەوەی کتێبی ئاڤێستا وەک خۆی نەمێنێتەوە و لە قۆناغەکانی دواتردا هەوڵی کۆکردنەوەی دراوە، لە زاری ئەو کەسانەی لەبەریانبووە نووسراوەتەوە، بەڵام کەم و زیادی کردووە، ئەم هێرش و داگیرکارییانە هەموو کاریگەرییان لەسەر کلتووری کوردیش دروستکردووە و کلتووری فارسی بەتەواوی هەژموونی خۆی بەسەر کلتووری کوردیدا سەپاندووە، ((وەک ئاشکرایە فارسیش لەو نەتەوانە بووە، کەبەر فەتحی ئیسلامی کەوت، دەوڵەتی فارس و کەلتوری فارسی لە ئەنجامی پڕۆسەی فەتحدا دووچاری شکست بوو، بەڵام لە دەوروبەری سەدەی دووەمی کۆچیدا بەخۆیان کەوتن و توانییان شیعەگەرێتی بکەنە هۆکاری زیندووکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی خۆیان .)) ((قەرەداغی،٢٠٠٧ :٩٢).

دەتوانین بڵێین ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاریگەریی لەسەر زمانی فارسیش دروستکرد، ئەلفوبێی عەرەبی لە زمانی فارسیشدا جێگیربوو، چەندین وشە و زاراوەی عەرەبی هاتنە نێو زمانی فارسییەوە، بەڵام هەموو ئەمانە هەستی نەتەوایەتی لای فارسەکان کۆتایی پێنەهێنا.

نزیکی کورد و فارس لە ڕووی ڕەگەز و جوگرافیا و ئایین و مێژووەوە ڕێگای خۆشکرد، کە کاریگەریی زمان و کلتوور و ڕۆشنبیریی فارسی لە ڕۆشنبیریی و کلتووری کوردیدا دەربکەوێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی فارسەکان توانییان کەسێتی نەتەوەیی خۆیان دروستبکەن و کوردیش هەروەک خۆی بەبێ دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی خۆی مایەوە، بەو مانایەی بارە مێژوویی و سیاسییەکە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەوەی کلتووری فارسی وەکو کلتوورێکی ئامادە کاریگەریی خۆی لەسەر هەست و نەستی تاکی کورد دروستبکات، لە بواری ئەدەبیشدا ئەو کلتوورە ئەدەبییەی شاعیران و نوسەرانی کورد بۆی گەڕاونەتەوە و پێی کاریگەربوون، لە نێوان ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێدا کلتووری شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بووە، ئەم کاریگەرییەش

مێژوویەکـی دوور و درێـژی هەیە و هۆکـارەکەی زیـاتر بریتـی بـووە لەوەی، کە شـاعیرانمان لە حوجرەکاندا لەپاڵ بابەتە ئایینییەکاندا ئەدەبییاتی فارسیشیان خوێندووە، ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی بـکەونە ژێـر کـاریگەریی کلتـووری ئەدەبـی فارسـی و بیگـوازنەوە بـۆ نـاو ئەدەبییـاتی نەتەوەکەی خۆیان .

**کلتـووری تـورکی:** تـورکیش یەکـێکە لە نەتەوە دراوسـێکانی کـورد و کـاریگەریی کلتـووری و ئەدەبی لەسەر کورد هەیە، هەر لە پۆشینی جلوبەرگ و شێوازی دانانی سمێڵی پیاوان لە قۆناغێکی مێـژووی کـورددا، بە کـاریگەریی کلتـووری تـورکی بـۆ نـاو کـورد گواسـراوەتەوە، بە تـایبەتی دەوڵەمەندەکانی کورد ئەگەرچی کەمیش بووبن، بەڵام کاریگەریی ئەو کلتوورەیان لەسـەر بـووە، کاتێک عوسمانییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست زمان و کلتووری تورکی سەرباری ئەوەی، کە پێڕەو و شەریعەت و دەستووری ئیسلام بە عەرەبی بوو، توانییـان کـاریگەریی خۆیـان لەسـەر سـەرجەم گەلانی ژێر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەیـان دیارییکەن، لەنێو ئەو گەلانەشـدا گەلـی کورد زیـاتر لە هەموویان کاریگەریی عوسمانییەکانی کەوتبووە سەر، لە بواری ئەدەبیشدا ڕابەرانی شیعریی نوێی کـوردی لە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا ئەوەیـان ڕوونکـردووەتەوە، کە بـزووتنەوە نـوێییەکەی شیعریی کوردی بە گەڕانەوە و سودوەرگرتن بووە لە کلتووری ئەدەبی تورکی هەر وەک "گۆران " دەڵێت: ((نوسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نوری و ڕەشیدنەجیب و من، کە پێکەوە بە ئەدەبـی تـورکی متأسـیربووین و پێکەوە ئەمانووسـی، بەڵام تەنهـا شـێخ نـوری شـیعرەکانی بـڵاو دەکـردەوە و مـن بڵاومنەدەکـردەوە و ئەو لەم بـارەیەوە نشـاطی دەرکەوت.)) (بیمـار، ١٩٧٠ :٣)، لەم قۆنـاغەدا لە ئەدەبییـاتی تورکیـدا قوتابخـانەی شـیعریی تـازە پەیـدابووبوو، کە کـاریگەریی لەسـەر نوسەران و شاعیرانی کوردیش دروستکرد و نوێگەرییان لە ئەدەبی کوردیدا ئەنجامدا.

ئەم نوێگەرییە لە زمان و وێنەی شیعریی و چەندین لایەنی دیکەی ئەدەبی و هونەریدا دەرکەوت، بەڵام کلتووری تورکی لە ئێستادا زیاتر لە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندن و دراماکانەوە دەگوازرێتەوە بـۆ کـورد و لەمـڕۆدا ئامرازەکـانی بینـین و بیسـتن و خوێنـدنەوە لە گرنگتـرین ئەو ئـامرازانەن، کە کۆمەڵ ئاڕاستە دەکەن، بەتایبەتی تەلەفزیۆن و سینەما لەو ئامرازانەن، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵی کۆمەڵ بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا بەوپێیەی خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژە لە پێکەوەژیان و مێژوو و شارستانییەتی هاوبەش لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بە کۆمەڵـی کوردیشـــەوە، تورکیـا ((خـاوەن پـێگە و سـەرچاوە گەلێکـی کلتـووری و سیاسـی و ئـابووری و تەکنەلـۆژی و میـدیاییە بـۆ بەکارهێنـانی "هێـزی نەرم" و گێـڕانەوەی دەسـەڵاتدارییەتی عوسـمانی

بەسەر ئەو ناوچانەی کە پێشتر حوکمی کردوون لە کەمترین ئاستدا لە ڕووی سیاسی و کلتووری و ئابوورییەوە.)) (قادر،٢٠١٩ :١٤٤)

دیارە هۆکاری خێرا بڵاوبوونەوەی دراما تورکییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم کۆمەڵیانە لێکەوە نزیکن لەڕووی کلتووری و ئایینی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژن و ژنخوازی و پرسە و سەردان و چەندین کلتووری دیکەی هاوبەش ئەم لێکچوونە زۆرانە وا دەکات ئەو گرفت و کێشانەی لەو درامایانەدا باسدەکرێن لە کۆمەڵی ئێمەشدا هەبن؛ بۆیە دراماکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی لە ئێستادا کلتووری تورکی زۆر لە کۆمەڵی کوردیدا ببینرێت.

## ١-٢-٢: کاریگەریی کلتووری ڕۆژئاوا لەسەر کلتووری کوردی:

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا جیهان کۆمەڵێک گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینی، لە هەموو بوارەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان...) بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؛ هەندێک ئەم قۆناغە بە جیهانگیری ناودەبەن، کە ئەم چەمکە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە هاتووەتە نێو زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە جیهانگیری بە مانای بچووککردنەوەی جیهان دێت بۆ گوندێکی بچووک، واتە نەمانی سنوری ئابووری وسیاسی و زانستی و مەعریفی هەموو کۆمەڵەکانی مرۆڤ؛ بە کەمکردنەوەی دووری نێوان کۆمەڵەکان، جا چ لە ڕێگەی بازرگانی کاڵا و شمەکەوە بێت یان لە ڕێگای هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و هۆکارە تەکنەلۆژییەکانەوە بێت، بەگشتی بە جیهانیبوونی کلتوور بەشداریکردنی مرۆڤەکانە، لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا.

پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و نەمانی بەربەستەکانی کات و شوێن، هۆکارن بۆ دروستکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤەکان و گۆڕینی بەهاو نەریت و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، بەم شێوەیە کلتووری جیهانی بەسەر کلتووری ناوچەیی و ئایینیدا زاڵدەبێت.

مرۆڤناسی ئەمریکی (مارگریت مید) کاتێک، کە باس لە گۆڕانی کلتووری دەکات پێیوایە ((کولتووری دونیای ئایندە، کولتوورێکی جیهانییە، کولتوورێک کە نموونەکانی ڕەفتار، زانست و زانیاری تێیدا ستاندارد کراون)) (محسنی، ١٣٨٢(٢٠٠٣): ٢٠٨).

لە ڕاستیدا کلتوور لە هەموو کۆمەڵێکدا ئەو ئامرازەیە، کە لە ڕێگەیەوە تاک هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دەدات؛ لەگەڵ ئەوەشدا، کە کلتوور هۆکاری یەکگرتن

و نزیکبـــوونەوەی تاکەکـــانی نێـــو کـــۆمەڵێکە، بەڵام گۆڕانکـــارییە کۆمەڵایەتییەکـــان و ئەو گۆرانکارییانەی، کە لە مێژووی کۆمەڵێکدا ڕوویانداوە، نیشـانەی گۆڕانی کلتووری و کۆمەڵایەتین، جا چ لە ڕێگەی داهێنان و دۆزینەوەوە بێت وەک ئەوەی، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕوودەدات یـان لە ڕێگەی وەرگرتن و بڵاوبوونەوەی کلتووریی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە بێت. ((کاتێک کە ئێمە بـاس لە پرۆسـەی نوێبوونەوە لە کوردسـتان دەکەیـن، مەبەسـتمان ئەو گـۆڕانە کلتـووری و کـۆمەڵایەتیەیە، کە هەردوو لایەنـی مـاددی و مەعـنەوی کـۆمەڵ دەگـرێتەوە بەشـێوەیەک، کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی بگوازێتەوە.))،(عەزیز، ٢٠٠٦:٢٢).

کەواتە نوێبـــوونەوەی کلتـــووری لە کوردســـتانیش ڕوویـــدا، بە کـــاریگەربوون بە کلتـــوور و پێشکەوتنەکانی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی دراوسێی کوردستان، هەروەها هۆکارە تەکنەلۆژییەکان لەم بوارەدا ڕۆڵی کاریگەرییان گێڕا، لێرەدا پێویستدەکات، چەمکی گۆڕانی کلتووری بناسێنین.

((گـۆڕانی کلتـووری هەمـوو ئەو وەرچەرخـان و گۆڕانـانەیە، کە لە هەربەشـێکی کلتوورێکـدا ڕوودەدات، لە هـونەر، زانسـت، فەلسـەفە، تەکنەلۆژیا، هەروەهـا هەمـوو شـێوە و یاسـاکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و لەوە مەزنتـر هەمـوو جۆرەکـانی گۆڕانی شـێوە و ڕێسـاکانی سیسـتمی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە))، (عەزیز، ٢٠٠٦:٢٢).

کلتووری هەر کۆمەڵێک بە درێژایی مێژوو لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و گواستنەوەی زانیارییەکان و دابونەریـت و هەمـوو لایەنە مـاددیی وناماددییەکـانی گەشـەدەکات؛ بـۆ نمـوونە سـەرهەڵدانی هەر دیـاردەیەکی ڕۆشـنبیری و زانسـتی لە کۆمەڵێکـدا، دەبێتەهـۆی گەشـەکردن و بەرەوپێشـچوونی کلتووری ئەو کۆمەڵە، بەڵام کاتێک باس لە گۆڕانی کلتووری دەکەین مەبەستمان گۆڕانی دیاریکراو و بینــراو و هەســتپێکراوە، چ لەڕووی مــۆرک و خەســڵەتەکانی، چ لەڕووی کــات و زەمەنــی ســەرهەڵدانی گۆڕانکــارییەکە، چــونکە ئەوە دەبێــتە خــاڵی ســەرەتا و دەســتپێکی گۆڕانکــارییە کلتوورییەکە لە کۆمەڵەکەدا.

((کەلتووری هەر کۆمەڵێک لە ڕێگەی چەند فاکتەرێکەوە گەشـەدەکات، یـاخود بـۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگـوازرێتەوە، یەکێـک لەم فـاکتەرانەش بەکۆمەڵایەتیبـوونە، کەوا ڕۆڵێکـی گرنگـی لە گەشــە و گواستنەوەی کلتووردا هەیە. بەکۆمەڵایەتیبوون وەک لە سـەرچاوە کۆمەڵناسییەکان پێناسـەکراوە، بریتییە لە پرۆسەیەک مرۆڤەکان لەو ڕێگایەوە بیروباوەڕ و مەیل، بەهـا و پێوەر و دابونەریت لە کلتووری کۆمەڵ وەردەگرن))، (عەزیز، ٢٠٠٦: ٩١).

کەواتە کۆمەڵایەتیبوون هۆکارێکە، کە بەهۆیەوە تاکی کورد دەتوانێت لە تاراوگەدا خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتی خانەخوێدا و بکەوێتە نێو دۆخی سیستمی ژیانی ئەو کۆمەڵە و تێکەڵاوی ژینگە و ژیانی کۆمەڵایەتییان ببێت. زۆرجار ئەو تاکانەی کۆچدەکەن، دووچاری پێکدادانی کلتووری دەبنەوە، کاتێک کەسێک لە ڕێگەی کلتووری نەتەوەیی خۆیەوە کەسایەتییەکی جێگیری بۆ خۆی دروستکردووە، لە کۆمەڵەکەی خۆیدا، کەچی کە کۆچ دەکات بۆ وڵاتێکی دیکە توشی پێکدادانی کلتووری دەبێت، نازانێت دەست لە کام کلتووریان بەربدات و دەست بە کامەیانەوە بگرێت، ئەم حاڵەتەش دڵەڕاوکێ و نەگونجانی کۆمەڵایەتی لای تاک دروستدەکات، لە هەندێکجاریشدا پێکدادانی کلتووری دەشێت ڕۆڵێکی باش و پۆزەتیڤی هەبێت؛ کاتێک تاکەکان سەرسام دەبن بە دنیای تازە بینراوی تاراوگە بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی؛ بۆنموونە ئەو پێشکەوتنانەی دونیای ئەلیکترۆنی بەرهەمیهێناوە، بەئاسانی لای تاکی تاراوگە پەسەنددەکرێت، ئەمە جگەلەوەی، کە هەوڵی گواستنەوەی ئەم پێشکەوتنانە دەدات بۆ وڵات و کۆمەڵەکەی خۆی. هەوڵدەدات زمانی نەتەوەی خانەخوێ فێرببێت تا باشتر بتوانێت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانیدا دروستبکات و ئاشنای تەواوی گەشە و پێشکەوتنە جیاوازەکانیان ببێت و هەوڵی گواستنەوەی بدات بۆ وڵات و نیشتیمانی خۆی. بەمەش کاریگەریی کلتووری دروستدەبێت .

نەتەوەی کوردیش بەهۆی چەندین بارودۆخی جیاوازەوە تاکەکانی ڕێگەی کۆچکردنیان گرتووەتەبەر بۆ وڵاتانی ئەوروپا و لەوێ کاریگەربوون بە کلتووری ئەوروپی و بۆ وڵاتی خۆیانیان گواستووەتەوە، لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردیدا. یەکێک لە هۆکارەکانی کاریگەریی کلتووری هاتنی ڕۆژهەڵتناسەکان بووە بۆ کوردستان و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. ((لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمان و ڕووس لەلایەک و خەمخۆران و دڵسۆزانی کورد- بە کوردانی یەکێتی سۆڤیەتەوە- لە لایەکی دیکەوە، کەوتنە کۆکردنەوە و نووسینەوەی گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی و بێگومان بەم کارەیان خزمەتێکی گەلێک مەزن و بەرچاوی کەلتور و کەلەپووری کوردییان کردووە و لەفەوتان و لەناوچوون دەربازیان کردووە و وەک کەرەستەیەکی خاو خستوویانەتە بەردەست.))، (توفیق، ٢٠٢١: ١٢-١٣).

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ساتی بەریەککەوتنی کلتووری خۆرهەڵات و خۆرئاوابوو، سەرەتای هاتنی تەوژمە کلتوورییەکانی ڕۆژئاوابوو، بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو، لە ئەنجامی کرانەوەی خۆرئاوا بەڕووی خۆرهەڵاتدا و لە ڕێگای داگیرکاری وڵاتە زلهێزەکانەوە بۆ وڵاتانی لاواز و ژێردەستە و هەروەها لە ڕێگای کۆچکردنی بەشێکی زۆری گەنجان و نوسەرانی

کورد بۆ ئەورووپا و پەیدابوونی بزوتنەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان لە وڵاتانی ئەورووپا هۆکـاری سـەرەکی بـوون بـۆ گواسـتنەوەی کلتـووری ڕۆژئـاوا بـۆ ڕۆژهەڵات، هەروەهـا هـاتنی گەشتیارو ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپییەکان بۆ کوردستان و لێکۆڵینەوە لەشێوازی ژیان و کلتووری کـۆمەڵی کـوردی بـوو بەهـۆی ئاشـناکردنی وڵاتـانی ئەورووپـی بە کلتـوور و نەریتـی کـورد و بیروباوەڕی ئایینی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها وەرگرتنی فرسەتی خوێندن لەلایەن گەنجانی کوردەوە هۆکارێکی گرنگ وکاریگەرە بۆ کاریگەربوونی کورد بە کلتـووری ئەورووپـی و گواسـتنەوەی ئەوکلتـوورانە بـۆ کوردسـتان. ((لە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەهەمەوە، شـاڵاوێکی نوسـەرانی ڕۆژئـاوایی ڕوویـان لە ڕۆژهەڵات کـردووە، بەتـایبەتی لە (١٨٠٠-١٩٠٠)، کەچی بە پێچەوانەوە بە دەگمەن نوسەرانی ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆشتوون، ئەگەر دانەدانەش هەبووبێـت بەو مەبەسـتە هـاتوون، سـود لە کلتـوورێکی دیـار و بەرجەسـتە وەربگرن و لە بەرامبەردا مات و دۆشداماو بن؛ ئەنجامی سەردانی گەڕیدەکان بۆ ڕۆژهەڵات لە (١٨٠٠-١٩٥٠) نـزیکەی شەسـت هەزار کتێبـی لە بـارەی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک (لە جیهـانی ڕۆژئـاوا) لـێکەوتەوە؛ بە پـێچەوانەوە ژمـارەی ئەو نووسـراوانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە بـارەی ڕۆژئـاواوە نووسراون هەرگیز بەراورد ناکرێن.))، (حوسێن،نازم، ٢٠٢٠: ٣٧).

لەنـاو ئەم تەوژمە کلتوورییانەشـدا بێگومـان هـاتنی تەوژمـی کلتـووری ئەدەبی ئەورووپـیش بـۆ ڕۆژهەڵات بەدیـدەکرێت، میللەتـانی ڕۆژهەڵاتـیش هەریەکە و بە ئەنـدازەی خـۆی ئەو تەوژمە ئەدەبییەیـان وەرگـرت و هەوڵیانـدا ئەدەبـی نەتەوەییـانی پـێ نـوێبکەنەوە، کەوتـنە سـودوەرگرتن لە ئەدەبی ڕۆژئاوا، کوردیش وەکو نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی، بێبەش نەبوو لەو کاریگەرییانە، سودی لە کلتووری ئەدەبی ڕۆژئاوایی وەرگرت و ئەدەبییاتی کوردی پێ نوێکردەوە، بێگومان ئەو تەوژمە کلتوورییە ڕۆژئاواییەش، کە ڕووی لە ئەدەبییاتی کوردی کردبوو، لە ئەدەبیاتی چەند میللەتێکەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەوانە ئەدەبییاتی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی ئەو ئەدەبە بوو، کە بەشێوەیەکی بەرچاو شاعیرانی کورد گەڕابوونەوە سەری و وەک سەرچاوەیەکی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی سـودییان لێـوەرگرت، شـێوازی داڕشـتنی شـیعری ئینگلیـزی کەم و زۆر لە بەرهەمـی شـیعری شاعیرانی کوردی نوێکەرەوەدا دەبینرێت، ئەم سودوەرگرتنەشیان لە ڕێگای زانینی زمانی ئینگلیزی و ناسینی ئەدەبیاتەکەیانەوە دێت، هەروەهـا وەرگێڕانـی بەرهەمە ئەدەبییە بەنرخەکانی ئینگلیز بۆ سەر زمانی کوردی ڕێگایەکی دیکەی گواستنەوەی کلتووری ئەدەبی ئینگلیز بوو بۆ کورد.

کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی هۆکارێکی دیکەی گواستنەوەی کلتووری ئەدەبی ئەورووپا بووە بۆ کوردستان، زۆرجار گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و ناسـینی کەسـانی دیکە و ئەدەبناسـانی وڵاتـانی دیکە

هۆکارێکی زۆر باشە بۆ گواستنەوەی کلتووری ئەدەبی ((نەبوونی سنووری سیاسی قورس و سەفەر و هەندێجار کارەساتی سروشتی و جەنگە گەورەکان بەتایبەتی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی وایکردووە، ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و نوسەریش ئاوارە بوون یان خۆیان سەفەریان کردووە، بۆئەوەی نەبنە سوتەمەنی ئەو شەڕانە، هەروەک ئەوەی ژمارەیەک نوسەری بە ڕەچەڵەک جیاواز لە یانەی شەوانەی زیوریخ لە سویسرا کۆدەبوونەوە و باسی ئەدەبییاتی سەردەمیان دەکرد و لەوێدا ئاشنای ڕەوتی ئەدەبییاتی نەتەوە و زمانە جیاوازەکان دەبوون.)). (حوسێن،نازم، ٢٠٢٠: ٥٠).

ئاشکرایە بەشێکی سەرەکی کلتوور بریتییە لە: (ئەدەب و هونەر) ئەگەرچی مێژووی ئەدەبی کوردی بە بەراورد بە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە زۆر کۆن نییە، مێژووی نووسینیش بە کوردی زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی، بەڵام ئەدەب و هونەر وەک بەشێک لە کلتوور، زیندوویی و هۆشیاری نەتەوە لە بوارەکانی فیکری و مەعریفەدا دەردەخات، ئەدەبی کوردیش یەکەمین بواری زیندووە، کە هۆشیاری نەتەوەیی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە هەر کرداری نووسین بە زمانی کوردی سەرەتای دروستبوونی گوتاری نەتەوەیی کوردییە، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کاریگەریی کلتووری ئەورووپی لەسەر کلتووری کوردی (جەنگ و شەڕوشۆڕە) ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە، کە هەمیشە میللەتی براوە کلتووری خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا سەپاندووە، کە ئەمەش کاریگەریی کلتووری دروستکردووە، هیچ ئەدەبێکی نەتەوەیی بەبێ سوودوەرگرتن لە میللەتانی دراوسێی خۆی، ناتوانێت خۆی تازەبکاتەوە و هەنگاو بەرەو جیهانیبوون بنێت، کەواتە کاریگەریی کلتوورە جیهانییەکان لەسەر یەکتری زۆر پێویستە، تاوەکو گەشە و گۆڕانکاری لە وڵاتانی دونیادا ڕووبدات و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێن.

## ١-٢-٣: ڕۆڵ و کاریگەریی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لەسەر کلتوور:

چەمکی کلتوور چ تایبەتی بێت یان گشتی، بە هەموو شێوە و ناوەڕۆکەکانییەوە کاریگەریی پێشکەوتن و پەرەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیای دەکەوێتەسەر، هیچ گومانیش لەوەدا نەماوە بڵاوبوونەوەی خێرا و بەرفراوانی مەعریفە و بیروبۆچون و زانیارییەکان بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای پەیوەندیی و گەیاندنەوە، کاریگەریی و دەرەنجامی خۆیان لەسەر سیستەمی بەها و ڕەفتار و کلتوور بە شێوەیەکی گشتی هەیە، دیارە زیادبوونی سکاڵا و نیگەرانی لە مەترسییەکانی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لەسەر ناسنامە و تایبەتمەندییە کلتووری و ژیارییەکان، بەڵگەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ئێستادا هەیە و بەردەوامیش دەبێت، جاران ڕەوتی

پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکان هێندە خاوبوون، خەڵکی هەستییان بە گۆڕانی ناسنامە و کلتوور و دید و بۆچونیان لە جیهاندا نەدەکرد، بەڵام ئەمڕۆ هەوڵی گەورە و ڕاستەقینە لە ئارادایە بۆ پارێزگاریکردن لە خەسڵەتە دیارەکانی کلتوور، ئەم پارێزگاریکردنەش بەهۆی پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری زانست و تەکنەلۆژیای کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەکرێت، چونکە پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا لە ئەمڕۆدا بەشێوەیەکە خەڵکی زۆر بە باشی هەست بەو گۆڕانکارییە گەورانە دەکەن، کە بەسەر جۆری ژیانی سیاسی و ئابووری تەواوی کۆمەڵەکاندا هاتووە، جارێکی دیکە بیر لە بەها و نەریتەکانی پێشوی خۆیان دەکەنەوە و هەوڵی پاراستنی دەدەن لە تەوژمەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، چونکە تەکنەلۆژیا توانای زۆری هەیە لە گۆڕینی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆڤایەتی.

((لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، مرۆڤایەتی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، کە سەردەمی شۆڕشی ڕاگەیاندنە، بە هەموو ماناکانییەوە، سەرکەوتنی لایەنێک لە جەنگێکی نێودەوڵەتیدا، سەرکەوتنی سیاسەت و سیستمە ئابوورییەکەیەتی، هەر بۆیە شەرعییەت بە پێشڕەویکردنی خۆی دەبەخشێت؛ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندنەوە، هەوڵی دەستدرێژی دەدات بۆ تەواوی کۆمەڵەکانی دونیا.))، (محمد،٢٠١٧: ٤٩)

بێگومان هۆیەکانی ڕاگەیاندن سودی بۆ بەکاربەر هەیە و دەبێتە هۆی ئاسان دەستکەوتنی زانیاری و نزیککردنەوەی شوێنە جوگرافییە دوورەکان و نەمانی سنوور لە نێوان وڵاتانی جیهاندا، هەروەها هەوڵی بڵاوکردنەوەی پێوەرە نوێیەکان دەدات لە نێوانیاندا، جیهانگیری کلتووری، هەوڵی نزیککردنەوەی کلتوورەکان دەدات لە یەکتری، جیاوازییە کلتوورییەکان دەتوێنێتەوە و سنورەکان کاڵدەکاتەوە.

ڕەهەندەکانی ئایینی و نەتەوەیی و هەروەها زمان لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی شوناسن، لە هەمان کاتدا پێکهێنەری کلتووریشن، شوناس بەبێ کلتوور نابێت و کلتووریش بەبێ شوناس نابێت، چونکە زمانیش بەرهەمی کلتوورە و بەشێکیشە لە کلتوور، بەهۆی زمانەوە پرۆسەی وەرگرتنی کلتوور بەرجەستە دەبێت، جیهانگیری کار لەسەر بەکارهێنانی زمانێک دەکات هەموو جیهان بەکاریبهێنن زمانێک توانای گەیاندن و تێگەیشتن و پێگەیاندنی زۆرترین خەڵکی هەبێت لە جیهاندا، بۆ نموونە لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی ناوەندێکی گرنگی گواستنەوە و کاریگەریی کلتووری نەتەوەکانی جیهانە.

((له ڕابردوودا کاتێک تەکنەلۆژیای پەیوەندیی و ڕاگەیاندن و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت بوونی نەبوو، چیرۆکە میللییەکان سەرچاوەی سەرەکی تێرکردنی خەیاڵی خەڵکی بووە، بە وێنەی ئەفسانەیی سەبارەت بە ژیانی دەستە بژێر و چێژی بەکاربردن لای ئەم توێژە، بەڵام ئەمرۆ خەڵکی بە ڕوونی هەست بە جیاوازییە چینایەتییەکان دەکەن، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەلایەک ئەم دۆخە دەخەنە بەرچاو، لە لایەکی دیکەوە دەرخستنی ئەم واقعە دەبێتە بنەما بۆ هاندانی بەکاربردن.)) (محمد،٢٠١٧: ٦٠)

تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن دەبنە هۆکاری وورووژاندنی حەز و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ، بۆیە تێرکردنی ئەو ئارەزووانە بە شێوەیەکی خۆپەرستانە لە لایەن مرۆڤەوە وا دەکات مرۆڤ بە خۆی سەرسام بێت تا ئەوانیدیکە، هەر ئەمە وادەکات، مرۆڤ لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆی و خێزانەکەیەوە هەوڵی خۆنمایشکردن بدات، ئەم پڕۆسەیەش بەمە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەم هەوڵدانە بەردەوام دەبێت بۆ خاوەندارێتیکردنی ئەو شمەک و خزمەتگوزارییانەی بەردەوام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت .

ئەمە ئامانجی سەرەکی جیهانگیریی تەکنەلۆژییە، کە پێداویستییەکانی مرۆڤیش وەک زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو و کۆتایی نەهاتووە، کە مرۆڤی لە بوونەوەرێکی بەرهەمهێن وئاقڵەوە گۆڕیوە بۆ مرۆڤێکی بەکاربەر.

((یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا، گۆڕینی بەکاربردنە بۆ سمبولی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و بەختەوەری تاکەکەسی، کردنی بەکاربردن بە ئایدۆلۆژیا، زیاتر لەسەر وێنە و وروژاندنی هەست کاردەکات، لە ڕێگەی بانگەشە و دیمەنی تەلەفزیۆنی و ئاکاری کۆمەڵایەتی خۆی نیشانبدات و ببێتە بەشێک لە دیمەنە باڵادەستەکانی ناو فەزای گشتی، ئەم پڕۆسەیەش لە دەرەوەی ئیرادەی کۆمەڵەوەیە، جیهانگیری بەبێ لەمپەر کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم دۆخە دەکات، لەم کارەشدا پێویستی بە ڕۆشنبیران و تێکست و نووسین نییە، واتە ڕۆشنبیران بەشدار نین لە بەرهەمهێنانی ئەم کلتوورەدا، ئەم ئایدۆلۆژیایە هێندەی پێویستی بە فۆتۆگرافەر و ڕیکلامسازەکانە، هێندە پێویستی بە ڕۆشنبیران نییە، زمانی سەرەکی ئەم کلتوورە کەمتر زمانی قسەکردنە بە تێکست زیاتر زمانی خۆنمایشکردنە لە ڕێگەی وێنەوە.)) (قانیع، ٢٠١٢: ٧٠-٧١).

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە هەمووشتێکی دیکە زیاتر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی گۆڕیوە، لە خوێندنگە لە کار و پیشە لەماڵەوە، لە کاتەکانی دەستبەتاڵی، لە هەموو ئەو ئامێرانەش، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا

بەکاریاندەهێنین؛ بۆیە ژیانی ئەم سەردەمە لە هیچ شتێکدا لە ژیانی دە ساڵی پێش ئێستامان ناچێت، کەواتە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت هەموو ڕێچکەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵی گۆڕیوە و کلتووریش بە هەموو پێکهاتەکانییەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە و کرانەوەیەکی زۆر لە نێوان کلتووری نەتەوە جیاوازەکانی دونیادا دروستبووە.

((بێگومان ئەم بڵاوبوونەوە خێرا و بەرفراوان و بێ کۆتوبەندەی زانیارییەکان، ئاسەوار و دەرەنجامی دەبێت لەسەر سیستمی بەها و ڕەفتار و کلتوور بە شێوەیەکی گشتی و کاریگەریشی بۆ سەر تایبەتمەندییە کلتووری و ژیارییەکان دەبێت، بەڵام دەبێت لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە بابەتییانە ئەو ئاسەوارانە هەڵبسەنگێنین و ئەو(واقیع) و ڕەوتە بەڵگەنەویستانە جیابکەینەوە، کە هیوادارین لە کلتوورەکەماندا بە بەردەوامی هەبن، کە لە واقیعیشدا بووەتە بەڵگەنەویست)) (حەسەن ، ٢٠١١: ٣٤).

گومانی تێدانییە، کە شۆڕشی زانیارییەکان و تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندییەکان، لە ئێستا و داهاتوودا بە شێوەیەکی فراوانتر و خێراتر کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خۆمان و نەوەی داهاتوومان دەبێت، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش لە ئێستادا زۆر کار لەسەر ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن دەکات  و بەکاریاندەهێنێت، بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە دووبارە پێکهێنانەوەی ڕۆشنبیری و گۆڕینی گۆشەنیگاکان و بینین و دیدمان بۆ جیهان بەشداردەبێت، ئەوەی کە پێشتر بیرلێکردنەوەشی بە خەیاڵبڵاوی دادەنرا، ئەمڕۆ زانست و تەکنەلۆژیا تێپەڕاندووە و کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەقڵی مرۆڤ بتوانێت، پێشبینی ئاییندەبکات، لە ڕاستیدا مرۆڤ لە ئێستادا ترسێکی زۆری هەیە لەسەر ئەو بەها و ئاکارە چەسپاو و جوانانەی لە ژێر هەڕەشەی شۆڕشی گەیاندن و زانیارییەکاندان، بەڵام ترس چارەسەر نییە، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەردەوامە و بە تێپەڕینی کات مرۆڤ لەگەڵ ئەو نەرێنی گۆڕانکارییە کلتوورییانەشدا ڕادێت، هەموو بیروباوەڕ و نەریتەکانی ناو کۆمەڵ بە پێی پێویستی ژیان لەگەڵ سایکۆلۆژیای تاک و سایکۆلۆژیای گشتی دەگونجێت، هەر ئەمەش وادەکات پەیڕەوکردنیان لەلایەن تاکەوە بە ئۆتۆماتیکی و یەکسەری بێت؛ بۆیە لە کاتی لێلادان و شکاندنی ئەم دابونەریتانەدا بەرەنگاربوونەوە دروستدەبێت، ((پێشکەوتنی بنەمای ژیانی ماددی بەبێ پەرەسەندنی زانست و زانیاریی ناو کۆمەڵ ڕوونادات، مەعریفەی (زانیاری ) پشتبەستوو بە زانست، ڕوانگەی تاک دەگۆڕێت و بەرەو سەربزێوی و داواکردنی گۆڕینی هەندێک دابونەریت و باوەڕی دیاریکراو پاڵیدەنێت. ژمارەی زۆری تاکەکان دیاردەی دڵەڕاوکێ و گومان و جووڵانی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت، ئەوە دەبێتە سەرەتای قۆناغێک، کە

کۆمەڵ دابەش و نیگەران دەکات، لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ، گەشەکردن لە هەموو بوارەکان وادەکات قۆناغی نوێ جێگیر بێت و گۆڕین ڕووبدات.)) (قادر، ٢٠٢١: ٩٥).

بێگومان قۆناغی نوێش نەریت و ڕەفتار و سایکۆلۆژیای نوێ دێنێت، هیچ گۆڕانێک لە کۆمەڵدا بە بێ گونجانی سایکۆلۆژی ڕوونادات، سروشتی مرۆڤ وایە پێویستی بە گونجانە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و بمێنێتەوە. ڕاگەیاندن وەکو ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری بە جەماوەر و پەرەسەندنی فەرهەنگی نەتەوایەتی و پاراستنی زمان بە هەموو بەشەکانییەوە، بۆ دنیای ئەمڕۆ دەورێکی یەکجار کاریگەریی لە کۆمەڵدا هەیە، کەرەستە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چ وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و چ وەک گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و چ وەک سینەما و شانۆ، هەریەکەیان لە شوێن و جێگەی خۆیەوە لە بوارەکانی ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردە، زمانەوانی داهێنان و زانست و فێرکاری و...هتد، وەکو پێویستییەکی کۆمەڵ بۆ بەرەوپێشبردنی لە هەموو بوارەکاندا و هەروەها بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕووداوەکانی ڕۆژ لە هەموو بوارەکاندا لە ناوخۆ و دەرەوەی هەر کۆمەڵێکدا خۆیان دەردەخەن.

ئەگەر ئەم ناوەند و کەرەستە و زانستانە بە شێوەیەکی ئەرێنی و لە ژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕ و شارەزادا کەڵکیان لێوەرنەگیرێت، بێگومان زیانی زۆر گەورە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ دەگەیەنن و کلتووری نەتەوایەتیش دەشێوێنن، دەتوانین بڵێین هەندێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان لە ڕێگەی پەخشکردنی هەندێک لەو دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنیانەی، کە وەرگێڕانیان بۆ کراوە بۆ سەر زمانی کوردی، کاریگەریی نەرێنی زۆریان لەسەر کلتووری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسی کۆمەڵی کوردی دروستکردووە، بەتایبەتی زنجیرە فیلمە تورکییەکان، چونکە لەکاتی بەرهەمهێنانیاندا ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی وڵاتی تورکیا کراوە؛ لەبەرئەوەی کورد نەیاری تورک بووە هەمیشە هەوڵدراوە وێنەیەکی ناشرینی کورد نیشانی دەرەوە بدرێت؛ بۆیە دەبینیت کورد بە تیرۆریست ناوبراوە، لە دیوە کۆمەڵایەتییەکەوە بە نەزان و نەفام و ناشارستانی نیشانیدەدەن، کە هەموو ئەمانە پێچەوانەی کەسایەتی نەتەوەی کوردە، هەروەها لەم ڕۆژگارەدا میدیای کوردی بەشێک لە کلتووری جنێودانی بڵاوکردووەتەوە لە ڕێگەی ئەو بەرنامانەی، کە بە ناوی ئازادی بیرووڕاوە پەخشدەکرێن، هەروەها سۆشیال میدیای کوردی ئەمڕۆ هەمووی پڕبووە لە شەڕە جنێو و بۆچونی ناڕەوا بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵ بەکاردێت، کە ئەم کلتوورە کاریگەریی زۆری لەسەر کلتووری کۆمەڵایەتی دروستکردووە، خەریکە دەبێت بە بەشێک لە ڕەفتاری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ و ڕێز و سۆز کەمدەبێتەوە لە نێوان مرۆڤەکاندا مرۆڤبوون بە گشتی لە کۆمەڵدا لاوازدەبێت.

ئەمە جگە لەو ڕۆڵە خراپەی هەندێک لە ڕاگەیاندنەکان دەیبینن لە شێواندنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی، ئەم هەڵانە دەچنە ناو کۆمەڵەوە و دیسانەوە بەکاردێنەوە لە لایەن مرۆڤەکانەوە و فەرهەنگی ڕەسەنی زمانەکە لەناو دەچێت.

## ١-٢-٤:کلتوور و ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان:

یەکێک لە سیما دیار و پێشکەوتووەکانی ئێستای کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بریتییە لە توند پێکەوەنوسانی کلتوور و سیاسەت، سیاسەت لە بواری کلتووردا وەک چۆن لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا، چالاکییەکانی خەڵک ئاراستە دەکات، کلتووریش بە دەوری خۆی بە درێژایی مێژوو کاریگەریی لەسەر سیاسەت هەبووە، ئەویش لە ڕێگەی وێناکردنەکانی بۆ جیهان، هەروەها دارشتنی بەها و شێوازەکانی ڕەفتارەوە ((کولتوور لە نەریتی هزریی مارکسیسم دا بە جۆرێک ئایدیۆلۆژی دادەنرێت، بە گوتەیەکی دیکە هەر جۆرە توخمێکی کولتووری لە خزمەتی بەرژەوەندییەکی دیاریکراودایە، هەرچەندە، کە بەردەوام هەوڵدەدات ئەم ئەرکەی خۆی بشارێتەوە، کەواتە کولتوور و کولتوورسازی بێلایەنانە بوونی نییە و پانتایی کولتوور بەردەوام گۆڕەپانی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان بووە، لە سیستمی سەرمایەداریشدا کولتوور بەردەوام لەخزمەتی ئەم سیستمەدابووە و هەروەک ئامرازێک بۆ شاردنەوە یان پاساودانی ناتەبایی و دژوازییەکانی ئەم سیستمە بەکارهێنراوە.)) (گوڵمحەمەدی،٢٠٠٧: ٢١٦).

بیری سیاسی یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کلتوور، سەرەڕای ئەمەش هەر بەرهەمێکی فیکری وەک پێکهێنەرێک لە پێکهێنەرەکانی کلتوور بواری ئەوەی هەیە ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پێکهێنانی هۆشیاریی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر بمانەوێت لە پرۆژەیەکی سیاسیدا بەکاریبهێنین، لە ئاستی شارستانی و ژیاریدا دوو ڕێگە هەیە بۆ کارلێککردنی کلتوور و سیاسەت: (( ١-گەشەکردن، ٢- شۆڕشگێڕی، یەکەمیان پەیوەستە بە هاوپەیوەندیدارییەتی نێوان کلتوور و سیاسەت لە ناو شارستانییەکەدا، ئەمە لە میانی گۆڕانێکی ئاساییانەی کلتوور خۆی ڕوودەدات، سەرپۆشە دەوڵەتی و سیاسییەکەش بە شێوەیەک خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا دەگونجێنێت، کەچی لە ڕێگەی دووەمدا گۆڕانکاری سیاسی پێش کلتوورییەکە دەکەوێت، بوارە دەوڵەتی- سیاسییەکە هاندەر و ڕێخۆشکەر دەبێت (یان تەنانەت وروژاندن- ئیستیفرازیش دەکات) بۆ گۆڕانی کلتووری، لێرەشدا هاندەرە سەرەتاییەکانی گۆڕان هەمیشە لە کلتووری شارستانییەتەکانی دیکەوە دێن، لە ناوەڕۆکیشدا ڕێگەی شۆڕشگێڕی فۆڕمێکی توندوتیژییە دژ بە کلتووری بێگانە، ڕەتکردنەوەی

کـارلێککردنی پلورالیسـتانەی گەشـەپێکردنی کلتـووری مرۆڤـایەتی هاوبەشـە))، (ڤ.ئی.ئۆڤچـاننیکۆڤ، ٢٠٠٩/٧/٥: ١١٧)

واتە لە شارستانییە جیاوازەکاندا دوو ڕێگا هەیە بۆ کارلێکردنی کلتوور و سیاسەت، کە ئەوانیش گەشـەکردن و پێشـکەوتنی کـۆمەڵ و شۆڕشـگێڕییە، واتە دوو ڕێگـای سـەرەکین بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەریی لە نێـوان کلتوورەکانـدا، لە زانسـتی سیاسـی نیشـتیمانی و دەرەوەدا ڕای جیـاواز هەیە سەبارەت بەوەی (کەلتوری سیاسی ) چی دەگەیەنێت، (( چەمکی "کەلتوری سیاسی" بۆ یەکەمجـار فەیلەسـوف و ڕۆشـنگەر(منور) ی ئەڵمـانی، "ئی.هێـردەر" ، لە سـەدەی هەژدەدا بەکاریهێنـاوە. لە ئەنجامدا بەتایبەتی لە کۆتـایی سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، ئەم چەمکە چالاکانە لەلایەن قوتابخـانە زانسـتییە جۆراوجۆرەکـانەوە بەکارهـاتووە، زیـاتر قوڵبـونەوە لە نـاوەڕۆکی کلتــووری سیاســی لە کتێبــی زانــای ئەمریکــی (.ئالمۆنــد) بە نــاوی "بەراوردکردنــی سیســتمە سیاسییەکان" (١٩٥٦) دابوو ))،(میران، ٢٠١٠: ١٦٨).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێـت، کە بـۆ یەکەمجـار چەمکـی کلتـووری سیاسـی لەلایەن ئەڵمانییەکـانەوە بەکارهـاتووە و کـاری لەسـەر کـراوە، بـۆ ئەوەی نـاوەڕۆکی کلتـووری سیاسـی ڕوونبکەیـنەوە، پێویســتە لە ســەرچاوە ســەرەکییەکەیەوە بــڕوانین، هەر کلتوورێــک بــریتییە لە پێکەوەبــوونی ئۆرگانییانەی هۆشیاری و ڕەفتارەکانی تاکەکانی کۆمەڵ، کلتووری سیاسی هەمـوو تایبەتمەنـدی و چۆنایەتییەکانی ژیانی سیاسی تێیدا ڕەنگدەداتەوە؛ بۆیە نابێت کلتوور بە تەنیا بە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵەکانەوە ببەستینەوە، لە پێکهاتەی کلتووری سیاسیدا چەندین تـوخم هەیە، کە بریتین لە (تـوخمی کۆزانیـاریی، کۆزانیـاریی سیاسـی، ڕۆشـنبیری سیاسـی، هۆشـیاری سیاسـی، شـێوازەکانی بیرکـردنەوەی سیاسـی)، هەروەهـا نرخانـدنی مەعـنەوی، لەگەڵ ڕەفتـار و نەریتەکـان ئەمانەش لە توخمەکانی کلتووری سیاسین، ((سیاسـەت وەکو زاراوە هەمـوو ئەو بیـر و چالاکییـانە دەگـرێتەوە، کە پەیوەنـدییان بە کاروبـاری هەڵسـوڕاندنی حـوکم و جـۆری دەسـەڵات و سیسـتمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مـرۆڤەوە هەیە، بەو مەعنـایە سیاسـەتیش لە بـاری مێژووییەوە، یەکێکە لە پایە و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، واتە دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، بە مەبەستی پێشکەوتن و شارستانییەت.)) (صعب، ١٩٧٧: ٢٠-٢٤).

بیروباوەڕی سیاسی لە کۆنەوە لە ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە، واتە مەســەلەکانی خۆشەویســتی نیشـتیمان و مـیللەت پەروەری و شــانازیکردن بە نەتەوە و زمــان و دابونەریتی نەتەوەیی، هەروەها بە شان و شکۆی میر و پاشا و سەرکردەکانی کورددا هەڵگوتن.

((تەنانەت ئاوڕدانەوە لە زمانی نەتەوەیی لە بری زمانی بێگانە، کە زمانی موعتەبەر و باوی ئەو سەردەمانە بوون، جۆرێکە لە دیاردە و هەڵوێستی سیاسی، (نیشتیمانی و نەتەوەیی)، لای شاعیرانی کلاسیکی کورد، هەر ئەمەش سەرەتایەک بووە بۆ سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی. ئینجا شیعر هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پەروەردەکردنی گیانی نەتەوەپەروەریی و نیشتیماندۆستی لە دەروونی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کەشیعر هەڵگری پەیامێکی سیاسی بووە لە سەردەمی کۆن و تازەدا.)) (خضر، ۲۰۰۱: ۲۸).

دەتوانین بڵێین خانی شاعیر ڕابەری شیعری سیاسی کوردییە، هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە وەکو (تاج، تەخت، ئالا ،سوپا، پایتەخت....) ((بانگی کوردی کردووە بۆ یەکگرتن لە ژێر سایەی (شایەکی کورد) و (تاجێکی کوردی) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی)) (نەبەز، ۱۹۸۵: ۳).

واتە کلتووری سیاسی و ئایدۆلۆژی وەک بەشێک لە کلتووری کوردی هەر لە کۆنەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە و شاعیران بیروبۆچوونە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبییەوە گەیاندووەتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی چینە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵ، ئاراستە گشتییەکەی کلتووریش هەڵوێستە بەرامبەر بە دەسەڵات، بەرامبەر بە دیاردە سیاسییەکان، توخمی مەعریفی دەورێکی گرنگی هەیە لە کلتووری سیاسیدا، چونکە توانای زانین و تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە سیاسییەکان بۆ خەڵک دەرەخسێنێت. کلتووری سیاسی لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا، ئەرکێکی گشتی جێبەجێدەکات، کە ئەویش ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی تاکە، بە کۆمەڵایەتیکردن کاریگەرییەکانی کۆمەڵە بۆ سەر تاک، کە ئامانجی دروستکردنی کەسایەتییەکە، کە بتوانێت پێداویستییەکانی کۆمەڵ جێبەجێبکات، زۆربەی زانایانیش لەوەدا یەکن، کە پێگەیاندنی کەسایەتی سیاسی بەستراوەتەوە بەوەی، کە تاک دەبێت ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵ وەربگرێت و کەسایەتی سیاسی خۆی لەسەر بونیاد بنێت. ((سیاسەت: وەکوزاراوە هەموو ئەو بیر و چالاکییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە کاروباری هەڵسوڕاندنی حوکم و جۆری دەسەڵات و سیستمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە، بەو مەعنایە سیاسەتیش لەباری مێژووییەوە، یەکێکە لەپایە و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، واتە دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، بە مەبەستی پێشکەوتن و شارستانییەت))، (صعب، ۱۹۷۷: ۱۲۱).

کەواتە سیاسەت و هونەر بە شێوەیەکی گشتی وەکو دوو لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ سەیردەکرێن، یان دوو پایەی گرنگی ئەم ژیانە پێکدەهێنن، بەدرێژایی مێژوو هاوتەریب و هاوشانی یەکتری دەڕۆن ، هەر لەمەوە دەتوانین بڵێین خاڵی هاوبەشی نێوان سیاسەت و ئەدەب هەمان بابەتە، کە مرۆڤ و ژیانە، هەردووکیشیان وەکو دوو دیاردە لە کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرن، هەر لەکۆمەڵشدا بەئامانج دەگەن؛ بۆیە دەوترێت نابێت ئەدەب و سیاسەت وەکو دوو مەسەلە و دوو جیهانی جیاواز و لێکدابڕاو سەیربکرین، واتە ئەدەب و سیاسەت پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بیروباوەڕی سیاسی لە کۆنەوە لە ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، مەسەلەی خۆشەویستی خاک و گەل و نیشتیمان، میللەتپەروەری، شانازیکردن بە قەوم و زمان و دابونەریتی نەتەوەیی، بە شان و شکۆی میر و مەزن و سەرداری کورددا هەڵگوتن، لە زووەوە بووە بە باس و بابەتی شیعری کوردی، تەنانەت ئاوڕدانەوە لەزمانی نەتەوەیی لەبری زمانی بێگانە، کە زمانی باوی ئەو سەردەمانە بووە؛ جۆرێکە لە دیاردە و هەڵوێستی سیاسی یان نیشتیمانی و نەتەوەیی لای شاعیرانی کلاسیکی کورد، هەرئەمەش سەرەتا بووە، بۆ سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی، هەروەها شیعر و ئەدەبییات هەر لە زووەوە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە پەروەردەکردنی گیانی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لە دەروونی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە شیعر لە سەردەمی کۆن و تازەدا هەڵگری پەیامێکی سیاسی بووە. کلتوور وەک ناسنامەی کۆمەڵ، بناغەیەکی هاوبەش بۆ پێکەوە هەڵکردن و خۆناسینی نەتەوایەتی دادەهێنێت، سەرەنجامی ئەمەش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و چوارچێوەیەکی دەستورییە، تا لەم ڕێگایەوە کلتوورەکە مانایەکی نوێی سیاسی و ئازادییەکی دەستوری ئەوتۆ دابینبکات، هەروەها کلتوورەکە بەرەوپێش بەرێت، کەواتە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت پەیوەندییەکی پتەو و پێکەوە بەستراویان هەیە لەگەڵ کلتوور و هەرگیز ناکرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە.

((ئەمرۆ جیهان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەیەکی بەرهەمهێن، بەرەیەکی بەکارهێن، بەکاربردن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، لە بەرژەوەندی گەشەپێدان و شارستانییەتە؛ لە کاتێکدا لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان هۆکاری دواکەوتنە، وڵاتانی بەرهەمهێنەر ئەوە بەکاردەهێنن کە بەرهەمیدەهێنن، پرۆسەی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە زیاددەکات، وڵاتانی دیکە سەرقاڵی بەکاربردنی ئەوەن، کە یەکەم بەرهەمیدەهێنێت، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی دواکەوتن و بەهەدەردانی توانا ماددی و مرۆییەکان.))، (محمد،٢٠١٧: ٦٤).

واته پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و پتەو لە نێوان ڕەوشی ئابووری و سیاسی هەر کۆمەڵێکدا هەیە، چونکە لە ڕێگەی سیاسەتی بەڕێوەبردنەوە ئابووری هەر گەل و نەتەوەیەک گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، ئەوەتا ئابووری بەهێز و سیاسەتی بەڕێوەبردنی میللەتە زلهێزەکانی دونیا وایکردووە، کە وڵاتانی بەکارهێن بە هەموو شێوەیەک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و تەنانەت کلتوورەکەشیان لە ژێر کاریگەریی ئەواندا بێت. ((لە بیروبۆچونی ئەنثرۆپۆلۆجییەکاندا ڕەفتاری سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتار یان چالاکی ڕێکخراو، کە هەندێک گروپ یان تاک ئەنجامیدەدەن، بە ئامانجی کاریگەریی لەو بڕیارانەی، کە پەیوەستن بە بەرژەوەندیی گشتییەوە، بۆ گەیشتن بە هێز و دەسەڵاتی یاسایی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی ناوخۆی کۆمەڵ.))،(محجوب، ٢٠٠٩: ٥٧-٦٣)

ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵێک چالاکی و کردەوەی کۆمەڵایەتین، کە بە بەشداری سیاسی مرۆڤەوە وابەستەن، بەو ئامانجەی کاریگەریی لە سیستەمی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردندا بکات.

مەبەست لە ڕەفتاری سیاسی یان کردەی سیاسی ((هەموو ئەو ڕەفتارانەیە، کە تاک یان گرووپ لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیدا ئەنجامی ئەدەن، ڕەفتاری سیاسی دەکرێت، کارێکی پلان بۆداڕێژراو یان بە شێوەیەکی بێپلان بێت، یان بەشێک بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، بە مەبەستی کاریگەریی کردنە سەر حکومەت، یان هەوڵدەدات کاریگەریی لە دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیدا بکات.)) (ربیع، صبری مقلد ،بدون سنه: ٤٩٠). کەواتە سیستمی سیاسی کۆمەڵێک ڕەفتار و مامەڵەی سیاسییە، کە مرۆڤ لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی دیاریکراودا ئەنجامیدەدەن، سیاسەت گرنگی بە سیستمی بەڕێوەبردن و بڕیاردان دەدات لە وڵاتێکی دیاریکراودا، ((دیاردەیەکی فراوانی قۆناغی نەتەوایەتی، سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالستییە لە ناو هەستی نەتەوایەتیدا، ناسیۆنالیزم بریتییە لە دروستکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەپەرستی، کە لەوێدا هەموو خواستە ڕاست و خەیاڵییەکانی هەڵچوونی هەست و حەزی نەتەوایەتی، دەکرێنە فیکر و دەخرێنە ناو بزووتنەوەی سیاسییەوە.)) (قادر،٢٠٢١: ١٨٩).

ناسیۆنالیزم مێژووی ڕاستەقینەی خۆی دەکاتە کەرەستەی دروستکردنی فیکر و ئامرازێک بۆ دروستکردنی نەتەوە، هاوڵاتیانیش هاندەدات تا تێبکۆشن بۆ هێنانەدی، بیری ناسیۆنالیزم، ڕۆحی توندوتیژی و شەڕانگێزی لە میللەتدا دەچێنێ، وایلێدەکات بە گومانەوە بڕوانێتە میللەتانی دیکە، سەرەنجام ئەمە ئاشتی نێودەوڵەتی لاوازدەکات و دەیخاتە مەترسییەوە، هەموو ئەو شەڕانەی لەنێوان دەوڵەت و میللەتە جیاوازەکاندا دروستدەبێت، لە ناسیۆنالیزمی توندڕەوەوە دروستدەبێت،

واته ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی تاک وێنەیەکی لێڵی میللەتی خۆی و میللەتانی دیکەی لا دروستببێت.

جەوهەری سیاسەتیش بریتییە لە ((دۆزینەوەی باوەڕ و ڕێگا بۆ کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری هێزی مەڵاسخواردووی ناو کۆمەڵ و ئاڕاستەکردنی بە میکانیزمێکی گونجاوی فەرهەنگی کۆمەڵکە بەرەو دروستکردن یان دەستبەسەردا گرتنی دەسەڵات، دەوڵەت شێوەی بەرجەستەکراوی هێزی کۆمەڵە.)) (قادر،٢٠٢١: ١٩١).

دیاردەی هێز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێندەی مێژووی خودی مرۆڤ درێژە بە بێ بەکارهێنانی هێز مرۆڤ نەیدەتوانی تواناکانی کۆبکاتەوە و ئامانجە شارستانییەکانی خۆی بێنێتەدی، لەو کاتەوەی مرۆڤی سەرەتایی توانای گواستنەوەی پەیام و لێکتێگەیشتنی پەیداکرد، پرۆسەی بەکارهێنانی هێز لە ڕێگەی دەنگ و ئاماژەوە دەستیپێکردووە و پێویستی بە ڕێکخستنی ئەو هێزە بووە بێ گرنگیپێدانی مرۆڤ و ئاکامی ئەمە دروستبوونی پلە و دەسەڵاتی لێکەوتەوە، کە یەکەمجار لە خێزانەکانەوە دەستیپێکرد، دەسەڵاتی سەرۆکی خێزان یەکەمین شێوەی دروستبوونی دەسەڵاتی مرۆڤ بووە لە کۆمەڵدا.

## ١-٣: کلتوور لە هەندێک ژانری ئەدەبی کوردیدا:

## ١-٣-١: کلتوور لە شیعری کوردیدا:

### ١-شیعری فۆلکلۆر:

کلتـوور و ئەدەب لە ڕواڵەتـدا دوو بـابەتی جیـاوازن، بەڵام لە ناوەڕۆکـدا پەیوەنـدیی و تێکەڵاوییەکـی زۆریـان هەیە، سـەرچاوەی ئەم پەیوەنـدییانەش ئەو کەرەسـتە و بابەتـانەن، کە لە نێوانییانـدا هاوبەشـن، کلتـوور و ئەدەب هەردووکییـان هەڵقـوڵاوی کـۆمەڵن، واتە سـەرەکیترین وێستگەی هاوبەشـی نێوانییـان کۆمەڵە، لە لایەکـی دیکەیشـەوە پەیوەنـدیی تونـدوتۆڵ لە نێوانیانـدا هەیە، ئەو پەیوەندییانەش لەوەدا چڕدەبنەوە، کە بابەتە کلتوورییەکـان هەمیشـە کەرەسـتەی خـاوی بەردەسـتی ئەدەب بوون، ئەدەبیش هەمیشـە پـارێزەری ئەو کەرەسـتە کلتوورییـانە بـووە، کەواتە ئەدەب پەیامی مرۆڤایەتی نەتەوەیە و کلتووریش ناسنامەی نەتەوەیە، زۆرجـار لە ڕێگـای ئەدەبەوە کلتووری نەتەوایەتی نیشانداراوە و پارێزراوە، بەشێکی زۆری نەتەوە جیاوازەکـان ((یەکەمـین جـار لە ڕێگـای شـیعرەوە خۆیـان وەک بـوونێکی جیـاوازی ئیتنیکی و کلتـووری دەرخسـتووە، بۆنمـوونە

دوای ئەوەی عەرەبەکان لە سەدەی حەوتەمدا ئیمپراتۆرییەتی ساسانیان ڕووخاند زمانی کۆنی ئێرانی بە تەواوەتی جێگەی بۆ زمانی عەرەبی چۆڵکرد و نزیکەی (دوو سەدەیەک ) دواتر ئێرانییەکان بوونی بەجیاهەڵکەوتووی کلتووری خۆیان لە ڕێگەی شیعرەوە دەرخستووە، لە ئەورووپادا زمانی لاتینی تا چەند سەدساڵ دوای سەدەکانی ناوەڕاست زمانی نووسینی بابەتی فەلسەفی و ئایینی و فەلەکناسی و زانست بوو، سەرەتا گەلانی ئەورووپا لە ڕێگەی شیعرەوە زمانی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، تایبەتمەندی کلتووری خۆیان دەرخستوە و ئەمەش دواتر زەمینەی بۆ خۆناسین و هۆشیاریی نەتەوە ڕەخساند))،(سابیر ،٢٠٠٨ : ٤٠)

زمان و ئەدەبی کوردیش ئەرکی پاراستن و ژیانەوەی کلتوور و ناسنامەی نەتەوایەتی گرتووەتە ئەستۆ، هەمیشە زمانی شیعری کوردی لە ململانێدابووە بەرامبەر بە زمانەکانی(عەرەبی و تورکی و فارسی) بە مەبەستی پاراستنی خۆی و مانەوەی و هەتا لە سەردەمە جیاوازەکانیشدا توانیویەتی تاڕادەیەک ناسنامە و مۆرکی کوردایەتی خۆی بپارزێت.

شتێکی ئاشکرایە، کەوا ئەدەبی فۆلکلۆر وەکو ئەدەبی نووسراو دەکرێت بە دوو بەشەوە: شیعر، پەخشان، ئەو ئەدەبەی کەسێک دەینووسێت و بەرهەمیدێنێت جیاوازی هەیە، لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریدا لە ڕووی ڕووخسار و دەربڕینەکەیەوە، مرۆڤیش حەز بەوەدەکات ئەو شتەی، کە دەینووسێت ناوی خۆی لەسەر بنووسێت؛ بۆ ئەوەی دواتر بە ناوی خۆیەوە گیانی قۆناغ و سەردەمی نووسینی دەقەکەی پێبناسێتەوە؛ بۆیە لێرەدا و لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس لە شیعر دەکەین، بە تایبەتی شیعری فۆلکلۆری، "د.مارف خەزنەدار" لە ناساندنی ئەم جۆرە شیعرەدا دەڵێت: ((ئەو پارچە شیعرەیە، کە خەریکی جوانی و دڵداری و سۆفیزم و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتین)) (خەزنەدار، ٢٠٠١ :١٧٣).

کەواتە شیعری فۆلکلۆری ئەو شیعرە تەڕ و ناسک و هەست بزوێنانەیە، کە لە دڵ و دەروونێکی پاک و بێگەردەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو هۆنراوانەن، کە لەسەر کێشی پەنجەی خۆماڵی هۆنراونەتەوە، هەروەها خاوەنی سەروا و مۆسیقایەکی دڵڕفێنن؛ بۆیە دەوترێت ((هۆنراوەی کوردی بڕبڕەی پشتی گۆرانی کوردییە، ئەم گۆرانیانە لەگەڵ ژیانی گەلی کورددا سەری هەڵداوە)) (ڕەسووڵ، ١٩٨٤ :١٠٤) .

گۆرانی کوردی وەکو هونەرێکی فۆلکلۆری کوردی پشت بە هۆنراوەی فۆلکلۆری دەبەستێت، کە بۆ زۆرێک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ وتراون بە تایبەت بۆ ژن و سروشت و بوارە ئایینییەکان، هەروەک لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبیدا هاتووە، کە دەڵێت: ((گۆرانی لیریکی لە

ئەدەبییاتی کوردیدا، لەسەر ئاستێکی میللی، لە ناو داستان و بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا دەدۆزرێتەوە، دەشێ شیعرەکانی عەلی بەردەشانی، علی حریری-ش.....هتد بە جۆرێک لە گۆرانی لیریکی دابنێین.)) ( عومەر، ٢٠٠٥:٣٨).

دیارە هەر هۆنراوەیەکی گۆرانی بە شیعری لیریکی یاخود ویژدانی ناودەبرێت، کەواتە شیعری فۆلکلۆری ئەو شیعرەیە، کە هەستێکی ناسک و دڵڕفێنی تێدایە و دڵ ودەروونی گوێگر دێنێتە جۆش، دیارترین خاسیەتەکانی ئەم جۆرە شیعرە ئەوەیە، کە خاوەنەکەی دیار نییە و میللەت هەمووی خاوەنییەتی و دەماودەم و پشتاوپشت گێڕراوەتەوە و گواسراوەتەوە، چونکە ئەم جۆرە شیعرانە لە مێشک و دڵ و دەروونی میللەتدا خۆی حەشارداوە و میللەت پاراستویەتی و لە کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتی گونجاودا بڵاوبووەتەوە و خاوەنی کێش و سەروای تایبەت بە میللەتی کوردن، کە کێشی فۆلکلۆری کوردییە. هەروەها لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیشدا شاعیران سودێکی زۆریان لە شیعری فۆلکلۆری و کێش و سەرواکەی وەرگرتووە و ئەزموونی ئەدەبیی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردووە، وەک ئەوەی لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا شاعیران گەڕاونەتەوە بۆ ئەدەبی فۆلکۆری میللەتەکەیان و سودێکی زۆریان بۆ نوێکردنەوەی کێش و سەروای شیعری کوردی لێوەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەتێکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆر ئەوەیە، کە بە زمانێکی سادە و ساکار داڕێژراوە کە زۆربەی خەڵکە سادە و ڕەشوڕووتەکەی کۆمەڵ لێی تێگەشتوون و خەم و ئازارەکانی خۆیانیان تێدا بینیوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە ئەمجۆرە شیعرە خاوەنی ڕەوانبێژییەکی جوانە بە تایبەتی هونەری لێکچواندن.

دەوترێت گۆرانی لە ناو میللەتی کورددا زۆرن و زۆریش بڵاون، گۆرانییەکانیش زۆر درێژن، مرۆڤی کورد هەر لە منداڵییەوە تا گەورە دەبێت لەگەڵ گۆرانی و لایلایەی دایکی خۆی گەورە دەبێت، گۆرانی لە ناو کورددا وەکو شتێکی شارستانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە گشتی گۆرانی فۆلکلۆری چەند جۆرێکی هەیە: گۆرانی کار، گۆرانی بۆنەکان، گۆرانی ڕۆژانە، گۆرانییە ئازادەکان، لێرەدا چەند نموونەیەک لە شیعری فۆلکلۆری کوردی وەردەگرین:

١/گۆرانی کار/ بەستەی شایی و دروێنە:

هێ براینە سەرم دێشێ

خەمان لە درم گرانە

کۆیە شارێکی خۆشە

ئەم بەر ئەو بەر دوکانە

چومە زورگی شێخ سمایل

هەر چاردەوری پاوانە

یاریَ لەبیرت نایێ

ئەمنت کوشت بەو دەردانە

سەدسوێند دەخۆی لە قورئان

لە بەگزادەی کوردانە)) (زامدار،١٩٨٠ : ٥٣)

یەکێک لە دیاردە باوەکانی ناو کلتووری کوردی کوردی ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانە بووە، کە خەڵکی لە گوندەکاندا بۆ کاروبارەکانیان پێڕەویانکردووە، یەکێک لەوانە کاری هەرەوەزی و بە کۆمەڵ بووە، بە تایبەت لە کاتی دروێنەکردنی دەغڵوداندا، کە لە کاتی کارکردندا کۆمەڵێک گۆرانی وتراون، ئەمەی سەرەوە نموونەیەکە لەو گۆرانیانە، کە لە کاتی شادی و دروێنەدا وتراون، کە چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستی نێوان دوو کەس دەگێڕێتەوە.

چەند نموونەیەکی دیکە لە شیعری فۆلکلۆری کە زۆر بڵاون :

وا هاتەخوار دووکوڕە شوانی

کلێتەلەسەر .بڕنۆلەشانی)) (ڕەشید، ٢٠٠٦: لاپەڕەی دواباس )

ئەگەر سەرنجی ورد بدەینە ئەم بەیتە فۆلکلۆرییانە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بەیتە فۆلکلۆرییانە تایبەتە بە بەشێکی کوردستان و شوێنێکی جوگرافیای تایبەت بە کوردستان و دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژانی خەبات و بەرگریکردن لە خاک و نیشتیمان، سەردەمانێک وتراوە، تفەنگی برنۆ نیشانەی پێشمەرگە بووە، دوو کوڕی شوانی سەر بە کلێتە، واتە دوو کوڕی پاسەوانی نیشتیمان، دوو پێشمەرگە برنەویان لە شان بووە، دیارە ئەمەیان نیشانەی بەرگریکردن بووە لە خاک و نیشتیمان و نەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین زۆر ناوی کەرکووک و هەندێک لە شارە دیارەکانی کوردستان لە دەقە فۆلکلۆرییەکاندا هاتوون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە کەرکووک یەکێکە لە شارە دیارەکانی کوردستان و بەشێکی دانەبڕاوە لێی و ئەوەتەی کورد و

کوردستان هەیە کەرکووک بەشێکی خۆشەویست و گرنگی ئەم خاکە بووە و بووە بە بەشێک لە گۆرانییە فۆلکلۆریی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکانیش.

## ٢-شیعری نووسراو:

کلتووری نەتەوەیی هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شاعیران لە بواری شیعری نووسراودا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە، کە هەمیشە لە دووتوێی کلتووردا چەندین بابەتی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، فیکری، سیاسی، تەنانەت بابەتی پەروەردەیی)، گەلی کورد ڕەنگیداوەتەوە و ئەو زانیارییانەش بە زمانێکی سادە و ساکار دەربڕاون و ڕەگێکی قووڵیان لە ناو گەلدا داکوتاوە؛ بۆیە زۆرێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد لە گرنگی ئەم سامانە نەتەوەییە تێگەشتوون و هەوڵیانداوە بەپێی پێویست لە بیر و تاقیکردنەوە شیعرییەکانیاندا بەکاریبهێنن و لەو ڕێگەیەوە ئێستا بە ڕابردووی نەتەوەکەیانەوە گرێبدەن و ئەو ڕاستییە بەرجەستەبکەن، کە کلتوور تاکە ڕێگەی پێکەوە گرێدانی ڕابردوو و ئاییندەیە.

ئەگەرچی زۆرجار وشەی بێگانە زمانەکەی تەنیوە، بەڵام تاموبۆ کوردایەتییەکەی خۆی هەر پێوەماوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەمان، ئەوا دەبینین، کە ((مێژووی ئەدەبی کوردی بریتییە لە مێژووی قسەی جوانی کوردی، ئەو قسە جوانە بەشێک لە کلتوور و شارستانییەت و مەدەنییەتی نەتەوایەتی دروستدەکات))، (خەزنەدار،٢٠١١: ١٥٦) .

لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە زمانی شیعر و پەخشانی کوردی پارێزەری بیروباوەڕی کوردبووە، تەنانەت لەنێو ئایینیشدا شیعر ڕەنگیداوەتەوە، بۆنموونە دەقە ئایینییەکانی زەردەشت لە کتێبی گاتاکاندا، تۆماری بیروبۆچونەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەکات بە شیعر((گاتاکان و هەندێک لە بەشەکانی (یەشت) بە شیعر نووسراوەتەوە، شیعری ئاڤێستا لەسەر کێشی (پەنجە، کەرەت، بڕگە، سیلاب) دامەزراوە و ئەم کێشانە کێشی فۆلکلۆری خۆماڵین و لە شیعری نووسراوی کوردی کۆن و تازەشدا دەبینرێت))، (خەزنەدار،٢٠١١: ١٥٠).

بەوپێیەبێت گاتاکان توانیویەتی  کلتوور و مۆسیقای شیعری کوردی کۆن بپارێزێت، کتێبی ئایینی یارسانەکانیش (سەرەنجام)، لە ڕێگەی شیعرەوە دابونەریتی ئایینی یارسانەکانی خستۆتەڕوو و پاراستویەتی، ئەدەبی سەرزارەکی و ئەدەبی میللیش سەرچاوەیەکی بەپیتن بۆ بابەتە کلتوورییەکان، دەتوانین بڵێین ئەدەبی نەنووسراو بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو،((بەشێک لەو ڕۆشنبیرییەی شاعیرانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە

بۆ سودوەرگرتن لە سامانی کلتووری و فۆلکلۆر و بە تایبەتیش ئەدەبییاتی گۆرانی))، (باڵەکی، ٢٠٠٣: ٣٣ ).

واتە سامان و کلتووری ڕۆشنبیری میللەت هەمیشە ژێرخانێکی بەسودبووە بۆ شاعیرانی نوێی گەل، بەتایبەتی بۆ شاعیرانی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، بۆ نموونە (شێخ نوری شێخ سالّح، گۆران، پیرەمێرد.....) نموونەی ئەو شاعیرانەن، کە لەو سەردەمەدا سودیان لە کلتوور و فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆریشدا کلتوور بووە بە سەرچاوەی داهێنانی زۆر بەرهەمی بە پێزی ئەدەبی بۆ نموونە لای (ئەڵماسخانی کەندووڵەیی) حیکایەتە فۆلکلۆرییەکانی (خورشیدوخاوەر، شیرین وفەرهاد، شیرین وخەسرەو) سەرچاوەن بۆ بیری شاعیرانەی شاعیر، (فەقێ تەیران) (شێخی سەنعان و زەمبیل فرۆش) بووە بە سەرچاوەی شیعری ئەو.

((شاعیرانی نوێی کوردیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ کلتووری کوردی دەکەن، بۆ نموونە دەشێت شاعیر بەرهەمە میللییەکان وەک خۆی لەنێو شیعردا بەکاربهێنێت، یاخود بەکارهێنانی کلتوور وەک دەمامک، کە شاعیر لێرەدا کەسایەتییەکی مێژوویی و کلتووری هەڵدەبژێرێت و خۆی لە پشت ئەو دەمامکەوە دەشارێتەوە، شاعیر کلتوور بەکاردێنێت وەک ئاوێنەیەک، کە خۆی و مەسەلەیەکی هەنووکەیی تێدا ببینێتەوە)) (ئاکرەیی، ئابی١٩٨٥: ٥٤-٥٥)، لێرەدا نموونەی چەند دەقێکی نووسراوی شاعیران وەردەگرین:

نەورۆز یەکێکە لەو جەژنە نەتەوەییانەی کورد، کە زۆربەی شاعیران شیعریان بۆ نووسیوە و بەشێکی گرنگی کلتووری میللی و نەتەوەیی کورد پێکدێنێت، هەروەها نەورۆز جەژنی سەرکەوتنی حەق و ڕاستییە بەسەر زوڵم وزۆرداردا؛ لای زۆربەی گەلانی( هیندۆئاری) ئەم جەژنە هەیە و پەیوەستە بە ئەفسانەی (زوحاک و کاوەوە)؛ بۆیە زۆرێک لە شاعیرانی نەتەوەکەمان نەورۆزیان وەک بابەتێکی نەتەوەیی باسکردووە، بۆ نموونە (گۆران) لە شیعری ( نەورۆز) دا، کە پەیامێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی تیا بەرجەستەبووە، شاعیر زۆر بە تواناییانە گۆڕانی وەرزەکان و کەشوهەوای بەستووەتەوە بە ئەفسانەی (زوحاک و کاوە)وە، لە ڕێگەی ئەم داستانەوە باسی قارەمانیەتی و ئازایەتی گەلی کورد دەکات، هەروەها هانی تاکی کورد دەدات تا هەوڵبدەن خۆیان لە دەست جەوروستەمی زۆردار ڕزگاربکەن؛ بۆیە دەڵێت:

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ!

ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ!

گەرمی و ژین و شادی هێنا بە دیاری،

کوردی خستەجەژنی تازەی بەهاری..

هەروەکو سروشت ئاگاداربێ کە کاوە

چ ڕەنجێکی بۆ ئازادی گەل داوە!......)) (گۆران، ١٣٨٩ه .ش :٢٢٨) .

یەکێک لە دیاردە باوەکانی شیعری ئەم قۆناغە ڕەنگدانەوەی دابونەریتی کوردەواری لە دەقی شیعری شاعیراندا بووە، وەکو تۆمارێکی مێژوویی و وەک بەشێک لە شانازی نەتەوەیی، هەوڵیانداوە ئاوڕ لە دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵی کوردی بدەنەوە و لە دەقە شیعرییەکانیاندا بیانخەنەڕوو، ئەم لایەنی گرنگیدان بە دابونەریتی کوردەوارییە لە شیعرەکانی (پیرەمێرد) دا زۆر بەدیدەکرێت، یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئەم دابونەریتانە لە دەقەکانی پیرەمێرد دا بریتییە لە تۆمارکردن و پاراستنی ئەم کلتوورانە و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی دواتر و پارێزگاریکردن لێیان و مانەوەیان، کە هەندێک لەم دابونەریتانە لە سەردەمی ژیانی پیرەمێرد خۆیدا نەماون؛ بۆیە هەوڵیداوە، لە ڕێگەی دەقەکانییەوە زیندوویان بکاتەوە، وەک لە(بەیتی ترخێنە)دا، باسی کلتوورێکی کوردەواری دەکات، ئەویش کۆکردنەوەی زەخیرەیە لە وەرزی هاویندا و هەڵگرتنی بۆ وەرزی زستان، وەکو دەڵێت :

هاوین زەخیرەی زستانیان ئەخست

ماڵی تفاقیان ئەهاتە نووشووست

قاورمە لە جێی گۆشت دائەنرا

بە کەشک تامەزرۆی دۆکوڵیو ئەدرا...)) (پیرەمێرد، ٢٠١٢ :٢٥٥)

(قانع) یش، لە شیعری (مازووچنینی لادێ) دا، زۆر جوان و شارەزایانە وێنەی کۆمەڵێک دابونەریتی ناو کۆمەڵی کوردی دەکێشێت، ژیانی ناو گوند و لادێکانی کوردەواری وەکو بەشێک لە کلتووری کوردی کێشاوە، ئەمەش بێگومان لە هەستی شانازیکردن بە دابونەریتی کۆمەڵی کوردی و گوندەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، وەکو دەڵێت:

ژینی لادێ سەیرانە

گەرچی تۆزێ گرانە

ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ

ئەکەونە ئیش کوڕ و کاڵ)) (قانع، ۱۳۹۰ه.ش :۳۷٥).

(هـێمن)یش، لە شـیعری (بەهـاری کوردسـتان) دا، لە ڕێـگەی بەکارهێنـانی کۆمەڵێـک گوزارشـت و وێنەی شـیعری جوانەوە وێنەی بەهـاری کوردەواری دەکێشـێت، لە چوارچێوەی وەسفەکانیشـیدا کۆمەڵێـک کلتـوور و دابـونەریتی کـۆمەڵی کـوردەواری نیشـاندەدات، وەک دابـونەریتی (مەڕداری و شوانکارەیی و دیمەنی خێوەت و ڕەشماڵ و نمایشی سوارچاکی شۆڕەسواران)، وەکو دەڵێت:

دیسان هات وەکوجاران هەوهەوەی شۆڕەسواران

ویرەی جڵیت وداران خرمەی ناڵ وبزماران (هێمن ،۲۰۰۳ :۹۹).

دواتـر شاعیرباسـی کـار و پیشـەی ژنـانی مەڕدار و شـوانکارە دەکـات، وەک (مەڕدۆشـین، بێـری، مەشکەژەندن و خواردن ئامادەکردن....هتد)،دەڵێت:

سوێسن و وەنەوشە و هەمین کەژێ و خەندان و جەمین

خاسێ، کەوێ، خاتووزین بە پۆل دەچنە مەڕدۆشین)) (هێمن ،۲۰۰۳ :۱۰۳).

(دیـلان) یـش، لە شـیعری (پـایزی جـاران) دا، بیـری کـۆڕ و دانیشـتنی شـەوانی پـایزی جـاران دەکـات، کە بەشـێک بـووە لە کلتـوورو دابـونەریتی جـاران، ڕەنـگە شـاعیر بگەڕێتەوە بۆ ئەو پەنـدە کوردییەی، کە دەڵێت(سـاڵ بە سـاڵ خـۆزگەم بە پـار)، کە ئەمە ئامـاژەیە بـۆ گەڕانەوە بـۆ ڕابـردوو، یادکردنەوەی بیرەوەرییە خۆشەکانی ساڵانی پێشووتری تەمەن، هەروەها ئاماژەکردن بەو کلتـوور و بەهـا کۆمەڵایەتییـانەی، کە بەهۆیـانەوە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی نێـوان تاکەکـانی کـۆمەڵ بەهێزبووە و لە ڕێگەی کۆبوونەوە شەوانەکانەوە هەوڵیانداوە خەم و داخەکانی ڕۆژگاری جەنگ و ناخۆشی بە با بدەن، کە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ئەم کلتوورە لە کۆمەڵی کوردیدا زۆر لاوازبووە و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانیش زۆر بەرەو لاوازی هەنگـاودەنێن. شـاعیر وردەکـاری دانیشـتنی شەوانی پایزی جاران و بەزم و خۆشییەکانی دەکێشێت و دەڵێت:

شوان کۆڕی شەوگەرم کەربوو بەفووی شمشاڵ

جوڵەی ئەدا بەدەماری هەست و خەیاڵ

پاشان نۆرەی بەستەی دەمی هەرزەکاربوو

ئامان ئامان بۆسروشتی کردگاربوو..)) (دیلان، ٢٠١٣ :٣٠١).

بەم پێیە دەبینین زۆربەی شاعرانی کورد ئاوڕیان لە کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵی کوردی داوەتەوە و کردوویانە بە کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شیعری خۆیان.

## ١-٣-٢: کلتوور لە چەند نموونەیەکی چیرۆکی کوردیدا:

چیرۆکیش، وەک ژانریکی ئەدەبی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێرێت لە گواستنەوەی کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵدا، ئەمیش سەرەتا بە حەکایەت و گێرانەوەی کۆن یان چیرۆکی میللی دەستیپێکردووە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارشتبوون لە ژیانی کۆمەڵی کوردی لە کۆندا، بە تایبەتی لە دەربڕینی شێوازی بیرکردنەوە و کلتوور و دابونەریت و شێوازی ژیان و پەیوەندیی نێوان تاکەکان، هیچ میللەت و نەتەوەیەک نییە چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، هەموو نەتەوەیەک لە ڕێگەی چیرۆکەوە گوزارشتی لە بەشێکی زۆری کلتوور و پێکهاتە و ئەنثرۆپۆلۆجیای خۆی کردووە، تەنانەت بەشێکی زۆری کتێبە ئاسمانییەکانیش لە ڕێگەی چیرۆکەوە شتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، لەبەرئەوەی پێیانوایە چیرۆک باشتر لە زەینی مرۆڤدا دەمێنێتەوە و پەندی لێوەردەگریت، کەواتە هەموو میللەتە کۆنەکان لە ڕێگەی چیرۆکەوە هەوڵیانداوە ڕابردووی خۆیان بۆ نەتەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە، ئەگەر چیرۆک وحیکایەت و گێڕانەوەی کۆن نەبوایە، ئەوا ئێمە هیچ زانیاریەکمان دەربارەی گوزەران و شێوازی ژیانی مرۆڤی کۆن نەدەبوو، چیرۆک وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەبی، چ لە ئەدەبییاتی ڕۆژئاواو چ لە ئەدەبییاتی کوردیدا، شێوەیەکی نوێی بیری مرۆڤە، ئاشکرایە ئەم ژانرە وەکو ژانرێکی مۆدێرن لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، کەواتە چیرۆک ئەدەبێکی بە پەخشان نووسراوە لە ڕێگەی گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداوەوە یان بەریەککەوتنی ڕووداوەکانەوە، کە سەرچاوەیان تێکەڵەیەکە لە واقیع و خەیاڵ، لە ڕێگەی کارەکتەرێک یان چەند کارەکتەرێکەوە مەبەستەکان بە ئێمە دەگەیەنن، زۆرجار کارەکتەرەکان خۆیان دەبن بە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، دیارە چیرۆک لە کۆمەڵێک توخمی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتیین لە: (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن، بیرۆکە، گێڕەرەوە، زمان و شێوازی گێڕانەوە.)

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا ڕیشەی چیرۆکی کوردی بۆ ئەدەب و کەلەپووری کۆنی کوردی دەگەڕێتەوە یان بە کاریگەریی ئەدەبییاتی دیکە و لە ئەدەبییاتی نەتەوەی دیکەوە وەرمانگرتووە؟

لە ڕاستیدا بۆچوونی شارەزایانی ئەدەبی کوردی لەم بوارەدا جیاوازە، هەندێکیان پێیانوایە چیرۆک وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەبی بۆ کەلەپوور و هەقایەت و هەندێک دەستنووسی بە پەخشان نووسراو دەگەڕێتەوە، بێئاگا لەوەی چیرۆک وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەبی تەنیا بە توخمەکان دروستنابێت، بەڵکو کۆمەڵێک ڕەگەز و تەکنیک هەن بۆ ئەوەی ئەو دەقە بکەن بە چیرۆک، جا زۆرێک لە نوسەران لە هەستێکی نەتەوەیی قووڵەوە ئەو قسەیە دەکەن، هەرچەندە زۆرێکیان ئەو نووسینانە بە پەخشان لە قەڵەم دەدەن و دەیانەوێت ناڕاستەوخۆ بڵێن مادەم پەخشانمان هەیە، کەواتە چیرۆکیشمان هەیە، بەڵام ئەمانە بە بەڵگە نەسەلمێنراون ((تەنانەت ئەو نووسینە پەخشانیانەی وەکو: مەولوودنامەکەی "شێخ حسەینی قازی " و عەقیدەنامەی کوردی "مەولاناخالیدی نەقشبەندی" ،دواتر (عەبدولڕەزاق بیمار) لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی(مێژووی پەخشانی کوردی) لە ساڵی(١٩٩٩) بڵاویکردەوە، ئەوەی سەلماند، کە مەولوودنامەکە و ئەقیدەی مەولاناخالید نووسین نین، بەڵکو وەرگێڕانن و لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراون، (فەرهاد پیربال) یش، یەکەمین چیرۆکی کوردی بە دەقی (مەموزین) ی (مەلامحموودی بایەزید)ی دیاریدەکات.)) ، (مەنتیک، ٢٠١٨: پۆرتاڵی ڕووداو). بەڵام سەبارەت بە ئەدەبییاتی چیرۆکی هونەریی، کە بە جۆری کورتە چیرۆک دەستیپێکردووە، سەرەتا وەک گاڤێک بۆ ئەو بوارە بە چەند کورتە چیرۆکێکی تەواونەکراو بوون، یان وەک نۆڤلێت دەرکەوتن وەک (شوێش، لەخەوما...)، بەڵام وەک یەکەم بەرهەمی کورتەچیرۆکی هونەریی تەواوکراو چیرۆکی(دوو عەگید) ی (د. کامەران علی بدرخان ) بووە، کەلە حوزەیرانی (١٩٣٢) دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەش ناشارێتەوە ئەو بەها و ناوەڕۆک و ئیستاتیکایەی دەقەکە هەیەتی وادەکات نەبێتە دەقێکی فۆلکلۆری، بەڵکو ببێتە چیرۆک، هەروەها بیانووی ئەوەش دەهێنێتەوە، کە تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە لەو سەردەمەدا بەوشێوەیە کۆن و فۆلکلۆری بووە؛ بۆیە شێوازی ئەم دەقە وابووە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی بیانووە بۆ ئەوەی، کە ئەم دەقە نابێتە چیرۆک، دەتوانین بڵێین چیرۆک بە واتا نوێیەکەی، وەکو ژانرێکی نوێ، بە هیچ شێوەیەک لە ناو ئەدەبییاتی کۆنی کوردیدا نییە، تاکو ساڵی ١٩١٣، کە (فوئادی تەمۆ) لە ژمارە (٢-٣) ی، گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەنبوڵ، نووسینێک بڵاودەکاتەوە و لەسەر نووسینەکە دەنووسێت (چیرۆک)، کەواتە (فوئادی تەمۆ) یەکەم کەسە کە زاراوەی چیرۆکی بەکار هێناوە، دیارە چیرۆک یەکێکە لە ژانرەکانی گێڕانەوە، دەتوانین بڵێین گێڕانەوە پێشمەرجی بوونە، واتە لە دەرەوەی گێڕانەوە بوون نییە، چونکە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ژیانی هەوڵیداوە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت و مێژووی خۆی بپارێزێت و بیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، دەبینین مرۆڤی سەرەتایی سودی لە گێڕانەوە

وەرگرتووە، چونکە وێنەی سەر دیوارەکان بۆ خۆی گێڕانەوەیە، کەواتە پێش ئەوەی زمان پەیدابببێت گێڕانەوە هەبووە، دەتوانین بڵێین وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان تەنها وێنەی سادە و ئاسایی نین، بەڵکو گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو مرۆڤانەن، دەتوانین بڵێین گێڕانەوە بە گشتی و چیرۆک بە تایبەتی سەلمێنەری بوونی مرۆڤن و هۆکارن بۆ ئاشنابوونی ئێمە بە مێژووی بوون و ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، لێرەدا قسە لەسەر بۆچوونێکی فەیلەسوف (پۆل ڕیکۆر) دەکەین، کە هەموو هەوڵی لەپێناوی ئەوەدابووە، کە بیسەلمێنێت، کە پەیوەندیی لە نێوان ژیان و گێڕانەوەدا هەیە ((چونکە گێڕانەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و ژیانی مرۆڤەکانە لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا، هەوڵی فەیلەسوفانی دیکە لە پێناو ئەوەدابووە، گێڕانەوە بە خەیاڵەوە ببەستنەوە، واتە هەرچی دەقی گێڕانەوەیی هەیە خەیاڵ داهێنەریەتی، یان لە دەرەوەی ژیانە و تەنها ڕستەگەلی خەیاڵین، هەرچی پۆل ڕیکۆرە پێچەوانەی ئەم تێزە دەوەستێتەوە و دەیەوێت بڵێت: ژیان لە دەرەوەی گێڕانەوە نییە و گێڕانەوەش بریتییە لە ئەزموونەکانی ژیان.)) ، (مەنتیک، ٢٠٢١:پۆرتالی ڕووداو).

بەڵگەی زۆرێک لەو کەسانەی گێڕانەوە بە خەیاڵ دادەنێن، دیارە مەبەست لە گێڕانەوە چیرۆک و ڕۆمانیشە، کە زۆرێک لە دەقە ئەفسانەیی و حیکایەت و گێڕانەوە کۆنەکان لەسەر خەیاڵ بونیادنراون، پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان و کات و شوێنەکان هەموویان فەنتازی و خەیاڵین، بێئاگا لەوەی، کە هەموو ئەمانە لە ئەنجامی ئەزموونەکانی ژیانەوە سەرچاوەیانگرتووە، دەکرێت بڵێین گێڕانەوە بنەڕەتی هەموو شتێکە و مرۆڤی سەرەتایی کاتێک لە ئەشکەوتدا ژیاوە، دوای ئەوەی لەڕاوەشکاری ڕۆژانە گەڕاوەتەوە؛ بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی خۆی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی گێڕاوەتەوە، تەنانەت هەوڵیداوە بۆ نەوەکانی داهاتووشی بگێڕێتەوە؛ بۆیە هاتووە هەموو سەرکێشی و ڕووبەڕووبونەوەکانی خۆی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاوە، ئەم گرنگیدان بە گێڕانەوە بە درێژایی مێژووی ژیانی مرۆڤ بەردەوام بووە و مرۆڤ بە ڕۆژ کاریکردووە و بە شەویش ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی و دەورووبەرەکەیی کردووە بە چیرۆک و گێڕاویەتییەوە، هەروەها هەستکردنی مرۆڤ بەوەی کە هێزێک هەیە لە سەرووی دەسەڵاتی ئەم گەردوون و ژیانی دروستکردووە، بووەتە هۆی دروستبوونی ئایینە جیاوازەکان، گێڕانەوەش بووەتە بڕبڕەی پشتی بەردەوامبوونی ئایینەکان. ئایینەکان بۆ داڕشتنی کتێبە ئایینییەکان سودیان لە چیرۆک وەرگرتووە هۆکاری ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان: پەروەردەکردنە، واتە لە ڕێگەی چیرۆکەوە دێت لایەنی پەروەردەیی پێڕەوکارانی بەرەو پێشـــەوەدەبات، چـــونکە یەکێـــک لە ئەرکەکـــانی چیـــرۆک پەروەردەکـــردنە؛ بـــۆیە ئێســـتا لە قوتابخانەکانیشدا هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی چیرۆکەوە لایەنی ئاکاری قوتابیان بەرەوپێشەوەببرێت.

دووەمیـان: بـریتییە لەچەسـپاندنی بیروبـاوەڕی خەڵـک لەسـەر ئەو ئـایینە، زۆرێـک لە چیـرۆکە موعجیزەییەکانی ئایینەکان، بە چیرۆک دەگێڕدرێنەوە، چونکە مرۆڤ لە ژیانی واقعیدا زۆر باوەڕ بەو ڕووداوە سەروو واقعییانە ناکات؛ بۆ ئەوەی قەناعەت لە لای مرۆڤ دروستبکەن، پێویستە لە قاڵبێکی چیرۆکئامێزدا بیگێڕنەوە، هەر لەو ڕووەوە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ گێڕانەوەی زۆرێک لە ڕووداوەکان هەوڵدراوە سود لە چیرۆک وەربگیرێت بۆ پەروەردە و چەسپاندنی ئەقیدەی مرۆڤی مسوڵمان.

مەبەست لە چیرۆک بە سروشت و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانییەوە، شێوەیەکە لەو گێڕانەوانەی، کە توانای لێکدانەوەی هەمەلایەنانە لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی چیرۆکی هونەری لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ڕەگەز و بنەمـایەکی هـونەری پێکدێت، دەتوانین بڵێین هەمـوو فۆڕمێکی تـازەی ئەدەبی، کە سەرهەڵدەدات لە ئەنجامی پێویستییەکی ژیاندا دێتە کایەوە، کە ڕەنگە فۆڕمەکانی پێش خۆی بە تەواوەتی نەیانتوانیبێت ئەو بیرە بەرجەستەبکەن،((چیرۆک هـونەرێکی ئەوروپاییە، پێویستی ژیان وایکردووە وەکو ڕووخسـارێکی هـونەری لەنـاو هەمـوو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە، لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتە ناو ئێمەشەوە)) (خەزنەدار، مایسی١٩٧٠: ٥٢) .

هەندێک لە لێکۆڵەران لەسـەر ئەوە کۆکن کە حیکایەتی دەوڵەمەندی فۆلکلـۆر و پەنـدی پێشـینان و لاوک و حەیرانی کۆنی کوردی سەرچاوەیەکی گرنگ و بەپیتی دروستبوونی چیرۆکن، بەڵام ئەمە بۆ ڕووی ناوەڕۆک دروستە، بەڵام لە ڕووی تەکنیکەوە پێشکەوتنی فۆلکلۆری کوردی وتەکنیکی نـوێی ئەوروپـی بـووەتە هۆکـاری پەیـدابوونی چیـرۆک لە ئەدەبییـاتی نـوێی کوردیـدا، "د.عیـزەدین مستەفا ڕەسوڵ" دەڵێت: ((ئێستا چیرۆکنووسەکان دوو بنەما لەبەرچاودەگرن، ئەوانیش کەلەپووری جیهـانی و حەکـایەتی کـوردییە، هەنـدێکیان بەوردی و بەدەسـتڕەنگینی ئەم دوو بنەمایەیـان تـێکەڵ کـردووە لە چیرۆکنووسـیندا، هەندێکیشـیان پشـتیان بە یەک بنەمـا بەسـتووە، بـۆیە چیرۆکەکانیـان بێبایەخن)) (ڕەسول، ١٩٦٦ :٢٠٦) .

چیـرۆک بـریتییە لە گێـڕانەوەی چەنـد ڕووداوێکـی یەک لەدوای یەک، کە بەسـەر چەنـد کەسـێکی جیـاوازدا دێـن و تێدەپەڕن لە شـوێنێکی دیـاریکراودا یـان بـریتییە لە گێـڕانەوەی ڕووداوێـک یـان کۆمەڵە ڕووداوێکی ژیان یـان سروشـت، کە بە شـێوەیەکی هونەرییـانە دادەڕێژرێت و دەبێتە جێی

سەرنجی خوێنەر و بزواندنی هەستی جوانی و پەرەپێدانی لێکدانەوەکانی وەرگر لە بەرامبەر ژیاندا، چیرۆکی هونەری بەهەموو جۆرەکانییەوە لەگەڵ گەشەکردنی شارستانییەت و ئاستی زانستی و ڕووناکبیری کۆمەڵانی خەڵکدا سەریهەڵداوە، یەکێکە لەو هونەرانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریدا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە. ((چیرۆک وەک هەریەک لە چەشن و جۆرە ئەدەبییەکانی دیکە لە گەشە و گۆڕاندا بووە، چ وەک ناوەڕۆک، چ وەک تەکنیک و شێوە، بۆیە لەگەڵ درێژەدان بە ڕەوتی خودی چیرۆک خۆی هونەری دیکە وەک : کورتەچیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمانیشی لێکەوتووەتەوە.)) (حسین،٢٠٠٧: ٧٧).

لە سەردەمی ئێستادا چیرۆک خۆی لە بابەتە غەریب و نادیارەکان دوورخستووەتەوە و بەرە و چارەنووسی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵ هەنگاوینـاوە، واتە بووەتە زمانحاڵی کۆمەڵ، کاتێک ڕۆژنامەگەری لە سلێمانی سەریهەڵدا، ژانری چیرۆک، یان گێڕانەوە بە فۆڕمە نوێیەکەی لەدایکدەبێت.

چیرۆکی کوردیش یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە سودێکی زۆرباشی لە کلتووری کۆمەڵی کوردی وەرگرتوە و کردوویەتی بە کەرەستەی خاوی چیرۆکە کوردییەکان، بۆنموونە: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئەدەبی چیرۆکنووسی کوردی و چیرۆکەکانی (شویش) ی (فوئادی تەمۆ) و (لەخەوما) ی(جەمیل سائیب) وەربگرین دەبینین کۆی ناوەڕۆکەکەیان باسکردنە لە کۆمەڵی کوردی و کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵ و کلتووری سیاسی و ئایینی و پێگەی ژن و چینایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ نیشان دەدەن، هەروەها لایەنێکی دیکەیشمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش بڵاوبوونەوەی دزی و جەردەیی و بەرتیل وەرگرتنە کە لە سایەی ڕژێمەوە ئەم کارە ناهەموارانە لە ناو کۆمەڵدا بڵاوبوونەتەوە، هەرچەندە چیرۆکەکە زیاتر ناوەڕۆکەکەی مەسەلەیەکی سیاسی گرتووەتەوە و مەبەستی نوسەرەکەی تاوانبارکردنی "شێخ محمود" ی نەمرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لایەنی خراپی دیاریکردووە، کە لە کۆمەڵدا بڵاوبوونەتەوە، لە چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان" ی "ئەحمەد موختاربەگی جاف" یشدا، هەر هەمان ئەو ڕەخنانە دەبینینەوە، کە لە کۆمەڵی گرتوون، وەک بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و ساویلکەیی ئەقڵی خەڵک و ڕوونکردنەوەی ڕژێمە سیاسییەکە، لە دوای ئەمانەشەوە چیرۆکەکانی"پیرەمێرد" هەن ،کە ئەم زیاتر بایەخی بە کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی داوە و لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە، کەواتە چیرۆکنووسانیش بە باشی ئاشنای کۆمەڵ و کلتووری خۆیان بوون و بۆ داڕشتنی بەرهەمەکانیان سودیان لێوەرگرتوون.

## ڕەنگدانەوەی کلتوور لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" دا:

لێرەدا بە پێویستی دەزانین قسە لەسەر ڕەنگدانەوەی کلتوور بکەین لە چەند چیرۆکێکی چیرۆکنووس (شێرزاد حسن) دا،کە لە نووسینەکانیدا زۆرباش کار لەسەر "کلتوور و پەروەردە" ی کۆمەڵی کوردی دەکات، لەو ڕوانگەیەوە چیرۆکەکانی (شێرزاد حسن)مان، هەڵبژاردووە، کە (بەختیار علی) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا کار لەسەر ژن دەکات و کلتووری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێینەدا لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا دەخاتەڕوو، (شێرزاد حەسەن) یش، یەکێکە لەو نوسەرانەی زۆر کار لەسەر ژن دەکات و ڕەخنە لە کلتوور و پەروەردەی کۆمەڵی کوردی دەگرێت، تا ڕادەیەکی زۆر نزیکی هەیە لە نێوان بیرکردنەوەی ئەم دوو نوسەرەدا ،هەردووکیان لە دەرەوە ژیاون و کاریگەریی بەرکەوتنی کلتووری ئەوروپیان لەسەرە و بەراوردی دەکەن بە کلتووری کوردی، " بەختیار علی" لە کتێبی وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکاندا، کە چاوپێکەوتنە و قسە لەسەر ئەزموونی نووسینی خۆی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات لە قۆناغێکدا زۆر کاریگەریی "شێرزاد حسن" ی لەسەر بووە.

لە کۆمەڵە چیرۆکی "گوڵی ڕەش" دا، کارەکتەرەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە گوڵبژێرێکن لە کۆمەڵی کوردی، کەسانێکن دەیانەوێت ڕاستی بەرجەستەبکەن، لە ململانێدان لەگەڵ کۆمەڵ و پەیامی کۆمەڵایەتی و بەهای کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، دەتوانین بڵێین((ئەو کارەکتەرانەی چیرۆکی (گوڵی ڕەش، گوناهی سپی، من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ، ڕەنگاڵە، میم، زەلکاو) کەسانێکن ڕەنگە بیرکردنەوەیەکی تاکیانەیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ بیرکردنەوەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ (مێگەل) جیاوازن چ لە بیرکردنەوە، چ لە ئاستی ڕۆشنبیریدا، کەسانێکن نایانەوێت لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا تەبابن، کە کار لەسەر جیاوازیی چینایەتی دەکات و نایانەوێت تەبابن، چونکە کۆمەڵ کار لەسەر چەپاندن دەکات.)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٢: ١٩٧). ئەمە وێنەی ئەو کۆمەڵەیە، کە نایەوێت کەس لەو سنوور و چوارچێوە کلتوورییە دەربچێت، کە بۆی کێشراوە، قبووڵی شتی تازە ناکات، نایەوێت کەس گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا بکات، بۆیە هەمیشە هەوڵی تاکەکانیش بۆ گۆڕانکاری پوچەڵ دەبێتەوە. ((گۆڕینی زمانی باو خۆی بۆ خۆی یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتییە، ئەدەبی بەرز هەمیشە نامۆبوونی تێدایە و ئەدەبێکە شتێکی ئاسایی وەک مەتەڵ لێدەکات، وا دەکات گەڕان بە دوای واتادا بوونی هەبێت.)) (محمد وهاوکاران، ٢٠١٨ :٥٣١).

ئێمە لێرەدا تیشک دەخەینەسەر کلتووری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێینەدا، هەروەها نمایشکردنی ئەم کلتوورە لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" دا ،ئەگەرچی جۆرەکانی کلتوور زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنها دەرفەتی باسکردنی ئەم نەریتە هەیە.

ژن یەکێکە لەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی، کە بە درێژایی مێژوو زیاتر لە پیاو جێگەی مشتومڕە، لەڕووی جیاوازی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانییەوە لە ناو کۆمەڵدا، لە لایەکی دیکەشەوە چەندین زاراوەی جیاواز بۆ ژن بەکار دەهێنرێت، کە پشت دەبەستێت بە دۆخی ژیانی ژنەکانەوە، وەک (قەیرەکچ و بێوەژن )، مێ تا شوونەکات پێیدەوترێت کچ، کە شوویکرد دەبێت بە ژن، کە

جیابووەوە پێیدەوترێت بێوەژن، ئەگەر مایەوە و شووی نەکرد پێیدەوترێت قەیرەکچ، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر تاک هەیە؛ بۆیە " شێرزاد حەسەن" یش، لەچیرۆکەکانیدا ئەمانەی نیشانداوە هەریەکێک لەمانە بە جۆرێک سەیردەکرێت لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە، وێنەی ژن لە کلتووری کوردیدا لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا بە چەند دەرکەوتە دەگێڕدرێتەوە وەک :

**دایکایەتی:**

یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکانی ژن لە کۆمەڵدا "دایکایەتییە" ، کە ئەمە لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" دا باسکراوە، دایک وێنەیەکە لە ژن زۆرجار لە چیرۆکەکانیدا، ڕەمزی خۆشەویستی و سۆزدارییە و سەرچاوەی دڵدانەوەیە، لە لایەکی دیکەیشەوە هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لە ناو خێزاندا، لە ڕووی پەروەردەییەوە هاوبەشی کردەی خەساندنە، "دایک" لە چیرۆکی(ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست) باوەشی میهرەبانی و داپۆشینی ترس و ئازارەکانی کارەکتەرە لە دەستی باوک، چونکە باوکەکە بەرامبەر بە منداڵێکی هەڵسوکەوت و کردەوەیەکی توند و شەڕەنگێزانەی هەیە، لەو باوکانەیە، کە سەر و دڵ و ڕۆح و دەروونی منداڵەکەی خۆی تێکدەشکێنێت بێ گوێدانە کەسێتیی منداڵەکەی، ئەمەش بۆ ئەو دەسەڵاتە زۆرە دەگەڕێتەوە، کە باوک لە خێزاندا هەیەتی؛ ئەوانەی کە تەنها فرمان جێبەجێدەکەن. هەروەک کارەکتەر خۆی دەڵێت: ((بە سەرما لاربووەوە...نووشتایەوە.....وەک مریەم..بە سەر عیسای بریندار نووشتایەوە....باوەشی پڕ لە میهرەبانی شاردمییەوە)) (حسن،٢٠٠٥ :١٨).

ئەمە وێنەی میهرەبانی دایک نیشاندەدات، کە ئامادەیە خۆی زۆرترین ئازار بچێژێت، بەس منداڵەکەی پارێزراوبێت و باشترین جۆری ژیانی بۆ دەستەبەربکات، هەروەها لە چیرۆکی "ترس" دا، دایک وێنەیەکی دیکەیە لە زەلیلی لە بەرامبەر دەسەڵاتی باوکدا ((دایکی خواپەرست و گرینۆک)) (حسن، ٢٠٠٥ :٣٤). ئەم جۆرە دایکە منداڵەکەی فێری ترسنۆکی و لاوازی دەکات بەرامبەر هەر شتێک، کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ناتوانێت ئازادانە بیربکاتەوە بڕیاربدات و پشت بە خۆی ببەستێت بەهۆی ترس لە باوک، ئەو هێزەی کە لە سەرووی ئەوەوەیە و دەبێت بۆ هەموو شتێک پرسی پێبکرێت، ئەمە پەیوەندیی بە کلتووری کۆمەڵی ئێمەوە هەیە، کە ژنەکان هەمیشە دەبێت فەرمانی پیاوەکان لە خێزاندا جێبەجێبکەن و کەمتر خۆیان بڕیاربدەن.

**بێوەژن:**

"بێوەژن" وێنەیەکی دیکەی ژنە لە کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک ئازار و دڵەڕاوکێی هەیە و کلتوور زوڵمێکی زۆری لەم جۆرە لە ژن کردووە لە کۆمەڵی کوردیدا و زۆرێک لە ئازادییەکانی لێزەوت کردووە و خۆی دەکات بە قوربانی ڕۆڵەکانی. ئەدەب هەوڵدەدات لە ڕێگەی ژانرەکانییەوە ئەم ئازار و مەینەتیانە بخاتەڕوو. "ژن" لە چیرۆکەکانی (شێرزادحسن) دا، چەند جارێک هاتووە، وەک لە چیرۆکەکانی(نهێنی و مارلین) و بە تایبەتیش لە چیرۆکی(بێوەژن) دا، چیرۆکنووس توانیویەتی لە هەست و نەستی کارەکتەرەکان بدوێت، دەتوانین بڵێین لە مێژووی نووسیندا نوسەران کەمترین شتیان لەسەر بێوەژن نووسیوە، ئەمە جگە لەوەی، کە "بێوەژن "

وەکو بونەوەرێکی دیکە سەیردەکرێت لە لایەن کۆمەڵەوە و دەخرێتە چوارچێوەیەکی کلتووری زۆر تەسکەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە لە ناو خودی کۆمەڵ و خزمەکانیشیدا بونەوەرێکی قیزەون و پشتگوێخراوە.

چیرۆکی "بێوەژن" باس لە بێوەژنێکی پەنجا ساڵە دەکات، کە تەمەنی بەسەرچووە، ئەمە کاریگەریی لەسەر ڕووخسار و ناخی بێوەژنەکە هەبووە، وەک (پۆشینی جلی ڕەش، کە ڕەمزی مانەوەی خەم و ناخۆشییە: ((سێ ساڵە ڕەشی پۆشیوە.....هەتا لە زەماوەندی کوڕە تاقانەکەیدا.....کەسێ لای لێنەکردەوە.......داوای لێبکا......ئەو جلە ڕەشانەی بگۆڕێ)) ،(حەسەن، ٢٠٠٥ :٥١).

یەکێکی دیکە لە ئازارەکانی "بێوەژن" ڕێگرتنە لە حەز و ئارەزووە غەریزەییەکانی لە کۆمەڵدا، مافی شووکردنەوەی لێدەسەندرێتەوە، کە وەک بوونەوەرێک لە لایەن ئەقڵی باوی کۆمەڵەوە سەرکوت دەکرێت، تەنانەت ئەو کوڕەی کە هەموو ژیانی خۆی لە پێناویدا داناوە دژی دەوەستێتەوە، هەروەک دەڵێت: ((ئاخۆ شیاوە دوای ئەو تەمەنە درێژە جلەڕەش و خەمدارەکەی دابکەنێت.....؟ناشێ....بیری کەوتەوە...شەوێکیان کوڕەکەی چی پێکرد.. زانیبووی مامە عەبەی تونچی داوایکردووە....ئەو شەوە هەزار جار تلایەوە...هەر ئابڕوویبرد))، (حەسەن، ٢٠٠٥ :٥٣). کوڕێک کە نزیکترین کەسی بێوەژنە ناتوانێت لە شتە غەریزی و ڕاستی و ماندوویییەکانی دایکی تێبگات؛ بۆیە بێوەژن بوونەوەرێکی ماندووە و هەمیشە قوربانی سەرەکی دەستی کۆمەڵ و کلتوورە و هەموو حەز و ئارەزووەکانیشی لە دوای لە دەستدانی هاوژینەکەی لە دەستدەدات و دەبێت بە پێی خواست و ویستی خەڵک مامەڵەبکات و دژایەتیان نەکات، دەبێت هەموو ژیانی بێبەشبێت لە دڵخۆشی و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆی.

**قەیرەکچ:**

"قەیرەکچ" یەکێکی دیکەیە لە وێنەکانی ژن لە ناو کۆمەڵی کوردیدا و بەشێکی دیکەی مەینەتییەکانی ژنی کوردە. بۆیە قسەکردن لەسەر قەیرەکچ لای "شێرزادحسن" هەمیشە جێگەی گرنگیپێدان بووە و لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. وەک لە چیرۆکەکانی (خوشکەکان، مارلین، پیرە پەپوولەکانی ئێواران )، بە تایبەتی لە چیرۆکی "خوشکەکاندا" کار لەسەر نەست و بارودۆخی دەروونی "قەیرە کچ" کراوە . ((زۆر لە نوسەران لە دەرگای ئەم بابەتەیان داوە و گەلێک چیرۆک و هۆنراوە و شانۆگەریی لەسەر ئەم بابەتە نووسراون، هەر لە چیخۆفەوە بیگرە هەتا لۆرکا و ڕەئوف بێگەرد و ئەحلام مەنسور و شێرزاد حسن و حەمەسەعید زەنگەنە و شاکر عەواد و گەلێکی دی)) ، (ئیسماعیل،٢٠٠٥ :١٢٦). چیرۆکی "خوشکەکان" باس لە سێ خوشک دەکات، کە یەکێکیان خوشکی گەورەیە، دوو خوشکی لە خۆی بچووکتر هاوسەرگیری دەکەن و زەماوەند دەگێڕن، لەم کاتەدا گۆڕانکارییەک لە بیرکردنەوەی خوشکی گەورەدا دروستدەبێت، کە گێڕەرەوە وەک کارەکتەری سەرەکی ناساندوویەتی بەم شێوەیە باسی بارودۆخی دەروونی خوشکی گەورە دەکات: ((تەنیایی و قەیرەیی گەورە خوشک دەگێڕنەوە ژوورێک و قەیرەکچێکی تەنیا....دۆزەخێکە

و هەر خۆی تیادەسوتێ و بەس......!چ سیحرێکی تیاماوە...... !کوانێ دیکەیفە و پێکەنینی جارانی....هەڵبەز و دابەزی شێتانەی منداڵی....حەز و ئاوات و خەونی ساڵانی هەرزەی.....ئەو نوکتەی خەڵکی دەخستە سەر گازەرەی پشت...؟هیچیان لە هەگبەدا نەماوە...گەلێ بەتاڵە....کەلاوە ڕووخاوی نێوزستانێکی سەخت ئاسا....کەسێک نایەت دروستی کاتەوە....ئیتر تەواو...چاوی چاوەڕوانییە....لەوەدەچێ شەمەندەفەرێکی سەر سەفەری ئەبەدی جێیهێشتبێ.)) (حسن، ٢٠٠٥ :٢٥).

لە کۆمەڵ نەریتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا قەیرەکچ لە بارودۆخێکی دەروونی زۆر ئاڵۆزدا دەژی هەمیشە خۆی بە کەمتر لەوانی دیکە دەزانێت لە کاتی بەراوردکرنی خۆی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا لە ڕووی شێوازی ژیانیانەوە، زۆرجار پیاوەکانی خێزان هۆکارن بۆ بە قەیرە مانەوەی کچان، چونکە ڕێگا نادەن هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی دڵخوازی خۆیدا بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی مانەوەی کچ و دواکەوتنی ژیانی بێبەشبوونی لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی؛ بۆیە هەمیشە گریان و تەنیایی دەبێتە هاوڕێی ئەم کچانە، کەسیش بە ڕاز و نهێنی دەروونی ئەم کچانە نازانێت.

**ژن و مێرد:**

یەکێکی دیکە لەو گرفتە کۆمەلایەتییانەی لە کۆمەڵ نەریتییەکان هەیە، نەبوونی پەیوەندیی خۆشەویستییە لە نێوان هاوسەرەکاندا، چونکە زۆرجار ئەم هاوسەرگیرییە بەزۆر دروستبووە و خێزان ئەو دوو مرۆڤەیان ناچارکردووە، پێکەوەبژین. بۆیە "شێرزاد حسن " دەیەوێت بڵێت پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پەیوەندییەکی ونە، پەیوەندییەکە بەهاکانی خۆشەویستی تیا مردووە، نموونەی چیرۆکی "ماڵئاوا خۆشەویستی" یەکێکە لەو نموونە جوانانەی کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە نەخۆشی دەست نەخۆشەکانە، خۆی دکتۆری دەروونییە و چارەسەری کێشەی ئەو ژن و مێردانە دەکات، کە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا نەماوە؛ بۆیە دکتۆر بە خۆی دەڵێت من نەخۆشی دەستی نەخۆشەکانمم.

**ڕەدووکەوتن یان هەڵگرتن:**

ڕەدووکەوتن مەسەلەی بەگژداچوونەوەی ئافرەتە، کە بە درێژایی مێژوو ئەوپەڕی هەوڵیداوە سەربەستی خۆی بسەلمێنێت و دژی دەسەلاتی پیاوسالاری بوەستێتەوە لە کۆمەڵدا. لەڕووی زمانییەوە وشەکانی: (ڕەدووکەوتن، بەدووکەوتن، بەشوێنکەوتن) لە زمانی کوردیدا بۆ ئەم دیاردەیە بەکاردەهێنرێن، کە هەرسێکیان وشەی لێکدراون و یەک واتا و مەبەست دەبەخشن، ((لە کاتێکدا مرۆڤ کارێک ئەنجامدەدات، مەرج نییە ئەو کارە ویست و ئارەزووی دەروونی و جەستەیی بێت، واتە ئەو دەورووبەر و بارودۆخەی تیایدا دەژی کاریگەریی تەواو دەبینێت بەسەر هەڵسوکەوت و بیروبۆچوون وخواست و ئارەزووەکانیدا، چونکە ڕەنگە زۆرجار ژیان و دەورووبەر ناچارمانبکات بۆ کردن و ئەنجامدانی زۆر شتی سەیر و سەمەرە.)) ، (نورەدین،٢٠٠٧ :٢١٧)، دەتوانین بە کورتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕەدووکەوتن لەمانەدا کۆبکەینەوە: (جۆرەکانی پێکەوەگرێدانی نێر و مێ لە کۆمەڵی کوردیدا، دابونەریت، هەندێک سەربەستی کلتووری، ئابووری، ئایین، جوانی، هەڵنەکردن، ئاستی ڕۆشنبیری...)،کە ئەمەش یەکێکە لەو کێشە کۆمەلایەتیانەی

"شێرزادحسن" له چیرۆكەكانیدا باسیكردووه، خۆشەویستی نێوان كوڕ و كچ و هەلآتنیان له شار و شوێنی نیشتەجێبوون و خێزانی خۆیان، بەهۆی ئەو ڕێگرییە زۆرەی له كلتوورەكەماندا هەبووە بۆ خۆشەویستی.
وەك له چیرۆكی "ڕیشۆڵە" دا باس له دواكەوتنی "هەمین" دەكات، لەوكاتەی له گوند دەكەوێتە داوی خۆشەویستی "بایز" ، بەلآم عادەت و كلتووری كۆمەڵ ڕێگره له بە یەكگەیشتنیان، بە ناوی جیاوازی چینایەتی، یان زۆرجار ئاغا و دەرەبەگەكان ڕێگربوون له بەردەم بە یەكگەیشتنی دوو دڵداردا، لەبەرئەوەی ویستویانه هەرچی كچی جوانه بۆ خۆیان قۆرخی بكەن و نەهێڵن كەس بیانبات، "بایز و هەمین" سەری خۆیان هەڵدەگرن و ڕوودەكەنە شار، لەوێش "هەمین " خەریكی كاركردن دەبێت بۆ ماڵە ئاغا و دەرەبەگەكان، "بایز" یش خەریكی ڕاوكردنی ڕیشۆڵە دەبێت، له شار دەبن بە دایك و باوكی كچ و كوڕێك بە ناوەكانی(عەبە و فاتە)، بایز بەردەوام خەریكی ڕاوكردنی ژیانه و هەمینیش بە هەلآتنەكەی شۆڕشێكی دژی كلتوور و كۆمەڵ بەرپاكردووە.
((شۆڕشێكی بەرپاكرد...گوێی له كەس نەگرت و ڕەدووت كەوت....ئەمێستاكەش شەوانه ناخەوێت تا گوێی له دەنگە خۆشەكەت نەبێ..)) (حسن ،٢٠٠٥: ١١). دەتوانین بڵێین ئەمە شۆڕشێكە ژنێك بە تەنها له بەرامبەر كلتوور و كۆمەڵێكدا دەوەستێتەوە، بەلآم ئەم كۆمەڵە زۆر بێڕەحمانە دژی ئەم ژنە دەجەنگێت و بە تاوانبار له قەڵەمیدەدات، هەڵبەت ژنان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەمە ((خۆیان و بنەماڵە و كەسوكاریان دەكەن بە قوربانی، چونكە دواتر دەبێتەهۆی كوشتنیان و كۆتایی هێنان بەو خۆشەویستییەیان، لەم چیرۆكەدا گەرچی "هەمین" ژنێكی گوندی و نەخوێندەوارە، بەلآم له هەمانكاتدا توانای ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی ئەو كلتوورەی كۆمەڵ ببێتەوە؛ دواتریش كاتێك دێتە شار وەك ژنێك هەست بە بەرپرسیاریەتی بكات بەرامبەر خێزانەكەی و هەروەها ئەو بیرەی ، كە پێیوایە دەبێت سەربەست بێت، دەستدەكات بە كاركردن هەربۆیە ئەویش یەكێك دەبێت لەو ژنانەی له دەستوری باوك و برا هەڵدەگەڕێتەوە.)) (عەبدولا ،٢٠١٣: ١٤٠).
هەرئەمە وادەكات ژنی كورد، یان ڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە، یان بكەوێتە ژێر ڕكێف و فەرمانەكانی پیاوەوە و هەموو سەربەستی و حەز و ئارەزووەكانی لەدەستبدات، ئەمەجگە لەوەی نوسەر زۆرجار باوك بە فریشتەی گیانكێشان پیشاندەدات، كە ئەمەش ئەوپەڕی زۆرداری پیاو نیشاندەدات، نەك تەنها بەرامبەر بە ژن، بەڵكو بەرامبەر منداڵەكانیش، كە وەك كەرەستەیەك بە دەستیەوە هەڵیاندەسوڕێنێت و دەبێت هەمووشیان له ژێر فەرمانی ئەودابن.

**خۆشەویستی و چینایەتی:**

یەكێكی دیكە لەو مەسەلانەی له چیرۆكەكانی "شێرزادحەسەن" دا ڕەنگیداوەتەوە، بابەتی جیاوازی چینایەتییە؛ چۆن هەژاری و دەوڵەمەندی بوونەتە بەربەست له بەردەم خۆشەویستی و بە یەكگەیشتنی دوو دڵداردا ، كە ئەمەش بە چەوسانەوەی ژن و زەوتكردنی مافەكانی كۆتایی پێهاتووە، هەروەك له چیرۆكەكانی "گوڵی ڕەش" و "ڕەنگاڵە" دا ڕەنگدەداتەوە، له چیرۆكی "گوڵی ڕەش" دا باس له جیاوازی چینایەتی دەكات، چۆن ماڵە هەژارەكان دەبنه مایەی پێكەنینی دەوڵەمەندەكان، "حەمەد" كوڕی یەكێك له ماڵە هەژارەكانه، كە له خانوویەكی بچووكی وەك

کەلاوە ژیان بەسەردەبات، لە ناو گەڕەکێکی دەوڵەمەندددا، لەو گەڕەکەشدا "حەمەد" دەکەوێتە داوی خۆشەویستی "هێرۆ" وە، هەرلە منداڵییەوە هۆگری ماڵی ئەوان و ئەو گوڵوگوڵزارە دەبێت، کە لە حەوشەی ئەواندایە، بەڵام لەبەر هەژاری ناتوانێت "هێرۆ" بەدەستبهێنێت، هەربۆیە لە چیرۆکەکەدا باس لەوە دەکات چۆن هێرۆ دەبێتە یەکێک لەو قوربانیانەی، کە بە پارە دەفرۆشرێت بە کوڕێکی دەوڵەمەند، کە ئەمەش دەمانباتەوە بۆ بابەتێکی کلتووری، کە بابەتی "شیربایبە" ، واتە فرۆشتنی کچان لە بەرامبەر بڕێک پارەدا، ئەگەرچی چیرۆکەکە ڕاستەوخۆ باسی ئەم بابەتە ناکات، بەڵام دیارنەمانی "هێرۆ" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باوکی بەزۆر بە شووی داوە، هەروەک "حەمەد" لە کاتی خۆدواندندا بە "هێرۆ" دەڵێت: ((تۆشیان کڕی...تۆش وەک ئەو گوڵانە بە دەستیانەوە سیس دەبی....هەڵدەوەرێ)) (حسن،٢٠٠٥ :٩٨) .

((لە کۆمەڵی دواکەوتوودا کچ دیوارێکی ئەستوری بە چواردەوردا دروستکراوە و ڕێگای دڵداری و تێکەڵبوونی ئازادانەی لەگەڵ کوڕدا لێ قەدەغەکراوە، ئەم کارەی بە شوورەیی دادەنرێت، لە کاتێکدا کوڕ لە لای خۆیەوە، بەرەڵاکراوە و ئازادییەکی یەکلایی پێدراوە، ئەگەرچی ئەم کارە ستەمێکە لە کچ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی یاسای خواست و خستنەڕوو بایەخی کچی زیاتر کردووە و قسە و هەڵوێستی ئەوی باڵادیکە کردووە)) (میراودەلی، ٢٠٢١ :٣٣٥).

لە کۆمەڵ کلتوورییەکاندا چارەنووسی کچ هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە بە جوانی و ناشرینییەوە دەبەسترێتەوە و ئەوە دەخرێتە مێشکییەوە، کە ئەو تەنها سەرمایەی ژیانی جوانی و لەشولارییەتی و هیچ بەرپرسیاریەتێکی دیکەی نییە، لە کاتێکدا ژن گەورەترین ئەرک و بەرپرسیاریەتی لەسەرە، کە ئەویش دایکایەتی و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتووی کۆمەڵە، کەواتە چیرۆکنووسان لەڕێگەی چیرۆکەوە هەوڵیانداوە دەستبخەنەسەر ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کە سەرچاوەی دروستبوونیان کلتووری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە.

## ١-٣-٣: کلتوور لە چەند نموونەیەکی دەقی شانۆی کوردیدا:

شانۆگەریش یەکێکە لە هونەرەکانی ئەدەب. ئەو جۆرەئەدەبەیە، کە لەسەر تەختەی شانۆنمایش دەکرێت. کەسایەتییەکانی ناو شانۆکە دەبنە بەرجەستەکەری ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، ((دراما لە جەوهەردا هەر بە تەنیا ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەب نییە، بەڵکو نمایشدەکرێت، سەربارى ئەوەش تاڕادەیەک لە سنووری ئەدەب دەچێتە دەرەوە، چونکە دەکرێت لە شیکردنەوەیدا هەر پشت بە تیۆری ئەدەب نەبەسترێت، بەڵکو بە تیۆری شانۆش ببەسترێت.))، (بەکر، ٢٠٠١ :٩٤).

**شانۆ لە چەند ڕەگەزێکی گرنگ پێکدێت، کە بریتین لە:**

**١-دەق لە شانۆدا**: ((کە دەڵێین دەق مەبەستمان دیرۆکی شانۆیی نییە، بەڵکو هاوکاریکردنە لەگەڵ هەندێک ڕەگەزی دیکە وەکو دەرهێنان و نواندن و دیکۆر و بینەر..هتد.، کە ئەم ڕەگەزانە لە

یەکتر جیاوازن، بەڵام ئامانجە هونەرییەکە ئەوەیە، کە خزمەتی یەکدی دەکەن و بەستراونەتەوە بە (میکانیکی) یە، شانۆگەرییەکە، کە بەبێ دەق نابێت، بەڵکو بە هەڵسانی مرۆڤ بە کارێکی هونەری دەبێت، کە ئەو کارە هزرێک لە پێشیدابێت و هزر بووەتە نووسین و پێیدەوترێت دەق.)) (سمۆ، ٢٠٠١ :٨٢).

وشەکان دەقیان لێ دروستدەبێت، وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکە ڕستە دروستدەکات، لە کۆتاییدا شتێکی بە مانا دەخولقێت، نوسەری شانۆ لە ژێر کاریگەریی ئەو ژیانەی، کە تێیدا دەژی دەیخولقێنێت، شانۆگەری هەمیشە زۆر نزیکە لە ئێش و ئازارەکانی خەڵک و بەدوای کەلێن و کەموکورتییەکانی کۆمەڵدا دەگەڕێت و دەیەوێت پڕیبکاتەوە، هەمیشە نوسەری شانۆش خۆی یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی شانۆکان، چونکە خۆشی بەشێکە لە نەهامەتییەکانی کۆمەڵ، هەموو ئەمانە دەقی شانۆ دروستدەکەن. ئەگەر بمانەوێت دەقێکی شانۆیی بەهێز بخولقێنین دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین: (زمان، دانوستاندن ( دیالۆگ)، حیکایەت، کەسایەتی، شوێن، بیر)

**٢–ئەکتەر لە شانۆدا:** دەقی شانۆیی چەندە بەهێز و کاریگەربێت، ئەگەر ئەکتەرێکی بەتوانا نەبێت نمایشی بکات لە سەر تەختەی شانۆ، هێزی دەق نامێنێت، دەق بە هاوکاری ئەکتەر دەبێتە نمایشێکی باش و سەرکەوتوو، هونەری نواندن هونەرێکی داهێنەرانەیە، وەکو چۆن مۆسیقاژەنێک ئامێرێک بەکاردەهێنێت، کە لە ڕێگایەوە ئاوازێک بۆ گوێگر دەگوازێتەوە، ئەکتەریش جەستەی و جوڵەی جەستەی بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێت، تاکو بتوانێت وشەکانی شانۆنووسێک و بیروباوەڕەکەی بۆ بینەر و خەڵکی بگوازێتەوە، هەموو کەسێک ناتوانێت ببێت بە ئەکتەر، ئەو کەسەی دەبێتە ئەکتەر دەبێت توانای ئەوەی هەبێت دەقەکە بە بەهێزی و جوانی بگەیەنێت بە بینەر.

**٣–بینەر لە شانۆدا:** مەبەستی سەرەکی لە پێشکەشکردنی هەر شانۆگەرییەکدا بینەرە، ئەم بینەرانەش جۆراوجۆرن، هەندێکیان ڕۆشنبیرن، هەندێکیان خاوەن بڕیارن، هەندێکیان جوتیار و کاسپکارن، کەواتە بینەر لە کاتی پێشکەشکردنی کارێکی شانۆییدا مەبەستی سەرەکییە، وە مەرجیش نییە هەموو ئەم بینەرانە لە یەکئاستدابن، مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی هەر کارێکی شانۆییدا گۆڕینی بیروباوەڕی بینەر و بەرەوپێشبردنیەتی، ئەمە جگە لەوەی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشە لە لای بینەران، مرۆڤ پێویستی بە ئامۆژگارییە و یەکێک لە ڕێگاکان بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاریش شانۆیە.

**٤–دەرهێنەر (دەرهێنان ) لە شانۆدا:** دەرهێنەر ئەو کەسەیە، کە کارێک هەڵدەبژێرێت بۆ شانۆ و کارەکتەرەکان هەڵدەبژێرێت، چەند ڕێگایەکی باش دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کارە هونەرییە بە

باشی نمایشبکات؛ بۆیە دەق و ئەکتەر زۆرجار دەچنە ژێر ڕکێفی بیروباوەڕی دەرهێنەرەوە، زۆرجار دەرهێنەر دەستکاری دەقەکە دەکات لە پێناو جوانی نمایشەکەدا، ((دەکرێت مێژووی دانانی دەرهێنەر وەک فاکتەرێکی بنچینەیی لە کاری شانۆییدا، لە ماوەی( ١٧٥٠ز) دەستنیشانبکرێت، ئەوەش پاش ڕوودانی چەندین پێشکەوتن و وەرچەرخان لە هونەری شانۆییدا))، (عەبدلحمید،١٩٨٧ :١٥).

ئەگەر ئەم مێژووە لەگەڵ مێژووی پەیدابوونی شانۆدا بەراوردبکەین، دەبینین ئەم ڕەگەزە درەنگتر پەیدابووە. بەڵام بووە بە یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شانۆ شانبەشانی دەق و ئەکتەر و بینەر، واتە ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سەیربکەین، ئەمە تەمەن کورتترین ڕەگەزی شانۆیە، بەڵام گرنگی و بایەخێکی زۆری پەیداکردووە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.((عەبدولڕەحیمی هەکاری بە یەکەم نوسەر دەژمێردرێت، کە بە زمانی کوردی لە ساڵی (١٩١٩)دا، لە گۆڤاری (ژین)،لە ژمارە (١٥و١٦) دا، لە ئەستەمبوڵ، ناوێکی بۆ هونەری شانۆ دۆزیبێتەوە، هەکاری دوو زاراوەی بەکارهێناوە : (پیەس ،تیاتر)ە، وەک دەبینین ئەمیش هەر نەیتوانیوە زاراوەیەکی کوردی پەتی دابڕێژێت.)) (پیربال، ٢٠٠٠ :٣) ،دواتر پیرەمێردی شاعیر لە ڕۆژنامەی ژیاندا، لە وتارێکی ڕەخنەی شانۆییدا، زاراوەکانی (تەمسیل و فەننی تەمسیل و درام و پیەس )ی بەکارهێناوە، بەمشێوەیە دەبینین تاکو ساڵانی( ١٩٤٠) وشەی شانۆ لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەکارنەهاتووە.

"بەختیار علی" پێیوایە: (( شانۆ خاڵێکی لەیەکدانە، ڕۆحی نوسەر، ڕۆحی دەرهێنەر، ڕۆحی ئەکتەر پێکەوە لەناو یەکدا دەتوێنەوە، یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان لێکدەدەن و بەریەکدەکەون، بەڵام نیگای هەریەک لەم سێ کارەکتەرە سەرەکییە نیگایەکی جیاوازە بۆ شانۆ، نوسەر هەرگیز نازانێت ئەوەی، کە دەینووسێت چۆن نمایش دەکرێت، من لەو باوەڕەدام هیچ دەرهێنەر و ئەکتەرێک ناتوانن خودی ئەو شانۆنامەیە نمایش بکەنەوە، کە لە خەیاڵی نووسەدا بووە.)) (هەڵەبجەیی، ١٤٠١هەتاوی :١٥).

واتە ئەو بیرۆکە و خەیاڵەی، کە لە مێشکی نوسەردا هەیە هەرگیز ئەوەنییە، کە لە مێشکی دەرهێنەردا هەیە و دوو شتی تەواو لێکجیاوازن، بەڵام گرنگە دەرهێنەر هێڵکاریی ئەو فەزایە تێکنەدات، کە نوسەر دروستیکردووە. ئەگەر دەرکەوتنی هەر ژانرێکی ئەدەبی وابەستەبێت بەو سەردەمەی، کە تییدا لەدایکدەبێت، واتە پێویستە ئەو نەتەوەیە لە پلەیەکی پێشکەوتنی ئەوتۆدا بێت، کە ئەو ژنرە ئەدەبییەی تێدا دەردەکەوێت، ئەوا شانۆگەری پێویستیی بە پلەیەکی بەرزی شارستانی هەیە بۆ ئەوەی تێیدا دەربکەوێت.

دیارە شانۆش وەکو ژانرێکی زیندووی ناو دونیای ئەدەبییاتی کوردی، بێبەش نییە لە کاریگەریی کلتووری کوردی لە سەری، چونکە دواجار شانۆنووس مرۆڤە و کارتێکراوە لە ناو کۆمەڵدا و هەر دیاردە دیارەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵەکەی دەکاتە دەقێکی شانۆیی و لەسەر تەختی شانۆ نمایشیدەکات، بۆ نموونە زۆرێک لە چیرۆکی شانۆکان سودی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە لە بابەتە قارەمانی و دڵدارییەکاندا، کە تەنانەت ناوی نوسەرەکانیشیان دیارنییە؛ بۆیە کەلەپوور و کلتووری کوردی لە ناو کورددا زۆر پیرۆزن، بوون بە کەرەستەی دەستی نوسەرانیش بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی بەسود، لێرەدا شانۆگەریی (ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ)ی (ئەحمەد سالار) وەردەگرین، ئەم شانۆگەرییە یەکێکە لە کارە سەرکەوتووەکانی ئەم نوسەرە؛ بۆیە بە باشمانزانی وەک نموونەیەک قسەی لەسەربکەین، لە ڕەنگدانەوەی کلتوور بدوێین لەم شانۆگەرییەدا، یەکەم خاڵ لەم شانۆگەرییەدا، کە سەرنجڕادەکێشێت، بەکارهێنانی ناوە کوردییەکانی ئەو دەڤەرەیە، کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوویداوە و کۆتایی هاتووە لەوانە: (هەباس، ڕینۆ، ڕەنجۆ، سەردار، نازەنین، هەیاس، مەمۆ، حەسەن، عەبدی شێرڤان، ڕەمەزان، خازی، شەریف، محۆ، مینا، حەپسە، عەبدال)،بەکارهێنانی کەلەپوور وەک بەشێک لە کلتوور هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا دەردەکەوێت، کە ئەویش بەکارهێنانی (گۆرانی)یە، شانۆگەرییەکە بە گۆرانی دەستپێدەکات، گۆرانییەکەش زۆر بەسود و پڕ مانایە، دەڵێت:

((لە کەزیەی لوولی داستاندا

گوڵی بەرۆکی ستراندا

چرای ئەڤینێ هەڵکرا

ڕۆشن، ڕۆشن

هەتاو لە تاویا داگیرسا

خۆزگە و حەزێکی وای ڕوان:

بڵند، باڵا، هەور ئاسا

مزگێنی وەرزی باران بوو

نەورۆزی پڕ نوقڵانە بوو

هەبوو–نەبوو

دەروو تەنگ بوو، ژیان لەنگ بوو.....)) ، (سالار، ٢٠٠٠ :٢٠٥).

بابەتی سەرەکی ئەم گۆرانییە ململانێیە لە نێوان بوون و نەبووندا، ئەمە جگە لەوەی باسی دانانی پردی دەلال دەکات لە زاخۆ وەک بەشێک لە مێژووی کەلەپووری کۆنی کۆمەڵی کوردی. هەروەها بەکارهێنانی وشەکانی : (گڤەگڤی ڕەشەبا و لوورەلووری گورگ) وێنەی ژیانی کوردەواری و گوندەکانی کوردستان دەکێشێت، هەروەها بەکارهێنانی وشەکانی: (دێو، درنج، خێو، دەعبا ) ئەم زاراوانە لە ئەفسانەکاندا بەکاردەهێنرێن، کەواتە ئەفسانەشی وەک دووەم ڕەگەزی فۆلکلۆری کوردی بەکارهێناوە لە شانۆگەریەکەیدا، کە ئێستا پانتاییەکی گەورە لە کلتووری کوردی داگیردەکات، هەندێک ئامێری کەلەپووری بەکارهێناوە، بۆ نموونە(خەرمانە)، کە بە دوو شێوە بەکاردێت:

((١–ئامێرێکی زۆر بەسودە لای جوتیاری کورد.

٢–ئامێرێکی زۆر جوانە و بۆ زۆر ماناى هونەری بەکاردێت.)) (سمۆ، ٢٠٠١ :١٤٣).

لەم نموونەیەدا زیاتر گرنگیی خەرمان دەردەکەوێت، کارەکتەری سەردار دەڵێت: ((ناتوانم ،چۆن بیری لێنەکەمەوە. ئەمە لەوەدەچێت ئاگر بەربێتە خەرمانی جوتیارێک و لەبری کوژاندنەوە، سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ. وەک ئەوە وایە هەر بە تەواوەتی، ئاگر لە کۆشک و سەرام بەربێ و جگەرگۆشەکانم لە ناو شاڵاودا بن و ئارامبگرم.)) (سالار، ٢٠٠٠ :٢٠٥).

کەواتە (ئەحمەدسالار) لە شانۆگەری (ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ) دا زۆر بە باشی چووەتە ناو مێژوو کلتووری کۆمەڵی کوردییەوە و هەوڵیداوە چەندین بابەتی کەلەپوری و کلتووریی جیاواز لەم شانۆیەدا کۆبکاتەوە و قسەیان لەسەر بکات.

# بەشی دووەم

**بەشـی دووەم: کلتـوور لە هەنـدێک لە ڕۆمـان و بەرهەمە ئەدەبـی و فیکرییەکـانی - بەختیار علی-دا :**

**٢-١: ئەزموون و دونیابینی "بەختیار علی " بۆ کلتوور لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا:**

**٢-١-١: تێڕوانینی –بەختیار علی –بۆ کلتوور.**

**٢-١-٢: ئامادەیی کلتوور لە دونیابینی و شیعرەکانی -بەختیار علی- دا.**

**٢-١-٣: ڕۆمان و توخمەکانی.**

**٢-١-٤: کلتووری خورافە لە هەندێک لە ڕۆمانەکانی -بەختیار علی- دا.**

**٢-٢: زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٢-٢-١: زمانی نووسینی بەختیارعلی.**

**٢-٢-٢: دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا.**

**٢-٢-٣: هونەر لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٢-٢-٤: کلتووری ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی لای کوردی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا.**

## بەشی دووەم: کلتوور لە هەندێک لە ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی

## - بەختیارعلی- دا:-

## ٢-١: ئەزمـوون و دونیـابینی "بەختیـار علـی " بـۆ کلتـوور لە هەنـدێک لە بەرهەمەکانیدا:

### ٢-١-١: تێڕوانینی – بەختیارعلی- بۆ کلتوور:

(بەختیـارعلی) لە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە، بە شـیعر دەسـتی بە نووسـین کـردووە، بەڵام لە کۆتـایی هەشـتاکان و سـەرەتای نەوەدەکـانەوە وەکـو نـاوێکی دیـاری ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و ئەدەبـی کـوردی هـاتووەتە مەیدانەوە و لە بوارەکـانی (شـیعر، ڕۆمـان، لێکۆڵینەوەی فیکـری و ئەدەبـی)دا، قەڵەمێکـی بـوێر و چـاونەترس بـووە، هەمیشـە لە هەوڵـی کـردنەوەی دەرگـا داخراوەکانـدا بـووە، هەوڵیـداوە چەمکـی قەدەغە لەناوببـات و لەبـری ئەوە چەمکـی قبـووڵکردنی جیاوازی تاکی بڵاوبکاتەوە، یەکەم ئەزموونی نوسـەر لە بـواری ڕۆماننووسـیندا بـریتییە لە ڕۆمـانی (مەرگی تاقانەی دووەم)، کە لە ساڵی( ١٩٩٧) دا بڵاوکراوەتەوە، شێوازێکی نوێی گێڕانەوەی هێنـایە ناو ڕۆمانی کوردییەوە، لە ساڵی( ١٩٩٨)ی زاینیدا ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بڵاوکـردەوە، ئەگەر بمانەوێت تێڕوانینی "بەختیـار علـی" بۆ کلتـوور بزانین، پێویسـتە زۆر بە وردی بەرهەمە فیکـری و ئەدەبییەکـانی بخـوێنینەوە، تـاکو بتـوانین لە کرۆکـی نووسـینەکانیدا تێڕوانینـی نوسـەر بـۆ چەمکـی کلتوور بە هەمـوو جۆرەکانییەوە بدۆزینەوە؛ بۆیە وا پێویسـتە بە جیـا بـاس لە تێڕوانینـی نوسـەر بکەین بۆ جۆرە جیاوازەکانی کلتوور:

کلتووری میللی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لە تێڕوانینی نوسـەر دا، کلتـوورێکی چەقبەسـتو و نەگۆڕە و جۆرێـک لە مـرۆڤ بەرهەمـدەهێنێت، کە هەمیشـە خـۆی دووبارەدەکـاتەوە و پابەنـدی کۆمەڵێک سنوور و نەریتـی کۆمەڵایەتییە، کە کـۆمەڵ و دونیـابینی تـاکی کـورد بەرهەمـی هینـاوە و ناتوانێـت لەو سـنوورانە دەربچێـت و نـوێگەری بەرهەمبهێنێـت. ئەم جـۆرە کلتـوورە تاکێـک بەرهەمـدەهێنێت، کە هەلپەرسـتە و چـاوی بە سـەرکەوتنی ئەوانـی دیکەدا هەڵنـایەت؛ بـۆیە نوسـەر پێیـوایە ئـێمە خـاوەنی کلتـوورێکین، کە گرنگـی بە مـرۆڤ و ئازادییەکـانی و مرۆڤبـوون نـادات، کلتـــووری ئـــێمە نەیتوانیـــوە مرۆڤێـــک بەرهەمبهێنێـــت، کە خـــاوەنی پرســـیاربێت و ئـــارەزووی قووڵبوونەوە و دەسکەوتنی وەڵامـی پرسـیارەکانی هەبێت. نوسـەر لەبەرئەوەی لە ئەورووپـا دەژی؛

بۆیە کاریگەریی فیکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی زۆر لەسەرە و لە زۆرێک لە نووسینە ڕەخنەیی و فیکرییەکانیدا بەراوردی کۆمەڵەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەورووپادا دەکات و پێیوایە، ئەورووپا بۆ گەیشتن بە ڕۆشنگەریی دەستکاری هەموو شتەکانی کۆمەڵی کردووە و تەنانەت سەرلەبەری بیرکردنەوەی تاکی ئەورووپیشی گۆڕیوە، هەتا کۆمەڵەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە کۆمەڵی کوردیشەوە سەرلەبەری جومگەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ نەگۆڕن، ناتوانن تازەگەری دروستبکەن؛ بۆیە دەڵێت فەلسەفە گەورەکانی ڕۆژئاوا لە پرسیارە سادە و ئاسانەکانی فەیلەسوفەکان و وەڵامە قووڵ و فەلسەفییەکانیانەوە دروستبوون، پێیوایە مێژووی خۆرئاوا، چ مێژووی زانستییان، چ مێژووی فەلسەفەیان، چ مێژووی ئەدەب و هونەریان، گرێدراوی ئەو خواستە قووڵەیە، کە بۆ بینین و ڕوونکردنەوەی دیاردەکان هەیانە، مرۆڤ بۆ ئەوەی دروستکراوێکی بەپەرۆش بێت بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارەکانی، لە پێشدا دەبێت کەرەستەی لەبەردەستدابێت بۆ گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکانیدا. ماوەیەکی زۆر مەسیحییەت لە خۆرئاوادا توانای پشکنین و ڕاڤەکردنی لە مرۆڤدا کوشت، چونکە وەڵامی هەر پرسیار و دیاردەیەکی دەدایە پاڵ خودا، دەتوانین بڵێین بۆ کۆمەڵەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بە ئێستەشەوە ئایین بە گشتی هەمان ڕۆڵدەبینێت، لە کاتێکدا خودا بۆیە ئەقڵ و ژیری بە مرۆڤ بەخشیوە، تاکو بتوانێت بەکاریبهێنێت لە گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارە زۆرەکانیدا دەربارەی ژیان و بوونی مرۆڤ و گەردوون؛ بۆیە هەرەسهێنانی مەسیحییەت مەرجێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەورووپا دووبارە دەستپێبکاتەوە، ((گەورەترین دەستکەوتێکی فیکری و مەعریفی ڕۆشنگەری پێشکەش بە خۆرئاوا و مرۆڤایەتیشی کردبێت، ئەوەیە ئەو هەرێمە مەعریفییەی جیاکردەوە، کە خودا لێی بەرپرسە، لەو هەرێمە مەعریفییەی مرۆڤ لێی بەرپرسە، خودا ئیتر بەرپرسە لە ناکۆتا لە ئەبەدی، لە جاوید، ئیدی مرۆڤ خۆی بەرپرسە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێت، کە پەیوەندییان بە سروشتی خۆی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە هەیە.))، (عەلی، ٢٠٢٢: ٥٠).

ئەرکی مرۆڤە خۆی لە توانا و سروشتی خۆی بپرسێت و دەبێت بشزانێت، هیچ هێزێک نییە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤی بە ئامادەکراوی لابێت و مرۆڤ خۆی دەبێت بۆ وەڵامی پرسیارەکانی بگەڕێت، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەمیشە خودا ئەو هێزە میتافیزیکییەیە، کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤی لایە، بە تایبەت بۆ مرۆڤی تەمبەڵ و بێ توانا، کە هەمیشە بەدوای حازردا بگەڕیت و بۆ وەڵامی پرسیارەکانی پەنا دەباتە بەر خودا، لە ڕاستیدا خوداش تەنها ڕێگاکان دەخاتە بەردەم مرۆڤ و خۆی دەبێت بەدوای ڕاستی و دروستی شتەکاندا بگەڕێت ، کلتووری گەورە هەمیشە لە وەڵامی پرسیاری سادە و بچوکەوە دروستدەبێت، ڕیشەی خۆرئاوای

ئەمڕۆ لە دوو پرسیاری زۆر بچووکی فەیلەسوفان (نیوتن و دیکارت)ەوە سەریهەڵداوە، کە (نیوتن) دەڵێت: ئەم سێوە دەکەوێتە خوارەوە بۆ بۆ زەوی دێت و ناچێت بۆ ئاسمان؟ ،دیکارتیش دەڵێت : من هەم یاخود نیم؟ هەردوو پرسیارەکە دەکرێت لە کلتووری ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە پرسیارێکی گەمژانە لە قەڵەمبدرێت، بەڵام مرۆڤ ئەگەر بیەوێت گۆڕانکاری بکات، دەبێت لە شتە سادەکانەوە دەستپێبکات و پاشان دەستکاری هەموو بیرکردنەوەی کۆمەڵبکات. ((ئەوەی تەماشای مۆراڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە بکات، ئەوە دەبینێت هەموو هەستێکی خۆشبەختی و سەرکەوتن لە کۆمەڵ داخراوەکانی وەک ئێمەدا، لەسەر هەستی تێکشکاندن و بچووککردنەوەی ئەوانی دیکە دروستدەکرێت.))، (علی،٢٠٢٢ :٢٦٦).

ئەمە ئەوەدەگەیەنێت بەشێک لە کلتووری کۆمەڵایەتی ئێمە لەسەر بنەمای بچووککردنەوە و ڕامانی ئەوانی دی دروستبووە، دەکرێت مرۆڤ بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی خۆی ئەوانی دیکە بکات بە پەیژە و پیایاندا سەرکەوێت، "بەختیار علی" پێیوایە میللەتان و کلتوورەکان ئەو کاتە دەمرن، کە توانای بینین و دۆزینەوەی ئەوانی دیکە لەدەستدەدەن، دۆزینەوەش تەنیا لاساییکردنەوەی ئەوانی دیکە نییە، تەنیا سەرسامبوون نییە، بەڵکو کردنیەتی بە بەشێک لە خۆت، بێ ئەوەی نە ئەو لەناو تۆدا بتوێتەوە و نەتۆش ببیت بە ئەو، ئەمە بەو مانایەی، کە پێتەوێت لەناو کلتووری کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەکدا گۆڕانکاری دروستبکەیت، پێویستی بە ناسینی کلتووری نەتەوەکانی دیکە و سوود لێوەرگرتنیان هەیە. ئەم نوسەرە تا ڕادەیەک بیرکردنەوەکانی ڕەشبینانەن سەبارەت بە کۆمەڵ و کلتووری کۆمەڵایەتی و هەمووجۆرەکانی دیکەی کلتووری کوردی؛ بۆیە دەڵێت: ((ڕەشبینی جۆرێکە لە جیهانبینی، کە لەسەر بنەمای جواننەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی دونیا ئیش دەکات، دەبێت دوو جۆر ڕەشبینی لە یەکدی جیابکەینەوە، یەکێکیان پێیوایە ژیان خۆی بێمانایە و شایستەی ئەوە نییە مرۆڤ تێیدا بژی، لەگەڵ جۆرێکی دیکە لە ڕەشبینی، کە پێیوایە سیستمی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی دۆزەخێکیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە، کە لە ڕاستیدا دۆخێکی دەستکردە و دەبێت ئەم سیستمە باشتر و جوانتر بکرێت.)) (کاکەڕەش، ٢٠١٠ :٧٩).

"بەختیارعلی" لەو نوسەرانەیە، کە ڕەشبینییەکەی لە جۆری دووەمە، کە زۆرێک لە نوسەرانی کورد ئەم جۆرە ڕەشبینییەیان هەیە و پێیانوایە، کە ڕەشبینی داهێنان و گۆڕانکاری دروستدەکات، "بەختیار علی" باوەڕی بەو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە نیە، کە مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا بۆ خۆی دروستیکردوە و ئازادی لێ زەوتکردووە؛ بۆیە نوسەر پێیوایە هەر مرۆڤێک پابەندی سیستمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی سیاسی ئایینی ببێت، ناتوانێت مرۆڤێکی ئازادبێت؛ بۆیە دەڵێت

مرۆڤی ئازاد بە هیچ شێوەیەک لە دونیادا بوونی نییە، کەواتە نوسەر هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی و میللی ڕەتدەکاتەوە، کە ئازادی تاک بخاتە مەترسییەوە.

ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر تێڕوانینی ئەم ڕۆماننووسە بۆ کلتووری ئایینی بکەین، دیسانەوە دەبێت بۆ کتێبە فیکری و وتارەکانی نوسەر سەبارەت بە ئایین و هەژموونی کلتووری ئایینی لە کوردستاندا بگەڕێینەوە . دیارە کوردستان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتێکی ئیسلامییە و زۆربەی دانیشتوانەکانی پێڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن؛ بۆیە کلتووری ئایینی ئیسلامی کلتوورێکی زاڵ و ڕێزلێگیراوە لە کۆمەڵی کوردیدا و ئەمەش بە باش و بە خراپ کاریگەریی لەسەر فیکر و بیروباوەڕی نوسەرانی کورد هەیە و ( بەختیار علی)ش، وەکو نوسەر و بیرمەندێکی دیاری کورد باسی کلتووری ئایینی دەکات و هەندێکجاریش ڕەخنەگرانە قسەی لەسەر دەکات، دین نە یەک شێوەی هەیە و نەیەک ئەرک و نە یەک جەوهەریش، کەسە جیاوازەکان ماهییەتی جیاواز دەبەخشنە دین، گەورەترین هەڵە ئەوەیە وا تێبگەین ئەوانەی بەرگری لە دین دەکەن، هەموویان بەبێ جیاوازی ئەم بەرگرییە لە ئەنجامی تێگەیشتنی قووڵیان لە ئایین و بۆ بەرگریکردن لە گەورەیی و پیرۆزی خودا دەکەن، لە ڕاستیدا دین دەکرێت وەک هەر بوارێکی دیکەی ژیانی مرۆڤ وەک سیاسەت لایەنی کۆمەڵایەتی، یان هەر لایەنێکی دیکە لە پێناو ویستە ئایدۆلۆژییەکانی تاک یان گرووپێکی سیاسیدا بەکاربهێنرێت، وەک ئەوەی زۆرێک لە حیزب و گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکانی ئێستا ئەنجامیدەدەن، ((دەکرێت ئایین ئەو دەرگایەبێت کەسی دیندار بۆ دروستکردنی نەخشەیەک بەکاریدەهێنێت، تا لە ڕێگەیەوە مرۆڤایەتی بکاتە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان دەستەی خۆیەتی و هەڵگری سیفەتە جوانەکانن، دەستەی دووەمیش، دەستەی نەیارانن و هەڵگری سیفاتە خراپەکانن، جیاکردنەوەی نووسینی ئیمانداری ڕاستەقینە لە نووسینی کەسانێک، کە لە بنەڕەتدا نیازی سایکۆلۆژی بەرەو دینییان دەبات، بە هەڵوێستگیرییان لەخودی دین ئاشکرا نابێت، بەڵکو ئەو جۆرە هەڵوێستگیرییە تەنیا بە خوێندنەوەی تەواوی دونیابینییان ڕووندەبیتەوە.)) (علی ،٢٠١٥ :١) .

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەم دوو دەستەیە لە مرۆڤ لە یەکتری جیادەکاتەوە مرۆڤە دیندارەکانن، کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تێگەشتنی خۆیان بڕیار لەسەر مرۆڤ و ئایینداری مرۆڤ دەدەن، نەک خودی ئایین، خودا پشت بە نیەت و نیازی دەروونی مرۆڤەکان دەبەستێت و تەنها خوداش دەتوانێت مرۆڤی دینداری ڕاستەقینە ببینێت و بیناسێت، مرۆڤەکان تەنها ئەوەی دەیبینن بە ڕووکەش لە لایان بڕیاردەرە ، بەڵام خودا نیەتی دڵەکانیش دەزانێت، سەرهەڵدانی دین بە گشتی و چەسپینی بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بەر لە لەدایکبوونی زانست، ئەو هێزەی ئایین هەیبووە

له شیکردنەوەی ڕووداوەکانی دونیا بە جۆرێکی سادە، توانایەکی گەورەی پێبەخشیوە بەدرێژایی مێژوو لە هەرجێگایەکدا مرۆڤ پرسیاری هەبوو، لە بەردەم نهێنی و ترسدابوو، دین هەوڵیداوە وەڵامی ئەوپرس و ترس و نهێنیانە بداتەوە و ڕۆڵی ڕزگارکەر بۆ مرۆڤ ببینێت، کە ئەمەش زیاتر تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکە بۆ ئایین ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەی بە ئایین بەخشیوە، چونکە وەهەم و پرسیارە زۆرەکانی مرۆڤی سەرەتایی پێویستی بە هێزێک هەبووە تا وەڵامیانبداتەوە، کە دین ئەم ڕۆڵەی بینیوە، ((دین شێوەیەکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە، لەناو کۆمەڵدا لەدایکدەبێت، پابەندی پرۆسەی یەکخستن و کۆکردنەوە و یەکگرتنی ناوەکییە، لێرەوە هەندێک لە بیریار و فەیلەسوف و لاهوتییەکان دەگەنە ئەو دوو دەرەنجامە: یەکەمیان دەڵێت باوەڕنەبوون بە دین، واتە باوەڕهێنان بە پووچی-نێهلیزم، دووەم: باوەڕهێنان بە هەرشتێک دواجاربە شێوەیەک لە شێوەکان باوەڕهێنانەوەیە بە دین بەڵام لە فۆڕمی دیکەدا.)) ،(علی، ٢٠١٥ :٨٥).

واتە هەندێکیان وا بیردەکەنەوە، کە باوەڕت بە دین نەبوو ئەوە زەنگی مەترسییەکی خراپ لێدراوە، کە ئەمە جیاوازییەکی لەگەڵ بۆچوونی ئەو پیاوە ئایینییانەدانییە، کە ڕۆژانە لە کەنیسە و مزگەوتەکانەوە ناکۆکی و خراپییەکانی ناو دونیا دەبەستنەوە بە لاوازبوونی ئیمانی مرۆڤەکانەوە، کە ڕەنگە ئەو ڕووداوانە سروشتی بن و هیچ پەیوەندییان بە بیروباوەڕی مرۆڤەکانەوە نەبێت، ئەمان وا بیردەکەنەوە کۆمەڵ تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی دیندا دروستدەبێت، واتە ئایین دەتوانێت وەک یاسایەک ژیانی مرۆڤەکان ڕێکبخات، دین پێویستییەکی ژیانی مرۆڤەکانیشە بۆشاییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە، واتە مرۆڤ ئایینی نەبوو بۆشاییەکی تێدایە بە هیچ شتێکی دیکە پڕناکرێتەوە، کە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری کلتووری ئایینی ئێمە لەسەر ئەم تێڕوانینە بیناکراوە.

نوسەر لە زۆرێک لە نووسینە فیکرییەکانیدا زاراوەی (سەلەفییەت) بەکاردەهێنێت، کە ئاماژەیە بۆ مرۆڤێکی کۆنخوازی کلتووری و ئەدەبی و معریفی، کە ڕێگە لە هەموو تازەکردنەوەیەکی جیهانبینی و ئەدەبی و فیکری دەگرێت، نوسەرپێیوایە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ هەروەها ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵش بە دەست دەردی سەلەفییەت و کۆنخوازییەوە دەناڵن و تەنانەت ئەو واتایانەش لە دەقەکانەوە دەریدەهێنن وابەستەی ئەو کلتوورەیە و لەو چوارچێوەیە دەرناچێت. واتە پەیوەستە بە کلتوورە پێشینەکەی خۆیەوە و ئەم زاراوە بۆ تەواوی جۆرەکانی کلتوور دروستە واتە بۆ کلتووری (ئایینی، پەروەردەیی، سیاسی، نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی ) واتە بە بڕوای "بەختیار علی" کورد هێشتا (سەلەفییە) لە هەموو جۆرەکانی کلتووردا و پێڕەوی کۆن دەکات و تازەگەری قبووڵناکات، واتە بەردەوام خوازیاری ئەوەیە خۆی لە سەردەمە تازەکانیشدا دووبارە بکاتەوە، کە سەلەفییەتی ئایینی لقێکی بچووکی سەلەفییەتی کلتوورییە، سەلەفییەت بە جلوبەرگ و شێوازی

تازەوە خۆی دەکات بە سەردەمە نوێیەکاندا و دەیەوێت لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا بوونی هەبێت، دەمامکی سالانی زوو دەگۆڕێت و بە دەمامکی نوێوە دێتە مەیدانەوە، ((ئایین لە ساتەوەختی(مەحوی) یەوە ڕووکارە ڕۆحی و داهێنەرانەکەی خۆی دۆڕاندوە و بووەتە پاشکۆی پێداویستییەکانی سیاسەت و ژیانی ماددی و سروشتێکی نارۆحانی و شەڕانگێزانەشی وەرگرتووە.)) ، (عەلی،٢٠٢١ :٢١).

واتە ئایین پێداویستییەکی گرنگی ڕۆحییە بۆ ژیانی مرۆڤەکان و باشتروایە تەنها بۆ لایەنە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت، نەک تێکەڵبکرێت بە سیاسەت و ماددە و ئەو بەها ڕۆحییە گرنگانەی خۆی لەدەستبدا، تەنانەت لە لایەن زۆرێک لە گرووپە ئیسلامی و ئایینییەکانەوە سروشتێکی توندی دوور لەسروشتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دراوە بە ئایینەکە، ئەمانە وایکردووە لە کوردستاندا "بەختیار علی" دژی ئەمجۆرە لە کلتووری ئایینی بوەستێتەوە.

"بەختیارعلی "لەو نوسەرە ورد و قووڵانەیە ئاڵۆزییەکانی دونیا بۆ ناو تێکستەکانی دەگوازێتەوە، هەوڵدەدات دونیا ئاشنابکات بە خۆرهەڵاتی ئێمە، ئەو ڕووبەرە فراوانە مرۆییەی تا ئەم چرکەساتە لە بەردەم ئاستەنگی تێپەڕاندنی دۆخی کێشاوی خۆیدایە، دۆخێک کە بووەتە تەوقێکی ئاسنین و لە گەردنی نابێتەوە، خۆشی هێزی مەعنەوی و ئیرادەی ڕاستەقینەی بۆ تێپەڕاندنی ئەم کێشانە نییە، نوسەر لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە باس لەو کێشە سیاسییە گەورانە دەکات، کە بە درێژایی مێژووی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد بوونی هەبووە؛ بۆیە پێیوایە شۆڕشەکانی ئێمە هیچ کەسێکی قبووڵ نییە خۆی بێت و پارێزگاریی لە ناسنامە بنچینەییەکەی خۆی بکات، مرۆڤ کە دەچێتە ناو شۆڕشەوە پێش هەموو شتێک پێویستە ئامادەیی فڕێدانی شوناس و ڕەسەنایەتی خۆتت هەبێت، گوێڕایەڵی ئەو فەرمانە سیاسی و ئایدۆلۆژییانە بێت، کە حیزب یان ڕێکخراوە سیاسییەکان دەیخەنە ئەستۆی شۆڕش بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆبەخشینە و ئاوڕنەدانەوەیە لەوەی چارەنووسی ئەو بوونە بنچینەییە چی لێدێت، واتە لێرەدا تەنها گرنگی بەوە دەدرێت شۆڕش بەردەوام بێت ئیدی چارەنووسی کەسایەتی شۆڕشگێڕ چی بەسەردێت گرنگ نییە ((شۆڕشگێڕ لە دونیای ئێمەدا جۆرێکە لە ئیمانداری سۆفی، کە ناسنامە شۆڕشگێڕییەکەی گرێدراوی توانەوە و فەنابوونییەتی لە بوونی شۆڕشدا، بەشێکی فاکتەرە بێبنچینەییەکانی بێبەرهەمی ئەم جوڵانەوانە، ئەم فەنابوون و تەسلیمبوونەیە، کە لەلایەک هەموو گیانێکی شۆڕشگێڕانە دەکوژێت و لەلایەکی دیکەوە، دەرفەتی لەدایکبوونی هیچ دونیابینییەکی تازە نادات.)) ، (حمەعلی،٢٠١٩ :٧١).

بەم پێیەبێت شۆڕشەکانی کورد بەردەوام لە هەمان شێوەدا، بەڵام بە دەمامکی نوێوە دووبارەبوونەتەوە و نەیانتوانیوە دونیابینی نوێ بخوڵقێنن؛ بۆیە هەمیشە مێژوومان دووبارەبووەتەوە و نەمانتوانیوە سود لە لاوازی و کەموکورتییەکانی ڕابردوو وەربگرین، ئەمە وایکردووە زۆرێک لە شۆڕشگێڕەکان لە ئێستادا شەرم لەو قۆناغەی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆیان دەکەن و بە شەرمەوە لێیدەدوێن، چونکە شۆڕشەکە نەگەشتووە بەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروستبووە، دەوترێت شۆڕشەکانی ئەم ناوچەیە تەنیا ئومێدێکی کورتخایەن بوون، دەرمانێکی بێهۆشکەربوون و ماوەیەکی کورت هەستی هۆشیارییان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە سەندووەتەوە، کۆمەڵ خۆرهەڵاتییەکان تا ئێستا بۆ"سەرۆک"، "ڕابەر"، "ڕزگارکەر" دەگەڕێن، لێرەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆمەڵ سەرەتایی و قەبیلە کۆنەکاندا نییە، نەوەی تازەش لە خۆرهەڵات تا ئەندازەیەکی زۆر هەڵگری هەمان بیرکردنەوەی خێڵەکییە، کارەسات گەشتووەتە ئاستێک، کە خەڵکی کاتێک بەر ڕۆشنبیرێک دەکەون، داوای زانین و داهێنان و فیکری نوێی لێناکەن، بەڵکو داوای ڕابەرایەتی لێدەکەن، نوسەر پێیوایە ترسناکترین شت لە ژیانی مرۆڤدا ئەوەیە لە جیهانێکدا بژین، کە بیرۆکەی شۆڕش تێیدا مردبێت، پێیوایە شۆڕش بریتییە لە پێناسەکردنەوەیەکی دووبارەی ژیان و بنەماکانی، پێیوایە شۆڕشی وا لە توانای کورددا نییە، چونکە خەڵک دەیانەوێت بارودۆخیان بگۆڕێت، بێئەوەی هیچ لە خۆیان و قەناعەتەکانیان بگۆڕن، پێیوایە شۆڕش پێویستییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بۆ ژیانی مرۆڤ، بەڵام کاتێک شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئامادەنەبێت، شۆڕش دەبێتە پرۆژەیەکی سەرنەکەوتوو؛ بۆیە نوسەر پێیوایە شۆڕشە سیاسییەکانی ئێمە ناتوانن دونیا بگۆڕن، بەڵکو وەکو بتێکی نوێ و وەهمێکی نوێ دەچنە دەروونی خەڵکەوە، کایە سیاسییەکان لە خۆرهەڵات و کوردستاندا سەرۆک پەرست و وەهمسازن و دوای وەهم وخەیاڵەکانی سەرۆکە فاشیستەکان دەکەون ((سەدەیەک زیاترە مرۆڤی کورد خەون بە شۆڕش و بە جۆرێک لە ڕزگارییەوە دەبینێت و زۆرجاریش لە وەهمی ئەوەدایە دەبێت دونیا بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی لە جێگەی خۆی ببزوێت، بەڵام چاوەڕوانی فریادڕەسێکە دونیای بۆ بگۆڕێت، ئەگەر سەدەیەک لەمەوبەر مرۆڤی کورد چاوەڕوانی کەسێکی وەک (شێخ محموود) بووبێت شۆڕشی بۆ بکات و دونیایەکی جوان و دادپەروەری بۆ بونیادبنێت، ئەوا پاش سەدەیەک مرۆڤی کورد هەر لەو وەهمەدا دەژی و چاوەڕوانی گۆدۆیەکە وەکو فریادڕەسێک بێت و ئەو دونیایەی بۆ بسازێنێت، کە لە خەیاڵەکانیدا دروستیکردووە.)) (سدیق، ٢٠١٩ :١٤٥) .

واتە ئەوەی دەتوانێت ژیان و دونیای مرۆڤەکان بگۆڕێت شۆڕشێکە، کە لە بنەڕەتەوە مرۆڤی کورد و بیرکردنەوەکانی بگۆڕێت و لەوێوە بەرە و گۆڕینی هەموو بنەماکانی دیکەی ژیان و

کۆمەڵ هەنگاوبنێت و سەرلەبەری کۆمەڵ بگۆڕێت، بە یاسا و شێوازێکی نوێ دایبڕێژێتەوە، کە تا ئێستا کلتووری سیاسی کوردی نەبووەتە خاوەنی ئەمجۆرە لە شۆڕش و بیرکردنەوە هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی گۆڕانکاری بنرێت بەرژەوەندییەکی حیزبی و سیاسی لە پشتەوەیە و دیسانەوە مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە هەمان سیاسییەکانی پێشوو بە بەرگ و دەمامکی نوێوە درێژە بە بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری خۆیان دەدەن. ((ساتەوەختێک، کە من لە دەسەلاتی سیاسیدا بە گرنگی دەزانم، ئەو ساتەیە کە ئیتر بە بەربلاوی دەکەوێتە دروستکردنی موقەدەس بە ناوی خۆیەوە، واتە قۆرخکردنی موقەدەست لە دەستی دین دەردەهێنێت و دەیخاتە چنگی خۆیەوە، لەگەڵ کۆتایی جەنگ و هەرەسی کۆماری مهاباد و شکستی شێخ محمود دا، ناسیۆنالستە کوردەکان دەکەونە دروستکردنی شەبەنگێک لە قودسییەت بە دەوری پیاوە سیاسییەکانی کورددا، قودسییەتێک لەوەیان دەردەهێنێت، وەک مرۆڤی سادە و بکەری مێژوویی سەیربکرێن، دەخرێنە سەروو مرۆڤی ئاساییەوە)) (علی، ٢٠١٩ :٨٥).

واتە وەکو بونەوەرێکی نائاسایی و خەیاڵی وێنای سەرکردە سیاسییەکان دەکەن و بە پیرۆز دایاندەنێن، بە جۆرێک کەس نەتوانێت باسی شکست و خراپەکارییەکانیان بکات و هەمیشە سەرکەوتن و باشییەکانیان باسدەکرێت و لایەنە خراپەکانی حوکمڕانیان دەبێتە شتێکی قەدەغەکراو و نابێت کەس دەستیان بۆ بەرێت، بەڕای "بەختیار علی" سەرهەڵدانی موقەدەسی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار : یەکەم: لاوازی دین، چونکە لە سەدەکانی پێشووتردا تەنها دین پیاوی موقەدەسی هەبووە، دووەم: لاوازی زانست، چونکە لە کۆمەڵێکدا هۆشیاری زانستی کارا و زیندووبێت، پڕۆسەی پیرۆزکردن نەپیادەدەکرێت و نەدەشچەسپێت.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا و لە سایەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، زاراوەیەک سەرهەڵدەدات، کە زاراوەی ڕۆشنبیریی کوردییە، ئەم زاراوەیە هاوشان بە سێ سیفەتی سەرەکی و کوشندە لەدایکدەبێت، کە هەرسێکیان تا ئەمڕۆ ڕۆشنبیری ئێمەیان لە بنەوە کلۆرکردووە، یەکەمیان: پێناسەکردنی ڕۆشنبیر وەک کەسێکی سیاسی، واتە وەک مەرجێک دانراوە، کە دەبێت هەموو ڕۆشنبیرێک سیاسی بێت، واتە جیانەکردنەوەی شووناسی ڕۆشنبیر و سیاسی لە یەکتری، کە ئەمە کارێکی هەڵەیە و وا دەکات ڕۆشنبیران تەنها لە ڕێگەی سیاسەتەوە شووناسی ڕۆشنبیری خۆیان بدۆزنەوە.

دووەم : زاراوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە کات و هەلومەرجێکی ئاسان و سادەدا هاتووەتەکایەوە، لە دونیایەکدا نەخوێنەواری ونەزانی تێیدا لە ترۆپکدابوون، زاراوەکە ئاماژەیە بۆ هەموو شێوە

سادەکانی خوێندەواری، بەرامبەر بە نەزانی و نەخوێندەواری، بەهۆی ئەمەوە لە دونیای ئێمەدا شووناسی ڕۆشنبیر لەگەڵ خوێندەواردا تێکەڵبووە ، واتە وتراوە هەموو خوێندەوارێک ڕۆشنبیرە، ئەمەش وایکردووە بڕی ئەو پێویستییەی کەسێک پێویستییەتی بۆ ڕۆشنبیربوون شتێکی کەم بێت، چونکە هەر کەسێک توانیبێتی بنووسێت و بخوێنێتەوە پێیوتراوە ڕۆشنبیر.

سێیەم : وا لێکدراوەتەوە، کە ڕۆشنبیر کەسێکە زادەی عەلمانییەتە و لە دەرەوەی حوجرە و مزگەوتەکاندا لە دایکدەبێت، ئەم سێ دەردە لە سەرەتای ڕۆشنبیریی کوردییەوە بەردەوامییان هەیە تا ئەمڕۆ "بەختیارعلی" هەموو ئەو کەسانەی لەمجۆرە ڕۆشنبیرانەن و لەم ژینگە کۆمەڵایەتی و کلتوورییانەدا لە دایکدەبن، بە ڕۆشنبیرە کلاسیکەکان ناودەبات، ئەگەرچی ئەم مۆدێلە لە ڕۆشنبیر لە ئێستادا بەسەرچووە، بەڵام لە شێوە وبەرگی نوێدا خۆیان تازەدەکەنەوە، بە کورتی ڕۆشنبیری کلاسیک ئەوجۆرە مرۆڤەیە، کە دەتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە و لە حوجرەدا نەیخوێندبێت و بتوانێت باسی سیاسەت بکات، هەمیشە لە خەمی ئەوەدایە بۆ ئەوانی دیکەی بسەلمێنێت، کە لە هەمووان سیاسیتر و نیشتیمانپەروەرترە .

واتە ئەم نوسەرە هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خۆیان بە بیری سیاسی لایەنێک یان حیزبێکەوە بەستوە و ئازادانە بیرناکەنەوە و بڕیارنادەن بە ڕۆشنبیری کلاسیک ناویاندەبات، لە سەرەتاکانی ڕۆشنبیریی کوردیدا جیاکاری لە نێوان سیاسی و ڕۆشنبیردا کارێکی زەحمەت بووە، ڕۆشنبیریی کوردیی لە هەناوی سیاسەتدا لەدایکدەبێت، ئەم لەدایکبوونە تا ئێستاش بە دوای ڕۆشنبیر و کۆی کایە ڕۆشنبیرییەکانەوەیە، دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیریی کوردیی تا ئێستاش بە دەست ئەو دەردەوە دەناڵێنێت و ناتوانێت خۆی لە فیکریی سیاسی ڕزگاربکات، لە ڕاستیدا ڕۆشنبیریی لە دونیادا تەنیا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە گرنگەکاندا دەتوانن کلتوورێکی ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە دابڕێژن، کلتوورێک تەنیا لە ناو کێشە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەدا نقووم نەبێت، بەڵکو هەوڵبدات وەڵامی سەرجەم پرسیارە بنچینەییەکانی مرۆڤ بداتەوە، دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری ئێمە یەکێکە لەو ڕۆشنبیرییانەی، کە بە تەواوی لە پرسیارە گەورەکان دابڕاوە، ((یۆلیۆس سیزار ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت :کاری نەکردەیە، مرۆڤ ئەو کەسەی لێدەرنەچێت، کە خەڵکی دەیانەوێت. ڕۆماننووسی کۆڵۆمبی گابرێل گارسیا مارکیز، ڕای وایە ئەوە خراپترین ڕستەیە لە ژیانیدا بیستبێتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشی هەرەزۆری خەڵک تەنها دەتوانن ئەوەبن، کە ئەوانی دی دەیانەوێت و دەخوازن.)) ، (عەلی، ٢٠٢١ :١٤٧).

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە ئەوەندەی حەزی بەوەیە خەڵک لە خۆی ڕازیبکات، ئەوەندە کار بۆ ئاسوودە بوونی دەروونی خۆی ناکات، بڕێکی زۆری کلتووری کۆمەڵایەتیش تەنیا کار بۆئەوە دەکات، کە مرۆڤ ئەو کەسەبێت، کە ئەوانی دیکە دەیانەوێت، لێرەوە کۆمەڵ زۆربەی کات پڕدەبێت لە مرۆڤی وەک یەک و هەڵگری هەمان بیرو ڕەفتار، بەڵام لێرەدا ئەدەب و هونەر و کلتووری ڕۆشنبیریی دەتوانن ڕۆڵی پێچەوانە بگێڕن بەوەی، کە دژی ئەو کلتووره باوه بوەستنەوە و مرۆڤی یاخی لە کلتووره باوەکە پەروەردەبکەن، چونکە ئەدیب و ڕۆشنبیران زۆرجار ئەوە دەکەن کە دژی باو و ئەوەیە کۆمەڵ بە گشتی دەیەوێت، لە ڕاستیدا دژی کلتوور بوون، دەکرێت زۆر مانا و ڕەهەندی هەبێت، بەڵام بێگومان لەوەوە دەستپێدەکات لەگەڵ چاوەڕوانی ئەوانی دیکە نەڕۆیت، نەبیت بە کۆیلەی ئەو وێنەیەی ئەوانی دیکە دەیانەوێت، ئەدەب و هونەر مەڵبەندی سەرەکی لەدایکبوون و نیشاندانی ئەو هێزەن لە مرۆڤدا هەیە و دەیسەلمێنێت دەتوانین ئەوە نەبین، کە ئەوانی دیکە چاوەڕوانیدەکەن.

کەواتە بە دروستبوونی کلتووری ڕۆشنبیری دەوڵەمەند، دەتوانین شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و بیرکردنەوە و ژیانی تاکەکان بگۆڕین. ئەوکاتەش کلتووری ڕۆشنبیری دروستدەبێت، کە خوێندنەوە ببێت بە کلتوورێکی باو لە کۆمەڵدا و هەموو تاکەکان بخوێننەوە، خوێندنەوەیەکی سەرپێیانە نا، بەڵکو خوێندنەوەیەک، کە کەسایەتییەکی تەواو جیاواز لە کەسایەتییە کۆنەکەت بۆ دروستبکات. کەواتە "بەختیار علی" بە گشتی لەگەڵ ئازادی مرۆڤدایە و دژی هەرجۆرە کلتوورێکە، کە مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ کۆتوبەند بکات.

## ٢-١-٢: ئامادەیی کلتوور لە دونیابینی و شیعرەکانی– بەختیارعەلی- دا:

نووسین دەروازەیەکە نوسەران لێیەوە دێنە ژوورەوە، چەندین دەرگا بەسەر جیهانی بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا دەکەنەوە و دەبنە سەرچاوەی چەندین زانیاریی سوودبەخش بۆ خوێنەران، نوسەر لە ڕووداوەکانی دونیای ڕاستییەوە، کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە بەرهەمدەهێنێت، "بەختیار علی" لەو نوسەرانەیە، کە هەتا ئێستا لە ڕێگەی داهێنانەوە ڕاستییەکانمان نیشاندەدات و بە بەکارهێنانی خەیاڵی فراوانی خۆی دەمانباتە ناو دونیایەکی خەیاڵاوی و یەکێکە لەو نوسەرانەی، کە لە بواری فیکری و شیعر و ڕۆماندا دەنووسێت، شیعر یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییە سەربەخۆکان، کە ئازادترین شێوەی نووسینە، ئەو ئازادییەش، کە شیعر پێشکەشی نوسەری دەکات گەورەتر و قووڵدیکە لە هەر ئازادییەکی دیکە، کە لە هەر ئاستێکی ژیان و داهێناندا مرۆڤ بتوانێت بەدەستیبهێنێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە تەنها شاعیران دەتوانن ئەمجۆرە ئازادییە تاقیبکەنەوە؛ بۆیە

مرۆڤی ئاسایی بە ئەستەم دەتوانێت لەو ئازادییە تێبگات، چونکە ماهییەت وگرنگییەکەی تەواو جیاوازە لە ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

"بەختیار عەلی" پێیوایە شیعر بەبێ پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ فیکردا ناتوانێت ئازادی خۆی بەرجەستە بکات، کێشەکە لە بنەڕەتدا لەم پرسیارەدا کۆدەبێتەوە: ئایا شیعر پەیوەندیی لەگەڵ فیکر و بیرە ئینسانی و مرۆڤایەتییە قووڵەکاندا هەیە؟،شیعر دەبێتە فیکر یان فیکر دەبێتە شیعر؟.نوسەر دەڵێت: ((شیعر لای من ئەو جێگایەیە، کە دەکرێت ئامێز بۆ هەموو شتێک بکاتەوە، ئامێز بۆ قسەی غەریزەکان و قسەی ئەقڵ، قسەی بڕوا و قسەی کوفر، قسەی ژیان و قسەی مەرگ، بەڵام هەر شتێک کە دێتە ناو شیعر دەبێت واز لە جەوهەری خۆی بێنێت وببێت بە شیعر...فیکر لە شیعردا ، من پێمـوایە شیعر ئەو هێزەیە، کە دەتوانێت جۆرێک لە جەوهەری ستاتیکی دیکە بداتە هەموو شتەکان.)) (عەلی، ٢٠١٢ :٢٤٦) .

واتە ئەوە شیعرە چێژ بە فیکر دەبەخشێت، بەڵام فیکر بە ئامادەبوونی لە ناو شیعردا جۆرە جوانی و ڕووخسارێکی دیکە بۆ خۆی دروستدەکات، فیکر خۆی گرنگی و چێژێکی زۆری هەیە، کە ئامادەدەبێت لە ناو شیعردا چێژێکی دیکە بۆ خۆی دروستدەکات، بوونی فیکر لە شیعردا دژی چێژی شیعر نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دابڕانی بیر لە شیعر گۆڕینی شیعرە بۆ بیابانێکی خاڵی و بێ ناوەڕۆک، شیعر دەکات بە مەیدانی وڕێنەکردن و ڕیزکردنی وشەی بێمانا، ئەوەش چێژی شیعر لاوازدەکات، هەر شتێک شیعر بەرەو لاوازی بەرێت سنوور بۆ ئازادییەکانی دابنێت، زیان لە چێژی شیعر دەدات، هەندێک لە نوسەران پێیانوایە لە شیعردا دەبێت واقیع و ڕاستییەکان ملکەچی شیعربێت، نەک شیعر ملکەچی واقیع بێت، هەرچەندە خەیاڵ بە پێچەوانەی واقیعەوە هیچ سنوورێک و شوناسێکی نییە، واقیع هەمیشە فۆڕمێکی جێگیری هەیە لە زەینماندا، بەڵام کاتێک دەڵێین خەیاڵ کەس بە تەواوەتی مانای ڕاستەقینەی وشەکە نازانێت، مەرج نییە خەیاڵیش هەمیشە دووربێت لە ڕاستییەوە، بۆ نموونە ئەدەبی ڕیالیزمی جۆرە خەیاڵێکی واقیعی دروستکردووە، جیاوازە لەو خەیاڵەی، کە لە ڕیالیزمی جادوویی دا دروستدەکرێت، "بەختیارعەلی" لەو نوسەرانەیە، کە لە دەقە شیعریی و ڕۆمانەکانیدا هەردوو جۆرەکەی خەیاڵی بەکارهێناوە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، ئامادەیی کلتوورە لە دونیابینی و شیعرەکانیدا، کە لە نووسینەکانیدا وەک ڕەخنەگرێک دەردەکەوێت بەسەر کۆمەڵەوە و ڕەخنە لەهەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردی دەگرێت؛ بۆیە زۆرجار بە نوسەرێکی ڕەشبین لە قەڵەمدەدرێت، بەڵام زۆرێک لە نوسەران پێیانوایە ڕەشبینی داهێنان و گۆڕانکاری دروستدەکات.

ئەمەش لەبەر ئەوەی، ((ڕەشـبینی جـۆرێکە لە جیهـانبینی، کە لەسـەر بنەمـای جـوانەکردنی ڕووی ڕاستەقینەی دونیا ئیشدەکات، دەبێت دوو جۆر ڕەشبینی لە یەکتری جیابکەینەوە، یەکێکیان پێیوایە ژیـان خـۆی بێمانـایە و شایسـتەی ئەوە نییە مـرۆڤ تێیـدا بـژی، لەگەڵ جـۆرێکی دیکە لە ڕەشـــبینی، کە پێیـــوایە سیســـتمی سیاســـی و دینـــی و کـــۆمەڵایەتی دۆزەخێکیـــان بـــۆ مـــرۆڤ دروســـتکردووە، کە لە ڕاســـتیدا دۆخێکـــی دەســـتکردە و دەشـــێت ئەم سیســـتمە باشـــتر و جوانتربکرێت.)) (عەلی، ٢٠١٢ :١١٦-١١٧).

ڕەشبینی "بەختیارعەلی" لە جۆری دووەمە، چونکە ئەو لەو مرۆڤانە نییە، کە حەزی بە ژیان نەبێت و ژیـان ڕەتبکـاتەوە، بەڵکـو لەو نوسـەرانەیە کە بـڕوای بەو کلتـووره سیاسـی و کـۆمەڵایەتی وئایینییانە نییە، کە مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت بەرەوپێش بچێت، دروستکراوی دەستی خۆیەتی، ئەمجۆرە ڕەشبینییە لەسەر بنەمای کارکردن بۆ داهاتوو دادەمەزرێت، واتە ڕەخنە لە ئێستای کۆمەڵ دەگیرێت، لە پێناو بونیادنانی ئاییندەیەکی جیاواز و دوور لە هەر کلتوورێک، کە مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بهێڵێتەوە، "بەختیـار" لەو نوسەرانەیە کە حەزی بە زاراوەی "ڕەسەن" نییە، کە ئەم زاراوەیە لە ناو خەڵکی ئاسـایی کۆمەڵدا زۆر بەکاردێت، چونکە پێیوایە ئەم زاراوەیە هێنـدەی مـرۆڤ بە ڕابـردووەوە دەبەسـتێتەوە، بە ئاڕاسـتەی داهـاتوو ڕێنمـایی ناکـات، ڕەسـەن واتە گەڕانەوە بـۆ ئەسـڵێکی کـۆن، جـا ئەم ڕەسـەنە کـۆنەش دەبێـت هەمیشـە پابەنـدی کلتووربێت و لێی لانەدات؛ بۆیە نوسـەر ئەم جـۆرە مـرۆڤ و کلتـووره ڕەسـەنانە پەسـەندناکات، چونکە ناتوانن خاوەنی بیری ئازادی خۆیان بن.

وەستانەوە دژی نەبوونی دادپەروەری بەشێکە لە هەستی مرۆڤایەتی شاعیران؛ بۆیە دەکرێت شاعیران لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی ڕەمز و هێماوە ئاماژە بۆ بابەت و بارودۆخی سیاسی وڵات و نەتەوەیـان بـکەن، چەنـدین شـاعیرمان هەیە کە بە شـیعر ڕەخـنە لە بـارودۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیان دەگرن، بەڵام تێڕوانینی سیاسی "بەختیار عەلی" بۆ جیهان زیاتر لە دەقە ئەدەبی و فیکرییەکانیدا دەردەکەوێت و کەمتر هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیعرەوە تەعبیر لە سیاسـەت بکـات، لێـرەدا کۆمەڵێـک نمـوونەی شـیعری نوســەر وەردەگـرین، کە گوزارشـت لە کلتـووره جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردی دەکەن :

هەروەک لە دەقی "شاعیرەکان دەچن بۆ جەهەننەم" دا دەڵێت :

(( شاعیرەکان دەچن بۆ جەهەننەم.

وەک چۆن پیاوکوژەکان و دزەکان سەرتاپا لە بەهەشتن.

جەهەننەم شوێنی ئێمەیە

ئەفسوس هەموو ئەوانەی لە ئازار تێناگەن، بە ڕاستی دەچنە بەهەشت

ئەوەی لە جەهەننەم ڕادەکات ئەوانەن کە وادەزانن بەهەشت بەختەوەری لێیە

بەڵام بەختەوەری لەناو ئەو کتێبەدایە کە پێکەوە خۆڵەمێشەکەی دەخوێنینەوە.

لەناو ئەو حەرفە سووتاوانەدایە، کە بۆمان نابنەوە بە وشە....)) ، (عەلی، ٢٠١٤ :١١).

لەم دەقەی شاعیردا دەتوانرێت هەردوو کلتووری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تێدا بەدیبکرێت، بەشێکی ئەم دەقە شیعرییە ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە باوەی ئێستای کۆمەڵ کە باش بە خراپ و خراپ بە باش لە قەڵەمدەدەن، شاعیران کە چینێکی هەست ناسک و بێ زیانن لە کۆمەڵدا بە چاوێکی خراپ و نزم سەیردەکرێن، ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هەموو مرۆڤێکی هونەرمەند ڕاستە، کە قەدری خۆیان و هونەرەکەیان نازانرێت؛ بۆیە دەڵێت: هەموو ئەو مرۆڤانەی کە ئازاریان نەچەشتووە لە ژیانیاندا و ناتوانن لە ئازار تێبگەن بەهەشتین و دەچنە بەهەشت، چونکە بیر لەهیچ ناکەنەوە و تەنها دوای قەرەباڵغی دەکەون، هەروەها شاعیرلە دەقەکەدا ئاماژە بۆ کلتووری خوێندنەوە دەکات، کە کتێب و شیعر بەشێکی گرنگی کلتووری ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەک پێکدەهێنن، باسی سیفەتی شاعیرەکان دەکات، کە تەنها شاعرانن ئەوەندە ناسکن، کە بە سۆز و بەزەییەوە لە هەمووشتێک دەڕوانن، دەتوانن ئاگر بخوێننەوە، کڵپە بنووسنەوە، بە تێڕوانینی نوسەر هەموو کەرەستە پێکهێنەرەکانی شیعریش وەک ئاگر وان و نزیکییەکی زۆریان لەگەڵ ئاگردا هەیە کاتێک لە ناخی شاعیرێکەوە کڵپەدەکەن و دێنەدەرەوە، ئەوەخەم و ئازارەکانی مرۆڤن دەتوانن ببن بە هەوێنی لەدایکبوونی دەقی ئەدەبی بە چێژ و بەسود، هەروەها نوسەر لە دەقێکدا باسی کلتووری سیاسی و جەنگ دەکات، لە دەقی "هەموو شتێک لە پەنجەرەوە" دا دەڵێت:

(( کە لە پەنجەرەوە دەڕوانم دەزانم جەنگ هەرگیز تەواو نابێت

و تەواو نەبووە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم و سەیری گوللەی ئەبەدی جەنگەکان

دەکەم بە ئاسمانەوە

سەیری برینداره‌کانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێ دەکەم ،

بە خوین و بە زام و بە هەتوانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم و دەزانم ژیان چ تۆپبارانێکی گەورەیە

جەنگ لە حەوشەوە دەست پێدەکات و دەڕوات تا دەگاتە ئاسمان.)) ، (عەلی، ٢٠١٤ :٢٧ ) .

ئەم دەقە ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەڵی کوردی، کە بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو بەردەوام لە جەنگدا بووە، جا چ جەنگی ناوخۆیی، یاخود جەنگی وڵاتانی دراوسێ دژی نەتەوەی کورد؛ بۆیە بەردەوام کوردستان جەنگی لێنەبڕاوە، ئەمە زۆرجار شاعیران و نوسەرانی هێندە نائومێد کردووە، کە بڵێن جەنگ هەرگیز تەواونابێت تەنانەت ئەو کاتەی مرۆڤ دەیەوێت هەوایەکی پاک هەڵمژێت، لە پەنجەرە و دەرگاکانیشەوە هەر جەنگ دەبینێت، جەنگ هێندە ناشرین وێنا دەکات کە دەستی دەچێتە گوڵ و خونچە و لەناویاندەبات. شاعیردەڵێت لە پەنجەرەوە دەڕوانم خوێن دەبارێت لەسەرتاپای باخچەکاندا، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێت ئەم جەنگە بوەستێنێت و فریای گوڵ و خونچەی باخەکان و ئەو گەنج و لاوانە بکەوێت، کە ئارەزووی ژیان دەکەن و نایانەوێت بمرن، دەیانەوێت کوشتنی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و کوشتنی گوڵ بە دەستی مرۆڤ کۆتایی پێبێت، ئەم دەقە ڕەخنەگرتنیشە لە کلتوورێکی باوی ئێستای کۆمەڵی کوردی، کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ قسە لەسەر سیاسەت دەکەن و خۆیان بە سیاسی دەزانن یان خۆیان بە پسپۆڕ لە جەنگ و پلانی سەربازی دەزانن و کەسیشمان نە سیاسین و نە لە سیاسەت شارەزاین، نە دەتوانین پلانی جەنگیش دابنێین، هەروەها دەڵێت:

(( لە پەنجەرەوە دەڕوانم پادشاکان دەبینم، وان لە مەعدەنی

شەیتان

حەزیان لە زەوی ویران و ڕەنگی ئاسمانە بە وێنەی ئاگربارانەوە

شەیدای بۆکڕوزی ڕۆحن و شیفتەی ئالودەبوونی خاکن

شوکرن بە ئەتکی خەرامان و مەستن بە خوێناو و شادن بە

ناڵەی بریندارانەوە. )). (عەلی،٢٠١٤ :٣٠) .

زاراوەی (پادشــا) هێمــایە بــۆ کەســانی دەســەڵاتدار و دەستڕۆشــتوو، کە هەمیشــە حەز بە ڕووخاندن و داگیرکردنی خاکی ئەوانی دیکە دەکەن، دەیانەوێت هەموو شتێک بۆ خۆیان بێت، خۆشیان تەنها بینەرن و کەسانی دیکە دەکوژرێن، هەمیشە وێراندەکەن لەبری ئاوەدانکردنەوە، مرۆڤەکان بە دژی یەکدا دەدەن و وایانلێدەکەن بتوانن یەکتری بکوژن. لە دەقێکی دیکەدا بە ناوی (ئەی نەفامەکان، بەهارێکی گەورەتان بۆ دروستدەکەم ) دا دەڵێت:

(( هیچ شتێک لە دروستکردنی بەهار ئاسانتر نییە. هۆشیاری

خۆت بکوژێنەوە، دونیا دەبێت بە لالەزار، ئەقڵ بۆ ئێستێک

خامۆشبکە، زەوی لەبەرچاوتدا دەبێت بە باغ، بە گوڵ، بە

بەهار.....

وەرە و زۆر ئەزیەتی هۆشی بەستەزمانت مەدە و لەگەڵمدا باغی

گەمژەکان دروستبکە....)) (.عەلی،٢٠١٤ : ٤٣) .

ئەم دەقە بە تەواوی ڕەخنەگرتنە لە کلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی و تاکی کورد، کە زۆر بە کەمــی بیــر لەو کــارانە دەکەنەوە ئەنجامیــدەدەن، کەمتــرین پرســیاریان بــۆ دروســتدەبێت سەبارەت بەو شتانەی لەدەورووبەریاندا هەیە تەنها دوای قەرەباڵغی دەکەون، هەرچی کلتوور و کۆمەڵ پەســەندینەکات لای ئەمــانیش قبوولٚ نییە؛ بۆیە نوســەر ئەمجۆرە مرۆڤ و کۆمەڵگانە بە نەفــام لە قەڵەمــدەدات، پێیــوایە لەمجــۆرە کۆمەڵگــانەدا ئەو مرۆڤــانەی بیــردەکەنەوە و ئەقڵیــان بەکاردەهێنن و پرسیار و گومانیان هەیە لە هەموو شتێک ناتوانن دڵخۆش بن؛ بۆیە دەڵێت وەرن ئەزیەتی مێشک و بیرکردنەوەتان مەدەن و وەرن نەفامانە بژین، لە دژی خۆی دەوەستێتەوە کە بیردەکاتەوە و دەیەوێت یاخی بێت و جیاوازتر بژی لە دەورووبەرەکەی، لە کۆتاییدا دەڵێت لەم کۆمەڵدا، کە ئاقڵ جێگەی نابێتەوە، منیش ناچار کار بە ئەقڵ ناکەم، چونکە خەڵکی شاری گەمژەکانم و ئیتر دەبم بە دوژمنی ئەقڵ و بیرکردنەوە.

دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی، دەقە شیعرییەکانی "بەختیارعەلی" کۆمەڵێک دەقی ڕازاوەن بە هونەرەکــانی جوانکــاری و ڕەوانبێــژی، ڕوویەکــی جــوانی شــیعرەکانی بــریتییە لە دروستکردنی (پارادۆکس) یان (دژیەکی )، کە ئەمجۆرە لە جوانکاری لە شیعردا زۆر گرنگە، لەو ڕوانگەوە ڕاماندەکێشێتە ناو پانتاییەکەوە، کەشیعر خۆی بەرهەمیدەهێنێت لە ڕێگەیەوە دەتوانێت

مەترسی پێبخاتە سەر دونیای ئەقڵ و جۆرێک لە خەیاڵی جوانی پێبەرهەمبهێنێت، ئەمجۆرە هونەرە لای (شێرکۆبێکەس)ی شاعیریش بەکاردەهێنرێت، ئەگەر تەماشای دەقی (پیاوکوژ و شەهیدێک) بکەین، دژیەکێکی جوان لە ڕێگەی پیاوکوژێکەوە دەخرێتەڕوو، کە فرێدانی بیرکردنەوە و دونیابینی تاکی کۆمەڵی ئێمەیە، کە بکوژێک تەنها وەک بکوژێکی ڕووت تەماشادەکرێت، بکوژێک کە ناوەوەی تاریکە و هەمیشە هەوڵی هەناسەبڕینی ئەوانی دیکە دەدات، "بکوژ" لە شیعری (پیاوکوژ و شەهیدێک)دا، مرۆڤێکە تا ئەندازەی بوونەوەرێکی ناسکۆڵە، ژیان کاریگەریی لەسەر دروستکردووە، ئەو گیانی خۆی خستۆتە کاسەوە بۆ ئەوەی خۆی لە مردن بدزێتەوە، دەیەوێت نیشانیبدات بکوژەکان لە ناوەوە تەواو تاریک نین، تەنانەت بکوژ لەم دەقەدا بە شێوەیەکی بەهێز بە ژیانەوە بەسراوەتەوە، بۆ نموونە شاعیر دەڵێت :

(( پیاوکوژ و شەهیدێک

ئەی گەمژە

من لە پێناو هەموو جوانییەکاندا مردم، تۆ لە پێناوی هیچدا

من لەوسەری هەموو چێژەکانەوە هاتمەوە، تۆ لەوسەری هەموو

پووچییەکانەوە

هەموو وێنەکانت بە دیوارەکانەوە، بەرامبەر بۆنی گوڵێک نین....کە

دۆڕاندت....)) (عەلی، ٢٠١٤ :٣٤-٣٥).

ئەم دەقە گفتوگۆیە لە نێوان پیاوکوژ و شەهیدێکدا، پیاوکوژ قسەکەرە و شەهید گوێگرە، ئەوەی لەم شیعرەدا سەرنجڕاکێشە ناکۆکییەکی جوان دروستکراوە، بەو پێیەی پیاوکوژیش مردووە هەروەک شەهیدەکە، "پیاوکوژ" لەودیوی مردنەوە ئامۆژگاری شەهید دەکات،" شەهیدیش" لەودیوی مردنەوە گوێدەگرێت، من لە پێناوی هەموو جوانییەکاندا مردم، تۆ لە پێناوی هیچدا، "پیاوکوژ" لەم دەقەدا بە (جوانی، چێژ، بۆنی گوڵ، پەپوولە، نیگای کچ، دەستکەوتنی ماچ، چڵێک هەنجیری بەرز...)ەوە بەسراوەتەوە، بەڵام شەهید دالێکە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک مدلولی وەک: (هیچی و پوچی، وێنەی دیوار، لەدەستدانی نیگای کچ، ماچ، کاڵفامی، دۆڕان و لەدەستدانی ژیان و....هتد)، وەک لە گفتوگۆکەدا دەردەکەوێت "پیاوکوژ" قسەکەرە" و "شەهید" یش، گوێگرە، بەبێ وتنی هیچ وشەیەک ئامادەیی هەیە، "پیاوکوژ" ئەو دالەیە کۆمەڵێک مەدلولی دەرەکی وەک

(تێگەیشتوویی، ژیاندۆستی، نەرجسیەت، ڕۆمانسییەت، ئامۆژگاریکەر و ماتریالیتی و گاڵتە بە ژیانی ڕەمزییانەی پاش مردنی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، بەڵام مدلول و واتاکانی "شەهید" بریتین لە: (پشتکردن لە ژیان، خۆنەویستی، لەدەستدانی ڕۆمانسییەت و چێژە مادییەکان، بایەخدان بە ژیانی دوای مردن و چاوەڕوانی پاداشتی شەهیدبوون، ناواخنی ئەم شیعرە جوانییەکی بێوێنەی دروستکردووە، بەو پێیەی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی دونیای ماتریالی دەکات پیاوکوژێکە نەک کەسێکی ڕۆشنبیر یان کەسێکی باش، بە پێی کلتووری کۆمەڵایەتی و ئەقڵی باو، لە ڕێگەی ئەم دژیەکییەوە بۆ کەسایەتی پیاوکوژێک ئێستاتیکایەکی جوان بۆ دەقەکە خوڵقێنراوە، لە کۆمەڵێکدا، کە هەموو تاکەکانی ستایشی "شەهیدبوون"دەکەن شاعیر هاتووە شتێکی تەواو جیاواز دەڵێت لەوەی کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتووە؛ بۆیە جوانکارییەکی زۆری خوڵقاندووە لە دەقەکەدا، تێکەڵەیەکیش لە کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی لە دەقەکەدا بەکارهاتووە، هەروەها "بەختیار عەلی" لەقەسیدەی "دەرگاکان" دا دەڵێت :

(( هەندێک دەیانەوێت دەرگاکان بکەنەوە

هەندێ دەیانەوێت نیوەشەو....بەرەبەیان.....ئێواران

دەرگاکان بکەنەوە

هەندێک دەیانەوێت دەرگاکانی بەهەشت بکەنەوە

هەندێک دەیانەوێت دەرگاکانی دۆزەخ بشکێنن..)) (عەلی، ٢٠١٤ :٨٣)

لەم قەسیدەیەدا شاعیر وشەی "دەرگا" ی بەکارهێناوە، کە چەندین مانا و دەلالەتی جیاواز لە خۆدەگریت، کە هەموویان لە کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەرگا بە مانای (کرانەوە، داخران، زیندان، ئازادی، سەفەرکردن ...) بەکارهاتووە، کرانەوە بەڕوی پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵاتانی ئەوروپا و بینینی وێنەی ئەو وڵاتانە وەک بەهەشت و شوێنێک بۆ ژیان و ئازادی مرۆڤەکان، دەکرێت دەرگا بە واتای داخران و قەتیسکردنی مرۆڤەکانی وڵاتێکیش بێت لە چوارچێوەی کلتوورێکی داخراو و گەشە نەکردوودا و ڕێگەنەدان بە هاتنەناوەوەی کلتوور و بیروباوەڕی وڵاتانی دیکە بۆ وڵاتەکە، دەکرێت بۆ مانای داخستنی دەرگای زیندانیش بەکاربێت، کە ئەمەش لە کلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرێت، دەکرێت دەرگا بۆ واتای سەفەرکردنیش بەکاربێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و هەڵاتن و

ڕزگاربوون لە کلتوور و سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانی بەرە و کلتوور و سیستمێکی دیکەی جیاواز، کە مرۆڤ بتوانێت جیاوازتر بژی و بیربکاتەوە، شاعیر لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

(( من تێربووم لە سەیرکردنی گەشبینە درۆزنەکان....غەمخۆرە

درۆزنەکان....دڵسۆزە درۆزنەکان

وەرزبووم لە مەرهەمی درۆ لە ئەجزاخانەی درۆدا

تێربووم لە ئیمانی درۆ لە ژێرمنارەی درۆدا

ئەی شاری درۆ، ئاسنگەرەکانت ئاسنی ساردی درۆ دەکوتن. دار

بڕەکانی تۆ، بە درۆ تەور لەم

باغە خەیاڵییە دەدەن. مەستەکانی تۆ بە درۆ لە مەیخانەدا شەرابی درۆ

دەخۆنەوە...)) (عەلی، ٢٠١٤ :٦٦-٦٧).

ئەم دەقە لە کلتوورێکی سیاسی زاڵ دەدوێت لە کۆمەڵی کوردیدا، کە ئەویش ئەو دروشمە سیاسییە درۆزنانەیە، کە هەریەک لە حیزبە سیاسییەکان هەیانە و لە ناو خەڵکدا بڵاویدەکەنەوە، بە مانایەکی دیکە حیزب بەردەوام درۆیەک هەیە دەیکات لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خەڵکیدا، ساتێک دروشمێکی هەیە و ساتێکی دیکە دژی ئەو دروشمەی خۆی دەوەستێتەوە، ئەمە وایکردووە، کە تاکی کورد بارێکی دەروونی ناجێگیری بۆ دروستببێت، "بەختیارعەلی" ش، وەک تاکێکی کورد ((ئەم بارەدەروونییەی، بەو زمانە دەریدەبڕێت کە زمانێکی سادە و ئاسانە بۆ تێگەیشتن، بەڵام هەمان باری دەروونی خۆی، کە بێزارە لە درۆکردنی ڕەوشی سیاسی و خەڵک و......تاد، لە شیعردا بە زمانێکی دیکە و لە فۆڕمێکی دیکەدا دەریدەبڕێت..)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣ :٧٠). شاعیر لەم دەقەدا لە ڕێگەی کۆمەڵە میتافۆر و کۆمەڵە وێنەیەکەوە، بێزاری خۆی سەبارەت بەو بارودۆخە ناهەموارەی کوردستانی پێدا تیدەپەڕێت دەربڕیوە، وەک (گەشبینە درۆزنەکان، غەمخۆرە درۆزنەکان، دڵسۆزە درۆزنەکان)، هەموویان ئاماژەن بۆ سیاسی و کاربەدەستانی ئەم هەرێمە، کە بەردەوام خۆیان بە گەشبین و خەمخۆر و دڵسۆزی گەل و نیشتیمان لەقەڵەمدەدەن، بەڵام شاعیر ڕووی ئەم درۆیە هەڵدەماڵێت. ڕووی ڕاستی سیاسییەکان نیشانی خەڵک و کۆمەڵ دەدات. لە دەقی (تۆ)دا دەڵێت:

((تۆ....

شوێن بوویت و موعجیزە کردیتی بە کات. مەرگێکت لە دەستدایە، بە دەوری ڕۆحمدا دەگەڕێت.

بیابان بوویت و موعجیزە کردیتی بە دارستان، خەزانێکت هەیە، بەسەر دڵمدا دەوەرێت

شەو بوویت و موعجیزە کردیتی بە ڕۆژ، تیشکێکت هەیە، هەموو خۆری منی خنکاندوە

بەردبوویت و موعجیزە کردیتی بە گیا. ڕەگێکت هەیە، تا دۆزەخی من ڕۆچووە..)) (عەلی،٢٠١٩ :١٧).

ئەگەر بە وردی سەرنج لەم دەقەی شاعیر بدەین، دەبینین چەندین وێنەی خەیاڵی و خورافی دروستکردووە. لە ڕێگەی هونەری دژیەکەوە، ئەو دوو کەرەستەیەی کە وێنەکەیان دروستکردووە، واتای دژیەکیان هەیە، بۆ نموونە شوێن و کات دوو چەمکی جیاوازن و لە وێنەیەکدا کۆکراونەتەوە، هەروەها لە وێنەیەکی دیکەدا دەڵێت تۆ بیابان بوویت و موعجیزە کردیتی بە دارستان، لە ڕاستیدا ئەگەر خورافە و موعجیزە نەبێت هەرگیز لە بیاباندا دارستان دروستنابێت، هەروەها شەو و ڕۆژ دژیەکن، زام و مەرهەم دژیەکن نوسەر لە ڕێگەی ئەم کەرەستانەوە وێنەی خورافی دروستکردووە، کە ناکرێت ببنە ڕاستی، "بەختیارعەلی" جگە لە بواری فیکری و شیعر و ڕۆمان، یەک شانۆنامەشی نووسیوە بە ناوی (بۆ دۆزەخ، ئەی بێگوناهان)، ئەم شانۆنامەیە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و گوناهو تاوان دەدوێت، مرۆڤ لە چیرۆکی ئادەم و حەواوە تا ئەمڕۆ، لە کێشەی گوناه و بێگوناهی ڕادەمێنێت، شانۆنامەکە لە کارەکتەری (مستەفا ڕێبەر) دەدوێت، کە فەرمانبەرێکی ئاساییە لە کتێبخانەی گشتی لە کاتێکدا لە دەوامی ڕۆژانەی خۆی دێتەدەرێ، لە لایەن دەزگایەکەوە دەگیرێت و دەبرێتە زیندان، تاوانی ئەم فەرمانبەرە بچووکە ئەوەیە، هیچ هەستێکی بە گوناە نییە، هەستدەکات شێوازی ژیانی جۆرێک بووە دەتوانێت خۆی پاک و بێتاوان ببینێت، بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە: ئایا لە دونیایەکی پڕ لە تاوان و خراپەدا کەس بۆی هەیە باس لە بێگوناهی بکات؟ ئایا هەر مرۆڤە و بە ئەندازەی خۆی بەشێک لە گوناهی ئەم بارودۆخە دژوارەی کۆمەڵ و جیهان هەڵناگرێت؟ مستەفا ڕێبەر زوو تێدەگات، پیشەی فەرمانبەرانی ئەو دەزگا دەوڵەتییەی ئەویان دەستبەسەرکردووە، نەهێشتنی هەستە بە بێگوناهی لە هاوڵاتیاندا. هەوڵەکانی "مستەفا ڕێبەر" بۆ ئازادبوون لە زیندان، دەرگای جیهانێکی لێدەکەنەوە، ترسناکترە لەوەی خۆی چاوەڕوانیدەکرد، ئەم شانۆنامەیە لە هەژدە دیمەندا چیرۆکی "مستەفا ڕێبەر" دەگێڕێتەوە، کە بە هەموو ڕێگایەک دەیەوێت، بەرگری لە بێگوناهی خۆی بکات، ئەگەر بە چاوێکی ئەدەبییەوە لەم دەقە بڕوانین، ئەوە بێگوومان ئێمە لە حزوری دەقێکی تەواو واتادار و قووڵداین، کە

تێیدا نوسەر لە ڕێگەی سەفەری کارەکتەرێکی وەک "مستەفاوە" بە ناو خۆیدا، بۆ گەڕان بەدوای گوناهێکدا کە نەیکردووە، وردە وردە لەوە تێدەگەین، کە ئێمە لە جیهانێکداین، کە دەبێت هەمووان هەست بە گوناە و تاوان بکەین، لەم دەقەدا بابەتەکانی زیندان، لێپرسینەوە و قووڵبوونەوە بە ناخی مرۆڤدا و ئازاردانی مرۆڤ بە مرۆڤی دەورووبەری و نامۆبوون بە جیهان و ڕووداوەکان دەبینرێت، بەڵام ڕەخنەی ئەوە لە "بەختیار عەلی" دەگیرێت، کە نەیتوانیوە دەقێک بۆ تەختەی شانۆ بنووسێت، زیاتر هەوڵیداوە وشە و واتای جوان بخاتە ڕوو وەک لەوەی دەقێکی شانۆیی سەرکەوتوو بۆ نمایشکردن بنووسێت، کەواتە دەقە شیعرییەکانی نوسەر بەدوور نین لە بابەتی کلتوور و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی، ئەگەر ڕاستەوخۆش باسی بابەتی کلتووری نەکردبێت، هەوڵیداوە لە ڕێگای ئاماژە و هێماوە بابەتەکانی کلتوور بخاتەڕوو.

## ٢-١-٣: ڕۆمان و توخمەکانی:

لێرەدا باس لە ژانری ڕۆمان دەکەین وەکو ژانرێکی زیندووی ناو دونیای ئەدەبییات لە جیهاندا و باس لە تەکنیک و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕۆمان دەکەین، وەکو (کات، شوین، کەسێتی، ڕووداو..) ئەگەرچی کاریان زۆر لەسەرکراوە، بەڵام ئێمەش بە پێویستی دەزانین لەسەری بدوێین، چونکە کارەکەمان لەسەر ڕۆمانە، ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی یەکێکە لەو لقە ئەدەبییانەی، کە زۆرترین خوێنەری هەیە، بەشێکی بەرچاوی لە ناو ڕیزی کتێبی کتێبخانەکان بۆ خۆی داگیرکردووە.

لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بنچوبنەوانی ڕۆمان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی نوێ، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەریدا هەیە، بە واتایەکی دیکە ڕۆمان بریتییە لە خەیاڵ و گێڕانەوەی بەسەرهات و گەشتی ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵدا، ئەگەر ڕۆمان لەسادەترین پێناسەیدا بریتی بێت لە: ((گێڕانەوەی داستانێک، کە تێیدا ژیانی کەس یان کەسانێک، لە سەردەم و کاتێکی دیاریکراودا دەخرێتە بەردەم خوێنەرەوە، بێگومان ئاسەوار و شوێنپێی ژیانی کەس یان کەسانێکی لە دونیای واقیعی دەرەوەی زەینی نوسەری پێوە دیارە.)) (زادە، ٢٠١٢ :١٠).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕۆماننووس، ڕووداوەکانی لە ژیانی واقیعی تاکەکانی کۆمەڵەوە وەردەگرێت و دەکرێت ئەو ڕووداوانە واقیعی بن و ڕوویاندابێت، دەشکرێت ڕووداوی خەیاڵی بن و دروستکراوی خەیاڵی نوسەر بن. دەتوانین بڵێین ڕۆمان وەک ئەدەبێکی هونەری باڵا پێگەی خۆی لە ئەدەبی کۆندا بە تایبەتی لە داستان و حیکایەت و بەسەرهاتە میللییەکاندا داکوتاوە.

بونیادی ڕۆمان لە چیرۆکەوە سەرچاوەدەگرێت، تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبییات بە چیرۆکی درێژ ناوی دەبەن، بەڵام ڕۆمانی نوێ زیاتر لە داستانەوە سەرچاوەدەگرێت، کاتێک هۆشیاری و ئاگایی تاک دەگاتە ئاستێکی باڵا لە دونیادا، ئیتر تەنها بە شیعر و داستان ناتوانرێت پێویستییەکانی ژیان و ڕۆحی مرۆڤ پڕبکرێتەوە؛ بۆیە ئەم پێویستییەی مرۆڤ هونەرێکی بەهاداری وەک "ڕۆمان" دەهێنێتە کایەوە، (دایانا داوبتغایر)دەڵێت : ((ڕۆمان چیرۆکێکە دەربارەی خەڵکی، ڕۆماننووس کەسەکانی بۆ دروستدەکات و بە ئارەزووی خۆی کارێکی دراماییان پێدەسپێرێت،بۆ ئەوەی بابەتێک ڕوونبکاتەوە، کە خۆی مەبەستییەتی.)) (بتغایر، ١٩٨٢ :٢٩).

دەتوانین بڵێین ڕۆمان و مێژوو پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، چونکە زۆربەی ڕۆمانەکان گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویییە لە زەمەنێکی دیاریکراودا؛ بۆیە هەندێک لە ڕەخنەگران بەمشێوەیە پێناسەی ڕۆمان دەکەن، یەکێک لەو ڕەخنەگرانە "گراهام هۆف" ە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە ((هەموو ڕۆمانێک مێژوویییە، ئەگەر بە مانا گشتییەکەی لە هونەری ڕۆمان بکۆڵینەوە، چونکە هەروەک دیارە بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی هەیەتی بە واقیعی ژیانی هەنووکەیی و ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانە.)) (وتار،٢٠٠٢ :١٠١).

هەندێکی دیکە پێیانوایە ڕۆمان چیرۆکێکی خەیاڵئامێزە و هەڵگری مۆرکێکی مێژوویییە، دیارە ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو پەیوەندییە بە تینەی لە نێوان ڕۆمان و مێژوودا هەیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەردووکیان لە واقیعی ژیانی مرۆڤ و ڕووداوەکانی کۆمەڵ و مێژووی مرۆڤایەتی دەکۆڵنەوە بە تێکەڵکردنی هەندێک ڕووداوی خەیاڵی تاکو ڕۆمان لە مێژوو جیابکرێتەوە، ڕۆمان لە ئەمڕۆدا ئەو ژانرە ئەدەبییەیە، کە ئەگەری مانەوە و بەردەوامبوونی لە هەڵکشاندایە. ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی ئەدەب بە گشتی بدەین، دەبینین هەر قۆناغێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرە ئەدەبێک زیاتر تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم دیاردەیە شتێکی سروشتییە، ئەگەر هاتوو ئەدەبمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵ دانا لەو قۆناغە مێژوویییەدا. ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی نوێ لەلایەن هەموو نەتەوەکانەوە گرنگی پێدراوە. بە بەرهەمی شار ناسراوە، چونکە سەرهەڵدانە جیهانییەکەی دەبەسترێتەوە بە پەیدابوون و گەشەکردنی چینەکانی ناوەڕاستی کۆمەڵەوە، زاراوەی ڕۆمان بۆ ئەو نووسراوە جۆراو جۆرانە بەکاردێت، کە تەنها لایەنی هاوبەشیان ئەوەیە درێژ و پەخشانئامێز و چیرۆکین. (( ڕۆمان (Roman,Novel)، (الروایه)، لە زمانی ئینگلیزیدا پێیدەوترێت "نۆڤێل" و لە زمانی فەرەنسیشدا پێیدەوترێت ڕۆمان یان ڕۆمانس، بریتییە لە چیرۆکێکی درێژ، کە بە شێوەی پەخشانی دەنووسرێتەوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکان و نووسینەوەیان بە شێوەی پەخشان، لە سەدەی شانزەهەم لە ئینگلتەرا دەستپێکرد

و شـێوازێکی جیـاوازبوو لە داسـتان، بەڵام سـەرهەڵدانی ڕاسـتەقینەی ئەم هـونەرە نـوێیە وەک ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ڕۆشنگەریی ئەورووپا لە سەدەی هەژدەهەمدا.)) (ئەسوەد، ٢٠١٥ :٢١٨).

لەگەڵ گەشـەکردنی شـار و بایەخـدان بە تاکەکەسدا ژانـری ڕۆمـان گەشـەی زیـاتری بە خـۆوە بینیوە و وەک ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبیات دەرکەوتووە. سـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕۆمـان بریتـی بـووە لە ڕۆمـانی سەرکێشـی لە سـەدەی حەڤدەهەمـدا دەرکەوتـووە. (ئابـل شـورالی) بەمجـۆرە پێناسەی ڕۆمان دەکات: ((ڕۆمـان داسـتانێکە بە پەخشـان دەنووسـرێت و قەبـارەیەکی دیـاریکراوی هەیە.)) (فورسـتر،١٣٨٤ :١٣). ئەو زمـانەی، کە ڕۆمـانی پێدەنووسـرێت زمـانی شـیعر نییە و زمـانی پەخشـانە، بەڵام دەکرێـت شـیعریش لە نێـو ڕۆمانـدا ببینینـەوە، سـەبارەت بە قەبـارەی ڕۆمـانیش دەوترێت: ((بەزۆری ڕۆمان قەبارە یان ئەندازەیەکی دیاریکراوی نییە.)) (صادقی،١٣٨٣ :٤١٣).

ئەمە ئازادی نووسینی ڕۆمان زیاتر دەکات و دەستکراوەیی بە نوسـەر دەبەخشێت، لە بـواری وەسف وبەکارهێنانی داهێنـانە زمانییەکاندا. ئەوەی ئێستا لە قەبـارەی ڕۆمانـدا دەبینرێت قەبـارەی جیـاوازە، کە ژمـارەی لاپەرەکانیـان زۆر لە یەکتـری دوورە، لە ڕووی فۆرمیشـەوە هەنـدێک لە ئەدەبناسان ڕۆمان بە جۆرێک لە جۆرەکانی چیرۆک دەژمێرن، پەیوەندیی ڕۆمـان لەگەڵ چیرۆکدا سـەرەڕای ئەوەی تـوخمە پێکهێنەرەکانیـان زۆر لە یەکتـرەوە نـزیکە، خەسـڵەتێکی هاوبەشـیان لە نێواندا هەیە، کە زیاتر لە یەکیان نزیک دەکاتەوە ئەویش "گێڕانەوەیە". دیارە کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا وەک: ((هۆکاری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەرهەڵدانی ڕێکخراو و بزوتنەوەی فیکری و بزوتنەوەی نەتەوایەتی.)) (عومەر، ٢٠٠٦ :١٨).

هەروەهـا پەیـدابوونی گۆڤـار و ڕۆژنـامە بە زمـانی کـوردی و پەیـدابوونی چیرۆکـی هـونەری کوردی و بوونی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و میللی کوردی هۆکاربوون بۆ هـاتنە نـاوەوەی ڕۆمـان لەئەدەبی کوردیدا. یەکەمین ڕۆمـانی کوردیش وەک زۆرێک لە ژانـرە ئەدەبییەکـانی دیکە لەسـەر ڕووپەڕی ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانی ئەو کـاتە بڵاوکـرایەوە. ((یەکەمـین ڕۆمـانی کـوردی لەکوردستانی باشوور، کە "ژانی گەل" ی (ئیبراهیم ئەحمەد) ە، لەسـاڵی"١٩٦٩"بۆ یەکەمجـار لەسـەر لاپەڕەی گۆڤـاری (ڕزگـاری)، کە لە سـلێمانی دەردەچـوو چەنـد بەشـێکی لـێ بڵاوکـراوەتەوە.)) (حـاجی،٢٠٠٩ :٥٣). هۆکارەکـانی سـەرهەڵدانی ڕۆمـان لە هەمـوو دونیـادا تـارادەیەکی زۆر نـزیکن لە یەکەوە، چونکە ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی کۆمەڵە و باس لە کێشەکانی مرۆڤایەتی دەکات. لێرەدا بە کورتی لە گرنگترین ڕەگەز و توخمەکانی ڕۆمان دەدوێین :

## ١-كارەكتەر-كەسێتی:

تـوخمێکی سـەرەکییە لە ڕۆمانـدا و ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت، پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆی بە ڕووداوەکانی ڕۆمـانەوە هەیە، هەروەهـا لەگەڵ تـوخمە سـەرەکییەکانی دیکەی ڕۆماندا بە هەردوو لایەنی باش و خراپ کار لە یەکتری دەکەن و ڕۆمـان دروستدەکەن. کـارەکتەرزاراوەیەکی گشـتییە بـۆ هەمـوو ئەو بـزوێنەرە زینـدوو و نازینـدووانەی، کە پێکهێـنەری چیـرۆک و ڕووداوەکـانن، زاراوەیەکە لە جیهانی شـانۆوە هـاتووەتە نـاو جیهانی ڕۆمـانەوە، چـونکە شـانۆ زیـاتر پێویسـتی بە ئەکـتەرە، کەوا وشـەیەکی ئینگلیـزییە (charcter) بە مانـای ئەو کەسـەدێت، کە ڕۆڵێـک لەسـەر تەختەی شانۆ دەنوێنێت، هەروەهـا لە زمـانی کوردیدا بە تـایبەت لە بوارەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخـنەی شـانۆیی و دەروونناسـیدا بـۆ زاراوەی کەسـێتی بەکاردەهێنریـت. بە لای (ئەی .ئـێم .فۆرستەر) ەوە ((کارەکتەر بارستەیەک وشەیە و ڕۆماننوس سازیدەکات و ناویلێدەنێت و ڕەگەزی دیاریـدەکات، هەروەهـا شـێوەی شـیاوی بـۆ هەڵـدەبژێرێ و وایلیـدەکات بـدوێت و بە شـێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵسوکەوت بکات.)) (ا.م.فورستر، ١٩٩٤ :٣٧). کەواتە مامەڵەی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتری وا دەکـات ڕووداوەکـان دروسـتببن و گەشـەبکەن و بەرزی و نزمـی بە خۆیـانەوە ببیـنن، کەواتە کـاریگەریی کـارەکتەر بەسـەر ڕەگەزە سـەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشـەوە وا دەکـات ڕۆمـاننوس گرنگیی زیـاتر بە کـارەکتەر بـدات. ((لە پـێش سـەرهەڵدانی ڕۆمـاندا چەمکی کـارەکتەر هەمـووی لە پاڵەوانـدا کـۆکراوەتەوە و باڵادەسـتییەکە هەر بـۆ پـاڵەوان گەڕاوەتەوە، هەر ئەویـش بە تەنهـا توانیـویەتی کـار لە ڕووداوەکـان بکـات و بیانگۆڕێـت، هەتـا دەقەکەش لەسـەر پیاهەڵـدان و بە دیارخستنی پـاڵەوان بـووە، چـونکە کـاری وایکردووە، کە خەڵکی ئـاسایی نەیتوانیوە ئەنجامیبدات؛ بـۆیە خـوێنەر بەبـێ ویسـتی خـۆی لایەنگیـری پـاڵەوان بـووە.)) (شـێخانی،٢٠١٣ :٦)، لەبەر ئەوەی ڕۆماننوس خۆی خوڵقێنەری کارەکتەری ناو ڕۆمانەکەی خۆیەتی؛ بۆیە هەرخۆی باشتر سروشـتی کارەکتەرەکانی خۆی دەناسێت، ئەم کەسایەتییانە کەسایەتی ئەدەبی و هونەرین و هەڵەیە بە چاوی واقیعـی لێیـان بڕوانرێت، تەنـانەت ئەگەر نزیکـایەتییەکی زۆریشـیان لەگەڵ واقیعدا هەبێت، چـونکە ڕۆمـاننوس بە ئـارەزووی خـۆی لە پێنـاوی مەبەسـتێکی دیـاریکراوی خۆیدا دەیانخوڵقێنێت، لە نـاو ڕۆمانـــدا چەنـــد جۆرێـــک کارەکتەرمـــان هەن، گرنگترینیـــان ئەمـــانەن: ((١-کـــارەکتەر لە ڕووی هەبوونەوە: أ-کـارەکتەری ڕاسـتەقینە، ب-کـارەکتەری خەیـاڵی)، (٢-کـارەکتەر لە ڕووی ڕۆڵەوە لە ڕووداوەکانـدا: أ-بگـۆڕ، ب-نەگـۆڕ)، (٣-کـارەکتەر لەڕووی ئەرکەوە: أ-سـەرەکی، ب-لاوەکـی)، (٤-کـارەکتەر لە ڕووی گێـڕانەوەوە: أ-بگێـڕەوە، ب-بـۆگێڕاوە، ج-لێگێـڕاوە)، (٥-کـارەکتەر لە ڕووی

مەعریفەوە: أ–ڕۆشنبیر، ب–ناڕۆشنبیر، ج–خوێنەوار، د–نەخوێنەوار، ە –ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی)) (ئیبراهیم، ٢٠١٦: ١٣–١٤) .

"بەختیار علی " لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا، سیفەتی واقیعی و خەیاڵیشی بە کارەکتەرەکانی بەخشیوە، دەبینین زۆربەی کارەکتەرەکانی هەڵگری سیفەتێکی خەیاڵین، کە لە واقیعدا نییە بۆ نموونە(پەروانە) وەکو گەرد هەڵدەوەرێت. (خەندانی چکۆلە) ڕەشەبایەکی وێرانکەری لەگەڵدایە. (سیامەندی باڵندە) بە جەستە باڵندەیە و بە سیفەت مرۆڤ.....

## ٢–کات:–

هەریەکێک لە ئێمەی مرۆڤ لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دەژین، کات و شوینیش هەرگیز لە یەکتری دانابڕێن، واتە ئێمە لە کات و شوێندا دەژین و ناکرێت ئەم دوو چەمکە لێکجیابکەینەوە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە ((کات نیشانەی گۆڕان و شوێن نیشانەی چەسپاندنە.)) (زێباری، ١٩٩٩ :٩٨). ئەوەی، کە لە بیری ئێمەدایە و ئەوەشی، کە لە ژیاندا هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە، کە کات سێ جۆرە: أ–کاتی ئێستا، کە گرنگترین کاتە بۆ مرۆڤ، ب–کاتی ڕابردوو، کە خۆمان یان پێشینەکانی ئێمەی تێدا ژیاوە، ج–کاتی داهاتوو، کە کاتیکی نەزانراو و هەست پینەکراوە ڕەنگە دواتر بێت، ئەگەر چی لە بواری هزر و لەو تێڕوانینانەی، کە بۆ کات هەن، هاوڕاییەکی تەواو نییە لەسەر هەبوونی کات، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن، کە ((کات هەیە و بوونێکی واقعیشی هەیە، بە شێوەیەک دەتوانین بە ئاگابین لێی و لە تەواوی دیاردە و ڕووداوە واقیعییەکاندا هەستی پێبکەین .)) (العنوی، ٢٠٠٣ :٥٠).

کەواتە کات بوونی هەیە و مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی واقیعیی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەست بە کات و تێپەڕینی کات بکات، کات مانا و چەمکێکی ڕێژەیی هەیە و دروست لەگەڵ فەلسەفەی نوێ و ماتریالیدا دەگونجێت، هەر شتێک توانای گۆڕانی هەبێت توانای مانەوەشی هەیە و پەیوەست نییە بە لەناوچوونی شتێکی دیکەوە، وەک ئەوەی ئایدیالەکان باوەڕیان پێیهەبووە، کە کات بەدەر لە مرۆڤ بوونی نییە، تەنیا لە زەینی مرۆڤدا هەستی پێدەکرێت، کاتێکیش مرۆڤ لەناوچوو، ئەوا کاتیش نامێنێت، (ساموێل ئەلیکسەندەر) دەربارەی چەمکی کات و جۆرەکانی وتوویەتی: ((کات دوو جۆرە: (١–کاتی ئەقڵی ،٢– کاتی سروشتی)، پاشان جەختی لەوە کردووەتەوە، کە کاتی یەکەم ڕەنگدانەوەی کاتی دووەمە.)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٣ :١٩). واتە ئەو کاتە ئەقڵییەی، کە هەیە و هەستی پێدەکەین لە پەیوەندییەکانی ڕابردوو داهاتووی مرۆڤدا هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ پەیوندییە ئەقڵییەکانی مرۆڤ لە کاتی ئێستادا، ڕۆمان پەیوەندییەکی گەورە و

پتەوی لەگەڵ کاتدا هەیە و بەدەر لە کات ڕۆمان دروستنابێت، ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبییە لە واقیع و واقیعیش بێ کات دروستنابێت.

((هەموو ڕۆماننووسێک قەرزاری واقعی زەمەنییە، بەڵام بە ڕێگا ناوازەکەی خۆی تایبەتمەندی زاڵبوونی بەسەر کاتدا پەیداکردووە.)) (عبدلعزیز،١٩٧٠ :٣٩). هەموو ئەو هەمەڕەنگییانەی کات، کە لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ڕۆماننووس بەبێ دوودڵی دەیگوازێتەوە ناو دەقی ڕۆمانەکەی و ئاڵوگۆڕیشی تێدا دەکات و سیستەمە زەمەنییەکەی تێکدەشکێنێت، کەواتە سەرکەوتوویی ڕۆمان بەندە بەو مامەڵەیەی ڕۆماننووس لەگەڵ کاتدا دەیکات، لە ڕۆمانی نوێدا چەمکی کات گۆڕاوە و کاتی ناو ڕۆمان لەیەکچونێکی ئەوتۆی لەگەڵ کاتی واقیعی ژیان نەماوە، بەهۆی ئەوهەموو گۆڕانکاری و تێکەڵییانەی لە ناو کاتی گێڕانەوەدا ئەنجامدەدرێت، ئەمە سەرەڕای لادانی ئاشکرا لە کاتی لۆجیکی و دروستکردنی کاتی وەهمی و خەیاڵی؛ بۆیە لە ڕۆمانی نوێدا کاتێک، کە هەبێت کاتی خوێندنەوەیە، دەتوانین بڵێین لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆرە کات هەیە، کە ئەوانیش: (١-کاتی حیکایەت ، ٢-کاتی گێڕانەوە ، ٣-کاتی خوێندنەوە)، کە هەریەک لەم کاتانە لە ڕۆماندا گرنگی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. " بەختیارعلی" لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا تەنها لە شوێنێکدا کاتی خورافی بەکاردێنێت، ئەویش وەرزی خەیاڵاتە، هەموو کاتەکانی دیکە کاتی واقیعیین.

## ٣-شوێن:-

لە ناو دەقە گێڕانەوەبەندییەکاندا کاتێک ڕووداو و کارەکتەر هەبن و کاتێک هەبێت، کە پاڵەوان یان کارەکتەر ڕووداوەکانی تێدا ئەنجامبدات، پێویستە شوێنێکیش هەبێت بۆ ئەوەی ڕووداوەکان تییدا ڕووبدەن، وەک (د.سیزاقاسم) دەڵێت: ((شوێن ئەو چوارچێوەیەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن)) (قاسم،١٩٨٤ :٧٦). بە واتایەکی دیکە شوێن ئەو توخمەی دەقە گێڕانەوەبەندییەکانە، کە هەموو توخمەکانی دیکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە شوێن توخمێکی ڕەهایە و تەنها توخمەکانی دیکەن بەبێ شوێن ناتوانن دەقێکی تەواو و بێ کەموکوڕی بهێننە کایەوە، شوێنیش ((بە دابڕاوی لە توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ناژی، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە چیرۆکییەکانی دیکەی گێڕانەوە پەیوەندیی جۆراوجۆر دروستدەکات.)) (ابراهیم،٢٠٠٢ :١٠٢).

بۆیە شوێن لەگەڵ تەواوی توخمەکانی دیکەی ڕۆماندا تەواوکەری یەکترن و بەهەموویان دەقێک پێکدەهێنن، شوێنی ناو ڕۆمان دەقاودەق لە شوێنی ڕاستەقینە ناچێت، خەیاڵی ڕۆماننوس بەرهەمیدەهێنێت، ئەرکی ڕۆماننووس گواستنەوەی واقیع نییە بۆ ناو ڕۆمان، بەڵکو پێشکەشکردنی

کارێکی هونەرییە، هونەریش وەکو پرۆست دەڵێت : ((بریتی نییە لە پیشاندانی واقیعیی بەردەست، یان گوزارشتکردن لە هەندێک هزری پێشینە، بەڵکو دووبارە داهێنانەوەی واقیعە بە گواستنەوە و دانانی لە ئاستی خەیاڵ و دەربڕین و شێواز...)) (جیرارجنیت، ٢٠٠٠ :٩). کەواتە نابێت ڕۆماننووس وێنەکانی شوێنێکی واقیعی وەکو خۆی لە تابلۆیەکی وەسفیدا بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی وەسفی(کارەکتەر، ڕووداو، شوێن...) ئەوەیە خوێنەر ڕازیبکات ئەو جیهانە خەیاڵییە بۆی وەسف دەکرێت، لە ڕێگەی وەسفی شوێنەوە دەکرێت وەسفی ژیان و گوزەران و دابونەریت و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونی و...هتد ، کارەکتەرەکان بکرێت، هەروەها دەکرێت وێنەکانی ژیانی ڕابردوو و ئێستای ئەوان بخرێتە بەرچاو، شوێن بەشێکی گرنگ لە کاری ڕۆمان پێکدێنێت، ئەو توخمەیە، کە هیچ شتێک بێ ئەو ڕوونادات پشتگوێخستنی شوێن و فەرامۆشکردنی لە ڕۆماندا کەموکوڕی لە دەقەکەدا دروستدەکات و کەلێن دەخاتە نێو بینای هونەری ڕۆمانەوە، (جمال میرسادقی) سێ ئەرکی لە ناو دەقی گێڕانەوەدا بۆ شوێن دیاریکردووە : ((١-ڕازاندنەوەی پەیکەی ژیانی کارەکتەر و ڕووداوەکان ، ٢-دۆزینەوەی فەزا و ڕەنگ یا بارودۆخی دەق، ٣-دروستکردنی فەزایەک، کە ئەگەر کاریگەریی قوڵیشی لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکان نەبێت لایەنی کەم وایان لێبکات بە واقیع کاریگەر بن)) (صادقی،١٣٨٥ :٢٥٤) .شوێن خۆی واقیعە و یەکێک لە ئەرکەکانیشی ئەوەیە واقیعییەت بە توخمەکانی دیکە ببەخشێت، (تانیائەسعەد محمدسالح) دابەشکارییەکی پوخت و وردی بۆ جۆرەکانی شوێن کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشی کردووە:

((١-لە ڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە:( شوێنی واقیعی، شوێنی خەیاڵی)

٢-لە ڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە: (شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر)

٣-لە ڕوانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە: (شوێنی کراوە، شوێنی داخراو)) (محمدسالح،٢٠٠٦ :٦٧).شوێنی واقیعی ئەو شوێنە سروشتیانەن، کە ئێمە لە ژیاندا دەیانبینین، شوێنی خەیاڵیش ئەو شوێنانەن پەیوەندییان بە خەیاڵی نوسەرەوە هەیە، شوێنی هۆگر زیاتر پەیوەندیی بە شوێنی گەورەبوونی پاڵەوان و ئەو شوێنانەوە هەیە کە کارەکتەر بە خۆشی تیایاندادەژی ناهۆگریش ئەو شوێنانەن کە کارەکتەر تێیدا نەژیاوە و ئاشنای نییە، (شوێنی داخراو و کراوە)، پەیوەندییان بە تایبەتبوون و گشتی بوونی شوێنەکانەوە هەیە.

## ٤-ڕووداو:-

ڕووداو ڕەگەزێکی دیار و گرنگی بنیاتی هەموو دەقێکی گێڕانەوەبەندییە، لە پەیوەندییەکی تەواوکاریدایە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی وەکو (کەسێتی، کات، شوێن، گێڕانەوە)دا، بۆیە جیاکردنەوەی ڕووداو لە هەریەکێک لەم توخمانەی دیکەی ڕۆمان دەبێتە هۆی کەموکورتی لە پێکهاتەی جەستەی دەقدا، ئەرستۆ بۆ یەکەمجار لە ڕووداوی کۆڵیوەتەوە و پێیوایە: ((ڕووداو کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە.)) (ئەرستۆ، ٢٠٠٤ :٣٣).

واتە بەهۆی ڕێکخستنی ڕووداوەکانەوە نوسەر دەتوانێت بنیاتی دەقی ڕۆمان دروستبکات، هاوکات دەتوانین بڵێین ڕووداو یەکەیەکی بنیاتنەرە، چونکە بەبێ بوونی ڕووداو ڕۆمان ناتوانێت بەردەوام بێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆمانی تەواو و کامڵ بەبێ ڕووداو نایەتە بەرهەم، ڕووداو دەکرێت بەمجۆرە پێناسە بکرێت: ((بریتییە لە کردارێک یان زیاتر لە کردارێک، کە هۆکارێک یان چەند هۆکارێکی تایبەتی کار لە خوڵقاندنیاندا دەکەن، هۆکارەکانیش دەشێت بەرهەمی سەرچاوەی جۆراوجۆر بن وەک (ڕووداوی سروشتی، ئەو هەڵسوکەوت و چالاکییانەی کەسێتییەکانی نێو دەقی ڕۆمان ئەنجامیدەدەن بە ویست یان ناخودئاگایی، هەندێک کردەی دەروونی و میتافیزیکی وەک مۆنۆلۆگ) وەک پێکهاتەش ڕووداو سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بەڵام بەپێی ویست و توانای هونەری نوسەر و لە پێناو بەخشینی ڕواڵەتێکی ئیستاتیکی تایبەتدا، دەشێت ئەم بنەمایانە جێگۆڕکێیان پێبکرێت.)) (محەمەد، ٢٠٠٩ :٣١).

ڕووداو، کە لە دەقدا بە کرداری کارەکتەرەکان دەنوێنرێت، گرنگترین ڕەگەزی هونەری بونیاتی دەقی ڕۆمانە و سەنتەری بەرهەمهێنانی ئەو پەیامەیە، کە دەقەکە لە پێناویدا خوڵقێنراوە، بەڵام ئەم هۆکارە نابێتە هۆی ئەوەی ڕۆڵ و گرنگیی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان فەرامۆشبکەین ، چونکە هەریەکەیان گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، گرنگی ڕەگەزی ڕووداو لەوەدایە، کە چێژبەخشبێت، بتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی پەلکێشیبکات ((ڕووداو ئەو توخمەیە، کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیاتدەنرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەش لە ڕێی هۆ و هۆکارەوە لە بەدواداهاتنێکی ڕێکوپێکدا یاخود بە شێوەیەکی تێکشکێنراو بەپێی ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێتەڕوو.)) (سعید، ٢٠٠٣ :٢٢).

واتە ڕووداو بە بنچینەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ هەڵسوڕانی کارەکتەر، لە ناو ڕۆماندا چەند جۆرێکی بونیادی ڕووداومان هەیە، گرنگترینییان ئەمانەن: (١-شوێنکەوتە، ٢-تێهەڵکێش، ٣-

هاوسـەنگ، ٤-بـازنەیی)، کە ڕۆمـاننووس پێـڕەوی یەکێـک لەم بونیـادانە دەکـات لە گێـڕانەوەی ڕووداوەکانـدا. " بەختیـار علـی" لە ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانە) دا، لە گێـڕانەوەی ڕووداوەکانـدا پەیڕەوی بونیادی بازنەیی کردووە.

## ٥-گێڕانەوە:-

گێڕانەوە وەکو هونەرێک مێژووەکەی هێندەی مێژووی مرۆڤ کۆنە؛ بۆیەیش گەشەکردنی ئەم هونەرە لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ هاتووە، ((گێڕانەوە لەسەر بناغەی زمان وەستاوە، زمانیش لە ڕێـگەی گێـڕانەوەوە دەردەکەوێـت، مـرۆڤ وەک بـوونەوەرێکی زمانمەنـد لەنـاو گێـڕانەوەدا نیشتەجێیە، گێڕانەوەی ئەوەی بینیویەتی و دەیبینێت و بەسەریدا ڕوویداوە و ڕوودەدات.)) (عوسمان ،٢٠٢١ :٢٢٧). دەتوانین بڵێین گێڕانەوە چەند خەیاڵی بێت، هێندەش بناغەیەکی واقیعی وەردەگرێت و دێتەنـاو زمـانەوە، شـێوازەکانی گێـڕانەوە زۆرن، بە پێـی بـابەت و کەسـێتی گێـڕەرەوە دەگۆڕێـت، لەبەرئەوە گێڕانەوە لە لایەکەوە هونەرە لە لایەکی دیکەیشەوە تەکنیکە، وەکو پرۆسەیەکی ئاخـاوتن ڕووبەرێکـی فراوانـی ژیـانی مرۆڤـی داگیرکـردووە، چـونکە لەگەڵ پەیـدابوونی مرۆڤـدا لە هەمـوو کۆمەڵەکاندا دەرکەوتووە، هەروەها لە زمانی قسەکردن و زمانی نووسین و تەنانەت لە زمانی هێما و ئاماژەکردن و لە هونەری شێوەکاری و لە مێژووشدا بـوونی هەیە، ((گێـڕانەوە شـتێکی گشـتی و جۆراوجـۆرە و هەمـوو ئەو ڕەگەزە ئەدەبییـانەی، کە پشـت بە ڕەگەزی گێـڕانەوە دەبەسـتن، وەکـو ئەفسـانە و پڕوپـووچ و چیرۆکـی میللـی و چیرۆکـی هـونەریی و ڕۆمـان و...هتـد، لە گێـڕانەوەوە پەیدابوونە و شێوەی خۆیان وەرگرتووە، هەر مرۆڤێکیش لە گێڕانەوەدا شـێوازی تـایبەت بە خـۆی هەیە.)) (بوبیش،٢٠٠٢ :٣٨٠).

لەبەرئەوەی مرۆڤی کۆن لە ئەزموونەکانی ژیانی خۆیدا تەنها باسی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستای کردووە؛ بۆیە داهـاتوو هەمیشـە بە شـێوەیەکی لێڵ و نادیار لە زەینیانـدا مـاوەتەوە. (جـان لۆفیـف) پێیـوایە گێـڕانەوە بـریتییە لە: ((هەر پەیڤێـک، کە جیهانێـک دەگەڕێنێـتەوە بـۆ زەیـن، کە لە هەردوو ڕەهەنـدی جیهـانی مـاددیی و مەعنەوییەوە بە جیهـانێکی ڕاسـتی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شــوین و کــاتێکی دیــاریکراوەوە و زۆربەی کــاتیش بە هەڵگەڕاوەیــی لە ڕێــگەی گۆشــەنیگای کارەکتەرێـک یـان زیـاتر پێشکەشـدەکریت، سـەرباری گۆشـەنیگای گێـڕەرەوە بە جیـاوازی لەگەڵ شیعردا.)). (العانی،١٩٨٧ :٥٥). ئێمە هەمووومـان ڕۆژانە بە نـاو پرۆسـەی گێڕانەوەدا گوزەردەکەین ،چ وەکـو قسـەکەرێک، کە ڕووداوێـک یـان چیرۆکێـک دەگێـڕێتەوە یـان وەکـو گوێگرێـک، کە بـابەتی گێڕانەوەکە وەردەگرێت، ئاست و چۆنیەتی گێڕانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، لە

گۆشەنیگایەکەوە بۆ گۆشەنیگایەکی دیکەیش دەگۆڕێت، واتە گێڕانەوە تەنها ئەوە نییە بە زمانێکی سادە ڕووداوێک بگێڕیتەوە، بەڵکو پێویستە گێرەرەوە لە گێرانەوەدا لێهاتووانە ڕەگەزی چێژ و خەیاڵ بەکاربهینێت، تاکو بۆ گێڕراوە بە پەرۆشەوە گوێ بۆ بابەتی گێرانەوەکە بگرێت، دیارە هەر گێــڕانەوەیەک پێویســتی بە پێکهــاتەیەکی دیــاریکراو هەیە، کە بــریتییە لە: (١-گێــڕەرەوە: کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە،٢-گێڕدراوە: کە بریتییە لە خودی حیکایەت یان ڕۆمان،٣-بۆگێڕراوە: ئەو کەسەیە کە ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕریتەوە)، ((لە ڕۆمانی نویدا نائامادەیی نوسەر شتێکی پێویستە، چونکە چەند کارەکتەرەکان پەیوەستبن بە نوسەری ڕۆمانەوە، ئەوەندە دەبن بە کۆپی یەکتر و لایەنی فیکری کزدەبێت و جیاوازیی فیکری تێدا بەرچاوناکەوێت، بۆیە ڕۆمانی چاک ئەو ڕۆمانەیە، کە نوسەری تێدا ئامادە نییە.)) (سەعید، ٢٠٠٩: ٣١).

کەواتە نوسەری ڕۆمان و گێڕەرەوەی ڕۆمان دوو شتی جیاوازن و هەریەکەیان بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە، چەند جۆر و شێوازێکی گۆشەنیگای گێڕانەوەمان هەیە گرنگترینییان ئەمانەن: (بینین لەدواوە، بینین لەگەڵ، بینین لەدەرەوە)، "بینین لەدواوە" : زانیاری گێڕەرەوە لەبارەی کارەکتەرەوە لە زانیارییەکانی کارەکتەرەکە دەربارەی خۆی زیاترە، گێڕەرەوە "هەمووشتزانە" ، "بینین لەگەڵ" لێرەدا گێڕەرەوە هەمانشتزانە، هێندەی کارەکتەرەکان دەزانێت، "بینین لەدەرەوە" لەم گۆشەنیگایەدا زانیاری گێڕەرەوە لە زانیارییەکانی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە کەمترە، واتە گێڕەرەوە کەمشتزانە، ئەمە دیارترین شێوازەکانی گێڕانەوەن لە ڕۆماندا. ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی "بەختیار علی" فرە گێڕەرەوەیە.

## ٢-١-٤ : کلتووری خورافە لە هەندێک لە ڕۆمانەکانی – بەختیار علی- دا:

ڕۆمان ژانرێکی هونەرییە، بریتییە لە چیرۆکێکی واقیعی یان خەیاڵی درێژ، گێڕانەوەی چیرۆکێک یان چەند چیرۆکێکە، کە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت، دەکرێت ئەم چیرۆکانە لە واقیعی کۆمەڵی کوردییەوە وەرگیرابن، یان دروستکراوی خەیاڵی نوسەران بن، نوسەریش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و پێڕەوی کلتوور و دابونەریتێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ دەکات؛ بۆیە ئەم کلتوورە لە تەواوی دونیابینی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی نوسەراندا ڕەنگدەداتەوە، ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە کاریگەریی ژینگەی ناوچەیی خۆی بەسەرەوەبووە، کاریگەرییەکەش بە ڕادەیەک بووە، کە ئەدەبەکە بکات بە ئەدەبێکی ڕەسەن و پاک و لە بەرامبەر مێژووی ڕۆژگاردا بیهێڵێتەوە، دیارە خورافە وەک بەشێک لە کلتووری هەموو نەتەوە و میللەتێک سەیردەکرێت و پێکهێنەرێکی سەرەکی کلتوورە، ناکرێت هەمیشە بوترێت خورافە شتێکی خراپە، چونکە وەک پێویستییەکی

لێهاتووه بۆ خەڵکە سادە و ئاساییەکەی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرەیان بداتەوە سەبارەت بە بوون و ژیان و کۆمەڵ هەیانە، خورافەش ئەو باوەڕ و بیرکردنەوانەن، کە تەنیا خەیاڵین و لەگەڵ لۆژیک و زانین یەکناگرنەوە، زیاتر پەیوەندییان بە فۆلکلۆری گەلانی جیهانەوە هەیە و هەندێکجار نەوە لە دوای نەوە دەمێننەوە، ((خورافە خەیاڵێکی ئاڵۆزی ناڕاستی نا ئەقڵانییە و دەکرێت ئایینی، یان ڕۆشنبیریی، یان کۆمەڵایەتی بن، یان لەوانەیە کەسی بن و تایبەت بن بە کەسێک بە تەنیا. وەک ئەوەی، کە خەڵکی باوەڕی وایە چاوەزار چاوی پیس دووردەخاتەوە و ناڵی ئاژەڵ خەیر و چاکە دەهێنێت، یان بە بینینی قەلە ڕەش دوعا دەخوێنن و وادەزانن کێشەیان بۆ دروستدەکات ..)) ،(ڕزگار، ٢٠٢١/٩/٢٨،zaniary.com).

ئەمانە و چەندین خورافەی دیکەی بەربڵاو لە کلتووری کوردیدا، کە هەمووشی هۆکاری بۆ داتاشراوە بەشێوەیەک خەڵک بڕوای پێ بکەن، بۆ نموونە ترسان لە ژمارە سیانزە و دانانی بە ژمارەی بێبەختی، زۆربەی کاتیش مرۆڤەکان بۆ خۆیان خورافە دروستدەکەن، بۆ نموونە کەسێک کاغەزێکی بەخت دەکڕێت و بە پێی ژمارەکەی خەڵاتێکی گەورەی بۆدەردەچێت، بەوەش وادەزانێت ئەوە ژمارەی بەختی ئەوە، بەهۆی ئەوەشەوە کاتێک هەمان کەس ژمارەیەکی دیکەی بۆ دەردەچێت، تووشی بێتاقەتی دەبێت و پێیوایە بەختی نییە. یان لەوانەیە لە ڕۆژێکی هەفتە یان لەکاتی بینینی کەسێک، یان لەکاتی ئەنجامدانی کارێک، شتێکی چەند جارێک بۆ دووبارەبێتەوە بەشێوەی ڕێکەوت، بەو پێیەش وادەزانێت هەرکاتێک ئەو کارەبکات ڕووداوەکە ڕوودەدات، ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مێشک و بیرکردنەوەی تاکی ئێمەدا جێگیربووە و وەک بەشێک لە کلتووری لێهاتووە، مرۆڤەکان بێ ئاگایانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم بیرکردنەوانە و خۆیان لەم ڕووداوانە بە دووردەگرن، شتێک هەیە کە زۆر نزیکە لە خورافەوە و هەندێکجار تێکەڵی یەکتر دەبن، کە ئەویش ئەفسانەیە، ئەفسانە بیرکردنەوە سەرەتاییەکانی مرۆڤی سەرەتاییە، دەربارەی مرۆڤ و بوون و مردن و ژیان، بەڵام بیرکردنەوە خورافییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی، کە مرۆڤ هۆکاری دروستبوونەکەی نەزانیون، بۆ ئاسوودەیی دەروونی خۆی دایڕشتوون، ئەفسانە تاڕادەیەک ڕەگێکی واقیعی تێدایە و دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە واقیع، بەڵام خورافە هەرگیز نابێتە ڕاستی، چونکە لەسەر بنەمای ژیری و ئەقڵ دروستنەبووە و بەسراوەتەوە بە سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە و هەرگیز کۆتایی پێنایەت، بۆ نموونە لەم سەردەمی زانست و زانیاری و تەکنەلۆجیایەدا چەندین گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بوونیان هەیە، کە مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنیان پەنا دەباتە بەر خورافە بۆ نموونە پەتای کۆرۆنا زانستی پزیشکی نوێ نەیدەتوانی چارەسەرێک بۆ ئەم ڤایرۆسە بدۆزێتەوە؛ بۆیە مرۆڤەکان هەوڵیاندەدا لە ڕێگەی

چەندین بابەتی خورافییەوە ئەم دەردە چارەسەربکەن، کە تەنانەت تەکنەلۆجیا ڕۆڵی گرنگی دەگێڕا لە بڵاوکردنەوەی ئەم خورافانەدا، هەندێکجاریش خورافەکان بۆ مەبەستی سیاسی دروستکراون، بۆ نموونە ئەستێرەناسی، بورجەکان، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن میدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە، کلتوور لە چەندین توخمی جیاواز و لێکدراو پێکهاتووە، هەر توخمێکیش لەگەڵ توخمی دیکە پێکەوە گرێدراون، پێکهاتەکانی ناو کلتوور ماددی و مەعنەوین، میتۆلۆژیا، سیستمی زمان، هونەر، ئایین، سیحرو بیروباوەڕ، دابونەریت و پەیوەندییەکان لەو توخم و پێکهێنەرە کلتوورییانەن.

((میتۆلۆژیا: گەورەترین و بەهێزترین توخمی کولتورمیتۆلۆژیایە، کە هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەزەقی دیار نییە، بەڵام هێزێکی سەرەکییە لە زۆربەی کۆمەڵەکان کەوا سیستەم و دابونەریتەکان کارادەکات، ئەوەتا باڵاکردنی بەها و بیروباوەڕ لە خورافات و ئەفسانەکانی بەرایی بێجگە لەوەی فاکتەرێکە بۆ گواستنەوەی ئەو بەها و بیروباوەڕانە بۆ تازە پێگەیشتوانی کۆمەڵ، ئەوا لە هەمانکاتدا مەبەستێکی نادیار لە ناوەڕۆکیدا بەدیدەکرێت، کە ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ئەقڵی مرۆڤەکان دەکرێت، بەمەش لە نەخشەی زەینییان تۆماردەبێت، ئەو مانا نادیارەش لە سادەترین شێوەیدا دەربڕینی بەهاو چەمکی خێر و شەڕە، هەروەها چیرۆکە زارەکییەکانیش، کە گێڕانەوەی ئەفسانەیە زانیاریی بە منداڵ دەدەن لە بارەی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی مرۆڤی سەرەتایی لەگەڵ سروشت و گیانەوەرە دڕندەکاندا..)) (دزەیی، ٢٠٢١ :٦٩٨).

بەم پێیە ئەفسانە و خورافە بەشێکی گرنگ و پێویستە لە کلتووری هەر نەتەوەیەکدا و هەرگیز لە یەکتری دانابڕێن لێرەوە ئاوڕ لە ڕەنگدانەوەی هەردوو چەمکی کلتوور و خورافە لە چەند نموونەیەکی ڕۆمانەکانی (بەختیار علی) دا دەدەینەوە، لێرەوە خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان) دەکەین، دیارە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا یەکێک لە نەخۆشییە دیارە بەرچاوەکانی ئەمڕۆی گەلانی جیهان وێنادەکات، کە ئەویش نەخۆشی جوڵانەوە گۆڕانخوازەکان و شۆڕشە وەهمییەکانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، کە شۆڕش و گۆڕانکاری بووە بە وەهم و خەیاڵ و ئەم ڕۆمانە پڕە لە خورافەی سیاسی و سەرکردەی خورافی و شۆڕشگێڕی خورافی، کە تەنها ڕیکلام بۆ گۆڕانکاریی و نوێخوازی دەکەن و هەمیشەش خۆیان دووبارەدەکەنەوە و ناتوانن لە ڕەگەوە بیر و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بگۆڕن.

نوسەر لە ڕۆمانی "دەریاس و لاشەکان"دا ، بەشێک لە مێژووی پڕ تراژیدی ڕۆژهەڵات و کوردمان بۆ دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەکی ئەدەبی و خەیاڵی دەستدەبات بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییە سیاسییەکەی گەلانی خۆرهەڵات، کە مێژووی ئێمەش بەشێکی دانەبڕاوە لێی،

دەستنیشانکردن و دیاریکردنی کێشە و گرفتە مێژووییەکان ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکی گرنگی نوسەر و داهێنەرەکانی ئەم ناو چەیەیە. ڕەنگە کتێبەکانی بەختیار بە گشتی و ڕۆمانەکانی بە تایبەتی باشترین ئەو کتێبانە بن، کە دەستیانبردووە بۆ ڕەگوڕیشەی نەخۆشییە سیاسی و مێژووییەکانی ئەم ناوچەیە. ئەگەر سەرنجبدەین لە سەرەتای ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)، لەجێگایەکدا تەرمی (سەردار قەمەرخانی) دەهێنرێتەوە و دووبارە دەنێژرێتەوە، لێرەوە چیرۆکی نەخۆشییە سیاسییەکە و ڕەگو ڕیشەکەی دەستپێدەکات، ئەمەش لە تێڕوانینەکانی –ئەلیاس–ەوە تێدەگەین، کە بەمشێوەیە دەستپێدەکات: ((لە مەراسیمی ناشتنەکەی سەردار قەمەرخانیدا ئەلیاسمان نەبینی، کە ئەودەم گەنجێکی هێمن بوو، تازە دەلاکخانەیەکی بچووکی لە نزیک مزگەوتی شینەوە کردبووەوە، وەک خۆی دەیگوت ئەم سیاسییە ڕزیوەی بۆ گرنگ نییە، کە دوای شازدە ساڵ مردن ئێستا لە دارجگەرەیەکی ڕزیو دەچێت، نەوەک لە قارەمانێکی شەڕە بێ سوودەکانی چل ساڵ لەمەوبەر، کە پێمانگوت ئەمڕۆ مەیتی قەمەرخان دەهینەوە، بە دەنگێکی جدی گوتی دەبوایە لاشەکەی لە شوێنی خۆی نەجوڵێنن، باش نییە مردوو زۆر ئەمدیو ئەودیو بکەیت، ئەو هەر لەو زەمانەوە گاڵتەی بە قەمەرخانی دەهات و بەردەوام بۆ کەسێکی دی دەگەڕا، وەک سەرۆک و ڕابەری خۆی لێیبڕوانێت.)) (علی ،٢٠١٩: ٦).

ئەگەر سەرنجی کاردانەوەی –ئەلیاس- بدەین لە بارەی قەمەرخانیی و ڕۆڵە سیاسییەکەیەوە دەبینین وەک مرۆڤێکی نوێخواز، ڕەخنە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵات دەگرێت، بە سیاسەتێکی ڕزیو پێناسەی دەکات و ڕەتیدەکاتەوە، لە کاتێکدا قەمەرخانی سیمبوولی قارەمانی و شۆڕشگێڕی سیاسی ئێمەیە کراوە بە سەرکردەیەکی ئەفسانەیی مێژوویی ئەم ناوچەیە، وێنای کەسایەتییەکی خورافی بۆ کراوە، لەبری تێگەیشتنێکی بابەتییانە بۆ ڕۆڵ و کەسایەتییەکەی، وەک جەنەراڵ و سەرکردەیەکی ئەفسانەیی باسیکراوە، قەمەرخانی لە چوارچێوە و واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەرکراوە و کەسایەتییەکی جیاوازی دوور لە واقیع بۆ دروستکراوە، کە ئەمە ڕەگوڕیشەی ئەم دەردە سیاسییەی کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتە، بەڵام ئەلیاس وەکو ڕۆشنبیرێکی ئەم کۆمەڵە وا دەردەکەوێت، کە بە تەواوەتی دیوە ڕزیوەکەی ئەم پاڵەوانەی بینیوە و ئاشنای بووە؛ بۆیە پێیوایە مێژووی ئێمە بە گۆڕانکاریی جەوهەریدا تێپەڕ نابێت، زیاتر بریتییە لە دەستاودەستکردنی زۆرە ملێیانە، بە دەستکاریکردنێکی سەرەتایی و ڕەنگگۆڕینەوە، دیارە –ئەلیاس- بە دوای دۆزینەوەی سەرکردە و ڕابەرێکی دیکەدا دەگەڕێت، دەیەوێت گەورەیەکی دیکە بۆ خۆی بخولقێنێت، دیارە مەبەستی نییە دونیایەکی جیاواز بۆ خۆی دروستبکات، بە دوای ڕوانین

و دونیابینییەکی تازەدا ناگەڕێت، ئەو کێشەی لەگەڵ گەورەیەکی سیاسیدا هەیە و ڕەتیدەکاتەوە، لایەنگری بۆ گەورەیەکی سیاسی دیکە لەسەریایەتی.

دەتوانین بڵێین ئەمە کێشەی زۆرێک لە گەلەکانی ڕۆژهەڵاتە، کە مرۆڤێک دەکەن بە گەورەی خۆیان و شوێن بیروباوەڕەکانی دەکەون بە بێ ئەوەی بە دوای بیر و تێڕوانینی نوێدا بگەڕێن هەموویان هەڵگری هەمان دونیابینین، دەتوانین بڵێین مێژووی ئێمە کارخانەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی گەورە و سیاسییە بە ناونیشانی جیاوازەوە، بەڵام هەڵگری هەمان بیروباوەڕ و دونیابینین، لە دەستپێکی ئەم ڕۆمانەدا باس لە پەیوەندییە جیاوازەکانی مرۆڤ دەکرێت بە سەرۆک و مردوو، باس لەو پەیوەندییە دەکرێت، کە لە نێوان مرۆڤە سیاسییەکانی ئەم دەڤەرە و شوێنەبەرزەکاندا هەیە، لەم ڕۆمانەدا تێگەیشتنێکی تەواو خورافی بۆ سەرۆک و سەرکردە سیاسییەکان دروستکراوە، بە جۆرێک لە چوارچێوە مرۆییەکە دەرچووە، بوونێکی نەمریی پێبەخشراوە، بە جۆرێک سەرۆکەکان ئەگەر بە جەستەش نەمێنن ڕێباز و بیروباوەڕەکانیان هەر دەمێنێتەوە و مرۆڤ دەبێت بیانپارێزێت و بۆ ژیانی خۆی پێڕەویانبکات، واتە سەرۆکەکان بە مردن کۆتاییان نایەت، بەڵکو ڕێبازەکەیان بەردەوامە، "بەختیار علی" لەو نوسەرانەیە، کە کێشەی گەورەی لەگەڵ پیرۆزکردندا هەیە لەم ڕۆمانەدا پیرۆزکردن لە ئایینەوە بۆ سیاسەت گواسراوەتەوە، ئەمجارە لەبری پیاوی ئایینی سیاسییەکان بە پیرۆزکراون و نوسەر بە یەکێک لە دەردە کوشندەکانی سیاسەتی کۆمەڵی کوردی دەزانێت، کە ئەم پیرۆزییانە ڕێگە بە گۆڕانکاری نایەن وەک دەڵێت: ((لە ترسی کاری خراپەکارانە سیاجێکی بەرزمان بۆ گۆڕستانەکە دروستکرد و پاسەوانی زۆرمان بۆ دانا، هێندە زۆر ڕۆژێک ویستمان گۆڕستانەکە تێکبدەین وخۆمان لەم هەموو سەرۆکە بێکەڵکە ڕزگاربکەین، بوو بە بەڵا بۆمان..)) (علی، ٢٠١٩ :٧) .

ئێمە لەکۆمەڵێکداین سەرۆکەکان بە مردووییش پارێزگاری لە گۆڕەکانیان دەکرێت. چەندێک خراپیشیان هەبێت هەموویان پشتگیر و پشتیوانی خۆیان هەیە، سەرەتای چیرۆکی "ئەلیاس " و "دەریاس" چیرۆکێکی خێزانی و کۆمەڵایەتییە، چاوەڕوانی هاتنەوەی باوک لە سەرەتاوە چاوەڕوانی سەرتاسەری کۆمەڵە بۆ هاتنی باوکێکی فریادڕەس و ڕزگارکەر، بە پێی ئەو ڕۆڵ و سەرکردایەتییەی کە باوک لە خێزاندا هەیەتی و وەک فریادڕەس سەیردەکرێت، هەروەک ئەو چاوەڕوانییەی، کە ستارەخانی دایکی دەریاس و ئەلیاسیش هەیەتی بۆ گەڕانەوەی سێبەری باوک، بەڵام دەریاس خودی باوک و گەڕانەوەشی وەکو وەهم و خورافەیەک دەبینێت و هەر ئەوەش وایلێدەکات بچێت لە خۆرئاوا مێژووی وەهم بخوێنێت و وەڵامی پرسیارەکانی خۆی سەبارەت بە خورافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە. دەبێتە گەنجێکی یاخی لە تەواوی ئەو وەهم و

خورافانەی دایک و براکەی و تەواوی کۆمەڵ بە دەستیەوە دەناڵێنن، لە ڕوانینی دەریاسدا جۆرێک لە نێوان دژی هەیە، بە تایبەت لە جێیەکدا تێگەیشتنی دەریاس بۆ شۆڕش و ئەنجامدانی گۆڕانکاری نیشاندەدرێت : ((دەریاس هەموو وڵاتەکەی وا دەهاتە پێش چاو، وەک جێگایەک، کە ناتوانرێت شتێکی گرنگی تێدا بگۆڕدرێت، شتەکان وا دانرابوون و دروستکرابوون، یان دەبوو بڕوخێنرێن، یان دەستیان لێنەدرێت. لە دوای دوو مانگ ژیان لە شارەکەدا تەواو گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە لەو کەسانە نییە بتوانێت هیوای گەورە دروستبکات، بەڵکو دەتوانێت وەک هەموو خەڵک لەگەڵ بێئومێدییەکەی خۆیدا ڕابێت و ئاسودەبژی.)) (علی،٢٠١٩ :٢٣) .

- دەریاس- پێیوایە دونیا و جیهانی لەمشێوەیە یان دەبێت بڕوخێنرێت یان دەستکاریکردنی مەحاڵە، دەریاس شۆڕش وەک خورافەیەک سەیردەکات، کە لە کۆمەڵی ئێمەدا هەرگیز دروستنابێت، چونکە شۆڕشێک، کە لەسەر بناغەی گۆڕانکاری و دونیابینی جیاواز دروستببێت لەم وڵاتەدا مەحاڵە، لەبەرئەوەی شۆڕشگێڕەکان هەڵگری هەمان بیرەکانی پێشترن و لە ڕووخساری نوێدا خۆیان نمایشدەکەنەوە، یەکێک لە بنچینەکانی نائومێدکردنی مرۆڤ، بەخشینی هێز و دەسەڵاتی خودایە بە شۆڕش و لە نێویشیدا بە سەرۆک، هەربۆیە دەریاس لە سەیرکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی سەردەمەکەی خۆیەوە هەست بەو دەسەڵاتە دەکات کە خورافە کێشاویەتی بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا؛ هەر بۆیە دەڵێت: ((شۆڕش دەرگا لەسەر سەردەمێکی تازەی خورافات دەکاتەوە.)). (علی، ٢٠١٩ :٥٨) .

دەتوانین بڵێین بنەڕەتی دروستبوونی زۆربەی شۆڕشەکان وەهم و خورافاتە، ئەگەر خەیاڵی دروستکردنی ژیانێکی باشتر و شایستەتر نەبوایە شۆڕشەکان دروستنەدەبوون، ئەگەر دروستکردنی خورافە لەمێشکی خەڵکیدا نەبوایە دەموچاو و ناواخنی گشت شۆڕشەکان دەردەکەوتن، ئەمەش هێزی لەدایکبوونیانی لێدەسەندنەوە؛ بۆیە ئەوەی هەیە مرۆڤەکان تێکەڵی دەبن، ئەوە حەقیقەتی شۆڕش نییە، بەڵکو وەهمی شۆڕشە، یەکێک لەو گفتوگۆ جوانانەی لەم ڕۆمانەدا دەبینرێت گفتوگۆی "مامۆستا مەردان"ە، لەگەڵ "دەریاس" دا ، کە بە هانای دەریاسەوە هات لە ناشتنی تەرمی دایکیدا دەڵێت: ((ئیتر مێژووی شارەکە ئەمەیە، ئەمەیە کە تۆ لەم جێگایەدا دەیبینیت. ئینسانەکان بۆ یەکێک دەگەڕێن ببن بە عەبدی، جیاوازی نێوان عەبدی ئەم زەمانە و عبدی زەمانی کۆن ئەوەیە، ئەمانە بە ئیمانێکی توندەوە دەبن بە عەبد، بەهانە دەتاشن، بەڵگە دەهێننەوە، دەیخەنە سەری و لێی دەردەکەن، تا بیسەلمێنن کارێکی باشیانکردووە. شانازی بەوەوە دەکەن وەک کلک دوای ئاغا و دوای بەگ و دوای ئەو سیاسی بکەون، دوایی دەبن بە جەنگاوەر

چەک هەڵدەگرن، دەکوژن و وێرانەیی دەنێنەوە، دواجاریش دەبن بە مەیتێکی بێسوود و ڕزیو لە شوێنێکی وادا.)) (علی،٢٠١٩ :١٨٢).

کۆمەڵی ئێمە بە دەست ئەم دەردەوە دەناڵێنێت بەندایەتی هۆشمەندانە ئەم کۆمەڵەی تەنیوە، زۆرێک لە هێزە سیاسییەکان، کە خۆیان بە هەڵگری بیروڕای جیاواز لە قەڵەم دەدەن لە بنەڕەتدا لە یەک بەرنامە و بیروباوەڕەوە دروستبوون و دواجاریش دەچنەوە سەر هەمان ڕێچکەی خۆیان، هەمیشە هەردوو هەستی ڕقی زۆر و خۆشەویستی زۆر بۆ ڕێبازێک بیروباوەڕێک ئەم دونیایە بەڕێوەدەبات، مرۆڤەکانی ئێرە یان ئیمام و سیاسی و سەرۆکەکانیان زۆر خۆشدەوێت یان زۆر ڕقیان لێیەتی؛ بۆیە هەمیشە جەنگ لەسەر بناغەی ئەم هەستانە دروستدەبێت و مرۆڤ قوربانی یەکەمی ئەم جەنگانەیە، کاتێک باس لە شۆڕش و گۆڕانکاریی دەکرێت دەبێت بزانین هەمەلایەنەیە و تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، تەنها خۆی لە سیاسەتدا نابینێتەوە، بەڵکو دەستکاری تەواوی کۆمەڵ و کلتوور و باری دەروونی تاکەکان و بیروباوەڕ و تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ دەکات. بۆیە شۆڕشی ڕاستەقینە پێویستی بە دەستکاریکردنی هەموو ئەو لایەنانە هەیە، بەڵام لە خۆرهەڵاتدا شۆڕشەکان بە گشتی لە ڕواڵەتی نوێ و بەرنامەی کۆندا خۆیان نمایشدەکەن: ((لەم شارەدا تەنیا ئەو کەسە دەتوانێت خەڵک بۆ شۆڕش بجوڵێنێت، کە پێیان دەڵێت، بێئەوەی هیچ لە دینتان بگۆڕن، بێئەوەی هیچ لە خۆتان ئەخلاقتان بگۆڕن دونیاتان بۆ دەگۆڕم)) (علی،٢٠١٩ :٢٢٣) .

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو گرفتەیە کۆمەڵەکانی ئێمە بە دەستییەوە دەناڵن، کە هەمیشە مێژوو خۆی دووبارەدەکاتەوە و گۆڕانکارییەکان لە سنووری ڕواڵەتی تێناپەڕن، دیارە ئەم ڕۆمانە قسە و گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها دەتوانین بە کورتی قسەی لەسەر بکەین، کە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی لەکوردستاندا کار لەسەر خورافەی سیاسی دەکات.

یەکێکی دیکە لە ڕۆمانەکانی بەختیار علی ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)، کە سەرباری بچووکی قەبارەی ڕۆمانەکە، بە بەراورد بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکەی بەختیار، بەڵام زمانی سادەی نووسینی ڕۆمانەکە و تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشێت، بە جۆرێک لە خوێندنەوەیدا خوێنەر ئاشنادەکات بەو گۆڕانکارییە خێرا و هەمەلایەنانەی، کە لە سی ساڵی ڕابردوودا مێژووی ئەم وڵاتە پێیدا تێپەڕبووە، کە خۆی لە دەرکەوتن و گەشەی بیری چەپ و پاشان قۆناغی خەباتی نەتەوەییانە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە بوون، کە تاکی کوردی سەرباری نەبوونی

خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ ڕووداوەکان و تێنەگەیشتن لە کاریگەرییەکانی  ئەو گۆڕانکارییانە شوێن تەوژمە خێراکانی بەرەوپێشچوونەکان کەوتوون.  نوسەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە لە زمانی کارەکتەرە سەرەکییەکەیەوە دەیەوێت پێمانبڵێت ئێمە نەتەوەیەکی دەروون شێواو و بێباک و خۆشباوەڕین، کە ناتوانین ئەزموون لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرین و بیکەین بە خاڵێکی گەش ڕووە و وەرچەرخانێکی کاریگەر بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە کەسی و نەتەوەییەکانمان، ڕۆمانی "جەمشیدخان" خاوەنی ناونیشانێکی نهێنی ئامێز و دەلالەت هەڵگرە، واتە کاتێک بۆ یەکەمین جار بەر ئەم ناونیشانە دەکەوین خەیاڵمان بۆ دوو مەبەست دەچێت : یەکەم: (فڕین) دووەم: (با)،ڕاستە وشەی فڕین ڕاستەوخۆ لە ناونیشانەکەدا ناخوێنینەوە، بەڵام (با) ئەو مدلولەیە، کە دالی فڕینمان بۆ وێنادەکات، فڕین لەم ڕۆمانەدا فەزای گشتی دەقەکەی داگیرکردووە، بەوەی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کەسێکە دەفڕێت ئەگەرچی بابەتی فڕین لە ئەدەبدا تەواو خورافی وناواقیعییە، بەڵام لە ناو دونیای ئەدەبدا مەسەلەی فڕین بابەتێکی ئیستاتیکی جوانە، ئەگەر چی "بەختیارعلی "داهێنەری فڕین نییە لە ئەدەبدا، بەڵام دەتوانین بڵێین کارێکی نموونەیی و جوان و دەستپێشخەرییەکی زۆر باشە، فڕین مێژوویەکی دووردودرێژی لە ئەدەب و خەیاڵدا هەیە، خەیاڵی فڕین و بەرزبوونەوە لە زەوی بابەتێکی نوێ نییە، سەرەتای گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی جەمشیدخان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٩٧٩) و دەستگیرکردنی لەلایەن حیزبی بەعسی عێراقییەوە، بەهۆی ئەوەی جەمشیدخان کۆمۆنیستە و ڕژێمیش دەستدەکات بە ڕاوەدونانی کۆمۆنیستەکان، خان پێشتر کەسیکی قەڵەو و ڕوومەت خڕ و خاوەنی جەستەیەکی کێشداربوو، بەڵام بەهۆی دەستگیرکردنیەوە لە زیندان کێشی لەدەستدەدات و گەلێک لاوازدەبێت، بە جۆرێک کێشی کەمدەکات، کە با زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات، ئەمە ڕووداوێکی تەواو خورافییە و نوسەر دەیەوێت لە ڕێگای کەسایەتی جەمشیدخانەوە ئاماژە بۆ کەسێتی هەندێک تاکی کورد بکات، کە زۆر بە ئاسانی ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی خۆیان دەگۆڕن؛ بۆیە جەمشیدخان بە درێژایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە چەندین جار بیروباوەڕی دەگۆڕێت، ڕۆماننووس زۆر ئیستاتیکییانە باسی فڕین دەکات لە ژیانی جەمشیدخاندا، ئەوەی بە وردی لەم دەقە وردبێتەوە تێدەگات خان بە تەنها یەک کەس نییە، بەڵکو وێنەی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردییە، دیوە سیاسییەکەی ئەم بایە بریتییە لەو تەوژمە سیاسییانەی، کە بەردەوام و بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا، وەکو بایەک کۆمەڵی کوردیی بۆ هەموو ئەو شوێنانە بردووە، کە خۆیان ویستوویانە، ((کەسێتی جەمشیدخان وەکو کەسێتی زۆرێک لە ڕۆمانە مۆدێرنەکان ئاڵۆزە و خۆگر و ئاسان نییە، لەبەرئەوەی هەرجارە و لە سوچێکی بڕوادا خۆی دەبینێتەوە. کەسیتییەکە هەستی کەمی

داگیریکردووه لە دەرگاکان دەدات، وەک ئومێدێک کەمییەکانی خۆی پێپڕبکاتەوە.)) (عوسمان،٢٠٢١ :١٠٣) .

مرۆڤ ئەو کاتەی، کە لاوازدەبێت پێویستی بە هێزی دەورووبەرەکەیەتی تا بۆشایی و کەلێنەکانی خۆی پێ پڕبکاتەوە، جەمشیدخانیش بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خۆی پەنا بۆ بیروباوەڕە جیاوازەکان دەبات، لەم ڕۆمانەدا بەر کۆمەڵێک چەمک دەکەوین، کە ئەوانیش چەمکەکانی (ئازادی، هەڵاتن لە کۆیلایەتی، ڕاکردن، دواخستنی مەرگ) زۆرجار فڕین و بابردنی جەمشیدخان لە پێناو دواخستنی مەرگی خۆیدایە، جەمشیدخان لەم ڕۆمانەدا لە ئازادییەوە بەرەو کۆیلایەتی دەچێت، لە کۆیلایەتیشدا هەوڵی ئازادی دەدات، بە بەردەوامی لەم دوالیزمەدا دەژی، بە بەردەوامی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان بەندیدەکەن و ئازادی لێدەسەننەوە، ((جەمشید لە بیریەتی تا لە ئاسمان بوو هەر کۆمۆنیست بوو، بەڵام هێندەی لەو سەربانەدا نیشتەوە، ئیدی کۆمۆنیست نامێنێت .بایەک کە جەمشید لە باشوورەوە بۆ باکوور هەڵدەگرێت، ئەوە لە بیر جەمشید دەباتەوە کەجاران چی بوو....زۆرجاری دیش، کە با جەمشید دەبات، هێندەی دەگاتەوە سەر زەوی شتێکی گرنگی تیا دەگۆڕێت و خولیایەکی قووڵ و شێتانەی تیا وەردەگەڕێت، جار دوای جاریش و لەگەڵ هەموو کەوتنەخوارەوەیەکدا بەشێکی یادەوەرییەکانی وندەبن و هەندێکی کاڵتر و کاڵتر دەبنەوە..)) (علی ، ٢٠٢٠ :٩).

لە ڕاستیدا ئەوەی جەمشیدی کردووەتە کۆمۆنیست باوەڕی ئەو نییە بە ئازادی و دیموکراسی، بەڵکو باوەڕی بووە بە کۆمەڵێک مرۆڤ ئاسانتر بتوانێت تێیدا دڵداری بکات، پەیوەندیی هەردوو ڕەگەز زیاتر تێیدا ڕێگەپێدراوبێت. واتە تەمەنی لاویەتی و ئەو هەڵپە زۆرەی جەمشید دەیکات بۆ ئازادی و سێکس وایلێدەکات ببێت بە کۆمۆنیست، واتە لە پێناو ئامانجی کەسی خۆیدا دەبێت بە کۆمۆنیست، بەڵام دواتر بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت کار بۆ ئامانجە گشتییەکانی حیزبەکە دەکات و ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی لەیاددەکات. لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا جەمشیدخان بە ناوی مۆدێرنە و ئەقڵی ئازادەوە سوکایەتی بە مرۆڤ دەکات وشەی خزمەتکار بەکاردێنێت، واتە جەمشێدخان خزمەتکاری هەبووە کە ئەمە سوکایەتییە بە کەسایەتی مرۆڤ و بچووککردنەوەیە، بێگومان جەمشیدخانیش پەروەردەی ئەو کلتوور و ئایدۆلۆژیایەیە، کە لە کۆمەڵ و دەورووبەرەکەیدا هەیە، بەختیار دەیەوێت بڵێت ئایدۆلۆژیاکان بە ڕووکەش جوانن، بەڵام کە دەچیتە ناویانەوە و لێیان ورددەبیتەوە هەست بە ناشرینی و جیاوازییەکان دەکەیت، هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک ناسنامەیەک دەبەخشێتە هەندێک لە ئەندامانی. جەمشیدیش بە درێژایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە چەندین ناسنامە و بیروباوەڕ دەگۆڕێت، کە ئاماژەیە بە کەسایەتی

هەندێک لە تاکی ڕۆژهەڵاتی، کە زۆر زوو دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەوانی دیکە و بیروباوەڕی خۆیان لە بیردەچێتەوە، کورد دەڵێت : ((لە کوێوە بای بێت شەندەکات)) بەرژەوەندی لە کوێ بێت دەچێت بۆ ئەوێ و شوێن بیروباوەڕەکانیان دەکەوێت.

"جەمشید" ئەو کارەکتەرەیە کە مێگەل کوشتویەتی و ناتوانێت لێیانداببڕێت، چونکە دەبینین لەگەڵ باڵادەستی هەر ئایدۆلۆژیایەکدا خواستی بوون بە ئەندامی ئەو ئایدۆلۆژیایەی تێدا سەوزدەبێت، هاوکات فڕین و بابردنی جەمشید ڕەمزێکە چەندین واتای جیاواز لەخۆدەگرێت، دەتوانین بڵێین ڕەمزە بۆ نائارامی دەروونی و هەڵهاتن لە کۆیلایەتی، هەروەها دەتوانین بڵێین جەمشید لەو کاتانەی جۆرێک لە ئازادی هەیە و بیر و فیکریی داگیرنەکراوە، خۆی ویستی فڕینی هەیە ،لە کاتێکدا لە ئازادیدا دەتوانێت بیربکاتەوە ڕاڤەی تێکستی گەورە بکات، ڕەخنەبگرێت، واتە توانای ڕۆشنبیرێکی زۆر گەورەی هەیە، ئەمە ئەوە دەردەخات، کە "بەختیار علی" پێیوایە ئەوە ئازادییە دەبێتە هۆی داهێنان و هاتنەئارای ڕەوت و ڕێبازی نوێ لە ژیاندا، واتە ئەو کاتەی لە گوندی بارانۆک بوون خۆی و برازاکانی ئازادبوون بیرکردنەوەیان هیچ ئایدۆلۆژیایەک داگیریی نەکردبوو؛ بۆیە بە ویست و ئازادی خۆی بڕیاریدەدا بفڕێت، تەنانەت ئەوکاتەش، کە دەبێت بە قاچاخچی ئازادە و هیچ بیر و ئایدۆلۆژیایەک داگیریی نەکردووە؛ بۆیە ئازادانە دەفڕێت، واتە ئەوکاتەی مرۆڤ بیریی ئازادبێت جەستەشی ئازادە و هیچ کۆتوبەندێکی نییە((جەمشیدخان ڕای وابوو، کە دیکتاتۆرەکان وەک قەقنەس وان، نامرن، بەڵکو بۆ چەند ساتێک دەبنە خۆڵەمێش و دواتر لە خاشاکی خۆیاندا هەڵدەستنەوە.)) (علی ، ٢٠٢٠ :٧٧).

زوڵم وزۆری دیکتاتۆرێکی گەورەی وەکو سەدام حسین وایکردووە، کە جەمشیدخان ترسێکی زۆری لێبنیشێت و خورافەی ئەوە بکەوێتە دڵیەوە، هەر ڕۆژێک دێت سەدام حسین زیندوو دەبێتەوە و خراپتر لە جارانیان بەسەردێنێت، لە دوای کەوتنە خوارەوەیەکی دیکەی جەمشیدخان دەبێت بە پیاوێک، کە زۆر ئارەزووی پەیوەندیی دەکات لەگەڵ خانمان و سیحرێکی تایبەتی تێدایە بۆ ڕاکێشانی خانمان، ئەگەر چی ڕووخسار و هەیکەلێکی وا گەورە و جوانیشی نییە وەک لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((ئەوەی جێگای باوەڕ نەبوو ئەوەیە، کە جەمشیدخان سیحرێک و درەوشانەوەیەکی وەها گەورەی لای ژنان هەبوو ئێمەی پیاوانی ساغ و سەلیم بە خەونیش نایگەینێ، من کە سەرەتای هەرزەکاریم خانمبازێکی لێوەشاوە بووم و بەبێ زەحمەتێکی زۆر دەمتوانی ڕێگا بۆ دڵی کچان بدۆزمەوە، ئێستا دوای دابڕانی زۆرم لە ژیانی شار و کێوی بوونی دوور و درێژم لە چیاکاندا ،ئەو هونەرەم تەواو لەیادکردبوو.)) (علی ، ٢٠٢٠ :٧٨)..

جەمشـید کاتێـک لەبەرەی ئێـران ئـازادبوو، لێخۆشـبوونی وەرگـرت، بەرنـامە دادەڕێژێـت خۆشگوزەران بیت و پەیوەندیی لەگەڵ ژناندا دروسبکات، دەتوانین ئەمە ناوبنیین "مەکری ژنان"، لەبەرئەوەی لە هاوسەرگیرییەکی درۆینەدا ئەو سەروەتە زۆرەی جەمشید هەیبوو ژنەکەی مەکر و فێڵ دەکات و سەروەتەکەی دەبات لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەڵدێت، پەیوەست بە جەمشیدخانەوە دەتوانین بڵێین ((خۆشەویستی ئەو با کوشندە و بەدویستە حەتمییەیە، کە لە ژیانی خاندا هەڵدەکات و ئاسەواریکی تاریک دوای خۆی جیدێڵێت، بای ئەڤین وا لە جەمشیدخان دەکات بفڕێت و زۆریش بەرزبێتەوە، بەڵام مخابن چارەنووسی ئەم بایەش وەکو چارەنووسی بای سیاسەت ناچیزە و کوشندەیە و دەبێتە یەکێک لە قوربانییانی سیحری ئەوین.)) (نەوزاد، ژ/٢٠٢١/١ :١٥٢) .

لێـرەوە دەردەکەویـت خـان ئەگەر چـی زۆر عاشـقی پەیوەنـدییە لەگەڵ خانمانـدا، بەڵام پەیوەندییەکی شکستخواردووی هەبووە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مەکری ژنان و نەیتوانیوە بەسەر هەستەکانیدا زاڵبێت، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆمانە باس لە داگیرکردنی فیکر و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دەکات بۆ مرۆڤ و بە شێوەیەکی خورافی و لە ڕێگەی کارەکتەری فڕیوی جەمشیدخانەوە ئەم لایەنانە دەخاتەڕوو.

پێمـان باشـە بە کورتی سـەرنجێک بخەینەسـەر نـوێترین ڕۆمـانی نوسـەر "بەختیـار علـی"، کە ڕۆمانی " بەنـدەر فەیلی" یە ، ئەم ڕۆمـانە تـاکە ڕۆمـانی نوسـەرە، کە بـاس لە منداڵ دەکـات، وەکو کارەکتەرێکی سـەرەکی نـاو کۆمەڵ و کلتووری پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵێکی پڕ کێشـە و جەنگدا و کـاریگەریی ئەم جەنـگ و نەهامەتییـانە لەسـەر پەروەردەی منـداڵ و باسـی فەیلییەکـانی کوردسـتان و عێـراق دەکـات و ئەو نەهامەتییـانەی پێیـداتێپەڕیون، لە چوارچێـوەی(٤٥٨) لاپەڕەدا، ڕۆمـانەکە لە پێشـەکییەکی کـورت، کە نـامەیەکە بـۆ سەرنوسـەری ڕۆژنـامەیەک و سـیونۆ بەش و کۆتاییەک پێکهاتووە، نوسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی بەندەرەوە مێژووی تاریک و پڕ لە خوێن و ستەمی نزیکەی چل ساڵی ڕابردووی عێراقمان بۆ دەگێڕێتەوە و بە وشـە تـابلۆیەکی ڕەشـی ئەو سـەردەمەمان بـۆ دەکێشـێت، ڕۆمـانی "بەنـدەر فەیلـی "ئەگەرچـی بە ڕواڵەت گێڕانەوەی بەسەرهاتی منداڵێکی کوردی فەیلییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بابەتێکی تەواو مرۆڤایەتییە و کـاریگەریی زۆر لەســەر هەســت و ســۆزی مــرۆڤ دروســتدەکات، پەیوەنــدیی نێــوان ئەدەب و تراژیــدیا پەیوەندییەکی بنەڕەتییە، باسکردنی ئازار لە ئەدەبدا بۆ ئەوە نییە بە دیـارییەوە دانیشـین و غەمگین بـین، بـۆ ئەوەیە ڕامانگرێت و ڕاچڵەکێین و دووبـارەنەبێتەوە، باسـکردنی تراژیـدیا و کارەسـاتەکان لەناو ئەدەبدا بۆ ئەوەیە لە نـاو یادەوەریماندا بمێنێتەوە و بە جیهـانی بکرێـت، ئەم ڕۆمـانە بـاس لە منداڵێک دەکات، کە لە دایکێکی کوردی فەیلیی بە مەزهەب شـیعە و بـاوکێکی عەرەب، کە میتـافۆری

پشتی ئەم سێ پێهاتەیە، هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراقە، لە یەکێک لە زیندانە تاریکەکانی بەغدا لە کاتی لە سێدارەدانی دایکیدا بە شێوەیەکی خورافی بە زیندوویی لەدایکدەبێت، بە بڕیارێکی سیاسی دەبێت تا کۆتایی ژیانی لەوێ بمێنێتەوە، چونکە تاکە کوردی فەیلییە کە مابێتەوە و نەکوژرابێت، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەر بنیاتێکی (زنجیرەیی) دەڕوات، ڕۆمانەکەش زیاتر لە ژانری ڕۆمانی مێژوویی نزیک دەبێتەوە، سەرەتای ڕووداوەکان لە قۆناغی دووەمی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە ساڵی( ١٩٨٠)،کە بڕیاری (٦٦٦) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی تێدا درا دەستپێدەکات و هەمان ساڵ بەندەر لەدایکدەبێت، ئەم منداڵە بە ژیانێکی تاریک و ناڕووندا گوزەردەکات هەر لە تەمەنێکی بچووکی منداڵییەوە دیمەنی لە سێدارەدان و کوشتنی نیشاندەدەن، ڕۆژانە لە چوارچێوەی زیندانێکی پڕ لە مرۆڤی حوکمدار بە کوشتندا دەژی، کە هەندێکیان تاوانبارن، هەندێکیان بێتاوانن، ئەمە وادەکات ژیانێکی تژی لە خەم و ئازار و ناڕەحەتی هەبێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین مرۆڤەکانی دەرەوەی زیندانیش خۆش نەژیاون و هەمیشە لە جەنگدابوون، چارەنووسی بەندەریش وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەم ناوچەیە تەڵخ و نەزانراوە، ئەم منداڵە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ مردن و جەستەی بێگیان و کوشتندا دەژی؛ بۆیە هەمیشە دەروونێکی شێواوی هەیە و لەبەر نەبوونی قەرەباڵغی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ناتوانێت وشەی پێویستیش بۆ دەربڕین فێربێت، ئەم ڕۆمانەش ڕۆمانێکی فرە چیرۆک و فرە بابەتە و بە زمانێک نووسراوە ،کە دەلالەت لەهەموو ئەو ئازارانە دەکات ،کە مرۆڤەکانی ناوی هەیانە، مەبەست و بابەتەکانی ڕۆمانی بەندەر فەیلی زۆرن، بریتیین لە : (ئازار و مەرگ، منداڵی، دیلی جەستەیی و هزریی و دەروونی، چەمکی ماڵ و شار، شەڕی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیان و دەرەوەیاندا، دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، بەعسیزم، بێبەهایی مرۆڤ لەم سەر زەمینە، خورافەی بێگەردی نەتەوە، بابەتەکانی چاکە و خراپە و دادپەروەری و عەشق و نائومێدی و سزا و تۆڵە و جەلاد و قوربانی.....هتد)، لەگەڵ ئەم هەموو جوانی و باشیانەشدا ڕۆمانەکە بەدەرنییە لە هەڵە و کەموکوڕی بە تایبەتی هەڵەی زمانی و ڕێنووس ،ئەمە تەنها سەرەقەڵەمێک بوو بۆ نوێترین ڕۆمانی نوسەر (بەختیار علی )، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت هەموو ڕۆمانەکانی نوسەر ڕەنگدانەوەی کلتوور و بارودۆخی کۆمەڵی کوردین و هەریەکەیان گوزارشت لە کلتوورێکی باوی کۆمەڵ و چینێکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵ دەکەن.

## ٢-٢: زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:

### ٢-٢-١: زمانی نووسینی (بەختیارعلی) لە ڕۆمانەکەدا:

زمـان یەکێکە لەو ڕەگەزانەی پێویسـتییەکی یەکجـار گرنگـی دروسـتبوونی دەقـی ئەدەبیـیە وپەیوەنـدییەکی پـتەوی بە تەواوی پێکهێنەرەکـانی دەقـی ئەدەبیـیەوە هەیە، چـونکە هەمـوو ئەو پێکهێنەرانە لە ڕێگەی زمانەوە دەناسرێن .گرنگی زمان وای لە (گۆرکی) کردووە، کە بڵێت: ((زمـان یەکەمـین تـوخمی ئەدەبە)) ، (ف.تشیتشـیرن، بـدون سـنەالطبع :٢١). بێگومـان یەکێـک لە پێویسـتییە سـەرەکییەکانی بەرهەمـی ئەدەبـی ئیسـتاتیکایە، کە بەرهەمێکـی ئەدەبـی لە بەرهەمـی نـا ئەدەبـی جیادەکاتەوە و چێژ بە خـوێنەر دەبەخشـێت، ئەوەی کە ئەم ئیسـتاتیکایە دروستدەکات، زمـانە نەک توخمەکـانی دیـکەی ئەدەب، جوانکـاری لە ئەدەبـدا سـەرچاوەی چێـژە بـۆ خـوێنەر، کە لە ڕێـگەی زمـانەوە دروسـتدەبێت، زمـان دەبێـتە هۆکـاری پەیوەنـدیی لە نێـوان دەق و خـوینەردا، ئیسـتاتیکا مـامەڵە لەگەڵ هەسـتەکانی مرۆڤدا دەکـات نەک ئەقڵ و ژیریـی؛ بۆیە ئامـادەبوونی زمـان لە دەقـی ئەدەبیدا واتە ئامادەیی جوانی و ئیستاتیکا، کە بەشێکی گرنگ و سەرەکی دەقی ئەدەبییە، نوسـەری دەقـی ئەدەبـی پێویسـتی بە مـامەڵەیەکی گونجـاوە لەگەڵ زمانـدا، سـەرەنجام ئەم مـامەڵەیە دەقەکە دروستدەکات، چونکە ((دەق شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسهاتی زمانی، کە سیستەمی تایبەتی خۆی دروستدەکات.)) ، (عیاشی، ٢٠٠٢ :١٢١) .

هەر زمانێـک سیسـتمێکی زمـانی تـایبەت بە خـۆی هەیە، سـەرکەوتنی هەر دەقێکـی ئەدەبـیش پەیوەسـتە بە چـۆنییەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سیسـتمەدا، هەر نوسـەر و شـاعیرێک شـێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سیستمەدا، کە لە نوسـەرانی دیکەی هاوسـەردەمی خـۆی جیایـدەکاتەوە، چـونکە ئەگەر هەموویـان بە یەک شـێواز بیاننووسـیایە، ئەوە بەرهەمـی هەمووشیان لەیەکدەچوو، بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازییەی دروستکردووە، وایکردووە هەر نوسەرێک خـاوەنی شـێواز و زمـانی تـایبەتی خـۆی بێـت، شـێوازی سـوودوەرگرتنە لە زمـان، هەرجیـاوازی شـێوازی مـامەڵەکردن لەگەڵ زمانـدا وایکـردووە ژانـرە ئەدەبییە جیاوازەکـان دروسـتبن و بـووەتە هـۆی ئەوەی زمـانی هەر ژانرێکـی ئەدەبـی تـاڕادەیەکی بەرچـاو لەوی دیـکە جیاوازبێـت. جیاوازییەکەیـان زۆرتـر دەبێت ئەگەر هەریەکەیـان سـەر بە چەشـنێکی ئەدەبی جیـاوازبن، چـونکە ئەدەب دابەشـدەبێت بـۆ دوو جۆر(شیعر،پەخشـان)، ئاشـکرایە زمـانی نووسـینی ئەم دوو شـێوە ئەدەبیـیە زۆر لە یەکتـری جیـاوازە و هەریەکەیـان بـایەخ بە لایەنێکـی ئەدەب دەدات، نوسـەرانی بەرهەمی ئەدەبیش دابەشدەبن بۆ دوو بەش، بەشێکیان دەبن بە شاعیر و بەشێکی دیکەشیان دەبن

به پەخشاننووس، بەڵام لە هەندێک لە ژانرە ئەدەبییە نوێیەکاندا، سنووری تێکەڵاوی نێوان شیعر و پەخشان بە تەواوی بەرتەسک دەبێتەوە و زۆر لە یەکتری نزیکدەبنەوە، شاعیر یان نوسەری لێهاتوو لە ڕێگەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا دەردەکەوێت، چونکە ئەو زمانەی بۆ نووسینی بەرهەمی ئەدەبی بەکاردێت تەواو جیاوازە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکی، ئەگەرچی ڕێژەی ئەم جیاوازییە لە شیعردا یەکجار زۆرە، بەڵام لە پەخشاندا بە پێچەوانەوەیە، هەرچەندە پەخشانیش هەر جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکیدا، سەرچاوەی ئەم جیاوازییانەش ئەو گۆڕانکارییانەیە، کە نوسەر لە زماندا ئەنجامیدەدات، بۆ ئەوەی شێواز و مۆرکێکی کەسی بە دەقەکان ببەخشێت، جا ئەگەر توانی لەو گۆڕانکارییانەی لە سیستەمەکەدا دەیکات سەرکەوتووبێت، ئەوا دەتوانێت شێوازێکی تایبەت بە خۆی بۆ نووسینی دەقە ئەدەبییەکانی دابهێنێت و خۆی لە نوسەرانی دیکەی هاوسەردەمی خۆی پێجیابکاتەوە.

ڕۆمان وەکو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دیکە ، یەکێکە لە بنیاتە زمانییەکان، کە زمان هۆکاری گەیاندنیەتی، نوسەران چەندین شێوازی جیاجیای هونەری بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان. کاتێک قسە لەسەر دەقی ڕۆمان دەکرێت، پێویستە پێش ئەوەی باسی شێوازە ئەدەبییەکانی نوسەر و تەکنیکەکانی بکرێت، سەیری شێواز و بونیاتە زمانییەکەی ئەو دەقە بکرێت و لایەنە شاراوەکانی بخرێتەڕوو، ئەو کاتە دەتوانرێت زیاتر بچیتە ناو قووڵایی دەقە ئەدەبییەکەوە، تایبەتمەندی دەقی هەر سەردەمێکیش لەو وێنە و هەڵبژاردنە زمانیانەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆماننووس لە بابەتی ڕۆمانەکەیدا پێشکەشی خوێنەریان دەکات و لە ڕێگاشییەوە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دروستدەکات. ((ئەزموونی ڕۆماننووس (بەختیار علی )، وێڕای فەنتازیایەکی تایبەت و بابەتی، کە بەردەوام هاوڕێ لەگەڵ کێشەیەکی گەورەی مرۆیی، سیاسی، مێژوویی باڵا دەکات، هاوکات زمانێکی بەرینی ئەدەبی دەبینین، کە پێموایە جوانی ڕۆمانەکانی بەختیار زۆر لە زمانەکەیدایە، ئەوە زمانە فەنتازیا و هزر و خەیاڵی ڕۆشن کردووەتەوە، نەک ڕووداو و گێڕانەوە.)) (عوسمان، ٢٠٢١ :٣٣).

واتە (بەختیارعلی) خاوەنی خەیاڵێکی دەوڵەمەند و فراوانە، کە ئەم خەیاڵانەی بەهۆی توانا زمانییە دەوڵەمەندەکەیەوە دەردەبڕێت، یەکێکە لەو نوسەرانەی، کە شیعرییەتێکی زۆر لە ناو دەقەکانیدا دەبینرێت و هەندێکجار زمانی شیعر تێکەڵ بە ڕۆمانەکانی دەبێت، هەروەها زمانێکی فەلسەفی لە نووسینی ڕۆمانەکانیدا بەکاردەهێنێت، ئەگەرچی ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت، کە زمانی هەموو کارەکتەرەکانی وەکو یەک وایە، بە بێگوێدانە پیشە و ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوونیان، کە بێگومان ئاستی قسەکردن و تێگەشتن و بیرکردنەوەی کارەکتەرێک، کە جوتیارە یان گوندنشینە

جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسێکی خوێندەوار، کە دکتۆرە یان مامۆستا یان ئەندازیار....هتد، پێویستە ڕۆمـــاننووس لە کـــاتی نووســـینی ڕۆمانەکەیـــدا جیـــاوازی بکـــات لە نێـــوان چیـــنە کـــۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە "بەختیار علی" خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەند و کراوە و ئازادە، بیرکردنەوە و خەیاڵیشی ئازاد و فراوانە، بەهۆی توانای زمـانییەوە پێشـبینی ڕووداوەکـانی ئایندە دەکات و لە پێشهاتەکان ئاگادارماندەکاتەوە، هەر کارێکی ئەدەبی پێویستی وایلێدەکات، کە لادانی زمانی تێدا دروستببێت، ئەمەش جۆرە بەرزی و چێژێکی تـایبەتی بەو دەقە دەدات، کە لە زمـــانی ئاســـاییدا نابینرێـــت، هەر وەکـــو (جـــۆرج مۆنـــان ) دەڵێـــت: ((هەمـــوو پیشـــیەک {کـــارێکی ئەدەبی}پێویستی بەرەو لادانی زمانی دەبات)) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٨ :٥٠).

ڕۆمـان یەکـێکە لەو ژانـرە ئەدەبییـانەی، کە زۆرجـار ڕۆمـاننووس بـۆ دروسـتکردنی وێـنەی هـونەری پەنـا بـۆ بەکارهێنـانی لادانـی زمـانی دەبات، ئەمە یەکێکە لەو شـێواز و ڕێگایـانەی، کە لە ڕۆمانەکـــانی (بەختیـــار علـــی) دا دەبینرێـــت، ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە) ش، وەکـــو یەکێـــک لە ڕۆمانەکـانی، چەنـدین لایەنـی هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی و جوانکـاری تێدا دەبینرێت و هەنـدێکجار زمـانەکەی دەبێـت بە زمـانێکی شـیعریی جیـاواز لە زمـانی ئاسـایی. ڕەنـگە هۆکـارەکەی بـۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە نوسـەر سـەرەتای نووسـینی بە شـیعر دەسـتیپێکردووە، هەروەهـا توانـایەکی باشـی فەلسەفیشـــی هەیە لە نووســـین و ڕۆمانەکانیـــدا، ئەمـــانە هانـــدەربوون بـــۆ ئەوەی هونەرەکـــانی جوانکاری و ڕەوانبێژیی بگوازێتەوە بۆ ناو ڕۆمـان، کە هـونەرێکی پەخشـانییە، کەمتر لە پەخشـاندا هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکاردێن؛ هەر بۆیە دەڵێت : ((لە بنەڕەتدا زمـان هـیچ کـات کەرەسـتەیەکی لەبـار نییە بۆ گەیاندنی واقیـع، زمـان پێویسـتی بە تێپەڕانـدنی خـۆی و تێپەڕانـدنی وێـنە ئاسـایی و سادەکانی دونیا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت شتێک لەسەر جیهان بڵێت. واقیـع لە جەوهەردا پێکهـاتێکی لەوە ئـاڵۆزترە بکرێـت لە ڕێگـای وێنـاکردنی شـتەکانەوە وەک خۆیـان بگـوازرێتەوە.)) (عەلـی، ٢٠١٢ :١٣٦).

واتە قسـەکردن لەسـەر دونیـا و جیهـان لەوە ئـاڵۆزترە مـرۆڤ بتوانێـت بە زمـانێکی سـادە و ئاسـایی لێیبـدوێت، بەڵکـو بـۆ گەیانـدنی پەیامەکـان پێویسـتی بە زمـانێکی دەوڵەمەنـد و خەیـاڵێکی فـراوان و وێـنەی شـیعریی و هونەرەکـانی ڕەوانبێژیـی هەیە، ئەدەب و هـونەر لە بنەڕەتـدا لەسـەر تێکشکاندنی وێنەی واقیع کـاردەکەن، مرۆڤ بۆیە دەنووسـێت تـا باسـی شـتێک لە واقیـع بکـات، کە بەچـاو نابینرێـت، چـونکە ئێشـی ئەدەب دووبـارەکردنەوەی ئەو وێنـانەی دونیـا نـییە، کە بە چـاو دەبینرێت و مرۆڤ بە هەستە سـادەکانی دەتوانێت هەسـتیان پێبکـات، هـیچ مرۆڤێـک توانـای بینینـی هەموو واقیعی دەورووبەری خۆی نییە، هەر یەکێک لە ئێمە بەشـێکی بچووکین لە واقیـع و تەنهـا

دەتوانین بەشێکی بچووکی واقیعیش ببینین، ئەدەب هاوکاریمان دەکات لەو چوارچێوە بچووکەی خۆمان دەربچین و شتی زیاتر ببینین و هەستی پێکەین. ئەم هاوکاریکردنەش لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت، کە نوسەر دەبێت زمانی ئاسایی ڕۆژانە تێبپەڕنێت، تاکو بتوانێت واقیع بە زیادەوە لەوەی دەبینرێت نیشانی خوێنەر بدات .

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوە ڕەگەزە ئەدەبییەکان نین، کە شێوازی جیا جیا بە زمان دەدەن، بەڵکو زمانە لە ناو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت و بەهۆی چۆنییەتی دەرکەوتنیەوە ڕەگەزی جیاجیای ئەدەبی دروستدەکات. شێوەی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆر و شێوەی ئەو زمانەی لەناو دەقە ئەدەبییەکەدا بەکاردەهێنرێت، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان درێژدادڕییە، کە زۆرکات ئەگەر بە شیوەیەکی دروست و چێژبەخش بەکارنەهێنریت خوێنەر بێزاردەکات و وای لێدەکات ڕۆمانەکە نەخوینێتەوە؛ بۆیە ئەگەر ڕۆمان بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە ڕێگای ئەوەی بە ڕۆماننووس دا هەموو شتێک بڵێت، ئەمە بەو واتایە نییە تەنها بە یەک شێواز ئەو کارە بکات، بەڵکو دەبێت لە ڕێگای تەکنیکی نوێ و جیاوازەوە ئەو کارە بکات، یەکێک لەو پێوەرانەی پێویستە لە بەرهەمێکی بە پەخشان نووسراودا هەبێت پێوەری جوانییە، ڕۆمان بریتییە لە ڕێکخستنی وشە، ئەم ڕێکخستنەش بە بێ پێوەری جوانی نابێت، ئەوەی بتوانێت بە باشترین و چاکترین شێواز وشەکانی ناو ڕۆمان ڕێکبخات، ئەوا چاکترین زمانی بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی بەکارهێناوە، سەبارەت بە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیش لە ڕۆماندا پێویستە بەکاربهێنرێن بۆ دروستکردنی جوانکاری، ڕۆمانەکانی( بەختیار علی) ش، بەوە ناسراون، کە زمانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە جوانکاریی و وێنەی شیعرییان هەیە، لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا لە چەندین شوێندا زمانی شیعریی دەبینین، ڕۆماننووس توانایەکی سەیری زمانەوانی هەیە و دەتوانێت لە بەکارهێنانی وشەکاندا ناسکترین ڕیتم و وێنە دروستبکات، بۆ نموونە لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: ((چەندە لە سەرمای مردن دەترسم ...." من پێمدەگوت" کێ دەڵێت مردن ساردە... کێ دەڵێت؟" سەری بەرز دەکردەوە بە هەمان ئەو گومانە سەیرەوە دەیڕوانییە هەوای پەنگخواردووی سەنگینی ژوورەکە و دەیگوت" دەکەوێتە سەر ئەوەی لە کوێدا دەتنێژن.))(عەلی،٢٠١٠ :١٨).

ئەگەر سەرنجی ئەم پەرەگرافە بدەین دەبینین نوسەر زمانێکی تەواو شاعیرانەی بەکارهێناوە، وشەی(سەرما) ی داوەتە پاڵ (مردن )، کە "سەرما" زیاتر لەگەڵ کەشوهەوادا بەکاردێت و پەیوەندیی بە وەرزێکی ساڵەوە هەیە، کە وەرزی (زستانە )، هۆکاری پێکەوەهێنانی وشەکانی (مردن) و(سەرما) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ لە دوای مردنی خوێن لە جەستەیدا هاتوچۆ

ناکـات؛ بـۆیە جەسـتەی سـاردەبێتەوە و ڕەقـدەبێت، کە تـاڕادەیەکی زۆر هاوشـێوەی وەرزی سەرمایە، هەروەها  دەڵێت : ساردی مردن کەوتووەتەوە سەر ئەوەی لە کوێدا دەتنێژن، دەکرێت مەبەستی نوسـەر لەوەبێت، مـرۆڤ ئەگەر لە وڵات و نیشـتیمانی خۆیـدا بمرێـت ڕێزلێگیراوتـرە و پرسـەی لە دەستدانی گەرموگوڕە، چونکە دەورەدراوە بە خـزم و کەسـوکار و ئاشـنایانی، بەڵام مـردن لە غەریبیـدا ساردوسـڕە و کەس خەمـی مەرگ و لەدەسـتدانتی نیـیە و قەدری بوونـت نازانرێـت. لە شـوێنێکی دیـکەی ڕۆمـانەکەدا دەڵێـت: ((باغچەکەمـان قـوڵتر لە هەر کـاتێکی دیـکە خەوتبوو، دیوارەکان لە هەر کاتێکی دی بێدەنگتربوون، پرخەی برا و باوکـان نەبێت، کە لەرەیەکـی چکۆلەیـان لە هەوای تاسـاوی ئەو مـاڵەدا دروسـتدەکرد، شـتەکانی دی هەمـووی کـپ و خامۆشبوون.)) (عەلی،٢٠١٠ :٢٣).

لێـرەدا نوسـەر هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی و جوانکـاری بەکارهێنـاوە، هـونەری خواسـتن و بەکەسـکردن بەکارهـاتووە، (بـاغچە) بەکەسـکراوە، سـیفەتی (خەوتـن)، کە هـی مـرۆڤە دراوەتەپاڵ (باغچە)، هەروەها وشەی (دیوار)یش بە هەمان شێوە بەکەسکراوە، چونکە سیفەتی (بێدەنگی)، کە هـی (مرۆڤ) دراوەتە پاڵ دیوار، کە لە ڕاستیدا دیـوار تەنێکی بێگیانی خاڵی لە هەست و سۆزە، ئەوە تەنهـا شـاعیران و نوسـەرانن دەتـوانن هەسـت بە ئەم تەن و کەرەسـتانەی دەورووبەرمـان ببەخشـن، ڕەمـزیش یەکـێکە لەو لادانە زمانییـانەی، کە پەیوەنـدیی بە هەمـوو هونەرەکـانی ڕەوانبێـژییەوە هەیە، هەمـوو دەقێکـی ئەدەبـیش بەهـۆیەوە مانـای زیـاتر لەو مانـایەی خـۆی وەردەگرێـت، کاتێـک شـاعیرێک یـان نوسـەرێک دەیەوێـت وێنەیەکـی هەسـتبزوێن و کـاریگەر دروسـتبکات لە نـاو بەرهەمە ئەدەبییەکانیـدا، ئەوا پەنـا بـۆ بەکارهێنـانی ڕەمـز دەبـات، کەواتە بەکارهێنانی ڕەمز لە ڕۆمان یان هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبیدا بۆ دەوڵەمەندکردنی زمـانی نوسـەرە لە دەقەکانیـدا، شـێوەکانی ڕەمـز جـۆراو جـۆرن، کە بـریتیین لە: (ڕەمـزی ئەفسـانەیی و ڕەمـزی مێژوویـی و ڕەمـزی خـورافی و ڕەمـزی دروسـتکراو)، ئەوەی لە ڕۆمانەکـانی (بەختیـار علـی)دا دەردەکەوێت، بەکارهێنانی ڕەنگە وەک ڕەمز، بۆ نموونە ڕەنگی (سـپی)، کە لە سێ ڕۆمانیدا بووە بە ڕەمزێکـی تـایبەتی، کە دەتـوانین نوسـەری پـێ بناسـینەوە، کە ئەوانـیش ڕۆمانەکـانی (شـاری مۆسیقارە سـپییەکان)، کە تیایدا جەخت لەسـەر ڕەنگی سپی کراوەتەوە، ڕەنگی سپی لە ڕۆمـانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا، بە هەر شتێکەوە بلکێت دەبێت بە فەنتازیا، ڕەنگی سـپیش بـۆ دوو شتی پێچەوانەی یەکدی بەکاردێت ( خۆشی و ناخۆشی )، ڕەمزە بۆ خۆشـی لەبەرئەوەی ڕەمـزێکە مانـای ئاشـتی دەدات، هەروەهـا ((ڕەنگێکی ئاسـاییە بـۆ جلـی بـووک، لای گشـت نەتەوەکـان، ئـاڵای سـپیش نیشـانەی خـۆ بەدەستەوەدانە لە جەنگدا.)) (عمر،١٩٨٢ :١٦٦). ئەمە جگە لەوەی ڕەنگـی سـپی

مانای مردنیش دەدات، ئەوەش کاتێک مردوو لە کفنێکی سپیدا وەکو دوا پۆشاکی دەنێژرێت، ئەگەر ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ش، بە نموونە وەربگرین، ڕەنگی سپی مانای داواکردنی ئاشتی دەدات، هەرچەندە زۆر بە زەقی لەم ڕۆمانەدا دەرناکەوێت، بەڵام دەتوانرێت ئەو لەچکە سپییەی پەروانە بە تاکە ڕەمز بۆ ئەم دیاردەیە وەربگیرێت، ئەمەش لەوکاتەدا، کە لەگەڵ فەرەیدوونی مەلەکدا لە شەوێکی تاریکدا بۆ ئەو جەنگەڵە، کە عاشقان هەڵیانبژاردووە و وەکو شوێنێکی دوور لە دەستی ڕاوچییەکانیان، هەڵدێن، سەرەتا بەهۆی زانینی باوک و براکان و پورەکەیەوە کوچە بە کوچەی شارەکە بە دوایاندا دەگەڕان، یەکێک لەو شوێنانەی، کە ئەوان خۆیان تێدا شاردبوەوە، دوکانی کتێبفرۆشییەکەبوو، پاش ئەوەی دەزانرێت ئەوان لەوێن و دوکانەکە دەشکێنن، تەنیا لەچکێکی سپی پەروانە بەجێماوە، بەوەش دەزانن، کە لەوێ بووە، ئیدی ئەو لەچکە وەکو نیشانەی بە پاکیزەیی مانەوەی پەروانە و داواکردنی ئاشتی و لێبوردن لە لایەن ئەوانەوە بەجێهێڵراوە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆمانی(دواهەمین هەناری دونیا) شدا بەم ڕەنگە ڕەمزی زۆر گەورە دروستکراوە، بەمجۆرە بۆماندەردەکەوێت، کە زمانی نووسینی بەرهەمە ئەدەبییەکانی "بەختیار علی" جیاوازە لە نوسەرانی دیکە و تاڕادەیەکی زۆر زمانی شیعریی و فەلسەفی زاڵە بەسەر نووسینەکانیدا و جوانکاری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی فراوان لە ناو ڕۆمانەکانیدا دەبینرێت .

## ٢-٢-٢: دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بە تەنها بژی و پێکەوە کۆمەڵی مرۆڤایەتی دروستدەکەن، ئەو مرۆڤانەی لە کۆمەڵێکدا پێکەوە دەژین، هەوڵدەدەن هەموو ڕەفتار و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک یەک لێبکەن، لە ڕێگەی کلتوور و دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەو کۆمەڵەوە، زۆربوونی ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵ دەبێتە هۆی زیاتر گەورەبوونی کۆمەڵکە و ڕێکخستنی ژیانیان لە ڕێگەی سیستمێکی تایبەتییەوە و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە شێوەیەکی تەندروست، کۆمەڵی کوردیش وەک هەر کۆمەڵێکی دیکەی دونیا خاوەنی کلتوور و دابونەریتی تایبەت بە خۆیەتی، کە جیایدەکاتەوە لە نەتەوە و کۆمەڵەکانی دیکەی دەوروبەری، وەک کلتووری ژن و ژنخوازی، کلتووری ناشتنی مردوو و پرسەگێڕان، هەروەها جەژنەکان و بۆنە نەتەوایەتییەکان، بابەتە کەلەپوری و فۆلکلۆرییەکان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کوردیدا زۆر بەهێزە و جیاوازە لە کۆمەڵ ئەوروپییەکان، ئەمانە بوون بە کەرەستە لە بەردەم (بەختیار علی) دا و لە ڕۆمانەکەیدا بەکاریهێناون، دیارترین ئەو دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا قسەیان لەسەر کراوە بریتیین لە:

## أ-شايي و پرسە يان (شين) :

شايي و پرسە دوو بابەتي گرنگ و پەيوەستن بە ژياني مرۆڤ و كۆمەڵەوە، ئەم دوو بابەتە دژيەكن، يەكێكيان دەبێتە هۆى دڵخۆشى مرۆڤ و ئەويديكەشيان دەبێتە هۆى دڵتەنگى و گريان و شين و ڕۆڕۆى مرۆڤ، يەكێكيان مژدەى دروستكردنى ژيانێكى نوێ دەدات، كە ژيانى هاوسەرگيرييە و منداڵ و نەوەى لێپەيدادەبێت، بەڵام ئەوى ديكەيان مردنە و كۆتايي پێهاتنى ژيان و بوونى مرۆڤە لەسەر زەوى ، نوسەر لە (ئێوارەى پەروانە)دا، هەردوو ديمەنى شين و شايي بۆ تۆماركردووين، بێگومان شين و شايي پڕن لە دابونەريت و پەيوەنديي كۆمەڵايەتى؛ بۆيە لێرەدا وەكو بەشێك لە كلتوورى كوردى قسەيان لەسەر دەكەين:

### ١- شايي:

پرۆسەى هاوسەرگيريي يان (ژنهێنان) چەندين پێناسەى جياوازى بۆ كراوە، ديارترينيان ئەوەيە ژنهێنان ((يەكێتييەكە لە نێوان پياو و ژنێكدا يان پياوان و ژنان، بۆ ئەوەى پياو ڕۆڵى مێرد و ئافرەت ڕۆڵى ژن بگێڕن و كارەكەشيان پەسەندى كۆمەڵ بێ و مۆركێكى ڕەوا هەڵگرێ و هەردوو لاش پەيمان بدەن، هەرچى پێداويستى و داخوازييەك كۆمەڵ لەم پرۆسەيەدا بيسەپێنێ بە جێى بێنن.)) (سندى،٢٠٠٩ : ١٠٢).

واتە پرۆسەى هاوسەرگيريي دەبێت لە نێوان دوو ڕەگەزى جياوازى نێر و مێدا ڕووبدات و هەردوولا ئەرك و مافى تايبەت بە خۆيان لەو ژيانە هاوبەشەدا هەيە، لێرەدا نموونەى شايي لە ڕۆمانى (ئێوارەى پەروانە)دا، وەردەگرين لە شوێنێكى ڕۆمانەكەدا نوسەر باسى شايي كۆمەڵى كوردى دەكات لە ساڵانى هەشتاكاندا، كە چەندە قەرەباڵغ بووە و هەڵپەڕكێ وەكو سەماى كۆمەڵى كوردى و بەشێكى ڕەسەنى كلتوورى كۆمەڵى ئێمە لە شاييەكاندا هەبووە و گۆرانيش بەشێكى گرنگى ئاهەنگەكان بووە و ڕۆڵى هەبووە لە دروستكردنى كەشێكى خۆش و دڵخۆشكردنى بەشداربوانى ئاهەنگەكەدا، لە كاتى باسكردنى كەسێتى (نەسرەدينى بۆنخۆش) دا، كە يەكێكە لە كارەكتەرە گرنگەكانى ڕۆمانەكە، لە دواى ئێوارەى كوشتنى پەروانە و ميدياوە گەڕابووەوە شار، بووبوو بە فۆتۆگرافەر و لە ئاهەنگەكاندا وێنەى ئەو گەنج و كيژانەى گرتبوو، كە بەشدارى ئاهەنگەكانيان كردبوو هەڵپەڕيبوون، (خەنداني چكۆلانە )وەكو گێڕەرەوەى ڕووداوەكانى ڕۆمانەكە لە باسى سەرەتاى بينينى "نەسرەدينى بۆنخۆش" دا دەڵێت: ((يەكەم شەو، كە لەگەڵيدا دوام لە ئاهەنگى شوكردنى كچێكى هاوڕێمدابوو "مەعسومە" كە پشتيكردبووە درەختەكانى باخچەكە "نەبا باڵندەكان ببينن "نەيدەويست ئاوڕ بداتەوە و پێمبڵێ"ئەوە خۆيەتى ئەوە نەسرەدينى بۆنخۆشە"،

بەڵکو بە وەسفێکی سادە پێی گوتم "پیاوێکە بە کامێرایەکی کۆنەوە لە دەستێ جلی کوردی شینکیدا" من کە لە ناو هەرا و بەحری بێسەر و بنی هەڵپەڕکێکەراندا بینیمەوە، لەگەڵ چەپکێک کچی ئێجگار نازکدا سەرقاڵی قسە و پێکەنین بوو، یەک یەک لەگەڵیاندا دەدوا و کارتی چکۆلانەی بۆ وەرگرتنەوەی وێنەکانیان دەدانێ.)) (عەلی،٢٠١٠ : ١١) .

ئەگەر سەرنج لەم پەرەگرافە بدەین، دەبینین کۆمەڵێک بابەتی کلتووری زۆر گرنگی تێدایە تایبەت بە شایی لە کۆمەڵی کوردیدا، دیارترینیان (جلی کوردی) وەکو بەشێک لە کەلەپوری ماددی کورد، مۆرکێکی نەتەوەیی پێوەیە و وەک ناسنامەی تاکی کورد وایە لە جیهاندا هەروەها کامێرا بەشێکی گرنگی پێکهاتەی هەموو شاییەکی کۆمەڵی کوردیی و جیهانیشە، چونکە هۆکارێکی گرنگە بۆ پاراستن و تۆمارکردنی ڕووداو و یادەوەرییە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ و هێشتنەوەیان لە یادەوەریی مرۆڤدا و پاراستنیان لە لەیادکردن و فەوتان، هەروەها هەڵپەڕکێ و تێکەڵی ژن و پیاو و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە ڕۆژە تایبەتییەکانی ژیانی ئەو دوو مرۆڤەی پێکەوە هاوسەرگیریی دەکەن.

تاڕادەیەک شایی کوردی لەم قۆناغەدا بە بەراورد بە سالانی پێشتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە کۆنی کوردەواریدا ئاهەنگگێڕان لە ڕۆژێک زیاتر بووە و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و نان و خوانی تایبەتی هەبووە لە لایەن خانەوادەی زاواوە ئامادەکراوە، بەڵام لە دوای سالانی هەشتاکانەوە ئەم دیاردەیە ڕووی لە کزی کردووە و ئاهەنگگێڕان کەمبووەتەوە بۆ ڕۆژێک، لە عاداتی کۆنی کوردەواریدا وا باوبووە، کە ئەو کۆمەڵە کەسەی دەچوون بۆ خوازبێنی خەڵکی دیار و ناسراوی شوێنەکە بوون، لەگەڵ باوک و برا و زاوا و بە هاودەمی کەسانی قسەزان و مەلا و پیاو ماقوڵان چوونەتە ماڵی کچەکە و خوازبێنییان کردووە، کە ئەمەش وەک قەدر و ڕێزێک بووە بۆ کەسایەتی کچەکە و خانەوادەکەی، بەڵام هەندێکجار خانەوادەی کچەکان بەهۆی کلتوور و دابونەریتی کۆمەلایەتی و ئایینییەوە ڕێگایاننەدەدا کچەکانیان بە خۆشەویستی هاوسەرگیری بکەن؛ بۆیە ئەگەر بیانزانیایە کچەکەیان عاشقی کوڕێک بووە هەموو ڕێگایەکیان دەگرتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەیەکگەیشتنیان بگرن، بۆ نموونە لە شوێنێکی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا، چیرۆکی چەندینجار خوازبێنیکردنی "گۆڤەندی پەیکەرتاش" بۆ "دلارام " دەگێڕێتەوە و دەڵێت : ((لە ماوەیەکدا گۆڤەند چەندین جار خوازبێنی دلارامی کرد و سوودی نەبوو، هەر جارەی بە دەستەیەک خوازبێنیکەری بە هەیبەتدیکەوە دەچووە پێشێ، بەلام باوکی دلارام هەمیشە یەک وەلامیدەدایەوە و دەیگوت"گوێ لە هیچ ترۆهاتێک ناگرم ....دوای چەند هەزار ساڵ لە شکاندنی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ بتەکان، تازە بە تازە کچی خۆم بدەم بە بتتاشێکی قژدرێژ وئۆفیک و حیز؟".)) (علی،٢٠١٠ :٧٦).

بە سەرنجدان لەم پەرەگرافە تاڕادەیەکی زۆر تێڕوانینی کۆمەڵی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت بۆ هونەر و کەسایەتی هونەرمەند، "گۆڤەند " هونەرمەند و پەیکەرتاشە تاڕادەیەکی زۆر پیشەکەی لە ناو کۆمەڵ و بیروباوەڕی تاکەکاندا قبوولڵکراو نییە؛ بۆیە زۆرجار ئەم چینە تووشی گرفتی زۆر دەبن لە کاتی دروستکردنی ژیانی هاوسەرگیریدا، چونکە هەندێک خانەوادە ڕێگانادەن کچەکانیان لەگەڵ چینی هونەرمەند هاوسەرگیریی بکەن؛ بۆیە باوکی "دلارام" نوێنەرایەتی ئەم چینەی کۆمەڵی کوردی دەکات، پەیکەرتاشی بە حەرام و هاوبەشدانان بۆ خودا لە قەڵەمدەدات، چونکە ئاماژەی بۆ چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم و شکاندنی بتەکان کردووە، وەک ڕەمزێک بۆ کۆتاییهێنان بە بتپەرستی؛ بۆیە ئامادەنییە کچەکەی بە کەسێکی وابدات، کە کاری پەیکەرتاشییە، چونکە کار و پیشەی کوڕ مەرجێکی گرنگ و سەرەکی ماڵی باوکی کچە بۆ ئەوەی داهاتووی کچەکەیان گونجاو و ژیانێکی خۆشی هەبێت، هەمیشە ژیانی هاوسەرگیریی مژدەی دروستکردنی ژیانێکی نوێ و جیاواز و هاوبەشدەدات؛ بۆیە لە کلتووری ئێمەدا ڕەنگی سپی لە لایەن خانمانەوە بۆ ڕۆژی بوکێنی و دەستپێکی ئەو ژیانە نوێیە دەپۆشرێت، کە ڕەمزی پاکیزەیی و پاکێتی ئەو کچەیە؛ بۆیە لەم ڕۆمانەدا چەندینجار ڕەنگی سپی وەک هێمای پاکی و ئاشتی و ژیانی نوێ بەکارهاتووە وەک لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا هاتووە ،"شیرین" یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە، کە هاوڕێی پەروانەیە، تاکە کچێک بووە لە ڕیزی ئەو کچە جوانانەدا، کە نە وەک ئەوان جوان، نە وەکو ئەوان هەوا بەرزبووە، نە وەکو ئەوانیش پەیوەندیی دڵداری زۆری هەبووە، بە شێوەیەکی سەیر و بێ هۆیەکی دیاریکراو لە ڕیزی ئەو کچە جوان و شۆخانەدا جێگەی بووبوویەوە، دوای ڕۆشتنی پەروانە ئێوارەیەکی درەنگ لە دەرگای ماڵی پەروانە دەدات : ((شیرین ئەو ئێوارەیە قاتێکی سەرتاپا سپی لەبەردابوو، جووتێ پیاڵاوی سپی لەپێکردبوو و ڕەفتەیەکی ڕەشی دابوو بە شانیدا، جانتاکەشی دیاربوو جانتای ئەو بووکە تازانەیە کە دەبێت هەموو ئێوارەیەکی هاوین پیاسەبکەن، لەو جانتا نازکەی بووکێنیدا، کە بۆنی عەتر و میکیاجی گرانبەهای لێبەرزدەبووەوە ئەو پەیکەرە چکۆلانەیەی دەرهێنا، پەیکەرێکی تەختە، پەیکەری دوو عاشقی بەختیار.....)) (علی،٢٠١٠: ٥٩). شیرین تازە هاوسەرگیریی کردووە، ئەڵقەکەی نیشانی خەندان دەدات، کە ئەڵقە وەک نەریتێکی هاوسەرگیریی وایە لە کۆمەڵی کوردیدا کوڕ و کچ دوای هاوسەرگیریی لەدەستیدەکەن بۆ ئەوەی دیاربێت، خەڵکی دیکە سەیریاننەکات و هەوڵی خوازبێنی کردنیان نەدات؛ بۆیە لەم پەرەگرافەدا ڕەنگی سپی وەکو ڕەمزێک بۆ پاکیزەیی و دەسپێکی ژیانێکی تازە بەکارهاتووە، لە هەندێک شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی سپی و بەفر نیشانەی شاردنەوەی خوێن و ستەمە، نیشانەی ساردی و بێڕەحمی مرۆڤەکانە، واتە نوسەر بۆ چەندین مەبەستی جیاواز ڕەنگی سپی بەکارهێناوە، دەکرێت

مرۆڤی پاکیزە و مرۆڤی تاوانباریش ئەم ڕەنگە بپۆشن، هەروەها هەمیشە ژنان لە سەرەتای هاوسەرگیریدا زۆر بایەخ بە خۆیان دەدەن و جلوبەرگ و ڕووخساریان دەڕازێننەوە و هەمیشە بۆنیان خۆشە و گەشبینی و ئومێد سەرتاپای ژیانیانی داپۆشیوە، ئەم گەشبینییەش لە سیمای "شیرین" دا دەبینرێت، بەڵام دواتر لەم وڵاتەدا هەست بە ئارامی ناکەن و سەفەردەکەن بۆ ئەوروپا و لەوێ دەژین.

بۆن و عەتریش لەم ڕۆمانەدا ئاماژەی زۆریان بۆ کراوە، وەک بۆنی (ڕێحانە، بۆنی خوێن، بۆنی مردن...)، کە بۆنی ڕێحانە نیشانەی عەشق و خۆشەویستییە و بۆنی خوێنیش نیشانەی جەنگ و کوشتن و لەناوبردنە، کە نوسەر تا کۆتایی ڕۆمانەکە لە چەندین شوێنی جیاوازدا ئەم بۆنانە بەکاردێنێت، تەنانەت یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەش ناوی (نەسرەدینی بۆنخۆشە)، کە نیشانەی گرنگی بۆنی خۆشە بە لای نوسەرەوە و ئەو کەسانەی، کە باشن هەمیشە جوانی و بۆنی  خۆش لە دەوروبەریاندا بڵاودەکەنەوە.

## ٢- شین:

دیاردەی شینکردن یەکێکە لە کلتوورە کۆمەڵایەتییە دیارەکانی کۆمەڵی کوردی و ئەوکاتە ڕوودەدات، کە مرۆڤ کەسێکی ئازیزی لەدەستدەدات یان ڕووداو و کارەساتێکی ناخۆشی بەسەردا دێت. هەندێکجار شکانی دڵی مرۆڤەکان لە کەسێک یان لە شتێک یان نەگەشتنی مرۆڤ بە یەکێک لە خواست و خەونەکانی دەبێتە هۆی بێزاری و بێتاقەتی و خەمخواردن، کە لە کلتووری ئێمەدا لە ڕێگەی گریان و شینکردنەوە ئەو خەم و ئازارانە دەردەبڕرێت. چەمکی خەمخواردن چەمکێکی ئاشنا و دیارە، کە هەموو تاکێک کەم تا زۆر دەیناسێت، چونکە لە بنچینەدا (( خەم هەڵچوونێکی دەروونییە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنییەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هەست و سۆز و باری دەروونی مرۆڤ .)) (محەمەد،٢٠١٢ :٥٩). بە جۆرێک زۆرجار خەم کاردەکاتە سەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی تاکەکان و تووشی خەمۆکییان دەکات و گۆشەگیردەبن، هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا  توشی کارەسات و خەم دەبێت، هەندێک کەس ئارامگر و بەهێزن و هەندێکی دیکەش بە خەم و ناخۆشی دەڕووخێن و وێراندەبن؛ بۆیە لە ڕێگەی شینکردنەوە ناخی خۆیان دەردەبڕن، دیاردەی شینکردن لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) شدا لە چەند شوێنێکدا باسکراوە، وەک لە شوێنێکدا یەکێک لەو کوڕانەی پەروانە عاشقی دەبێت، کوڕێکی سەعاتچییە خۆی دەکوژێت و پەروانە و خەندان دەچن بۆ پرسەکەی دەڵێت: ((خەندان، خەندان، خۆیکوشتووە... خۆیکوشتووە" ئەو کوڕە سەعاتچییە نیوەشەو چووبووە باغچەکەی خۆیان و لە

بن تووپەکی پیردا بە گووللەیەک ماڵئاوایی لە هەمووشتێک کردبوو. لە ڕۆژی داهاتوودا من و پەروانە خۆمان گۆڕی و چووین بۆ پرسەکەی، هەموو دار و دیوارەکان بۆنی خوێنی ئەو کوڕەیان لێدەهات، سەدەها سەعاتیش بە دیوارەکانەوە هەموو لەو ساتەوەی ئەو خۆیکوشتبوو وەستابوون....)) (علی ،٢٠١٠ : ١٩) .

یەکێک لەو دیاردانەی، کە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا هەیە، دیاردەی خۆکوژییە، کە لە ئەنجامی نائومێدی و بێ هیوایی مرۆڤەوە دروستدەبێت، دوای ئەوەی ناتوانێت بگات بە ئامانجەکانی یان دڵی دەشکێت، ناتوانێت بەرگەی ئەو ئازار و خەمانە بگرێت و بڕیاری خۆکوشتن دەدات ،ئەم کارەکتەرەش ئارەزووەکات سەفەربکات بۆ ژینگەیەک، کە مرۆڤ تیایدا ئازاد بێت و بە ئازادی بژی بیربکاتەوە عاشق بێت، بەڵام دوای ئەوەی ناتوانێت ئەو کارە بکات خۆیدەکوژێت، پەروانەش کچێکی یاخییە لەو کلتوور و دابونەریتە باوانەی لە کۆمەڵدا هەن، بۆیە عاشقی چەندین کەسی جیاواز دەبێت، کە هەریەکەیان پیشە و کەسایەتییەکی تایبەتیان هەیە، ئامانجی سەرەکی لەم عاشقبوونانە دۆزینەوەی پیاوی خەونەکانییەتی، کە بتوانێت لەگەڵیدا سەفەربکات؛ بۆیە ماوەیەک عاشقی ئەم سەعاتچییە دەبێت دوای ئەوەی دەبیستێت خۆیکوشتوە لەگەڵ" خەندان"ی خوشکی دەچن بەشداری پرسەکەی دەکەن، پرسەگێران یەکێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دیاردە کلتوورییە دیارەکانی کۆمەڵی کوردیی، کە تیایدا خزم و ناسراو و کەسە نزیکەکان دەچن بەشداری پرسەکەی دەکەن وەک دڵدانەوەیەک بۆ کەسوکار و ئازیزانی ئەو مردووە، پەروانە ئەگەرچی خۆی خاوەنی خەمێکی گەورەیە خۆشەویستەکەی خۆیکوشتووە، بەڵام ناتوانێت بگری، تەنهاخەمخواردن و تەنهایی هەڵدەبژێرێت بۆ گوزارشتکردن لە گەورەیی خەمەکەی، دیارە لە پرسەدا چەند نەریت و بۆنەیەک هەیە گرنگترینییان بریتین لە:

١-دیاردەی ڕەشپۆشین: دیاردەیەکە پەیوەستە بە دیاردەی پرسە و تەعزییەبارییەوە، کە خەڵکی خاوەن پرسە هەموو ڕەنگی ڕەش یان نیلی دەپۆشن، کە نیشانەی تازییەباری و خەمبارییە، لەو ڕێگەیەوە هەستی خۆیان دەردەبڕن بۆ لەدەستدانی ئازیزانیان، ئەمە بووە بە بەشێک لە کلتوور و نەریتی کۆمەڵی کوردیی بە تایبەت دوای مردنی (باوک، برا، هاوسەر...) بە تێڕوانینی ئێمە ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناو ژناندا بڵاوە و کارییێدەکەن، بە تایبەت ژنێک کە هاوسەرەکەی لەدەستبدات لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیتر ناتوانێت زۆر ڕەنگ بپۆشێت بە تایبەتی ڕەنگی (سوور و پەمەیی) و ئەو ڕەنگانەی مانایەکی شادیبەخشیان هەیە، چونکە لە لایەن کۆمەڵ و دەورووبەرەکەیەوە دەدرێتەبەر تانە و توانج، دیاردەی ڕەشپۆشین لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا لە چەند شوێنێکدا هاتووە، بۆ نموونە: دوای هەڵهاتنی پەروانە، پوری پەروانە کە وەک ڕابەرێکی

ئایینی دەردەکەوێت، لەگەڵ کۆمەڵێک دەفژەن و مووریدی خۆیدا بە دوای پەروانەدا دەگەڕێن؛ بۆیە بڕیاردەدات خەندانیش لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ گەڕان؛ چونکە واهەستدەکات، خەندان دەزانێت "پەروانە " لە کوێیە بۆیە داوای لێدەکات ڕەنگی ڕەش بپۆشێت، دەڵێت: ((دواجار من، ئەو و سێ دەفژەنی پیر لەو ژوورەدا خۆمان بینییەوە، بە پەلە دەرگاکانیان داخست و پەردەکانیان دادایەوە و بەرامبەرم وەستان .ئەو دەیگوت"کراسێکی ڕەشی قەترانی لەبەربکەن" لە چاوتروکانێکدا ڕووتیانکردمەوە، ڕووت و قووت لە ناو ئەو ژنانەدا وەکو باڵندەیەکی نەخۆش و ترساو وەستام، دەمویست خۆم بە متیلێکی سپی داپۆشم، نەیانهێشت هەر خۆیان بە خێرایی جلیان لەبەرکردم و لە کراسێکی قەترانیان هەڵکێشام.)) (علی،٢٠١٠ : ٣٢) .

لێرەدا ڕەشپۆشین وەک ڕەمزێک بۆ شەرمەزاری و سەرشۆڕی لە ناو کۆمەڵدا بەکارهاتووە، چونکە ڕەدووکەوتن بابەتێکی قورس و قبوولنەکراوە لە کلتووری کوردیدا و پەیوەستە بە شەرەفەوە پیاوان دایک و خوشک و کچ بە شەرەفی خۆیان دەزانن و هەوڵی پاراستنیان دەدەن؛ بۆیە لە بارودۆخێکی وادا پیاوانی خێزانەکە دووچاری سەرشۆڕی دەبنەوە لە خێزان و کۆمەڵەکەیاندا و پێیان قبووڵناکرێت کچەکانیان ڕەدوو بکەون؛ بۆیە ڕەشپۆشین دیاردەیەکی باوە لەم بارودۆخە خێزانیانەدا. ئەمە جگە لەوەی لە مردنی کەسە ئازیزەکانیشدا ڕەش دەپۆشرێت.

٢-دیاردەیەکی دیکەی پەیوەست بە پرسەوە شینکردنە، ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ، ئەم شیوەنکردنە زیاتر لە کاتی پرسە و لەدەستدانی کەسە ئازیزەکاندا دووبارەدەکرێتەوە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی گریان و هەندێکجار شیعروتن و قسەکردنەوە دەریدەبڕێت، ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) شدا لە چەند شوێنێکدا هەیە، بە تایبەت ئەو کاتەی "خەندانی چکۆلە " لای پووریەتی چەندینجار پووری لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ پرسە و ئەو هەستە دەبینێت، کە مرۆڤ لە کاتی لەدەستدانی ئازیزانیدا تووشی دەبێت، لە شوێنێکدا دەڵێت: (( بۆ ڕۆژی دوایی جلێکی وەکو کیژەکانی خۆی لەبەرکردم و لەگەڵ دەستەیەک لە کچە منداڵە دەفبەدەستەکاندا بردمی بۆ پرسەیەکی گەورە...ئەوە لای ئەو شەرەفێک بوو بە ئاسانی بە کەسی نەدەبەخشی، چەندەها ساڵ بوو نەیهێشتبوو کچەکانی خۆی پێبخەنە ناو جیهانی زیکر، خەتم، نوێژی هەینی و ڤیستیڤاڵە ئایینییەکان...)) (علی،٢٠١٠ :٤٦).

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە مرۆڤ ناتوانێت بەهەموو جلوبەرگێکەوە بچێت بەشداری پرسە بکات، بەڵکو دەبێت بەرگی تایبەت لەبەربکرێت، کە لە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵی کوردیدا ئەو بەرگە دەبێت ڕەنگاوڕەنگ نەبێت و کورت نەبێت، نوسەر لێرەدا ئاماژە بۆ بەرگی

بالاپۆشی دەکات، چونکە پووری "خەندان" وەکو ڕابەرێکی ئایینی دەردەکەوێت؛ بۆیە کچەکانی جلی درێژ و لەچک دەپۆشن، کە ئەم بەرگە لەگەڵ بیرکردنەوە و کەسایەتی "خەندان" یەکناگرێتەوە، هەروەها بەشداریکردن لە پرسەدا یەکێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، کە زۆرجار ئەو مرۆڤانەی هەستی مرۆڤایەتی و ئایینی تیایاندا زاڵە بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن، بەشێکی سەرەکی ئەم پرسانەش شینگێڕانە بە تایبەت ژنان زۆر ئەم کارە ئەنجامدەدەن، لە خۆدەدەن، خۆیان دەڕنن، سنگی خۆیان دادەڕنن، خۆیان لە قوڕ دەگرن، دەموچاوی خۆ دەڕنن وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەیی ئەو خەمەی ناخیانی داگیرکردووە.

دیارە پرۆسەی شینگێڕان لای پیاوان جیاوازترە و ئەوان کەمتر بایەخ بەم ڕەفتارانە دەدەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا و لە کلتووری ئێمەدا تاڕادەیەک گریان و شینکردنی پیاوان عەیبەیە و وەک نیشانەی لاوازیان سەیردەکرێت؛ بۆیە پیاوان خەمەکانیان دەشارنەوە و دەرینابڕن، تا لە پێش چاوی ئەوانی دیکە کەسایەتییان لاواز دەرنەکەوێت، دیارترین نموونەی شینگێڕان لەم ڕۆمانەدا بریتییە لە: ((ئەو ژیانە کورتەی من وەکو کچێکی دەف بەدەست ژیانێکی سەیربوو. بڕیارمدابوو هەموو ئەو شتانە جێبەجێبکەم، کە ئەو پێمدەسپێرێت، لەگەڵ هەموو ئەو ژنە دەفبەدەستانەدا دەچووینە پرسەکان، دەچووینە خەتمەکان، لەوێدا هەموو مەملەکەتە بەرینەکانی لاواندنەوە، لەخۆدان، خۆڕنینەوە و حاڵ لەخۆهێنانم بینی، چەندەها شەو دەگەڕامەوە و قریشکەی ئەو ژنانە لە گوێمدا دەزرنگایەوە.....وێنەی ئەو مردوانە لە خەیاڵمدا سەمایاندەکرد.....)) (علی،٢٠١٠ : ٤٦).

لەم پەرەگرافەدا چەندین دیاردەی شینگێڕان ئاماژەیان پێکراوە، کە بریتیین لە (لەخۆدان، خۆڕنینەوە، حاڵلەخۆهێنان، قریشکەی ژنان...)،دیاردەیەکی کەی پرسەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بریتییە لە زیکر و قورئانخوێندن و موناجاتی ئایینی، کە لە لایەن دەستەیەک لە مەلا و پیاوانی ئایینییەوە جێبەجێدەکرێت، کە ناویلێنراوە (مەراسیمی خەتمە بۆ مردوو)، کە زۆرجار دەف لێدەدرێت و موناجات بۆ مردووەکە دەخوێنرێت، هەندێک لە مەلاکان ئەمە لە بەرامبەر بڕێک پارەدا ئەنجامدەدەن، کە لە ڕاستیدا ئەمە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنەدراوە و گریان و شینگێڕان بۆ مردوو کارێکی پەسەندنییە و وەک جۆرێک لە ناشوکری بەرامبەر کارەکانی خودا بۆ ژیانی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە.

٣-لاواندنەوە: لاواندنەوە لە زۆرکاتدا بەکاردێت، دەکرێت بۆ پرسە بەکاربێت، دەکرێت بۆ خۆشەویستی بەکاربێت، زۆرجار دایکان لاواندنەوە بۆ منداڵ دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆ مردوو بەکاردێت ((لاواندنەوە هونەرێکە لاوێنەر یان شاعیر لە هەست و سۆزی خۆشەویستییەوە

بەرامبەر بە مردووەکە دەری دەبڕێ و بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتە جوانەکانی دەژمێرێت.)) (ڕەسوڵ ، ١٩٩٧ :١٦).

زۆرجار لاواندنەوە بە شێوەی شیعر دەوترێت، مردن دەبێتە هۆکاری سەرەکی داڕشتنی ئەم جۆرە شیعرە، چونکە پرسی مردن و لەناوچوون و دابڕان مێشکی ئەم کەسە داگیردەکات و دواتر لە ڕێگەی لاواندنەوەوە ئەو خەم و پرسیارە زۆرانەی ناخی دەردەبڕێت، لاواندنەوە لەم ڕۆمانەدا تەنها لەو شوێنەدا بەکارهاتووە، کە خەندان لەگەڵ پووری و کچە دەف بەدەستەکان دەچێت بەشداری پرسە گەورەکانی شار دەکات، کە لەو پرسانەدا لاواندنەوە و لەخۆدان و خۆڕنین و چەندین دیاردەی دیکەی تەزیەباری باسدەکات، لاواندنەوە واتە: ((ستایشی کەسێک دوای مردنی، یان گریان بۆی و باسکردن و پیشاندانی ئاکارەکانی و یادکردنەوە و پاراستنی یادی مردووەکە و هۆنینەوەی شیعر بۆی، لاواندنەوە مەبەستێکی شیعرییە لەسەر خەم و گریان بۆ مردوو بونیادنراوە، لەگەڵ باسکردنی ئاکارە باشەکانی مردووەکە و گەورە پیشاندانی کارەسات و کۆست کەوتنەکە  بەشیعر یان بە پەخشان .))  (ڕەفیق،٢٠١٤ :١٣).

لێرەدا مەبەست لەوەیە، کە لاواندنەوە مەرج نییە تەنها بە شیعر بوترێت، زۆرجار لە شێوەی پەخشانیشدا دەوترێت، دیاردەی مردن لە ژیانی مرۆڤدا شتێکی نوێ نییە، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا لەسەر ئەم زەوییە بوونی هەبووە و وەکو پرۆسەیەکی دەروونی و واقیعی مرۆڤ ئەزموونی ئەم دیاردەیەی لە ژیانیدا  کردووە. ڕۆماننوسانیش وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵ ئەم دیاردەیەیان ئەزموونکردووە لە ژیانی خۆیاندا و کاریگەریی دەروونی لەسەر جێهێشتوون، کە دواتر ئەم کاریگەرییە لە نووسینەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، (بەختیار علی) لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"دا ئاماژە بە ئەم دیاردەیە دەکات، کاتێک "پەروانە" و "میدیا" لە لایەن باوک و براکانیان و پیاوانی کۆمەڵەوە دەکوژرێن، "خەندانی چکۆلە" و "فەتانە" لە دوورەوە سەیری مردنەکەیان دەکەن، ئەم ڕووداوە کاریگەریی دەروونی گەورەیان لەسەر دروستدەکات، ئەم دوو خوشکە لاواندنەوە بۆ خوشکەکانیان دەکەن خەندان دەڵێت: ((من کەوتبوومە بۆشاییەکی بەرینەوە، بۆشاییەکی بێسنوور، هەستمدەکرد نائومێدییەکی گەورە هەموو ئەو توڕەیی و یاخیبوونەی ناو دڵم دەکوژێت، دەمزانی، کە ئیدی دەبێت ژیانێکی بێ ئیلهام بژیم ،"فەتانە" بە قورگێکی پڕ لە گریان دەیگوت"لە شەودا بیانکوژتبایە چاکدیکەبوو، لە شەودا لایەنی کەم، میدیا دەیتوانی تەماشای مانگ بکات ..." کە فەتانە وایدەگوت من بە جۆرێکی سەیر باوەشم پیادەکرد و دەگریاین ...)) (علی،٢٠١٠ :٢٧٥-٢٧٦) .

مرۆڤ دوای لەدەستدانی کەسە ئازیزەکانی بۆشاییەکی ڕۆحی زۆر گەورەی بۆ دروستدەبێت، کە بە هیچ شتێکی دەوروبەری ئەو بۆشاییە پڕنابێتەوە، ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەریی دەروونی لە ژیانی مرۆڤدا بە جێدەهێڵێت، ئەگەر سەرنجی ئەم بەشە لە ڕۆمانەکە بدەین دەبینیین "فەتانە" خوشکەکەی دەلاوێنێتەوە، چونکە" میدیا"ی خوشکی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەزی لە بینینی مانگە و مانگی زۆر خۆشدەویت، لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، هەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی هەیبوو بۆ مانگ وایلێکرد نەتوانێت قسەبکات و هەموو خوو ئارەزووکانی خۆی بە مانگ ببەخشێت؛ بۆیە "فەتانە" دەڵێت خۆزگە خوشکەکەم بۆ دواجار ئاواتەکەی بەدی بهاتایە و مانگی ببینایە، ئەوکات بکوژرایە، بەو تاسە زۆرەیەوە بۆ بینینی مانگ نەکوژرایە، ئەمە تاکە شوێنە لەم ڕۆمانەدا، کە لاواندنەوەی تێدا بەکارهاتبێت.

٤-دیاردەی ناشتنی مردوو: یەکێک لەو دیاردە کلتوورییانەی، کە لە کۆمەڵی کوردی و هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەیە دیاردەی ناشتنی مردووە، دوای گیانلەدەستدانی مرۆڤ پێویستە دوای چەند کاتژمێرێک جەستەکە بخرێتە گۆڕەوە و بشاردرێتەوە، لە هەر نەتەوەو ڕەگەز و ئایینێکدا جۆرێک لە مەڕاسیمی ناشتنی مردوو پەیڕەودەکرێت، کە دۆست و نزیک و خزم و کەسەکان هەموو کۆدەبنەوە و بە دەستی خۆیان کەسەکەی خۆیان ڕادەستی مردن دەکەن، لە هەندێک کلتووردا مردوو دەسوتێنرێت و خۆڵەمێشەکەشی دەکرێتەناو دەریاوە وەک لای هندییەکان ئەم دیاردەیە زۆر دەبینرێت، کلتووری ناشتن لە کۆمەڵی کوردیدا لەبەرئەوەی بەشی زۆری کۆمەڵی کوردی مسوڵمانن، پێڕەوی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام دەکەن؛ بۆیە پرۆسەی ناشتنی مردوو لە کلتووری ئێمەدا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، دوای ئەوەی کەسەکە دەمرێت لە لایەن کەسە نزیک و شارەزاکانەوە تەرمەکەی دەشۆردرێت و کفن دەکرێتەبەری، کە پارچە قوماشێکی سپییە و جەستەی مردووەکەی پێ دەشاردرێتەوە، پاشان دەبرێتە مزگەوت و نوێژی مردووی لەسەر دەکرێت، پاش ماڵئاوایی لێکردنی لە لایەن ئازیزانییەوە بەڕێدەکرێت بۆ گۆڕستان و بە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی ئایینی بە خاک دەسپێردرێت، باشتروایە خزم و ئازیزانی خۆی تەرمەکە ئەسپەردەی خاک بکەن، لە ڕۆمانی " ئێوارەی پەروانە" چەندجارێک ئاماژە بە ناشتنی مردوو کراوە، بەڵام بە وردەکارییەوە هەموو ئەم ڕێوڕەسمە ئایینییانەیان بۆ ئەنجامنەدراوە، بۆ نموونە کاتێک "پەروانە" و " میدیا " دەکوژرێن ، "خەندانی چکۆلە" بەمجۆرە باس لە پرۆسەی ناشتنیان دەکات : ((لەگەڵ ترسی پەپولەکاندا، چەندین پیرێژن لە پەروانە و میدیا نزیکدەبوونەوە و دەیانخستنە سەر بەتانییەکی سەوز، ئەو دوو کفنە سپییەیان تێوە دەپێچان کە پێشتر لە بوخچەیەکی ڕەشدا هەڵیانگرتبوون ،......یەکێک لە مامۆستاکان دەچووە سەر دوو تەرمە

کفنکراوەکە و کۆمەڵێک گەنجی ڕادەسپارد گۆڕیان بۆ ئامادەبکەن ،........ئەو گریانە بەکوڵە زۆر شتی لەکیسداین، ئەو بورانەوە سەیرە لە ئامێزی یەکتردا لە بەربەرۆچکەیەکی دووری گوندێکدا نەیهێشت ئەو دەستانە ببینین، کە پەروانە و میدیایان وەکو دوو شەیتان فڕێدایە ناو چاڵێکەوە و گڵەبانیانکردن ..)) (علی،٢٠١٠: ٢٧٥-٢٧٦)

ئەم دوو کچە لەبەر ئەوەی لە کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵی کوردی لایانداوە، ڕەدووکەوتوون؛ بۆیە وەک دوو کەسی لادەریش لە ئایین سەیرکراون لە لایەن کۆمەڵەوە وەک شەیتان و بێباوەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، خەڵک نەفرەتیان لێکردوون؛ بۆیە دوای کوشتنیشیان هەردووکیان خراونەتە چاڵێکەوە و نوێژیان لەسەر نەکراوە و لەمەدا لە کلتووری ناشتنی مردوو بەپێی نەریتی ئایینی ئیسلام لایانداوە، تەنانەت نەیانهێشتوە خوشکەکانیان شوێنی ناشتنەکەشیان بزانن بۆئەوەی یادیان نەکەنەوە و سەردانیان نەکەن، تا بە تەواوەتی ناو و کاریگەرییان لە ژیانی خێزان و دەورووبەرەکەیاندا بسڕنەوە، هەروەها لە چەند شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا باسی ناشتن و شاردنەوەی ئێسکی مردوو کراوە، "خەندان" لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ "فەتانە" و "باوک و پوری" دا دەچن بۆ ئەو گوندەی " پەروانە"ی تێدا دۆزراوەتەوە باسی ئەو شتانە دەکات لە ڕێگادا دەیبینن بە چەندین دارستاندا تێدەپەڕن، کە پڕیەتی لە ئێسکی مرۆڤی مردوو، کە نەشاردراونەتەوە و لە جەنگە زۆرەکانی کوردستاندا کوژراون ئەمانە دیارترین ئەو نموونانەن کە بۆ دیاردەی مردووناشتن باسکراون.

## ب/ڕاوەشکار:-

یەکێک لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە لە کۆنەوە تاکو ئێستا ڕاوکردن هەبووە، ئەم ڕاوکردنە چەند جۆرێکە و هەریەکەیان ڕێگا و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو ڕاوانەی لە کوردستاندا باون و کوردەکان لەگەڵیدا خەریکن بریتین لە: ((ڕاوەباز، ڕاوە کەروێشک، ڕاوە بەراز، ڕاوەکەو، ڕاوە ئاسک یان تەقەرا و قوش و باڵەبان ..)) (سەجادی، ١٩٧٤ :١٥٥) .

ئەگەرچی وێنەیەکی نەخوازراو لە مێژووی کورددا بەدیدەکرێت، ئەویش ئەوەیە میر و بەگزادەکان بۆ مەبەستی خۆشی خۆیان هەندێکجاریش بۆ جوانی، ئاژەڵیان ڕاوکردووە و لە ماڵەوە ڕایانگرتووە، نەک بۆ خواردن سوودی لێوەربگرن، واتە ئازادییان لە بوونەوەرەکانی کە قۆرخکردووە لە پێناو خۆشی و ئاسوودەیی دڵ و ڕۆحی خۆیاندا، هەروەها ڕاوکردن لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا خۆشییەکی تێدایە بۆ ڕابواردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێت، هەروەها سوودی ماددیشی تێدایە بۆ ڕاوکەرەکان جگە لەوەی، کە

گۆشتەکەی دەخۆن و بۆچەند ژەمێک بەکاریدەهێنن، زۆرجار سەر و پێستەکەشی وەکو کەرەستەی جوانکاری و ڕازاندنەوە لە دیوەخان و ماڵەکاندا بەکارهاتووە، هەندێکجاریش گۆشتی ئەو ئاژەڵانە وەکو دەوا و دەرمانی زۆر نەخۆشی بەکارهاتوون، ئەمە جگە لەوەی وەکو وەرزشێک وایە زۆر سوودی جەستەیی بە ڕاوکەر دەگەیەنێت، چونکە جوڵەی زۆری تێدایە و لە کەشوهەوایەکی پاکژیشدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها پێویستی بە وریایی و ژیرییەکی زۆر هەیە و هەموو کەسێک ناتوانیت ڕاو بکات، مرۆڤ فێری خۆڕاگریی و ئارامگرتنیش دەکات، چونکە مەرج نییە مرۆڤ بتوانێت لەو ماوەیەی خەریکی ڕاوکردنە دەستکەوتی باشی هەبێت، ئەم دیاردە کلتوورییە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا باسکراوە و قسەی لەسەر کراوە لە ڕێگەی کارەکتەری یەکێک لە عاشقانی جەنگەڵەوە، کە ناوی (عەزیزی تیرئەنداز) بووە و ڕاوچییەکی زۆر دەستڕاست و بە توانا بووە؛ بۆیە هیچ کام لەو تیرانەی هەڵیداون بە بێ نێچیر نەبوون، "عەزیز" خەڵکی گوندێکی ڕۆژهەڵات بووە و بەدەم ڕاوکردنی باڵندەکانەوە هەموو شاخ و دۆڵەکانی وڵاتی تەیکردووە و دواجار خۆی لە باخێکی گەورەی شێخێکی گەورەدا دەبینێتەوە و لەوێ لەگەڵ ڕاوکردنی باڵندەکاندا عاشقی "شەهلا" دەبێت، کە کچی شێخە، دواتر شەهلا لەگەڵ عەزیزدا ڕەدوودەکەوێت، دەچن لە شاخ و دەشتەکاندا دەژین و "عەزیز " بەردەوام خەریکی ڕاوکردن دەبێت : ((عەزیزی تیرئەنداز ئێواران دەگەڕایەوە بەو دەموچاوە گەنمڕەنگ و ڕوومەتە تیسکن و تووکاویانەوە، بەو جامانە چکۆلانەیەی سەریەوە بە کاروانچییەکی گرجوگۆڵ دەچوو نەوەک بە عاشق، ساچمەزەنەکەی بە سەقفی کەپرەکەدا هەڵدەواسی، کۆترێک یان مریشکە ڕەشەیەکی کوژراوی دەخستە سەر سەبەتەیەک و بە زەردەخەنەیەکی گەشەوە بەرەو لێواری چەمەکە دەرۆشت، کە گوێی لە سکاڵاکانی شەهلا دەبوو قاقا پێدەکەنی و دەیگوت"لەم باڵندەیە بخۆیت هەموو ئەم خەیاڵە خراپانەی سەرت چاکدەبێتەوە، گۆشتی تەیروتیور باشترین دەرمانی ورێنە و ماخۆلان و پەرکەمن...ئا، باشترین دەرمانن، تۆ لەمن بپرسە نەنکم کاتی خۆی بەناوبانگدیکەین داڕوسازی سابلاخ بووە" .)) (علی،٢٠١٠: ١٣٤). دەبینین نوسەر زۆر بە جوانی باسی کلتووری ڕاوکردن و بەکارهێنانی گۆشتی باڵندەکان بۆ خواردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان دەکات، بەشێک لە کلتووری ماددی و کەلەپووری کوردی دەخاتە ڕوو بەتایبەت بابەتی جلوبەرگی کۆنی کوردی و کەپر وەک ڕەمزێک بۆ مرۆڤی کۆچەری ئەوانەی، کە شوێنێکی جێگیریان نییە بۆ نیشتەجێبوون و گەرمیان و کوێستان دەکەن، هەروەها "ساچمەزەن" وەک چەکێکی کۆنی کوردی، کە بۆ ڕاوکردن بەکارهاتووە.

دوای توشـبوونی "پەروانە" بە گۆشـەگیری و خەم، ئیـدی هەمـوو شـتێک لە جەنـگەڵ گـۆڕانی بەسـەردادێت، تەنـانەت باڵنـدەکانیش دەمـرن؛ بـۆیە لە باسـی ئەو ڕۆژگـارەدا دەڵێت: ((ئەو غەمەی پەروانە لە دارستانەکاندا دروستیکردبوو، باڵندە و ماسییەکانیشی دەکوشت. عەزیزی تیرئەنداز ئەو ڕۆژانە بە دەگمەن باڵنـدەی زینـدووی دەدۆزییەوە، ئێـواران کاتێک لە نـاو بێشـە و چڕسـتانەکاندا وندەبوو، جگە لە باڵندەی مردوو هیچی دیکەی نەدەبینی ...)) .(علی،٢٠١٠: ٢١٣).

خەم و خەفەت و ئازارەکـانی پەروانە وادەکـات مـردن ڕوو لە هەمـوو شـتەکانی دارسـتان دەکات، تەنـانەت زۆرێـک لە ئـاژەڵ و گیانـدار و باڵنـدەکانیش دەمـرن و بەرگەی ئەو ئـازار و خەمە گەورەیە نـاگرن؛ بـۆیە پڕۆسـەی ڕاوکـردن گرفتـی بـۆ دروسـتدەبێت، لە چەنـد شـوێنێکی دیـکەدا زاراوەی "ڕاوکردن " بە مانایەکی خوازەیی بەکارهاتووە بۆ نموونە "ڕاوکردنی شـەیتان" لەوکاتەی، کە کەژاوەی ئیمانـداران دەیانەوێـت هێـرش بـکەنە سـەر جەنگەڵـی عاشـقان، دروشـمی "ڕاوکردنـی شـەیتان" بەرزدەکەنەوە لە کاتێکدا شـەیتان ڕاوناکرێت، بەڵکو مەبەسـت لە عاشـقەکانە بە شـەیتان چـوێنراون. کارەکەیـان کـارێکی شـەیتانی بـووە و خواسـتی شـەیتانیان هێنـاوەتە دی و لە ئـایین و کلتووری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ لایانداوە.

## ج/خزمایەتی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:

یەکەم هۆکاری بەستنەوەی مرۆڤایەتی بەیەکەوە لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵدا ڕەچەڵەک و خزمایەتییە، خزمایەتی (( پەیوەستبوونێکی دان پێدانراوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەش لەسەر بنەمـای خـوێن و ڕەچەڵەک لە نێـوان دایـک و بـاوک و نەوەکـان دەوەسـتێت، وە لە نێـوان بـرا و خوشکیشدا، هەروەها دەبێتە پەیوەستبوونێکی گریمـانەکراویش، وەکو ئەو حـاڵەتەی لە نێوان تـاکە کەسانی کۆمەڵەی خزمانی گەورەدا نموونەی خێڵ و هۆز بەدیدەکرێت.))(عزیز و هاوکاران، ٢٠٠٤:٢٥٢)

کەواتە خزمایەتی شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دەستنیشـاندەکات، بەڵام تەنیا خزمـــایەتی بـــایەلۆژی و خزمـــایەتی لەســـەر بنەمـــای ڕەچەڵەک پەیوەنـــدییەکانی نێـــو کـــۆمەڵ دروستناکات، بەڵکو لە کۆمەڵی گەورەدا و بە تـایبەتی لە کۆمەڵی شـاردا کۆمەڵێک هۆکـاری دیکە هەیە، کە مرۆڤەکـان بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە وەک : (هـاوڕێیەتی، ئـیش و کـار و بەرژەوەنـدی و هتـد.....)، "بەختیـارعەلی" لە ڕۆمـانی "ئێـوارەی پەروانە" دا ،تەنهـا لەسـەر ئەساسـی خزمـایەتی بایەلۆژی پەیوەندییەکانی لە نێوان کەسەکاندا دروستنەکردووە ، بەڵکو لەبری پەیوەندیی بـایەلۆژی نێوان کەسەکان پەیوەندییەکی دیکەی بەرزنرخاندووە، کە پەیوەندیی هـاوڕێیەتیی نێوان زۆرێک لە کارەکتەرەکانە بەیەکەوە، بۆ نموونە هاوڕێیەتیی( پەروانە و میدیا) هـاوڕێیەتیی (خەندانی چکۆلە و

فەتانە )، هاوڕێیەتیی (فەرەیدوونی مەلەک، گۆڤەندی پەیکەرتاش، نەسرەدینی بۆنخۆش...)، هەروەها پەیوەندیی خزمایەتی و بایەلۆژیشی فەرامۆشنەکردووە و بە شێوەیەکی زۆرباش خستویەتییە ڕوو و لێیدواوە، بە تایبەتی لە پەیوەندیی نێوان (خەندانی چکۆلە و پەروانە)، کە خوشکن و زۆر یەکیان خۆشدەوێت و پارێزگاری لەیەک دەکەن، بە تایبەت "خەندانی بچکۆلە"، باسی ئەوە دەکات چۆن لە کلتووری کوردیدا خوشک و دایکەکان دەبێت باجی تاوانی یەکتر بدەن.

هەروەها پەیوەندیی (خوشک و برایەتی) باسدەکات لە ناو هەندێک خێزانی کورددا، کە پەیوەندییەکی باش نییە لێرەدا و براکان خوشکەکانیان دەچەوسێننەوە و ئازادییان لێ قۆرغدەکەن بە کاریگەریی کلتوور و کۆمەڵ، هەروەها خوشکەکانیش دەبنە هۆکار بۆ سەرشۆڕکردنی براکانیان، براکان لەماڵەوە تەنها وەک خزمەتکار و پاککەرەوەیەک سەیری خوشکەکانیان دەکەن، کە هیچ پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوانیاندا نییە، یەکێکی دیکە لەو پەیوەندییە خزمایەتییەی لە "ئێوارەی پەروانە" دا قسەی لەسەر دەکرێت، پەیوەندیی نێوان "دایک و باوک و منداڵە" لەم ڕۆمانەدا باوک کەسێکە زۆر لە ژێر کاریگەریی قسەی خەڵک و کۆمەڵدایە و هەوڵدەدات پارێزگاریی لە بەها کلتووریی و ئایینییەکانی کۆمەڵ بکات و خۆی و کوڕەکانی بەردەوام خەریکی چەوساندنەوەی دایک و کچەکانن، هەوڵدەدەن خۆشەویستی و هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بوەستێنن؛ بۆیە دەوترێت هەرشتێک قەدەغەت کرد لە بەرامبەرەکەت خۆشەویست دەبێت لای و زۆر بە تامەزرۆییەوە هەوڵدەدات ئەنجامیبدات.

یەکێکی دیکە لەو پەیوەندییە خزمایەتییانەی باسدەکرێت پەیوەندیی (پوور و پوورزا)یە، کە پوورەکە بۆ خوشکی (دایک و باوک) بەکاردێت، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، کە پوور کارەکتەرێکی زاڵم و دڵڕەقی هەیە و خوشکی باوکی "پەروانە و خەندانە" کەسێکی دەستڕۆشتووە لە یەکێک لە گرووپە ئیسلامییەکانی ئەوکاتەی کۆمەڵی کوردی و کەسێکی ڕەق و بیرداخراوە و بەڕێوەبەری قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکانە، هەروەها پەیوەندیی(خۆشەویستی) یەکێکە لەو پەیوەندییە سەرەکییانەی ڕۆمانەکەی لەسەر بوونیاتنراوە، خۆشەویستی نێوان (پەروانە و فەرەیدوونی مەلەک) (میدیا و کڵپە) (معسومە و سیامەندی باڵندە )، (گۆڤەند و دلارام) ....،یەکێکی دیکە لەو پەیوەندییانەی قسەی لەسەرکراوە پەیوەندیی مامۆستا و خوێندکارە، لێرەدا بە کورتی لە چەند نموونەیەک دەدوێین: "خەندانی چکۆلە " لە باسی پەیوەندیی نێوان پەروانە و قوتابخانە و مامۆستادا دەڵێت: ((دەبێت بڵێم ئەو هەمیشە قوتابییەکی زیرەک بوو، بە ئەندازەیەک زیرەک بوو مامۆستاکان نەیاندەتوانی چاوپۆشی لە هەڵەکانی نەکەن، ئەو ڕۆژەش کە نامەی ئەو پیرەمێردە دەوڵەمەندەی پێگیرا، کە لە سەرێکەوە هاوڕێی باوکم و لەسەرێکی دیشەوە دۆستێکی ناسراوی

لێپرسراوه باڵاکانی دەوڵەت بوو، کەس لە پەروانەی نە پرسییەوە و کەسیش بە وشەیەک چییە بریندارى نەکرد.)) (على،٢٠١٠: ١٦) .

ئەم پەرەگرافە قسە لەسەر پەروانە و پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ مامۆستا و قوتابخانەدا، زۆرجار خوێندکاری زیرەک چاوپۆشی لێدەکرێت بۆ هەندێک هەڵە کە ئەنجامیدەدات، ئەمەش وادەکات دەستکراوەبێت و زیاتر هەوڵی لادان و ڕەفتاری نەشیاو بدات، جۆرێک لە جیاکاریش لەلایەن مامۆستاوە لە نیوان خوێندکاراندا دروستدەکات، پەروانە لە پێناو ڕزگاربووندا عاشقی زۆر کەسی جیاواز دەبێت لە پێناو ئەوەی سەفەربکات و لەم وڵاتە ڕزگاربێت، هەروەها لە باسی پەیوەندیی نێوان "پەروانە" بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە دەڵێت : ((دواتر ئەو کۆڵانە درێژ و پڕ لە باراناو و لیتە ڕەشانەی زستان، ئەو ڕەشەبا هەمیشەییەی، کە هەرگیز خۆشی نەدەکردەوە، ئەو گەرما ترسناکەی هەتاوی هاوینان، ئەو لیکەی براکان لەسەر جێگاکان جێیاندەهێشت، زریکە و هاوارەکانی دایک، کە بە شتەکانی ئەو ماڵەوە نووسابوو...هەموویان باعیسی ئەو بێزارییە کوشندەیە بوون کە پەروانەیان لە ڕۆحەوە هەڵتەکاند..)) (على،٢٠١٠: ١٦).

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی نییە "پەروانە" بە خێزانەکەیەوە ببەستێتەوە. نەبوونی ئامێزێکی پڕ خۆشەویستی لە ماڵەوە ناچاریکردووە لە دەرەوە بەدوای پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکانیدا بگەڕێت، دایک کە سەرچاوەی سۆز و خۆشەویستی خێزانە لەم ڕۆمانەدا نەخۆشی ناو جێگەیە و کرم تێیداوە و توانای قسەکردن و دەربڕینی نەماوە هەموو هەست و سۆزی خۆی لە ڕێگەی قیژەوە دەردەبڕێت، ئەمە جگە لەوەی براکانیش تەنها وەک شوێنێک بۆ نانخواردن و خەوتن دەگەڕێنەوە ماڵەوە و هیچ هەستێک نایانبەستێتەوە بە دایک و خوشکەکانیانەوە و تەنیا وەک خزمەتکارێک دەیانبینن، ماڵ وەکو زیندانێکی کوشندەی لێهاتووە بۆ ئەم کچانە و هەوڵی ڕزگاربوون دەدەن لەو زیندانە، چونکە ماڵێکی خاڵییە لە هەست و مرۆڤبوون، هەروەها لە باسی ڕۆڵ و کاریگەریی باوک لە ناو خێزاندا دەڵێت: (("باوک" وەک هەمیشە لە بازاڕی زەڕەنگەرەکاندا سەقاڵی بازن و ئەنگوستیلە و لاگیرەکانی خۆی بوو، براکانم بەیانی خۆیان گۆڕی و ڕۆشتنە دەرەوە، کەس نەیپرسی "پەروانە کوا" ؟...لە ئێواریدا کە گەڕانەوە، یەکەمجار بابم پرسی "پەروانە لە کوێیە؟"، من گوتم ئەمڕۆ نەمبینیوە، بەیانی هەستام و ئەو لە جێگاکەیدا نەبوو، ئیتر نەمبینیوە" هەر ئەو شەوە باوک بە دەم گریانەوە هەموو پەنجەرەکانی شکاند، دەرگاکانی شکاند، هەموو شتە جوان و ئەنتیکەکانی ماڵی ورد وخاشکرد.)) (على،٢٠١٠: ٢٦-٢٧).

باوک لە هەندێک لە خێزانەکانی ئێمەدا تەنها کاریان پەیداکردنی بژێوی خێزانەکانییانە، ئیدی ئاگایان لە کێشە و گرفت و پەروەردەی منداڵەکانیان نییە و بە لایانەوە تەنها پارەگرنگە و ئەوەی ژنی هەبێت ژنەکەی هەوڵدەدات بۆشاییەکان بۆ منداڵەکانی پڕبکاتەوە و لە کلتووری کۆمەڵی دواکەوتووو هەنێک ناوچەی کوردستانی ئێمەشدا باوک دەوری چەوسێنەرەوە دەبینێت و هەمووشتێک دەقۆزێتەوە بۆ خۆی و ژن وماڵومنداڵەکەیی پێ دەچەوسێنێتەوە، دەبینین باوک هەموو شتەجوانەکانی ماڵەکە دەشکێنێت، چونکە واهەستدەکات شعوری پارچەکراوە، چونکە کچەکەی ڕەدووکەوتووە؛ بۆیە لەگەڵ کلتووردا ناگونجێت و ئازاردەچێژێت، ئەمانە دیارترین نموونەی پەیوەندیی خزمایەتین لە ڕۆمانەکەدا، هەروەها ڕۆڵی پووریان لە تورەکردنی باوکیاندا زۆرە، کە ئەمەش لە ئێستادا لە کلتووری ئێمەدا زۆر دەبینرێت، کاریگەریی خوشک و دایک لەسەر کوڕ بۆ دژایەتیکردنی ماڵومنداڵی خۆی لەم ڕۆمانەدا زۆر دەبینرێت.

### ٢-٢-٣: هونەر لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:

هونەر لە فراوانترین واتادا سەلیقە و بەهرە و چالاکیی مرۆڤە، کە بە هۆیەوە بەرهەمێک دەخاتەڕوو، ئەم چالاکییە هونەرییە بە کوردی پێیدەوترێت "وەستایەتی" یان (دەسترەنگینی)، هونەر کاری بەرز و دانسقە و پڕ لە جوانییە، کارامەیی و داهێنان لە پاڵ خەیاڵ و ئەندێشە بەرجەستەدەکات، هەر هونەرێک بە پێی تایبەتمەندیی خۆی، مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە چێژی لێوەردەگرێت، هونەر هەیە لە ڕێگەی چاوەوە چێژی لێوەردەگیرێت، هەیە بە دەستلێدان چێژی لێوەردەگیرێت، هونەریش هەیە لە ڕێگەی گوێوە چێژی لێوەردەگیرێت، بەرزی و شکۆی دەق یان بەرهەمی هونەری پەیوەستە بە جوانی و بەرزی ئەو پەیامەی لە خۆیدا هەڵیگرتووە، هونەر لە ئاستی جیهاندا پۆلێنکراوە بۆ چەند بەشێک، کە بریتیین لە (نیگارکێشی، پەیکەرسازی، تەلارسازی، شیعر، مۆزیک، سەما، سینەما، پەخشان و بەشەکانی و هونەری گۆرانی...) جگە لە هونەری "سینەما" هونەرەکانی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ پێش زاین و سەردەمی گریک و یۆنانییەکان، هەندێک پۆلێنی دیکەی هونەریش هەن "شیعر" دەکەنە دەرەوەی هونەر و لەبری ئەوە (گۆزەکاری: سیرامیک) دەخەنە جێی، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر لە سەردەمی یۆنانەوە شیعر وەک هونەر سەیرکراوە، هونەر سەرچاوەی خۆشەویستی و داهێنانی مرۆڤە، ڕۆحی مرۆڤ زۆرجار لە ڕێگەی هونەرەوە دەگاتە ترۆپکی خۆشی و چێژ، هونەر وەک زمانێک لە نێوان مرۆڤەکاندا بۆ گواستنەوەی هەستەکانی مرۆڤ و گەیاندنی پەیامەکانیان بە بەرامبەر ڕۆڵدەبینێت، زۆرجار هونەرمەندان لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە ڕووداوێکی مێژوویی گەورە یان تراژیدیای قورسی ژیانی کۆمەڵ و

مرۆڤ دەگوێزنەوە بۆ جیهان و دەیناسێنن، بۆ نموونە ساڵانە لە ڕێگەی هونەری وێنەکێشان و فۆتۆگرافییەوە تراژیدیای کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان لە چەندین وڵاتی جیاوازی جیهاندا نمایشدەکرێت و ئەم تراژیدیایانە بە گەلانی جیهان دەناسێنرێن و هەوڵدەدرێت بە جینۆساید بناسێنرێن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؛ بۆیە هونەر بەشێکی گرنگ و سەرەکی کلتووری هەر نەتەوەیەک پێکدێنێت و ڕۆڵی گرنگیش دەگێڕێت لە پاراستن و هێشتنەوەی کلتوور و کەلەپووری نەتەوەییدا وەک خۆی و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو. هونەر بەرهەم و داهێنانی مرۆڤە و ڕەنگێکە لە کلتووری مرۆڤدا، چونکە گوزارشت لە بابەتێک دەکات .

هەندێک لە بیرمەند و زانایان هونەر بە پێویستییەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤ دەزانن و پێیانوایە وەک چۆن خۆراک و ئاو و جلوبەرگ پێویستی ژیانن، ئاوا هونەریش پێویستی ژیانی مرۆڤە و بۆشاییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ پڕدەکاتەوە، کەرەستەیەکی گرنگی مانەوە و پاراستنی کلتووری نەتەوەییە، هەر ئەو گرنگییەی هونەرە وایکردووە زۆرێک لە نوسەران لە ڕۆمان و شیعر و ئەدەبییاتیاندا ئاماژە بە جۆرەکانی هونەر و گرنگی و کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ بکەن. "بەختیار علی" لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا باسی چەند جۆرێکی هونەر دەکات، گرنگترینیان هونەرەکانی (پەیکەرتاشی و مۆسیقا و هونەری شیعر) یش یەکێکە لەو هونەرانەی، کە لەسەری دواوە و وەکو ڕەمزێکی گرنگی کلتووری نەتەوەیی قسەی لەسەر کردوون.

**١-هونەری پەیکەرتاشیی:**

یەکێک لەو هونەرانەی، کە لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" دا بەکارهاتووە، هونەری پەیکەرتاشییە، کە عاشقەکان لە شارە یۆتۆپییەکەی خۆیاندا دەستیان داوەتە ئەم هونەرە و کۆگایەکیان دروستکردووە، کە پڕبووە لە پەیکەری کچ و کوڕە عاشقەکان، دەکرێت مەبەستی نوسەر ئەوەبێت، کە هەموو شتەکان کاتین لەم دونیایە و بونیان نامێنێت و لەبیردەکرێن بە مرۆڤیشەوە، بەڵام ئەوە هونەرە، کە دەمێنێتەوە؛ بۆیە بەشێک لەعاشقەکان هەوڵیاندا لەم ڕێگەیەوە بونی خۆیان بهێڵنەوە. ((پەیکەرسازی وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی هونەر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو ئەو سەردەمانەی، کە یۆنانییە کۆنەکان لە چەمکی تاکایەتی مرۆڤ دەکۆڵنەوە و بیریلێدەکەنەوە، هەر مرۆڤێک خاوەنی بیر و ڕۆح و بیرکردنەوەی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام هەوڵدەدات وابەستەیی قووڵ و بیرکردنەوەی لەگەڵ کۆمەڵدا وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بپارێزێت، "ئێرگۆ"دەڵێت : هەموو پەیکەرێک چیرۆکێکی هاوبەش، بەڵام سەبەخۆ دەگێڕێتەوە.)) (painter, september10,2021:1)

پەیکەرسازی زیاترە لەوەی تەنها هونەرێکی دیکۆرات بێت، وەکو ژانرێکی ئەدەبی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە بوارەکانی: (سیاسەت، کلتوور، مێژوو، ئایین ،...) هەروەها لە ڕێوڕەسم و بۆنەکانیشدا لە هێشتنەوەی ڕووداوەکاندا لەنێو بیرەوەری مرۆڤدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، هونەر وەکو هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردن، کاریگەریی زۆر لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ بەجێدەهێڵێت، هەریەک لە هونەرەکانی دیکۆرات و کاری دەستی، هەروەها ئەزموونە جیاوازەکانی مرۆڤ لە بواری هونەردا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، یەکێک لە گرنگییەکانی هونەری پەیکەرسازی ئەوەیە، کە وەک هێمایەکی گرنگ لە کۆمەڵدا دەمێنێتەوە و لەناوناچێت، کاتێک مرۆڤ سەیری پەیکەرێک دەکات زۆر جیاوازە لەوەی سەیری وێنەیەکی کێشراو و بۆیاخکراو بکات، کە لەسەر دیوارێک هەڵواسراوە، بینەر لە کاتی سەیرکردنی پەیکەردا دەتوانێت بە یەکجار دەرەوە و ناوەوەی پەیکەرەکە ببینێت، کە دەکرێت چەندین جوانی و واتای جیاواز لە پەیکەرێکدا کۆبکرێتەوە، بینەر بە بینینی پەیکەرەکە دەتوانێت درک بە واتاکانی دەرەوە و ناوەوەی بکات، چونکە زۆرجار دروستکردنی هەر پەیکەرێک چیرۆکێکی گەورەی لە پشتەوەیە، دیارە پەیکەرسازی بە درێژایی ژیانی چەندین سەدە و ساڵ پێش ئێستا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە .

پەیکەرسازی زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە باس لە ساتێکی دیاریکراوی کات دەکات لە سەردەمە جیاوازەکاندا، پەیکەرەکان لە زۆرێک لە سەردەمەکاندا تیشکدەخەنەسەر بابەتە مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتییەکان، کە هانماندەدەن بیربکەینەوە، کاریگەریمان لەسەر دروستدەکەن، تاکو لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەرماندا هاوسۆزبین، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی پەیکەرسازی هێشتنەوەی مرۆڤێک یان قۆناغێکی مێژوویی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێت لە بیر و یادەوەری مرۆڤایەتیدا؛ بۆیە پەیکەر بە درێژایی چەندین ساڵ و سەدە دەمێنێتەوە (بەختیار علی) سەبارەت بە هونەری پەیکەرسازی دەڵێت: ((هیچ کام لە کەسێتیەکانی ئەم ڕۆمانە، کەسێتییەکی داتاشراو و داڕێژراویان نییە، پەیکەرتاشی پێویستی بە فیگۆرێکی داڕێژراو و داتاشراو هەیە، ڕەمزی پەیکەر ڕەمزی تەواوی ئەو دونیا شێواو و بێ فۆرمەیە، کە کارەکتەرەکان تێیدا دەژین .)) (حمەفرەج، ٢٠٢٢ :چاوپێکەوتن) .

نوسەر ئاماژە بەوە دەدات بۆ ڕۆمانەکەی پێویستی بە هونەرمەندێک هەبووە؛ بۆیە کەسێتی "گۆڤەندی پەیکەرتاشی " دەستنیشانکردووە، چیرۆکی ڕۆمانەکە ڕۆڵی هەبووە لەوەی هونەرمەندێکی پەیکەرتاش دیاریبکەن، چونکە کارەکتەرەکان لە ژینگەیەکی شیواو و پڕ گرفتدا ژیاون، ئەمەش تەنها پەیکەرتاشەکان دەتوانن دەریببڕن لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە، لێرەدا

هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) وەربگرین : بۆ نموونە یەکەمجار، کە "شیرین" دێت بۆ لای "خەندان" و هەواڵی پەروانەی بۆ دێنێت لە جانتا بوکێنییەکەی پەیکەرێک دەردێنێت، کە دەڵێت: ((پەیکەرەکەی دایە دەستم و گوتی"سەیرکە، ئەو بە دەستی خۆی ئەوەی بۆ ناردوویت" ئینجا بە دڵنەوایی و بەزەییەوە سەیریکردم و گوتی "غەمگین مەبە، گرنگ ئەوەیە هەواڵمان زانی...وا نییە؟".لە ژێر پەیکەرەکەدا پەروانە ناوی خۆی بە وردی هەڵکەندبوو، من خەتە ورد و نازکەکەیم ناسییەوە، خەتی کچێکی غەمگین لە گۆشەیەکی دوورەدەستی دونیادا، ئەو پەیکەرە لە ڕێگای گەنجێکی وردەواڵە فرۆشەوە گەیشتبووە دەست شیرین .... من پەیکەرەکەم هەڵگرت وتێی ڕامام، پەیکەرێکی چکۆلە و قەشەنگ بوو، بەلام ساڵانێکی دووروو درێژ چاوەڕوانمکرد تا لە حیکایەتی ڕاستەقینەی تێگەیشتم..)) (علی،٢٠١٠: ٥٩) .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت پەیکەر هۆکارێکە بۆ مانەوەی ناوی کەسێک بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لە مێشک و یادەوەری کەسەکاندا؛ بۆیە زۆرێک لە شاعیر و نوسەرە گەورەکان بۆ ئەوەی لەبیرنەکرێن پەیکەریان بۆ دروستدەکرێت، ئاسان نییە تێگەیشتن لە چیرۆکی پشتی هەر پەیکەرێک، دەکرێت مێژوویەکی درێژی بوویت تا لە چیرۆکی پەیکەرەکان تێدەگەیت، زۆر پەیکەر هەن ڕووداوی تراژیدیی زۆر گەورە و کاریگەر دەگێڕنەوە بۆ نموونە پەیکەری (عومەری خاوەر) لە شاری هەڵەبجەی شەهید، بووە بە سیمبوول و هێمای تاوانکردن بەرامبەر بە تەواوی مرۆڤەکانی شارێک، لە ڕێگەی ئەم پەیکەرەوە دەتوانی هەست بەو تاوانە گەورەیە بکەیت دژ بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی کراوە، چەندین نموونەی دیکەی لەمجۆرەمان هەیە، کە تراژیدیای گەورە دەگێڕنەوە دژی کورد ئەنجامدراوە، هەندێکجار پەیکەرەکان مێژووی پڕ سەروەری کار و چالاکی مرۆڤێکی گرنگ و سەرکەوتوو کاریگەر دەگێڕنەوە، بۆ نموونە پەیکەری (شێخ محمموودی نەمر) یان پەیکەری هەریەک لە شاعیرە گەورەکانی ئەدەبییاتی کلاسکی کوردی، ئەو پەیکەرانە هۆکارێکن بۆ زیندوومانەوەی ئەم کەسایەتییانە لە ناو یادەوەری تاکی هەر نەتەوەیەکدا، زۆرجار دەوترێت کورد میللەتێکی بێ یادەوەرییە، زۆر زوو کەس و ڕووداوەکان لەبیردەکات، ئەمە جۆرێک لە ترسی لای زۆرێک لە شاعیران و نوسەران دروستکردووە، کە دوای هەموو هەوڵ و خزمەتەکانیان بۆ گەل و نەتەوەکەیان زۆر بە ئاسانی لەبیردەکرێن؛ بۆیە زۆرجار پەیکەریان بۆ دروستدەکرێت، "پەروانە" ش وەک کارەکتەرێکی سەرەکی ئەم ڕۆمانە و ژنێک لە کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی کوردیدا، کە زۆر لە ژێر کاریگەریی هەژموونی کلتووری ئایینی و کۆمەلایەتی و سیاسیدایە، زۆر دەترسێت بە ئاسانی لەبیربکرێت بۆیە زۆرجار بە خوشکەکەی دەڵێت: ( من دەڕۆم بەلام لەبیرم نەکەیت) بۆیە ترس لە لەیادکردن ترسی زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵی ئێمەیە،

دەکرێت پەیکەر هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بمێنێتەوە و لەیادنەکرێت، لە جێگەیەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا لە باسی پەیکەرسازیدا دەڵێت: ((بارۆح بکەین بە بەر ئەم دارانەدا، لە چەند ساتێکی کەمدا هەمووان ئامادەی کار دەبوون، هەمووان بەشی خۆیان لەو کۆتەرە دارانە هەڵدەگرت و دەکەوتنە تاشین، گۆڤەند یەکە یەکە بە سەریانەوە دەگەڕا، فێریدەکردن دەبێت چیبکەن، هەمیشەش ئەو فەرمانە تەلیسماوییانەی خۆی دووبارەدەکردەوە" ڕۆحی بکە بە بەردا ...تێبگە...شەرمی بشکێنە...بیلاوێنەوە...خۆشتبوێت...هتد" دواجاریش هێندەی بەردەستەکان پەیکەرێکی چکۆلانەیان تەواو بکردایە، گۆڤەند هەموو توانای خۆی دەخستە کار تا دەیگەیاندە ناسکترین شێوە.)) (على ، ٢٠١٠ : ١١٢).

پەیکەرتاشی بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی ئایینەکان پەیوەندییەکی بە تینی بە بیرووباوەڕی ئایینیشەوە هەیە، هەر ئایینێکی ئاسمانی دابەزیبێتە سەر زەوی بۆ دژایەتیکردنی بتپەرستی بووە، کە مرۆڤی سەرەتایی هەوڵیداوە پەیکەری ئەو خودایە دروستبکات، کە پەرستشی بۆ دەکات؛ بۆیە زۆرێک لەو ئایینانەی دروستکراوی دەستی مرۆڤن پەیکەریان بۆ خواکانیان دروستکردووە و دەیپەرستن و داوای جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانیان لێدەکەن، دەکرێت بەشێکی بەکارهێنانی ئەم هونەرە لەم ڕۆمانەدا پەیوەندیی بەو کلتوورە ئایینییەوە هەبێت، کە لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە؛ بۆیە دەبینین گۆڤەند داوادەکات ئەو پەیکەرانە، کە هەریەکەیان جەستەی دوو عاشقی لێکئاڵاوە ڕۆح بکرێت بە بەریاندا، کە ئەمە کوفرە و ڕێگەپێدراو نییە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا تەنها خودا دەتوانێت ڕۆح بکات بە بەر دروستکراوەکانی خۆیدا، بەڵام دەکرێت ئەو چیرۆکە گەورەیەی، کە لە پشتی هەریەک لە پەیکەری عاشقانەوە هەیە ڕۆحێک بێت بۆ بەری ئەو تەختە و دارەی، کە لە ڕێگەیانەوە چیرۆکی ژیانی مرۆڤانێکی زۆر بۆ نەوەکانی دواتری کۆمەڵ دەگێڕدرێتەوە، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((پەروانە لەو شەوەدا پەیکەرێکی چکۆلانە هەڵدەگرێت و دەرگای گەورەی ئەو وەرشەیە دەکاتەوە و بە تونێلی سیاهی هەموو شەوەزەنگدا وەکو هەڵهاتوویەک لە با ، لە شەو، لە ترس، بە ناو درەختەکاندا دەگەڕێتەوە، ئەو پەیکەرە هەمان ئەو پەیکەرەیە، کە هەفتەیەک دواتر ناوی خۆی لە بنیدا هەڵدەکۆڵێ و بە دەستی گەنجە چاوشینەکەدا دەینێرێت بۆ من، ئەو پەیکەرەی چیا بە چیا دێت و ساڵ دوای ساڵ لە کونج و قوژبنەکانی ماڵەوەدا دەمێنێتەوە و بەرگەی هەموو گەردەلوولەکان دەگرێت... من ئەمڕۆ تێناگەم پەروانە مەبەستی چی بووە لەو پەیکەرە؟ ئایا باسی ئەبەدییەتی عەشقی کردووە، یان ویستوویەتی مردنی عەشقم نیشانبدات...)) (على ،٢٠١٠: ١٣٨).

دەکرێت هۆکارێکی دیکەی بەکارهێنانی هونەری پەیکەرتاشی، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ،کە هێزی مانەوەی زۆرە و دەتوانێت بەرگەی زۆر ڕووداو و کارەساتی گەورەی سروشتی و مرۆیی بگرێت و لەناونەچیت و بمێنێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە جۆری ئەو ماددە و کەرەستانەوە هەیە، کە لە دروستکردنی پەیکەرەکاندا بەکاردەهینرێن، مانەوەی پەیکەرەکانیش مانەوەی چیرۆکەکانیان و نەمرییان دەگەیەنێت، دوای ئەوە خەندانی چکۆلە دوای ساڵانێکی زۆر لە قوتابخانەی تەوبەکارەکان دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، تاکە شتێک لەو ماڵەدا وەک خۆی مابێتەوە لە تەواوی مرۆڤەکان و کەرەستەکانی ماڵەکە تەنها ئەو پەیکەرەی پەروانەیە، کە بەرگەی چەندین گەردەلوول و ڕەشەبای بەهێزی گرتووە و لەناونەچووە؛ بۆیە دوای ساڵانێکی زۆر وا لە خەندان دەکات چیرۆکی پەروانە بنووسێتەوە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە بە زیندوویی و نەمریی بمێنێتەوە؛ بۆیە پەیکەرتاشی یەکێکە لەو جۆرانەی هونەر، کە مانا و گوزارشتی زۆر قووڵ و گەورە لە خۆیدا هەڵدەگرێت و دەکرێت تراژیدیای میللەت و نەتەوەیەک لە ڕێگەی هونەری پەیکەرتاشییەوە بگێڕدرێتەوە و نەمربێت و بۆ هەمیشە لە یادەوەری خەڵکی ئەو ناوچەیەدا زیندووبێت.

**٢- هونەری مۆسیقا:**

یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی لەم ڕۆمانەدا بەکاردەهێنرێت هونەری مۆسیقایە. دیارە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەدەب ئەوەیە دیوێکی دیکەی شتەکانمان نیشانبدات، مرۆڤ ناکرێت بەردەوام لە یەک ڕوانگەوە دونیا ببینێت، مۆسیقا لە خۆیدا هونەرێکی فرەمانا و فرەسیما و فرەکردارە، دەرکەوتنی جۆراوجۆری هەیە و ئاساییە ڕۆماننووس دیوێکی دیکەی ئاشکرا بکات، کە پێشتر نەبینرابێت، " بەختیار علی" لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە هونەری مۆسیقا دەڵێت: ((سەردەمی بەعس سەردەمی شێواندنی هەستی ئێمەیە بە جوانی ....شێواندنێکی قووڵ .... کێشەکە ئەوەیە کۆمەڵی ئێمە لە بنەڕەتدا خاوەنی کلتوورێکی ستاتیکی و مۆسیقی گەورە نییە، لەبەرئەوە مەترسی و هەڕەشەی قووڵ لەسەر سەرجەمی مانای هونەر و جوانی لە دونیای ئێمەدا هەیە. ئەم شێوانە تا ئەندازەیەکی قووڵ لە واقیعی ڕۆشنبیریی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە.)) (عەلی،٢٠١٢: ٧٧) .

نوسەر دەیەوێت بڵێت کلتووری ئێمە بەهۆی داگیرکاریی و زوڵم وزۆری بەعسەوە هەموو ماناکانی جوانی لەدەستداوە، لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی  کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە تاڕادەیەکی زۆر لە چەند ساڵێکدا هونەری مۆسیقا پشتگیریی نەکراوە و ڕەتکراوەتەوە؛ بۆیە هەموو ماناکانی جوانی لە مەترسیدا بوون، ئەمە کاری لە نوسەر کردووە و هونەری کردووە بە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی هەوڵیداوە دەست بۆ زۆرێک لە قەدەغەکراوەکانی

کۆمەڵ بەرێت و قسەی لەسەر بکات. گومان لەوەدا نییە، کە مۆسیقا جۆرێکە لە زمان، بەڵام جیاوازی لە نێوان زمانی مۆسیقا و زمانی ئاسایی ئەوەیە، زمانی ئاسایی سیستمێک بەرهەمیدەهێنێت و لە پێناو دروستکردنی مانادا کاردەکات، مانایەک هاوکاریمان دەکات بۆ لێکتێگەیشتن، بەڵام لە مۆسیقادا مانا تا ڕادەیەکی زۆر دەکشێتەدواوە، ئێمە گوێ لە مۆسیقا ناگرین بۆ ئەوەی مانایەکی دیاریکراومان دەستبکەوێت، بە پێچەوانەوە گوێ لە مۆسیقا دەگرین بۆ ئەوەی لە ناو جوانی و ئیستاتیکادا نوقم بین، واتە مۆسیقا ئەرکێکی ڕۆحی هەیە و بۆ چێژبەخشین بەکاردێت، ماناکەی ناتوانرێت لە ڕستەیەکی زمانیدا دەرببڕێت، بەڵام دەتوانین هەست بەو هەستانە بکەین لە ناو مۆسیقادا هەن، مۆسیقا هەیە خەمبارە و بۆ بارودۆخی سەختی و ناڕەحەتی دەستدەدات، مۆسیقاش هەیە شادە تەنها بۆ کاتی دڵخۆشی بەکاردێت، مۆسیقا هەیە خاوە و کاریگەریی لەسەر ڕۆحی مرۆڤ دادەنێت هێندە جوانی تێدایە، هەشە خێرایە و لە کاتی ئاهەنگ و دڵخۆشیدا چێژی لێدەبینرێت، ئەمە بەو مانایە نییە مۆسیقا واتای نییە، بەڵکو واتایەکی زۆر قووڵی هەیە هەموو کەس ناتوانێت تێیبگات، (( زمانی کوردی زمانی شیعر و مۆسیقا و گۆرانییە، جا یان پاراوی زمانەکە وایە یان بەرژەوەندیی سروشتی و ناوچەکەی تایبەتییە. بۆیە شیعر و مۆسیقا لە باڵای داربەڕووی کورددا لق و پۆپی ڕەنگینی لێکەوتووەتەوە..... ئەرکی هونەر بە کۆی ژانر و تێکستەکانیەوە، دەستنیشانکردنی کەند و کۆسپ و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام نابێت لە بیریشمان بچێت، ئیتر ئەرکی سەر شانی هونەر نییە، کە دەرمان و مەڵهەمیشی بۆ دروستبکات، هونەر مەینەتییەکان دەخاتەڕوو زەقیان دەکاتەوە و دەیکاتە تابلۆی بەرچاوی تاک بە تاکی کۆمەڵ.))(ئەدیب، ٢٠٢١ :١١٠-١١٧).

زمانی کوردی بۆ خۆی سروشتێکی مۆسیقی هەیە دەکرێت هۆکاری ئەمە بۆ سروشتی کوردستان و شێوازی ژیانی تاکەکانی ئەم هەرێمە بگەڕێتەوە و مۆسیقا و گۆرانی بەشێکی گرنگ وسەرەکی کلتووری کوردی پێکدەهێنن؛ بۆیە ئەرکێکی مرۆیی گەورەشیان لەسەرشانە و دەبنە دەربڕی تەواوی ئەو کێشە و گرفتانەی، کە مرۆڤایەتی هەیەتی، هەموو خەم و ناڕەحەتییەکان دەردەبڕن، بەڵام ناتوانن دەرمانیش بۆ کێشە و نەهامەتییەکان بدۆزنەوە تەنها دەیانخەنە ڕوو، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین، لە ڕێگەی کارەکتەری (کڵپە)وە نوسەر قسە لەسەر هونەری مۆسیقا دەکات، "فەتانە" باسی سەرەتای عەشقی "میدیا و کڵپە "دەکات و دەڵێت: (( خوشکەکەی من سۆزانی نەبوو، تەنها حەزی لە یەک کوڕ کردبوو، ناوی کڵپە بوو، خوشکەکەم لاڵ بوو، هەرگیز قسەی نەدەکرد وەکو ماسی وابوو، بەڵام بەردەوام دەینووسی، لە تەمەنی چوار ساڵییەوە فێری نووسین بووبوو، ساڵانێکی درێژ ئەو کوڕە شەوان دەهاتە بەردەمی دەرگاکەمان و

ئاوازی مۆسیقای جۆراوجۆری لێدەدا، هەڵبەتە تەنها بە دەم، میدیاش نامەی درێژی بۆ دەنووسی و دەیخستە ناو قاوغە شقارتەوە و بۆی فڕێدەدا، کڵپە نەیدەزانی میدیای خوشکم ناتوانێت قسە بکات .)) (علی،٢٠١٠ :١٤٨).

لێرەدا هونەری مۆسیقا بووەتە هۆکاری دروستبوونی عەشق و خۆشەویستی نێوان "کڵپە و میدیا" زمانی مۆسیقا بووە بە هۆکاری گواستنەوەی هەستی ئەم دوو مرۆڤە بۆ یەکتری ،"میدیا" توانای قسەکردنی نییە و تەنها بە نووسین دەتوانێت هەستەکانی دەرببڕێت؛ بۆیە هونەری نامەنووسین، کە یەکێکە لەژانرە گرنگ و سەرەکییەکانی پەخشان لێرەدا بەکارهاتووە بۆ گواستنەوەی پەیام لە نێوان دوو کەسدا، کە یەکێکیان تەنها دەتوانێت بنووسێت ،"کڵپە" نازانێت میدیا توانای قسەکردنی نییە، تا ئەو کاتەی لەگەڵ میدیا ڕادەکات؛ بۆیە بە درێژایی ڕۆمانەکە هەست بە پەشیمانی و ناڕاستی عەشق و خۆشەویستی دەکات، چونکە ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وێنای دەنگ و ئاوازێکی خۆشی کردووە بۆ ئەو کچەی خۆشیدەوێت؛ بۆیە دواتر تووشی ڕەشبینی و نائومێدییەکی زۆر دەبێت و هەستی پەشیمانی تەواوی ژیانی داگیردەکات، بەداخەوە ئەم بیرکردنەوەیە بەشێکە لە بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵی ئێمە، کە هاوسەرگیریی لەگەڵ خاوەن پێداویستی تایبەت بە پەسەند نازانن، لە کاتێکدا ئەوانیش مرۆڤن و خاوەنی هەست و سۆزن، ئەگینا چۆن مرۆڤێکی لاڵ دەتوانێت لەو هەستە جوانانە بگات، کە لە دەنگی مۆسیقادا هەن، کە "کڵپە" توانای دەربڕینی چەندین ئاوازی جۆراوجۆری هەیە بە بێ بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقی، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((ڕاستە هەموو گەڕەک دەیانزانی کڵپە ئەو مۆسیقا قەشەنگە بۆ میدیا بە دەم دەژەنێت، مۆسیقایەک لە ئاوازی ئامێرەکان سازگارتربوو، لە کەمان وچەلۆ و فلوتە ڕاستەقینەکان بە ئاهەنگتربوو،...)) (علی ،٢٠١٠:١٦٥) .

"میدیا" بۆ "پەروانە " ی دەنووسی ئەوەتەی" کڵپە" زانیویەتی من لاڵم، تەنانەت ئەو ئاوازانەش ناژەنێت من حەزم لێیەتی، ئەو هەرگیز منی وەکو "میدیا" ی بێدەنگ خۆشنەویستووە، "کڵپە" تەنها لە ڕێگەی نامە دووروودرێژەکانی "میدیا"وە، کە تێیدا باسی ( شیعر و گۆرانی و مۆسیقا و سروشتی) کردووە عاشقی "میدیا" بووە و وەک ئاماژەمانپێدا نەیزانیوە ناتوانێت قسەبکات؛ بۆیە زۆر نائومێددەبێت و دەڵێت من دەبێت تا کۆتایی تەمەنم لە ڕێگەی کاغەزەوە قسەت لەگەڵ بکەم، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت عاشقەکانی ئێمە هێندەی دەنگی ناسک و ڕوخساری جوانیان بۆ گرنگە، ئەوەندە مرۆڤبوون و کەسایەتی مرۆڤەکانیان بەلاوە گرنگ نییە، هەر ئەو خەیالاتانەی "کڵپە " بۆ دەنگی "میدیا" دەیکات، وا دەکات بتوانێت جوانتر و باشتر لە هەر ئامێرێکی مۆسیقی ئاواز بژەنێت.

### ٣- هونەری گۆرانیگوتن:

یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەر دەکرێت هونەری گۆرانیگوتنە، وەک بەشێکی پەیوەندیدار بە هونەری مۆسیقاوە، لە شوێنێکدا دەڵێت: ((فەرەیدونی مەلەک لەو ماوەیەدا شەوان تا بەیانی، لەناو گۆرانیبێژەکاندا دەمایەوە، ئەوان کەسانێک بوون، کە تەنیا گۆرانییان دەگوت، جیهان لە چواردەوریان وێران دەبوو و ئەوان تەنها گۆرانییان دەگوت، هەندێ شەو پەتای گۆرانی گوتن هەڵیدەگرتن بەرەو شەقامەکان .)) (علی ،٢٠١٠: ١٠٠).

لەم پەرەگرافەدا وا باس لە گۆرانیبێژکراوە، کە کەسانێکی بێباکن و زۆر گوێ بەو بارودۆخ و ڕووداوانە نایەن، کە بەسەر کۆمەڵەکەیاندا دێن، ئێستا ئەمجۆرە لە گۆرانیگوتن بۆ بژێوی ژیانە؛ بۆیە دەکرێت گۆرانیبێژ ناچاربێت لە هەر بارودۆخێکدا بەردەوام گۆرانی بڵێت و گوێ بە ڕووداوەکان نەدات، چونکە بژێوی ژیانی لەسەر ئەوە وەستاوەتەوە، بەڵام ئەم هونەرە هەمیشە هەواداری خۆی هەیە و کەسانێکی زۆر هەن لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە خەمەکانیان بەبادەدەن ، گۆرانیگوتن دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی ئینتیما و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لای گەنج و لاوەکانی نیشتیمان ببینێت؛ بۆیە گۆرانیبێژەکان لە شەوە ئاهەنگەکانیاندا گۆرانی سۆزداری و عەشق و نیشتیمانی و نەتەوەییان تێکەڵکردووە و لە هەموو جۆرە گۆرانی و ناوەڕۆکێکیان گوتووە؛ بۆیە هەمیشە ئەو شەوە ئاهەنگانەی فەرەیدون بەشداری تێداکردوون لە هەموو جۆرە کەس و بیروباوەڕێک بەشدارییان تێداکردووە، ئەم هونەرە کاریگەریی لەسەر دروستکردوون.

### ٤- هونەری فۆتۆگرافی:

یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی لەم ڕۆمانەدا هەیە هونەری فۆتۆگرافییە، یەکێکە لە شێوەکانی هونەر، کە خستنە ڕووی جیهانی هەستپێکراوە لە ڕێگای ئامێرێکی تازەداهێنراوەوە، کە پێیدەوترێت کامێرا، فۆتۆگرافی زمانێکە، کە کۆمەڵێک وردەکاری تایبەت بە بینین بەکاردەهێنێت لە بری وشەکان، ئەوەی کە هونەرێکی ڕاستەقینە جیا دەکاتەوە لەوانی دیکە، ئەو پەیامە گرنگەیە کە لە ناخیدایە و نیازیەتی دەریببڕێت، ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆرەیە، کە لە پێناو گەیاندنی ئەم پەیامەدا ئەنجامیدەدات، فۆتۆگرافەرە زۆرباشەکان، بە چاکی کارەکانیان دەکەن و تەنیا وابەستەی مانایەکی دیاریکراو نین، ئەمەش وایکردووە، کە وێنەکانیان شایەنی لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەمەجۆر بێت، دەتوانین بڵێین، کە وێنەکانیان ئەوەندەی پرسیار دەورووژێنن، وەڵام نادەن بەدەستەوە، بە پێچەوانەی هونەری وێنەکێشانەوە فۆتۆگرافی پێویستی بەوەیە شتێکی فیزیکی و هەستپێکراو و ڕاستەقینە هەبێت بۆ ئەوەی وێنەی بگیرێت، واتە وەستاندن و وێنەگرتنی ڕووداوێکە لە کات و

شـوێنێکی دیـاریکراودا و پاراسـتن و هێشـتنەوەیەتی بـۆ مـاوەیەکی دووررودرێـژ و نەفەوتـانی لە لەنـاوچوون و لە بیرچـوونەوە. فۆتـۆگرافی بە مانـای تۆمـارکردن و خولّقانـدنی وێـنەیە، ئەگەر ڕۆژێـک ئەو وێنـانە بـۆ یادگـاری گیـرابن، ڕەنـگە لە داهـاتوودا بـبن بە بەشـێکی گرنـگ لە تۆمـاری بەڵگەنامە مێژووییەکان، وێنەکان زۆرجار بۆ کورد بوون بە سیمبولی کارەساتێک، یان بوون بە هێمـای کارەسـاتی مرۆیـی گەورە وەک: وێنە فۆتـۆگرافییەکەی (عـومەری خـاوەر) و منداڵەکەی، لە کیمیابـارانی شـاری هەڵەبـجەدا، کە ئەم وێـنەیە بـووە بە هێمـای ناسـینەوەی هەڵەبـجە لە تەواوی وڵاتانی دونیادا و بووە بە ڕەمزی ناسـێنەری گەلی کورد وەک گەلێکی ستەمدیدە و زوڵملێکراو، فۆتـۆگرافی لەم ڕۆمـانەدا بـۆ لەبیرنەکـردن و هێشـتنەوەی ڕووداو و کەسـەکان لەنـاو یـادەوەری مرۆڤەکانی دوای خۆیاندا بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ناویان لەناو کۆمەڵدا نەسرێتەوە و بۆ هەمیشـە ناویـان بمێنیـتەوە، لێـرەدا چەنـد نمـوونەیەک لە دەقـی ڕۆمـانەکە وەردەگـرین، لە باسـی کارەکتەری (نەسرەدینی بۆنخۆش)دا دەڵێت: (("بۆنخۆش" پیاوی زەردەخەنە شـەرمن و کچانەکان، دوای ئەوەی لە سوپا هاتبووە دەرێ، گەڕابووە بۆ ژیان، لەناو شەراب و شەوقی فلاش و تـاریکی سووورباوی لابورەکاندا، نیوەی ژیانی خەریکی شتنەوەی ئەو فیلمە سەیرانەبوو، کە وەکو خۆی دەیگوت."وەکو سـەفەری گەیشـتن بە حەقـیقەت وەهـایە، سـەرەتا لە تـاریکییەکی تەواوەوە دەسـت پێدەکات، دواتر وەکو جامێکی لێڵ و دواتریش بە نیگارێکی ڕەنگاو ڕەنگ و قەشەنگ دوایـی دێـت")) (علی ،٢٠١٠: ١٠) .

لەم پەرەگرافەدا باسی هونەری فۆتۆگرافی کراوە چوێنراوە بە حەقیقەت، وەک چۆن حەقیقەت لە سەرەتادا نادیارە و ڕووننییە وەک جامی ڕەسم، کە سیستمی وێنەگرتن سـاڵانێک پێش ئێسـتا زۆر پشتی بە شۆردنەوەی جامی وێنەکان دەبەست. ئێستاش ئەم سیستمە هەر هەیە، بەڵام تـاڕادەیەکی زۆر کەمیکردووە بەهـۆی بوونی موبایل و ئایپـاد و ئـامێرە ئەلیکترۆنییەکانی، کە خەڵـک وێنەکانی خۆیان لەناو موبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی دیکەدا دەپـارێزن لەبـری شـۆردنەوەی وێنەکـان و هەڵگرتن و پاراستنیان لە ئەلبوومی تایبەتیدا؛ بۆیە نەسـرەدینی بۆنخـۆش دوای گەڕانەوەی لە شـاخ و جەنگە زۆرەکانی نیشتیمان بڕیاردەدات پیشەی فۆتۆگرافی هەڵبژێرێت، چونکە پێیوایە مـرۆڤ لە ڕێـگەی وێـنەی شـتەکانەوە دەتوانێـت بگـات بە ڕاسـتییەکان و لاشـی پارێزراوبێـت و بـۆ مێـژوو بمێنێتەوە. ((ئەو بەر لەوەی هەست بەم ناکامییە بکات، پیاوێکی فزوڵی زۆر ئاسایی بوو ....پیاوێک، لەوانەی حەزدەکەن هەموو شتێک دەربارەی ژیانی کچە ناسراو و دیارەکانی شار بزانن، هەر ئەو فزولیە کوشندەش کردی بە وێنەگرێکی گەڕۆک، چونکە تەنها وێنەگرێکی گەڕۆک دەتوانێت بچێتە ئەو جێگایانەی، کە خەڵکانی دی بە ئاسـانی نـاتوانن بیگەنێ ... ئەو بە هـۆی ئەو کـامێرا گەورەیەی

ملیەوە، ژیانێکی سەیر دەژیا، دەچووە هەموو ئاهەنگەکان، دەچووە هەموو قوتابخانەکان، دەچووە هەموو یاریگاکان .....لەناکاو بۆ ڕێپێوانە دەوڵەتییەکانیش بانگیاندەکرد، بۆ کۆبوونەوە نهێنییەکانیش دەیانناردن بە دوایدا...)) (علی ،۲۰۱۰: ٦١) .

لێرەدا وەسفی کەسێکی فۆتۆگرافەر دەکات، کە هەمیشە حەزدەکات ورد و درشتی شتەکان و ژیانی کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی بزانێت، کەسێکی چالاک و هۆشیاربێت، ژیربێت و توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ هەر گرووپ و کۆمەڵێک، کە دەزانێت پێویستیان بە پیشەکەی ئەمە؛ بۆیە دەبینی "نەسرەدین " کارەکتەرێکی چالاک و پڕجوڵەیە و دەچێتە هەموو بۆنەکانەوە و وێنەی یادگارییان بۆدەگرێت، کە دواتر ئەو وێنانە دەبن بە بەشێکی گرنگی مێژوو و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارانەمان وەک خۆی بۆ دەگێڕنەوە، کەواتە بەکارهێنانی فۆتۆگرافیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم هونەرە دەمێنێتەوە و هەرگیز لەناوناچێت ترسی سەرەکی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەش ترسی لەبیرکردن و لەیادچوونەوەیە.

**٥- هونەری شیعر:**

یەکێکی دیکە لەو هونەرانەی لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە، (هونەری شیعر)ە، دیارە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ئەگەرچی بە بەراورد بە ئەدەبیاتی میللەتانی دیکە نوێیە، بەڵام زۆر دەوڵەمەندە و خاوەنی ناوەڕۆک و پەیامێکی گەورەی ئەدەبییە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین، کە باسی شیعر دەکات، بۆ نموونە لە ڕێگەی کەسایەتی (فەرەیدوونی مەلەک) ەوە، باسی پەیوەندیی نێوان (ژن و جوانی و سروشت )دەکات دەڵێت: ((جوانی ئافرەت، جوانی ویساڵە لەگەڵ گەردووندا، جوانی ئامادەگی هەموو سیحری سروشتە لە ناوەڕاستی ژیاندا، فەرەیدوون بیریدەکردەوە و دەیزانی، کە خوێندنەوەی شیعرەکانی کتێبفرۆشییەکە چەندە یارمەتیانداوە تا لەو شتانە تێبگات، بیریدەکردەوە کە گۆران، ئا گۆران، نەبزی هەموو نهێنییەکانی ئەم گەردوونەی لە ئافرەتدا بینیوە، بەڵام فەرەیدون دەیزانی، کە کاتێک دەمانەوێت بەو نهێنیانە بگەین، ئافرەت ناتوانێت یارمەتیمان بدات...)) (علی ،۲۰۱۰: ١٦٨).

لێرەدا ئاماژەی بە ناوی یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی ئەدەبی کوردی کردووە، کە (گۆران)ی شاعیرە، بە شاعیری (ژن و جوانی و سروشت ) ناسراوە، لێرەدا هەموو جوانییەکانی ژن لە سروشت و گەردووندا کۆدەکاتەوە، پێیوایە خودا هەموو نهێنییەکانی گەردوونی لە ژندا کۆکردووەتەوە، بەڵام ژن خۆی دروستکراوێکی پڕنهێنییە و هاوکاری پیاو ناکات تاکو نهێنییەکانی کەشف بکات؛ بۆیە چوونە ناو دڵ و نهێنییەکانی ژن کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتە پیاو بتوانێت

نهێنییەکانی ژن کەشف بکات، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((ئاه گۆڤەند، تۆ پێمبڵێ.... چ دوو شتێک لەم دونیایەدا وەکو پەپوولە و عەشق لە یەکدەچن، سەیری پەپوولە بکە و بەراوردی بکە بە ئەڤین، سەیری نازکی، تەمەنی کورتی، هەڵوەرین و سووتانی بکە....سەیرکە، چەند لە عەشق دەچێت...پەپوولە وەکو عەشق دەڕوات و کەس هەنگاوەکانی نابینێت، لە کۆنەوە وابووە، سەیری شیعرە کلاسیکییەکان بکە...)) (علی ،٢٠١٠ : ١٧٨).

لێرەدا شیعری کلاسیک بە عەشق چوێنراوە، "عەشق" یش ، بە "پەپوولە" چوێنراوە، لە تەمەنی کورتی و ئاسانی لەناوچوون و هەڵوەرینی، بە تایبەت لەم ڕۆمانەدا چیرۆکی عەشقەکان هەمووی تەمەنی کورتە و ماوەیەکی زۆر کەم بەردەوامی هەیە، وەک چۆن شیعری کلاسیکی کۆتایی هاتووە لە ڕووی سەردەمەوە، بەڵام عاشقانی ئەم ئەدەبیاتە بەردەوام تا ئێستاش هەن و بەردەوامە، هەروەها دەڵێت: ((لەو پردە دارینە چکۆلانەیە دەپەڕیەوە، سەیری ئەوتەمە سپی و لەناکاوەی دەکرد، کە لە ئێوارەی ئەو دارستانەدا بەرز دەبووەوە.... لە قوڵایی خەیاڵیشیدا، خەیاڵێک کە پڕ بوو لە شیعری کلاسیکی، خەیاڵێک کە شیعر قانیدابوو بە حەسرەتەوە دەیگوت"ئاخر ئەم دنیایە ئەمری دێتە سەر ئاخر ببە".کەمێک دەوەستاو بە خەمەوە بیری لە بەیتی دووهەمی شیعرەکە دەرکردەوە و دەیگوت"یەعنی بەس ئەی فاحیشەعالەم بە قڕدە یەک بە یەک ".)) (علی،٢٠١٠ :٢١٦).

دیسانەوە ئاماژە بە تێکەڵبوون دەکات لەگەڵ سروشت و دیاردە سروشتییەکان و لەگەڵیشیدا خەیاڵی شیعری کلاسیکی کوردی، دێڕێک شیعری (محوی) شاعیری هێناوە، کە باس لە کاریگەریی گوناه و خراپەکاری دەکات چۆن سەری هەموو مرۆڤایەتی لە قوڕ دەنێت، بە کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر ژیانی تاک و خێزان لە کۆمەڵدا، بەمجۆرە دەبینین چەندین جۆری هونەر لەم ڕۆمانەدا هەن و قسەیان لەسەر کراوە، کە هەریەکەیان بەشێکی گرنگی ڕەوتی ئەدەبی و هونەری کورد پێکدەهێنن. هونەریش وەک بەشێکی سەرەکی لە کلتووری کۆمەڵ بەشێکی گرنگی ئەم ڕۆمانەی داگیرکردووە.

## ٢-٢-٤ : کلتووری ڕۆشنبیری و ڕامیاری لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی کەسی ڕۆشنبیر هاتنە ناوەوەیەتی بۆ ناو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەکەی کۆمەڵ، هەروەک "سارتەر" دەڵێت: ((ڕۆشنبیر مرۆڤێکە خۆی دەخاتە نێو هەموو ئەو شتانەی هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە و لووتی لە هەمووشتێک دەژەنێت.)) (سارتەر، ١٩٧٣ :١٢). واتە بەکەسێک دەوترێت ڕۆشنبیر، کە شارەزاییەکی تەواوی لە بوارێکی دیاریکراودا هەبێت و زانیاریی گشتیشی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵەکەی هەبێت.

یەکێک لەو ئەرک و کارانەی، کە دەبێت ڕۆشنبیری کورد لە دوای ڕاپەڕینەوە هەیبێت، ڕەخنەگرتنە لەو ئەقڵیەتە سیاسییەی، کە کۆمەڵی کوردی بەڕێوەدەبات، واتە بە بۆچوونی بەشێک لە ڕۆشنبیران ((سیستەمی هەقیقەت لە کوردستاندا، سیستەمێکی حیزبییە، ئەوەی حەقیقەت بەرهەمدەهێنێت حیزبە نەک کۆمەڵ، ئەوەی ماناکان ئاشکرادەکات حیزبە نەک هێزە کۆمەڵایەتییەکان، لێرەوە ڕۆشنبیران بەشێک نین لە سیستەمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت، ڕۆشنبیران بەشدارنین لە دروستکردنی هەقیقەتە سیاسییەکاندا، ئەو هەقیقەتە سیاسییانەی تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی زۆربەی هەقیقەتە سیاسییەکانی دیکەش دەستنیشان دەکەن.))(علی و هاوکاران، ٢٠٠٠ :٥٢).

بەم پێیە ئەوەی وایکردووە کە سیستمی بەرهەمهێنانی حەقیقەت سیستمێکی حیزبی بێت ئەوەیە، کە هەموو ئامرازەکانی ئازادی تاکی ناو کۆمەڵی کوردی لە ژێر دەسەڵاتی حیزبەکانندایە، ئەمەش وایکردووە، کە تاک خۆی توانای بەرهەمهێنانی حەقیقەتی نەبێت و ملی کەچبکات بۆ حەقیقەتە بەرهەمهاتووەکانی حیزبەکان و لە کاروکردەوە و ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەرجەستەیان بکاتەوە. یەکێک لە ئەرکەکانی کەسی ڕۆشنبیر، هەوڵدانە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەربارەی مافەکانی خۆیان، سیاسییەکان لە ڕێگەی گوتاری سیاسی خۆیانەوە وایان لە جەماوەر کردووە، کە وابزانن ئەو مافانە هی ئەوان نین و هی دەسەڵاتن، ئەو هۆشیارییەی کە ڕۆشنبیرەکان بەرهەمیدەهێنن وادەکات، کە خەڵکی دژی ئەو حەقیقەتانە بوەستنەوە، کە حیزب بۆ بەرژەوەندی خۆی بەرهەمیهێناون و خەڵکی ناچارکردووە، کە باوەڕیان پێبکات، لەم بارەیەوە "بەختیار علی " دەڵێت: ((دەبێت ڕۆشنبیر هۆشیارییەک دروستبکات کۆمەڵ لەسەر بچووکترین بڕ لە سامانی خۆی بتوانێت یەخەی لێپرسراوانی بگرێت، هەموو ئەوانە بەرێتە بەر دادگا، کە لە مافی خۆیان زیاتر دەفرێنن، ڕووبەری دەوڵەت و حیزب و دەسەڵاتداران بچووک و ڕووبەری دەزگا مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گەورەبکات.)) (علی و هاوکاران،٢٠٠٠ : ١٢).

ڕۆشنبیر دەبێت هۆشیارییەکی وا لە کۆمەڵدا بڵاوبکاتەوە، تاک بزانێت مافی خوراوە و لەسەر مافەکانی خۆی بتوانێت و بوێری ئەوەی هەبێت دەسەڵاتدار و حیزبییەکان ڕاکێشێتە بەردەم دادگا و داوای مافە ڕەواکانی خۆی بکات. لێرەوە هەوڵدەدەین لە وێنەی ڕۆشنبیر بکۆڵینەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی –بەختیار علی-دا، ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا هەوڵیداوە وێنەی ڕۆشنبیر لە ڕێگەی چەند کارەکتەرێکی عاشقەوە بخاتەڕوو، بە ئاوێتەکردنی وێنەی ڕۆشنبیر بە وێنەی عاشق، عاشقی لە کەسێکی تەنیا و دوورەپەرێزی ناو کۆمەڵەوە گۆڕیوە بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ و هەوڵیداوە سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ لە سیستمێکی ئایینیەوە بگۆڕێت بۆ سیستمێکی دونیایی، ڕۆشنبیر لەم ڕۆمانەدا عەشق دەکاتە هۆکارێک بۆ شۆڕشکردن بەسەر نەریتە ئایینی و

کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕۆشنبیر لەم ڕۆمانەدا ئەرکی خۆی لە بەرگی عاشقێکدا جێبەجێدەکات، وا خۆی دەردەخـات، کە شـەڕ لە پێنـاو گەیشـتن بە مەعشـوقەکەیدا دەکـات، بەڵام شـەڕ لەسـەر گـۆڕینی سیسـتمی کـۆمەڵایەتی دەکـات و دەیەوێـت دەسـەڵاتی ئـایینی لەنـاو ئەو سیسـتمەدا هەڵگرێـت و دەســەڵاتێکی دیــکە لە سیســتمەکەدا بــرەو پێبــدات، کە بــایەخ بە پێداویســتییە دونیــایی و سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ بدات و زەمینەی بۆ خۆشبکات وئازادانە دەستی بە هەموو شتێک بگات.

ڕۆشنبیر لەم ڕۆمانەدا لە شێوەی کەسێکی عاشقدا دەردەکەوێت، کە عەشق لە بابەتێکی کەسی و تـایبەتییەوە بەرەو بـابەتێکی گشـتی و دەسـتەجەمعی دەبـات و دەیخـاتە ڕیـزی ئەو بابەتـانەوە، کە دەبێت کاریان بۆ بکات و لە پێناویاندا بژی، بەمەش جۆرە تێکەڵبوونێکی لە نێوان کەسایەتی عاشق و ڕۆشنبیردا دروستکردووە؛ بۆیە ناچارین کە بەبێ قسەکردن لەسەر کەسێتی عاشق نەتوانین قسە لەسەر وێنەی ڕۆشنبیر بکەین لە ڕۆمانەکەدا، پێکهاتەی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە ) لەسەر بنەمـای ململانێیە لە نێـوان دوو جیهـان و دونیـابینی جیـاوازدا، جیهـانێکی بـاو و کـۆمەڵایەتی، کە سـەرچاوەکەی لە ئـایینەوە وەرگرتـووە، جیهـان و دونیـابینییەکی نـوێ، کە لەلایەن ڕۆشـنبیرانەوە بەڕێوەدەبرێت یان مەملەکەتی ئەو کەسانەی، کە لە جۆری ژیانی باوی ناو کۆمەڵ بێزارن و خەون بە دونیـایەکی دیـکەوە دەبیـنن، عاشـقەکان بە پشتبەسـتن بە سیاسـییەکی ڕۆشـنبیر، کە خەون بە دروسـتکردنی پەنـاگەیەکی نوێـوە دەبینێـت بـۆ عاشـقانی وڵاتەکەی، کە تێیـدا ئـازادبن، لێـرەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەربگرین دەربارەی کلتووری ڕۆشنبیری و ڕامیاری : یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمـانە "گۆڤەندی پەیکەرتـاش" ە، کە وەک ڕۆشـنبیرێک و نوێنەری عاشقان لەم ڕۆمانەدا وێناکراوە، سەرەتا "گۆڤەند" وەک گەنجێکی خوێندەوار و چـالاک و دنیادیدە و نوێخواز وێناکراوە، هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە وەک ڕۆشـنبیرێک دەرکەوتووە وەک دەڵێـت: ((سـەرەتای ژیـانی بە شـێوەیەکی نەخۆشـانە خولیـای دابـووە یـاریی ئاسـن، دواتـر وەرگەڕابـووە سـەر مەلەکـردن، بەڵام دواجـار ئێـواران لە پەنجەرەکـانی ئەو یـانە وەرزشـییە بچکـۆلانەیەوە دەبینـرا، لەگەڵ "مامۆسـتا ئیسـماعیل"، پیرتـرین شـەترەنجبازی شـار، نـوقم لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا شەترەنجی دەکرد.)) (علی،٢٠١٠: ٦٢).

لێرەدا دەبینیـین گۆڤەنـد لە یـاری ئاسـن و مەلەکـردنەوە، کە دوو یـاریی جەسـتەیی گرنـگ و سـەردەمین ، دەچێت بـۆ یـاری "شـەترەنج "، کە یـارییەکی بیـرییە و بە شـێوەیەکی گشـتی توانـای زیرەکی و بیرکردنەوەی مرۆڤ بەهێزدەکات، کە وەرزشکردن بنەمایەکی گرنگی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵە و هۆکارێکی سەرەکی پاراستن و بە تەندروست مانەوەی مرۆڤە لە ژیانیدا؛ بۆیە پێویستە ببێـت بە بەشـێک لە ژیـانی ڕۆژانەی هەمـوو تاکێـک بـۆ پاراسـتن و جـوان مـانەوەی جەسـتە و

ڕووخسار و توانای ژیری و بیری مرۆڤ، یەکێکی دیکە لە بنەما گرنگ و سەرەتاییەکانی ڕۆشنبیریی مرۆڤ خوێندن و خوێندەوارییە ،"گۆڤەند " گەنجێکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەیە هەروەها خاوەنی بەهرەی هونەرییە و هونەرمەندە ((بەڵام لەو هاوینەوە، کە چووە پەیمانگای هونەری لە پایتەخت هەموو شتەکان گۆڕدران، لەو ساڵەوە ئیدی بەو قژە ماش وبرنجییە درێژەوە، لەسەر شەقام، لە چایخانە و لە لێواری حەوزی مەلەکردنەکەدا دەردەکەوت، لە هەموو جێگایەکیش شەوقی شکۆیەکی سەیری پەخش دەکردەوە)) (علی،٢٠١٠: ٦٢).

بەو واتایەی شێوەی ژیان و قسەکردن و بیرکردنەوەی گۆڤەند بە پێی شوێن و کارە تازەکەی و ڕۆشتنی بۆ پایتەخت و تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵک و هونەرمەندانی دیکە، بە تەواوی کەسایەتی و ژیانی دەگۆڕێت و دەبێت بە مرۆڤێکی ئازا و ئازادتر و کەمتر قسەی دەورووبەر وکۆمەڵ کاریگەریی لەسەر دادەنێت، بەمەش دەبێت ببێتە مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ڕابەرایەتی چینێکی دیار و گرنگی کۆمەڵ بکات، ((ساڵانی خوێندن لە پایتەخت فێریانکرد وەکو هەموو هونەرمەندەکانی دیکە مەی زۆر بخواتەوە، بە دەنگی بەرز قسەبکات ،بە بێ ترس باسی ئافرەت و هونەر بکات، لە بازاڕەکاندا بوتڵ بهاوێت، فێڵ لە ساقییەکان بکات و هەندێک شەویش لەسەر جادەکان بخەوێت، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا ئەو چوارساڵ ژیانەی پەیمانگا، فێری زۆر لە نهێنییەکانی پەیکەرتاشینیانکرد.)) (علی،٢٠١٠: ٦٢). دەتوانین بڵێین جۆری ژیان، خوێندن، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی کە، لە پەیمانگادا یان زانکۆ فرسەتێکی گەورەیە لە بەردەم مرۆڤدا، تاکو بتوانێت کەسایەتی ڕۆشنبیریی خۆی بنیاتبنێت و هەنگاو بەرە و ئاییندەیەکی جیاوازتر لە هاوڕێ و هاوسەردەمانی خۆی بنێت، ئەگەر چی لێرەدا سیفەتی (خواردنەوەی مەی) دراوەتە پاڵ کەسی ڕۆشنبیر، لە کاتێکدا نابێت ڕۆشنبیر شتێک بکات زیانی جەستەیی بە خۆی بگەیەنێت، یان خراپ مامەڵە لەگەڵ موڵکی گشتی و شوێنی گشتی وڵاتدا بکات، لێرەدا سیفەتەکانی (دەنگ بەرزکردنەوە، بوتڵ هاویشتن لە بازاڕدا، هەڵخەڵەتاندن) ئەمانە سیفەتی مرۆڤی ڕۆشنبیر نین و بگرە لەگەڵ کەسی ڕۆشنبیریش نایەنەوە، مەرج نییە هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بخواتەوە، دواتر هەر لەو یانەیەدا عاشقی (دڵارام) دەبێت، کە ئەویش کچێکە یاری بۆ تیپی باڵەی کچان دەکات، دیارە ئەمیش کارەکتەرێکی ڕۆشنبیری هەیە و دەبێت کچێکی یاخیش بێت لە کلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی، چونکە کلتووری کۆمەڵی ئێمە ڕێگرییەکی زۆر لە بەردەم وەرزشکردنی خانماندا دادەنێت، هەموو ئەمانە هۆکاردەبن "گۆڤەند" بکەن بە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری خاوەن خەون و ئامانج، گۆڤەند لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆیدا وێنای پێغەمبەرێک بۆ خۆی دەکات، چونکە ((گۆڤەند کوڕێکی

کەڵەگەت بوو، کە هەر لە زگی دایکییەوە بە قژێکی ماش و برنجییەوە هاتبووە دونیا، خۆی ئەو قژە درێژەی بە نیشانەی پێغەمبەرایەتی دەزانی)) (علی،٢٠١٠: ٦٢).

ئەمە خەیاڵی گۆڤەندە وەکو کارەکتەرێک، کە خۆی وەک پەیامبەرێک دەبینێت، ئەم هەست و خەیاڵە بەردەوام تێیدا گەورەدەبێت، ئەم خەیاڵانە وایلێدەکات قژە ماش و برنجییەکەی خۆی درێژبکات، ئەمانەش وایلێدەکات خەون بە دروستکردنی کۆماری عاشقانەوە ببینێت و خۆی ئەو کۆمارە بەڕێوەبەرێت، گۆڤەند بەردەوام کەسێکی گەشبینە و خەون بەوەوەدەبینێت ڕۆژێک بێت هەموو ئەو نەهامەتییانەی مرۆڤ و عەشق لەم کۆمەڵەدا دەیبینن چارەسەربێت و عەشق ببێت بە دیاردەیەکی باو و جوان و ئاسایی ناو کۆمەڵ، دیارە هەر هۆشیاری و ڕۆشنبیریش دەتوانێت مرۆڤێک بکات بە فریادڕەس و چارەسەری هەر کێشەو گرفتێک بکات، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ هەیانە و بە دیدێکی جیاواز بڕوانێتە ژیان و کۆمەڵ و ئەشق و چەمکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان .

یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرانەی لە ڕێگەیەوە ئاماژە بە کلتووری ڕۆشنبیری کۆمەڵ کراوە، کارەکتەری "فەرەیدونی مەلەک"ە، وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، ئەگەر چی سەرەتاکانی ژیانی گەنجێکی سەرەڕۆیە و چەقۆ وەشێنە بەهۆی شێوازی ژیانی و پەروەردەی خێزانییەوە، بەڵام دواتر کەسایەتی بە تەواوەتی دەگۆڕێت و دەبێت بە مرۆڤێکی بیر کراوە و ڕۆشنبیر، وەک دەڵێت: ((کارکردن لەگەڵ گۆڤەند دا ئارامییەکی ڕۆحی قووڵی پێدەبەخشی ...ئەوکات گۆڤەند بەئەشقێکی بە جۆش وسوتێنەرەوە کاریدەکرد، بەڵام لە هەموو شتەکان گرنگتر ئەوەبوو کە جیهانی وەرشەکە، فەرەیدونی فێری تێڕامان و بێدەنگییەکی قووڵ کرد.)) (علی،٢٠١٠ :٦٥-٦٦) .واتە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتی گۆڤەندا فەرەیدونی لە کەسێکی بازاڕییەوە گۆڕی بۆ کەسێکی ڕۆشنبیر و بیرکەرەوە، کە پێشتر کەسێکی شەڕەنگێز بوو، بەڵام دواتر چوونە ناو دونیای هونەرەوە فێری ئارامگرتن و لەسەرخۆیی کرد و چووە ناو جیهانی فیکر و بیرکردنەوەوە، کە هێمنی و فیکر و بیرکردنەوەش بەشێکی گرنگن لە ڕۆشنبیری مرۆڤ، یەکێکی دیکە لە بنەماکانی ڕۆشنبیریی مرۆڤ خوێندنەوە و خوێنەر بوونە "فەرەیدون" دواتر ڕۆژانە دەچووە لای کتێبفرۆشییەکەی شار ((نەسرەدین بۆ یەکەمجار فەرەیدونی لە ناوەوەی کتێبفرۆشییەکەدا بینی، بە هێمنی لە بەردەم ڕەفەی کتیبەکاندا وەستابوو و چاوی بە ناو کتێبەکاندا دەگێڕا، هەندێجار کتێبێکی دەردەهێنا و سەیری پێڕست و پێشەکییەکەی دەکرد، ئەو ڕۆژە نەسرەدین بە ئارامی لێی نزیکبووەوە و لێی پرسی<<بۆ چ کتێبێک دەگەڕێیت؟>> فەرەیدون گوتی <<بۆ کتێبێک کە پێناچێت لێرە هەبێت>> ڕۆژانی دواتر فەرەیدون یەکە یەکە سەیری دیوانەکانی دەکرد و دەیگوت<< بۆ شیعرێک دەگەڕێم لەم دیوانانەدا نییە....>> کتێبەکانی چیرۆکی هەڵدەدایەوە و

دەیگــوت << بــۆ چیرۆکێــک دەگەڕێــم بەداخەوە لەم کتێبــانەدا نیــیە ...>> لەو ڕۆژانە بەدواوە فەرەیدون کاتێکی زۆری لەو کتێبفرۆشییەدا دەبردەسەر...)) (علی،٢٠١٠:٧٠) .

دیــارە مــرۆڤ کــاتێکی بەتــاڵی زۆری هەیە لە ژیانیــدا، هەرکەس بە شــتێک ئەم کــاتە بەتــاڵە پردەکاتەوە، هەندێک کەس بەخوێندنەوە، هەندێک بە وێنەکێشــان، هەندێک بە مۆسیقا و گۆرانی، هەندێک بە وەرزش و گەڕان .... فەرەیدون لە دوای ناسینی "گۆڤەند" ەوە ، بە خویندنەوە و گەڕان بە دوای کتیبی دڵخـوازی خۆیدا کـاتی بەسـەردەبرد، بە تـایبەتی لە دوای عاشـقبوونی بە پەروانە زیاتر بە دوای شیعر و چیرۆکی نویدا دەگەڕا، کە بتوانن گوزارشت لەو هەست وخۆشەویستییە بکەن، کە ئەم بۆ پەروانەی هەیە ؛ بۆیە زۆر دەگەڕێت لە ناو دیوانەکاندا و ناتوانێت ئەو شیعرە یان ئەو چیرۆکە بدۆزێتەوە، کە دەتوانێت هەستەکانی خۆی تێدابدۆزیتەوە، وردە وردە دونیـای بیرکردنەوە و خەونەکانی گەورەتر و فراوانتر دەبێت، لە ڕۆشنبیرێکی سادە و ئاسایی دەردەچێت و خەون بە دروستکردنی جیهانێکی نوێوە دەبینێت، ئارەزووی سەفەرکردن و گۆڕینی ژینگەی ژیانی لا دروستدەبیت و خەون بە شوێنێکەوە دەبینێت، کە مرۆڤ تێیدا ئازاد بێت و بتوانێت بژی و عاشـق بێت خەونـی هەبێـت، ئـارام و ئاسـوودە بێـت. هەر ئەو خەونـانەش وایلێـدەکات لەگەڵ خۆشەویستەکەی لە کۆمەڵ هەڵبێن و یـاخیببن، کەواتە خوێندنەوە دەتوانێت بۆشـاییەکانی مـرۆڤ پڕبکاتەوە و خەیاڵی مرۆڤ فراوان بکات و وای لێ بکات بە هەموو شتێک ڕازی نەبێت و هەمیشـە داوای باشـتر بکـات. سـەبارەت بە ژیـانی وڵاتـانی دەوروبەر و سـنووری ئازادییەکـانی مـرۆڤ هۆشــیاربێت، کتێبخــانەش هێمــایەکی گەورە و گرنگــی ڕۆشــنبیریی هەر نەتەوەیەکە و شــوێنی کۆبوونەوەی شـاعیران و هونەرمەندان و سیاسـی و خـوێنەران بووە لەوێوە توانیویـانە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بن، کە لە کۆمەڵدا ڕوویداوە، تـا ئێسـتاش کتێبخـانە لە هەمـوو ئەم ڕوانگانەوە لە کۆمەڵدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، یەکێکی دیکە لەو کارەکتەرانەی، کە کەسێکی ڕۆشـنبیرە "پەروانە"یە، کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و کچێکی عاشقە و جگە لەوەی لە قۆنـاغی ئامادەییدا کچێکی بە توانا و زیرەک بووە، شەوانەش خەریکی خوێندنەوەی چەندین کتێبی دەرەکی هەمەجۆربووە، "خەنــدانی چکــۆلە" ی خوشــکی لە کــاتی گێــڕانەوەی ڕووداوەکانــدا ئامــاژە بەم ڕۆشــنبیرییەی خوشکەکەی دەکات، دەربارەی پەروانە دەڵێت : ((هەندێک شـەو کتێبێکی بە دزییەوە لە جانتاکەی دەردەهێنـا و دەیخوێنـدەوە، هەنـدێک شــەو زۆر دەیخوێنـدەوە، مـن سەرسـام دەبـووم کە چـۆن دەتوانێــت نەخەوێــت و هەر بخــوێنێتەوە و بخــوێنێتەوە، هەنــدێکجار دیــاربوو دەیویســت خــۆی لەیادبکات، هەندێکجاری دیکەش کتێبەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد و هەستمدەکرد کە ئەو زۆر بە قووڵی تێدەفکرێت و ڕادەمێنێت، نەمدەزانی ئایا بیر لە نـاوەڕۆکی کتێبەکـان دەکـاتەوە، یـان بیر لە

شتی دیکە دەکاتەوە؟ بەڵام هەمیشە گومان و چاوەڕوانی و نائومێدییەکی قووڵم تێدا دەبینی...))
(علی،٢٠١٠ :١٨-١٩) .

بەم پێیە پەروانە کەسێکی خوێندەوار و خوێنەرە و بە قووڵیش بیردەکاتەوە، بە جۆرێک لە جیهانی دەورووبەری دادەبڕێت و تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە کتێبەکان پێیدەبەخشن، ئەمەش وایلێدەکرد هەمیشە گومان لە هەموو شتێک بکات و هیچ شتێک وەک خۆی قبووڵنەکات. یەکێک لە گرنگییەکانی خوێندنەوە ئەوەیە مرۆڤ فێری گومان و پرسیارکردن بکات و ئەمەش وایلێبکات لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی دیکە و بابەتی دیکەوە، بە دوای وەڵامی گومان و پرسیارەکانیدا بگەڕێت ، پەروانە کچێکە دەیەوێت لە کۆمەڵەکەی لەو ژینگە و ژیانە دووبارەیەی تیایدا دەژی، ڕابکات و خەون بە جیهانێکی جیاوازتروە دەبینێت هەر ئەوەش وایلێدەکات عاشقی چەندین کەسی جیاواز و جۆراوجۆر بێت، تەنها لە پێناوی ئەوەی بیبەنە دەرەوە لەم وڵاتە و سەفەربکات بۆ شوێنێک، کە مرۆڤ تیایدا ئازادبێت، عاشقەکان ڕێزلێگیراو بن، کلتووری کۆمەڵ بەربەست نەبێت لەبەردەستیاندا. پەروانە هەمیشە شوێن بە هۆکاری نابەختەوەری مرۆڤ دەزانێت و پێیوایە ئەو شوێنانەی بڕیاریانداوە نەگۆڕێن و پێشنەکەون، مرۆڤ ناتوانێت تیایاندا ئاسوودەبێت؛ بۆیە داوای گۆڕینی شوێن دەکات، بەردەوام ئەمە لە کوردەواری خۆمان و لە ئاینیشدا هەیە، کە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی لە جێگایەکدا بەختەوەربێت با شوێنەکەی بگۆڕێت، ڕەنگە بەختەوەری ئەو لە جێگایەکی دیکەبێت، یەکێکی دیکە لە بنەماکانی کلتووری ڕۆشنبیری نووسینە، کە لەم ڕۆمانەدا نووسین ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا و پارێزەری حیکایەت و چیرۆککی پەروانە و عاشقەکانی ئیشقستانە. ئەمەش لە ڕێگەی کارەکتەری " میدیای غەمگین" هوە، کە کچێکە تەنها دەتوانێت بنووسێت، دواتر دەفتەرەکانی دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ گێڕانەوە و مانەوەی ڕووداوەکانی جەنگەڵی عاشقان، هەروەها "خەندانی چکۆلە"ش، لە ڕێگەی نووسینەوەی حیکایەتەکانەوە توانی ڕووداوەکان بهێڵێتەوە وەک دەڵێت: ((دەبێت هەموو حیکایەتەکان بچنە سەر کاغەز ئەگینا دەمرن، دەمگوت<<بۆ من ئەم چیرۆکە چیرۆکێک نییە و بەس، بەڵکو هێنانەوەی پەروانەیە بۆ ئەم جیهانە .)) (علی،٢٠١٠ :٩) .

واتە هەمووو ئەو حیکایەت و چیرۆکانەی بە دریژایی ژیانی مرۆڤایەتی هەبوون و گێڕدراونەتەوە، ئەگەر نەنووسرێنەوە زوو لەناودەچن و نامێنن، تاکە ڕێگەی مانەوە و لەیادنەکردنیان تەنها نووسینەوەیانە. خەمی سەرەکی پەروانەش ئەوەیە زوو لەیادبکرێت و بوونی بسڕێنەوە؛ بۆیە خوشکەکەی لە پێناومانەوەیدا چیرۆکەکەی دەنووسێتەوە، لە جەنگەڵ "میدیای غەمگین" دەناسێت، کە کچێکە لە منداڵییەوە دەنووسێت (( بەردەوام بە دەفتەر و پێنووسێکەوە

لەسەر بەردێکی گەورە خەریکی نووسینی مێژووی ئەو شتە سەیرانەیە کە دەیانبینێت. میدیا لەسەر لاپەڕەیەکی سپی بۆی دەنووسێت<<ئەمە جەنگەڵی گۆشەگیرییە ...عەشق لێرەدا دەەمرێت>>)) (علی،٢٠١٠: ١١٤) .

لێرەوە باس لە جۆرێکی نووسین دەکرێت، کە پەروانە بە خەڵوز دەنووسێت، بەڵام (با) یەکسەر وشەکانی دەبات و دەیسڕێتەوە، بەڵام میدیا بەردەوام بە دوایدا دەڕوات و پێش سڕینەوە وشەکان دەنووسێتەوە، تاکو مێژووی تەواوی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە تۆماربکات و بە پارێزراوی بیهێڵێتەوە ((میدیاش تا زیاتر لەو دونیایە ڕادەمێنێت زیاتر و زیاتر دەفتەرەکەی بەسنگیەوە دەنووسێنێ و دەڵێت"عەشق دەڕوات، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم دەفتەرەیە.")) (علی،٢٠١٠: ١٤١).

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت هەمووشتەکان دەمرن و لەناو دەچن ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها نووسراوەکانە، یەکێکی دیکە لە سیماکانی ڕۆشنبیری لە هەر وڵاتێکدا پەروەردە و خوێندنە. دیارە پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر توندوتیژی تێدابووە و لێدان بەکارهاتووە، هیچ دەورێک بە خوێندکار نەدراوە و مامۆستا سەنتەربووە؛ بۆیە دەوترێت پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا لە چوارچێوەی پرۆگرام و کتێب دەرناچێت؛ هەربۆیە ناتوانێت کەسی ڕۆشنبیر و بیرفراوان دروستبکات، کەمتر دەرفەتی ئازادی بیرکردنەوە دەدات؛ بۆیە وەکو بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت وایە، خوێندکار تەنها دەتوانێت ئەوە بڵێتەوە، کە لە مەنهەجدا فێری دەبێت، سنووری زانیارییەکانی سنووردارە، ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت، لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی کورت بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن کراوە لە کوردستاندا بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت : ((لە یادمە لە پۆلی پێنجی سەرەتاییدا بووم کە مامۆستایەک بە ناهەق لەبەرچاوی هەزار قوتابیدا بە تۆمەتی دزییەک کە ئاگام لێنەبوو منی فەلاقەکرد، ڕاستەوخۆ دوای ئەوە بایەکی ترسناک نیوەی قوتابخانەی وێرانکرد، بایەکی تووڕە و لەناکاو کە پەردەی هەموو پەنجەرەکان و وێنەو دروشمی هەڵواسراوی سەر هەموو دیوارەکانی برد و پارچە پارچەی کردن، لە شەشی سەرەتاییدا کاتێک تاقیکردنەوەی بەکەلۆریم دەدا، بێئەوەی لە شوێنی خۆم فزەمکردبێت، بێئەوەی سەرم هەڵبڕیبێت، مامۆستایەکی پیر و بوغزاوی بە خۆی و چاویلکەیەکی ژەنگاوییەوە لە خۆڕا منی لە ساڵۆنەکە کردە دەرێ...)) (علی،٢٠١٠ :٥٥).

یەکێک لەو دیاردە ناشارستانیانەی لە پرۆسەی پەروەردەی ساڵانی ڕابردوودا هەبووە لە کوردستاندا لێدانی خوێندکاربووە، کە بووەتە هۆی شکاندنی کەسایەتی خوێندکار و دروستکردنی

بروابەخۆنەبـوون و کەسـایەتییەکی لاواز. ئەو لێـدانانە تـا گەورەبـوونیش کـاریگەریی گەورەیـان لەسەر کەسایەتی ئەو مرۆڤە جێهێشتوە. "خەندانی بچکۆلە" لە باسکردنی خوێندنی خۆیدا چیرۆکی لێـدانی لە لایەن مامۆسـتایەک و بێبەشـکردنی لە تـاقیکردنەوە بەهـۆی هەڵە تێگەشـتنەوە لە لایەن مامۆسـتایەکی دیـکەوە دەگێـڕێتەوە، کە چەنـد ئەو ڕووداوانە کاریگەرییـان لەسـەر دەروونـی بە جێهێشتووە، لە شـوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((لەو وەرزەدا زۆر کچ وازیـان لە خوێندن هێنـا و چیدی نەگەڕانەوە بـۆ قوتابخـانە، کە بە قوتابخـانەی کـوفر و نەزانیـان نـاودەبرد، لەچکیـان دەبەسـت و دەیانگوت"دەبێت لە دژی بێئابڕوویی و پیسی و ڕووزەردییەکانی ئینسـان جیهاد بکەیـن " بەیـانییەک ئەو ژنانە بە خۆیان و لەچکە سپییەکانیانەوە هاتنە قوتابخانە و کچێکیان لە پۆل دەرهێنا و بەقژ بە شەقامەکاندا ڕایانکێشا.)) (علی،٢٠١٠: ٩٩).

ئەگەرچی ئەمە زیاتر کلتوورێکی کۆمەڵایەتی و ئایینیە، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی زۆری کلتـووری ڕۆشـنبیری ئـێمەی داگیرکـردووە، بێبەشـکردنی کچـان لە خوێنـدن و دەرهێنانیـان لە قوتابخـانە بە کـاریگەریی کلتـووری کۆمەڵایەتی و بە هەڵەتێگەشـتن لە پەیامەکـانی ئـایینی پیرۆزی ئیسـلام، لە ڕاستیدا خوێندن و زانست یەکێکە لەو بابەتـانەی ئـایینی پیرۆزی ئیسـلام زۆر گرنگی پێداوە و داوای فێربوون لە مرۆڤ و گەڕان بە دوای زانستدا دەکات، بە جۆرێک یەکەمین سورەتی قورئـانی پیرۆز بە نـاوی (اقرء) بخـوێنە، بە بێ ئەوەی جیـاوازی بکـات لە نێوان نێر و مێدا، بەڵام زۆرێـک لە بـابەتە ئایینیەکـان لەگەڵ کلتـووری کـۆمەڵایەتی تێکەڵکـراون و هەمـوو خەتـاکە دواتـر دەکەوێتە سەرشانی ئایین، لە ڕاستیدا ئەوە کلتووری کۆمەڵایەتییە بە هاوکـاریی بە هەڵە تێگەشـتن لە کلتووری ئایینی ڕێگا بە کچان نادات بخوێنن، کە ئەمەش دواجار کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیریی تاک و کۆمەڵش هەیە، چونکە دایک ڕۆشنبیر بوو، منداڵی ڕۆشـنبیریش پەروەردەدەکات، سـەبارەت بە کلتووری سیاسیش، لەم ڕۆمانەدا زۆر قسەی لەسەر کراوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی کـارەکتەری " نەسـرەدینی بۆنخـۆش"ەوە، سـەرەتا لە وێـنەی دەرەوەیـدا کەسـێکی فـزول دەنوێنێـت، بەو پێـیەی سەرەتا ((پیاوێکی فزوڵی زۆر ئاسـایی بوو...پیاوێک لەوانەی حەزدەکەن هەمـوو شـتێک دەربـارەی ژیـانی کـچە ناسـراو و دیارەکـانی شـار بزانن، هەر ئەو فـزوڵە کوشـندەیەش کـردی بە وێنەگرێکی گەڕۆک .)) (علی،٢٠١٠ :٦١).

کەسێتی "نەسرەدینی بۆنخۆش" سەرەتا کەسێکە زۆر تێکەڵی ژنان دەبێت، دەچێتە ئاهەنگەکانی ژنـان و وێـنە دەگرێـت، نەسـرەدین بەر لەوەی وەک ڕۆشـنبیر و کەسـێکی سیاسـی دەرکەوێـت، ((ڕۆژێک هەستی کرد لەبری ئەو فزوڵە سەیرەی جاران بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی چیرۆکەکانی عەشق هەیبوو، ئێسـتا سـۆزێکی گەورەی بۆ ڕزگارکردنی ئەو عەشـقە ناکامـانە لا دروسـتبووە .))

(علی،٢٠١٠: ٦١-٦٢). "نەسرەدینی بۆنخۆش" پێش دۆزینەوە و دروستکردنی عەشقستان، ستۆدیۆکەی خۆی دەکاتە جێژوان بۆ یەکتربینینی عاشقەکان "نەسرەدین" لە شاردا دۆست و هاوڕێی زۆر نزیکی "فەرەیدونی مەلەک "و "گۆڤەندی پەیکەرتاش" دەبێت، گفتوگۆ و تێکەڵییەکی زۆری لەگەڵ زۆربەی شاعیر و نوسەر و هونەرمەندانی شاردا هەیە؛ بۆیە کاتێک "فەرەیدون " بە "گۆڤەند"ی ناساند پێی سەیربوو، کە هونەرمەندێک هەیە ئەو نایناسێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە نەسرەدین لە ژیانی دەرەکی خۆیدا هاوڕێیەتییەکی زۆری لەگەڵ زۆربەی نوسەر و ئەدیبەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی نەسرەدین دادەنێت، وەکو ڕۆشنبیرێکی سیاسی لەناوەوەیدا خەون بە ڕزگارکردنی هەموو عاشقانەوە دەبینێت، ئێوارەیەک بە نهێنی دێتە قەراغ شارو باسی خەونەکەی بۆ "فەرەیدون" و "گۆڤەند" دەکات و دەڵێت:((من ئێستا خەباتگێڕێکی ناسراوم بۆ وڵاتەکەم، بەڵام ئەوەتا ئەم نیشتیمانە لە عەشقی بێسوود و کوژراو دروستبووە، من هاتوومەتە سەر خەیاڵێکی سەیر، هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایەی، کە لە جێگایەکدا هەندێک عەشق ئازادبکەم، هاتوومەتە سەر ئەو خەیاڵەی پارچە زەوییەکی عاسی بکەمە مەڵبەندی هەندێ لەو عاشقانەی کە جێگایەکیان نییە پێکەوە تیابژین ...)) (علی ،٢٠١٠: ٨٤).

ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین بە درێژایی مێژووی خۆی پڕبووە لە شەڕ و لەناوبردن و کوشتن؛ بۆیە زۆرێک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵە بوون بە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ و دژی داگیرکەران جەنگاون کەسایەتی "نەسرەدینی بۆنخۆش"یش، گوزارشت لەم جۆرە مرۆڤە دەکات، بەڵام جگە لە جەنگ لەگەڵ دوژمن، دەیەوێت لە دژی کلتووری کۆمەڵایەتیش بجەنگێت و جەنگەڵی عاشقان دروستدەکات، بە نیازی ئاسودەبوون و بەختەوەربوونی عاشقەکان، لە کۆتاییشدا هەستدەکات، هەموو ئەم هەوڵ و خەباتانە لە وڵاتدا بێسودە و وەک سەراب وایە، خەون بە نووسینەوەی چیرۆکی عەشقی عاشقانەوە دەبینێت، تاکو بە نەمری بمێننەوە، بۆ دروستکردنی عەشقستان عاشقان پشتیان بە دەسەڵاتی سیاسی دەبەست، چونکە کاتێک ڕۆشنبیران پێشنیازی دونیایەکی تازە و نموونەیی دەکەن بۆ هاتنەدی خەیاڵەکەیان پێویستیان بە پشتگیریی سیاسی و دەسەڵاتدارانی وڵات هەیە، کە لەم ڕۆمانەدا "نەسرەدینی بۆنخۆش" ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەی هەیە، خەونی بۆ دروستکردنی دونیایەکی جیاواز بۆ عاشقان کار لە کاروباری سیاسی و دونیای پێشمەرگایەتی ئەو ناکات، چونکە ((وەکو تر ژیانی وەکو پێشمەرگەیەکی لەخۆبوردوو و شەڕکەرێکی زیرەک، هەیبەتێکی بۆ دروستکردبوو، کە کاری ئەو خەندە ژنانە و شەرمنەی سەر سیمای سڕیبووەوە.)) (علی،٢٠١٠: ٨٤) .

ئەم هەوڵە زۆرانەی بۆ ڕزگاركردنی عاشقان كاریگەریی لەسەر دروستنەكردووە بۆ ڕزگاركردنی وڵات و نیشتیمان وەك پێشمەرگەیەك، ((لەو دەمانەشدا شەڕ لە هەموو سنوورەكانی وڵات گڕیسەندبوو، لەناویشەوە شەڕی نێوان دەوڵەت و خەڵك نیشتیمانی وێرانكردبوو، هەندێ شەو لەبەر دەنگی گولله و موشەك نەماندەتوانی بخەوین، لەترسدا بە خێرایی دەچوینە ژێر زەمینەكەو تا بەیانی لەوێ دەماینەوە...)) (علی،٢٠١٠: ٩٨) .

بەشێكی سەرەكی كلتووری سیاسی ئێمە جەنگی وێرانكارییە، بە جۆرێك هەموو تاكەكانی ئەم نیشتیمانە لەگەڵ دەنگی تۆپ و گولله ڕاهاتوون و بەشێكی زۆری خەڵكیش بە هۆی جەنگەوە بوون بە قوربانی، جا چ جەنگی ناوخۆیی وڵات بێت، یاخود ئەو جەنگانەی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە بەرامبەر بە كورد ئەنجامدراون، ئەمانە هەموو نائارامی سیاسی و كۆمەڵایەتییان لە وڵاتدا بڵاوكردووەتەوە، ئەم بابەتانە هەندێكجاریش هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لای شاعیران و نووسەران لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەر كراوە، بۆ نموونە لە باسی گۆرانیبێژەكاندا دەڵێت: ((ئەوان لە شەوانی مەستیدا لە چریكەی"پاوانەكانت دەزرنگێتەوە" دەیانگواستەوە بۆ "خوایە وەتەن ئاواكەی " لە "لە سیلەی قەبرانەوە.." دەچوون بۆ "ئەی ڕەقیب" ، لە "دیسان شەوهات بۆ حاڵی من"ەوە بۆ "واوەتەن خەملیوە"، لە "عومرێكی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت"ەوە بەرەو"دەمی ڕاپەڕینە... دەمی ڕاپەڕین".دواجار كە هێزەكانی دەوڵەت كەوتە گەڕان بە دوای كۆمەڵی گۆرانیبێژدا، كە مەستانە سروده قەدەغەكانی وڵاتیان دەوتەوە، یەكەم كەس دوو لەو هاوڕێیانەی فەرەیدون بەركەوتن، كە هێدی هێدی بووبوونە دوو كەسی نزیك لەوەوە...)) (علی،٢٠١٠ : ١٠٠).

یەكێك لەو بارودۆخە سیاسییانەی لە سەردەمی دەسەلاتی حیزبی بەعسدا هەبووە، نەبوونی ئازادی و قەدەغەكردنی هەستی نەتەوایەتی و سروده نەتەوەییەكان بووە؛ بۆیە تەنانەت گۆرانیبێژ و شاعیرانیش نەیانوێراوە بە ئاشكرا هەستی نەتەوایەتی خۆیان دەرببڕن؛ بۆیە هەمیشە عەشقی یار و عەشقی نیشتیمانیان تێكەڵكردووە و پێكەوە باسیانكردوون تا ئاشكرانەبن، زۆرێك لە شاعیران و هونەرمەندان لەو قۆناغەدا بە هۆی وتنی سرودی نەتەوەیی قەدەغەكراوە لەسێدارەدراون، كەواتە كلتووری ڕۆشنبیری و سیاسی بەشێكی گرنگی ئەم ڕۆمانە پێكدێنن.

# بەشی سێیەم

**بەشـی سـێیەم: کاریگەرییەکـانی کلتـووری ئـایینی و کـۆمەڵایەتی و خـورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:-**

**٣-١: کلتووری ئایینی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:**

**٣-١-١: ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی لە بوارەکانی:**

**١-ئایین و خۆشەویستی لە (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٢-کلتوور و خۆشەویستی لە (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٣-١-٢: نەریت و کلتووری ئیسلامی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا .**

**٣-١-٣: ڕەنگدانەوەی (ژن و پیاو و خێزان) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:**

**١-ژن لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٢-پیاو لە (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٣-خێزان لە (ئێوارەی پەروانە)دا.**

**٣-٢: خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:**

**٣-٢-١: پەیوەندیی نێوان خورافە و ئەفسانە:**

**٣-٢-٢: بەکارهێنانی کات و شوێنی ئەفسانەیی و خورافی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا.**

**٣-٢-٣: بەکارهێنانی (کەسێتی، ژمارە، گۆڕ و کفن) وەک خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا.**

**٣-٢-٤: بەکارهێنانی (باڵندە و گیانداران) وەک خورافە.**

## بەشی سێیەم: کاریگەرییەکانی کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی و خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:

### ٣-١: کلتووری ئایینی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:

### ٣-١-١: ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی لە بوارەکانی:

### ١-ئایین و خۆشەویستی لە (ئێوارەی پەروانە) دا:

خۆشەویستی کردەیەکی سروشتییە و مرۆڤەکان دەیچێنن و لەگەڵیاندا گەشەدەکات، ئیسلامیش بانگەشەی بۆ خۆشەویستی و خۆشویستن کردووە، بە هەموو شێوەکانییەوە، هەروەها بنچینە و یاسا و ڕێکاری بۆ دارشتووە، خۆشەویستی ڕێگەپێدراو و قەدەغەی جیاکردووەتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەو ڕێگایانەی، کە خۆشەویستی تێدابەکاردێت، ئەگەر لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا گونجاوبێت ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئیسلام بێت ڕێگەپێنەدراوە، دەتوانین بڵێین تاکە ڕێگە و باشترین ڕێگەی خۆشەویستی لە ئیسلامدا هاوسەرگیرییە. چەندین جۆری خۆشەویستی هەن: (خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی، خۆشەویستی دایک و باوک و هەموو کەسە نزیکەکان، خۆشەویستی باوەڕدار و چاکەکار و زاناکان، خۆشەویستی هاوژین و منداڵ، خۆشەویستی کوڕ و کچ)، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و قسەی لەسەر دەکەین "خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچە" بۆیە تەنها دەڵێین ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش، چونکە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە) قسە لەسەر خۆشەویستی دەکات لە ئایینی ئیسلامدا، لەبەرئەوەی ئایینی سەرەکییە لە کوردستاندا و ئایینیش یەکێکە لەو بابەتانەی، کە پەیوەستە بە کلتوور و ژیارەوە، (مالینۆفیسکی) دەڵێت :((ئایین تۆخمێکی ژیارییە و پێکهێنەری هەموو ژیارێکە و کاردانەوەیەکی سۆزدارییە بەرامبەر بە بەردەوامی پێداویستییە ژیارییەکانی مرۆڤ.))(حداد، ٢٠١٠:٢٤٨).

لە بنەڕەتدا ئایین بڕوایە و لە ناخ و هزری کەسەکاندا چەسپاوە و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانیش، ئەو بڕوایە دروستیدەکات؛ بۆیە پێویستە ئەم بڕوایە قسە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بکات و ڕێوشوێنی بۆدابنێت، بابەتی خۆشەویستی یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لای تاکی مرۆڤ و لەنێو کۆمەڵدا باوە، خۆشەویستی یان "عاشق بوون" وەکو بابەتێکی مرۆڤایەتی خاوەن تایبەتمەندی و نەریت و کلتووری خۆیەتی و بە پێی جۆری خۆشەویستی و سیستمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەرداهێت، مرۆڤ بە بێ خۆشەویستی ناژی و عەشق

داینەمۆی ژیانە و هەستی خۆشەویستیش ئەو هەستەیە، کە خودا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، تاکو پێکەوەژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستببێت، مرۆڤ سەرپشکە لەوەی ئەو هەستە لە چ بوارێکدا بەکاردەهێنێت. (بەختیار علی) وەکو نوسەرێک هەستی بە گرنگی خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ کردووە؛ بۆیە کردوویەتی بە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەی و کاریگەریی ئەم هەستە لەسەر ژیانی تاکەکان، بە تایبەتی لە کۆمەڵێکی وەکو کۆمەڵی کوردیدا دەخاتەڕوو. لێرەوە چەند نموونەیەک لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان (ئایین و خۆشەویستی) وەردەگرین، بۆ نموونە ئەو کاتەی "خەندان" چیرۆکی دوای هەڵهاتنی "پەروانە" دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەی پوری و ئیماندارەکان بە دوای "پەروانە" دا دەگەڕان، باسی ئەوە دەکات خۆشەویستی و ڕەدووکەوتن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا چەند تاوانێکی گەورەن و دەڵێت: ((ئاگاداربووم لە دەورم هەڵدەسوڕان و ئایەتە قورئانییەکانیان دووبارەدەکردەوە، لە خۆم نەدەترسام، بەڵام دەمزانی ئەو ژنە تۆڕێکی تاریک و شەیتانی لە هەموو کۆڵانێکی شاردا هەیە، دەمزانی ئەو ژنە پەیامهێنی تایبەتی خۆی لە هەموو سوچێکی ئەم شارەدا بڵاوکردووەتەوە. ئەوان چەندین سەعات باسی گەورەیی ئەو گوناهەیان بۆ کردم، باسی ئەو ئاسمانەیان بۆ کردم، کە بە سەرماندا دەڕووخێت، باسی ئەو کوورە ترسناکانەی ئاگریان بۆ کردم، کە لە هەموو کونجێکی زەوییەوە هەڵدەقولێت، باسی ئەو ئەستێرە پڕ لە ئافاتەیان بۆ کردم، کە دەکەوێتەخوار و زەوی لەگەڵ خۆیدا نغرۆدەکات....)) (علی،٢٠١٠ :٣٠) .

باسی نەگونجاوی ڕەدووکەوتن و خۆشەویستی دەکات لەگەڵ کلتووری کوردیدا و تاکی کورد بە ئاسانی بۆی قبووڵناکرێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجاوی لەگەڵ کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردیدا، لە ڕاستیدا لە کلتووری ئێمەدا ئەمە تەنها بۆ کچ قبووڵناکرێت، ئەگینا بۆ زۆرێک لە خانەوادەکان شانازییە کوڕەکەیان عاشقببێت و خانمی دڵخوازی خۆی بدۆزێتەوە، مەبەستمان کلتووری کۆمەڵایەتییە؛ بۆیە بۆ ڕێگریکردن لە کچەکان هەوڵیانداوە ترس و تۆقاندنی ئایینی بڵاوبکەنەوە سەبارەت بەم بابەتە، بەڵام لێرەدا خەیاڵ و خورافەیەکی زۆری تێکەڵکراوە، وەک ڕووخانی ئاسمانەکان یان هەڵقوڵانی ئاگر لە هەموو کوچەیەکی زەوییەوە، ئەمانە وەک بیروباوەڕی ئایینی بڵاوبوونەتەوە لە ناو کۆمەڵدا، لە ڕاستیدا ئایینی ئیسلام لەگەڵ خۆشەویستییەکدایە دوای هاوسەرگیریی دەستپێبکات، لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا باس لە پەیوەندیی نێوان "پەروانە" و "پوری" دەکات، دوای ئەوەی پەروانە یەکێک لە دڵدارییەکانی ئاشکرادەبێت، باوک و براکانی دەینێرن بۆ لای پووری بۆ قوتابخانەی خوشکەتۆبەکارەکان بۆ ئەوەی پەشیمان بێتەوە و بگەڕێتەوە، دەڵێت: ((بەڵام پور دوودڵ لەو ڕۆحە سەرکەشەی پەروانە،

دوودڵ لەو خەونە سـەیرانەی پەروانە لە خەیـاڵی کچەکانیـدا چانـدبووی، بە بـاوکمی گوتبوو<<شـەیتانێک لە قـووڵایی ڕۆحـی ئەم کـچەدایە، بە هـیچ دەروێش و وەلـی و پێغەمبەرێـک دەستەمۆ ناکرێت>> من درەنگ زانیم شـەیتان لە وشـەکانی ئەودا و لە تێگەیشـتنی ئەودا مانـایەکی مەجازی نییە، بەڵکو تەواو مەبەستی لە شەیتانە، مەبەستی خودی شـەیتان خۆیەتی بە هەمـان ئەو شێوەیەی، کە لە بەهەشت دەرکراوە.)) (علی،٢٠١٠ :٤٤) .

دەتوانین بڵێین ئەمە تێکەڵەیەکە لە کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی، ئەو کچانە زۆر بە جوڵەن، گوێ بە بەربەستە خێزانی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان نادەن و دەست بۆ هەموو شتێک دەبەن، کە حەزیلێدەکەن؛ بۆیە زۆرێک لە کۆمەڵ ئەم کچانە بە شەیتان وەسفدەکەن، چونکە شەیتانیش ملی بۆ مرۆڤ کەچنەکردووە، کە دروستکراوێکی گەورەی خودایە، لێرەدا "پەروانە" بە شـەیتان چوێنراوە، شەیتانێک کە هیچ پێغەمبەر و پیاو چاکێک ناتوانێت بیروباوەڕی بگۆڕێت، حەزی بـۆ سەرکەشـی و ئـازادی هێنـدە زۆرە چەنـدین سـەختی و نـاڕەحەتی قبووڵـدەکات، تەنهـا لە پێنـاو گەشـتن بە ئامانجەکەیدا، لایەنە ئایینیەکەش قسەکردنە لەسەر ئەوەی ئەو کچ و کوڕانەی پێش هاوسـەرگیریی پەیوەندیی ناشـەرعی دروستدەکەن، شـەیتان زاڵە بە سـەر بیرکردنەوەکانیانـدا و نـاتوانن بە سـەر حەز و ئارەزووەکانی خۆیاندا زاڵبن ؛ بۆیە ئاسان نییە لەناوبردنی ئەو حەز و ئارەزووانە.

پەروانە کەسێکە زۆر کوڕ دەبێتە دڵداری و زۆر کوڕ تەنها لە پێنـاو گەشـتن بە ئامـانجێکی خـۆی تاقیدەکاتەوە، کە ئەویش ئامـانجی سـەفەرکردن و هەڵهـاتنە لەو شـوێن و کلتـوورە کـۆمەڵایەتی و ئـایینیەی، کە دەوریانـداوە، کە لە ڕاسـتیدا ئەمە یـاریکردنە بە هەسـتی مرۆڤەکـان و کـارێکی مرۆڤدۆستانە نییە، ئـایین و کـۆمەڵش پەسـەندیناکەن. لە ڕاسـتیدا مـرۆڤ دروسـتکراوێکی خـاوەن غەریـزەیە، ئەوەی ئەم غەریـزەیە سـنووردارەکات و جیـای دەکـاتەوە لە ئـاژەڵ یاسـا و ئـایین و کلتوورە کۆمەڵایەتییەکانە.

لە باسـی عەشـقی "شـەهلای خودانـاس" و "عەزیـزی تیرئەنـداز" دا دەڵێـت: ((لەوێ لەگەڵ ڕاوکردنـی باڵندەکانـدا عاشـقی شـەهلا بووبـوو، کە ئەوکـات بە خـۆی و قورئـانەکەیەوە ئیـواران لەبەرهەیوانی باڵەخانەکەی باوکیدا دادەنیشت و لە نیوان هەموو سورەتێک وسورەتێکی دیکەدا، بە غەمگینی گوێی لە یەکێ لەو گۆرانییانە دەگرت، کە ئەوکات ئیستگە کوردییە جۆراوجۆرەکانی ئێران پەخشیاندەکردەوە، شـەهلا لە یەکەم نیگـاوە بە ئـارەزوویەکی کوشـندەوە بۆ عەشـق و بە ترسـێکی قـووڵەوە لە خـودا تەماشـای ئەو ڕاوکەرە دەکـات ، کە لە ژیانیـدا نیشـانی لە نێچیرێـک نەگرتبـوو، نەیپێکێت. عەزیـزی تیرئەنداز لە ژوانـی نیوەشـەوانی ئەو بـاخەدا، لە ژێـر دارهەنارێکدا بە شـەهلا

دەڵێت:"قەسەم بەم هەنارانە، خودا دژی عەشق و ڕەدووکەوتن نییە.")) (علی،٢٠١٠ :١٣٣) . لێرەدا قسە لەسەر ئەو بارودۆخە دەروونییە دەکرێت، کە مرۆڤ هەیەتی دوای ئەوەی سەرپێچی یاسا و فرمانەکانی خودا دەکات، تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێت، بەردەوام دەروونی نائارامە؛ بۆیە شەهلا کە کەسێکی خواپەرستە عاشقی گەنجێکی ڕاوچی دەبێت بە ناوی "عەزیزی تیرئەنداز" شەهلا بەردەوام لە سزای خودا دەترسێت و بوونی دوو منداڵی کەمئەندامی ناشەرعی بە سزای خودا دەزانێت بۆ ڕەدووکەوتنەکەی، لە ڕاستیدا ئایین لەگەڵ ڕەدووکەوتندا نییە و دژی دەوەستێتەوە و سزای خوداش هەیە بۆ ئەم کردەوەیە، خودا بۆ ڕێگەچارەی ئەمانە هاوسەرگیریی داناوە لەسەر فرمایشتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، تاکو بتوانن خێزانێکی سەرکەوتوو تەندروست دروستبکەن، کە خەڵک و کۆمەڵ سودیان لێببینن و منداڵەکانیشیان شانازی بە خۆیان ودایک و باوکیانەوە بکەن، دەتوانین بڵێین کلتووری کۆمەڵایەتیش کە بەشێکی زۆری لە ئایینەوە سەرچاوەدەگرێت، دژی ڕەدووکەوتن دەوەستێتەوە و ئەو مرۆڤانە بەر تانەی کۆمەڵش دەکەون، هەموو ئەم هۆکارانە هاندەربوون تا شەهلا بەردەوام لە خەم و دڵەڕاوکێدا بژی و هۆکاری بەدبەختی و ناخۆشییەکانی بۆ ئەوە بگەڕێنێتەوە دژی خودا و فەرمایشتی خودا وەستاوە.

لە شوێنێکی دیکەدا کاتێک "زەینەبی کوێستانی" ئامۆژگاری ئەو کچانە دەکات، کە لە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکاندان، باسی کاریگەریی چاو و نیگا دەکات لە ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر و عاشقبووندا، کە ئەمە لە ئاییندا زۆر جەختی لێدەکرێتەوە، پاراستنی چاو و سەیرنەکردنی حەرامەکان، چونکە وێنە زۆر زوو سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت ؛ بۆیە یەکەم هەنگاوی عاشقبوون و خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێش لە سەیرکردن و سەرنجدانەوە دەستپێدەکات؛ بۆیە دەڵێت: ((بۆ ئەوەی دەست بەسەر جەستەماندا بگرین، لە نیگاکانەوە دەستپێدەکەین، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئافرەتێک سەیری دونیا دەکات بێ ئەوەی لە چاویدا عەیاری و فیتنەیی دەرکەوێت. چۆن دەڕوانێت و ناهێڵێت بە چاوگوناه بکات ... ئافرەت زۆربەی شتەکانی بە نیگا دەڵێت، بە نیگا عەشق دادەمەزرێنێت، بە نیگا لەشی خۆی پێشکەشدەکات، بە نیگا هاوارەکانی لەشی دەگەیەنێت، پیاوانی خەتاکار یەکەمین جار سەیری چاوی ئافرەت دەکەن، یەکەم پەیام و ترسناکترین پەیامی گوناه لە چاوەوە دەستپێدەکات، ئێمە لێرە دەبێت سەیرکردنەکانتان لە هەموو شەهوەت و غەمزە و دەلالێک پاکبکەینەوە.)) (علی،٢٠١٠ :١٨٤-١٨٥).

یەکێک لەو بابەتانەی لە ئاییندا زۆر جەختی لەسەردەکرێتەوە، سەیرکردن و زیناکردنی چاوە، داوا لە مرۆڤ دەکرێت بە هەردوو ڕەگەزەوە چاویان لە سەیرکردنی گوناه بپارێزن؛ بۆیە یەکەمین هەڵەی کچە عاشقەکان نیگاکان و چاویان بووە، کە هانی داون بۆ ئەنجامدانی تاوان؛ بۆیە چاو

پێگەیەکی گرنگی هەیە لە زانستی زمانی جەستەشدا و دەتوانێت بەشێکی زۆری پەیامەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی چاو و سەیرکردنەوە بە ڕەگەزی بەرامبەر بگەیەنرێت، چونکە نیگاکانی مرۆڤ دەتوانن قسەبکەن و ببن بە یەکەمین ڕایەڵی پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە بەرامبەرەکەیەوە؛ بۆیە خودا داوای پاککردنەوەی نیگاکان لە مرۆڤ دەکات .

یەکێکی دیکە لەوبابەتانەی، کە لە ڕاکێشانی سەرنج و هەستی پیاواندا لە ئاییندا زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، بۆنە، کە داوادەکرێت ژنان عەتری بۆنخۆش بەکارنەهێنن تاکو لە ڕێگەی بۆنەوە سەرنجی پیاوان ڕانەکێشن، هەروەک دەڵێت : (( لە نیگا بدیکەازێت بۆنی جەستەتان، شەیتان لە ئەزەلەوە بۆنێکی سەیری داوە بە جەستەمان، بۆنێک دەمانخاتە بازنەی گوناهەوە، ئێوە نابێت بۆنێکتان لێبێت شەهوەت بزوینبێت، دەبێت بۆنی ئێوە لە بۆنی گوڵ و درەخت و مەخلوقاتە فیتنەبازەکانی سروشت نەچێت، دەبێت بۆنی ئێوە خاڵی بێت لە هەر شتێ لە خالقمان دووربخاتەوە و تێکەڵ بە مەخلوقمان بکات ....بۆنی جەستەتان بکوژن لەژێر جلەکانتانەوە دیلی بکەن.)) (علی،٢٠١٠: ١٨٥) .

کەواتە بۆنیش یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی، کە لە ئاییني پیرۆزی ئیسلامدا قسەی لەسەر کراوە، وەک هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان و عاشقبوونی ژن لە ڕێگەی بۆنەوە، دەتوانین بڵێین ناوبردنی بۆنی گوڵ و گیا و درەخت ئاماژەیە بۆ ئەو عەترە زۆرانەی لەم ڕۆژگارەدا هەن و هەریەکەیان لە بۆنی گوڵێک یان درەختێکی سروشتییەوە وەرگیراون؛ بۆیە باشتروایە خانمان بۆنێک بەکارنەهێنن بڵاوبێتەوە و تیژ و سەرنجڕاکێش بێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بە جەستەیانەوە بمێنێتەوە. هەرچەندە لە باسکردنی بابەتە ئایینییەکاندا زیادەڕەوییەکی زۆر هەیە، ئایین بۆ ئاسانکاری بۆ ژیانی مرۆڤ هاتووە، نەک قورسکردنی باری سەرشانی خەڵک، هەرشتێکیش خودا داوایکردبێت لە مرۆڤایەتی حیکمەت و گرنگی خۆی هەیە و ژیانی مرۆڤ دامەزراو دەکات. کەواتە ئایین ڕێگە بە خۆشەویستییەک نادات ، کە بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن بێت و ژن تیایدا کالایەک بێت بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاو. ئەگینا خودی خێزان و هاوسەرگیریی لەسەربنەمای خۆشەویستی دادەمەزرێت و بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە؛ بۆیە لە ئیسلامدا خۆشەویستی باش ئەوەیە لە دوای هاوسەرگیری دەستپێبکات، نەک لە پێشەوە ئەو دوو مرۆڤە لەیەک تێربن و دوای هاوسەرگیریی تاقەتی یەکیان نەمێنێت و تەنها بۆ چێژێکی کاتی پێکەوەبن. "مەلا کەوسەری باخەوان " دەڵێت: ((گوناه هێندە زۆر بووە شارەکان نایگرێت، دەشتە پان و بەرینەکان نایگرێت، بیابانەکان نایگرێت، بڕوانن گوناه وەکو باران بەسەرسەرماندا دەبارێت، گوناه

وەکو با بەسەر سەرماندا هەڵدەکات، گوناه وەکو بەفر لەسەر ڕۆحەکان نیشتووە.)) (علی،٢٠١٠ :١٢١).

بەم پێیە ئەوجۆرە عەشقە سەرچاوە و دەروازەی یەکەمی نەهامەتی و خراپە و زوڵمەت و گوناهە، زۆریی عاشقان و فراوانبوونی پانتایی عەشق بە واتای فراوانبوونی پانتایی گوناه و تاوان دێت. نوسەر لە دروستکردنی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیدا ئارگۆمێنتی کلتووری بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە ناوی (مەلا کەوسەری باخەوان)دا، (مەلا کەوسەر)، کەوسەر مانایەکی ئایینی هەیە، کە سەرچاوەیەکیی شیرین و خۆشی ئاوی بەهەشتە. وشەیەکی کلتووری ئایینەیە و نوسەر بە مەبەست بەمجۆرە ناوی کارەکتەرەکانی دەنێت.

## ٢-کلتوور و خۆشەویستی:-

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لای مرۆڤەکانی کۆمەڵ باوە، بابەتی خۆشەویستییە، خۆشەویستی یان عاشق بوون؛ وەکو بابەتێکی مرۆڤایەتی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی و نەریتی خۆیەتی، بە پێی جۆری خۆشەویستی کلتوورە کۆمەڵایەتییەکە گۆڕانی بەسەردادێت، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ خۆشەویستی بژی و عەشق داینەمۆی ژیانە، خۆشەویستی یەکێکە لەو هەستانەی کە خودا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە تاکو هێزی پێکەوەژیانیان پێببەخشێت، مرۆڤیش سەرپشکە لەوەی ئەو هەستە لە چ بوارێک و بە چ ئاڕاستەیەک بەکاردەهێنێت، نوسەر هەستی بە گرنگیی خۆشەویستی کردووە؛ بۆیە خۆشەویستی کردووەتە بناغە و دەروازە بۆ دەربڕینی هەموو ڕازەکانی خۆی و دەیەوێت خۆشەویستی لای مرۆڤی کورد و کۆمەڵی کوردی بکات بە شتێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو. هەموو میللەتێکی پێگەیشتووی خاوەن ئەزموون خاڵی نییە لە چیرۆکی خۆشەویستی؛ بۆیە کوردیش هاوشێوەی میللەتان چیرۆکی خۆشەویستییان هەیە، بەڵام کامە خۆشەویستی و چ جۆرە خۆشەویستییەک ؟ "بەختیار علی" لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا سەرەڕای ئەوەی، کە هەستی خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتیمان لە تێڕوانینی کارەکتەری (نەسرەدینی بۆنخۆش)دا دەردەکەوێت، کە پێشمەرگەیەکی پارێزەری خاکی نیشتیمان و نەتەوەی کوردە، کە هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان وای لێدەکات، ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت؛ بۆیە دەتوانین بڵێین ((عەشق ئەو هەستەیە کەوا لە دڵدار دەکات گوێبیستی هیچ شتێک نەبێت تەنیا وتەی خۆشەویستەکەی نەبێت، هیچ شتێک نەبینێت تەنیا دیمەنی ئەو نەبێت، هیچ قسەیەک ناکات تەنیا ناوهێنانی ئەو نەبێت، دڵی دڵدار دادەخا و کەسی تێدا نامێنێت تەنها خۆشەویستەکەی نەبێت و تەنها خەیاڵی ئەو دەکات، بە پێچەوانەی ئەم دۆخانەی سەرەوە عەشق نییە.)) (ادونیس،٢٠٠٦ :٩٦).

دەتوانین چەند جۆرێکی دیکەی خۆشەویستی جیابکەینەوە، یەکەمیان: خۆشەویستی خودایی، خۆشەویستی خودایە بۆ عەبد و عەبد بۆ خودا، کە خۆشەویستییەکی نەمرە و بەردەوامە، دووەمیان: خۆشەویستییە بۆ رەگەزی بەرامبەر، لێرەدا هەستەکان زاڵدەبێت بەسەر مرۆڤدا، عەشقێکی دونیاییە و لەناودەچێت. بە شێوەیەکی گشتی دوو بۆچونی باو لەبارەی عەشقەوە بوونی هەیە، بۆچوونی یەکەمیان بۆچوونێکی ئاینییە، خۆشەویستی و عیشق بە هێزێکی شەیتانی دەزانێت، کە مرۆڤ تووشی گومڕایی دەکات و دووری دەخاتەوە لە ئەقڵ و دەیخاتە ناو ژیانێکی بێهودەوە، لە هەمان کاتدا بۆچوونێکی دیکە هەیە عیشق بەو هێزە دەبینێت کە مرۆڤ بەرە و ژیانێک دەبات، ململانێی شەڕ و شۆڕشی تێدا نەبێت، ئەو هێزەیە، کە دۆستایەتی دەخاتە شوێنی دوژمنایەتی و ئاشتی دەخاتە شوینی شەڕ و پەیوەندیی نێوان خەڵکی لە پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخوازانەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەک، کە تێیدا مرۆڤەکان ئامادەن لە پیناو یەکتریدا ژیانی خۆیان ببەخشن. نموونەی ئەم دوو جۆرەی خۆشەویستی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا دەبینرێت، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین: بۆ نموونە لە باسکردنی پەیوەندیی پەروانە و ژمارەیەک کچی جوان و کەشخەی شاردا باس لەوە دەکرێت چۆن ئەم کچانە هەوڵیانداوە پیاوان عاشقی خۆیان بکەن و فریویان بدەن لە پێناو گەشتن بە ئامانجەکانی خۆیاندا، دەڵێت: ((من دەمزانی هەر ئەو کچانە کەناڵی پەیوەندیی پەروانەن، بە برێکی زۆری ئەو گەنجانەوە، کە دەیانناسێت، هەر ئەو کچانەش ڕاوکەری بێڕەحمی ئەو بوون، هەریەکەیان بە شێوەی خۆی و بە ڕێگای خۆی و بۆ کەسی خۆی ڕاویدەکرد، ئەویش دوای هەموو داوەکان دەکەوت، هەموو ژەهرەکانی دەخواردەوە، لەیەککاتدا دەچووە ناو دەیەها پەیوەندییەوە کە خۆی سەر و بنی لەیەکدی جیانەدەکردەوە ، دڵنیاشبوو کە هیچ یەکێ لەو پیاوانەی لەو ڕێگایەوە دەیانناسێت نە پیاوی خەونەکان و نە پیاوی چارەنووسیشن....)) (علی ،٢٠١٠ :١٧).

لێرەدا ئاماژە بە دیاردەیەک کراوە، کە تاڕادەیەک وەک بەشێک لە کلتووری کۆمەڵی ئێمەی لێهاتووە، کە ئەویش کلتووری فریودانە، کە پەروانە وەک ژنێک لە یەککاتدا پەیوەندیی لەگەڵ چەندین پیاودا هەیە، بە ئومێدی ئەوەی یەکێک لەو پیاوانە بیباتەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆی و بۆ ژینگەیەک، کە تییدا بتوانێت بە ئازادی بژی و بیربکاتەوە، کە ئەمەش لە کلتووری کۆمەڵایەتی ئێمەدا قبووڵنەکراوە و باوک و براو کەسوکار پێیان قبووڵناکرێت. بۆیە دەبینین ئەو کارەکتەرە و خوشکەکەشی، کە بە پەیوەندییە زۆرەکانی دەزانێت بەردەوام لە نائارامییەکی دەروونی قووڵدا دەژین و لە کوشتن و ئاشکرابوون دەترسن؛ بۆیە "خەندان" پێی دەڵێت "دەتکوژن...دەتکوژن، بۆ وادەکەیت، خۆ تۆ سۆزانی نیت"کە ئەمە دەریدەخات "پەروانە دەستی بۆ کارێکی زۆر ترسناک

بـردووه و مەترسـی کوشـتنی لەسـەرە، دەکرێـت یەکێـک لە هۆکارەکـانی ئەم کـارە نەبـوونی خۆشەویسـتی تەواو بێـت بـۆ "پەروانە " لە لایەن خـانەوادەکەیەوە، ئەو بۆشـاییە دەروونـی و ڕۆحییەی هەیبووە بەوجۆرە پڕیکردووەتەوە.

لە شوێنێکی دیکەدا باس لەوەدەکرێت، بەهۆی نەبوونی شـوێنەوە بـۆ ئەوەی عاشـقان یەکی تێدا ببینن، "نەسرەدینی بۆنخۆش" بیر لە دروستکردنی شـوێنێک بـۆ عاشـقان دەکاتەوە و دەڵێت: (( تاڕۆژێـک ئەو لە شـار دەژیـا شـتەکان بە جـۆرێکی ئاسـایی و بـێ هـیچ نەفەسـێکی ئەفسـانەیی دەچـوونە پێشـێ، زۆرجـار خـۆی نـامەی عاشـقانی لە نێـوان قوتابخانەکـانی کچـان و کوڕانـدا دەگوازتەوە، زۆرجار ستۆدیۆ چکۆلانەکەی خۆی دەکرد بە جێگای ژوانی ئەو قوتابییە ناکامانەی شوێنێکیان نەبوو لەم مەملەکەتەدا یەکتری تێدا ببینن...)) (علی،٢٠١٠: ٦٢). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لەبەرئەوەی خۆشەویستی لە کلتووری ئێمەدا قەدەغەکراو بووە و کچ و کوڕەکـان نەیانتوانیوە ئازادانە یەکببینن؛ بۆیە شوێن نەبووە ناچاربوون دوور لە چاوی کۆمەڵ ژوان دابنێن ویەکببینن. زۆرجار نەبوونی شوێن بۆ قسەکردن ناچاریکردوون لە ڕێگەی نامەوە پەیامی خۆیان بگۆڕنەوە و هەستەکانیان بۆ یەکتری دەرببڕن، (( دوو هەفتە دوای ئەو ئێوارەیە "گۆڤەند " و "دلارام" پێکەوە لە یاریگا چکۆلانەکەدا پیاسەیاندەکرد، بەڵام بەوەدا کە شورای یاریگاکە دەکەوتە سەر شەقامێکی زۆر قەرەباڵغ و گشتی هەر زوو دەبایە واز بهێنن و بیر لە جێگایەکی دیکە بکەنەوە یەکتری تیا ببینن، ئیـدی لەو ڕۆژەوە موسـیبەتەکان دەسـتی پێکـرد، دلارام نە بەوە ڕازیبـوو بێـتە مـاڵی گۆڤەنـد نە بەوەش ڕازی بوو لەگەڵیدا بچێتە باغەکانی قەراغ شار، هەردوو جێگاکەشی بە ترسناک دەزانی...)) (علی،٢٠١٠: ٦٤).

لێرەدا بەتەواوی تێڕوانینی کۆمەڵمان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ، کە لە کلتوورەکەماندا قەدەغەکراوە؛ بۆیە دەبینین کچەکان چەندە لە چاوی کۆمەڵ ترسـاون و ترسـی ئەوەی خێزانەکانیـان ببیسـتێت و بیانکوژێـت؛ بـۆیە هەمیشـە لە دەروونێکـی زۆر نائارامـدا ژیاون، (("نەسرەدینی بۆنخۆش" لە ناو دەشتی واهیمە سەوزەکاندا دەیگوت"هەموو ئەو عاشقانەی کە جێگایەکیـان نیـیە، کە زوڵمـی خێـزان و قەبـیلەو شـەیتان لە یەکـدی جیـاکردونەتەوە، دەبێـت باغچەیەکی ئازادیان هەبێت ....عەشق دەبێت زەوی خۆی هەبێت." لەیادمە پەروانە لەو وەرزەدا بە منی دەگوت" یەکێک دەدۆزمەوە دڵی لە گوڵ نەرمدیکەبێت، هەستی لە گەڵای گوڵەباغ ناسکتربێت، خەیـاڵی وەکـو شـەوبۆ و نەسـرین و یاسـەمین ڕازاوەبێـت."...)) (علـی،٢٠١٠ :٨٦-٨٧). "نەسـرەدینی بۆنخۆش" لێرەدا نوێنەرایەتی چینە ڕۆشـنبیرەکەی کۆمەڵ دەکات، داوادەکات عاشـقەکان ژینگە و شوێنێکی تایبەتیان هەبێت، کە دووربێت لە هەمـوو یاسـا و دابونەریت و کلتوورێکی کۆمەڵایەتی،

تاکو بتوانن ئازادانە ناخی خۆیان دەرببڕن و گوزارشت لە عەشقەکەیان بکەن، چەند دەربڕین و وەسفێکی ناسک بۆ عاشقەکەی بەکاردێنێت، کە هەمووی لادانی زمانی و واتایی تێدا بەکارهاتووە، ئەو هەموو زوڵم و ڕەقییەی لە باوک و براکانی بینیویەتی وایلێکردووە ئارەزووبکات پیاوێکی دەستبکەوێت، بەو شێوەیە بێت، هەست ناسک و خەیاڵ جوان، کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی کلتوورێکی داخراون، کە جێگەی هەندێک کرانەوە و تێکەڵی لە ڕادەبەدەری نێر و مێی تێدا نابێتەوە، بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاکاندا، کە ئەم ڕۆمانەی تێدا نووسراوە بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی زۆر داخراوبووە؛ بۆیە خۆشەویستی و عەشق لە کلتووری ئێمەدا ڕێگە پێدراونەبووە و بۆ کوڕەکان ئاسایی بووە خۆشەویستیان هەبێت، بەڵام بۆ کچەکان ئاسایی نەبووە، لە لایەن باوک و براکانیانەوە دووچاری لێدان و توندوتیژی خێزانی بوونەتەوە، چونکە لە کۆمەڵدا باسکراون و قسەیان لەسەرکراوە؛ بۆیە خێزانەکانیان ئەوەیان پێ قبووڵنەکراوە، زۆرجاریش کوڕەکان چوونەتە خوازبێنی کچەکان بە مەبەستی هاوسەرگیریی، بەڵام خێزانەکانیان بەو هاوسەرگیرییە ڕازینەبوون؛ بۆیە زۆرجار پێکەوە ڕایانکردووە و دواجاریش لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون، چونکە ڕەدووکەوتن لە کۆمەڵی ئێمەدا ڕێگە پێدراو نییە و بە کردەوەیەکی ئابڕووبەرانە لێکدەدرێتەوە؛ بۆیە دەبینین هەموو ئەو چیرۆکی عەشق و ڕەدووکەوتنانەی لەم ڕۆمانەدا هەن خێزانەکان لە دوای ئەو کچ وکوڕانەوە باجەکەیان داوە و خێزانەکان بە تەواوەتی لێکترازاون و کچ و ژنەکانی دیکەی ئەو خێزانە دواجار باجی کردەوەی خوشک و دایکیان داوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە کلتووری ئێمەدا بەوجۆرەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەر دەکرێت ڕێگە پێدراو نییە وە ئەم کچ و کوڕانە لەبەر ئەوەی زۆربەیان لەبەر بەرژەوەندییەکی کەسی عاشقی بەرامبەرەکەیان بوون؛ بۆیە کۆتایی عەشقەکەیان بە دوورکەوتنەوە و نەمانی هەستی خۆشەویستی لە نێوانیاندا بووە، لە کۆتاییدا تەنها "گۆڤەند " و "دلارام" پێکەوە دەمێننەوە، عاشقەکانی دیکە یەکتری بە جێدەهێڵن و واز لە خەونەکەی خۆیان دێنن، کەواتە عەشق دەبێت لە دڵەوە بێت و تەنها لە پێناو بە دەستهێنانی کەسی بەرامبەردا بێت نەک ئامانجی دیکەی لە پشتەوە بێت.

### ٣-١-٢: نەریت و کلتووری ئیسلامی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا :-

لەنێو کۆمەڵی کوردیدا ئایین و کلتووری ئیسلامی لە ئێستادا باڵادەستترین ئایینە، کە کوردەکان پێڕەوی دەکەن و باوەڕیان پێیهێناوە، بەڵام ڕەگوڕیشەی ئایین و ئایینزا کۆنەکانی ناوچەکەش بە تەواوەتی لەناو نەچوون و بە زیندوویی ماونەتەوە و پێڕەوکەرانیان هەیە، لەوانە ئایینی (

زەردەشتی، مەسیحی، ئێزیدی، جوولەکە، کاکەیی و...هتد) هەریەکێک لەم ئایین و ئایینزایانە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیانن، بەڵام زۆرجاریش لە نێو ئاشی کۆمەڵی کوردیدا دەهاڕدرێن و سنووری کلتووری ئایینەکان تێکەڵاو دەبێت و لە کلتوورێکی گەورەدا کۆ دەبێتەوە، دەتوانین بڵێین باوەڕی سەرەکی و کلتووری باڵادەستی نێو ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، کلتووری ئیسلامییە بە مەزهەبە جیاوازەکانییەوە، ئێمە لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین جەخت لەسەر هەندێک بابەتی ئایینی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا بکەینەوە، کە وەکو دابونەریت و ڕێوڕەسمی ئایینی دەردەکەون و ئاماژەیان بۆ کراوە و ناچینە نێو باسی وردەکارییەکانی بابەتە ئایینییەکانی وەکو (باوەڕبوون، شەریعەت، حاڵ و مەقامە ئایینی و سۆفیگەرییەکان..)، چونکە بابەتی ئێمە نین و پێشتر توێژەرانی دیکە قسەیان لەسەرکردوون. لێرەوە دیارترین ئەو کلتوورە ئایینیانە دەخەینەڕوو، کە لە ڕۆمانەکەدا هەن و قسەیان لەسەر کراوە، ئەگەرچی ڕۆمانەکە زۆر بە توندیی باسی ئایینی ئیسلام و کلتووری ئایینی دەکات و زۆرداریی و سەپاندنێکی زۆری تێدادەبینرێت، کە ئەمە زیادەڕەوییە و لەگەڵ سروشتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت، نوسەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ توێژەر ئاماژە بەوە دەکات، کە لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەدا لە وڵاتی (ئێران) ژیاوە و کاریگەریی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئایینییەی لە ئێران هەبووە زۆر لەسەر بیرکردنەوەی ڕۆماننووس و فەزای گشتی ڕۆمانەکە دەبینرێت، چونکە وڵاتی ئێران وڵاتێکی ئیسلامییە و بە پێی ئایینی ئیسلام بەڕێوەدەبرێت، ئەمە وایکردووە نوسەر هەموو کۆمەڵ مسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵات بە یەک چاو ببینێت و قسە لەسەر گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بکات، چونکە نوسەر پێیوایە کلتووری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو کۆمەڵگایانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە، دەتوانین سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوانە لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا ببینینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١-نەریتی قوربانیکردن (جەژنی قوربان):** جەژنی قوربان جەژنێکی پیرۆزە لە لای مسوڵمانان و یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە ڕۆژی دەیەمی (ذی الحجە) دەستپێدەکات و دوای ڕۆژی عەرەفە دەبێت، جەژنی قوربان پەیوەندیی بە چیرۆکی قوربانیکردنی (حەزرەتی ئیسماعیل ) لەلایەن پێغەمبەر ئیبراهیمی باوکییەوە هەیە، بەڵام لەو ڕۆژەدا خوای گەورە ئەمریکرد لە بری (ئیسماعیل) مەڕێک بکرێتە قوربانی، لەبەرئەوەیە مسوڵمانان لەم ڕۆژەدا قوربانی دەکەن و خێردەکەن، ئەم نەریتە یەکێکە لەو نەریتە گرنگانەی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا، قسەی لەسەرکراوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر زیادەڕەویی و بابەتی خورافی تێکەڵی بابەتە ئایینەیەکان کراوە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین: ((هەموو شتەکان لەو ئێوارە فێنکەی بەهارەوە دەستیان پێکرد کە من "خەندانی چکۆلانە" و "پەروانە" دەبووایە لەسەر سینییەکی گەورە گۆشتی ئەو

قوربانیەمان ببەخشیایەتەوە، کە ساڵانە بابم بەر لە قوربان دەیبەخشییەوە، ئێستاش هەموو شتێکم لە بیرە، سەرەتای گەڕانەوەی ڕۆژە سەوز و پڕ لە شادییەکانی ساڵ بوو، خەڵکی لە هەموو کون و قوژبنێکی شاردا قوربانییان سەردەبڕی، پێدەچوو دەمێک ساڵ بێت وەکو ئەم قوربانە نێچیر بەو زۆرییە نەخرابێت، پۆلە باڵندەکان بە کۆ لە باشوورەوە دەگەڕانەوە و بە مەستی بەسەر ئەو کەرنەڤاڵی خوێنەدا دەفڕین، کە لەو بەهارەدا شاری بەجۆشهێنابوو، ئاخر زۆرجار ترس یاخود خوێن بە زمانێکی نهێنی نێچیرەکانی خۆیان بانگدەکەن ...)) (علی ،٢٠١٠ :٦) .

جەژنی قوربان یەکێکە لە جەژنە ئایینیەکانی مسوڵمانان، کە تێیدا خۆشی و شادی دەگێڕن و لە ڕێگەی پڕۆسەی قوربانیکردنەوە داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن، بەڵام ئەم قوربانیکردنەی باسکراوە تا ڕادەیەکی زۆر خورافەی تێکەڵکراوە و زیادەڕەوی تێداکراوە، چونکە باس لەوە دەکات، لافاوی خوێن هەستاوە و چەندین گۆمی خوێن لە کۆڵان و گەڕەکەکاندا دروستبووە، ڕاستە قوربانیدەکرێت و ئاژەڵ سەردەبڕدرێت، بەڵام بەو ڕێژەیە زۆر نییە کە لافاوی خوێن هەڵبسێنێت، باس لە "بۆنی خوێن" دەکات، کە دەکرێت تەنها ئاماژە نەبێت بە کوشتنی ئاژەڵ، بەڵکو ئاماژەبێت بەو جەنگە زۆرانەی لە کوردستاندا هەبوون و چەندین مرۆڤ بوون بە قوربانی و خوێنیان ڕژاوە، دەکرێت بۆنی خوێن ئاماژەبێت بۆ کوشتنی مرۆڤ، مەرج نییە قوربانیکردن تەنها مەبەست لە قوربانیبوونی ئاژەڵ و گیانداران بێت، دەکرێت لە کۆمەڵێکی وەکو کۆمەڵی کوردیدا مرۆڤ خۆشی قوربانییەکی گەورەبێت، بەوەی ناتوانێت ئازادبێت چەندین کۆتوبەند ڕێگرن لەبەردەم ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵی کوردیدا. ئەم نەریتی قوربانیکردنە وایکردووە مرۆڤەکان زۆر دڵڕەقانە بتوانن سەیری قوربانیکردنی ئاژەڵەکان بکەن. ((من لەوەوبەر پەروانەم وەها نەدیبوو، پەروانەم نەدیبوو بە سەعات لەبەر ئەو پەنجەرەیەدا ڕاوەستێت و چاو لەو مەیدانە نەدیکەوکێنێ کە پیاوانی زەبەلاح گای قەترانیان بۆ دەهێنا پێکیشەوە دەمانبینی کە کڕیارە سادە و ساویلکەکان بە نەشارەزایی خۆیان بەناویان دەکەوتن و دواجار لە دەرگایەکی چکۆلانەی تەختەوە کێشمەکێش"گا"یەکیان ڕادەکێشایە دەرێ و کۆڵانە و کۆڵانە بەو شاری تەپوتۆزەدا، تا بەردەرگاکانی خۆیان دەیانبرد.)) (علی ،٢٠١٠ :٦).

ئەگەر سەرنج بدەین لەم پڕۆسەی قوربانیکردنەدا پیاوان ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی دەگێڕن، ئەوانن ئاژەڵەکان سەردەبڕن و دەیانکەن بە قوربانی، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو سروشتە بایۆلۆژییە بگەڕێتەوە، کە پیاوان هەیانە و کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی هەست و سۆز و دڵڕەقانەدیکە لە ژنان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا بکەن؛ بۆیە توانای ئەنجامدانی زۆر کاری قورسی جەستەیی و دەروونیان هەیە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاربێت بۆ ئەوەی کە پیاوان زیاتر

بەئەرکی قوربانیکردن و سەربڕینی ئاژەڵەکان هەڵدەستن، ژنان بەهۆی میهرەبانی و زاڵبوونی هەست و سۆزەوە، کەمتر توانای ئەنجامدانی ئەم کارانەیان هەیە، ((چەندین ڕۆژبوو شار یەکپارچە خوێن بوو...هەر جێگایەک دەچوویت، هەر خوێن بوو... هەر کوچەیەک دەچوویت، هەر خوێن بوو...بۆنی خوێن لە گەورە و بچوکی ئەم شارە هەڵدەستا....)) (علی ،٢٠١٠: ٧).

ئەم پەرەگرافە زیادەڕەوی و خورافەی تێدایە، چونکە لە ڕاستیدا پرۆسەی قوربانیکردن لە کۆندا لەسەر شەقامەکان ئەنجامدەدرا، بەڵام ئێستا لەسەر شەقامەکان و ناو کۆڵاندا ئەنجامنادرێت، بەڵکو لە جێگای تایبەت بە خۆی ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەگەر مەبەست لە کوشتنی مرۆڤ بێت لە ساڵانی هەشتاکاندا لە کۆمەڵی کوردیدا جەنگ زۆر ڕوویداوە و مرۆڤی زۆر بوونەتە قوربانی، تا ئاستی بڵاو بوونەوەی خوێن لە شەقامەکاندا، واتە چەندین ڕێگای جیاواز بۆ کوشتنی مرۆڤەکان بەکارهاتووە؛ بۆیە کارەساتەکانی (کیمیاباران، ئەنفال، جەنگی عێراق-ئێران، جەنگی ناوخۆ) هەموو لەو ساڵانەدا ڕوویداوە و خەڵکێکی زۆر و بێ شومار بوونەتە قوربانی و گیانیان لە دەستداوە، ((پەروانە خۆی سینی قوربانییەکەی لەسەرسەری هەڵگرتبوو، بەڵام خوێن بە جۆرێک گۆمێچکەی بەستبوو، نەماندەزانی چۆن لە نێویدا بڕۆین و بازبازێن بکەین ...هەنگاوێ دەڕۆشتین و پۆنگاوێکی دیکەی خوێنمان دەبینی، لاماندەکردەوە کۆڵانەکانی دیش هەموو هەر دەریاچەی چکۆلانەی خوێن بوون .ئەوەی من و پەروانەی تورە دەکرد دیمەنی ئەو منداڵانەبوو، کە دەستیان دەخستە خوێنەکەوە و دەیاندا لە دار و دیوارەکان، دەیاندا لە لەش و دەموچاوی خۆیان، یان لە لەش و دەموچاوی هاوڕێکانیان، من بە دیمەنی ئەو کۆلارە خوێناوییانەش کە هەموو ئاسمانیان سوورکردبوو تەواو پەستبووبووم، پەروانەش هەروەکو ڕۆژانی پێشوو دەیویست تکەیەکی خوێن چییە بەر لەشی نەکەوێت...)) (علی،٢٠١٠ :٧).

ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە مامەڵەی منداڵە لەگەڵ خوێندا، لە ڕاستیدا منداڵ بوونەوەرێکی زۆر ناسکە و پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی دەروونی منداڵ بکرێت، لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هۆی جەنگ و کوشتاری بەردەوامەوە هەمیشە منداڵان قوربانییەکی گەورەن و لە ژینگەیەکی تەندروستدا گەورەنابن، کە دیمەنی خوێن و کوشتن نەبینن، لە ئێستادا تەنانەت خێزانەکانیش ڕەچاوی ئەوە ناکەن، کە لە ڕێگەی میدیا و دراماوە منداڵان ئاشنای هەندێک دیمەنی تراژیدی دەبن، کە بە تەواوی کاریگەریی لەسەر دەروون و کەسایەتیان دادەنێت و زۆرشت هەر لە منداڵیەوە بە لایانەوە ئاساییدەبێتەوە، چونکە هەموو خێزانەکان بە گەورە و بچووکەوە پێکەوە دادەنیشن و سەیری دیمەنی دراماکان دەکەن، دایک و باوک هێندە هۆشیارییان نییە ڕێگە نەدەن منداڵەکانیان سەیری ئەو دیمەنانە بکەن؛ بۆیە خوێن و یاریکردن بە خوێن لەلایەن

منداڵانەوە لە کۆمەڵی ئێمەدا شتێکی ئاساییە، کەواتە نەریتی قوربانیکردن وەکو نەریتێکی ئایینی، هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا قسەی لەسەر کراوە، بەڵام تێڕوانینی ڕۆماننووس بۆ قوربانی و جەژنی قوربان لەم ڕۆمانەدا تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ پرۆسەکە و بە کارێکی پەسەندی دانانێت و وەک ڕەمزێک بۆ دڵڕەقی و دڕندەیی مرۆڤ سەیریدەکات، خۆشی زۆر لەگەڵ پێڕەو و پرۆگرامی ئایینی ئیسلامدا نییە و لە زۆر لە نووسینەکانیدا ڕەخنە لە ئایین دەگرێت.

**٢- نـوێژکردن و مـزگەوت:** نـوێژ ئەرکێکـی ئـایینی کـۆنە، بە پێـی سـەرچاوە مێژووییەکـان لە دێرزەمـانەوە مـرۆڤ ئەنجامیداوە ((نـوێژ بـریتییە لە نمایشـکردنی حـاڵەتێکی جەسـتەیی تـایبەت بۆ گەورە نیشـاندانی کەسێک یـان شـتێک لە ڕێگەی کڕنووشـبردن و چەمـانەوە و پـاڕانەوە لێـی، کە ئامـانجەکەی بە گەورە زانینـی ئەو و پیشـاندانی بێدەسـەڵاتییە بەرامـبەر هێزێکـی باڵادەسـت، کە بە باوەڕی کەسەکە کۆنترۆڵی گەردوونی لەدەستدایە .)) (عەبدول، ٢٠٢٠ :١٥٧).

مرۆڤ لەناو نوێژکردندا جگە لەوەی جوڵەیەکی جەستەیی زۆر ئەنجامدەدات، هەندێک ویرد و دوعـای ئـایینیش دەخوێنێـت، کە نـاوەڕۆکەکەی دیسـانەوە پیشـاندانی گەورەیـی ئەو زاتەیە، لە زۆربەی ئایینەکاندا نوێژکردن یان شتێکی هاوشێوەی نوێژکردن هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیەوە پەیوەندیی لەگەڵ خودادا ببەستێت و داواکارییەکانی خۆی ئاڕاستەبکات، مزگەوتیش ئەو شوێنە پیرۆزەیە، کە لە ئایینی ئیسلامدا مسوڵمانان فەرزی نوێژ یان پەرستش و پاڕانەوەی تێدا بەجێدەهێنن. مزگەوت تەنها بۆ جێبەجێکردنی نوێژی بە کۆمەڵ و هەینی نییە، بەڵکو ناوەندێکی کۆمەڵی مسوڵمانانە، ناوەندێکی ڕامیاریی و ئایینییە بۆ گەلانی مسوڵمان، کە نوێژی تێدادەکرێت و تاوتوێی زۆرێک لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی تێدا دەکرێت. ئەگەر بە مێژووی ڕابردووی کوردیشدا بچینەوە مزگەوت و حوجرەکان ناوەندێکی ئەدەبی و زانستی گەورە بوون و شـوێنی دەرکەوتنـی چەنـدین کەسـایەتی گەورەی مێژوویـی و ئـایینی و ئەدەبـی بـوون، کە ڕۆڵـی گرنگیان لە مێژووی گەلی کورددا هەبووە؛ بۆیە دەبینین (نوێژکردن و مزگەوت) وەک بەشێک لە کلتـووری ئـایینی و ئیسـلامی لە ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانە)دا قسـەیان لەسـەرکراوە، بـۆ نمـوونە لەکـاتی گەڕان بەدوای "پەروانە" و "فەرەیـدون" دا، لە لایەن کەژاوەی خوشـکە ئیمانـدارەکانەوە لە شـوێنێکدا دەڵێـت: ((نـوێژبکەن تـا دەیانـدۆزینەوە، نـوێژبکەن تـا ئەم ئـابڕووچوونە پاکـدەکەینەوە، دەوەسـتاین و ئەو ڕەوە سـەیرە لە مەخلوقـاتی نەناسـراو، ئەو هەزارەهـا دەسـت و چـاو و لێـوەی لەناکاو ڕژابوونە نـاو ژیانمـانەوە، بە هەمـوو لایەکی ئەو مزگەوتەدا دابەشـدەبوون، هەمـوو بەیەک شەپۆلی سەیر لەژێر کۆڵەکەکاندا، لەژێر منارەکاندا، لەژێر چەتری دەروێشەکاندا، لە ڕاڕەوی نێوان هۆڵەکـانی پرسـەو سـالۆنی نـوێژە دەسـتە جەمعییەکانـدا بڵاودەبـوونەوە. پـورم بە دەنگێکـی وەکـو

ئەوەی لە گەرووی ئەو گومەزە گەورانەوە بێتەدەرێ هاواریدەکرد"نوێژی پاکبوونەوە بخوێنن، دوعایەک بخوێنن، خودا یارمەتیمان بدات گرێکوێرەی شەیتانەکان بکەینەوە ". ئەو وایدەگوت و دەریایەک لە مەخلوقات پێکڕا دادەنەوین و نوێژیاندەکرد.)) (علی،٢٠١٠ :٣٥-٣٦).

لێرەدا نوێژکردن وەک فریادڕەسێک باسی لێوەکراوە، کە هاوکاری مرۆڤ بکات لە دۆزینەوەی ونبووەکان و کەسانی تاوانکاردا، مزگەوتیش وەک شوێنێکی پیرۆز، کە دوعاکان تێیدا گیرادەبێت قسەی لەسەر کراوە، ئەگەرچی وێنەیەکی جوانی مزگەوت و ئەوکەسانەی سەردانی مزگەوت دەکەن نیشاننادات، وەکو کەسانێکی بیر بچووک لێیاندەڕوانێت، کە خۆیان دەستوپێ سپین و بۆ هەموو شتێک هەر داوا لە خودا دەکەن و ئەقڵ و ژیری و توانا جەستەییەکانی خۆیان بەکارناهێنن بۆ گەشتن بەو شتانەی دەیانەوێت. دواتر باسی دەستتێوەردانی تاکی کۆمەڵی کوردی دەکات بۆ سەر ژیانی یەکتر و کێشەی یەک و قسەکردن لەسەر هەموو شتێک، بەبێ گوێدانە ئەوەی پەیوەندیی بە ژیانی ئەوانەوە هەیە یاخود نا؛ بۆیە هەموو ئەو مرۆڤانەی لەو مزگەوتە کۆبوونەتەوە ئەو کلتووری دەستخستنە ژیان و کێشەکانی ئەوانی دیکە کۆیکردوونەتەوە، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە مرۆڤ بێ ئەوەی شتێک ببینێت یان شاهیدحاڵێک هەبێت لەسەر ڕووداوێک بڕوا بە هەموو شتێک بکات، کەواتە لێرەدا مزگەوت و نوێژکردن وەک پەناگەیەک هانایان بۆ براوە بۆ دۆزینەوەی عاشقە هەڵاتوەکان، لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵی ئێمە تەنها وەک ڕۆتینێک نوێژ دووبارە دەکەنەوە دەڵێت : (( من چاوم دەنووقاند و لە ناو گوتنەوەی توتی ئاسای ئەو حەرفانەدا کە هیچی تێنەدەگەیشتم خۆم کەنەفتدەکرد، دەمویست نە گوێم لە دەنگی بروسکەکان بێت، نە گوێم لە چرپە چرپی ئەو ژنانەبێت، کەبە پسکە پسک باسی ژیانی من و پەروانەیان دەکرد...)) (علی ،٢٠١٠ : ٣٦).

لێرەدا باس لە کلتوورێکی باو و دیاریی ناو کۆمەڵی کوردی دەکات، کە زۆرێک لە ئێمە مسوڵمانین و ڕۆژانە پێنج جار نوێژدەکەین، بەڵام ئەمە تەنها وەک ڕاهاتن و ڕۆتینێک دووبارەدەکەینەوە بێ ئەوەی لە واتای نوێژ و فەلسەفەی نوێژکردن بگەین، ئەو سورەت و ویردانەی لە نوێژدا دەخوێنرێن ئێمە واتای هیچیان نازانین؛ بۆیە نوێژەکان ناتوانن هیچ ئاسوودەییەکی ڕۆحی بە ئێمە ببەخشن، چونکە تا ئێستا نوێژکردن وەک ئەرک جێبەجێدەکرێت، نەک وەک پێویستی ڕۆحی سەیربکرێت؛ بۆیە دەبینین خەندان کە نوێنەرایەتی زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵی ئێمە دەکات، تەنها لەبەرخاتری قسەی خەڵکی و بۆ ئەوەی گوێی لە تانەو تەشەری ئەوانی دیکە نەبێت نوێژدەکات، یەکێکی دیکە لەو نەریتانەی لە مزگەوتەکاندا جێبەجێدەکرێت، نەریتی وتار و نوێژی هەینییە لە مزگەوتەکاندا، کە لێرەدا لە ڕێگەی کارەکتەری "مەلاکەوسەری باخەوان" ەوە

قسـەی لەسـەر کـراوە بـۆ نمـوونە: ((مەلا کەوسـەر دەگەیشـتە بەردەم مینبەرێکـی چکـۆلانە، چاویلکەکـانی دەگـۆڕی، بەڵام بێـئەوەی هـیچ کاغەزێـک لە گیرفـانی جـبە شـینەکەی دەربهێنێـت، دەستیدەکردە قسـەکردن، خـاتوونە ئیماندار و سپیپۆشـەکان، وەکو بت دەوەسـتان ..)) (علی ،۲۰۱۰: ۱۲۱).

وتاری هەینی یەکێکە لە سونەتە گەورەکان لە وڵاتـانی ئیسـلامیدا، کە هەمـوو مسـوڵمانان لە مزگەوت کۆ دەبنەوە و مامۆستای ئایینی وتاریان پێشکەشدەکات، لەسەر هەر بابەتێکی تایبەت بە ژیـانی ڕۆژانەی مـرۆڤ لە ڕوانـگەی ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامەوە؛ بـۆیە ڕۆژی هەینـی لە ئـایینی ئیسلامدا بەجەژنی مسوڵمانان دادەنرێت و پێویستە خۆیانی بۆ ئامادەبکەن و جلوبەرگی جوان و خـاوێن و بۆنخـۆش بپۆشـن. لێـرەدا بـاس لە جلـوبەرگ و پێویسـتیەکانی وتـاربێژی کـراوە، کە مامۆسـتای ئـایینی دەبێـت جـبە و مێـزەر بپۆشـێت و پێشـوەخت بـابەتی وتـارەکەی بنووسـێت و ئامادەیبکات لەسەر وەرەقە، تاکو نەکەوێتە هەڵەوە؛ بۆیە زۆرێک لە خەڵکی زۆر بە وردی گوێیـان بۆ دەگرن و دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە، ئەگەرچی ئەم مەلایە ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت لە پڕکردنـی مێشکی خەڵکی و هاندانیان بۆ کاری توندڕەوانە، کە ئەمە لە سروشـتی ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلامەوە دوورە، کە ئایینی ئاشتی و ئارامییە و نایەوێت هیچ مرۆڤێک زیان بە دەورووبەرەکەی بگەیەنێت، "مەلا کەوسەر"لە وتارەکەیدا دەیگوت: ((لە نێوان هەمـوو گوناهبارێـک و گوناهبارێکدا گوناهبارێک دانیشـتووە، لە نێوان هەمـوو خەتاکارێـک و خەتاکارێکدا خەتاکارێـک نێژراوە، ژیـان خـۆی بـووەتە گونـاە، هەوا پڕبـووە لە شـەیتانەکان، ئـاو پڕبـووە لە گـومڕایی، سـامانەکان گڵاوبـوون، جەسـتەش گـوللی وبـرین و هەلاهەلابـوون چـاوەڕوانی دەکـات، ڕۆح ....ڕۆح، جـگە لە ئـارەزوویەکی چڵێسـانە هیچـی دیـکە نییە، لەش بـووە بە پـارچە گۆشـتێکی سـوکنا بە خـراپە ....لەبەرئەوە مـن فەرمانتـان پێدەدەم ئیشی ئێمەیە، ئاسمان پاکبکەینەوە، زەوی بگۆڕین، لە کانی ئەم ئاوەحەرامـانە نەخـۆینەوە، ڕۆح چـاکبکەین، لەش دەسـتەمۆبکەینەوە، نـاوی خـوا بهێنینـەوە نـاو دڵ و سـەرزوبان...)) (علی،۲۰۱۰ :۱۲۱) .

لە ڕاستیدا ئەرکی ئایین بڵاوکردنەوەی گەشبینی و جوانییە، نەک ڕەشبینی و ناشرینکردنی دونیا و بەهۆی گوناە و تاوانی کەسێکەوە هەموو کۆمەڵ ناشـرین بکەیت. لە ڕاسـتیدا مامۆسـتایانی ئـایینی پێویستە شارەزاییەکی باشیان هەبێت لە وتاربێژی و چۆنیەتی ئەو زمانەی تێیدا بەکاردەهێنن، تاکو کاریگەریی دەروونی خراپ لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دروستنەکەن، هیچ کۆمەڵێک نییە بە بێ کێشـە و گرفت بێت، یەکێک لە ئەرکەکانی ئایینیش هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشـەو گرفتانە "مەلا کەوسـەر"یش، لەڕێـگەی وتـارەکەیەوە بـاس لە زۆربـوونی گونـاە و ئەو کاریگەرییـانە دەکـات، کە

لەسەر تاک و کۆمەڵ دروستیدەکات؛ بۆیە داوا لە کۆمەڵی ئیمانداران دەکات هۆشیاریی بڵاوبکەنەوە و ئەوان چارەسەریی ئەو شێوازیە بکەن، کە لە کۆمەڵدا دروستبووە، بەڵام ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێت توند و ترسێنەرە و ترس لە کۆمەڵدا بڵاودەکاتەوە، بەڕای ئێمە ئایین هێندە ئامانجی جوانکردنی ژیانی کەسەکانە هێندە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس نییە لە دڵی خەڵکیدا، خودا لە ڕێگەی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزەوە ڕێگەکانی ژیانی بۆ مرۆڤ ڕوونکردووەتەوە، مرۆڤ ئازادە کام ڕێگا هەڵدەبژێرێت؛ بۆیە ناکرێت هیچ شتێک بەزۆر بە سەر مرۆڤدا بسەپێنرێت، دەبینین ئەم مەلایە بڕیار لەسەر چارەنووسی کەسەکان دەدات، بەبێ ئاگاداربوون لە نییەتی تاکەکان بڕیاردەدات کەسێکی خراپن یان باشن، کە ئەمە تەنها خودا دەتوانێت بڕیار لەسەر باشی و خراپی تاکەکانی کۆمەڵ بدات، چونکە پێوانەی خودا جیاوازە لە پێوانەی مرۆڤ، (( "مەلاکەوسەر" بە درێژایی هەموو قسەکانی ،لەناکاو هەڵدەچوو و لەناکاویش هێوردەبووەوە، دواجار پشت ملی دەسڕی و نێوچاوانی پاکدەکردەوە و دەیگوت "نا من نەهاتووم وەعزبدەم، هاتووم ئەم ڕۆحە خراپەکارانە ڕزگاربکەم، ئەمڕۆ ئێوارەی ڕزگارییە، ئێمە بۆیە لێرە لەژێر گومەزە پاکەکانی خودادا دانیشتوین، لەژێر سێبەری مەلەکوتی بەرینی ئەودا وەستاوین، تا سەرلەنوێ لەسەر ئەم ڕۆحانە کاربکەینەوە، لە گوناە و خراپەکان پاکیان بکەینەوە، کۆمەڵەیەک لە داوێن پاکانیان لێ دروستبکەین، کە ڕێگای خراپەکاری نەگرن .....ڕێگای خۆشکە فاجیرەکانیان هەڵنەبژێرن....تانەهێڵن خراپە زەفەر بەلەشە بچکۆلەکانیان و عەورەتە عاسییەکانیان بەرێت....)) (علی،٢٠١٠ :١٢٥).

لە ڕاستیدا خودا میهرەبانی و ڕەحمەتی لە توڕەیی و ڕقی بەرامبەر بەندەکانی زۆر فراوانتر، تەنها داوای لێخۆشبوون و پەشیمانی پێویستە، کە ئەوەش بۆ مرۆڤ کارێکی قورس و گران نییە، مرۆڤیش پێویستی بە کەسێکە تا ڕاستییەکانی نیشان بدات، لێرەدا "مەلا کەوسەر" ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت و ئەو خەڵکە لە تاوانەکانیان ئاگاداردەکاتەوە. بەڵام زمانێکی توند بەکاردەهێنێت، پێشوەخت بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤەکان دەدات، کە بەمجۆرە ناتوانرێت کاریگەریی لەسەر مرۆڤ دروستبکرێت.

**٣-گوناە و شەیتان:** لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا، چەند جارێک باسی (شەیتان )کراوە و ڕۆڵی لە هاندانی مرۆڤدا بەرەو خراپەکاری خراوەتەڕوو. هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە شەیتان دژایەتی مرۆڤ دەکات و بووە بە توخمێکی کلتووری و ناسنامەی کەسایەتی خراپی ناو کۆمەڵ. نوسەر لە باسی کەسایەتی عاشقە هەڵاتووەکاندا زاراوەی (شەیتانی ) بەکارهێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو خراپەکارییەی ئەنجامیانداوە، دیارە شەیتان هەر لە ئەزەلەوە بەر لەعنەتی خودا کەوتووە لەبەر ئەوەی فەرمانی خودای شکاندووە و سوجدەی بۆ ئادەم نەبردووە، چونکە خۆی

پێ لە ئادەم گەورەتر و باشتربووە؛ بۆیە لەو ڕۆژگارەوە شەیتان بە هۆکاری سەرەکی خراپەکاری مرۆڤ دادەنرێت، هەرشتێکیش لە فەرمان و ئەو یاسایانە دەربچێت، کە خودا بۆ مرۆڤ و ژیانی داناوە، بە گوناه لە قەڵەم دەدرێت، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین : "خەندانی چکۆلە" باسی دوای هەڵاتنی "پەروانە" دەکات، کە باوک و براکانی بە شوێنیدا دەگەڕێن، هەموو شەوێک "پەروانە" دێتە خەویەوە و داوای هاوکاری لێدەکات دەڵێت: ((فریامکەوە خوشکم فریامکەوە، بە هیمەتی شەیتان بووە یا بە هیمەتی خودا فریامکەوە"پورم بە چرپەیەک کە چرپەی ترس و وەحشیەتێکی قووڵ و خودایی بوو گوتبووی "هەر دەمزانی شەوێک لەو ماڵەی تۆدا شەیتان بەرەڵا دەبێت...دەمزانی کار لە کار دەترازێت و ئەو کچە هەموومان بەرەو دۆزەخ و وێرانی و کوفر ڕادەکێشێت"..)) (علی ، ٢٠١٠ :٢٩).

لێرەدا بەکارهێنانی زاراوەی (شەیتان) جاری یەکەم، هیمەتی شەیتان، بۆ زیرەکی و زانینی ڕێگای زۆر و جیاواز لەلایەن شەیتانەوە، بێ ترسان و سڵکردنەوە بەکارهاتووە، هەموو شتێک دەکات بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤێک؛ بۆیە زۆرجار بە کەسی (زیرەک، فێڵباز) دەوترێت (شەیتان)، بەڵام جاری دووەم (شەیتان) مەبەست لە کەسی خراپەکار و کەسێکە کە گوێ بە هیچ یاسا و کلتوور و نەریتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نادات و ئەوەدەکات کە خۆی دەیەوێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی مرۆڤەکانی دیکەدوای خۆی چییان بەسەردێت؛ بۆیە دەبینین تا کۆتایی ڕۆمانەکە خانەوادەی "پەروانە" باجی گوناه و هەڵەی پەروانە دەدەن و لە کۆمەڵدا ڕێزیان لێناگیرێت و ڕەتدەکرێنەوە، ((لەخۆم نەدەترسام، بەڵام دەمزانی ئەو ژنە تۆڕێکی تاریک و شەیتانی لەهەموو کۆڵانێکی شاردا هەیە، دەمزانی ئەو ژنە پەیامهێنی تایبەتی خۆی لە هەموو سوچێکی ئەم شارەدا بڵاوکردووەتەوە، ئەوان چەندین سەعات باسی گەورەیی ئەو گوناهەیان بۆ کردم، باسی ئەو ئاسمانەیان بۆ کردم کە بەسەرماندا دەڕووخێت...)) (علی، ٢٠١٠ :٣٠) .

دیارە زاراوەی شەیتان مەدلولی زۆر و جیاواز هەڵدەگرێت، لێرەدا مەبەست لە کەسێکە زۆرزانە و فزولی دەکات و هەواڵی هەموو شوێنێکی بۆ دێت لەلایەن کەسانێکەوە، کە جاسوسی دەکەن، بەدرێژایی مێژووی کوردیش سیفەتی جاسوسی لە دیارترین ئەو سیفەتانەیە لە ناو کورددا بڵاوبووە و هۆکاری شکستی زۆرێک لە بزوتنەوە و شۆڕشە کوردییەکانیش بووە، دەبینین لێرەش ئاماژە بە جاسوسی دەکات لە نێوان مرۆڤەکاندا کە ئەم سیفەتە بە شەیتان چوێنراوە. ((پور بە چرایەکەوە ناو حەشاماتەکە دەگەڕا، چرایەک وەکو هەموو ڕووناکی و تاریکییەکانی ئەو شەوە ڕەنگێکی شینی هەبوو، یەکە یەکە تەماشای دەموچاوەکانی دەکرد، یەکە یەکە سەیری ئەو کچ و

ئافرەتانەی دەکرد، کە بۆ پاککردنەوەی گوناهێکی نەزانراوی خۆیان، بەشداری تۆڵەی ئەم شەوە تاریکەیان دەکرد..)) (علی ، ٢٠١٠ :٣٧).

لێرەدا نوسەر ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخە دەروونییە ناجێگیرە دەکات، کە مرۆڤی گوناهبار و خەتاکار تێیدا دەژی هەرگیز هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی ناکات، ئەو کلتوورەش دەخاتە ڕوو، کە لە کۆمەڵی ئێمەدا یەک تاکی خێزان گوناه بکات هەموو خێزانەکە سەرشۆڕ و شەرمەزار دەبن، بە تایبەت بابەتی شەرەف و ئابڕووی خێزان، کە ژن بە شەرەفی پیاوی خێزان دادەنرێت؛ بۆیە هەر یاخی بوون و لادانێک لە کلتووری کۆمەڵ، سەرشۆڕی بۆ پیاوەکان دروستدەکات، هەموو ئەو ژنانەی دیکە کە ئەندامی ئەو خێزانەن هەرگیز ناتوانن ئازادبن و بە ئازادی مامەڵەبکەن؛ بۆیە دەبینین ئەم ژن و کچانە باجی گوناهی خوشک و دایکیان دەدەن و هەست بە گوناهو تاوان دەکەن ودەیانەوێت خۆیان لە تاوان پاکبکەنەوە. کاتێک "خەندان" باسی ئەو پیاوە دەکات، کە شەوانە خەونی پێوەدەبینێت و لەگەڵیدا دەخەوێت بۆ مامۆستاکەی "زەینەبی کوێستانی" ئەویش پێیدەڵێت : ((شەڕکردن لەگەڵ ئەو شەیتانەی ناو ڕۆحی تۆدا ئاسان نییە، بەڵام دواجار ئەگەر خۆت ئامادەییت تێدابێت، ئەگەر ڕۆحی خۆت خاوێن بێت ئەوائێمە سەردەکەوین و شەیتانەکان دەبەزێنین.)) (علی ، ٢٠١٠ :١٩١).

لێرەدا باس لە زاڵبوونی حەز و ئارەزوو شەهوەت دەکات بەسەر مرۆڤدا، بە کاریگەریی شەیتان کە هەوڵدەدات ئەو کارانە لەبەرچاوی مرۆڤ جوان و خۆشەویست بکات، کە زاڵبوون بەسەر ئەم ئارەزووانەشدا تەنها بە کوشتنی ئەو شەیتانەی ناو ڕۆحی مرۆڤ دەبێت، کەواتە گوناهی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا، کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە شوێنکەوتنی حەز و ئارەزووەکانە و گوێنەدانە بە ئایین و خودا و ئەو یاسایانەی بۆ ژیان و سروشتی مرۆڤ دانراون .

**٤- بەهەشت و جەهەنەم :-** لە ناو ئاییندا چەمکی بەهەشت و جەهەننەم جێگای گرنگییەکی زۆرە و زۆرجار ئەم دوو چەمکە گوازراونەتەوە بۆ ناوسیاسەت و کایەکانی دیکەی ژیان، بۆ نموونە سیاسەت دەیەوێت لە ڕێگای هەڵگرتنی ئامانجەکانی ئەم دوو چەمکەوە زۆرێک لە ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت، زۆرجار بانگەشەی دروستکردنی بەهەشت دەکات و دەیەوێت لەسەر زەوی بەهەشت بخولقێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لایەنە ئایینیەکەی بەهەشت و جەهەننەمە، ئەوەی پێڕەوی ئایین دەکات دەیەوێت بگات بە بەهەشت، بەڵام زۆرجار لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی ئایینەوە جەهەننەم دەخولقێنێت، بەهەشت و جەهەننەم پایەیەکی گرنگی نێو هەموو ئایینەکانە، جا چ ئایینی ئاسمانی بێت یان زەمینی، دیارە ئەم دوو چەمکە دوو چەمکی

دژیەکن و مامەڵە و ڕەفتارکردنیش بۆ بەدەستهێنانی هەرکامیان پێچەوانەی یەکترییە، زۆرجار مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بەهەشت ئایینیش بە هەڵە بەکاردێنێت، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین : ((دواجار گوتی "هەردەبایە بڕۆشتمایە....هەردەبایە"، بە هێمنی سەیری باغەکەی کرد و دەستی بۆ ناو ماڵ درێژکرد و گوتی"جەهەنەمە...."دڵنیابووم دەیویست شتی دیکە بڵێت، دڵنیابووم دەیویست چەندەها ڕستەی خنکاوی ناو ڕۆحی ئازاد بکات و قسە بکات، بەڵام کات گەلێک درەنگ بوو...ئیدی ڕۆشت و هیچی دیکەی نەگوت...هیچی دیکە....)) (علی ،٢٠١٠ :٢٥) .

لێرەدا زاراوەی (جەهەنەم) بۆ واتا ڕەسمییەکەی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو ئەمیش زاراوەیەکە چەند مەدلولێکی جیاواز هەڵدەگرێت، بۆنموونە لێرەدا بۆ واتای شوێنێکی ناخۆش بەکارهاتووە، کە ژیان و خۆشەویستی تێدا نییە و ژن وەک مرۆڤ سەیرناکرێت و تەنها بۆ کارکردن و خزمەتکردنە؛ بۆیە "پەروانە" بە ماڵی خۆیان دەڵێت جەهەننەمە، چونکە شوێنێکە خۆشەویستی و ژیانی تێدا نییە. باوک و براکان خۆشەویستییان پێ نەبەخشیوە و پەیوەندییان هیچ لەگەڵیدا باش نەبووە، هەروەها لە باسی خۆشەویستی نێوان "گۆڤەند و دلارامدا "دەڵێت : ((بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە، بۆ گۆڤەندی نووسی " بۆ جەهەنەم ، بۆ مەرگ، بۆ قیامەت، لەگەڵتدا دێم .")) (علی ،٢٠١٠ :٨٥).

باسی ئەو خۆشەویستییە زۆرە دەکات "گۆڤەند و دلارام " بۆ یەک هەیانبووە، کە ئامادەبوون بۆ دۆزەخ و ناخۆشترین ژیانی دونیاش پێکەوەبن و لێکجیانەبنەوە، یەکەم شەوی جەنگەڵ شەوێکی سەیربوو لای "فەرەیدونی مەلەک و پەروانە"، فەرەیدون پێیوابوو دۆزینەوەی دونیایەکی دیکە، لای پەروانەش جێگەی ترس و تێڕامان بوو، ((بەردەوام ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد"ئێرە بەهەشتە یان دۆزەخ؟"گۆڤەند بەو سیما سەیر و سیحراوییەی خۆی، توانای هەبوو عاشقەکانی دیکە مەست بکات، ئەو هەموو شەوێ لەبەردەم ئەو ئاگرەدا دادەنیشت و بەو دەنگە مەست و نیمچە گرەی لەو خەونانە دەدوا کە دەیبینی، باسی ئەو دونیایەی دەکرد کە دەکرێت دروستبکرێت، نەخشەی ئەو شارە خەیاڵیانەی دادەنا کە دەشێت ببنە بەهەشت...)) (علی ،٢٠١٠: ١٠٩-١١٠).

دوای ئەوەی عاشقەکان هەڵدێن بۆ شوێنێکی دیکە، بە ئامانجی ئەوەی ئەو شوێنە بەهەشت بێت و دووربێت لە خەم و کێشە و مرۆڤە عاشقەکان بەردەوام پێکەوە بن و گرنگی بە یەکتری بدەن، بەڵام دوای ئەوەی دەچنە شوێنەکە بۆیاندەردەکەوێت کە ئەمە ئەو بەهەشتە نییە، کە ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا، بەڵکو ئەمیش دۆزەخێکی دیکەیە مرۆڤ لە تەنهاییدا تیایدا دەخنکێت. کەواتە چەمکی (بەهەشت و دۆزەخ ) بۆ مانایەکی خوازەیی بەکارهاتوون و هیچیان ئەو بەهەشت و

دۆزەخە ڕاستییە نین، کە لە ئاییندا باسکراون، بەڵکو زۆربەی کات بۆ شوێن بەکارهاتوون . لە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکاندا کارەکتەرێک بە ناوی "شنۆ" هەیە، کە خوشکی یەکێک لە گەورەسۆزانییەکانی شاربووە، هەمیشە ترسێکی گەورەی لە ناخدا هەبووە لەوەی، کە پاکنەبنەوە لە تاوان و سزای خودا بیانگرێتەوە؛ بۆیە لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ کچەکانی هاوڕێی دەڵێت : ((هیچ شتێک جگە لە ئاگر پاکمان ناکاتەوە، من دەبێت خەیاڵیکی دیکە، ڕۆحێکی دیکە قەرز بکەم، ئێوەش دەبیت لەشێکی دیکە بۆ خۆتان دروستبکەن ،لەشێکی پاک..)) (علی،٢٠١٠ :١٨٩) .

لێرەدا مەبەست لە ئاگری دۆزەخە، کە لە ئاییندا دەوترێت هەموو مرۆڤێک دەبێت بە ئەندازەی تاوانەکانی خۆی لەودونیا سزابدرێت؛ بۆیە دەبینین "شنۆ" دەڵیت هیچ شتێک جگە لە ئاگری دۆزەخ ئەم تاوانەی ئێمە ناسڕێتەوە و پاکی ناکاتەوە، لە ڕاستیدا هەموو کۆمەڵی ئیمانداران کار بۆ بەدەستهێنانی بەهەشتەکەی خودا و دوورکەوتنەوە لە ئاگری دۆزەخ دەکەن؛ بۆیە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکانیش دەیانەوێت ئەو کچ و ژنانە لە تاوان پاکبکەنەوە، چونکە بەهەشت مرۆڤی پاک لەخۆدەگرێت، لەم ڕۆمانەدا کەمتر ئاماژە بە باسی بەهەشت کراوە، ئەوەی هەیە زیاتر ترساندنی مرۆڤە لەتاوان و ئاگری دۆزەخ، کە ئامانجیان لەمەش ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت بەهەشت بەدەستبهێنێت.

٥-**خودا و پێغەمبەر :-** خودا ئەو زاتە مەزن و یەکتا و هەمیشەییەیە، کە وەک لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، خوای خێر و خۆشەویستی و یارمەتییە. خوای گەورە، کە داهێنەری ئەم گەردوونەیە، هەر لە ئەزەلدا هەبووە و پێش ئەو هیچ شتێک نەبووە، لە دوای ئەویش هیچ شتێک نابێت. خاوەنی چەندین سیفەتی گەورە و بەهێزە و خاوەنی پاداشت و سزایە لە بەرامبەر کردەوەی مرۆڤەکاندا. بۆیە چەندین پەیامی ئاسمانی بە پێغەمبەراندا بۆ سەر زەوی ڕەوانەکردووە، بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەویدا، کە ئەو کەسانەی هەڵبژێردراون بۆ پێغەمبەرایەتی لە باشترین مرۆڤەکانی سەردەمی خۆیان و دوای خۆیان بوون و خاوەنی چەندین سیفەتی باڵابوون؛ بۆیە خودا هەڵیبژاردوون، تاکو پەیامەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆ مرۆڤایەتی بنێرێت. لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین : "خەندان" لە گێڕانەوەی باسی ئەو ڕۆژەی "پوری وباوکی" دەچن بۆ ئەو گوندەی "پەروانە و میدیا"ی لێدەستگیرکراوە، باسی دڵخۆشی پوری دەکات بە دۆزینەوەی پەروانە و سزادانی دەڵێت : ((ئەو لای وابوو مرۆڤ دەبێت شەریعەتەکان بچەسپێنێت و ئیدی خودا بۆ خۆی بڕیار لەسەر شتەکان دەدات، ئەو بڕیاردەدات کە کێ دەکەوێتە بەر نەفرەت و کێ دەکەوێتە بەر ڕەحمەت، بەڵام ئەو لەبەر هۆیەکی نەزانراو پێیوابوو، کە سزادانی پەروانە و

پـاکێتی مـن پەیوەنـدییەکی قووڵیـان بە چـارەنووس و ئیمـانی ئەوەوە هەیە، لەو بڕوایەدابـوو گەر پەروانە بە سزایەکی گەورە نەگات، ڕۆحی ئەو بە فیردەوس وئارامی شاد نابێت.)) (علی،٢٠١٠ :٢٦٦).

لێرەدا باس لە دەسەڵات و پێوانەی خودا بۆ باشی و خراپی مرۆڤ دەکرێت، تەنها خـودا دەزانێت کـێ دەکەوێـتە بەر ڕەحمەتـی و کـێش دەکەوێـتە بەر تـوڕەیی، ئەرکـی مـرۆڤ ئەوەیە بەرنـامە و پەیامەکەی خودا لە ژیانیدا جێبەجێبکات، خودا ئاگای لە نیەتی دڵی مرۆڤەکانە و بە پێی ئەوە بڕیـار لەســـەر باشـــی و خراپیـــان دەدات. "خەنـــدان" دوای (ئیـــوارەی پەروانە) وە، گـــۆڕان بەســـەر بیروباوەڕەکانیدا دێت، باسی بارودۆخی خۆی دەکات، کە شـەوانە بیر لەچەندین شـت دەکاتەوە و دەڵێت: ((بەڵام هەموو شەوێک دوای کۆتایی چیرۆکەکانمان، من چەندین سـەعات لەسـەر جێگاکەم دەمامەوە و بیرم لە دونیا دەکردەوە، ئەو بیرکردنەوانەش وایلێکردم لە جەوهەری خـودا ڕابمێنم، چەنـد مـانگێکی ڕەبەق لە عیبـادەت و دوعـا منیـان بەرەو لاوازییەکـی سـەیر بـرد، بەڵام هیچیـان لە گومان و پرسیارەکانم نەگۆڕی، هەستمدەکرد ساتە ڕاسـتەقینەکانی عیبادەتی مـن ئەو کاتـانەیە، کە شەوان درەنگ بیرلە دونیا و جوانی و خوڵقاندن و نهێنییەکانی مرۆڤ دەکەمەوە، بەڵام هەمیشە لە نێـوان ڕاسـتی خودایەکـدا، کە دەمبینـی هەمـوو ئاڵۆزییەکـانی گەردونـی پـێکەوە گونجانـدووە و هەمەڕەنگییەکـانی خوڵقانـدووە و یەک لەتەک یەکەوە داینـاون، لەگەڵ خودایەکـدا کە سـزایەکی خوێنـاوی بۆ ئـارەزووە بچـووک و سـادەکانی مـرۆڤ ئامادەدەکات سـەرم لێدەشـێوا...)) (علی،٢٠١٠ :٢٨٣).

ئەگەر ســـەرنج بـــدەین ئەم پەرەگـــرافە بـــاس لەناســـین و پێناســـەی مـــرۆڤ بـــۆ خـــودا و دەسەڵاتەکانی خودا دەکات، هەندێکمان لە ترسی سزا و ئاگر خودامـان خۆشـدەوێت و پەرستشـی بۆ دەکەیـن، هەندێکیشـمان لەبەر ئەوەی خۆشـمان دەوێت دەیپەرسـتین و پەرستشـی بـۆ دەکەیـن، خوداپەرستی ڕاستەقینە ئەوەیە لەبەر ئەوەی خۆشتدەوێت عاشقی ئەوی پەرستشی بۆ دەکەیت، لە ڕاستیدا خـودا زۆر میهرەبانە و سیفەتی میهرەبانی زۆر زیاترە لە توندییەکانی، بەڵام هەندێک لە مامۆستایانی ئایینی لە ڕێگەی ترساندنەوە هەوڵدەدەن خەڵکی ناچاربکەن خودایان خۆشبوێت و پەرستشـی بـۆ بـکەن، نەک لەبەر بەخششـە زۆرەکـانی و میهرەبـانییەکەی بیپەرسـتن، بەشـێکی سـەرەکی ئیمـان و بـاوەڕبوونیش بە خـودا سـەرنجدان و بیرکـردنەوەیە لە دەسـەڵاتی خـودا و چۆنیەتی دروستکردنی گەردوون و بەڕێوەبردنی ئەو هەموو جیاوازییانەی لەم گەردوونەدا هەن ((من وەکو تۆبەکارەکانی دیکە تەنها لە عیبادەت و نوێژ و خوێندنەوە و لەبەرکردنی ئایەتەکاندا بۆ خـودا نەدەگەڕام، مـن دەمویسـت لە جێگـایەکی دیـکەدا خـودا بـدۆزمەوە، خواسـتمبوو ڕێگـایەکی قووڵـدیکە بگـرمەبەر بەرەو ئەو، دەمویسـت بە جـۆرێکی دیـکە بیبیـنم، هەرگیـز لەو نووسـراو و

تێکستانەدا خودام بۆ نەدەدۆزرایەوە، بەڵکو پێموابوو خودا لە مانای کۆی گەردونـدا و لە جەوهەری هەمەڕەنگی دونیادا خۆی بەرجەستەدەکات.)) (علی،٢٠١٠ :٢٨٤) .

خەندان دەڵێت من پێموایە دەتوانیت خودا بە سەرنجدان لە دەورووبەر و گەردوون ببینیت، ئەمەش لەو دروستکراوە زۆر و جۆربەجۆرانەی خودادا، کە دروستیکردون و بەڕێوەیان دەبات، هەروەها لە باسی پێغەمبەراندا ناوی چەند پێغەمبەرێک هاتووە لەم ڕۆمانەدا کە نموونەکانیان وەردەگرین، وەک لە باسی پێغەمبەر "ئادەم" دا دەڵێت: ((ئادەم و حەوا لە بەهەشت شتێک فێربوون، دیوارێکیان شکاند، نهێنیەکیان دۆزییەوە، دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت نەفرەت لێکردن نەبوو، بە نەحلەتکردن نەبوو، چونکە خودا هەرگیز مرۆڤی وەکو شەیتان تەماشا نەکردووە...سەیرکە، فەتانە، سەیری ئەم زەوییە گەورەیە بکە، ئەم زەوییە بۆ ئادەم ئەو جێگایە بوو، کە دەبایە تیایدا درێژە بە ئەزموونەکانی خۆی بدات، درێژە بە دۆزینەوەکانی بدات، زەوی لابۆرێکی گەورەیە، تیایدا خودا تواناکانی مرۆڤ لەسەر ئەزموونکردن و دۆزینەوەی تاقیدەکاتەوە، بەهەشت ئەو شوێنەیە، کە وجود تیایدا یەک ڕەنگ بووە، بەڵام زەوی شوێنی تینوێتییە، شوێنی ئارەزووویەکە مرۆڤ زیاتر و زیاتر بەرەو پێشدەبات...)) (علی ،٢٠١٠: ٢٨٥).

مرۆڤ یەکێکە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە، کە ئارەزوودەکات زۆر شت وزۆر ڕێگای جیاواز تاقیبکاتەوە، تەنانەت ئەگەر زیانیشی بۆی هەبێت، بۆ نموونە ئادەم و حەوا لەبەر تاقیکردنەوەی تامی میوەیەک کە خودا لێی قەدەغەکردبوون لە بەهەشت دەرکران، هەر لەو ڕۆژگارەوە سەرکەشیکردن بوو بە بەشێک لە پێکهاتەی مرۆڤ، دیارە دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت نەفرەتلێکردن نەبوو، تەنها سزایەک بوو لەبەرامبەر سەرپێچیکردنی فەرمانی خودادا، تاکو سنوور بۆ ڕەفتار و مامەڵە جیاوازەکانی مرۆڤ دابنێت، ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ هەمیشە تینووی دۆزینەوەی نهێنییە جیاوازەکانی ژیان و گەردوونە، کە لەم دونیادا دەتوانێت بە دوایاندا بگەڕێت، چونکە ئەم دونیا شوێنی جیاوازییەکانە.

تەنها لە یەک شوێنی ڕۆمانەکەدا باسی (عیسا پێغەمبەر) (ر.خ) و ئایینی مەسیحی کراوە، کە باسی کۆبونەوەیەکی (فەرەیدونی مەلەک، نەسرەدینی بۆنخۆش، گۆڤەندی پەیکەرتاش) دەکات، کە تیایدا چەندین وێنەی جیاواز گیراوە و دەڵێت: ((ئەو لە ژیانیدا لە هیچ جێگایەکدا هێندە وێنەی نەگرتبوو، ئێستاش دەیەها وێنەی جیاواز جیاوازی ئەو ئێوارەیە لە ئەلبومەکانیایەتی، لە هەموو وێنەکانیشدا گۆڤەند بەو شێوە مەسیح ئاسایەی خۆیەوە تەماشای کامێراکەی کردووە و پێدەکەنێ، بەڵام فەرەیدون بە گشتی پەشۆکاو و نامۆ دێتەبەرچاو....)) (علی،٢٠١٠ :٧٢).

هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا لە وەسفی کارەکتەری "گۆڤەند" دا، باس لەوە دەکرێت هەر لە منداڵییەوە لە شێوەی پێغەمبەرێکدا هاتووەتە دونیاوە، مرۆڤێکی قژ ماشوبرنجی کامڵ بووە؛ بۆچی لێرەشدا دەڵێت لە هەموو وێنەکاندا "گۆڤەند" وەک "مەسیح" پێغەمبەر دەرکەوتووە؟ چونکە قژێکی درێژی ماشوبرنجی "مەسیح " ئاسای هەبووە، هەروەها یەکجاریش باسی "پێغەمبەر ئیبراهیم " کراوە ، لەو کاتەی "گۆڤەند " دەچێتە خوازبێنی "دلارام" باوکی لە باسی پیشەی هونەرمەند و پەیکەرتاشیدا دەڵێت: ((گوێ لە هیچ ترۆهاتێک ناگرم ...دوای چەند هەزار ساڵ لە شکاندنی حەزرەتی ئیبراهیم بۆ بتەکان تازە بە تازە کچی خۆم بدەم بە بتتاشێکی قژ درێژ و ئۆفیک و حیز..)) (علی ،٢٠١٠: ٧٦). چیرۆکی شکاندنی بتەکان و کۆتایی هاتنی بتپەرستی بە دەستی "ئیبراهیم پێغەمبەر "(ر.خ) باسی سەرەکی ئەم پەرەگرافەیە، هەروەک پێشتریش قسەمان لەسەر کردووە.

**٦-زیکر و خەڵوەتگرتن**:- زیکرکردن یەکێکە لە ڕێوشوێنەکانی خوا پەرستی و ڕێگای خواناسییە. لە مانا گشتییەکەیدا زیکرکردن بریتییە لە ((گوتنەوەی ناوەپیرۆزەکانی خودا و تێرامان و نوێژ و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و نزا و پاڕانەوە، هەروەها زیکرکردن یەکێکە لە بنەڕەتەکانی ڕەوشتی سۆفییەکان و زیکرکردن دەکرێت بە ئاشکرا یاخود بە نهێنی ئەنجام بدرێت )) (علی، العدد ٥٣، ٢٠٠٩ :٥٢٣)، واتە زیکرکردن مەرج نییە هەمیشە بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز و لە ناو کۆمەڵدا ئەنجامبدرێت، بەڵکو دەکرێت زیکرکردن بە پەنهانی و لە دڵی خۆتدا بێت و تەنها خۆت و خودا بیزانن، چونکە خودا ئاگای لە نیەتی دڵەکانە، دەکرێت باشترین جۆری زیکرکردنیش ئەوەبێت، کە بەنهێنی و بەتەنهایی و لە خەڵوەتدا ئەنجامدەدرێت، چونکە لە دڵەوەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ خودادا دەکەیت. بەشێکی سەرەکی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) قسەکردنە لەسەر ئایین و کاریگەریی ئایین و سروتە ئایینییەکان لەسەر ڕەفتار و مامەڵەی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کۆمەڵی کوردیش وەکو کۆمەڵێکی مسوڵمان ڕەفتار و مامەڵەی بەشێکی زۆری تاکەکانی بە پێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێکخراوە، لێرەدا کۆمەڵێک نموونە لە ڕۆمانەکە وەردەگرین، بۆ نموونە "خەندانی چکۆلە"باسی ئەوکاتە دەگێڕێتەوە، کە پوری و خوشکانی ئیماندار بە دوای "پەروانە" و "فەرەیدون" دا دەگەڕێن و دەڵێت: ((هەر ئەو شەوە ژنە دەفبەستەکان کۆبوونەوە....ئەو ژنانە پور لە تاریکدیکەین و ترسناکترین شەویشدا دەیتوانی کۆیانبکاتەوە، هەموو وەکو پۆلێ لە عەباپۆشی بێدەنگ، بە هێمنی تێکەڵاوی شەو دەبوون و بە کوچەکانی شاردا دەرگا بە دەرگا لە قاپی یەکتریان دەدا، بە دەفەکانیانەوە بەرەو لای یەکدی دەکشان ،.... سەرەتا تەنها دوعایان دەکرد، سورەتی جیاواز جیاوازیان دەخوێند ...)) (علی ، ٢٠١٠ :٢٩) .

ئەگەر سەرنج بدەین لەم پەرەگرافەدا ئاماژە بە جۆرێکی ئامێری مۆسیقی کراوە، کە ئەویش ئامێری دەفە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام زۆر لە کۆنەوە لە ناو دونیای مۆسیقا و گۆرانی کوردی و ئێرانیدا بوونی هەیە، بەڵام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام هەندێک جۆری گۆرانی و مۆسیقا حەرامکران. بەڵام بۆ پاراستنی دەف لە تیاچوون لە خانەقاکان و تەکییەکانی کوردستاندا ماوەتەوە و پارێزراوە بە جۆرێک، کە بووە بە بەشێک لە زیکر و سەمای دەروێشانی خانەقاکانی کوردستان، زیکر و حاڵی دەروێشانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندیی لە کوردستاندا بە ئامێری دەف ئەنجامدەدرێت. بۆیە سیفەتی پیرۆزی پێبەخشراوە و مۆرکێکی ئایینی وەرگرتووە؛ هەربۆیە ڕۆماننوسیش لێرەدا ئامێری دەفی هەڵبژاردووە، بۆ نیشاندانی بیروباوەڕی ئایینی خوشکە ئیماندارەکان، کە حاڵیان لێهاتووە و بە دەفلێدان گوزارشتیان لێکردووە، نوسەر زیاتر دیدگایەکی ڕەخنەگرانەی هەیە لە ئاماژەکردن بەم ئامێرەدا . هەروەها دەڵێت : ((چاوانم هێندە لێڵبوون زۆرجار تەنها سێبەرەکەیانم دەهاتە پێشچاو، تەنها ئەو بۆنە کوشندەیەیان دەگەیشتە من، بۆنی بوغرد و شەو، بۆنی بەرماڵ و خوێن، ئیدی دوای چەند سەعاتێک بە خۆیان و دەفەکانیانەوە ماڵیان بەجێهێشت ...)) (علی ،٢٠١٠: ٣٠) .

لێرەشدا ئاماژە بە دوو ڕەمزی دیکەی گرنگی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کراوە، کە ئەوانیش (بۆنی بوغورد و شەو )ە، کە بۆنی بوغورد بۆنێکی خۆش و پیرۆزە، سوتاندنی بوغورد لە بۆنە ئایینیەکاندا، نەریتێکی باوە لە نێو چەند ئایینێکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا و هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ڕێوڕەسمەکانی میسرییە کۆنەکاندا بەکارهاتووە، شەویش کاتێکی گرنگە بۆ مرۆڤی مسوڵمان، تاکو بچێتە خەڵوەتەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودادا پتەوبکات و زیکر و یادی خودا بکات. بۆیە لە ئەدەبییاتی عیرفانیشدا شەو کاتێکی گرنگ و بە بایەخە لای شاعیرانی عیرفانی، لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: (( گوتم "خوایە، هەموو گەورەبوونێک موسیبەتە"...ماوەیەکی زۆر تەهلیلەکان بەردەوام بوون، هاواریاندەکرد "مەدەد یا حەبیبی عالەم ..." ، "مەدەد یا شاهی بەڕو بەحر" ، " مەدەد یا پیری پیران". هەستمدەکرد ڕۆحی هەندێک لە کچەکان وردە وردە سڕدەبێت، وەکو تەلیسمێک ڕایانپێچێت دەکەوتنە ناو ئەو بازنەیەوە، بەڵام مەلاکان بەردەوام یارییان بە تەزبیحەکانیان دەکرد. سەیری ئەو دەست وپەنجە وشکەڵاتوانەم دەکرد، سەیری ئەو تەزبیحە کۆنانەم دەکرد ....)) (علی ، ٢٠١٠ :١٢٠).

لێرەدا ئاماژە بە کاتێک کراوە، کە مرۆڤ لە حاڵی زیکر و چوونە ناو یادی خودادایە و بە تەواوی لە دونیا دابڕاوە، داوای بەخشین و لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکات، هەروەها باسی تەزبیح و تەزبیحات دەکات، کە لە ڕێگەی ژماردنی دەنکەکانیانەوە بۆ یادکردنەوەی خودا بەکاردێن

، ئەم کۆمەڵەیە ویستویانە لە ڕێگەی یادکردنی خوداوە بگەن بە ونبووەکەیان و بیدۆزنەوە و بە سزای خۆی بگەیەنن، تاکو لە تاوان پاکبێتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە خراپ بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی مرۆڤ.

٧-**حیجاب و باڵاپۆشی:** حیجاب لە عیبادەتە هەرە بەرزەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، لە فەرزە گەورەکانییەتی بۆ ئافرەت، مەبەست لە باڵاپۆشیش ئەوەیە، کە ئافرەت جوانی خۆی بشارێتەوە و سەرنجی پیاوی بێگانەی پێرانەکێشێت، بە ڕای ئێمە باڵاپۆشی بە هیچ شێوەیەک بە مانای ڕێگەگرتن نایەت لە چوونەدەرەوەی ئافرەت و مامەڵەکردنی وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەگەڵ هەموو کایە و بوارەکانی ژیاندا و نابێتە بەربەست لە نێوان توانا زانستی و مەعریفییەکانی ئافرەت و کۆمەڵدا و ڕێگرنییە لە خوێندن و تێکۆشان و خەباتی ئافرەت، بە پێچەوانەوە هاندەری سەرکەوتن و ئاسوودەیی دەروونییە، یەکێک لەو دابونەریتە ئایینیانەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەر کراوە حیجاب و باڵاپۆشی ژنانە، بەڵام نوسەر ڕەخنە لەم پۆشاکە دەگرێت و لەو کەسانەش دەیپۆشن و وەکو ڕەمزێکی دواکەوتوویی سەیریدەکات و قسەی لەسەر دەکات، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین ،"خەندان" باسی بارودۆخی خۆی دەکات لە ماڵی پوری و دەڵێت : ((لە ناکاو شتەکان بۆنی بێدەنگییەکی ترسناکیان دەگرت، منیش بەو خەندەیەوە هەڵدەستام، دەفەکەم هەڵدەواسییەوە و لەچکەکەم لە گەردنمدا شلدەکردەوە و تاڵەقژەکانم لە ژێرەوە دەردەهێناو دەمگوت <<گەرمە، ئەم بەیانییە ئێجگار گەرمە>>.ئەوە یەکەمجاربوو لە بەیانیانی ئەو ماڵەدا دەنگ بەرزبکەمەوە و شتێک بڵێم ...)) (علی،٢٠١٠ :٥٢) .

لێرەدا نوسەر لە ڕێگەی کارەکتەری "خەندان" ەوە، باس لە باڵاپۆشی ولەچککردن دەکات و تا ڕادەیەک ڕەخنە لەم پۆشاکە دەگرێت و دەیەوێت بڵێت ئەو ژنانەی ئەم بەرگە دەپۆشن ئازادنین و لە ژێر کاریگەریی کلتووری عەرەبی و ئیسلامیدا ئەم کارە دەکەن، ناتوانن بەهۆی پۆشاکەکەیانەوە چێژ لە ژیان وەربگرن، خەندان لە ترسی پوری ئەم بەرگەی پۆشیوە؛ بۆیە لە باسکردنی کچە پورەکانیدا، کە لە تەمەنێکی منداڵییەوە ئەم بەرگە دەپۆشن دەڵێت: ((بە کچە پورەکانمم دەگوت : " بۆ ئەو جلە زستانە ئەستورانە لەبەر دەکەن ..... ئێستا هاوینە؟"کە وامدەگوت شتێک بە خێرا لە هەوا، لە ئاسمان و لە ڕۆحمدا دەجوڵایەوە، دەمزانی ئەوە سەرەتای ڕەشەبایەکی گەورەیە، من زیاتر خەندەم دەگرت و زیاتر بە کچە پورەکانمم دەگوت "بۆ لە هاویندا دەبێت جلی زستانە لەبەربکەن ...؟ جلی هاوین هەمیشە تەنکتر ...جلی زستان پیاو دەخنکێنێ، ئێوە جلی هاوینەتان هەیە ؟..."...)) (علی ،٢٠١٠: ٥٢).

لێرەدا دەتوانین ئەو توانجانە ببینین، کە لە بەرگی بالاپۆشی گیراوە لە لایەن نوسەرەوە، دیارە یەکێک لە مەرجەکانی حیجاب ئەوەیە تەنک نەبێت، کورت نەبێت، تەسک نەبێت؛ بۆیە خەندان دەڵێت ئێوە بۆ لە هاوینیشدا کە وەرزێکی گەرمە جلی ئەستوور دەپۆشن، جلوبەرگی بالاپۆشی دەتوانرێت بە پێی وەرزەکان قوماشەکەی ڕێکبخرێت و بگونجێنرێت؛ مەگەر ژنانێک، کە سەلیقەیان نەبێت و بایەخ بە ڕێکپۆشی خۆیان نەدەن، بەمجۆرە حیجاب بپۆشن؛ لێرەدا دەردەکەوێت مەبەستی نوسەر تەنها بە ناشرین نیشاندانی ئەم بەرگەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیپۆشن، هەر بەمشێوەیە لە چەند جێگایەکدا باسی حیجاب و درێژی جلوبەرگ و لەچک کراوە، ئامانج لێی تەنها نیشاندانی ئەم توێژەی کۆمەڵی کوردییە، وەک بەشێکی دواکەوتووی کۆمەڵ لە ڕووی بیرکردنەوە و شێوازی ژیانەوە، دەتوانین "ڕەشەبا" کەی خەندانیش وەک ڕەمزێک بۆ شۆڕش دژی بالاپۆشی لێکبدەینەوە.

٨-**قوتابخانە پەروەردەییە ئایینییەکان** : ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)، بە شێوەیەکی سەرەکی باس لەو کلتووورە ئایینییە بڵاوە دەکات، کە لە کۆمەڵی کوردیدا هەیە، بەشێکی ئەم کلتوورەی قسەی لەسەرکراوە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ حیزبە ئیسلامییەکان پەیڕەویدەکەن، لە کردنەوەی ڕێکخراوی ئیسلامی و پەروەردەیی، کە تیایاندا قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر و ژیاننامەی پێغەمبەران و سەحابەکان دەوترێتەوە، تاکو تاکی لەسەر پەروەردەبکرێت؛ بۆیە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکانیش ڕەمزێکە بۆ ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیانە واتە ئەم ڕۆمانە جۆرێک لە پێشبینیکردنی تێدایە بۆ داهاتوو، دەبینین هەندێک لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ئەمڕۆ لە کۆمەڵی کوردیدا دەبینرێن، کچان بە پۆل دەبن بە بالاپۆش و لەلایەن ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە کۆدەکرێنەوە و ڕێزیان لێدەنرێت، کە ئەمە دەتوانین لە ڕۆمانەکەدا ببینین ((لە کلاسە تایبەتییەکانی قورئان و تەفسیرەوە بۆ ئەو وانە سەیرانەی مەلایەکی نیمچە موزمەعیل لەسەر قیامەت دەیگوتەوە، لەوێشەوە بۆ فێربوونی نهێنییەکانی حەرام و حەلال، لەوێوە بۆ موعجیزەی سۆفییەکان و دواتر بۆخوێندنی سزاکانی عەشق و زینا، هەندێک بەیانی کچەکانیشی هەڵدەستان و بە کۆمەڵ دەچوونە ئەو مزگەوتە سپییە، کە لە ناوەڕاستی کۆلانەکەدا بوو، ئەوە دوورترین جێگایەک بوو کچەکان بتوانن ڕووی تێبکەن، هەموویان جوانترین لەچکی خۆیان دەبەست و بە بێدەنگییەکی سەیرەوە ئەو ماوە کورتەیان لە نێوان دەرگای ماڵ و دەرگای مزگەوتەکەدا دەبڕی ..)) (علی ، ٢٠١٠ : ٤٧).

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو بابەتانە کراوە، کە لە قوتابخانە ی خوشکە تۆبەکارەکاندا وتراوەتەوە، تاکو بتوانن ئەو کچانە پەروەردەبکەن و بیانگەڕێننەوە ناو کۆمەڵ، هەروەها باس لە کلتووری

نەچوونە دەرەوەی کچان دەکات لە ماڵەوە و دەیبەستێتەوە بە ئایینەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە پەیوەندیی بە کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەیە نەک ئایین، هیچ ڕێگرییەک نییە لە ئاییندا بەرامبەر ژن، کە بچێتە دەرەوەی ماڵ و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و زانستی خۆی بە شێوەیەکی تەندروست بونیادبنێت، لە سەردەمی "پێغەمبەری ئیسلامیشدا" (د.خ) ئافرەتان لە دەرەوە ئیشیان کردووە، بۆ نموونە "خەدیجەی خێزانی" بازرگانێکی دەوڵەمەند بووە، ((لە یەکێک لەو ئێوارە سەیرانەدا بوو، کە پورم دووبارە دەرکەوتەوە و بە دەنگی بەرز نەفرەتی لە هەموو ئەوانە کرد کە دینی خۆیان دەفرۆشن و ڕوو لە دیاری گوناهباران دەکەن، دەرکەوتنەوەی پورم پەیوەندیی بەو پڕۆژە گەورانەوە هەبوو، کە پیاوانی ئیماندار بۆ چاککردنی ڕەوشت و ڕاستکردنەوەی ژیان و گرتنەوەی شێوازەکانی لەش و ڕۆح ئامادەیان دەکرد ...)) (علی ،٢٠١٠: ١١٥).

لێرەدا قسە لەسەر کلتووری کۆچکردن وجێهێشتنی وڵات کراوە و سەفەرکردن بۆ وڵاتانی ئەوروپا، کە بە بێدین لەقەڵەمدراون، هەروەها بە ئاشکرا باسی پلان و بەرنامەی ئیسلامی سیاسی دەکات لە پەروەردەکردنی تاک و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆیاندا، ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی دیکەی گرنگی پەیوەست بە ئایینەوە لەم ڕۆمانەدا باسکراون و قسەیان لەسەرکراوە، چونکە بەختیار علی لە وەڵامی پرسیارێکی توێژەردا، کە ئایا ئەو کلتورە ئایینیەی باسی دەکەیت لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا، لە ڕاستیدا لە کوردستاندا بەوجۆرەیە؟ نوسەر لە وەڵامدا دەڵێت: نوسەر لە کاتی نووسینی ئەم ڕۆمانەدا لە وڵاتی ئێران ژیاوە و لە داڕشتنی ڕووداوەکاندا کاریگەریی ژینگەی ئەو وڵاتەی لەسەربووە هەروەها بابەتەکانی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو و جیاکردنەوەیان لە یەکتر لە مەجلیسەکان و هەروەها ناوەندەکانی خوێندنیشدا قسەی لەسەر کراوە، چەندجارێکیش باسی (شمشێر)کراوە وەک کەرەستەیەکی جەنگی، کە مۆرکێکی ئایینی پێبەخشراوەو وەک چەکێکی جەنگی مسوڵمانان قسەی لەسەر کراوە، کەواتە کلتووری ئایینی بەشێکی سەرەکی و گرنگی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنێت .

### ٣-١-٣: ڕەنگدانەوەی (ژن و پیاو و خێزان) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:

کۆی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دێنەئاراوە، بەشێک لە ژیانیان ڕەنگڕێژ دەکات و کاریگەریی و کارتێکردنی لەسەر سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵ بەجێدەهێڵێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ((پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر چەشنە پەیوەندیی یاخود کارلێکێکە، کە لە نێوان دوو کەس یان زیاتردا ڕوودەدات لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی ئەو کاتانەدا.)) (ئەلحەسەن،٢٠١٢ :١١٣). ئەمە وا دەکات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی گرنگ لە ژیان

و گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵ دروستبکەن ((ئاماژە بە جۆری ئەو کارلێکە دەکەن، کە لە نێوان مرۆڤ و ئەوی دیکەدا دێتەئاراوە، بەشێوەیەک کە ڕایەڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، بەو واتایەی کار و کاردانەوەیە، یاخود کار و وەڵامدانەوە بۆ ئەو کارە لە نێوانیاندا هەیە، ئەو پەیوەندییانەش بەپێی بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی جۆراوجۆرە، کاتێکیش جۆری ئەو کارلێکردنە لە نێوان خەڵکیدا دەچەسپێنێت، شێوەی ڕێکخراوی خۆی وەردەگرێت.)) (حسن ،٢٠١٢: ١٧٩).

بەم شێوەیە پەیوەندییەکی دوو لایەنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دێتەئاراوە، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانەدا کاریگەریی و کارتێکردن لە نێوانیاندا دروستدەبێت و کۆمەڵێک پەیوەندیی تایبەت بە ژیانی تاکەکان دێتەئاراوە، وەک پەیوەندیی هاوڕێیەتی، خزمایەتی، خۆشەویستی، بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری وەک (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی، پەروەردەیی ،...) ڕۆڵی خۆیان لە دروستبوونی ئەم پەیوەندییانەدا دەگێڕن، دەتوانین بڵێین کۆمەڵ لە ژن و پیاو و خێزان پێکدێت، کۆمەڵێک پەیوەندیی لە نێوان ئەم پێکهێنەرانەدا هەیە و پێکیانەوە دەبەستێتەوە، لێرەدا باس لە هەریەکەیان دەکەین لە ڕۆمانی( ئێوارەی پەروانە)دا:

**١-ژن لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیار علی- دا :-**

لە زۆرێک لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا ژن، وەک بوونەوەرێک سەیردەکرێت بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی پیاوان، لە دیدگای بەشێک لە پیاوانی ڕۆژهەڵاتدا ژن تەنها لە پێناو ئەواندا دروستکراوە، ئەم ڕوانینە بووەتە بەشێک لە پاشخانی هزریی هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵی کوردی، کە ئەمەش لە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵی کوردییەوە سەرچاوەدەگرێت، ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) باسی دۆخی ژن دەکات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە ژنان ڕۆژانە بە دەست ڕژێمی ئەو وڵاتەوە دەچەوسێنەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە کار لەسەر چەوساندنەوەی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەکات، ئەگەر پیاوانی کورد لە ڕێگەی هەژاری و بێکاری و دەیان پلانی دیکەوە سەرکوتکرابن، ئەوە ژنانیان بە کۆتوبەندی دواکەوتوویی ڕژێم دەچەوسێنەوە، کە بە داخەوە بۆ ئەم کارە پاساوی ئایینی دەهێنرێتەوە، لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە ڕێگە و دەرفەت بۆ پیاوان زیاترە بۆ خۆپێگەیاندن، لە بواری ئابووریشدا هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە ژنان بیر لەوە نەکەنەوە، خۆیان دەستیان بە بازاڕی کار ڕابگات و خاوەنی کاری خۆیان بن، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕژێمی ئێران ڕێگانادات ژنان ژیانی ئابووری سەربەخۆی خۆیان هەبێت، ئەگەر ژنێک خۆی لە دەست دابونەریتی کۆمەڵ دەربازکردبێت و خێزانێکی ڕۆشنبیریشی هەبێت، کە ڕێگەی خۆ پێگەیاندنی لێنەگرێت، ئەوا دیسانەوە یاسا و باری سیاسی وڵاتی ئێران

تووشی کێشە و گرفتیان دەکات، تەنانەت لە بواری خوێندنیشدا، ژن ئەگەر بتوانێت ڕەزامەندی خێزانەکەی بەدەستبهێنێت و بخوێنێت، پاش هەوڵ و زەحمەتییەکی زۆر کە بڕوانامەیەک وەردەگرێت، ئەوە دیسان بە هۆی ڕوانینی لاواز بۆ ژن و تواناکانی، ئەوا بە زەحمەت کارو پیشەیەکی شیاوی بۆ خوێندنەکەی دەستدەکەوێت، هەموو ئەمانە بە هۆکاری کلتووری کۆمەڵی کوردی ڕوودەدەن و ژنان بە زەحمەت دەتوانن سەربەخۆیی بەدەست بهێنن؛ بۆیە ئەم بارودۆخەی ژنان بووەتە جێگەی سەرنجی (بەختیار علی) لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا و باسی هەموو ئەو گرفتانە دەکات، کە لە کۆمەڵی کوردیدا ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، لێرەدا چەند نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین :

**ژنسالاری:** سەردەمی دایکسالاری یان چاخی بەردینی نوێ، لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکێک لە گرنگترین سەردەمەکانی ژیانی کۆمەڵ دادەنرێت، هەر لە چاندنی دانەوێڵە و دەستەمۆی ئاژەڵ و یاسا و ڕێسای ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەو سەردەمە بەرجەستە دەکەن. لەو سەردەمەدا ژن هەوێنی ژیان بوو، وەک بەڕێوەبەرێک هەموو دابونەریت و دەستوورەکانی ناو کۆمەڵ لە سەر فەرمانی ژن بەڕێوەدەچوو، دیارە مەبەست لە "سالاری" دەسەڵاتداریەتی و سەرکردایەتی کردنە، کە ژنسالاری واتای دەسەڵاتدارییەتی ژن دەگەیەنێت، تا ئێستا ئەوەی لە توێژینەوەکاندا قسەی لەسەرکراوە پیاوسالاری و دەسەڵاتداری پیاوە، بەڵام "بەختیار علی " لەم ڕۆمانەدا وێنەی جۆرێک لە ژنمان بۆدەکێشێت، کە دەسەڵاتدارن و ژنانی دیکەی ژێردەستی خۆیان و تەنانەت پیاوانیش بە هۆی دەسەڵاتەکەیانەوە ئازاردەکێشن، کە نموونەی ئەم جۆرە کارەکتەرە لە ڕۆمانەکەدا "پوری پەروانە"یە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی ژنێکی خاوەن هێز و دەسەڵات دەبینێت، کە کاریگەریی لەسەر ئەوانی کە هەیە، کە لە ڕووی جەستەییەوە ئافرەتێکی نیمچە کەتە و بەسەر مەخلوقێکی چکۆلانەبوو ، "خەندان" لە باسی پووریدا دەڵێت: ((پور کە هەشت کچی هەبوو و لە ژیانیشیدا نێرینەیەکی نەخستبووەوە، بێوەژنێکی توندوتیژ بوو، ئەو دەسەڵاتە گەورەیەشی، کە لە ناو ژنە سۆفییەکانی شاردا هەیبوو، شەوقێکی تەلیسماوی لە ناو کچە شەرمن و ترسنۆکەکاندا بۆ دروستکردبوو، ئەو کچانەی هەر هەشتیان شەوان جێگاکانی خۆیان تەڕدەکرد و هەندێکیان لاڵبوون و هیچیان جگە لە هەندێک وانەی مزگەوت نەبێت، سەردانی جێگایەکی دیکەی ئەم دونیا گەورەیەیان نەکردووە، هەموو لە زوڵمەتی ئەو خانوەیا لە دایک بووبوون و لەویادا گەورە بووبوون و دەشیانویست لەویادا بمرن ...)) (علی،٢٠١٠ :٤٤).

یەکێک لەو بابەتە کۆمەڵایەتییە باوانەی لە کلتووری ئێمەدا هەیە، خستنەوەی منداڵ و نەوەی کوڕە، کە وەک نیشانەی وەجاخڕۆشنی، مانەوەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەیی سەیردەکرێت؛ بۆیە دەبینین

زۆرێک لە خێزانەکانی کۆمەڵی کوردی هەمیشە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی نەوەی کوڕ بخەنەوە، بە تایبەت ژنان زۆر بیر لەم بابەتانە دەکەنەوە و قسەی لەسەردەکەن، لێرەدا کلتووری ژنسالاری دەبینرێت، کە پوری خەندان و پەروانە ژنێکی خراپ و توندوتیژە و ئەو زوڵم و توندوتیژییەش تەنها بۆ کچی خۆی بەکارناهێنێت و بەرامبەر هەموو کچانی قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان بەکاریدێنیت و هەمووان بە ترس و سامەوە لێیدەڕوانن؛ بۆیە تەنانەت ڕێگا بە کچەکانی نایات جگە لە چوارچێوەی ماڵ و دیوارەکانی  بچنەدەرەوە و ترس و شەرمیان بشکێت و بتوانن بەرگری لە خۆیان و بیروباوەڕەکانیان بکەن؛ بۆیە تەنانەت ئەم زۆردارییەی وایکردووە کچەکانی نەتوانن فێری قسەکردن ببن، چونکە بەردەوام گۆشەگیرن و تێکەڵی کۆمەڵ نابن، بێگومان ئەمانە لە کلتووری کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگینا ئایین داوای گۆشەگیرکردن و دوورخستنەوەی ژنان ناکات لە کۆمەڵ، چونکە ژنان ئەرکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەیان لە ئەستۆ دایە، کە ئەویش پەروەردەکردنی منداڵی چاوکراوە و سودبەخشە بۆ کۆمەڵ، کە ئەگەر ژنان خۆیان شەرمن و ترسنۆک بن ناتوانن ئەم ئەرکەی خۆیان بەباشی بە جێبگەیەنن، (( لەو وەرزەدا بوو، کە یەکەمجار ژنە دەفبەدەستەکان لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەرکەوتن، پیاوانی سەیر سەیر بە خۆیان و شوشە تێزابەکانیانەوە لە دەورووبەری قوتابخانەکان دەبینران، هەر لەو وەرزەشدا پورم وەک دەسەڵاتدارێکی گەورە لە لەشکری خاتوونە ئیماندار و خوداناسەکاندا دەرکەوت ، ....)) (علی،٢٠١٠ :٩٩).

لێرەدا باس لە کاریگەریی ژن و قسەی ژن لەسەر ژن و کچ لە کۆمەڵی کوردیدا دەکرێت ، کە بەهۆی ژنسالارییەوە، هەروەها خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی ژنان زۆر ژن و کچ لە کۆمەڵی کوردیدا لە خوێندن بێبەشکراون، ئەمە جگە لە زوڵم و زۆری پیاوان و بەکارهێنانی تێزاب بۆ سوتاندن و شێواندنی ڕوخساری کچانی کۆمەڵی کوردی، ئەمە وەک ئاماژەیەکی بچووک بۆ ژنسالاری، ئەمە جگە لە بابەتی شوکردن بە پیاوێک کە ژنی هەیە، ئەمەش زوڵمکردنە لە ژن لە لایەن ژنەوە، هەروەها دەردێکی دیاری کۆمەڵی کوردی لە ئێستادا، بریتییە لە قسەدروستکردن بۆ ژنان لە لایەن ژنی دیکەوە، کە ئەمەش توشی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەیان دەکات، زۆرجار دەگاتە ڕادەی کوشتن، بۆ نموونە لە گێڕانەوەی چیرۆکی "مەعسومە"دا، باسی ئەو قسانە دەکرێت خەڵک بۆی دروستدەکەن و دەڵێت : ((ژنەکان بە چاوێکی پڕ گومان تەماشایان دەکرد، یەکێکی دەموچاو خاڵ خاڵ و دەستماڵ لە شانیان دەیگوت "پێدەچێت لە مێردەکەی ڕایکردبێت "،یەکێکی دیکەیان، کە منداڵتر بەڵام دڵڕەقتر و عەیارتر دەینواند دەیگوت "دوورنییە ڕەدوو نەکەوتبێت و عیشقەکەی لێرەدا جێینەهێشتبێت " یەکێکی دیکەش، کە خاتونێکی دەم هەراش

دیـاربوو، بە خێرایـی لکـی کراسـەکەی دەپێچـایەوە و دەیگـوت "نـا، دەڵـێن، سـۆزانی گەڕۆک دروسـتبوونە، ئەمە یەکێکە لەوانە ". خـانمێکی کەمێـک بە تەمەنتـر بەڵام لەوان شـۆختر و جـوانتر پێیگـوتن "گومـانی خـراپ مەکەن، کێ دەڵێت بەسـتەزمانێک نییە و خوانەناسێک خـراپەی دەرهەق نەکردووە؟" )) (علی ،٢٠١٠: ١٩٦).

لێرەدا ئەگەر سـەرنج بدەین چەندین قسـەی جیاواز بۆ "مەعسـومە" دروسـتدەکرێت، لە لایەن کۆمەڵێک ژنەوە ئەگەر چی هـاوڕەگەزن و لە دەردیسـەرییەکانی ژنـیش لە کۆمەڵەکەیانـدا دەزانـن، بەڵام زۆر خـراپ قسـە بـۆ "مەعسـومە" دادەتاشـن و گومـان دەخەنە پـاڵی، لە ئێستاشـدا بە داخەوە ئەمە دەردێکی سەرەکی کۆمەڵە، بە گشتی ئەمانە ئاماژەیەکی کورت بوون بۆ ژنسالاری لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"دا .

**سـەیرکردنی کـچ وەک خزمەتکـار**: لە کلتـووری کوردیـدا ژن بەشـێک لە پێکهـاتەی خێزانـی کـورد پێکدەهێنێت، تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەبینرێت و ڕەگەزی نێر چینە سوودبەخشـەکەی کـۆمەڵە و ڕەگەزی مـێش هەمیشـە بە چـاوێکی کەمتـر سـەیردەکرێت. پیـاوان بە سـەرچاوەی بژێـوی و ئـابووری خێـزان دادەنـرێن و ژنـانیش کـارەکەر و خزمەتکـاری پیـاوانن، ئەگەرچی ئەم کلتوورە لە ئێستادا تا ڕادەیەک بەرەو نەمان دەچێت و ژنانیش شان بەشـانی پیـاوان کـاردەکەن و بژێـوی خۆیـان دابینـدەکەن و کاربەدەسـتن و بڕیـاردەدەن، بەڵام لە نـاو خێزانەکانـدا هێشتا ژنان وەک خزمەتکارێک دەبینرێن و خزمەتی پیاوی خێزانەکە دەکەن، ژن لە خێزاندا دەبێت شەرمن بێت، کە ئەمەش وا دەکات زۆرێک لە مافەکانی پێشێل بکرێت و نەتوانێت داوای مافەکانی بکـات، نوسـەر لە ڕۆمـانی "ئێـوارەی پەروانە"دا باسـی بـارودۆخی کـچ دەکـات لە مـاڵەوە و دەڵێت: یەکێـک لە هۆکارەکـانی ڕاکردنـی "پەروانە" لە ژینـگەی وڵات و خێـزانەکەی ئەوەبـوو، کە قەدری نەدەگیرا و وەک خزمەتکار سەیردەکرا؛ بۆیە بە دوای ئازادیدا رایدەکرد (( ئێسـتا کە بیـردەکەمەوە دەزانـم "پەروانە" لە بـازنەی ئەو ژیـانە تاریکەیدا بەردەوام بـۆ تیشـک دەگەڕا، ئەو تـونێلە ڕەشـەی ژوورە تاریکەکان و ڕاڕەوە درێژ و ترسـناکەکانی مـاڵەوە دروسـتیاندەکرد، ژیـانی گۆڕیبـووە سـەر گەڕان و عەودالّییەکـی بێکۆتـایی لە دوای ڕوونـاکییەکی نهێنـی و نەزانـراو .....ئەو لـیکەی براکـان لەسەر جێگاکان جێیاندەهێشت، زریکە و هاوارەکانی دایک، کە بە شـتەکانی ئەو مـاڵەوە نووسـابوو ...هەموویـان باعیسـی ئەو بێـزارییە کوشـندەیەبوون، کە پەروانەیـان لە ڕۆحەوە هەڵتەکانـد...)) (علی،٢٠١٠: ١٦) .

ژیـانی کـچ لە نـاو زۆرێـک لە خێزانەکـانی کـۆمەڵی کوردیـدا ژیـانێکی زۆر بەرتەسـک و سنووردارە و لە سنووری مـاڵ و خێزان دەرناچێت؛ بۆیە زۆرێک لە کچـان زۆر ڕێگەی جیاواز تاقیدەکەنەوە بۆ گەشتن بە ئازادیی و ڕزگاربوون لەو کۆت و بەندانەی بۆی دروستکراوە، پەروانە لە ماڵەوە جگە لە زریکە و هاواری دایکێکی نەخۆش و خزمەتکردنی بـاوک و براکانی هیچی کەی نەدەبیست و بۆی نەدەکرا، هەر ئەمانە وایانلێکرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سۆزدارییەکانی پەنا بـۆ دروسـتکردنی چەنـدین پەیوەنـدیی سـۆزداریی جۆربەجۆرببـات، تـاکو ببـنە ڕزگـارکەری لەو ژیـنگەیەی تێیـدا دەژی، کەواتە خێزانەکـان نەیـانتوانیوە ببـنە لانەیەکـی ئـارام و پـڕ لە سـۆز بـۆ کچەکانیـان؛ بـۆیە کچـان هەوڵـی ڕاکردنیـان داوە، "خەنـدان" لە باسـی کچەکـانی پـووری و ئەو ژینگەیەی ئەو کچانەی تێدا دەژی دەڵێت : ((ئەوان هەمیشە شەوان زوو دەخەوتن، ژیان لای ئەوان لە هەشـتی ئێوارەدا تەواو دەبـوو، منیش بـۆ ئەوەی مـاوەیەکی درێژتـر لەگەڵ خۆمـدا بـژیم و بیـر بکەمەوە، هەر زوو لە چاوەکانی پور هەڵدەهاتم و دەچوومە ژێرجێگا، شەو تەنیا کاتێک بوو بتوانم بیـر بـکەمەوە..)) (علـی ،٢٠١٠: ٤٧) .لێـرەدا ئامـاژە بە خـاڵێکی گرنـگ دەکرێـت، ئەویـش ئەوەیە، کە سنووری ئازادییەکانی زۆرێک لە کچانی ئێمە تەنها لە ناو جێگای نووستنی شەوانیاندایە و تەنانەت خەیـاڵ و بیرکـردنەوەی زۆریـش لە شـەواندا ڕێگەپێدراوە؛ بـۆیە خەنـدان ئامـاژە بەوە دەکـات، کە کچەکانی پووری تەنانەت ئەو ئازادییەشیان نەبووە لەناو جێگاکانیاندا بیربکەنەوە یان خەیاڵبکەن، بەڵام خەنـدان کچێکـی سـەرکەش بـووە و توانیـویەتی هەلەکـان بقـۆزێتەوە و شـەوی کـردووەتە هۆکارێک بۆ بیرکردنەوە لە ژیان و ڕابردووی خۆی، هەروەها سەبارەت بە کاری ژنـان لە مـاڵەوە "خەندان" باسی کاتی گەڕانەوەی دەکات بۆ ماڵەوە، جێهێشتنی ماڵی پووری، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێکی بێـدەنگ و ساردوسـڕ، تەنهـا خۆشـییەک کە لەو مـاڵەدا دەیبینێـت ئەو زەردەخەنە و شـەوق و قریشـکەیەیە، کە لە دایکیـیەوە دێـت، کە ئەوش ژنێکـی زوڵـم لێکـراوە و لە کـونجی مـاڵەوەدا بە نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، باسی ئەو دابڕانە خیزانییە دەکات، کە لە نێوان خـۆی و براکـانی و باوکیدا هەیە و کەسیان پێکەوە قسـە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە نـاکەن، واتە خێزانێکی پەرتەوازەن، بەهـۆی نەبوونی ڕۆڵی دایکەوە لە خیزانەکەدا، کە زۆرجار ژن یان دایک ڕۆڵی گرنگ لە پتەوی پەیوەندییە خێزانییەکـانی نێـوان تاکەکانـدا دەبیـنن (( لەگەڵ گەڕانەوەمـدا بـۆ مـاڵ دەبـوایە خـۆم بە شـتێکەوە سـەرقاڵ بـکەم؛ بـۆیە دەسـتمکرد بە پـاککردنەوەی مـاڵ، بە سـپیکردنەوەی دیوارەکـان، بە ئـاودانی گوڵەکان، بە شتنی حەوشە و هەیوان، بە بایەخدان بەو چرپا چکۆلانەیەی سـەربان، کە براکانم لە هاوینـدا لەسـەری دەخەوتـن، مـن بە پـێچەوانەی پەروانەوە لەزەتێکـی زۆرم لەو خۆسـەرقاڵکردنە دەبینـی ....)) (علی،٢٠١٠ : ٥٦) . یەکێک لە ئەرکە سـەرەکییەکانی ژن لە خێزانـی کوردیـدا، بـریتییە لە

ئیش و کاری ناوماڵ و پاککردنەوە و دروستکردنی خواردن و جلشۆردن و گسکدان و تا دوایی، کە ئەم ئەرکانە بە هۆی کلتوورەوە دراوەتەپاڵ ژنان و ئەرکی دەرەوەش بە پیاوان سپێردراوە، ئەمە وایکردوە ژنان هەموو کات و تەمەنی خۆیان بە کاری ماڵ ببەخشن و بێ ئامانج بژین، خەونی گەورەیان نەبێت، لە کاتیکدا دەبێت ئەوانیش چاوکراوەبن بخوێنن بچنەدەرەوە سەفەربکەن و فێربن، چونکە بەشێکی زۆری پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵ لە ئەستۆی ئەماندایە ..

**قەدەغەی پێکەنین بۆ کچان:** یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لە کلتووری ئێمەدا قسەی لەسەر دەکرێت بابەتی (پیکەنین و زەردەخەنە)ی کچانە، کە تا ڕادەیەک بە عەیبە دادەنرێت و سنووردار دەکرێت، کە ئەمەش پەیوەندیی بە کلتووری کۆمەڵایەتی و هەندێکجار ئایینی کۆمەڵی ئێمەوە هەیە، نەک کلتووری ئایینی بە تەنها، کە ڕۆماننووس ئەمە دەداتە پاڵ ئایین، لە ڕاستیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوا لە مسوڵمانان دەکات هەمیشە بە زەردەخەنەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن و ڕووخۆشبن، بەڵام ڕێگا بە پێکەنینی زۆر و بێ هۆکار و بە دەنگی بەرز نادات، کە کچان بەرامبەر بە کوڕان یان پیاوان بیکەن "خەندان" یەکێکە لەو کارەکتەرانەی هەمیشە خەندەیەکی مەکربازانە لەسەر لێویەتی، کە خەڵک فریودەدات و ڕایدەکێشێت بۆ لای خۆی، وەک دەڵێت: ((ئیدی دەمتوانی کەمێک تەماشا بکەم و زەردەخەنە بگرم ،...بە تووڕەیی سەیری تاریکی و زوڵمەت، ئاگر و ڕووناکی بکەم و زەردەخەنە بگرم ...سەیری دڵڕەقی، ترس و تێکچوونەکان بکەم و زەردەخەنە بگرم، بەڵام درەنگ تیگەیشتن، کە ئەو بزە بچووک و نهینی و ماناداره تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت پیاوان و یاساکان و ئارامی دونیا تێکبدات و سیستمی ژیان و حیکمەتەکانی برینداربکات .)) (علی ، ٢٠١٠ :٤٢) .

به درێژایی ڕۆمانەکە هەموو هەوڵەکانی قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان بۆ ئەوەیە، ئەو خەندانەی خەندان لەناوبەرن، چونکە پێیانوایە خەندەیەکی شەیتانیانە و مەکربازانەیە و هەوڵدەدات پیاوان بۆ لای خۆی رابکێشێت؛ بۆیە بە فیتنەی زەمانی دادەنێن و چەندین ڕێگە و بیرۆکەی جیاواز بەکاردێنن بۆ وەستاندنی ئەو زەردەخەنەیە. زۆرێک لەو ژن و کچانەی لەم ڕۆمانەدا دەچەوسێنرێنەوە و زوڵمیان لێدەکرێت ئەوانەن، کە لە خانەوادەکەیاندا ژنێکی دیکە هەیە کە ڕەدووکەوتووە، کە بە مانای هەڵهاتنی ژن دێت لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆیدا، ئەمە ئەوە دەردەخات لە کلتووری ئێمەدا هەموو خانەوادەکە باجی تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی تاکێکی خێزانەکەیان دەدەن، هەموویان بە چاوی کەم و نزمەوە سەیردەکرێن و لە هەموو ڕوویەکەوە خەڵک سڵیان لێدەکاتەوە، "مەلا کەوسەری باخەوان" لە وتارێکیدا بۆ باوک و کەسوکاری کچان و ژنانی ڕاکردوو دەڵێت: ((ئێوە هەمووتان باوکانی کچی گوناهکارن، خوشکی کچی ئەوتۆن، کە خەتایەکی هێندە سامناکیان کردووە زەوی و ئاسمان بەسەریەکدا هەڵدەگێڕێتەوە، ئێوە لەکەیەکی

زۆر گەورە، گەورەتر لەوەی عەبدێکی بچووکی وەک من بتوانێت باسیبکات بە ئابڕووتانەوەیە ...))
(علی ،٢٠١٠: ١٢٢).

تا ڕادەیەک لێرەدا باوک و براکانیش لە لایەن کۆمەڵەوە زوڵمیان لێدەکرێت، باجی تاوانی کچ و خوشـکەکانیان دەدەن و غرووریـان دەشـکێت، ئەگەرچـی کچـانیش خۆیـان قوربـانی بیروبـاوەڕ و دواکەوتوویی کۆمەڵن، قوربانی یەکەمی دوای کچان و ژنانی ڕەدووکەوتووش، خوشکەکانیانن، کە دوای ئەوان هەمــوو کــۆمەڵ بە چــاوی گومــانەوە لێیانــدەڕوانن و هاوســەرگیری و پەیوەنــدیی دروستکردن لەگەڵیاندا دەکەوێتە ژێر گومانەوە، گەورەبوونی کچ لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا پڕە لە موسیبەت، هەر کەمێک باڵایان هەڵکشا زۆر شتیان لێ قەدەغە دەکرێت و منداڵییان لەدەستدەدەن و دەبێت وەک گەورەیەک ڕەفتاربکەن و بیربکەنەوە، جلوبەرگی گەورەکان بپۆشـن، دەبێت شـەرمن بن و نەتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەن، دەبێت هەمیشە لە باوک و براکانیـان بترسـن و بوێری ڕادەربڕینیــان نەبێــت، ئەگەرچــی ئەم بــارودۆخە بە پێــی خێزانەکــان و پەروەردەی خێزانەکــان دەگۆڕێت، بەڵام ئەم کلتوورە بەسـەر بەشـی زۆری کۆمەڵدا زاڵە، کچـان نابێت بە ئاشکرا پێبکەنن قسەبکەن، دەنگ بەرزکەنەوە، هەتا تەمەنیان گەورەتربێت دەبێت ملکەچتر و گوێڕایەڵتربن، زاراوەی (زەعیفە) یەکێکە لەو زاراوانەی لە کلتووری کوردیدا بۆ کچ و ژنان بەکاردێت، کە مانـای لاوازی و ژێردەستەیی ژنـان دەگەیەنێت و ئەو واتایە دەبەخشـێت، کە کچـان لاوازن و توانـای بەڕێوەبردنی خۆیـان و ژیـانی خۆیانیـان نییە؛ بۆیە" مەلا کەوسـەری بـاغەوان" دەڵێت : ((ئـا بیـانکەنە قوربـانی، بیانکەنە فیدای خودا، ئەگەردەتانەوێت گەردنی خۆتـان لەو تەوقە ترسـناکانەی گونـاە ڕزگـار بکەن، ئەم زەعیفانە، ئەم مەخلوقە لاوازانە، کە خوێنیان لە هەمان خوێنی دایک و خوشکە خەتاکارەکانیانە لەو گۆماوەی دونیـا دەربهێنن، لەو زەلکاوە دەریـان بهێنن، کە سـەرچاوەی هەمـوو شـەهوەتێکە.... ڕزگاریانکەن، ڕزگاریانکەن..)) (علی ،٢٠١٠ :١٢٤).

دەبینین ئەم زاراوەی زەعیفە لە کلتووری کۆمەڵایەتییەوە سـەرچاوەیگرتووە، ئەگەرچـی لە زاری مەلایەکەوە بەکاردێت، نوسـەر مەبەستیەتی ئەم بە کەم سەیرکردنەی ژن بداتە پـاڵ ئـایین، لە کاتێکدا لە ئاییندا ڕێزێکی زۆر بۆ ژن دانـراوە و پێگەیەکی زۆر بەرزی هەیە، لە هەمانکاتدا وێنەی چەنـدین ژنـی ئـازا هەیە لەم ڕۆمـانەدا، کە یـاخیبوون لە کـۆمەڵ و ئـایین و کلتـوور و دابـونەریتی کـۆمەڵ، بـۆ نمـوونە "خەنـدانی چکـۆلە " ئەو نەهـامەتی و ناڕەحەتییـانە لە ژیانیـدا تووشـی بـووە کەسایەتییەکی بەهێزی لێدروستکردووە، کە توانیویەتی ببێت بە گێڕەرەوەی چیرۆکی تەواوی ئەو کچــانەی لە کۆمەڵەکــانی ڕۆژهەڵات و کوردســتاندا زوڵمیــان لێکــراوە، تەنهــایی و مــانەوەی لە

چوارچێوەی ماڵ و دیوارەکاندا نوسەرێکی لێدروستکرد، تاکو چیرۆکەکەی بگەیەنێتە هەموو جیهان و بڵێت نابێت ئەم چیرۆکانە دووبارەببنەوە، یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لەم ڕۆمانەدا باسکراوە :

**بابەتی سەفەرکردنی ژنانە :** ژن لە کۆمەڵی کوردیدا بەردەوام ڕووبەڕووی لەمپەرێک دەبێتەوە، کە ناهێڵێت خۆی بێت، ناهێڵێت ئازا و ئازادبێت، کەرامەتی ژنی کورد بەردەوام لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگانەی کۆمەڵ دروستیکردووە لە مەترسیدایە، سەفەرکردن بۆ ژن بە تەنها لە کۆمەڵی کوردیدا ڕێگە پێنەدراوە و پڕە لە ئاستەنگ بە پێچەوانەی کوڕانەوە کە ئاساییە سەفەربکەن، بە تەنها تەواوی جیهان بگەڕێن؛ بۆیە کچانێک ئەگەر بیر لە سەفەرکردن بکەنەوە بە تەنها ئەوە لە خەڵک و کۆمەڵ یاخی دەبن و دژی کلتوور دەوەستنەوە؛ بۆیە "پەروانە" هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە ئارەزووی سەفەرکردن بۆ ژینگەیەکی دیکە دەکات، کە بتوانێت ئازادی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام بەهۆی ژنبوونیەوە ناتوانێت بە تەنیا سەفەربکات ناچار چەندین پەیوەندیی لەگەڵ پیاوان دەبەستێت بە ئومێدی ئەوەی یەکێکیان بیبەنە دەرەوەی وڵات، "خەندان" باسی پەیوەندییە زۆرەکانی "پەروانە" دەکات، لەگەڵ چەندین پیاوی جیاوازدا دەڵێت : (( لە یەککاتدا دەچووە ناو دەیەها پەیوەندییەوە، کە خۆی سەروبنی لە یەکدی جیانەدەکردەوە، دڵنیاشبوو کە هیچ یەکێ لەو پیاوانەی لەو ڕێگایەوە دەیانناسێت، نە پیاوی خەونەکان و نە پیاوی چارەنووسیشن، بەڵام دواجار هەر کەسێکی ناسیبێت، داوای ئەوەی لێکردووە، دەریبکات و بیبات بۆ وڵاتێکی دوور، بیبات بۆ زەوییەکی دیکە و لەم شارەبیفڕێنێ....)) (علی ، ٢٠١٠: ١٧) .

ئاشکرایە ڕێگرییە زۆرەکانی کلتوور و نەریتی هەنێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بۆ سەفەرکردنی کچان و ژنان بە تەنها وایکردووە، پەروانە چەندین پەیوەندیی سۆزداری جۆراوجۆر دروستبکات، تاکو ڕێی لە پیاوێک بکەوێت، بتوانێت بیباتە دەرەوەی ئەم جوگرافیایەی مرۆڤ تێیدا قەتیس بووە و ئازادی نییە؛ بۆیە "پەروانە " ڕۆژانە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە چیرۆکی ئەو کچانە دەگێڕێتەوە، کە سەفەریان کردووە و نیشتیمانیان جێهێشتووە، ئەم چیرۆکی کۆچە تاکو ئێستاش لەم نیشتیمانەدا بەردەوامە و تاکی ئەم کۆمەڵە بەردەوام لێیڕادەکەن. یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەرکراوە دیاردەی :

**ژن کوشتن:** چیرۆکی سەرەکی ئەم ڕۆمانە قسەکردنە لەسەر دیاردەی ژن کوشتن لە کوردستاندا. بە بیانووی شەرەف، یان هەر بیانوویەکی دیکە؛ بۆیە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە" پەروانە" لە کۆتاییدا بە دەستی (باوک و برا) و پیاوان و ژنانی کۆمەڵەکەی دەکوژرێت، چونکە ڕەدووکەوتووە و ڕەدووکەوتنیش هەم لە ئاییندا هەم لە کلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا ڕێگە پێنەدراوە، "خەندان "

باسی پووری دەکات، کە چۆن لەماڵەکەی خۆیدا پیاوانێک دەشارێتەوە، کە ژنەکانی خۆیان، یان خوشکیان، یان دایکی خۆیان کوشتوە. دەڵێت : ((ئیدی بەردەوام یەک لە دوای یەک ئەو پیاوە شەونشینە سەیرانە دەردەکەوتن و چەند شەوێک لەوێدا دەمانەوە و پاش ماوەیەک دەڕۆشتن و ئیدی سەروشوێنیان نەدەما، هەندێکیان ژنەکانی خۆیان کوشتبوو، هەندێکیان خوشکەکانی خۆیان سەربڕیبوو، کەسانێکیان تێزابیان کردووە بە کچانی قوتابخانەدا....)) (علی ،٢٠١٠: ٤٨) .

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پیاوان تەنها بکوژی ژنان نین، بەڵکو ژنان خۆیان پشکی شێریان لەم تاوانەدا بەردەکەوێت، هەر ژنێک ، کە دەکوژرێت هاندانی ژنێکی دیکەی تێدایە، بۆ نموونە پووری خەندان حەشارگەیەک دروستدەکات بۆ ژنکوژەکان تاکو لە دەست دەسەڵات و سزا ڕزگاریانبکات، بەمەش ڕێگە بۆ ژنکوشتن خۆشدەکات. ((خۆسوتاندنی لەیلا، کە دواتر زەینەب دەیگێڕایەوە بۆ ئەو نەخۆشییە کوشندەیەی لە وڵاتدا بڵاوبووەتەوە، نەخۆشی خۆسوتاندنی کچان و ئافرەتان ..)) (علی ،٢٠١٠:٢٣٠) .

ژنان زۆرجار نارەحەتییەکانی ژیان و لاوازی کەسایەتییان وادەکات نەتوانن بەرگەی نارەحەتییەکان بگرن و خۆیان بکوژن؛ بۆیە دیاردەی خۆسوتاندن و خۆکوشتن لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆر بڵاوە و تا ئێستا هەوڵی ناشرینکردن و لەناوبردنی ئەم دیاردەیە نەدراوە..

**٢-پیاو لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیارعلی- دا:** پیاو مرۆڤێکی نێری پێگەیشتووە، کە ئەرکی "باوک" ی هەیە لە خێزاندا، یان ڕۆڵی هاوسەری هەیە، یان ڕۆڵی برای هەیە، یان ڕۆڵی کوڕی خێزانەکە، کەهەریەک لەم ڕۆڵانە ئەرک و بەرپرسیارییەتی تایبەت بە خۆی هەیە. بە پێی کلتوور و بیروباوەڕی کۆمەڵ پیاو ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە خێزاندا و سەرچاوەی دارایی خێزان پیاوە، لە زۆرێک لە خێزانەکانی کۆمەڵی کوردیدا، ئەگەرچی ئەم بارودۆخە لە ئێستادا تا ڕادەیەک گۆڕاوە، ژنانیش خاوەنی کار و پیشە و دارایی تایبەتی خۆیانن و هاوکارێکی باشی دارایی خێزانەکەیانن. بە پێی کلتوور و دابونەریت پیاوان خۆیان بە خاوەنی ژنان و کچانی خێزانەکەیان دەزانن، ئەم بیرکردنەوەیە کلتووری پیاوسالاری بەرهەمهێناوە، زۆرێک لە ئازادییەکانی ژنانی سنووردارکردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانیش بە دوورنین لە زوڵمێک، کە بەهۆی کلتوورەوە لێیاندەکرێت، لە ئەنجامی تێگەشتنێک کە ڕەگێکی مێژوویی قووڵی هەیە و بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، کە جەستەی ژن بە سەرچاوەی گوناه دەبینرێت، ئەمەش وا دەکات ژن هەمیشە بە چاوی گوناهکارێکەوە سەیربکرێت، بەڵام جەستەی پیاو ڕەسەنە و دروستکراوی خودایە، هەربۆیە پیاو ڕۆڵە سەرەکییەکە دەبینێت، کە باڵادەستی و پارێزەرییە و

هەمیشە لە هەوڵدایە هەموو سروشت بە هەموو بوونەوەرەکانییەوە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. بۆیە دەبینین پیاوان خۆیان بە خاوەنی ژنانیش دادەنێن  و بە شەرەفی خۆیانیان دەزانن، هەربۆیە کاتێک ژنێک یاخی دەبێت لە کلتوور و دابونەریتەکانی کۆمەڵەکەی و لێی لادەدات دەکوژرێت، کە ئەمە تاوانە بەرامبەر بە ژنەکە، چونکە بێتاوان کوژراوە و مافی ژیانی لێزەوتکراوە، بەڵام لە ڕوانگەی ئایینیەوە ئەگەر بێتاوان بێت لە دونیاکەی دیکە پاداشتی بەهەشتی بەرینە، بەڵام پیاوەکە زوڵمی لێکراوە، چونکە کلتوور ناچاریکردووە ئەو کارە ئەنجامبدات، بۆیە لەم دونیایەدا هیچکات دەروونی ئاسودە نابێت و بەردەوام هەست بە تاوان دەکات. جگە لەوەی سزای زیندانیکردنی بەسەردا دەسەپێنرێت، بە پێی ئایینیش هەرکەسێک مرۆڤێک بێتاوان بکوژێت دەچێتە جەهەننەمەوە، کەواتە ئەم پیاوە دەبێتە قوربانی دابونەریت و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵەکەی، مەرجیش نییە تەنها پیاوسالاری هەبێت، لە هەندێک خێزاندا ژنسالاری هەیە و ژنان پیاوان دەچەوسێننەوە و غروری پیاوەتیان لە کۆمەڵدا دەشکێنن، نموونەی هەردوو جۆرە کارەکتەرەکەمان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا هەیە. لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین لە ڕۆمانەکە :

یەکێک لەو شتانەی کە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دراوەتەپاڵ کارەکتەری پیاو، کردەی کوشتن و سەربڕین و خوێنڕشتنە، کە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی بە سایکۆلۆژیای پیاوانەوە هەیە، کە بەراورد بە ژنان سۆز و بەزەییان کەمترە؛ بۆیە ئاسان دەتوانن باڵندە و ئاژەڵەکان سەرببڕن بیانکەن بە قوربانی. وەک لەباسی قوربانیکردنی "جەژنی قوربان" دا دەڵێت: ((ئێوارەیەکی فێنکی بەهاربوو، بەڵام ئەو گۆشتە هێشتا بۆنی هاڵاوێکی ترسناکی ژیانی لێهەڵدەستا ، بۆنی هەناسەیەکی جێماوی دوای مەرگ، من تا ماوەیەکی زۆر درەنگ دوای ئەو ڕۆژەش دیمەنی ئەو پیاوانەم لە یادبوو، کە لە حەوشەکەدا، لە ناوەڕاستی چیمەنەکەدا ئەو گا زەبەلاحەیان دەگوریی، دیمەنی ئەو شۆقە شکاو و زمانە ڕەش و درێژە لەتەک حەسرەتی خەمێکدا، کە لە چاوە دەرپەڕیوەکانی ئەو گیاندارەدابوو، گەلێ ترسناک بوو . بابم سەرتاپای خوێن بوو، براکانم سەرتاپایان خوێن، قەسابە چکۆلانەکەش، کە جارجار وەکو منداڵێک پێدەکەنی هەموو گیانی لە خوێندا شەلاڵ بوو.)) (علی، ٢٠١٠: ٨) .

نوسەر لێرەدا دەیەوێت بڵێت ئاژەڵەکانیش ژیانیان خۆشدەوێت، خەون و ئارەزوویان هەیە و دەیانەوێت بەدیبهێنن، باسی دڵڕەقی پیاوان دەکات چۆن دەتوانن ئەو ئاژەڵانە سەربڕن و بیانکوژن، بوونی خوێن بە جل و جەستەوە و ئاسایی وەرگرتنی پێویستی بە دڵێکی ڕەق و کەسانێکی بوێر هەیە، گوێ بە هیچ شتێک نەدەن و لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ژیانی خۆیاندا ئامادەن ژیانی هەموو ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی دیکە بخەنەمەترسییەوە، ئاساییبوونی

کوشتن و سەربڕینی گیاندارانی دیکە دەبێتە هۆی ئاساییبوونەوەی کوشتنی مرۆڤیش؛ بۆیە کوشتنی کارەکتەرە ژنەکانی نێو ڕۆمانەکەش لە کۆتاییدا لە لایەن باوک و براکانەوە دەبێت، چونکە خۆیان بە خاوەنی ژنەکان دەزانن. ((دواجار پیاوێکم دەبینی، هەموو گیانی لە فیشەکدا ئاڵتونی دەینواند، دەمگوت"فەتانە سەیرکە ئەوە مردنە، ئەو پیاوە مردنە ...ئەگەر ئەو باڵندەیەی پێشوو مردن نەبووبێت، ئەم پیاوە مردنە...".)) (علی، ٢٠١٠: ٢٦٤) .

لێرەدا پیاو چوێنراوە بە مردن، چونکە هەرچی پیاوە کۆبوونەتەوە بە چەک و فیشەکەوە دەیانەوێت کچ و خوشکەکانیان بکوژن، چونکە لە دابونەریتی کۆمەڵ لایانداوە، لەگەڵ ئەو پیاوانەدا هەڵاتوون، کە خۆشیانویستوون، فیشەک ئامرازی جەنگییە و بۆ کوشتنی دوژمنان و پارێزگاریکردن لە گیانی خۆیان بەکاریانهێناوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی فیشەکی بەرامبەر بەکارهاتووە دوژمن نەبووە، بەڵکو خوشک و دایک و ئەندامانی خێزانەکانی خۆیان بوون، " خەندان" لە باسکردنی "ئێوارەی پەروانە" دا، دەڵێت: (( خەڵکی لەو ساتەدا هەموو سەیری ئەو گرووپی تیربارانەیان دەکرد، کە کەمە کەمە خەڵکەکەیان لە درەختەکە دووردەخستەوە و فاسیلەیەکیان لە ناوەڕاستی یەکەم ڕیزی بینەران و خۆیاندا دروستدەکرد، گرووپی تیربارانەکە براکانی من و فەتانە و هەندێ دوورە خزمی دیکەی هەردوو خێزانەکەمان بوون، هەندێ گەنجی نەناسراو و پەرتەوازەش بە ئاشکرا داوایاندەکرد، کە بەشدارییبکەن، دیاربوو هەندێکیان لە ڕێگەی زۆر دوور و لە هەرێمی نەناسراوەوە هاتوون تا لەم مەراسیمەدا چالاکبن.... بەڵام یەکێ لە مامۆستاکان هاتە پێش و بە چەند فەرمانێک هەمووانی ئاگادارکردەوە، کە جگە لە برا و کەسی کیژەکان کەسی دیکە هەقی بەشداریکردنی نییە ..)) (علی، ٢٠١٠ : ٢٧٤) .

دیارە ئەمە ڕەگوڕیشەیەکی کلتووری هەیە و لە کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیگرتووە، لێرەدا پیاوەکان هەم زاڵمن هەم کلتوور و کۆمەڵ زوڵمیان لێدەکەن، هەموو هەستێکی سۆزداری و مرۆڤایەتی لە خۆیاندا دادەماڵن لە پێناو ڕازیکردنی کۆمەڵ و کلتوورەکەیاندا ئامادەن خوشک یان ژنەکانی خۆیان بکوژن، کە ئەمەش تاوانێکی مرۆڤایەتی زۆر گەورەیە و هەم سزای دونیایی هەیە، هەم باری دەروونی بکوژ هەمیشە ئاڵۆز و ناجێگیردەبێت هەست بە ترس و تاوان دەکات، ڕەنگە بۆ هەموو ژیانی نەتوانێت ئاسودەبێت چونکە ژیان و خەونی مرۆڤێکی لەناو بردووە ، باوک وێنەیەکی زۆر جوانە لە ناو ژیانی هەموو مرۆڤێکدا دەتوانێت ڕۆڵی زۆر گرنگ لە پەروەردەی منداڵدا ببینێت و دەتوانێت سەرکردە و ڕابەرێکی نموونەیی زۆرجوان بێت بۆ ژیانی منداڵەکانی، بەڵام لە هەندێک خێزاندا باوک وەک ڕەمزێک بۆ ترس و زاڵمی سەیردەکرێت و مامەڵەیەکی ناتەندروست لەگەڵ منداڵ و هاوسەر و ئەندامانی

خێزانەکەیدا دەکات، بۆیە شتی لێدەشاردرێتەوە، کەسێکی خۆشویستراویش نییە لە لای ئەندامانی خێزانەکەی، پێیوایە ئەرکی ئەو تەنها پەیداکردنی بژێوی و خستنەوەی منداڵە و پەروەردەکردنەکەی ئەرکی ئەو نییە بۆ نموونە: باوکی "پەروانە" و "خەندان" ((باوک وەک هەمیشە لە بازاڕی زەڕەنگەرەکاندا سەرقاڵی بازن و ئەنگوستیلە و لاگیرەکانی خۆی بوو، براکانم بەیانی خۆیان گۆڕی و ڕۆشتنەدەرەوە، کەس نەیپرسی "پەروانە کوا" )) (علی، ٢٠١٠ : ٢٦) .

باوک بە ئەرکی باوکایەتی خۆی هەڵنەستاوە، هەندێک لە پیاوان تەنها بۆ تێرکردنی گەدە و ئارەزووە سێکسییەکانیان دەچنەماڵەوە و لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروستدا بۆ خێزان و داهاتووی کۆمەڵ بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن، ئەمە بە ئەرکی ژنەکانیان دەزانن، لە کاتێکدا ئەمە ئەرکێکی دوو لایەنەیە و هیچکام لەم لایەنانە بە تەنها ناتوانن نەوەیەکی تەندروست پەروەردەبکەن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پیاوانێک هەن، کە لەم ڕۆمانەدا ئەرکێکی جیاواز دەبینن (عاشق دەبن ) لە پێناوی عەشقەکەیاندا دژی کۆمەڵ دەجەنگن و لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا دەیانەوێت کۆمەڵێکی جیاواز و پێشکەوتووتر دروستبکەن، کە هاوشانی کۆمەڵ و وڵاتانی ئەوروپا بێت ، بۆ نموونە (فەرەیدونی مەلەک ، گۆڤەندی پەیکەرتاش ،...)هەروەها کارەکتەری " نەسرەدینی بۆنخۆش" کە پیاوێکە تەواو جیاوازتر لە پیاوەکانی کۆمەڵەکەی بیردەکاتەوە و بیرۆکەی دروستکردنی جەنگەڵی عاشقان دادەنێت، کە نیشتیمانێکی نوێیە بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕانەی عاشقی یەکترن و کۆمەڵ و کلتوور و باوک و برا و کەسوکاریان ڕێگە بە پێکگەیشتنیان نادەن، بۆ ڕزگاربوونیان لەو هەموو کۆتوبەندە، هانیان دەدات بۆ جێگایەک هەڵبێن، کە مرۆڤ ئازادانەتر عاشق بێت و خۆشەویستی بکات. ئەمانە نموونە و وێنەی پیاوی ڕۆشنبیر و جوان بینن، کە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵدا بگێڕن، کارەکتەری پیاوی ئایینی وەک " مەلا کەوسەری باخەوان" یش هەیە، لەو جۆرە مەلایانەیە، کە زۆر توندڕەوانە هەوڵدەدات ئایین بڵاوبکاتەوە و بەرگێکی توند بە بەر ئاییندا دەکات، زۆرێک لە بابەتە ئایینی و کلتوورییەکان تێکەڵ بە یەکدەکات و ڕەهەندێکی ئایینیان پێدەبەخشێت، هانی پیاوانی کۆمەڵ دەدات بۆ کوشتنی ئەو ژنانەی لەگەڵ خۆشەویستەکانیان هەڵاتوون، لە پێناو پاکبوونەوە لە گوناهدا؛ کە ئەمە بەتەنها پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە، لە ئیسلامدا کوشتنی مرۆڤ بە بێتاوان حوکمی زۆر قورسی هەیە، ناکرێت بە بێ بەڵگە و شاهید مرۆڤێک تاوانبار بکرێت، تا سێ شاهید بە چاوی خۆیان لە کاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا کەسەکەیان نەبینیبێت، کەواتە کوشتنی ژن ڕەگی لە کلتووری کۆمەڵایەتی و هەندێکجار ئایینی کۆمەڵی ئێمەدا داکوتاوە، نەک بە تەنها ڕەگێکی ئایینی هەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پیاوانی عاشق لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەک بەرامبەر عاشقەکانیان بێوەفاییان تێدا بە دیدەکرێت،

چـونکە لە پێنـاو جـوانی و جەسـتەدا عاشـقی ژنەکـان بـوون، دوای مـاوەیەک ئەو حەز و خولیـا زۆرەیـان بۆیـان نەمـاوە، کەواتە پیـاو وەکـو ئەنـدامێکی سـەرەکی و گرنگـی کـۆمەڵ لەم ڕۆمـانەدا ڕەنگیداوەتەوە و لە ڕۆمانەکەدا زیاتر قسە لەسەر پیاوسالاری دەکرێت.

### ٣- خێزان لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی – بەختیار علی- دا:-

خێـــزان یەکەم و جێگیرتـــرین دامەزراوەی کـــۆمەڵایەتییە، کە ناســـنامەی مرۆڤـــی تێـــدا دروســـتدەبێت و دەبێـت بە بـوونەوەرێکی کـۆمەڵایەتی، خێـزان بونیـاتێکی گرنگـی کـۆمەڵە و بە یەکەیەکــی بنەڕەتــی و بنــاغەی پێکهێنــانی کــۆمەڵ لە قەڵەم دەدرێــت، دەتــوانین بڵێــین: ((خێـــزان لە کۆمەڵێـــک لە مرۆڤەکـــان پێکـــدێت، کە لە ڕێـــگەی خـــوێن و ژنـــومێردایەتییەوە پەیوەنـــدیی لەگەڵ یەکتـــردا دروســـتدەکەن و لە مـــاوەیەکی کـــاتی نادیـــاردا پـــێکەوە ژیـــان دەبەنەسەر)) (کۆهین، ٢٠١٠ :١١٩).

ئەنــدامانی خێزانێــک پێویســـتە پەیوەنــدیی خــوێنی بە یەکیــانەوە ببەســتێتەوە، خێــزان کـــۆڵەکەیەکی گرنگـــی پەروەردەی تـــاک و بنیاتنـــانی کەســـایەتی تـــاکە، چـــونکە یەکەم قوتابخـانەی پەروەردەیـیە و تـاک لە خیـزانەوە ئامادەدەکرێـت بـۆ ئەوەی بێـتە نـاو کـۆمەڵەوە و پەیوەنـــدییەکی کـــۆمەڵایەتی تەندروســـت دروســـتبکات، ((خێـــزان دامەزراوەیەکـــی کـــۆمەڵایەتییە و لە هەمـــوو شـــوێنێک و هەمـــوو ســـەردەمێکدا بـــوونی هەیە و بە بـــێ ئەو مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵ مەیسەرنابێت.)) (وسوقی، نیک خولق،٢٠١٣ :١٨٩) .

خێـزان دەتوانێـت ڕۆڵێکـی گرنـگ لە فراوانکردنـی هـزری تاکـدا بگێڕێـت، زیـاتر مـرۆڤ بـۆ گەشـــەکردن و کـــارکردن هانـــدەدات، زەمینەیەکـــی لەبـــار و ئـــارام بـــۆ بە کـــۆمەڵایەتیکردنی مـــرۆڤ دەڕەخســـێنێت، بـــۆیە زۆرجـــار بە دڵـــی کـــۆمەڵ دەناســـێنرێت و بە تەواوی دامودەزگاکـــانی دیـــکەی وەکـــو قوتابخـــانە و زانکـــۆ و مـــزگەوت و یـــانە و دامەزراوە سیاسـییەکان و تـا دوایـی بەسـتراوەتەوە، شـێوازی پێکهێنـانی خێـزانیش لە کـۆمەڵێکەوە بـۆ کـۆمەڵێکی دیـکە دەگۆڕێـت، لە کـۆمەڵی کوردیـدا بە پێـی شـوێن و دابونەریـت و ڕووکـارە ماددییەکـان، پێکهێنـانی خێـزان دەگۆڕێـت، ئەمە جـگە لەوەی لە سـەردەمێک بـۆ سـەردەمێکی دیـــکە و لە شـــوینێک بـــۆ شـــوێنێکی دیـــکە هاوســـەرگیری و پێکهێنـــانی خێـــزان گـــۆڕانی بەســـەردادێت، بەڵام گرنـــگ ئەوەیە خێـــزان هەبێـــت و پارێزراوبێـــت، تـــاکو تاکەکـــان بە شـێوەیەکی تەندروسـت پەروەردەبـبن و بێـنە نـاو کـۆمەڵەوە، ڕۆمـان وەکـو ژانرێکـی ئەدەبـی بەرفـراوان قسـە لەسـەر هەمـوو لایەنەگرنگەکـانی ژیـانی مـرۆڤ دەکـات بـۆیە دەبینـین،

خێـزانیش وەکـو کـۆڵەکەیەکی گرنگـی کـۆمەڵ لە ڕۆمانـدا ڕەنگیـداوەتەوە، "بەختیـار علـی" لە ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانە)دا، لە چەنـد جێگایەکـدا قسـە لەسـەر ڕۆڵ و گرنگـی خێـزان لە پەروەردەکردنـی تـاکێکی تەندروسـت و دەروونددروسـتدا دەکـات ، نەبـوونی خێـزان چـۆن دەبێـتە هـۆی سەرلێشـێوان و نزمـی کەسـایەتی مـرۆڤ؟ ئەو کەسـانەی کە خـاوەنی خێزانێکـی تەندروسـت نـین چـۆن لە لایەن کـۆمەڵەوە بە چـاوێکی نـزم و بچـووک سـەیردەکرێن؟ هەروەهـا ئەو منـداڵانەی بە شـێوەیەکی ناشـەرعی دێـنە دونیـاوە چەنـد پەرتەوازەو خـاوەن کەسـایەتییەکی کـۆمەڵایەتی لاوازن؟ چـونکە خـاوەنی خێزانێکـی بـاش نـین، کە پەیوەنـدییەکی کـۆمەڵایەتی بـاش لە نێـوان ئەندامەکانیـدا هەبێـت . لێـرەدا چەنـد نموونەیەک لە ڕۆمانەکە وەردەگرین و شرۆڤەی دەکەین :

نمـوونەی یەکێـک لە کەسـێتییە سـەرەکییەکانی ڕۆمـانی "ئێـوارەی پەروانە" وەردەگـرین، کە ئەویـش (فەرەیـدونی مەلەکە)، هەر لە تەمەنـی منـداڵییەوە لە خێزانێکـی بـاش و یەکگرتـوودا پەروەردەنەکـراوە؛ بـۆیە ئەمە کـاریگەریی گەورەی لەسـەر کەسـایەتی دروسـتکردووە، وەک لە شـوێنێکدا دەڵێـت: ((بەڵام دواجـار هەرچییـەک بێـت ئەو لەو گەنـجە سـەیرانە بـوو، کە لە پەراوێـزی گەڕەکەکـانی قەراغ شـاردا گەورە دەبـن. لە دە سـاڵییەوە بـێ سەرپەرشـتێکی ڕاسـتەقینە ژیـابوو، وەکـو هەمـوو گەنجـانی ئەو سـەردەمە، زوو فێـری چەقۆوەشـاندن بووبـوو، لە مـاوەیەکی کەمیشـدا بووبـووە یەکـێ لە ترسـناکترین چەقۆوەشـێنەکانی بـاکوری شـار، کە دەبـایە چەقۆکێشـە بە ئەزموونەکـان حیسـابی بـۆ بـکەن . لە باغەکـانی قەراغ شـار و لەو دەشـتاییە بەرینـانەی دەورووبەریـدا فێـری شـەراب خواردنەوەیەکی سەخت بووبوو...)) (علی، ٢٠١٠: ٦٦).

خێـزان یەکـێکە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـانی کـۆمەڵ و کـاریگەریی گەورە لەسـەر کەسـایەتی و پەروەردەی منـداڵ و گەنـج دادەنێـت، بـۆیە نەبـوونی خێـزان گەنـج توشـی زۆر لادانـی کـۆمەڵایەتی دەکـات، کە کـاریگەریی لەسـەر کەسـایەتی و تەندروسـتی منـداڵ دادەنێـت، چـونکە خێـزان یەکەمـین قوتابخـانەی پەروەردەکردنـی منـداڵە، چـاودێرێکی زۆرباشیشـە بەسـەر هەڵسـوکەوت و مـامەڵەی مرۆڤەکـانەوە، بـۆیە نەبـوونی خێـزان و نەبـوونی چـاودێری خێزانـی لەسـەر " فەرەیـدونی مەلەک" لە تەمەنـی هەرزەکـاری و منداڵیـدا، فەرەیـدوونی فێـری چەقۆکێشـی و خـواردنەوەی شـەراب کـردووە ، کە ئەم مـامەڵەیە بـۆ منـداڵێکی پەروەردەکـراو و خـاوەن خێـزان ڕێگەپێـدراو نییـە، بـۆیە فەرەیـدون بەردەوام وەک منـداڵێکی شـەڕەنگێز ناسـراوە و لە شـەقامەکاندا لەگەڵ ژمـارەیەک هـاوڕێی چەقـۆ وەشـێنی خۆیـدا

بەردەوام خەریکی چەقۆ وەشێنی بوون تا ڕۆژێک لە یەکێک لە هاوڕێ ئازیزەکانی خۆی دەدات و دەکەوێتە نەخۆشخانە، ئەو ڕووداوە کاریگەریی گەورە لەسەر کەسایەتی دادەنێت و واز لە چەقۆکێشی دێنێت، بڕیاردەدات سەفەربکات و ئەم وڵات و کۆمەڵە جێبێڵێت، لێرەدا نوسەر بە جۆرێک باس لە شەڕەنگێزی دەکات وەک ئەوەی بەشێک بێت لە کەسایەتی هەموو تاکێکی کورد، چونکە بۆ ڕزگاربوون لە چەقۆکێشی، دەیەوێت کۆمەڵی کوردی بە جێبهێڵێت، سەفەربکات و بە تەنها بژی، چونکە پێیوایە مرۆڤ سیفەتی درندەیی تێدایە و باشتروایە لە مرۆڤەکان جیاببیتەوە، مرۆڤ ئەگەر لە خێزانێکی دامەزراودا پەروەردە نەبێت هیچ ئامانج و پلانێکی نابێت بۆ ژیان و داهاتووی خۆی، بۆ نموونە "نەسرەدینی بۆنخۆش" باسی ئەوە دەکات، کە لە کۆبوونەوەکانی (فەرەیدون و گۆڤەند و نەسرەدین)دا قسەکانیان هیچ ئامانج و مانایەکی نەبووە ((قسەکانمان هەموو بۆنی ئەو سوڕانەوە گەورەیەی لێدەهات بە دەوری هیچدا. هەمیشە قسەمان دەکرد، بەڵام نەماندەویست بگەینە شتێکی دیاریکراو، زۆرجار چەندەها سەعات قسەمان دەکرد و دواتر هەڵدەستاین ، نەمدەزانی لەسەرچی دواوین...)) (علی، ٢٠١٠ : ٧٣).

لێرەدا نوسەر باسی پوچگەرایی و بێمانایی ژیان و هەموو ئەو ڕووداوانە دەکات بەسەر مرۆڤ و ژیانی مرۆڤدا دێت، ئەوکاتەی مرۆڤ بێ ئامانج بوو قسەکردنیشی هیچ مانایەکی نابێت و هەموو شتێک بە دەوری هیچدا دەخولێتەوە، بێگومان ژینگە و کۆمەڵی شپرزە و پەرتەوازەش کاریگەریی خراپ لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دادەنێت، توشی بێهیوایی دەکات بە جۆرێک پێیوایە لە وەها ژینگە و کۆمەڵێکدا ناتوانێت ببێت بە هیچ. یەکێک لەو دیاردانەی لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەر کراوە تێڕوانینی کۆمەڵە بۆ ئەو منداڵانەی بە حەرامی دێنەدونیاوە ، واتە لە خێزانێکدا نایەنە دونیاوە، کە لە کۆمەڵدا دانپێدانراوبێت و بە پێی پێڕەوێکی یاسایی و ئایینی ئەو دوو کەسە لێک مارەکرابن، بەڵکو سەربەخۆیانە پێکەوە منداڵیان دروستکردووە، ((سەیرترین شت بۆ پەروانە دیمەنی ئەو منداڵانەبوو، کە بێچووی حەرامزادەی ئەو عاشقانەبوون، کە پێشتر لە ئەشکەوت و چیا و سەر لووتکە بەرزەکاندا ژیابوون و لەویادا خێزانیان دروستکردبوو .... منداڵانێ لە ژێر بروسکە و ڕەهێڵە و ترسدا گەورەبووبوون، منداڵانێک هێندەی پەیوەندییان لەگەڵ با و شەو و درەخت و گیاکاندا هەبوو، پێنەدەچوو پەیوەندییان بە مرۆڤەکانەوە هەبێت...)) (علی، ٢٠١٠: ١١٠).

لە ڕاستیدا منداڵ بوونەوەرێکی بێگوناهە، هیچ دەسەڵاتێکی نییە لەوەدا چۆن لەدایکدەبێت، لە چ ژینگەیەکدا لەدایکدەبێت، لە چ دایکوباوکێک لەدایکدەبێت، واتە خۆی مافی هەڵبژاردنی نییە، بەڵام کە بە حەرامی دێتە دونیاوە، دەبێتە قوربانی یەکەمی کۆمەڵ و قسەی کۆمەڵ و دەبێت بە مرۆڤێکی بێزراو و بە چاوی مرۆڤێکی ئاسایی سەیرناکرێت و ڕێزی لێناگیرێت، زۆرجاریش ئاماژە بەوە دەکرێت، کە منداڵان باجی تاوانی دایکوباوکیان دەدەن و کاریگەرییەکەی لەسەر ڕوخساریان دەردەکەوێت، یان منداڵانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتیان دەبێت، ئەوە دەخەنە زەینی خۆیانەوە خودا هەقی گوناهەکانی ئەوانی لە منداڵەکانیان کردووەتەوە، کەواتە پاراستنی کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینی لەلایەن خێزانەکانەوە دەبێتە هۆی پارێزراوی و مانەوەی خێزان بە سەلامەتی و تاکێکی باش و تەندروست و خزمەتکاری کۆمەڵ تێیدا پەروەردەدەبێت ..کەواتە پەیوەندییە خێزانییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیانداوەتەوە و قسەیان لەسەرکراوە.

**٣-٢: خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:**

**٣-٢-١: پەیوەندیی نێوان خورافە و ئەفسانە:**

خورافە بەشێکی سەرەکی کلتووری هەر نەتەوەیەک پێکدێنێت، وەک پێویستییەکی ژیانی مرۆڤی لێهاتووە، چونکە ئەگەر خورافە نەبێت مرۆڤە سادەکان ناتوانن چارەسەری ئاڵۆزییە فیکری و دەروونییەکانی خۆیان بکەن، هەموو کۆمەڵێک تەنانەت زۆر کەسیش خورافەی تایبەت بە خۆیان هەیە، خورافە لە سادەترین پێناسەیدا ((بریتییە لەو بیر و ومارەسە و نەریتانەی پشت بە هیچ پاساوێکی ئەقڵی نابەستێت و ملکەچی هیچ چەمکێکی زانستی نابێت.)) (بدران والخماش، ١٩٧٩: ١٣).

بیرکردنەوەی خورافیش بریتییە لەو شێوازە بیرکردنەوەی بە شێوەیەک ڕاڤەی ڕووداوەکان دەکات، کە پەیوەندییان بە ڕاستی و واقیعە بەرجەستەکانەوە نییە، زۆرجار ئەمجۆرە لە بیرکردنەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی دەروونی، کە ئەمەش لە ئەنجامدا نەخۆشی دەروونی لێدەکەوێتەوە، یەکێک لەو پێناسانەی، کە بۆ مرۆڤ دەکرێت ئەوەیە، کە دەڵێت " مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە" مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی دەیەوێت هۆکار و دەرەنجامی ڕووداوەکانی ژیان بزانێت، چونکە وەک "ئەریک فرۆم" دەڵێت: ((فیکر و ئەقڵی مرۆڤ بە پێچەوانەی گیانەوەر

(ئـــاژەڵ)ەوە، تەنیـــا هـــۆیەک نیـــیە بـــۆ بە دەســـتهێنانی پێداویســـتییەکان، بەڵکـــو هـــۆیەکە بـــۆ دۆزیـــــنەوە و پەیبـــــردن بە حەقیقەتـــــی خـــــۆی بە جـــــوانی و دزێوییەکـــــانی ئەو جیهـــــانەی تێیدادەژی .)) (فرۆم، ۲۰۰۸: ۲٤۰).

هەربـــۆیە کاتێـــک مرۆڤـــی ســـەرەتایی لە ســـەر ڕووبەری گـــۆی زەوی خـــۆی بینیـــیەوە، تووشـــی سەرســـوڕمان و دڵەڕاوکێیەکـــی زۆربـــوو، چـــونکە بە بەرچـــاوییەوە چەنـــدین دیـــاردە و ڕووداو ڕوویانــــــداوە، کە ئەو نەیــــــدەزانی هۆکارەکــــــانی چــــــین، بێگومــــــان ســــــەرچاوەی نەزانینەکەشـــی لە نەبـــوونی ئەزمـــوون و زانیـــاری پێویســـتەوە ســـەبارەت بە ڕووداوەکـــان ســـەرچاوەی گرتبـــوو، ناچـــار بـــۆ دامرکانـــدنەوەی دڵەڕاوکێـــی خـــۆی، پەنـــای بـــردووەتە بەر خەیـــاڵ و بە خەیـــاڵی ســـەرەتایی خـــۆی بـــوونەوەر شـــیدەکاتەوە، بەمجـــۆرە وەڵامـــی بـــۆ هەنـــدێک لە پرســـیارەکانی خـــۆی دۆزیـــتەوە، مرۆڤـــی ســـەرەتایی پێویســـتی بە هێزێـــک بـــووە، کە بتـــوانێ لە ســـایەیەوە خـــۆی لە مەترســـییە گەورەکـــانی ژیـــان و ســـنورەکان بپارێزێـــت، بـــۆ ئەمەش دوو ڕێگای گرتووەتە بەر:

(یەکەم: دروســــتکردنی کەرەســــتە و ئــــامێری پێویســــت و گرنــــگ، ئامێرێــــک بتوانێــــت لەو مەترســـیانە بیپارێزێـــت، ئەوەش ئەودەم کـــارێکی ئەســـتەم بـــوو، ڕەنـــگە بە پێـــی ئەقڵـــی ئەو دەمەی مـــرۆڤ هەر بیریشـــی لێنەکـــردبێتەوە، هەرچەنـــدە خـــڕکەبەرد و داردەســـت هەر زوو مـــرۆڤ پەنـــای بـــۆبرد، بەڵام ئەم دووانە نەیـــانتوانی بەر لە هەمـــوو ترســـەکان بگـــرن، هەمـــوو پێداویستییەکانی مرۆڤ جێبەجێبکەن .

دووەم: بەدەســـتهێنانی هێزێکـــی مەعـــنەوی هـــزری، کە مـــرۆڤ لە نـــاوەوە بەهێزبکـــات و لە ســـایەی ئەو هێـــزە مەعنەویـــیە، وەک چـــرایەک بتـــوانێ دەورووبەری خـــۆی ڕوونتـــر ببینـــێ و کەم کەم شتەکان بناسێت و زانیارییان لەبارەوە پەیدابکات.) (ئیبراهیم، ۲۰۱۰/۱۰/٥ :۱۱٥) .

ئەم پێویســتییە زۆرانەی مــرۆڤ بــوو بە هۆکــاری پەیــدابوونی (ئــایین و ئەفســانەکان)، دیــارە ئـــایین و ئەفســـانەش بە شـــێوەیەکی ســـادە و ســـەرەتایی پەیـــدابوون، مـــرۆڤ لە ئایینـــدا بە دوای هێـــزی داهێـــنەر و دروســـتکەردا گەڕا و هەرزوو نـــاوی لەو هێزەنـــا "خواوەنـــد"، لە ئەفسانەشـــدا بە دوای ئەو هێـــز و هۆیـــانەدا گەڕا، کە بتـــوانێ ســـودیان لێببینێـــت و نهێنییەکـــانی گەردوونیـــان لێـــوە بـــدۆزێتەوە، لە ڕێـــگەی خەیاڵکردنەکـــانی خـــۆیەوە؛ بـــۆیە ئـــایین و ئەفســـانەکان ڕەگێکـــی قوڵیـــان پـــێکەوە هەیە، مرۆڤـــی ســـەرەتایی بـــۆ ڕازیکردنـــی خـــۆی پەنـــای بـــۆ کۆمەڵێـــک شـــتی ناڕاســـتی و نـــا زانســـتی بـــردووە، وەکـــو (جـــادوو، نمایشـــکردن، ...)بەو

هیـوایەی ئەمـانە کەمێـک لەو گیروگرفـت و کۆژانـانە، کە لە ژیانیـدا دەهـاتنە سـەر ڕێـگەی، دووری بـخەنەوە، زۆرجـار مرۆڤـی سـەرەتایی لە نائاگـایی و کەمـی ئەزمـوونی ژیـانی خـۆیەوە ڕووداوەکـانی بە شـێوەیەکی نـا تەندروسـت شـرۆڤە کـردووە، چـونکە بە شـێوەیەکی سـاکار لە ڕووداوەکـان تێدەگەیشـت، کەمتـر بە دوای هۆکـاری ڕووداوەکانـدا گەڕاوە، بەڵکـو پێیوابـووە ئەوەی لە جـاری یەکەمـدا بینیـویەتی، ئەوە هۆکـاری سـەرەکی ڕووداوەکە بـووە، بـۆ نمـوونە ئەگەر لە کـاتی هەڵکردنـی بـایەکی تونـددا فیکەیەکـی لە دەم دەربچـوایە و بـایەکەش بە هۆکـارێکی سروشـتی بوەسـتایە، ئەوە ئەو وای هەسـتدەکرد، کە هـۆی وەسـتانی بـایەکە فـیکەکەی ئەوە، هەربـۆیە هەرکاتێـک بـایەکی تونـد هەڵیبکـردایە دەسـتیدەکرد بە فیکەلێـدان، ئەمجـۆرە بیرکـردنەوانە لای مرۆڤـی سـەرەتایی وردەوردە بە شـێوەیەکی بۆمـاوەیی و کـۆمەڵایەتی لە وەچەیەکەوە بـۆ وەچەیەکـی دیـکە دەگـوازرانەوە، تـا وایلێهـات ئەم بیرکـردنەوە نازانسـتییانە، کە پێیـدەوترێت بیرکـردنەوەی خـورافی، بـوو بە بەشـێک لە پێکهـاتەی کلتـووری میللەتـان، کەواتە بیرکـردنەوەی خـورافی داهێنـراوی دەسـتی مـرۆڤە و بۆ ڕازیکردنی دەروونی مرۆڤەکان هاتووەتە ئاراوە.

خـورافە بـریتییە لەوەی لە ڕێـگەی شـتێکی جزئـی یـان بەشـێک لە ڕووداوەکـانی ژیـان بکەیـت بە هۆکـارێ بـۆ تەواوی ئەو ڕووداوانەی لە ژیانتـدا ڕوودەدەن. بـۆ نمـوونە هەنـدێک کەس دەڵـێن ئـێمە مـانگی شـەوالمان پێوەنـایەت، چـونکە لەو مـانگەدا چەنـدجارێک ڕووداوی ناخۆشـیان بـۆ هـاتووەتەپێش، دەتـوانین بڵـێن خـورافە لە ئـایین لە فەلسـەفە، لە زانسـت، لە زۆرێـک لە بوارەکـانی دیـکەی ژیـانی مرۆڤـدا هەیە، بـۆ نمـوونە چیرۆکـی (ئـادەم و حەوا) لە ئایینـدا، هەمـوو ئەو بەدبەختیـانەی بە درێژایـی ژیـانی مـرۆڤ دێـتە ڕێـگەی مرۆڤـایەتی دەدرێـتە پـاڵ ئەو سـێوەی ئـادەم خـواردوویەتی، لە کاتێکـدا سروشـتی ژیـان وایە پڕیەتـی لە هەوراز و نشـێو و ڕووداو و کارەسـات، کە پەیوەنـدیی بە مـرۆڤەوە نیـیە، دیـاردەی بارانبـارین کاتێـک بـاران نابارێـت، مامۆسـتایەکی ئـایینی دێـت دەڵێـت: ئەمە هەمـووی لە ئەنجـامی گونـاه و تـاوانی مـرۆڤەوەیە، کە بـاران نابارێـت، لە کاتێکـدا ئەمە ڕووداوێکـی تەواو سروشـتییە و پەیوەنـدیی بە مـرۆڤەوە نیـیە، ئەگەر وابـوایە دەبـوو لە ئەورووپـا هەر بـاران نەبارێـت، چـونکە ئەوان سـنوورەکانی ئـایین ناپـارێزن، ئەمـانە و چەنـدین بیروبـاوەڕی خورافی دیکە، کە لە کلتووری میللەتاندا هەیە.

دیــارترین جــۆری ئەو خورافــانەی لە نــاو میللەتــی کــورددا بــڵاون، بــریتین لە: (جــادوو، نوشــتە، فــاڵ و قــاوە و دەســتگرتنەوە، ژمــارەی بەخــت و ژمــارەی شــووم، جنــۆکە، گــۆڕ و مەزارگەکان).

زاراوەی ئەفســانەش زیــاتر بــۆ ئەو چیــرۆک وحیکــایەتە کۆنــانە بەکاردێــت، کە مرۆڤــی ســەرەتایی دایانڕشــتووە، بــۆ وەڵامــی پرســیارەکانی خۆیــان ســەبارەت بە گەردوون وبــوون و مرۆڤــایەتی، لەهەنــدێک پێناســەدا دەوترێــت ئەفســانە حیکــایەتی خــودایە، واتە مــرۆڤ بــۆ تێگەیشــتنی لە بــوون پەیوەســتیکردووەتەوە بە هێزێکــی بــاڵاوە، کە خــودایە واتە بــوونی مرۆڤــی وا لێکــداوەتەوە، کە هێزێکــی بــاڵا دروســتیکردووە، نەک تەنیــا دروســتیکردووە، بەڵکــو بــزوێنەر و هەڵسوڕێنەریشــیەتی، کۆتایشــی پێــدێنێت، دونیــایەکی دیــکە بــۆ مــرۆڤ دەخوڵقێنێــت، واتە بــابەتی ســەرەکی ئەفســانە خــودایە وەک دروســتکەر و بــزوێنەری بــوونی مــرۆڤ، واتە پەیوەنــدییەکی پــتەو لەنێــوان ئــایین و ئەفســانەدا هەیە، هەروەها(ئەلیکســاندەر کــراپ)یش، بەم تێــڕوانینە لە ئەفســانە دەدوێ وپێیــوایە : ((ئەفســانە، گێــڕانەوە یــان چیــرۆکێکە کە خواوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.)). (خۆشناو، ٢٠١٣ :١٦).

واتە یەکێـــک لە جیاکەرەوەکـــانی ئەفســـانە ئەوەیە، کە زۆرێـــک لە پاڵەوانەکـــانی خواوەنـــدەکان بـــوون، کەواتە خـــاڵی هاوبەشـــی نێـــوان (ئەفســـانە) و (خـــورافە) ئەوەیە هەردووکیــان بەرهەمــی خەیــاڵی مــرۆڤن، بەڵام ئەفســانە بەرزتــرین ئاســتی بیرکــردنەوەی مرۆڤـــی ســـەرەتایی بـــووە لە ڕووداوەکـــانی دەوروبەری، بەڵام لە خـــورافەدا مـــرۆڤ لە ڕێــگەی بەشــێک لە ڕووداوەکــانی ژیــانییەوە، بڕیــار لەســەر تەواوی ژیــانی دەدات، کۆمەڵێــک بیرکـــردنەوە و بیروبـــاوەڕی پڕوپـــوچە، کە دوورە لە ڕاســـتییەوە لە ڕێـــگەی خەیـــاڵەوە دروســتدەبێت. لێــرەدا نمــوونەی چەنــد جــۆرێکی خــورافە لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانە)ی-بەختیارعلی-دا وەردەگرین:-

**چیرۆک و حیکایەت: جنۆکە و شەولەبان و...هتد، لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دا:**

لێــرەدا مەبەســت لە چیرۆکــی فۆلکلــۆرییە، کە دەمــاودەم و پشتاوپشــت لە نێــوان نەوەکانــدا گێـــڕدراوەتەوە و گواســـتراوەتەوە ، کە بەشـــێکە لە ئەدەبـــی گێـــڕانەوە و چیرۆکێـــک دەگێـــڕێتەوە، کە بە زۆری خەیـــاڵییە و خەیـــاڵی مرۆڤـــی ســـەرەتایی دروســـتیکردووە، ((چیـــرۆک لەنـــاو کـــورددا حیکـــایەت یـــا "نەقـــڵ" ی پێـــدەڵێن و لەنـــاو کـــوردی لـــوڕدا (مەتەڵۆک)یشـــی پێـــدەوترێت، بەشـــێکی گەورەیە لە ئەدەبـــی فۆلکلـــۆری کـــوردی، چیـــرۆک

بەرەوپێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیە و لە ڕووی فۆرم و دارشتنەوە لەو ئەچێت، هەرچەندە لە ڕووی کەرەستە و ناوەڕۆکەوە هەندێک جیاوازییان هەیە.)) (ڕەسوول، ١٩٧٠ :١٨).

کەرەستەی ئەفسانە خەیاڵە و کەرەستەی چیرۆکیش ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤە، پاڵەوانەکانی چیرۆکی کوردی بە زۆری گیانداران و ئاژەڵن، یا مەل و باڵندەیە بەشێکی گەورەی کەرەستەکەشی ئادەمیزاد خۆیەتی، چیرۆک و حیکایەتیش وەک ئەفسانە دەماودەم و پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە، هەر حیکایەتخوانە و بە شێوازی تایبەتی خۆی چیرۆک و حیکایەتەکان دادەڕێژێت، هەندێکجار لە چیرۆکیشدا خەیاڵ بەکاردەهێنرێت، بەڵام خەیاڵی چیرۆک زۆر لە ژیانی واقیعی مرۆڤ دوورناکەوێتەوە، ئەگەرچی پاڵەوانی چیرۆکەکان هەندێک کاریش بکەن، کە لە توانای مرۆڤدا نەبێت ئەنجامی بدات، هەموو ئەو کارەکتەرانەی، کە لەناو چیرۆکدا هەن، کەس یان گیانلەبەری خەیاڵی نین، با هەندێک کردەوە و ڕەفتاریشیان دووربێت لە واقیعەوە، چیرۆک بەرهەمی گەورەبوون و لە خەم ڕەخسینی مرۆڤایەتییە، وێنەی کێشەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ژیاندا نیشاندەدات، کەواتە لە قۆناغێکدا مرۆڤ لە زمانی گیانلەبەرانەوە چیرۆکی گێڕاوەتەوە، کە مەبەستی بووە ئەو گیانلەبەرانە وەک ڕەمزێک بۆ گوزارشتکردن لە گرفت و کێشەکانی مرۆڤ بەکاربهێنێت، بۆ نموونە لە چەند جێگایەکدا لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا قسە لەسەر حیکایەت و چیرۆک و هەندێک گیاندار کراوە، لێرەدا بە کورتی لێیان دەدوێین :

لە شوێنێکدا "نەسرەدینی بۆنخۆش" لە باسکردنی ئەم هەرێمەدا، کە جێگەی هەموو شتێکی تێدادەبێتەوە جگە لە عەشق و خۆشەویستی دەڵێت : ((چ سوکایەتییەکە عاشقان لەم مەملەکەتەدا، کە وڵاتی هەزارخێڵ، هەزارباب و هەزار پێغەمبەری ڕاست و درۆزن بووە، هەوارێکیان نەبێت...ئەم عەردە، ناوی چییە، کە دەربەندێکی بۆ مەحەبەت نەکردبێتەوە؟.... وای چ سوکایەتییەکە...چ شەرمێکە نیشتیمانێ بەم گەورەییە...نیشتیمانێ، سەرێکی تاقەکانی فەرهادبێت و سەرێکی کێلەکانی مەموزین بێت حەشارگەیەکی بۆ عاشقان تیانەبێت....وای لەم ئابڕووچوونە...)) (علی، ٢٠١٠: ١٠٥) .

لێرەدا ئاماژە بە کوردستان دەکرێت وەک نیشتیمانێک جێگەی عەشق و خۆشەویستی کوڕ و کچی تێدا نابێتەوە، هەروەها ئاماژە بە چەند داستان وحیکایەتێکی فۆلکلۆری کوردی دەکات، کە چیرۆکی عەشق وخۆشەویستین، بەڵام کۆتاییەکەیان بە یەکگەیشتن

نەبــووە، چــونکە لە کلتــووری ئــێمەدا خۆشەویســتی کــوڕ وکــچ ڕێــگە پێــدراونیە، لێــرەدا نمـــوونەی داســـتانەکانی (شـــیرین وفەرهـــاد) و(مەمـــوزین) هێنـــراوەتەوە، "نەســـرەدینی بۆنخــۆش" وەک کـــارەکتەرێکی ڕۆشـــنبیری ڕۆمـــانەکە هەوڵـــدەدات هەمـــوو حیکایەتەکـــانی عەشـــق لە کتێبێکـــدا کۆبکـــاتەوە بە ناوی(عەشـــقنامە)وە، کە حیکـــایەتی هەمـــوو عەشـــقە تێکشـــکاوەکانی شـــاری تێـــدا کـــۆکراوەتەوە و بە حیکـــایەتی (پەروانە) و(فەرەیـــدونی مەلەک) کۆتاییـــدێت، کە بە نهێنـــی هەوڵیـــداوە چیرۆکـــی ئەو عەشـــقانە بهێڵێـــتەوە، چـــونکە هەمـــوو کـــۆمەڵ دژی عەشـــق بـــوون وەک دەڵێـــت: ((ئەو کەشـــکۆڵە گەورەیە، کە هەزاران لاپەڕەی دوورو درێژبـــوو، نـــاو و ســـەربورد و چارەنووســـی یەک ســـەدە لە عاشـــقانی تیـــابوو، حیکـــایەتی هەمـــوو دڵـــدارەکانی کوردســـتانی لە دوای ئیمـــارەتی بابـــانەوە پاراســـتبوو، وێـــنەی ســـەدەها گـــۆڕە عاشـــق و مەزاری ئەڤینـــی هەڵگرتبـــوو، لە شـــیرین و فەرهـــاد و وەلـــی دێـــوانە و شـــەمەوە تـــا دەگەیشـــتە ســـەر پەروانە و فەرەیـــدونی مەلەک، وەســـف و تەفســـیری تیـــابوو... هەمـــووی تـــۆپێکی تۆپخانەکـــانی ئێـــران لە ســـەنگەرێکی چکـــۆلانەی دەوروبەری(دیزفـــول) لە ناو جانتاکەمدا سوتاندی..)) (علی، ٢٠١٠: ١٣١) .

واتە دڵـــدارەکانی ئەم هەرێـــمە تەنهـــا لە چوارچێـــوەی کتێـــب و نووســـیندا توانیویـــانە چیرۆکەکـــانی خۆیـــان بگێـــڕنەوە و بیپـــارێزن، بە تـــایبەتی لە ڕێـــگەی چیـــرۆک و حیکـــایەتی خەیـــاڵییەوە، تـــاکو خەڵکـــی نەتـــوانن پەی بە ڕاســـتی چیـــرۆک و کەســـایەتییەکان بـــبەن، نـــاهەمواری بـــارودۆخی سیاســـی کوردســـتانیش، بـــوونی جەنـــگ لە نێـــوان عێـــراق و وڵاتـــانی دراوســـێ بـــووەتە هـــۆی لەنـــاوبردن و ســـوتانی ئەم چیرۆکـــانە، "فەتـــانە" یەکـــێکە لەو کـــارەکتەرانەی لە زۆرتـــرین شـــوێنی ڕۆمـــانەکەدا، وەک ڕێگـــایەک بـــۆ هێشـــتنەوەی ڕووداو و چیرۆکەکـــانی ڕابـــردوو، پەنـــا بـــۆ گێـــڕانەوەی چیـــرۆک و حیکـــایەت دەبـــات، ((فەتـــانە هەر ئەو شـــەوە لە غافڵیـــدا دەســـتیکرد بە گێـــڕانەوەی حیکایەتەکـــانی، هەمـــوو لە جێگـــای خۆمانـــدا بێـــدەنگ ڕاکشـــابووین و بیرمانـــدەکردەوە، کە لەناکـــاو فەتـــانە بە دەنگـــی حکایەتخوانێـــک دەســـتیپێکردوو گـــوتی"میـــدیای غەمگـــین حەزی لە مانـــگ بـــوو، هێنـــدەحەزی لە مانـــگ بـــوو پێنەدەچـــوو بتوانێـــت بە بـــێ مانـــگ بـــژی، ئەو شـــەوانەی، کە مـــانگی نەدەبینـــی زۆر غەمگـــین دەبوو...")) (علی، ٢٠١٠: ١٥٧).

گێـــڕانەوەی حیکـــایەت ڕێگـــایەکە بـــۆ هێشـــتنەوە و گواســـتنەوەی ڕووداو و چیرۆکەکـــانی ڕابـــردوو بـــۆ نەوەکـــانی داهـــاتوو، چـــونکە بەشـــێکی زۆری ئەدەبییـــاتی فۆلکلـــۆری کـــوردی لە ڕێـــگەی چیـــرۆک و حیکـــایەتەوە دەمـــاودەم و پشتاوپشـــت گواســـراوەتەوە، "بەختیـــارعەلی" ش

چیــرۆک و حیکــایەت و گێــڕانەوەی کــردووەتە ڕێگــایەک بــۆ پاراســتنی چیرۆکــی پەروانە و عاشــقەکانی کوردســتان، چــونکە دەمــاودەم دەگێــڕدرێتەوە و دەمێنێــتەوە، "فەتــانە" حەزێکــی زۆری هەبـــووە بـــۆ گێـــڕانەوەی چیرۆکەکـــان بە شـــێوەی جۆراوجـــۆر، یەک ڕووداوی بە چەنــدین شــێوازی جیــاواز گێڕاوەتەوە((لەزەتــی حیکــایەت گێــڕانەوە، لەزەتــێکە لە کتێبــی نووســـراودا نیــیە، کە بەســـەرهاتێک دەگێــڕیتەوە، دەتوانیــت بە ویســتی خــۆت دەســتکاری هەمــوو شــتەکانی بکەیــت، بێــئەوەی ئاســەواری تاوانێــک بەجێبهێڵێــت، کەســیش ناتوانێــت بە بەڵگە بیسەلمێنێ کە تۆ دەستکاری دونیات کردووە..)) (علی، ٢٠١٠: ٢٧٩) .

واتە یەکێــک لە جوانییەکــانی ئەدەبــی چیــرۆک و حیکــایەت ئەوەیە، حیکــایەتخوان دەتوانێــت بە ویســتی خــۆی دەســتکاری ڕووداوەکــان بکــات و هەرجــارەی بە شــێوەیەک بیگێــڕێتەوە، جارێـک لێـی کەمبکـاتەوە، یـان بـۆی زیادبکـات، تـا حەزی گـوێگرتن و خوێنـدنەوە لای گـوێگر و خــوێنەر دروســتبکات، چەنــدین حیکــایەتی خــورافی لەســـەر کەســێتییەکانی ئەم ڕۆمــانە و چیرۆکــی عەشــقیان دروســتکراوە و گێــڕدراوەتەوە، ســەبارەت بە بــوونی (جنــۆکە و شــەیتان شــەولەبان....) لە ڕۆمــانەکەدا چەنــد نمــوونەیەک دەهێنیــنەوە، "زەینەبــی کوێســتانی" یەکــێکە لە مامۆســـتاکانی قوتابخـــانەی خوشـــکە تۆبەکارەکـــان لە کـــاتی ئامۆژگـــاریکردنی کچەکانـــدا ســـەبارەت بە جلــوبەرگ دەڵێــت: ((جلــوبەرگ زمــانە، زمــانی لەشــە، زمــانی ڕۆحە، زمــانی ئارەزووەکـــانە، ئارەزووەکـــانی جەســـتە و ئارەزووەکـــانی ئەقڵـــیش، کە لەشـــی خـــۆت دەردەخەیــت بەربەســتێکی ئەســتوور و گرنــگ لە بەردەم شــەیتاندا هەڵــدەگریت تــا بێــت و ئاســـانتر ختــوکەی شـــەهوەتەکانت بــدات. جــل پەیوەنــدییەکی گرنگــی بە شـــەیتانەوە هەیە، شـــەیتان بەر لەهەر شـــتێک بەرگئەنـــداز و بەرگـــدرووە، دەبێـــت هەمووتـــان بـــزانن شـــەیتان یەکەمجار لە شێوەی قاتێک جلدا خۆی بۆ ئافرەت ئاشکرادەکات...)) (علی، ٢٠١٠ :١٥٣) .

ئەم تێــڕوانینە تێڕوانینێکــی ئــایینیە بــۆ جلــوبەرگ، لە ئــایینی پیــرۆزی ئیســلام و ئایینەکــانی دیکەیشــدا داوا لە ژنــان دەکرێــت جلوبەرگێــک بپۆشــن جەســتەیان داپۆشــێت، بەڵام ئەمە بە زۆرەملــێ نیــیە و هەر خانمێـک ئـازادە چـی دەپۆشـێت، خـودا تەنهـا شـتەکان دەخـاتە بەردەم مــرۆڤ و ســود و زیانەکانیشــی ڕوونــدەکاتەوە، خانمــان هەڵبــژاردن لە بەردەســتی خۆیانــدایە کامیــان هەڵــدەبژێرن، ژنــان خــاوەنی جەســتەیەکی جــوان وسەرنجڕاکێشــن دەرخســتنی ئەو جـــوانیە دەبێـــتە هـــۆی ڕاکێشـــانی هەســـتی پیـــاوان بـــۆ لای جەســـتەیان، هەمیشـــە ئەم خراپەکارییــانەش دەدرێــنە پــاڵ شــەیتان وشــەیتان بە هۆکــار دەزانرێــت .((مــاڵی ئــێمە پڕبــووە

لە شـــــەیتانەکان، شـــــەیتانی هەمەڕەنـــــگ، ئەوانە دایکمیـــــان لە خشـــــتەبرد و تووشـــــی ئەو چارەنووسەیان کرد...)) (علی، ٢٠١٠: ١٥٦).

هەمیشـــە هۆکـــاری خراپەکـــاری و مـــامەڵە ناشـــیرینەکانی مـــرۆڤ دەدرێـــتە پـــاڵ شـــەیتان، لە ئایینیشـــدا هـــاتووە شـــەیتان بەڵێنیـــداوە، بە درێژایـــی ژیـــان هەوڵبـــدات بـــۆ لە خشـــتەبردنی مـــرۆڤ، ئەگەرچـــی مـــرۆڤ خۆشـــی حەزێکـــی زۆری بـــۆ تـــاقیکردنەوەی شـــتە قەدەغەکراوەکـــان هەیە و ئـــارەزووی لادان لە کلتـــوور و بەهـــا کۆمەڵایەتییەکـــانی کـــۆمەڵەکەی خـــۆی دەکـــات، ئەمـــانە هۆکـــاربوون بـــۆ ئەوەی "مەلا کەوســـەری بـــاغەوان" و کـــۆمەڵ دروشـــمی ڕاوکردنـــی شـــەیتان بەرزبـــکەنەوە و بڕیاربـــدەن جەنگەڵـــی عاشـــقان لەنـــاوبەرن ((هەمیشـــە تارمـــایی شـــەیتانێکی قژدرێـــژ و دزێـــو لە پێشـــدەمیاندابوو، وەهمـــی مەخلـــوقێکی شـــێواو، کە دەتوانێـــت لە پێســـتی ئـــادەمیزاد و لە ڕەنگـــی مـــرۆڤە ئاســـاییەکاندا دەرکەوێـــت، ڕۆحیـــانی گەمـــارۆدابوو...)) (علی، ٢٠١٠ :٢٠٤).

" مەلاکەوســـەر "ســـیامەندی باڵنـــدە" بە شـــەیتان دەچوێنێـــت، پێیـــوایە ئەو کەســـەی توانـــای ئەنجامـــدانی ئەو هەمـــوو خراپەکارییـــانەی هەبێـــت لە ڕاســـتیدا شـــەیتانە و ســـیفاتی شـــەیتانی هەڵگرتـــووە و دوورە لە مرۆڤبـــوونەوە. "زەینەبـــی کوێســـتانی" لە قوتابخـــانەی خوشـــکە تۆبەکارەکانـــدا هەمـــوو بەیـــانییەک بە کچەکـــانی دەگـــوت: بگـــرین تـــا قـــووڵتر بگـــرین نیشـــانەی ئەوەیە پـــاکبوونەتەوە لە گونـــاە ((دواجـــار وتـــارە درێژەکـــانی لەســـەر بەدکـــاری، وانە قـــووڵ و ســـەیرەکانی لەســـەر وێـــنە جۆراوجۆرەکـــانی شـــەیتان، تاقیکردنەوەکـــانی لەســـەر نیشـــانەکانی پیســـی، هەمـــوو ژیانمـــانی بەرەو ڕێگـــایەکی داخـــراو بـــرد، ڕێگـــایەک، کە بچـــووکترین خەیـــاڵ، تارمـــایی هەزاران جنـــۆکە و درنـــج و دەعجـــانی تیـــا دروســـتدەکردین. هەموومـــان ئەو چـــی بگوتبـــایە دەمـــانکرد، لەشـــمان لە شـــەیتانەکان بســـمیلدەکرد، ئەو ســـورەتەمان دەخوێنـــد کە ئەهریمەنەکان دەردەکات.)) (علی، ٢٠١٠ :٢٢٠).

هەمیشـــە لە ڕێـــگەی قســـەکانیانەوە تـــرس و خۆفیـــان لە دڵـــی کچەکانـــدا دروســـتکردووە، بە شـــێوەیەک لە خەیاڵەکانیشـــیاندا هەمیشـــە وێـــنەی جنـــۆکە و شـــتی ترســـناک و خورافیـــان بینیـــوە، لەم ڕۆمـــانەدا زیـــاتر نـــاوی "شـــەیتان" هـــاتووە وەکـــو هێزێکـــی نەبینـــراو، کە مـــرۆڤ بەرەو خراپەکـــاری پەلکێشـــدەکات، تەنهـــا لە دوو شـــوێندا نـــاوی (جنـــۆکە) هـــاتووە، جارێکیـــان وەک بـــوونەوەرێکی نەبینـــراو و ترســـناک و خەیـــاڵی، دیـــارە خورافیبـــوونی جنـــۆکە لە بـــوون و نەبوونیـــدا نیـــیە بـــابەتی بـــوونی جنـــۆکە هەرگیـــز خـــورافە نیـــیە، چـــونکە گەردوون پـــڕە لە نهێنـــی

جۆراوجـۆر، بەڵكـو لەوەدایە، کە هەنـدێک پێیـانوایە جنـۆکە دەچێـتە جەسـتەی مـرۆڤەوە و کـاریگەریی لەسـەر ڕەفتـاری دروسـتدەکات، بـۆ چارەسـەری ئەمەش چەنـدین ڕێـگەی جیـاواز و جۆراوجـۆر بەکاردێـت. جـارێکی دیکەیـان وەک نازنـاو بـۆ مرۆڤێکـی دیـاریکراو بەکارهـاتووە، کە دەڵێـت : ((ئەمە گـۆڕی "وەیسـی جنـۆکەیە"، کە تـاعوون و دەردی ڕەشـی بڵاوکردووەتەوە)) (علی، ٢٠١٠ :٢٦٢).

جنـۆکە لێـرەدا وەک نازناوێـک بـۆ مرۆڤێـک بەکارهـاتووە، کە نەخۆشـییەکی ترسـناکی لە کۆمەڵدا بڵاو کردووەتەوە. کەواتە شەیتان وەک خورافە ناوی هاتووە.

## ٣-٢-٢: بەکارهێنـانی کـات و شـوێنی ئەفسـانەیی و خـورافی لە ڕۆمـانی (ئێوارەی پەروانە) دا:

کـات یەکـێکە لە ڕەگەزە سـەرەکی و پێکهێنەرەکـانی دەقـی ئەدەبـی، بە تـایبەتی ڕۆمـان گرنگییەکـی زۆر بە کـات دەدات. ((لە ڕاستیشـدا هـیچ یەکێـک لەو ڕەگەزانەی، کە ڕۆمـان پێکـدەهێنن، وەکـو (کـات) پەیوەسـتی گێـڕانەوە نـین، چـونکە گێـڕانەوە بە بـێ کـات بەرهەمنایەت.)) (بحراوی، ١٩٩٥ :١١٣).

گرنگـی و بایەخـدان بە کـاتیش لە پڕۆسـەی گێـڕانەوەدا لەوێـوە سـەرچاوەدەگرێت، کە هەر دەقێـک خـۆی لە خۆیـدا کـاتێکی دیـاریکراوی تێـدایە، کە ڕووداوەکـان تێیـدا ڕوویـداوە، جۆرێـک لە کاتمـان هەیە پێیـدەوترێت کـاتی خـورافی، زیـاتر لەو ڕۆمانـانەدا بەکاردێـت، کە ڕەهەنـدێکی خورافییـان هەیە. ((بـریتییە لەو کـاتەی، کە لە شـێوەی سـروتێکی بـازنەیی ئاهەنگێڕانـدایە.)) (یوسـف، ١٩٩٧ :٦٩) ، بە پێـی تێگەیشـتنی ئـێمە لە (ئێـوارەی پەروانە)دا، تەنهـا لە یەک شـوێندا کـاتی خـورافی بەکارهـاتووە، کە ئەمەی خـوارەوەیە: ((وەرزی خەیـاڵات لە چەنـدەها شـێوەی جیـاوازدا دەرکەوت، هەر لەو وەرزەدا (نەسـرەدینی بۆنخـۆش) لە نـابەینی دەیەهـا لـوتکە و خەرەنـد و جەنگەڵـی عاسـییدا ئەو زەویـیە ئەفسـانەیی و گۆشـەگیرەی دۆزیـــیەوە، هەر لەو وەرزەدا فەرەیـــدونی مەلەک و پەروانە یەکـــدیان خۆشویســـت، لەو وەرزەدا خەیـاڵاتی سـەفەر، سـەدەها پیـاو و گەنجـی بەرەو بەهەشـتە ئەفسـانەییەکان هەڵگـرت. خەیـاڵاتی عەشـق، سـەدەها ژن و پیـاوی لە ژیـانی چکـۆلە و ئـارامی خۆیـان دەرهێنـا، کوێرەکـانی خسـتە سـەر خولیـای بینـین، کەڕەکـانی لەسـەر فەنتازیاکـانی دەنـگ هێنـایە سـەر شـەقامەکان و خسـتنیە سـەر سـەما، ژنە نەزۆکەکـان زگیـان بە منـداڵی وەهمـی پڕبـوو، پیـاوە ئیفلیجەکـان یەکـی چەنـدەها دەسـت و قـاچی خورافییـان لـێ ڕوا، منـداڵی بێزمـان

کەوتنە هۆنینەوەی هۆنراوەی ئەفسانەیی . وەرزی خەیالات لە هەموو شوێنێکدا ژیانی دەگۆڕی بۆ واهیمەیەکی سەوز، لە ناو ئەو واهیمە سەوزەدا پیرەمێردە پەککەوتەکان لەسەر سەکۆکانی بازاڕ، لەبەرخۆردا خۆیان هەڵدەخست و باسی ئومێدیان دەکرد....لەو وەرزەدا هەموو خەونیان بەوەوە دەبینی، کە جیهان بەرەوباشتر بڕوات..)) (علی، ۲۰۱۰ :۸٦) .

ئەم نموونەیە دیارترین نموونەی کاتی خورافییە لە ڕۆمانەکەدا، لە واقیعدا هیچ شتێک بە ناوی وەرزی خەیالات بوونی نییە، بەڵکو تەنها بۆ دروستکردنی جۆرێک لە گەشبینی لای کارەکتەرەکان ئەم کاتە دروستکراوە، وەرزێکە پڕە لە جوانی دوورە لە گرفت و کێشە و خەمەکانی ڕۆژگار، پڕە لە شتی خورافی و خەیاڵی، کە خەیاڵی نوسەر دروستیکردووە، کە هەرگیز ناتوانیت لە واقیعدا بیانبینیت، لەو وەرزەدا جەنگەڵی عاشقان دەدۆزرێتەوە، فەرەیدون و پەروانە چیرۆکی عەشقیان لەم وەرزەدا دەستپێدەکات، هەر لەم وەرزەدا چەندین کچ و کوڕ بە ئامانجی دۆزینەوەی خاکێکی ئازاد سەفەردەکەن بۆ ئەوروپا، هەر بە خەیاڵ چاو دەگێڕێتەوە بۆ نابیناکان، توانای بیستن دەگێڕێتەوە بۆ کەڕەکان، دەست و قاچ لە خاوەن پێداویستی تایبەت دەڕوێنێت، هەموو شتەکان پڕن لە جوانی لە وەرزی خەیالاتدا، بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەیە ژیانی ئەم کۆمەڵە پڕیەتی لە کێشە و گرفت و ناڕەحەتی.

کەواتە لەم نموونەیەدا کات وەکو کاتی خورافی دەردەکەوێت، خەیاڵی فراوانی نوسەر بەرهەمی دەهێنێت، لێرەدا دەبینین، کە نوسەر کاتی لە شێوەی وەرزێکی خورافیدا دەرخستووە و ئاوێتەی کردووە بە گەلێک ڕووداوی واقیعی لە پێناو گرێدانی هەردوولایەنەکەوە، هەم خەیاڵ و خورافیات هەم ڕووداوە واقیعییەکان. شوێنیش وەکو یەکێک لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، بە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی بونیاتنانی ڕووداو دادەنرێت، دەبێت ڕۆماننووس لە ڕۆماندا بە شێوەیەک وەسفی شوێن بکات، کە خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەیەوە بە کارەکتەرەکە ئاشنابێت، واتە شوێن وەک ناسنامەیەکی لێدێت بۆ کارەکتەرەکان، لە ڕووی زمانی قسەکردن، جلوبەرگ و ڕەفتار و مامەڵەوە، کە هەموو ئەمانە بە پێی شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان گۆڕانی بەسەردادێت، زۆرجار ئەو شوێنانەی لە لایەن ڕۆماننوسانەوە بەکاردێن، دەکرێت شوێنی واقیعی یان دروستکراوی خەیاڵی نوسەران بن، یان تێکەڵکردنی شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی بەیەکەوە، کە ئەمجۆرە زیاتر لە ڕۆمانی (ڕیالیزمی سیحری)دا دەبینرێت، کاتێک کە ڕۆمانی (ئێوارەی

پەروانە) دەخوێنیتەوە، خۆت لە بەردەم وێنەی هەندێک شوێندا دەبینێتەوە، کە نوسەر وەسفیان دەکات، بە جۆرێک لای خوێنەر دەکەونەوە، کە ئەو شوێنانە دەشێت خەیاڵی بن و شوێنی وا لە ڕاستیدا بوونی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نوسەر هەندێک ئاماژەی واشمان پێدەدات، کە ڕەنگە بیرمان بۆ هەندێک جێگەی واقیعی ڕابکێشێت، کە بە خەیاڵی خوێنەر ئاشنان ، وەک ئەوەی، کە باس لەو گوندە دەکات، کە ئێوارەیەکی درەنگ (خەندانی بچکۆلە) و کەسەکانی "پەروانە" ڕوویتێدەکەن، بۆ دوابینینی "پەروانە" ، کە تەواو شوێنێکە تێکەڵە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، هەندێک هێمای واقیعی تێدایە و هەندێک ئاماژەی زۆر خەیاڵیش، کە ناگونجێت شوێنێکی وا لە کوردستاندا بدۆزیتەوە، هەروەها ئەو دۆڵەی کە عاشقەکان دوای ڕاکردنیان پەنای بۆ دەبەن خۆیانی لێ بشارنەوە، وەک نوسەر بۆمان وەسفدەکات شوێنێکە لە سروشتی کوردستان، بەڵام بە شێوەیەک وەسفی دەکات، کە لە واقیعدا نییە و شوێنێکی تەواو خەیاڵییە. ((دواجار پیرەمێردێکی کۆنە عاشق، پیرەمێردێک، کە هەموو ژیانی لە شاردنەوەی خۆی و مەعشوقەکەیدا لەم چیایانەدا بردبووەسەر، دوای شەو و ڕۆژێک ڕۆشتن، نەسرەدینی گەیاندبووە بەر ئەو پەیژەیە و گوتبووی <<ڕۆژگاریکی دوور، من هەڵهاتووی ئەم چڕوزەبەندەبووم...>> نەسرەدین، کە لە بینینی ئەو خاکە حەپەسابوو، گوتبووی<<ئێرە لە دەرەوەی زەمەنە، لە دەرەوەی دونیایە، خەیاڵی خودایەکی ڕاکردوو لە ئاسمان خوڵقاندوویەتی...پەح، لەم قەڵایە، پەح، لەم هەموو لێرەوارە بێبنە، لەم خەرەندەی، کە شەیتانیش بە بێ چاوساغێکی شارەزا نایدۆزێتەوە>>))(علی، ٢٠١٠ :١٠٥).

نوسەر لێرەدا ناهێڵێت خەیاڵی خوینەر لە واقیع دووربکەوێتەوە، هەندێک پەیوەندیی لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دروستدەکات، بە شێوەیەک پێماندەڵێت من باسی واقیع دەکەم، بەڵام بە شێوەیەکی نەناسراو. ((یەکەمین کەس، کە پێی خستۆتە ناو ئەم دار و چڕستان و بێشەیەوە، عاشق بووە، ڕەنگە حیکایەتی پەیوەندیی ئەم دارستانە بە عاشقانەوە بگەڕێتەوە بۆ سەدەیەک لەمەوبەر، کاتێک عاشقێکی نەناسراو بە تەنیا و بە نهێنی و دوور لە ئاگاداری هیچ کەسێ دەستیکرد بە ڕەهێڵکردنی ئەو پەیژە ئەفسانەییەی، کە لەو زەمانەدا لە گوریسی کارخانە ئێرانییەکان دروستیکردبوو، لە هەمان ئەو گوریسانەی دەریاوانە فارسەکان لە بەندەرەکانی باشوور بۆ هەڵکردنی چارۆکەکانیان بەکاریاندەهێنا..)) (علی، ٢٠١٠ :١٠٣).

لێـرەوە نوسـەر واقیـع و خەیـاڵ تێکەڵـدەکات، بـوونی شـوێن و کەرەسـتەی وەک ئەو پەیـژە هەزار بە هەزارەی، کە دوای دابەزیـن پێیـدا بە چەنـد کاتژمێرێـک تەواو دەبێـت، لەگەڵ ناوهێنـانی گوریسـی کارخـانە ئیرانییەکـان و کەشـتیگەلی ئێرانییەکـان پێکیانەوەدەبەسـتێتەوە، خـوێنەر دەخـاتە نـاو خەیـاڵێکی قـوڵەوە، وێـنەی زۆر خەیـاڵاوی لە مێشـکی خۆیـدا دروسـتدەکات، ئەمە جـگەلەوەی هەنـدێک سـیفەتی ئەفسانەئاسـای ئەو جەنـگەڵە باسـدەکات، کەوا دەکـات خـوینەر هەسـتبکات لە شـوینێکی تەواو خەیاڵیـدایە، لە شـوێنێکی دیـکەدا لە سـەر زاری "فەرەیـدونی مەلەک"ەوە دەڵێـت: ((لە خـوارەوە لەو جەنـگەڵەدا حەتـمەن ژیانێـک هەیە جیـاواز لەو ژیـانەی، کە لە شـار و گونـدەکان بینیومـانە...)) (علـی، ٢٠١٠ :١٠١). هەروەهـا نوسـەر باسـی سـیفەتێکی دیـکەی ئەفسـانەیی ئەو پەیژەیەمـان بـۆ دەکـات، بە جۆرێـک وێنـای دەکـات، کە هەرگیـز نـابێتە هـۆی مردنـی ئەو کەسـانەی پێیـدا دەڕۆنە خـوارەوە، وەک لەسـەر زاری "نەسـرەدینی بۆنخـۆش"ەوە بە "پەروانە" دەڵێـت: ((مەترسـە خـانم تـا ئێسـتا هـیچ کەسێک لێرە نەکەوتووەتە خوارێ.)) (علی، ٢٠١٠: ١٠٢).

لە دیمەنێکـی دیـکەی ڕۆمـانەکەدا نوسـەر وێنەیەکـی تەواو خەیـاڵی خانووەکـانی ئەو گونـدەمان بـۆ دەکێشـێت، کە "پەروانە" ی تێـدا بەنـدکراوە، ئەگەرچـی هەنـدێک دیمەنـی ئاسـاییە، بەڵام دواتـر دەمانبـات بـۆ هەنـدێک دیمەنـی خـورافی، تێکەڵکردنـی خەیـاڵێکی زۆر قـووڵی نوسـەر وەک دەڵێـت: ((خەنـدان مـن خەیـاڵم لای شـێوەی ئەو گونـدەیە، خەیـاڵم لای ماڵەکـانە، دەڵـێم پەنجەرەکـان بـۆ وەهـا چکـۆلانەن، دەرگاکـان بـۆ بەو ئەنـدازەیە نـزمن، گوێسەوانەکان بۆ بەو شێوەیە نەوین....)) (علی، ٢٠١٠: ٢٦٤).

تـا ئێـرە دەتـوانین بڵێـین دیمەنەکـان ئاسـایی وینـاکراون وەک هەر گونـدێکی ئاسـایی، چـونکە دەکرێـت خانوەکـانی گونـد بچـووک بـن، پەنجەرەکانیـان بچـووک بێـت، نـزم بـن، لە ڕاسـتیدا ئێسـتا بـارودۆخی ژیـانی گونـدەکانیش گـۆڕاوە و کەمتـر خـانووی لەم شـێوەیە دەبینـین، بەڵام لە سـالانێکی پـێش ئێسـتایا خـانووی گونـدەکان بەو جۆرەبـووە، بەڵام ئەوەی نائاسـاییە خانووەکـان هەر هەمـووی بچـنەوە سـەر یەک و لە ژوورێـکەوە بـۆ ژوورێکـی دیـکە و لە خـانوویەکەوە بـۆ خـانوویەکی دیـکە بچیـت، چـونکە هەر خـانوویەک تـایبەتە بە خێزانێـک و پێویسـتە سـەربەخۆبێت، نەک چەنـد خـانوویەک پـێکەوە نووسـابن و خێزانەکـان سـەربەخۆییان نەبێـت : ((دواجـار گەشـتینە مـاڵی پیـر مووسـای خەزاننـاس، بەڵام دواتـر بـۆم دەرکەوت، کە هەمـوو مـاڵێکی ئەم گونـدە بە شـێوەیەکی بـێ مانـا بە ماڵەکـانی دیـکەوە

گرێدراوە، بە جۆرێک لە هەموو ژورێکەوە دەروازە هەیە بۆ ژوورێکی دیکە و لەوێشەوە دەروازە هەیە بۆ هەموو جێگاکانی دیکە.)) (علی،٢٠١٠ :٢٦٦).

لێرەدا نوسەر وەسفێکی خورافی خانووەکانی ئەو گوندە دەکات، چونکە خێزان لە کلتووری ئێمەدا دەبێت لە خانووی سەربەخۆدابن و سنووری جیاکراوە لە نێوانیاندا هەبیت، تاکو ئەندامانی ئەو خیزانانە سەربەستانە بژین.

سیفەتێکی دیکەی شوێن لەم ڕۆمانەدا قسەی لەسەرکراوە بریتییە لەو کاریگەرییە زۆرەی لەسەر کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ دروستیدەکات، دەکرێت مرۆڤ لە نیشتیمانی خۆیدا دڵخۆشبێت گەشبینبێت، کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و بەهێزی هەبێت، بەڵام لە غوربەت و دەرەوەی نیشتیماندا دەروونێکی تاریک و پڕ لە خەمی هەبێت هەستی تەنهایی و نائومێدی دایبپۆشێت، هەست بە سەنگ و قورسایی خۆی نەکات، هەمیشە هەست بە نامۆیی بکات، چونکە هیچ شتێک هی خۆی نییە و کەسایەتییەکی ڕێزلێگیراو و ناسراوی نییە. ئەمە جگە لەوەی ئەو مرۆڤانەی سەفەردەکەن بۆ وڵات و کلتوورێکی دیکە، دووچاری پێکدادانی کلتووری دەبنەوە، زۆرجار واز لە کلتووری نەتەوەیی دێنن دەچنە سەر کلتووری ئەو وڵاتەی سەفەریان بۆ کردووە، بۆیە دواتر کۆمەڵی خۆیان قبووڵیان ناکاتەوە و ڕەفزیاندەکات .

لەم ڕۆمانەدا ئەوروپا وەکو شوێنێکی تەواو خەیاڵی وەسفدەکرێت، خاکێکە ئازادی تێدایە، خۆشەویستی تێدایە، زۆر جوانی دراوەتە پاڵ خاکی ئەوروپا، بە جۆرێک کە مرۆڤ ئامادەیە هەموو شتە بە نرخەکانی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی بە ئەم خاکە بگات، بۆ نموونە تیایەتی خوشک و ژن و دایکی دەفرۆشێت لەو ڕێگەدا لەپێناو گەشتن بە ئەوروپا و ئازادیدا، کەواتە ڕەگەزی کات و شوێن هەم وەک ئەفسانە و هەم وەک خورافەش لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا بەکارهاتوون.

## ٣-٢-٣: بەکارهێنانی (کەسایەتی، ژمارە، گۆڕ و کفن) وەک خورافە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)دا:

کەسایەتی یان کارەکتەر رەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە و بەبێ ئەو ڕۆمان دروستنابێت، دەکرێت کەسایەتی واقیعی بێت و لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەوە وەرگیرابێت، دەکرێت دروستکراوی خەیاڵی نوسەریش بێت و لە واقیعدا بوونی نەبێت. نوسەر لە

دروستکردنی کارەکتەری ڕۆمانەکەیدا زۆرجار خورافە بەکاردێنێت، هەندێک سیفەتی زۆر خورافی بە کارەکتەرەکان دەبەخشێت، کە پێی دەناسرێنەوە بۆ نموونە" پەروانە" وەک گەرد هەڵدەوەرێت، سیفەتی پەپوولەی تێدایە، " خەندانی چکۆلە" ڕەشەبایەکی وێرانکەری لەگەڵدایە، لە کاتی یەکترناسینی "خەندان و نەسرەدینی بۆنخۆش" دا "خەندان" بەمجۆرە خۆی دەناسێنێت: ((من خەندانم، خەندانی چکۆلانە... ئەو کچەی بە درۆ دەڵێن گوایە دەتوانێت ڕەشەبا دروستبکات)) (علی، ٢٠١٠: ١١).

دیارە ڕەشەبا دیاردەیەکی سروشتییە و دروستکردنی لە توانای مرۆڤەکاندا نییە، لێرەدا وەک سیفەتێکی خورافی دراوەتە پاڵ خەندان، دەکرێت حەزی زۆری مرۆڤ بۆ فڕین بە درێژایی ژیانی وایکردبێت ئەم سیفەتە خەیاڵیانە بدرێنە پاڵ مرۆڤ، لە باسکردنی یەکێک لەو پیاوانەی "پەروانە" خۆشیویستووە بە ئومێدی ئەوەی بۆ ئەوروپای ببات، کۆمەڵێک سیفەتی خورافی دەدرێتە پاڵ کارەکتەری ئەو پیاوە دەڵێت: ((سەرەتا ئومێدی وابوو لەگەڵ سەعاتچییەکی دەوڵەمەنددا بڕوات و نەگەڕێتەوە، ئەو پیاوەی کە بە فەنتازیا و خەیاڵەکانی خۆی سوێندی بۆ خواردبوو، کە دەتوانێت کاتژمێرەکانی دونیا پاش وپێشبخات، دەتوانێت بەرەو زەمەنە دێرینەکان بیرفێنێ، بیباتەوە بۆ ڕۆژگاری ئیمارەتەکان و لەویادا دوور لە کارەساتەکان پێکەوەبژین..)) (علی، ٢٠١٠: ١٩).

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو خەیاڵە و خورافەیەکی ڕوونە، چونکە مرۆڤ تەنها دەتوانێت لە ڕێگەی خەیاڵەکانییەوە بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە یاریکردن بە کات لە دەسەڵات و توانای مرۆڤدا نییە، چەندین مرۆڤی خورافی دیکە دێنەناو ژیانی "پەروانە" ((ئەو پیاوە دەرکەوت کە شەوێک وێنەکەی نیشاندام، "پەروانە" باوەڕی وابوو بەردەوام شەبەنگێکی نوور بەسەر سەریەوەیەتی، دەیگوت، کە توانای هەیە لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا قسەبکات، لەگەڵ ڕۆحیانەتی مردووەکاندا نامە بگۆڕێتەوە. دواتریش ئەو گەنجە شەرمنە دەرکەوت کە دەیتوانی ڕەشەباکان ڕابوەستێنێ ولە چواردەوری خۆیدا بازنەیەکی هێمن بەرقەرار بکات.)) (علی، ٢٠١٠: ٢٠) .

ئەم سیفەتانە کۆمەڵێک سیفەتی فەنتازی و خورافییە لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نییە لەگەڵ مردوو قسەبکات، ڕەشەبا بوەستێنێت، لەگەڵ پێغەمبەران قسەبکات ئەم سیفەتانە خورافین و دراونەتە پاڵ ئەم کارەکتەرانە ((فەرەیدونی مەلەک لە یەکێ لە ئێوارەکانی عەشقدا بە پەروانەی گوتبوو"من هەموو ئێوارەیەکی فێنک تۆم دەبینی، بەڵام

خۆشمنەدەویستیت، تا ئێوارەیەک هەستم کرد هەوا سەرتاپای پڕبووە لە گەردی پەپولە، هەستمکرد جلەکانم، دەستم، سیمام، بڕۆم هەمووی تۆزی ناسکی پەپولەکانە، تۆزێکی نەرم کە هیچ کەسێکی دی نەیدەبینی من نەبێت، من لەو باوەڕەدا نەبووم مرۆڤێک هەبێت وەکو پەپولەکان غوبار و گەردێکی وەها نازکی هەڵگرتبێت، تا دووریشکەوتیتەوە هەر گومانم هەبوو، کە ئەم گەردە لە جەستەی مرۆڤێکەوە بێت....)) (علی، ٢٠١٠: ٨٨).

لێرەدا باس لە پەیوەندیی نێوان پەروانە و پەپوولە کراوە، لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا باس لەوە دەکرێت "پەروانە" کچێکە لە شێوەی "پەپوولە" هەم ڕوخساری جوان و ناسکە، هەم وەکو گەرد هەڵدەوەرێت و سیفەتی پەپوولەی هەیە، پەپوولە تەمەنی کورتە بە نزیکبوونەوە لە ئاگر دەسوتێت و ژیانی کۆتایی دێت، کە ئەم سیفەتە هی مرۆڤ نییە، هەروەها گیانداریکی بێ زیان و فەقیرە، کەوایە سیفەتێکی خورافی دراوەتە پاڵ کەسایەتی پەروانە. واتە پەروانە تێکەڵەیەکی فەنتازییە لە مرۆڤ و پەپوولە، واتە کەسێتییەکی سەروو سروشتییە((کەسێتی سەرووسروشتی ئەو جۆرە کەسێتییانەن، کەلە بنەماوە خۆیان سەرووسروشتین ، کاری دەرئاسا ئەنجام دەدەن.)) (سەعید، ٢٠٢٣:١٠٩). دیسانەوە ئارەزووی زۆری مرۆڤ بۆ فڕین و تەیکردنی دونیا وایکردووە سیفەتی باڵدار بە مرۆڤ ببەخشرێت، تاکو بتوانێت بە خەیاڵ ئەو گەشتەبکات، ڕەنگە هۆکارێکی ئەم لێکچوونەی نێوان " پەروانە" و "پەپوولە" بۆ ئەوە بگەڕێتەوە پەروانە بەردەوام حەزەکات سەفەربکات، شوێن بگۆڕێت تاکو شوێنی خەونەکانی بدۆزێتەوە، پەپوولەش بەردەوام لە جوڵە و گەڕانەدایە، دەچێتە ناو هەموو ئاگرێکەوە ئەگەرچی دەیسوتێنێت، بەڵام ئەم عاشقی ڕووناکی و ئاگرە و خۆی دەخاتە ناو مەترسییەوە.

" زەینەبی کوێستانی" یەکێکە لەو کەسێتییانەی چیرۆکی خورافی لەسەر دروستکراوە، دەوترێت لە کەمەری بۆ خوارەوە یەکپارچە سەهۆڵە، هەرکەسێک لە نزیکییەوە بوەستایە هەستی بەو ساردییە دەکرد، کە ئەمە خورافییە. یەکێک لەو کەسێتییانەی، کە باسدەکرێت "پیرموسای خەزانناس"ە، پیاوێکی پیری نورانییە و لە کۆنەوە بە داڵدەدەری شەیتانەکان ناسراوە، جارێک پێشبینی هاتنی پایزێکی کتوپڕ دەکات، کە هەموو شتێک تێکدەدات و ژیان بە تەواوی دەگۆڕێت، ئەوە وا دەکات نازناوی"خەزانناس"ی لێبنرێت، ماوەیەک "پەروانە" و "میدیا" لە ماڵی خۆیدا حەشاردەدات، دواتر پێیاندەزانرێت و دەکوژرێن، چیرۆکی پێشبینییەکەی تا ڕادەیەک خەیاڵییە و دوورە لە واقیعەوە، هەروەها ئەو پیاوەی کە شەوانە دەچوو بۆ لای "خەندان" و بە خەیاڵ لەگەڵیدا دەخەوت مومارەسەی سێکسی

لەگەڵ دەکـــرد ، کـــارەکتەرێکی خەیـــاڵی و دروســـتکراوی خەیـــاڵی خەنـــدان بـــوو، کەواتە چەندین وێنەی کەسایەتی خورافی لە ڕۆمانەکەدا هەن.

یەکێکـــی دیـــکە لە جۆرەکـــانی خـــورافە (ژمـــارە)یە، هەر لە کـــۆنەوە گەڕان بە دوای هێـــزی ژمارەکانـــدا، بـــووەتە جێگـــای قســـە لەســـەرکردنی فەیلەســـوف و زانایـــان، مـــرۆڤ بە پێـــی ئەزمـوونی ژیـانی خـۆی لە ژیانیـدا، بـۆ هەر ژمـارەیەک بە بـاش یـان خـراپ مانـایەکی دانـاوە، ئەمەش دەکرێـت بە تێڕوانینێکـی سادەوسـاکار بڕیـاری لە سـەر درابێـت، نەک بە شـێوەیەکی زانســتی و لە ئەنجـامی تـوێژینەوەی زانسـتیدا ئەو بڕیـارە درابێـت، هەر لە کـۆنەوە مـرۆڤ واهەســـتیکردووە، کە هەنـــدێک ژمـــارە هەن، بەردەوام خۆشـــی و ئـــارامی لەگەڵ خۆیانـــدا دەهێـــنن، بە پێچەوانەشـــەوە هەنـــدێک ژمـــارەی دیـــکە هەن، بەردەوام ئاشـــووب و ناخۆشـــی لەگەڵ خۆیانـــدا دێـــنن، لە نـــاو ئەو ژمارانەشـــدا بە زۆری قســـە لەســـەر ژمـــارە (٧، ١٣) دەکرێـت، ژمـارە(٧) بە ژمـارەی جـادوویی ناودەبرێـت و بە مانـای خۆشـیش لێکـدەدرێتەوە، بیـانووی ئەم بۆچـوونەش ئەوەیە(ڕۆژەکـانی هەفـتە، سەرسـوڕهێنەرەکانی دونیـا، ڕەنگەکـانی پەلکەزێـــڕینە، حەوت تەبەقـــی ئاســـمان، ....) هەریەکەیـــان ژمارەیـــان حەوتە، هەروەهـــا ژمـــارە(١٣)ش، بەوە لێکـــدەدەنەوە، کە شـــومە و لەگەڵ خۆیـــدا ناخۆشـــی دەهێنێـــت، بـــاوەڕبوون بە شـــومی و باشـــی ژمارەکـــان خورافیـــاتە، چـــونکە لەگەڵ ئەقـــڵ و لۆژیـــک یەکناگرێتەوە.

لە ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە) دا کەم ژمـــارە وەک خورافیـــات بەکارهـــاتوو، تەنهـــا لەو شـــوێنەدا، کە باســـی ئەو پەیـــژە هەزاربەهەزارە دەکرێـــت، کە عاشـــقان پێیـــدا دەچنەخـــوارەوە بـۆ جەنـگەڵ باسـی ژمـارە دەکرێـت بە شـێوەیەکی خەیـاڵی، کە لەگەڵ واقیعـدا یەکنـاگرێتەوە(( فەرەیـــدونی مەلەک لە دابەزینـــی دووروودرێـــژ بەو پەیـــژە هەزار بە هەزارەدا، دیمەنـــی ئەو هەرێـمە سـەیرانەی دەهێنـایەوە یـاد، کە لە خەیاڵیـدا بینیبـووی، ئـازادانە سـەیری ئەو جەنـگەڵە بـێقەرارەی خـــوارەوەی دەکـــرد..)) (علـــی، ٢٠١٠: ١٠١). لێـــرەدا ژمـــارە هەزار وەکـــو خەیـــاڵ بەکارهاتووە. دەکرێت مەبەست لە شاخی بەرزبێت.

یەکێکـــی دیـــکە لەو بابەتـــانەی بەشـــێوەیەکی خـــورافی قســـەی لەســـەر کـــراوە، لە ڕۆمـــانی (ئێـوارەی پەروانە) دا ،گـۆڕ و کفـن و مـردنە، سـەردانیکردنی گـۆڕی هەنـدێک لە مردووەکـان بە مەبەســـتی چارەســـەر و بەدیهێنـــانی ئاواتەکـــان، یەکـــێکە لەو خورافیاتـــانەی، کە بە شـێوەیەکی زۆر لە نـاو خەڵکـدا بـڵاوە و ئەنجامـدەدرێت، خەڵکـی دەچـنە سـەرگۆڕی هەنـدێک

له مردووەکـــــان، بە تـــــايبەتی ئەوانەی ئايينــــدارێکی بـــــاش بـــــوون، داوايانلێـــــدەکەن نەخۆشـــييەکەيان چارەســـەربکەن، جـــا چ نەخۆشـــی دەروونـــی بێـت يـــان جەســـتەيی، يـــان بە مەبەســـتی بەديهـــاتنی هيـــوا و ئامانجەکانيـــان دەچـــنە ســـەر گۆڕەکـــان و داوای يـــارمەتی دەکەن، لە کاتێکـدا ئەو مـردووە و هـيچ توانـايەکی نيـيە بەڵکـو تەنهـا بيرکـردنەوەی خـورافی وادەکـــات مـــرۆڤ ئەم بـــڕوايەی لادروســـتبێت، لەم ڕۆمـــانەدا چەنـــدجارێک بە شـــێوەيەکی خـورافی باسـی گـۆڕ و کفـن و مـردن کـراوە ، بـۆ نمـوونە لە باسـکردنی کەسـايەتی "ڕەزای بۆنخـــۆش" دا، کە گەنجـــێکە بەردەوام خوليـــای ســـەفەرکردن بـــۆ وڵات و نيشـــتيمانێکی ديـــکە لە مێشـــــکيدايە، ئەم خەياڵاتـــــانە تووشـــــی نەخۆشـــــی دەکـــــات : ((ڕەزا کە پزيشـــــکەکان، دوعانووســـەکان، ناســـياوە دوور و نزيکەکـــان هەمـــوو لەو بـــاوەڕەدابوون، کە خولياکـــانی بـــۆ ســـەفەر نەخۆشـــييەکی نائاســـاييە و دەبێـت چارەبکرێـت، دەبـايە چەنـدەها مـانگی دووردرێـژ لە قەرەنتيـــنەی دکتـــۆر و فـــاڵچی و مەرقەدەکانـــدا بە زنجيـــر ببەســـرێتەوە، تـــا ببێـــتەوە بە مرۆڤێکـی ئاسـايی، دەبـايە چەنـدين مانـگ لەسـەريەک لە ژێـر دەرمـان و هەتـوان و شـۆکی کارەبـــادا بێـــت، چەنـــدين مانـــگ پزيشـــک و دەروونـنـــاس و جەڕاحەکـــانی ئێســـک و نوشتەنووســـەکان خەريکـبن تـا خەياڵاتەکـانی سـەفەريان لەسـەريدا سـڕيەوە..)) (علـی، ٢٠١٠: ٩٥) .

لێـرەدا لەگەڵ باسـکردنی دەرمـان و چارەسـەری پزيشـکيدا باسـی کۆمەڵێـک خـورافە کـراوە، کە لە نـاو خەڵکـدا بـڵاون و وەکـو ڕێگەچـارە بەکاريـدێنن، وەک چونەسـەر مەزاری شـێخ و پياوچاکـــان، بە مەبەســـتی دوعـــاکردن و چارەســـەری نەخۆشـــييەکان، يـــان چـــوون بـــۆ لای ســـاحير و فاڵچييەکـــان، تـــاکو نوشـــتەيەک بکـــات بـــۆ کەســـی نەخـــۆش و لەو ڕێـــگەيەوە چارەســـەربيبێت، کە ئەمـــانە هەمـــوو خـــورافەن و دوورن لە واقيـــع، لە هەنـــدێک شـــوێندا باســـی پـــاييز وەک وەرزی مەرگ کـــراوە، مەرگـــی گەڵا و گـــوڵ و درەختەکـــانی دارســـتان، لەگەڵيـــدا نەمـــانی دڵخۆشـــی و ئاســـودەيی عاشـــقانی دارســـتان (( لە ڕێگـــا چەنـــدەهاجار وەســـتاين، چەنـــدەها گـــۆڕی چکـــۆلە چکۆلەمـــان ڕەجمکـــرد کە گـــۆڕی کـــافرانی زەمانەکـــانی ديـــکە و ســـــەردەمەکانی ديکەبـــــوون، پێـــــدەچوو پـــــورم شـــــارەزای هەمـــــوو ئەم گۆڕانەبێـــــت، دەيگـــوت<<ئەمە گـــۆڕی "بـــاوەنووری مردووخـــۆرە" کە گۆشـــتی گيانـــداری مردارەوەبـــووی خـــواردووە. ئەمە گۆڕی"نـــووری بـــزەڵە" ، کە لە ســـزای خراپەکانيـــدا، هەمـــوو شـــەوێ لە دوای نـــوێژی شـــێوانەوە بـــووە بە بەراز، ئەمە گـــۆڕی "وەيســـی جنـــۆکە"يە، کە تـــاعوون و دەردی ڕەشی بڵاوکردەوە>>)) (علی، ٢٠١٠: ٢٦٢) .

نـاوی ( بـاوەنووری مردووخـۆر، نـووری بـزەڵە، وەیسـی جنـۆکە ) بەکارهـاتووە، کە ئەمـانە کەسـێتی فەنتـازین لە جـۆری گـۆڕاو، سەرووسروشـتین. دەبینـین چەنـدین چیرۆکـی خەیـاڵی دروسـتکراون، بـۆ ئەو مـردوانەی لە گۆڕەکانـدابوون و ڕەجمکـراون بە بیـانووی بێـدینیان، لەم ڕۆمـانەدا چەنـدینجار زاراوەی "بـۆنی مـردن" بەکارهـاتووە، کە ئەمە بەکەسـکردنە ئێمەدەزانـین مەرگ بـۆنی نیـیە و نازانرێـت چـۆنە و کەی دێـت تەنهـا خـودا دەیزانێـت، یـان پیـاو بە مەرگ چـوێنراوە ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ کوشـتنی ژنەکـان لە لایەن بـاوک و بـرا و خـزمە پیـاوە نزیکەکـانەوە، ئەم دڵـڕەقییە وایکـردووە پیـاو بە مەرگ بچوێنرێـت، تەنهـا لە یەک شـوێندا باسـی کفـن کـراوە وەک خـورافە کە دەڵێـت: (( چـووینە ژوورێکـی دیـکە، دوو تـاقم ژنـی سەرسـپی بەسـەر دووپـارچە قوماشـی سـپیدا نووشـتابوونەوە، خـانمێکی گچـکەڵە خەبەری پێـداین، کە ئەم پیرێژنـانە، چەنـدەها سـاڵە خەریکی ئامادەکردنی ئەم دووکفنەن بۆ ئەمڕۆ.)) (علی، ٢٠١٠: ٢٦٧) .

کفـن تـاکە بەرگـی مـرۆڤە کەمتـرین کـات و مـاوەی دەوێـت بـۆ ئامـادەکردنی، لێـرەدا چەنـدین سـاڵە خەریکـی ئامـادەکردنی دوو کفـنن، کە ئەمە خـورافەیە، کەواتە (ژمـارە، مەرگ، کفـن، کەسـایەتی ) لە چەنـد جێگایەکـدا وەک خـورافە بەکارهـاتوون. "خەنـدان" لە باسـکردنی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ "بـاوکی و پـوری و فەتـانە"دا دەگەنە ئەو گونـدەی " پەروانە" و " میـدیا " ی لێـیە دەڵێـت: ((مـن لەگەڵ دابەزینمـدا مـردنم وەکـو باڵنـدەیەکی ڕەش لەسـەر گاشـەبەردێکی زۆر گەورە بینـی ، بە فەتـانەم گـوت" فەتـانە سـەیرکە، ئەو باڵنـدەیە، باڵنـدەی مـردنە" )) (علـی، ٢٠١٠: ٢٦٣). باڵندەی ڕەش لێرەدا وەکو خورافە و نیشانەی شومی و مردن بەکارهاتووە.

### ٣-٢-٤: بەکارهێنانی (باڵندە و گیانداران) وەک خورافە:

باڵنـدە و گیانـدارانیش لە ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانە) دا، لە چەنـدین شـوێندا وەک خـورافە باسـکراون و قسـەیان لەسـەر کـراوە، چەنـد نمـوونەیەک وەردەگـرین: "خەنـدان" باسـی ئەو کـاتە دەکـات "پەروانە" لە مـاڵ ڕایکـردووە، ئەم لە بـارودۆخێکی دەروونـی سـەختدایە و بەردەوام خەونـی نـاخۆش دەبینێـت، بـۆیە لە یەکێـک لە خەونەکانیـدا دەڵێـت: ((پەروانەم دەبینـی لەسـەر ئەسـپێکی خوێنـاوی بە ئاسـمانێکی ئاسـنیندا دەفڕی...لەنـاو بـاغێکی سـووتاودا بە خەوتـوویی دەردەکەوت و دووکەڵ و کڵپەکـان دایاندەپۆشـی و لە چـاوان ونـدەبوو. کە بەئاگاشـدەهاتمەوە دەمزانـی ئەم خولیایـانە خولیـای تـرس و ئـازار و بێهۆشـییە...)) (علـی، ٢٠١٠: ٢٩) .

لێرەدا باس لە "ئەسپ" کراوە، لە نێوان گیاندار و باڵداردا، ئەسپ خۆی گیاندارێکی جوان و سوودبەخشە، بەڵام نوسەر بە سوودبینین لە ئەفسانە کردوویەتی بە باڵندە و توانای فڕینی پێبەخشیوە، تاکو وەک فریادڕەسێک بتوانێت "پەروانە" ڕزگاربکات، تەنها لە ئەفسانەکاندا ئەسپی باڵدار هەیە، کە توانای فڕینی هەیە، ئەگینا لە واقیعدا ئەسپ گیاندارێکی بارهەڵگرە و هەندێکجاریش بۆ وەرزش و گواستنەوە بەکاردێت. کاتێک "فەرەیدونی مەلەک" و "پەروانە" بۆ یەکەمجار دەچنە جەنگەڵ هەموو شتێک جێگەی سەرسوڕمان دەبێت بۆیان، "گۆڤەندی پەیکەرتاش" یەکەم کەس دەبێت پێشوازیان لێدەکات، "گۆڤەند" دەستیکردووە بە پەیکەرتاشی و چەندین پەیکەری سەیری دروستکردووە و لە دارستاندا بڵاویکردووەتەوە، ((فەرەیدونی مەلەک و هاوڕێکانی تا زیاتر بەرەو ناوەوە بڕۆشتنایە، زیاتر بەر ئەو شێوە سەیرانە دەکەوتن کە گۆڤەند لەملاولای دارستانەکەدا هەڵیچنیبوون، دەیەها جانەوەری سەیر سەیر، چەقەڵی مۆری باڵدار، بەرازی ڕەنگاو ڕەنگ، ورچی تێکەڵاو لە پرتەقاڵی و سوور، بزنەکێوی سپی، کونەپەپوی ڕەش، کۆدیکەی ئەرخەوانی، دەڵەکی زەرد، قەلەمونی سوور...)) (علی، ٢٠١٠: ١٠٦).

ئەگەر سەرنجی ئەم پەرەگرافە بدەین دەبینین چەندین گیانداری جیاواز و خورافی تێدا بەکارهاتووە، لە ڕاستیدا ئەم گیاندارانە بوونیان هەیە، بەڵام بەم ڕەنگانە نا، کە نوسەر لێرەدا بەکاریهێناوە، نوسەر لە بەکارهێنانی ڕەنگی باوی ئەم گیاندارانەدا لادانی کردووە و وێنەیەکی تەواو خورافی و خەیاڵی پێبەخشیون، دەکرێت وێنە و پەیکەری ئەو ئاژەڵانەش هەریەکەیان ئاماژەبێت، بۆ مرۆڤ لە حاڵەتێکی دیاریکراودا، یان نیشاندانی ئەو دەمامکە جیاوازانەبێت مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیپۆشێت و لە چەندین شکڵ و شێوەی جیاوازدا دەردەکەوێت.

ناوی قەلە ڕەشی هێناوە لە بیروباوەڕی خورافیدا باڵندە و گیاندارێکی شومە، ((دەلیلە چاوشینەکە خۆشحاڵانە دەیڕوانییە ئەو لەقلەقە زەیتونییە پیرانەی لەناو دارەکاندا وەستابوون و بە گۆڤەندی گوت"هەرجارێک کە دێم شتێکی نوێ زیادیکردووە، جاری پێشوو ئەم لەقلەقە زەیتوونی و حوشترەخاڵدارانەی لێنەبوو. من کە چاوم بەم گیاندارە ڕەنگاوڕەنگانە دەکەوێت کە تۆ لە بەرد و درەخت و گەڵا دروستیاندەکەیت....)) (علی، ٢٠١٠: ١٠٧). لێرەشدا بە هەمان شێوە ناوی چەند گیاندارێک هێنراوە، بە ڕەنگی جیاواز، بۆ

نمـوونه دەڵێـت لەقلەقـی زەیتـوونی، حوشـتری خاڵـدار، کە لە ڕاسـتیدا ئەم ڕەنگـانە خەیـاڵی نوسەر دروستیکردوون.

ئەگەر بێیـنە سـەر قسـەکردن لەسـەر بەکارهێنـانی باڵنـدە وەک خـورافە، لە ڕاسـتیدا لە ڕۆمـانی (ئێـوارەی پەروانە) دا، لە چەنـدین شـوێندا حەزی زۆری مـرۆڤ بـۆ فـڕین دەبینرێـت بـۆیە کـارەکتەری سـەرەکی، کە "پەروانە"یە، سـیفەتی هاوبەشـی لەگەڵ پەپـوولەدا هەیە، کە باڵـدارێکی ناسـکە و لە هەوادا هەڵـدەوەرێت، هەروەهـا کـارەکتەری "سـیامەندی باڵنـدە" ش، یەکـێکە لەو کـارەکتەرانەی کە سـیفەتی باڵنـدەی هەیە و کـارەکتەرێکی هاوبەشـە لە نێـوان ڕاسـتی و خـورافە دا، لە وەسـفی کـارەکتەری "سـیامەندی باڵنـدە" دا، دەڵێـت: ((فەرەیـدون کە کـوڕی بەر سـەمونخانەکان و نـاو کۆڵانەکـانی شـاربوو بە عاجبـاتییەوە سـەیری ئەو پیـاوە باڵنـدەیەی کـرد، کە بـۆنی درەختەکـانی لێـدەهات، گـوتی" تـۆش بـۆنی بـاغێکی تـازەت لێـدێت....". سـیامەندی باڵنـدە، لـووتێکی قـولاپی چکـۆلانەی هەبـوو، قـژی بە ئەنـدازەیەک چڕبـوو تەنهـا فاسـیلەیەکی زۆر بچـووکی بـۆ ئەو ناوچـاوانە چکـۆلانە و تەسـکەی جێهێشـتبوو، بە چەنـاگەیەکی بـاریکەوە تەماشـای فەرەیـدوونی مەلەکـی کـرد و گـوتی"یەکەمجـارە شـار ببیـنم، هەرگیـز پێشـتر هـیچ شـارێکم لە نـاوەوە نەبینیـوە، لەوەوبەر تەنهـا لە دوورەوە سـەیری شـارەکانم کـردووە..". ئەوکـات فەرەیـدوونی مەلەک بە هێمنـی سـەیری چـنگە قولاپییەکـانی دەکـرد و گـوتی " هەوڵبـدە بە هەواو دیمەنەکـانی شـار ڕانەیەیـت، هەوڵبـدە زۆر لە ئـاوی ئێـرە نەخـۆیتەوە، زۆر سـەیری ئافرەتەکـان نەکەیـت ... شـار وەکـو تلیـاک وەهـایە، کە پێـی ڕاهاتیـت بە ئاسـانی لەبیرناکرێـت...)) (علـی، ٢٠١٠: ٨٠). دەبینـین لە وەسـفی کـارەکتەری "سـیامەندی باڵنـدە" دا ، هەمـوو تایبەتمەنـدییە جەسـتەییەکانی هـی باڵنـدەیە، لە کاتێـدا نـاوەکەی و هەنـدێک لە سـیفەتەکانی هـی مـرۆڤن، کە ئەمە خـورافەیە نـاتوانین هـیچ مرۆڤێـک بەم شـێوەیە ببینـین، کە "سـیامەند" کەسـێتییەکی فەنتـازییە لە جـۆری نـیمچە سەرووسروشـتی، لە کاتێکـدا سـیامەند لە کەژوکێوەکـان دەژی و تەنهـا و گۆشـەگیرە، کە ئەمەش شـێوەی ژیـانی باڵنـدەیە، مـرۆڤ لە کۆمەڵـدا دەژی و تەنهـا نیـیە بـۆیە زۆربەی ئەزموونەکـانی ژیـانی لە دەورووبەرەکەیەوە وەردەگرێـت، بـۆیە سـیامەند توشـی نـامۆیی دەبێـت کاتێـک شـار و ژیـانی شـار دەبینێـت. ڕانەهـاتنی بە ژیـان لەگەڵ مرۆڤەکانـدا وایلێـدەکات بە شەویشـدا هەوڵبـدات لە سـەر درەختەکـان بخەوێـت؛ بـۆیە "مەعسـومە" ناچاردەکـات وەک باڵنـدەیەک بـژی، مەعسـومەش مـرۆڤە و بە ژیـانی باڵنـدەکان ڕانەهـاتووە؛ هەربـۆیە بە درێژایـی ژیانیـان کێشـەیان هەیە و سـیامەند بەردەوام ئـازاری

"مەعسومە" دەدات، بۆیە ناچار لە دەستی ڕادەکات و ترس و خورافەیەکی زۆر بەرامبەر باڵندەکان لە دڵیدا دروستدەبێت و هەمیشەلێیان ڕادەکات و خۆییان لێ دەشارێتەوە. ((مەعسوم لەو شەوانەشدا ترس لە باڵندەکان نەیدەهێشت بحەوێتەوە، مەلا کەوسەر پێی دەگوت"ئەوەی تۆ پێی دەڵێیت باڵندە، خودی شەیتان خۆیەتی... شەیتانە و لە شێوەی باڵندەدا دەرکەوتووەتەوە، شەیتانە و سیمایەکی نائاسایی وەرگرتووە...ئەم ترسەی تۆ، ترسێکە بەرەو پاکبوونەوەت دەبات" )) (علی،٢٠١٠: ٢٠٥). دەبینین ترس و وەهمێکی زۆر بەرامبەر باڵندەکان لە دڵی مەعسومەدا دروستبووە ، مەلا کەوسەریش کە تێڕوانینێکی ئایینی هەیە "سیامەند" بە شەیتان دەچوێنێت، بەهۆی تێڕوانینەکانی و ڕفاندنی مەعسومە و عاشقبوونیەوە.

هەروەها لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان "پەروانە" و "پەپوولە" دا دەڵێت: ((لەو وەرزەدا کە فەرەیدونی مەلەک وازی لە ڕاوکردنی پەپولەکان هێنا، پێی وابوو خودی پەروانە ئەو تێکەڵە خورافییەیە لە مرۆڤ و پەپولە، کە لە منداڵییەوە بە دوایدا دەگەڕێت ..ئەو شەوێک لە شەوان کاتێ لەگەڵ ڕەزای دڵخۆشدا پێکەوە لە کۆڵانێکدا بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، بە ڕەزای گوتبوو" من لە منداڵییەوە، لەو ڕۆژانەوە، کە لە ماڵی مامم و لە ژێر زەبری جنێوەکانی ئامۆژنمدا گەورەبووم، خەیاڵم لای مرۆڤێک بوو، وەکو پەپولە وەهابێت... من لەو زەمانەوە بۆ یەکێک دەگەڕێم دیوێکی مرۆڤ بێت و دیوێکی پەپولە..."..)) (علی، ٢٠١٠: ٩٢) . کارەکتەری پەروانە تێکەڵەیەکی خورافیە لە مرۆڤ و پەپوولە، جوان و ناسک و ڕێکپۆشە، خانمێکی سەرکەشە، هەوڵدەدات شتە قەدەغەکراوەکان تاقیبکاتەوە، وەک چۆن پەپوولە عاشقی ئاگرە و دەزانێت بچێتە لای دەیسووتێنێت، بەڵام هەر دەڕوات، خۆی فیدادەکات لە پێناو عەشقەکەیدا، پەروانەش دەزانێت عەشق و خۆشەویستی قەدەغەیە، بەڵام هەر تاقیدەکاتەوە تا دەکوژرێت.

سەبارەت بە بوونی پەروانە بە گەرد دەوترێت: ((هەموو ئەوانەی بە خۆیان دەگوت "قەرەجەکانی عەشق" هەستیان بەو ڕەشەبای تۆز و گەردە ئاوریشمییەی پەروانە دەکرد، هەندێک شەو ئەو تۆزە بە ئەندازەیەک تۆفانی و زۆربوو هەموو پێیان وابوو هەزارەها هەزار پەپولە پێکەوە لە دەوریان باڵەکانیان دەتەکێنن، میدیا لە یەکێ لەو شەوانەدا لەسەر دەفتەرەکەی نوسیویێتی<<پەروانە با دەیبات، گەردی بریقەدار و ئاوریشمینی لەشی وا لەسەر دەفتەرەکەمە، شەو چەندجارێک دەبێت ئەم دەفتەرە بتەکێنم ...خودایە...ئەو کچە دەبێتە غوبار>>..)) (علی، ٢٠١٠: ١٤٠). پەیوەندیی نێوان پەروانە و

پەپـــولە بە شـــێوەیەکی خـــورافی بـــاس لەوە دەکـــات پەروانە هەڵـــدەوەرێت و دەبێـــتە گەرد و تۆز، بە جۆرێک هەموو دەورووبەرەکەی هەست بەو تۆز و گەردانە دەکەن.

هەر لەمبـــارەیەوە " ڕەزای دڵخـــۆش" یـــش وابیردەکـــاتەوە، هەمـــوو مرۆڤێـــک بەشـــێکی مـــرۆڤە و بەشـــێکی پەپـــوولەیە، دەڵێـــت منـــیش پەپـــوولەیەک لە خۆمـــدا دەبیـــنم گەورە دەبێـــت : (( ڕەزای دڵخـــۆش، کە تەواو بـــاوەڕی بەو بەشـــە پەپـــولە ئاســـایەی پەروانە هەبوو..هێـــدی هێـــدی دەکەوتە ســـەر بڕوایەکـــی ســـەیر و ترســـناکی دیـــکە، هێـــدی هێـــدی خەیـــاڵات زۆر بـــۆ دوور دەیبـــرد، شـــەوان لە بەردەم ئاوێنەیەکـــدا خـــۆی ڕووتـــدەکردەوە و لە جەســـتەی خـــۆی وردەبـــووەوە، تـــا ڕۆژێـــک بە تەواوەتـــی بـــاوەڕی بەوە هێنـــا، لە نـــاو جەســـتەی خۆشـــیدا پەروانەیەکـــی خەوتـــوو هەیە. ســـەرەتا خۆیشـــی بـــاوەڕی نەدەکـــرد، گومـــانی هەبـــوو، بەڵام بە ئاشـــــکرا فـــــڕین و هـــــاتوچۆی ئەو پەروانەیەی هەســـــتپێدەکرد، شـــــەو و شـــــەوگارێکی زۆر گینگڵیـــدەدا، بیریـــدەکردەوە و ســـــەرنجی گەورەبـــوونی ئەو پەپـــولەیەی دەدا لە جەســـــتەیدا، بەڵام ترســـــی هەبـــــوو چیـــــرۆکەکە لای فەرەیـــــدونی مەلەک و پەروانە ئاشـــــکرابکات.....)) (علی،٢٠١٠: ٩٣) .

دەکرێـــت هەر یەکێـــک لە ئـــێمەی مـــرۆڤ تێکەڵەیەکمـــان لەو ســـیفەتەی پەپـــوولە تێـــدابێت، کە حەزبکەیـــن شـــتە قـــورس و ترســـناک و قەدەغەکراوەکـــان تـــاقیبکەینەوە، ئەم هەســـتە بەردەوام لەگەڵ ئـــێمەدا لە ململانێـــی بەردەوامـــدا بێـــت، تـــا دەبیـــنە مرۆڤێکـــی یـــاخی و تێکشـــکێنەری بەربەســـتە کلتوورییەکـــان، بەڵام بـــوونی پەپـــولە وەکـــو باڵنـــدەیەک لە جەســـتەی ئـــێمەدا ببینرێـــت و گەشـــەبکات خـــورافەیە، خەیـــاڵی نوســـەر دروســـتی کـــردووە، هەر ئەم هەســـتە وا لە ڕەزای دڵخۆشـــدەکات کـــردەی فـــڕین تاقیبکـــاتەوە، لە باســـکردنی بـــارودۆخی دەروونـــی پەروانەدا، لە یەکەم شـــەوی نـــاو جەنگەڵـــی عاشـــقاندا دەڵێـــت: (( ئەو شـــەوە، کە لە کەپرێکـــی چکـــۆلانەدا خەوتـــن، فەرەیـــدون زۆر بە ئاســـودەیی خەوی لـــێکەوت، بەڵام دەنگـــی ســـەیر و پـــڕ لە هـــاژە و قریشـــکەی ئەو چەمـــانە نەیانهێشـــت پەروانە بخەوێـــت، پەروانە لەو شـــەوەوە ئەو مێـــرووە باڵـــدارە زیووینـــانەی دەبینـــی کە وەکـــو چـــرا دەدرەوشـــانەوە، ئەو کـــوللە گەورانەی دەبینـــی کە بە پـــۆل لەنـــاو جەنگەڵـــدا دەفـــڕین و باڵەکانیـــان نـــورێکی مەیلەوســـوور و ئـــاگراوی لێهەڵدەســـتا، ئەو بـــوونەوەرە ســـەیرانەی دەبینـــی کە گەڵا دروســـتیدەکردن و ســـەر لەنـــوێ تێکیـــدەدانەوە، ئەو ئـــاوانەی دەبینـــی، کە وەک پشـــکۆ دادەگیرســـان و دەکـــوژانەوە، چـــاوی لێکـــدەنا و ئەو چـــیلکە و چڵوچێـــوانەی دەبینـــی ، کە وەکـــو ســـیحربازێک کۆیانبکـــاتەوە،

کۆدەبــوونەوە و دەچــوونە ســەریەک و شــێوەی سەیرســەیریان دروســتدەکرد، کە چاویشــی دەکردەوە دەیبینی بڵاودەبنەوە و لە یەکدی دەترازێن..)) (علی، ٢٠١٠: ١١٠).

لێــرەدا کــۆمەڵێکی زۆر خــورافە و خەیــاڵات بەدوای یەکــدا ڕیزکــراون، کە هەمــووی هەســتی ترســان دروســتیکردوون، درەوشــانەوەی مێــروو وەک چــرا، دەرچــوونی نــوور لە بــاڵی پەپــولەوە، دروســتبوونی بــوونەوەری جیــاواز و جۆراوجــۆر لە گەڵای وەریــوی دارســتان دووبــارە هەڵوەشــانەوەی بوونەوەرەکــان، لە ڕاســتیدا ئەمــانە زۆربەیــان خــورافەن و ڕاستیان تێدا نییە.

سروشــــتیش بەگشــــتی قســــەی لەســــەرکراوە لە ڕۆمــــانی (ئێــــوارەی پەروانە) دا، بە تــایبەتی بــابەتی (بــا، دارســتان، دار، شــەو، هەورەبروســکە، بــاران، بەفــر، شــاخ،...هتد) هەریەک لەمــــانەش بە شــــێوەی خەیــــاڵی قســــەیان لەســــەرکراوە، بــــای وێــــرانکەر، بەفــــر و خــــوێن چــوێنراون بەیەک، دارســتان و تــرس و دەنــگ و وەهــم هەمــوو پــێکەوە گفتوگۆیــان لەبــارەوە کــراوە. لە ڕووی دەروونیشــەوە ئەم ڕۆمــانە قســە لەســەر کۆمەڵێــک بــارودۆخی دەروونــی جیــاواز دەکــات وەکــو (خۆشەویســتی، ڕق، گومــان، پرســیار، ڕەشــبینی، گەشــبینی، نەخۆشــی، ناخۆشــی، خەم، نائومێــدی، ئیمــان، بێبــاوەڕی، تــرس، نــامۆیی....) بەڵام لەبەرئەوەی کــارەکەی ئــێمە لەســەر کلتــوورە لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانە)دا، نــاتوانین بچیــنە نــاو ئەو بابەتــانەوە، هیوادارم لە دوای ئێمەوە توێژەران توێژینەوەی زانستی لەسەر بکەن..

# ئەنجام

## ئەنجام:

١- کلتــوور بــابەتێکی زینــدوو و ســەردەمییانەیە، بەردەوام بە وەرگرتنــی تــوخمی نــوێ کــاری نوێبــوونەوە لە ڕەگەزەکانیــدا ڕوودەدات، بە گشــتی کلتــوور خــاوەنی دوو لایەنــی مــاددی و مەعنەویــیە، هەرچــی کلتــووری مــاددی کــۆمەڵە بە خێراییەکــی چــاوەڕواننەکراو گــۆڕانی بەســەردادێت، بەهــۆی کــاریگەریی تەکنەلۆژیــا و درامــا و سیاســەت و داگیرکــارییەوە، هەروەهــا کلتــووری مەعــنەوی کــۆمەڵش ناتوانێــت خــۆی لەم گۆڕانکارییــانە بەدووربگرێــت، مێــژووی ژیــانی مرۆڤــایەتی بەڵــگەی زینــدووی چەنــدین پڕۆســەی هەڵوەشــاندنەوە و ســەر لەنــوێ دروســتبوونەوەی کلتــوور و شــێوازی ژیــانی جیــاوازن. میللەتــانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریی کلتوورییان لەسەر یاکتری هەیە.

٢- لەنــاو پێکهێنەرەکــانی کلتــووردا خــورافە لە ئێســتادا بەشــێکی زۆری بیروبــاوەڕی خەڵکــی داگیرکــردووە؛ لە هەمــوو بوارەکــانی (سیاســی، کــۆمەڵایەتی، ئــاینی، تەکنەلۆژی...هتــد). یەکــێکە لە بەرهەمەکــانی خەیــاڵ و تێڕوانینــی مــرۆڤ بــۆ دیــاردە و ڕووداوەکــانی دەورووبەری، هەر لە ســەرەتای دروســتبوونی کــۆمەڵی مرۆڤــایەتییەوە، وەک پێویســتییەکی ژیــانی مرۆڤــی ســەرەتایی دروســتبووە، خــورافە هەمیشــە خــراپ نییە، چــونکە بــۆ مرۆڤــی ســەرەتایی بــۆ بەتــاڵکردنەوەی دەروون و مێشــکی لە پرســیارە زۆر و جۆراوجۆرەکــان پێویســتی پێــی هەبــووە، لەبەرئەوەی ئەوان نەیــانزانیوە بە شــێوەیەکی زانســتی بەدوای هۆکــاری ڕووداوەکانــدا بگەڕێــن. لە ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانەدا) بابەتەکــانی خــورافە و ئەفســانە بەکارهــاتوون، نوســەر لە دروســتکردنی زۆرێــک لە کارەکتەرەکــانی ڕۆمــانەکەدا خــورافەی بەکارهێنــاوە، (خەنــدانی چکــۆلە) توانــای دروســتکردنی ڕەشــەبای هەیە، (پەروانە) وەک گەرد هەڵــدەوەرێت، (ســیامەندی باڵنــدە) کــارەکتەرێکی هاوبەشــە لە نێــوان مــرۆڤ و باڵندە دا، کە هەموو ئەمانە سیفەتی مرۆڤ نین و خەیاڵی نوسەر دروستیکردوون.

٣- ڕۆمــان ژانرێکــی گرنــگ و زینــدووی نــاو ئەدەبیــاتە و ڕێــگەیەکە بــۆ دەربڕینــی بیــر، بەرهەمــی گەورەبــوون و گەشــەکردنی کــۆمەڵ و دروســتبوونی شــار و هاتنەئــارای تەکنەلۆژیــایە؛ بــۆیە کەرەســتەیەکی گــرنگە بــۆ قســەکردن لەســەر بــابەتە کلتوورییەکــان، نوســەران بــۆ گەیانــدنی پەیــام و بیروباوەڕەکــانی خۆیــان دەربــارەی کلتــوور و کــۆمەڵ بەکاریانهێنــاوە ، نوســەرێکی وەکــو (بەختیــارعلی) لە ڕێــگەی ڕۆمانەکــانییەوە قســەی لەســەر هەمــوو جۆرەکــانی کلتــووری (سیاســی، کــۆمەڵایەتی، ئــاینی، ئــابووری، ڕۆشــنبیریی،

فۆلکلـــۆریی..) کـــردووه،  له ڕۆمانەکـــانی (دەریـــاس و لاشـــەکان، جەمشـــیدخانی مـــامم، بەنـــدەرفەیلی)دا، نوســـەر ڕەخـــنە له سیاســـەت و ســـەرکردە کوردییەکـــان و بـــزوتنەوەی کـــوردی دەگرێـــت و بە خـــورافە له قەڵەمیانـــدەدات، ڕەخـــنە لە بە پیرۆزکردنـــی ســـەرکردە و ڕابەرە حیزبییەکان دەگرێت لەلایەن خەڵکەوە...

٤- ئەزمـــوونی ڕۆماننووســـینی (بەختیـــار علـــی) ویـــڕای بـــوونی خەیـــاڵ و فەنتازیـــایەکی زۆرتـــاییەت، بەردەوامـــیش کێشـــەیەکی گەورەی (مرۆیـــی، سیاســـی، مێژوویـــی) باســـدەکات، هاوکـــات زمـــانێکی فراوانـــی ئەدەبـــی بەکاردەهێنێـــت، جـــوانی ڕۆمانەکـــانی "بەختیـــار علـــی" زۆر لە زمـــانەکەی و خەیـــاڵ و فیکـــر و فەنتازیـــا فراوانەکەیـــدایە، ئەگەرچـــی هەڵەی ڕێنـــووس و زمـــانی زۆر لە ڕۆمانەکانیـــدا دەبینرێـــت و وا دەردەکەوێـــت نوســـەر زۆر شـــارەزای ڕێزمـــان و ڕێنووســـی کـــوردی نەبێـــت، بەڵام هەمیشـــە شـــیعرییەت و زمـــانی شـــیعریی و هـــونەریی ســـیمایەکی دیـــاریی ڕۆمانەکـــانی نوســـەر پێکـــدەهێنن، ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە)ش، وەکـــو یەکێـــک لە ڕۆمانەکـــانی بە شـــێوەیەکی زۆربـــاش هونەرەکـــانی جوانکـــاریی و ڕەوانبێـــژی تێـــدا دەبینرێت.

٥- دابونەریـــت و پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان و بابەتەکـــانی (پرســـە، شـــایی، خزمـــایەتی، ڕاوکـــردن)، لە ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە)دا قســـەیان لەســـەرکراوە، بەڵام بەوردی نوســـەر باســـی بابەتەکـــانی (پرســـە، شـــین، شـــایی) نەکـــردووە لە کلتـــووری کوردیـــدا، هـــونەریش وەکـــو پێکهێنەرێکـــی ســـەرەکی کلتـــوور شـــوێنێکی گرنگـــی لەم ڕۆمـــانەدا داگیرکـــردووە و کـــارەکتەری هونەرمەند نوێنەرایەتی چینە ڕۆشنبیرەکەی کۆمەڵ دەکات.

٦- بـــابەتی ســـەرەکی ئەم ڕۆمـــانە قســـەکردنە لەســـەر بابەتەکـــانی(کوفر، ئیمـــان، ڕق، خۆشەویســـتی، یەقـــین ، ئـــایین، خـــودا، ژن کوشـــتن، پیاوســـالاری، گـــرووپ و ڕێکخـــراوە ئیســـلامییەکان...) لە نـــاو هەمـــوو ئەمانەشـــدا کلتـــووری ئـــایینی و کـــۆمەڵایەتی بەشـــێکی ســـەرەکی نـــاوەڕۆکی ئەم ڕۆمـــانە پێکـــدەهێنن، بەڵام لە هەنـــدێک جێگـــادا زیـــادەڕەویی لە بابەتە ئایینییەکاندا کراوە، یان کلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی تێکەڵکراوە.

٧- ژن مەبەســـتێکی ســـەرەکی ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە) یە و تـــاکە ڕۆمـــانی نوســـەرە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بـــاس لە ژن و گرفتەکـــانی ژن بکـــات، ئەگەرچـــی نوســـەر وەکـــو کێشـــەی مـــرۆڤ قســـە لەســـەر کێشـــەی ژن دەکـــات، نەک وەک جیـــاوازی ڕەگەزی، پیاوســـالاری وەک بەشـــێکی ســـەرەکی کلتـــووری کـــوردی قســـەی لەســـەر کـــراوە، نوســـەرباس

لەوە دەکــــات کـــاریگەریی ژیـــنگەی وڵاتـــی ئیرانـــی لەســـەربووە لە کـــاتی نووســـینی ئەم ڕۆمـــانەدا، چـــونکە لەو وڵاتەدا ژیـــاوە و بـــارودۆخی ژن و قەدەغەی عەشـــق و خۆشەویســـتی لە وڵاتێکی ئیسلامی وەکو وڵاتی ئێراندا بیری سەرەکی ئەم ڕۆمانەی دروستکردووە.

٨- کلتـــووری سیاســـی و ڕۆشـــنبیریی کـــۆمەڵی کـــوردەواریی لە ڕۆمـــانی (ئێـــوارەی پەروانە) دا قســـەیان لەســـەرکراوە و عاشـــقەکان هەوڵیانـــداوە لە ڕێـــگەی بەکارهێنـــانی کـــارەکتەری (نەســـرەدینی بۆنخـــۆش)ەوە، کە پێشـــمەرگەیەکی سیاســـی کوردبـــووە بـــگەن بە ئامانجەکانیـــان و کـــــۆمەڵگەیەکی مـــــۆدێرن دروســـــتبکەن، لەم ڕۆمـــــانەدا کـــــارەکتەرە عاشـــــقەکان وەک ڕۆشـــنبیرەکانی کـــۆمەڵی کـــوردیی قســـەیان لەســـەرکراوە و ناتوانیـــت بە ئاســـانی کـــارەکتەریی ڕۆشنبیر و عاشق لە یەکتری جیا بکەیتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان:


-ئەمین، بورهان محمد، ٢٠٠٤، تەفسیری ئاسان، سلێمانی، کتێبخانەی ڕۆشنبیری.


## ١-کتێبەکان:

## أ-کتێبە کوردییەکان:


-ئاشوری، داریوش، ٢٠١٠، کلتوور چەمک و پێناسە، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

-ئامیدیان، فەخرەدین، ٢٠١٣، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، سنە، شەمسی سنە.

-ئۆسکارمان، ٢٠١٢، توحفەی موزەفەرییە،و/علی نانەوازادە، هەولێر.

-ئەحمەد، د.کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا(بە نموونەی زاری کرمانجی ناوەڕاست)، سلێمانی، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد.

-ئەرستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر(شیعرناسی)،و/عەزیز گەردی، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

-ئەسوەد، د.نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستەمرۆڤایەتییەکان، تاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

-ئەلحەسەن، د.ئیحسان محەمەد، ٢٠١٢، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و/دانا مەلاحەسەن، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

-ئیسماعیل، سەباح، ٢٠٠٥، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، کەرکووک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەرەبخا.

-بتغایر، دایاناداو، ١٩٨٢، ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان، و/ئەژی گۆران، بەغداد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی بڵاوکردنەوەی کورد.

-بشیری، حسین، ٢٠٠٦، تیۆری کلتووریی لەسەدەی بیستەمدا، و/مەنسور تیفوری، هەولێر، چاپخانەی بینایی.

-بەرزنجی، یاسین قادر، ۲۰۰۸، فەرهەنگی شانۆیی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم.

-پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، ۲۰۱۲، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسینی محمد ڕەسوڵ هاوار، سلێمانی، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان.

-تۆفیق، د.زرار سدیق، ۲۰۲۱، لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، چاپخانەی تاران.

-حاجی، سەنگەر قادر شێخ محمد، ۲۰۰۹، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی (مەم وزین)ی (ئەحمەدی خانی)و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارەسپییەکان)ی (بەختیارعلی)دا، دهۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی.

- حمه علی، ئومید، ۲۰۱۹، مێژووی خۆ بەرهەمهێنانەوە، خوێندنەوەی سێ ڕۆمانی بەختیار علی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

-حەسەن، د.ئیبراهیم، ۲۰۱۲، ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لە ڕۆمانی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

-حەسەن، سەمیر ئیبراهیم، ۲۰۱۱، کولتوور و کۆمەڵ، کەرکووک، چاپخانەی شەهیدئازاد هەورامی.

-حەسەن، شێرزاد، ۲۰۰۵، سەرجەمی بەرهەم، کۆمەڵە چیرۆکەکانی ( تەنیایی، گوڵی ڕەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس.

-حەسەن، مەولوود ئیبراهیم، ۲۰۲۰، قەدەغەشکێنی دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

- حسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر، ۲۰۰۷، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژین وژیاندا، سلێمانی، بنکەی ژین.

-حوسێن، هیمداد، سەنگەر نازم، ۲۰۲۰، ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژوو ئاریێشەکان، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.

-خانی، ئەحمەدی، ۲۰۰۸، مەم و زین، ئامادەکردنی هەژار، هەولێر، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس.

-خەزنەدار، د.مارف، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.

-خەلیقی، حسێن،١٩٩٢، کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی یەکەم، بغداد، چاپخانەی الحوادث.

-خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، بە پێی ئاڤێستاو دەقە پەهلەوییەکان، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

- دەستەیەک لە خوێندکارانی پەیمانگای ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ٢٠٠٣، ئایین و کلتوور، و/ ئارام ئاران، چاپی یەکەم.

-دیلان، دیوانی دیلان، ٢٠١٣، د.عەبدوڵا ئاگرین، هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا.

-ڕەسوڵ، ڕێبین و دیار عزیز، ٢٠٠٤، ئەنثرۆپۆلۆژیا، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای ڕێبین.

-ڕەسووڵ، د.شوکریە، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر.

-ڕەسوڵ، د.شوکریە، ١٩٩٧، ڕێوڕەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، هەولێر، اوفیستی.

-ڕەسووڵ، د. عیزەدین مستەفا، ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوە، بەغدا، چاپخانەی دار الجاحظ.

-ڕەسوڵ، عزالدین مستەفا، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.

-ڕەسوڵ، عزالدین مستەفا، ٢٠٠٨، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی،سلیمانی.

-ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز، ٢٠١٢، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان.

-ڕەفیق، ئاشنا جەلال، ٢٠١٤، لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

-زادە، د.هاشم ئەحمەد، ٢٠١٢، زمان، ئەدەب و ناسنامە، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس.

-زامدار، محموود، ١٩٨٠، دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی، بەغدا، دار الحریە.

-سابیر، ڕەفیق، ٢٠٠٣، کولتوور و ناسیۆنالیزم، سلێمانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-سدیق، ئارام، ٢٠١٩، خۆرهەڵات ولەبیرکراوەکانی، دەربارەی ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان، سلیمانی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند.

-سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠٠١، کاریگەریی کەلەپووری کوردی لە شانۆی کوردیدا، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خەبات.

-سندی، بەدرخان، ٢٠٠٩، کۆمەڵی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و/ئیسماعیل ابراهیم سەعید، هەولێر، دەزگای موکریانی.

-سەجادی، عەلائەدین، ١٩٧٤، کوردەواری، بەغداد، چاپخانەی مەعاریف.

-سەعید، ئازاد محەمەد، ٢٠٢٣، فەنتازیا لە ڕۆمانی کوردیدا، ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی و دەغدوی خەسرەوجاف بە نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، سلێمانی.

- سەعید، ئێدوارد، ٢٠٠١، بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، هەولێر موکریانی.

-سەعید، جەلال ئەنوەر، ٢٠٠٩، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار علی دا، سلیمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

-علی، بەختیار،مەریوان وریا، ئاراس فەتاح، ٢٠٠٠، ڕۆشنبیر، کۆمەڵ، دیموکراسی، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج.

-علی، بەختیار، ٢٠١٠، ئێوارەی پەروانە، سلێمانی، چاپی چوارەم، چاپخانەی کارۆ.

-علی، بەختیار، ٢٠١٢، وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

-علی، بەختیار، ٢٠١٤، ئەی بەندەری دۆست ئەی کەشتی دوژمن، سنە، چاپی چوارەم، چاپخانەی ئەڵوەن.

-علی، بەختیار، ٢٠١٤، تاماتەمی گوڵ تاخوێنی فریشتە، سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕجایی/تاران.

-علی، بەختیار، ٢٠١٥، ئیمان وجەنگاوەرانی، سلیمانی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەری ئەندێشە.

-علی، بەختیار، ٢٠١٩، دەریاس ولاشەکان، سلیمانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ.

-علی، بەختیار، ٢٠١٩، ئۆپۆزسیۆن و پرۆترێتەکانی، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

-علی، بەختیار، ٢٠١٩، شەوێک ئاسمان پڕبوو لە ئەستێرەی شێت، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

-علی، بەختیار، ٢٠٢٠، جەمشیدخانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران.

-علی، بەختیار، ٢٠٢١، خوێنەری کوشندە، سلیمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مهتاب.

- علی، بەختیار، ٢٠٢١، لەدیارەوە بۆ نادیار، سلیمانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی مهتاب.

-علی، بەختیار، ٢٠٢٢، دەستەسڕەکەی ئۆتیلۆ، سلیمانی، چاپی یەکەم،ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

-علی، د.دڵشاد، ١٩٩٨، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

-عەبدوڵا، پێشڕەو، ٢٠١٣، دەروونشیکاری شیعر، هەولیر چاپخانەی حاجی هاشم.

-عوسمان، هەرێم، ٢٠٢١، زمان و ئازادی گێڕانەوە، لەبارەی سێ ڕۆمانی بەختیار علی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

- عومەر، د.موحسین ئەحمەد، ٢٠٠٥، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئاراس.

-فرۆم، ئەریک، ٢٠٠٨، بەناوی ژیانەوە، و/ئازاد بەرزنجی، سلێمانی، چاپی چوارەم، لەبڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر.

-قادر، سەرۆ، ٢٠٢١، کولتووروکێشەکانمان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

-قادر، محمد، ٢٠٠٨، دۆرکهایم ژیان و ئەندێشە، بەبێ شوێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

-قانع، دیوانی قانع، ١٣٩٠ه.ش، بورهان قانع، تهران، چاپی شەشەم، چاپخانەی دالاهۆ.

-قانیع، مەریوان وریا، ٢٠١٢، لە چ ئێستایەکدا دەژین، سلێمانی، چاپی یەکەم، ئەندێشە.

-قەرەداغی، عەتا، ٢٠٠٧، کاریگەریی کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

-کاکەڕەش، حەمە، ٢٠١٠، کۆڕامانێک لە شیعر، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.

-کەفائی، محەمەد عەبدلسەلام، ٢٠١١، ئەدەبی بەراوردکاری، و/هەژار ڕەحیمی.

-کۆهین، بروس، ٢٠١٠، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی، و/هێمن شەریف، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

-گوڵمحەمەدی، ئەحمەد، ٢٠٠٧، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، و/عەولابەهرامی، دهۆک، چاپخانەی خانی.

-گۆران، دیوانی گۆران، ١٣٨٩ه.ش، محمدی مەلا کەریم، تهران، چاپی چوارەم، چاپخانەی دالاهۆ.

-لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاریی کوردستان، ٢٠٠٦، زاراوەی ئەدەبی( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، هەولێر.

-محەمەد، تانیا ئەسعەد، ٢٠١٢، دیاردەی خەم لە شیعریی حەسیب قەرەداغیدا، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس.

- محەمەد، مهاباد ئازاد، ٢٠١٠، وێنەی ڕۆشنبیر لە ڕۆمانەکانی بەختیار علی دا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- محەمەد، میران جەلال، ٢٠٠٩، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

- موحسینی، مەنوچیهر، ٢٠٠٢، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و/ ڕێبوار سیوەیلی و کەسانی دیکە، هەولێر، دەزگای موکریان.

- موکری، کامەران، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر.

- موکریانی، هەژار،١٣٨٦هەتاوی، هەمبانە بۆرینە فەرهەنگی(کوردی- فارسی)، چاپخانەی سروش، تاران.

- میراودەلی، د.کەمال، ٢٠٢١، ئەدەبناسی، ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی حەفتاکان، تاران، مێخەک تاران.

- میران، ڕەشاد، ٢٠١٠، چەند بابەتێکی ئیتنۆ- کۆمەڵایەتی،بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپی یەکەم.

- نەبەز، جەمال، ١٩٨٥، ناسیۆنالیزمی کوردی(کوردایەتی)، سوید، بنکەی چاپەمەنی ئازاد.

- نورەدین، بوار، ٢٠٠٧، ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا، هەولێر، چاپی دووەم چاپخانەی ئاراس.

- هیمن، ٢٠٠٣، بارگەی یاران، بەسەرپەرشتی( بەدران ئەحمەد وعوسمان دەشتی)، سلێمانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- وردی، محمد تۆفیق، ١٩٧٣، هەندێک لە هەڵبەست و بەیتەکانی علی بەردەشانی، نجف، چاپخانەی القضاء.

-یەعقوبی، عەبدولخالق، ٢٠٠٨، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبییات، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس .

## کتێبە عەرەبییەکان:

- ابراهیم، الدکتور علی، ٢٠٠٢، الزمان والمکان فی روایات غائب طعمه فرمان، الطبعه الاولی، الاهالی للطباعه والنشر والتوزیع، سوریه-دمشق.

- ابن منظور، ابی الفضل جمال الدین، بدون سنه، لسان العربی، المجلد١٥، مکتبه هلال، بیروت.

- ابو مصلح، عدنان، ٢٠٠٦، معجم علم الاجتماع، ط١، المشرق الثقافی، عمان- الاوردن.

- ادونیس، ٢٠٠٦، الصوفیه والسوریالیه، دار الساقی، بیروت.

- الخماش، دکتور ابراهیم بدران، دکتۆر سلوی، ١٩٧٩، دراسات فی العقلیه العربیه(الخرافه)، ط٢، دارالحقیقه، بیروت.

- العنوی، دکتور محمد توفیق، ٢٠٠٣، مفهوم المکان والزمن فی فلسفه الظاهر والحقیقیه، منشات المعارف، الاسکندریه.

– العيسوى، عبدالرحمن، ١٩٨٢،سيكولوجيات الخرافه والتفكير العلمى، منشات المعارف، الاسكندريه.

– القيسى، رياض، ٢٠٠٢، علم اصول القانون، الطبعه الاول، بيت الحكمه، بغداد.

– ا.م. فورستر، ١٩٩٤، اركان الروايه، ترجمه/موسى العاصى، الطبعه الاولى، دار جروس برس، طرابلس– لبنان.

– باقر، طه، بدون سنه، مقدمه فى تاريخ فى الحضارات القديمه، ط٢، شركه التجاره و الطباعه المحدوده.

– بحراوى، حسن، ١٩٩٥، بنيه الشكل الروائى ( الفضاء، الزمن، الشخصيه)، ط١، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، بيروت.

– بوبيش، د. العزالدين، ٢٠٠٢، فى النظريه السرد وتحليل الخطاب، الموقف الادبى، دمشق.

– جان بول سارتر، ١٩٧٣، دفاع عن المثقفين، ترجمه/جورج طرابلشى، الطبعه الاولى، منشورات دار الادب، بيروت.

– جيرار جنيت، ٢٠٠٠، خطاب الحكايه، بحث فى المنهج، ترجمه/محمد معتصم واخرون، الطبعه الثانيه، المجلس الاعلى للثقافه، المشروع القومى للترجمه، مصر.

– حداد، مهنا يوسف، ٢٠١٠، الانثروپولوجيا الدينيه، داراليازورى، اردن.

– حسن، أ.د.سمير ابراهيم، ٢٠١٢، تمهيد فى علم الاجتماع، دار السميره للنشر والتوزيع والطباعه، عمان–الاردن.

– حمودى، باسم عبدلحميد، ١٩٩٩، سحر الحقيقه، دار ميزوبوتاميا للطباعه، بغداد.

–ربيع، محمد محمود، اسماعيل صبرى مقلد، بدون سنه، موسوعه العلوم السياسه، الجزء الاول، الجامعه الكويت، كويت.

– رسول، د.عزالدين مستهفا، ١٩٦٦، الواقعيه فى الادب الكردى، بيرووت.

–سالح، قاسم حسين، ١٩٨١، الابداع فى الفن، بيروت.

– سلطان، انور، ١٩٨١، المدخل العلم القانون، جامعه بيروت العربيه، كليه الحقوق – بيروت.

- سليم، شاكر مصطفى، ١٩٨١، قاموس الانثروبولوجيا انكليزى- عربى، جامعه كويت.

- شاهين، عبدالكريم، ١٩٩١، الحكايات الشعبيهالكرديه و ابعادها التاريخيه والاثريه والحضاريه والدينيه والنفسيه، منشورات الحزب الاشتراكى الكردى.

- صعب، د.حسن، ١٩٧٧، علم السياسه، دارالعلم للملاين، بيروت.

- عبدلعزين، سعد، ١٩٧٠، الزمن التراجيدى فى الروايه المعاصره، مكتبه الانجلو المصريه، المطبعهالفنيه الحديثه، مصر.

- عبدالله، محمد محمود، ١٩٩٧، المدخل الى العلم القانون او النظريه العامه للقانون، الطبعه السابعه، مطبعه جامعه دمشق، سوريا.

-عليان، جمال، ٢٠٠٥، الحفاظ على التراث الثافى، عالم المعرفه الكويت، كويت.

- عمر، د.احمد مختار، ١٩٨٢، اللغه واللون، ط١، دارالبحوث العلميه للنشر والتوزيع، الكويت.

- عياشى، الدكتور منذر، ٢٠٠٢، الاسلوبييه والتحليل الخطاب، مركز الانماء الحضرى، سوريه.

- ف. تشيتشيرن، بدون سنه الطبع، الافكار والاسلوب، ترجمه/الدكتور حيات شراره، دار الشوون الثقافيه العامه، بغداد.

- قاسم، سيزا احمد، ١٩٨٤، بناء الروايه، الهيئه المصريه العامه للكتاب، مصر.

- كيره، حسن، ١٩٨٨، المدخل الى قانون- القانون بوجهعام- النظريه العامه للقاعده القانونييه- النظريه العامه للحق، منشات المعارف، الاسكندريه.

- مارشال، جوردن، ٢٠٠٠، موسوعه العلم الاجتماع، ترجمه/احمد عبدالله زايد واخرون، مجلس الاعلى للثقافه، مصر.

- محجوب، محمد عبده،٢٠٠٩، الانثروبولوجيا السياسه، الطبعه الثالثه، دار المعرفه الجامعييه، بدون مكان.

- مدكور، ابراهيم، بدون سنه، معجم العلوم الاجتماعيه، الهيئه المصر العامه للكتاب، مصر.

-مرسى، د.احمد، ١٩٨١، مقدمه فى الفلكلور، دار الثقافه، مصر.

- مركز الدراسات والترجمه ، ٢٠١٥، اسرار السحر والشعوذه، دار روافد للطباعه والنشر، بغداد.

- وتار، محمد رياض، ٢٠٠٢، توظيف التراثى الروايه العربيه المعاصره، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق.

-ول ديورانت، ٢٠٠١، قصه الحضاره، ترجمه/نجيب محمود محمد بدران، مكتبه الاسكندريه، القاهره.

- يوسف، آمنه، ١٩٩٧، تقنيات السرد فى النظريه و التطبيق، ط١، اللاذقيه، دار الحوار.

## كتێبە فارسییەکان:-

- شميسا، سيروس، ١٩٩٥، انواع ادبی، چاپ سوم، انتشارات فردوس، تهران.

- فورستر، ادوارد مورگان، ١٣٨٤، جنبەهای رمان، ترجمه/ابراهیم یونسی، چاپ پنجم، انتشارات نگاه، تهران.

- محسنی، د.منوچهر، ٢٠٠٣(١٣٨٢)، جامعه شناسی عمومی، چاپ هجدهم، انتشارات طهوری، تهران.

- میرصادقی، جمال، ١٣٨٣، ادبییات داستانی، چاپ چهارم، انتشاراتی علمی، چاپخانه بهمن، تهران.

- میرصادقی، جمال، ١٣٨٥، عناصر داستان، انتشارات سخن، چاپ پنجم، چاپخانه بهمن، تهران.

## سەرچاوەی ئینگلیزی:-

-Hornby, A S Hornby(albert sydney), 2005, Oxford Advanced Learners Dictionary, oxford university press.

- Painter, sally, september10,2021, the importance of sculpture in socity.

## ٢- نامە ئەکادیمییەکان:-

## أ-کوردییەکان:- نامەی ماستەر:

- ئەبو بەکر، شیاو ڕەشید، ٢٠٠٨، شێواز لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار علی) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-ئیبراهیم، خالید قادر، ٢٠١٦، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی(ئیبراهیم ئەحمەد وغائب توعمە فەرمان)دا ،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی چەرمۆ.

- باڵەکی، یادگار ڕەسوڵ، ٢٠٠٣، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- حەمە عەبدولا، ئەڤین ئاسۆس، ٢٠١٣، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

-خضر، عثمان حمد، ٢٠٠١، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-سعید، سەیوان محمد تاهیر، ٢٠٠٣، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

-شێخانی، جەوهەر محەمەد مەولود، ٢٠١٣، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عارف، یوسف حمە سعید، ٢٠١٨، خورافە لە شاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

-عەزیز، لەیلا ئەمیر عاس، ٢٠٠٦، ڕۆڵی نوێبوونەوە لە گۆڕانکاری کولتووری لاوان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- قەیتەران، کاروان سەلیم، ٢٠١٦، سەرچاوەی کلتووریی لە شیعری کوردی کرمانجی ناوەڕاستدا(١٩٢٠-١٩٧٠)،نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.

- محمد، جوان حسێن، ٢٠١٧، ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتوری بەکاربردن (مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

- والی، جەزا حەمەصاڵح، ٢٠١٧، کەلتووری مەسیحییەکان(توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی کەلتوورییە لە شاری سلێمانی و کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

### تێزی دکتۆرا:

- ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەدین، ٢٠٠٣، بیناى کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

-ابوزێد، مردان رفعت، ٢٠٢١، ڕەنگڤەدانا کەلتووری د ڕۆمانێن( محمد سلیم سواری) دا، تێزی دکتۆرا، کولێژا پەروەردا بنیات، زانکۆیا دهۆک.

- زێباری، نەوزەت ئەحمەد عوسمان، ١٩٩٩، ڕەگەزەکانی چیرۆک لە داستانی (مەم وزین)ی خانی دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ابن الرشد، زانکۆی بەغداد.

-ساڵح، تانیا ئەسعەد محمد، ٢٠٠٦، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عبید، ئەرخەوان محمد، ٢٠١٤، دیاردە کولتوورییەکان لە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

- عزیز، کیفی محمد، ٢٠١٩، لێکەوتەکانی تاراوگە لە ڕۆمانی کوردیدا(بەنموونەی ڕۆمانی کوردیی تاراوگە ٢٠٠٠-٢٠١٥/ دیالێکتی ناوەڕاست)، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- عەبدول، هێمن باقر، ٢٠٢٠، وێنەی جەستە لەئاییني ئێزدی و کاکەییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

- فەرەج، شاخەوان جەلال، ٢٠١١، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان وکلتوور، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

### ب/ عەرەبییەکان:-

- العانی، شجاع مسلم دغیم، ١٩٧٨، البناء الفنی فی الروایه العربیەفی العراق، رساله دکتورا، کلیه اداب، جامعه بغداد.

## ٣- گۆڤار و ڕۆژنامەکان:-

## أ/ کوردییەکان:

- ئاکرەیی، نافع، ئابی١٩٨٥، کەلەپور لە شیعری کوردی هاوچەرخدا، ژمارە(٢)ی خولی سێیەمی گۆڤاری نوسەری کورد.

- ئەدیب، محمد، ٢٠٢١، ڕۆڵی مۆسیقا و گۆرانی لە "شاری مۆسیقارە سپییەکان" دا، ژمارە(١)ی گۆڤاری وانەر.

- ئیبراهیم، هاوکار، ٢٠١٠/١٠/٥، خورافیات و بیرکردنەوەی خورافی، ژمارە(١٦١)ی گۆڤاری ڕامان.

- بەکر، هیمداد حوسین، ٢٠٠١، بەکورتی مێژووی شانۆی کوردی- قۆناغی یەکەم، ١٩١٩- ١٩٣٩، ژمارە(١٤)ی گۆڤاری زانکۆ- گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- بیمار، عبدالرزاق، ١٩٧٠، دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا، ژمارە(٢) ی گۆڤاری بەیان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

-پیربال، د.فەرهاد، ٢٠٠٠، سەرچاوەکانی شانۆی کوردی لە کۆنەوە تا١٩٥٧، ژمارە(٤)ی گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

- تاڵەبانی، موکەڕەم ڕەشید، ٢٠١٠، ئایا سەردەمی داستان بەسەر چووە، ژمارە(٢٤٨)ی گۆڤاری کاروان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

-خەزنەدار، د.مارف، مایسی ١٩٧٠، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، بەرگی (٣)ی گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەغداد.

- دزەیی، ئارام ابراهیم حسین، ٢٠٢٢، خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانە بۆ کولتور، ژمارە(٩) ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

- ڕەشید، سابیر، ٢٠٠٦، گۆرانی فۆلکلۆری، ژمارە(٢١)ی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، لاپەڕەی دواباس.

- سالار، ئەحمەد، ٢٠٠٠، ڕۆژانی گوڵ ڕەنگ، ژمارە(٤٣)ی گۆڤاری ڕامان.

- علی، عومەر ئەمین، ١٩٨٢، بووکە بەبارانێ، ژمارە(٨٢)ی گۆڤاری بەیان.

- عومەر، د. موحسین ئەحمەد، تەمووزی٢٠٠٦، شڤانی کورد وەک یەکەمین ڕۆمانی کوردی ، ژمارە(٣٣)ی گۆڤاری نوسەری نوێ .

- ڤ.ئی. ئۆڤچاننیکۆڤ،٢٠٠٩/٧/٥، کولتوور و سیاسەت، گۆڤاری ڕامان.

- قادر، ئەحمەد، ٢٠١٩، دراما تورکییەکان ئامرازێکی نوێی دەست بەسەرداگرتنی کلتووری و ئابووری، ژمارە(٢٤)ی گۆڤاری خاڵ.

- محەمەد، د.محەمەد دلێرئەمین، ئەحمەد محەمەد ڕەشید میرە، ٢٠١٨، زمانی شیعری یاخیبوون لە دیوانی (ئێستا کچێک نیشتیمانمە) ی شێرکۆ بێکەسدا، International Journal of Kurdish Studies, vol 4, 2.

- نەوزاد، شڤان، ٢٠٢١، کۆمەڵی دەم باکان، ژمارە(١)ی گۆڤاری وانەر.

- هەڵەبجەیی، مەریوان، ١٥ی اردیبهشتی ١٤٠١ی هەتاوی، چاوپێکەوتن دەربارەی شانۆنامەی بۆ دۆزەخ ئەی بێ گوناهان، ڕۆژنامەی شەرق.

- یوسف، عبدالرقیب، ١٩٩٢، ئامانجەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد، گۆڤاری کەلەپووری کورد.

## ب/ عەرەبییەکان:-

- عبدلحمید، سامی، ١٩٨٧، تطور الذهنیه الاخراجیه فی المسرح العراقی، العدد(٣-٤) مجله الاقلام.

- علی، انتصار خلیل حسن، ٢٠٠٩، الذکر و الاذکار عند الصوفیه، العدد(٥٣) مجله اداب الرافدین، جامعه موصل.

## ٤- پێگەی ئەلیکترۆنی:-

-ڕزگار، محمد، ٢٠٢١/٩/٢٨، خورافیات (دەرەمۆک) ، زانیاری .zaniary. Com .

- مەنتیک، محمد، ٢٠١٨/٩/١٧، ڕۆژنامە وەک پێشمەرجی چیرۆکی کوردی، ڕووداونێت.

- مەنتک، محمد، ٢١ی ئازاری ٢٠٢١، دیداری فەرهەنگی، بە دەگمەن نەبێت توێژینەوەیەکمان نییە ، سروشتی چیرۆکی کوردیمان تێدا دەرخستبێت، پۆلەتیک پرێس.

## ٥- چاوپێکەوتن:

-حمەفرج، دیلان سلام، ٢٠٢٢/٨/٩، کلتوور لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی – بەختیار علی-دا، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار علی دا، کاتژمێر١٠ی سەر لە بەیانی، کتێبخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

# پوخته

## ملخص:

عنوان هذه الأطروحة (الثقافة في رواية "مساء بروانه" لبختيار علي). الثقافة موضوع مهم للغاية عند الدول والمجتمعات المتقدمة في العالم كلها، لأنها هوية التعرّف على الأمم والشعوب ، وهي مرآة انعكست فيها كل جوانب حياة الإنسان وتفكيره. في هذه الأطروحة ، تم تحليل نقطة الالتقاء والعلاقة بين الثقافة والأدب عبر رواية بختيار علي "مساء بروانه". أي: تم العمل على الأدب، كيف يمكن للروائي أن يخدم الثقافة الكردية وأدبها عن طريق الرواية؟ فوفقًا لخطة علمية عملنا على هذا العنوان ، يتكون عملنا من مقدمة، وخاتمة، وثلاثة فصول رئيسة، وقائمة المصادر وملخص البحث باللغات: الكردية، والعربية، والإنجليزية، وكل فصل يتكون من مباحث ومطالب، على النحو التالي:

جاء الفصل الأول بعنوان (الثقافة وعلاقتها بالمجتمع) وانقسم إلى ثلاثة مباحث رئيسة يُناقش فيها مفهوم الثقافة، وأنواعها، ومكوناتها، وتأثير الثقافات العالمية على الثقافة الكردية وانعكاس الثقافة في عدة أنواع من الأدب الكردي.

والفصل الثاني: بعنوان (الثقافة في بعض روايات بختيار علي وأعماله الأدبية والفكرية): وتناول تجربة كتابة بختيار علي ولغته الأدبية وبعض الأعمال الأدبية في مبحثين. في المبحث الأول تحدثنا عن تجربة بختيار علي ومعرفته للعالم مع الثقافة في قصائده ، ثم تحدثنا عن الخرافات في عدة رواياته. وفي المبحث الثاني تناولنا الثقافة في "أمسية الفراشة".

الفصل الثالث: بعنوان (آثار الثقافة الدينية والاجتماعية والخرافية) في رواية بختيار علي (مساء بروانه) ، ووزعنا هذا الفصل إلى مبحثين رئيسين. يختص المبحث الأول بالتحدث عن الثقافة والدين وانعكاسهما في الرواية، أما االمبحث الثاني، فخصصناه للتحدث عن الخرافات والأساطير كعنصر من عناصر المكونة للثقافة وانعكاسها في الرواية. وفي نهاية الدراسة عرضنا أهم النتائج التي توصلنا إليها ضمن عدة نقاط.

# Abstract:

This thesis is entitled (Culture in the novel (Evening of the Parwana) by Bakhtiar Ali). Culture is a very important subject for all developed nations and societies of the world, because it is the hallmark of recognition of all peoples and nations, it is a mirror in which all aspects of human life and thinking are reflected. In this thesis, the stage of understanding and relationship between culture and literature is analyzed through Bakhtiar Ali's novel “Evening of the parwana”. How can a novelist serve Kurdish culture and literature through novels? According to a scientific plan we have worked on this title, our work consists of introduction, conclusions, three main sections, list of sources and summary of the research in Kurdish, Arabic, English, each section consists of several paragraphs as follows:

Part One: Entitled (Culture and Relationship with Society) This is divided into three main parts, which discusses the concept of culture, types of culture, components of culture, the influence of world cultures on Kurdish culture and reflection of culture in several genres of Kurdish literature.

Part 2: Entitled (Culture in some of Bakhtiar Ali's novels and literary and intellectual works): which discusses the writing experience of Bakhtiar Ali, his literary language and some literary works in two parts. In the first part, we discussed Bakhtiar Ali's experience and worldview with culture in his poems, then we discussed superstition in several of his novels. In the second part, we discussed culture in “Evening of the Butterfly”.

Part Three: Entitled (Impacts of Religious, Social and Superstitious Culture) in Bakhtiar Ali's Novel (Evening of parwana), this is divided into two main parts. The first part is about culture and religion and their reflection in the novel, the second part is about superstition and mythology as a component of culture and their reflection in the novel.

At the end of the study, we have presented the most important results in several points.